# ڕامان

١٨٣

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم/ ساڵی حەڤدە/ ئابی ٢٠١٢



- **خاوەن ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرتریت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام



ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 4494662 - 003248
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان


**● دەق**

– ڕەشنووس/ کەریم دەشتی/ 3
– بآ لە ماڵی بادا/ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/ 7
– گوێم لە بێدەنگی گرتووە/ حەمە عەباس/ 10
– کەندالیێ برینێ/ فاتما ساڤچی/ 12
– هیچ باڵندەیەک ئاگای لە نەبوونی من نییە/
لە فارسییەوە: لەیلا ساڵحی/ 13
– مەراقی سێیەم/ مقداد شاسواری/ 14
– گۆمەگێژە/ ئەمین گەردیگلانی/ 22
– جەنگاوەری یاریی منداڵانە/ کاروان محەمەد فەتاح/ 26
– چیرۆکا کەسەکی/ مستەفا سەرحەد/ 29
– ئەفسانەیەکی دڵداری/ لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە/ 31
– دوای تاوان/ ئومێدی شانۆ/ 34

**● هەڤپەیڤین**

– هەڤپەیڤینێکی فراوان لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار
(دارا محەمەد عەلی)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 41

**● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

– کوشتنی (من) لەنێوان دوو شاعیردا/ پێشڕەو عەبدوڵڵا/ 56
– ئەنتۆلۆژی لە شیعری نوێی کوردیدا/ عادل قادری/ 65
– ئوستوورە لە خوێندنەوەی بەیتی مەم و زین-دا/
هادی حەبیبی/ 75
– ڕەوتەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (کوێخوا سێوێ)دا/
شاخەوان فەرهاد محەمەد/ 82

**● هزر و فەلسەفە**

– لۆدڤیک ڤتگنشتاین لەنێوان لۆژیک و بیرکاریدا/
د. حەمید عەزیز/ 92

**● مێژوو**

– ئەشکەوتی گەورە و موکری قڕان/
مەلا مستەفا ڕەشیدی/ 99

**● وتار**

– جێگە و پێگەی هێمن لە ڕوانگەی قوتابییانی
دواناوەندی شاری شنۆدا/ عەلی ڕەزا موحەمەد نیژاد –
عومەر محەمەدی/ 105
– بەراوردی چەند دێڕە شیعرێکی مەحوی و حەمدی/
هەژار فەقێ سلێمان/ 109
– پێکهاتەشکێنیی ئەدەبی/
لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی/ 113
– ئەدەبیاتی بنەماکان/
لە فارسییەوە: محەمەد ئەحمەدی (ساماڵ)/ 119

**● هونەر**

– توانا دەنگییەکانی (تایەر تۆفیق) لە ڕووی
ئەکادیمییەوە/ ئارەزوو ئیسماعیل/ 124
– (خالید ڕەسووڵ) لەنێوان بەخششی دوێنێ و ئەزموونە
هونەرییەکانی ئەمڕۆیدا/ وەهبی ڕەسووڵ/ 137
– کۆمیدیای ئەنتیک گاڵتەئامێز نەبووە/
لە سویدییەوە و پەراوێز نووسین: دانا ڕەووف/ 143

**● خوێندنەوەی کتێب**

– ئیرۆتیک لە شیعری «نالی»دا/ هاشم سەڕاج/ 150
– ئەشکەوتەکانی هایدرا هۆدا هۆسی سەلیم بەرەکات/
بەکر دەرویش/ 154

**● نرخاندن**

– گۆڤاری ڕامان جێی متمانەی ڕۆشنبیران و نووسەرانی
هەموو پارچەکانی کوردستانە/ ئاری بابان/ 159

**● سووکە لەنگەر**

– سەندیکا ڕوخسارەکەی تری مەعنا/ فەرید زامدار/160

# ڕەشنووس

کەریم دەشتی

**شاعیر**

شـاعیرەکە، کراسـی سـپی لـەبەرە
باسـی ڕۆمـانی ڕەش دەکا
شـاعیرەکە
هـەمـوو سـپییـەکانی خۆش دەوێ
بە قـەڵـەمـی ڕەش دەنووسـێ
شـاعیرەکە
مـاڵی لـەسـەر دەریای ڕەشـە
باسـی کۆشـکی سـپی دەکا
ئەو شـاعیرە چەند شـێتە
سـپیاوی ڕووخسـار دەفرۆشـێ
دۆسـتی کچێکی ڕەشـیشـە
شـاعیرەکە
شـیعری سـپی دەنووسـێ
کتێبی ڕەش دەخوێنێتەوە
شـاعیرەکە
هیچی لـەبیر نەمـاوە
ڕەش و سـپی تێکەڵ دەکات

**خانمی سوورپۆش**

خانمـی سـوورپۆش پیر بووە
خۆشـەویسـتەکەی بیر نەچۆتەوە
بۆی دەسـووتێ
بۆی دەگریێ
ڕەنگ و ڕووی ئەوی گرتووە
کە لێی دەپرسـن
ئەوە بۆچی سـوورت پۆشـیوە؟
دەڵێ پرسـەم هـەیە، زەینم مردووە
هیچم بیر نەمـاوە
عـاشـقـەکەم هـەر نەهـاتەوە
تاجی ئەوینم لـەسـەرکا
جارێ بڵێ، جلـە سـوورەکەت فڕێ دە
وەرە ڕۆحی مـن لـەبەرکە



**ئەمتوومان**

لـە ناو تەمـەکە بانگم کرد، وەڵامـی نەدامـەوە

لە ناو بەفرەکە بانگم کرد، وەڵامی نەدامەوە
لە ناو ئەو بوتڵە شەرابانەی، بەتاڵم کردن
بانگم کرد، وەڵامی نەدامەوە
لە لۆچ دانیشتبوو
لەچل باوییەکە بانگم کرد، وەڵامی نەدامەوە
لە ناو بازاڕی زێڕینگران
بانگم کرد، وەڵامی نەدامەوە
لە ناو حەمامی ژنان، بانگم کرد
وەڵامی نەدامەوە
لە ناو گۆڕستاندا، بانگم کرد
وەڵامی نەدامەوە
هاتە سەر گۆڕەکەم، بانگی کردم
بەڵام بۆ ئەبەد وەڵامم نەدایەوە

**ئابلۆقە**

خۆم دایە دەست قەدەرو
ئاڵای سپیم هەڵکرد
ئابلۆقەی لەسەر هەڵگرتم
ئابلۆقەی چاو، بۆت هەیە تەماشام بکەی
ئابلۆقەی گوێ، بۆت هەیە گوێم لێ ڕاگری
ئابلۆقەی لێو، بۆت هەیە لە دوورەوە لێوم هەڵمژی
ئابلۆقەی دڵ، بۆت هەیە دڵت داخورپێ
ئابلۆقەی هەوەس، پەیوەستە بە بەندی تابۆ
ئیمزای ئەندامانی نەرێتە یەکگرتووەکانی دەوێ

**تەوقە**

هەر جارێ، تەوقەی لەگەڵ دەکەم
نیوەی خوێنم هەڵدەمژێ
هەر جارێ، سەیری دەکەم
نیوەی بیناییم دەکوژێ
هەر جارێ، ماچی دەکەم
تەواوی جەستەم دەتوێتەوە
کە تێکەڵ بە یەکیش دەبین
هیچ شتێ لە ئارا نامینێ
هەموو شتێ، وەک خۆی لێ دێتەوە

**دارستانێک**

ئێمە دوو عاشق و مەعشوق بووین
دوو کەس، دوو دڵ، دوو ڕۆح بووین
هەردوو کەس
هەردوو دڵ
هەردوو ڕۆح بوون بەیەک
دارستان بوو بە دوو

**عاشق**

عاشقەکە، بەیانیان دەخواتەوە
سەرێ لە پارکەکان دەدا
نیوەڕۆیان دەخواتەوە
دەچێتە لێواری ڕووبارەکان
عاشقەکە، شەوانە دەخواتەوە
سەرێ لە سەماخانەکان دەدا
کە بەرەو ماڵ دەبێتەوە
سەرێ لە گۆڕستانەکان دەدا
کە دەخەوێ، خەون دەبینێ
سەرێ لە بارەکان دەدا

**پیریی**

پیاوە پیرەکە
خەون بە زەمانی گەنجێتییەوە دەبینێ
گۆچانەکەی فڕێ دەدا
عەینەگەکەی دەشکێنێ
وەرزش دەکا
سەراوسەر بۆ ناو ئاو باز دەدا
لە بنی ئاوەکەوە بیری دێتەوە
ئەو پیرەو گەنج نییە
لە ژێر ئاوەکە نایەتە دەرەوە

**سینەماکار**

سینەماکارەکە، سەما دەکا
چای سەماوەر دەخواتەوە
سەوسەن دەکا بە تایتڵ
لە سیرەی هەڵۆیان دەترسێ
ساز دەژەنێ
سینەماکارەکە، چەند گوناهە
هەر لە بەیانەوە تا بووڵێل
سروودی نیشتیمانی دەچڕێ
لەبەر لادانی ئاڵایەک لە فیلمێ
ئیعدام دەکرێ

**کچە مەستەکە**

کچە جوانەکە، چەند مەستە
کتێبی ئاگاهی دەخوێنێتەوە
کچە مەستەکە، چەند نەرمە
شووشەی دڵی عاشق دەبڕێ
کچە مەستەکە، دەگری، پێدەکەنێ
لەوەتەی هەیە
بەدیار گۆڕی خۆشەویستەکەی
گۆرانی دەچڕێ و تەنبوور دەژەنێ

**جگەرەکێش**

جگەرەکێشەکە
بیر لە وازهێنان دەکاتەوە
لای کوورەی دووکەڵ دادەنیشێ
ئێستا جگەرەی تەرک داوە
دەستی داوەتە قەلەمەو
جار جار ئێرگەلە دەکێشێ
جگەرەکێشەکە ئاشتە
بە دووکەڵی جگەرە نەبێ داناکەوێ
جگەرەکێشەکە چەند بێوەیە
دەستی بە جگەرەکێشان کردەوە
بەڵام مەعشووقەکەی بە جێی هێشت

**ماسی**

ماسیگرە عەرەبەکە
زمانی دەریا دەزانێ
قسە لەگەڵ ماسی دەکا
لە بەیانییەوە تا ئێوارە
ماسییان دەگرێ
بەرەڵڵایان دەکاتەوە
دوا جار قرشێ قووتی دەدا

**خوێنەر**

خوێنەرەکە، چەند شێت بوو
هەموو کتێبەکانی خۆی سووتاند
خۆینەرەکە، چەند ئازا بوو
هەموو بەربەستەکانی ڕووخاند
خوێنەرەکە، عاشقی دارستان بوو
هەموو درەختەکانی شکاند
ئای خوێنەرەکە
بە ئاگری کتێب خۆی سووتاند

**شێوەکار**

شێوەکارەکە
هەموو ڕەنگەکانی ڕژاند
هەموو فرشەکانی شکاند
گەڕایەوە بۆ ناو چوارچێوەی تابلۆکان
شێوەکارەکە
لە تابلۆکاندا نایەتە دەرەوە
لە ترسی ڕمان
شێوەکارەکە
فرشەکانی تووڕ هەڵدا
هاتەوە سەر قسەو زمان
ئێستاش ناتوانێ
لە تابلۆکان بێتە دەرەوە
چونکە چەقیوە لە زەمان

**ساقی**

ساقی، پەیمانەی هەمووانی
لێوانلێو کرد
تا دوا بەتڵی شەو دانیشتین
خواردمانەوە
خواردمانەوە
خواردمانەوە
بەڵام هەرگیز پەیمانەکان، بە تاڵ نەبوون
چونکە ساقی، پڕی کردبوون لە گومان

**مەیفرۆش**

مەیفرۆش بە تاقی تەنیا
لە ناو شووشەو قاپ و پەیمانەدا وەستا
شەڵاڵی چریکە و ئاوازی مەیخۆرەکان بووبوو
بیری کردەوە کە ئەو چ بەهایێ
دەبەخشێ بەو خەڵکانە
بەهایێ، مایەی مەستبوونی ئینسانە

**ئازادبوون**

لە پێکی یەکەم، پەنجەرەیێ
لە زیندانی سەری مندا، کرایەوە
لە هی دووەم
دەرگا کلۆم دراوەکان
لە هی سێیەم
بەربەست و هەم دێراوەکان
لە هی چوارەم
ئازادیم بە دەست گرت
هاوارم کرد، پێکێکی تر
من نهێنی کەونم داگیر کرد

**دڵ**

خوا پەرستەکە، لە خوا دەترسێ
خەڵوەتی پەرستگا بەر نادا
خواپەرستەکە
ڕۆژێ هەزاران جار، خۆی دەشوا
تا بەهەشتی خوای بەرکەوێ، خوا
بەڵام نازانێ، بۆ تاقە جارێ
ئەو دڵە بچووکەی خۆی بشوا
چەند نەزانە، ئەو خواپەرستە

**ژنێک**

ژنە ڕەشەکە چەند سەیرە
هەمیشە ستیانی سپی لە مەمک دەکا

ژنە ڕەشە درێژەکە چەند واڵایە
هەمیشە تەنوورەی کورت لەبەر دەکا
ژنە ڕەشە تووڕەکە چەند قشتە
هەمیشە گۆرانی دەڵێ
ژنە ڕەشە گەداکە چەند شەرمنە
بەڵام تاجی پاشایەکان لە سەر دەکا
ئای ژنە ڕەشە خوێنەرەکە
شاعیرێکی چەند چاکە
هەمیشە چیرۆک دەنووسێ
ژنە ڕەشە دڵخۆشەکە چەند خەمگینە
ژنە ڕەشە جوانەکە دەگری
کەچی هەمیشە سەما دەکا
ژنە ڕەشەکە خەوتووە
من وادەزانم ڕادەکا
ژنە ڕەشە جادووەکە دەڵێی دەفڕێ
کەچی لە دڵ هەڵنیشتووە
ژنە ڕەشە جادووەکە دەڵێی وا دێت
کەچی لەمێژە ڕۆیشتووە
ژنە ڕەشەکە بە قەتران
خۆی ڕەش دەکا
بۆ منیش حەزی لە کفنی سپییە
ژنە ڕەشە بەردەکە
دڵی چەند نەرمە
ئاخ ژنە ڕەشەکە ئاگرە
هەر دەڵێی ئاوە هەڵدەڕژێ
ژنە ڕەشەکە ئا ژنە ڕەشەکە

**کەرێکی سپی**

کەرێکی سپی
لە پاوانێکی کەسکا دەلەوەڕێ
لە کۆلێکی ڕەشا ئاو دەخواتەوە
پیاوێکی جۆ ڕەنگ
ڕێشمەی دەگرێ
سووره ژنێ سەیری دەکا
کەرێکی سپی بە ئاوازێکی خەمگین
تووشی نۆستالگیا بووە

**چەپڕەوەکە**

چەپڕەوەکە
لە مەیخانەکە دانیشتووە
بە دەستی ڕاستەی
یادەوەری خۆی دەنووسێتەوە
چەپڕەوەکە نەخۆشە
سەرێ لە مەزارەکان دەدا چاک بێتەوە
چەپڕەوەکە چاک نابێتەوە
ئاوی نووشتە دەخواتەوە

**خۆشنووس**

خۆشنووسەکە دڵی دەلەرزێ
هەناسەی سوارە
ئەو ڕستانەی دەینەخشێنێ
وەک شمشێری
دەستی جەنگاوەران خوارە
خۆشنووسەکە
هەموو جوانییەکانی نووسی
ئێستا باوەڕی نەماوە
ئێستە دیلی
تەنها ترووسکەیەکی چاوە

**کۆترباز**

کۆتربازەکە قەفەزی کۆترەکانی شکاند
کۆترە سپی و ڕەشەکانی ئازاد کرد
گەڕایەوە مەیدانی کۆتران
کۆترەکانی خۆی دۆزییەوە
لە ناو قەفەسێکی ترا دەفرۆشران
کۆترەکانی خۆی کڕییەوە
هەمدیس بەرەڵڵای ئاسمانی کردنەوە
بۆ بەیانی لە قەفەسیانی بینییەوە
ئەم جارەیان ئەو بۆ ناو ئاسمان هەڵفڕی
خۆی لە زیندانا بینییەوە

**زمانزان**

زمانزانەکە دەستووری هەموو زمانەکان دەزانی
زمانی شیرینی خۆی نەبێ
ڕستەکان شی دەکاتەوە
مانای وشەکان نازانێ
کە دێتە گۆ دەڵێی خوا زمانی دەبەستێ
وشەکان وا لە یەک دەدا
دووکەڵ لە دەمی هەڵدەستێ

**ڕۆشنبیر**

ڕۆشنبیرەکە کتێبی قەبە قەبەی
لە ژێر هەنگڵی دەنا
شیعری کورت کورتی دەنووسی
زاکیرەی زۆر زۆر لاواز بوو
باسی فەلسەفەی مێژووی دەکرد

# با لە ماڵی بادا

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

(١)

با ژیانی خۆی
هەڵدەداتە بۆشاییەوە
دەرگای یادەوەرییەکان
لە باران دەکاتەوە.

(٢)

بەیانیان زوو خەو جێدێڵم
بە جریوەی با ژیان دەجووڵێتەوە
وەرزش دەکەم
ئامادەم بڵێم خواحافیز.

(٣)

لەپڕ گەرما
هەڵمەت بۆ جەستە دەهێنێ
بە کۆمەکی با
مەرج نییە بەدڵی بی.

(٤)

دەنگێ لە ئاسمانەوە دێ
وەک ئەوەیە با هەڕەشە لە با بکا
بەڵام بەر مرۆڤ دەکەوێ.

(٥)

کڵاوەکەت داگرە
با دەیبا
کاتی خوێندنەوە.

(٦)

لەنێوان ئەو هەموو بەردانە
با بەربۆوە
کەوتە کەلێنی ئاوەوە.

(٧)

پڕووشەی ئاو دەلەرێتەوە



وەک ئەوەی با لەوپەڕی مەستی
پێکێ لە پێکی با بدا.

(٨)

ژیان تاقیکردنەوەیە لەبەر با
من بە هەموو لایەکدا بەردەبمەوە
وەکو باران.

(٩)

لەگەڵ باران دانیشتبووم
با هات لێکی کردین
ئێستاش دەریا و دەریا دەڕۆم.

(١٠)

با لە ماڵی با
یاری بە زەمەن دەکا
تا "ئێستا" ڕوونتر دەرکەوێ.

(١١)

گوڵێ دەڕوێنم
سڵ لە ماچی ئاو نەکا
هەمیشە دەستی لە دەستی با
دڵی پڕ بێ لە مرۆڤ.

(١٢)

وەکو با
کراسی باران دەپۆشم
سنوورەکانی بیرکردنەوە
لەترۆپکی چێژ
هەڵدەدەم.

(١٣)

ئەمڕۆ زۆر بێ هێزم
با دەمبا

(١٤)

چاوەڕوانی چەند کاتژمێرێکی دیکەم
ئەگەر باران نەبارێ
دەچینە دیدەنی سرووشت
لەگەڵ با ئاشت دەبمەوە.

(١٥)

زۆرم نەماوە
بمنێنە قەفەز
لە خەونی خاک
لە دووری با

(١٦)

ئەو هەموو ڕێگایەم بڕی
پێت بڵێم
با لە با وەرگرە

(١٧)

با دێ
خەون نابینم
هەست بە توندوتیژی
نەبینراوەکان دەکەم.

(١٨)

شین هەڵدەگەڕێ
بە خوڕ دێ با
کەس نایگرێتەوە

(١٩)

خۆت توند مەگرە
با بێ
گرنگ ئەوەیە تەڕ نەبی.

(٢٠)

هەمیشە با دێ
لەو وڵاتە کێ بە کێیە
دەڕۆین لەبەر ئێستا
لەبەر ماچی تەڕی باران.

(٢١)

هەندێ جار با ڕووت دەبێتەوە
قسە لە چێژی ئیرۆتیکی ناکەم
قسە لە جوانییە
لە ئازارنەدانی ئەوی دیکە.

(٢٢)

دەستەکان بەرزکەوە
با لە بێکەسی نقوومی با نەبی
پێش نانخواردن گلاسێک ئاو هەڵدە
باران دەبارێ.

(٢٣)

دڵم پڕە لە خەم
کەس بە کەس نییە
با دڵم دەداتە باران.

(٢٤)

لەبەرانبەر هەمووان دەمەوێ بڵێم
ژیان بێ با
بەردەبێتەوە.

(٢٥)

ئەمشەو باران خەوی زڕابوو
وەک با لەگەڵ خەڵک
دەمی دەجووڵایەوە.

(٢٦)

کە بیر لە با دەکەمەوە
پیربوونی درەخت و پێکەنینی ئاسمان
نیگەرانم ناکا
لەبەر ترپەی باران.

(٢٧)

با کەوتە پێش کاروانی باران
نیگەرانی مرۆڤ مەبە
چاوی لە چێژە.

(٢٨)

بەو نیوە شەوە
لە نیشتمان ون دەبم
با وەک فریادڕەسێک
دەمباتەوە سنووری ئاو.

(٢٩)

هەمیشە خاکەڕابە
ئەوە قسەی با نییە
پرسی بەیەکەوە هەڵکردنە لەگەڵ باران.

(٣٠)

خەریکە ئاو تەڕم دەکا
بە پێکەنینی با
بە ئاگا هاتمەوە
بەڵام لە بنی دەریا.

(٣١)

هێزی با
لە چاوی باران دەبریسکێتەوە
لەبەر زەمەن
ئاو دەڕوا.

**ئایاری ٢٠١٢ – هەولێر**

# گوێم لە بێدەنگی گرتووە


**حەمە عەباس**

**ژن**

باخچەیەک پڕە لە شیعر
باخچەیەک پڕە لە گوڵ
باخچەیەک پڕە لە مەمک
باخچەیەک پڕە لە ژەهر
من ئەو ژەهرانەم لاخۆشە
کە لە باخچەی تۆوە دەیانئۆشم
بۆنی ئەو دۆڵە مەمکانەم لە یاد ناچێ
کە بە خۆتەوەم دەنووسێنی و
ڕوومەتەکانم مەمکاوی دەکەی
من شەیدا و شێتی ئەو گوڵەم
کە هەمیشە بەسەر ددانەکانتەوە دەپشکوێ
جار جار شنەیەکم پێدا دەکا و
جارجاریش دەست
لەگەڵ ڕەشەبای نەیارم تێکەڵ دەکا
تۆ هەموو ئەو باخچانەی
کە ڕەنگ و چێژ و جوانییەکانی
شیعر و گوڵ و مەمک و ژەهر
بە دەمارەکانمدا دەبەی
تۆ لەو باخچانەش جوانتری
ئەی ژن
زۆر زۆر جوانتر
بۆیە کە لێت یاخی دەبم
زۆر زوو تەسلیمت دەبمەوە

**من و باران**

باران ڕووتوقووت و بە هێمنی دادەبارێ
پرووشە وردیلەکانی
بەسەر قژ و ڕوومەتەکانمەوە هەڵدەنیشن
تا سەر ئێسقان
دڵخۆش و سەرمەستم دەکەن
من هەمیشە ستایشی باران دەکەم
کە بەم ڕووتییەوە



ئەم هەموو چێژەم پێدەبەخشێ
کەچی من جورئەت ناکەم
چرکەیەکیش لەبەریا ڕووت ڕووت ببمەوە

**ناچاری**

١- شیعر
هەندێ جار تەنیایی
هەندێ جار هەڵاتن لە تەنیایی
ناچارم دەکات پەنا بۆ تۆ بەرم

٢- ژیان
هەندێ جار مەرگ
هەندێ جار هەڵاتن لە مەرگ
ناچارم دەکا پەنا بۆ تۆ بەرم

٣- گۆرانی
هەندێ جار خەم
هەندێ جار هەڵاتن لە خەم
ناچارم دەکا پەنا بۆ تۆ بەرم

٤- عەشق
هەمیشە خودا
هەمیشە گەیشتن بە خودا
بە هەزار و یەک باڵەوە
بە ئاگایی و خەیاڵەوە
ڕێگا دوور و نزیکەکانم پێ تەی دەکا

**خەون**

تەڕە وەک زمانی منداڵێم
لەو کاتانەی تەرۆزیم بە سماقەوە دەخوارد
وشکە وەک وێنە عەنتیکەکانی پیریم
ئەو وێنانەی هەموو ساڵێک
لە ساڵرۆژی مردنمدا گرتوومن
بە گۆچان و دارەبازەوە
* * *
دوێنێ لە مردوویەک پاڕامەوە
تا کەمێک باسی دارەبازەم بۆ بکات
ئەو گوتی
شەمەندەفەرێکە بۆ خۆی
بەڵام نە دووکەڵ دەکات و
نە فیکە لێدەدا
نە لە وێستگەیەکیش دەوەستێ
بۆ سەرخستنی موسافیرێکی تر
ئەمڕۆ نامەیەکم لە هەمان مردووەوە پێگەیشت
نووسیویەتی
بیرم نەبوو پێت بڵێم
سواربوونی بە خۆڕاییە

**خاکی بە پیتی تۆ**

باڵندەیەکی سەرمەستم
هێشتا ماڵم لە ئاسمان نەهاتۆتەوە
لەسەر ئەستێرەیەکی دوور
پووشی لانەیەک دەکێشم
خەونێک لەوێ جێدێڵم و
یەکێک لە ئەستێرەیەکی تر
ئەستێرەکان بە خەونی منەوە جوانن
* * *
بۆ عەشق چی لە خاکی تۆ بە پیتترە
ئەی ناسکترین گۆرانی و
پەژموردەترین پەرچەمی
شیعرێکی هیچ کەس نەنووسیو
من لێرە.. لە نزیک خۆمەوە دەست پێدەکەم
تا دەگەمە مەملەکەتی مەرگ و موراد
تۆش لەوێ لە تەنیشت خۆتەوە
گۆرانییەکم بۆ بڵێ
قەیدی ناکا بێ دەنگیش بێ، من گوێم لێیە

# کەندالێ برینێ

**فاتما ساڤجی**
**(نسیبین)**



هەر بەرێڤار،
سرووودا نفشێ خەونا شین،
وەک کاروانەکی بارێ یێ ڕیا هەڤریشمێ،
تەڤی بینا دارچین و قەرەنفیلێ،
د ناڤا مە رە،
ب برانینێن چاڤ بەلەک رە دبوبورە،
دەنگێ بلوورەکێ ب سەر مە دکەڤە
نخوریا قەومەکی ژ دەمێ رە مە دە گەل،
بەلبەستەکە چیایی نە ئەم،
کو برینێن مە دزەللن،
شەڤ ل مە دگەڕن،
تاڤسۆرک د دەستێن مە دە دبرژن،
ل مزگینیا پەرپەریکان دقەسدن،
پەی غەیدێن زەڤیێ گری دکەڤن،
ئاگردانکا چاڤان ژ کەن دتەیسینن،
و ل بەر شێموکا نێرگزان ژ قەرەم دکەڤن،
ب کوشتنا زارۆک و تڤیکان،
پەل ب پەل ژ گیانا ژینێ دوەشن،
گوللەیا چاردەخوەرێ
ل بەژنا مە یا نارنجی ناشکینە
ولو نە دوور،
د سینگا مە دە باسکێن خوە دشکینە
ما نە مرن نە لاڤلاڤکە،
ڕحێ وێ نە ژ ئاخێ تێ،
شەوکەکی دەستهلادارا یە
خوە ژ شەوقا چاڤێن مە دگرە
و ئەم د تو چاخان دە،
فێر نەبوون خوە بدن بەر سیێ
ئەم خوینییێن یەک خەیالێ نە دلۆ،
بانگا مە یا نەورۆزین
ل هێتێن زافەران دشکن،
نە گونەهێ دووریێ یە،
ئەم گولەجێویکێ وەلاتێ بێ بەربەژنن،
ل کەندالێ برینێ ژی،
ب تایا عەشقێ دلەرزن.


**ئەڤ هەلبەستە ژ بەرتووکا (فیغانا پێنووسێن نازک) ڕووپەلێن (٦٣-٦٤) هاتیە وەرگرتن کو ژ ئالیێ ئەڤین شکاکێ ڤە ل سالا (٢٠١٢) ی ل دیاربەکرێ هاتبوو چاپ و بەلاڤکرن. هەژی یە بێتە گۆتن کو فاتما ل سالا (١٩٧٤) ێ ل گوندێ گرێمیرا یێ سەر ب نسیبینێ ڤە یە هاتیە دنیایێ و هەتا نها چار پەرتووکێن شعران بەلاڤکرینە: (گولێن قاسد)، (خەونێن زیڤین)، (بیرا برینێ)، (شەوق و پاییز).**

**«ڕامان»**

# هیچ باڵندەیەک ئاگای لە نەبوونی من نییە

ساغەر شەفیعی
لە فارسییەوە: لەیلا ساڵحی
(بۆکان)

گوڵە بەرۆژەکانم لە جێی هەتاو دانا،
کەوشەکانیشم لە جێی ڕێگا.
دەتوانم حەوت سینیش لە جێی بەهار دانێم
بەڵام شوێنی بەتاڵی تۆ، تەنیا باران پڕی دەکاتەوە.
وای دانێین تۆش بێی
چ شتێک دەگۆڕێ؟
دەتەوێ بڵێی کە من هەزار ساڵ بێ نەمبیستبێ
هەرچییەک بێ،
لە باران تازەتر و لە کازیوە ڕوونتر نییە.
ئەویشم هەزاران جار بیستووە.
ئێمە هەر لەو دووپات بوونەوانە وەزاڵە هاتووین کە
بانگت دەکەم
بەڵام تۆ خۆت مەخە زەحمەت
ئیتر کەس لە دنیادا قسەیەکی تازە ناکا
کە دەرکەکە دادەخەم
یەستا با دەستی لە گۆرانی کوتن هەڵنەگرتووە
هیچ باڵندەیەکیش ئاگای لە نەبوونی من نییە.
کە دەرکەکە داخەم، دەفتەرێک دەکرێتەوە
دەستەکانیشم وەک ئەوەی چووبنە ناو خەوێکی
مێغناتیسییەوە
بێ ئیختیار تۆ دەنووسنەوە
ئەو خەوە مێژینەیەکی هەزار ساڵەی هەیە و
ئامادەیی تۆش تێیدا حاشا هەڵنەگرە
دەرگاکە دادەخەم
هەتا هیچ کەس دەستە خەوتووەکەم وەخەبەر نەهێنێ.



سەرچاوە:
گۆڤاری (عصر پنجشنبە، شمارە ٦٣-٦٤، مرداد سال ٢٠٠٣ز).



# مەراقی سێیەم...

مقداد شاسواری

له زێدەڕۆیی یەکەمدا
مەراقی دین دەمانتەلفێنێ
لە دووەمین مەراقیشدا
زێدەڕۆیی لە سیاسەت
لە نێوان هەردووکیشیاندا
مەراقی چڵێسی
دواجار
لە مەراقی سێیەمدا
خۆشەویستی
دەمانتەلفێنێ
ئەی
لەم "لا مەکان" و "نا زەمانە"دا
چی بکەین
تا هیچێکیان
نەمانتەلفێنێ؟!.....

مەراق لە تەونی جاڵجاڵۆکە دەچێت، منیش بوومەتە جاڵجاڵۆکەیەکی زەبەلاح و ناوەوە و دەرەوەی خۆم لە مەراقدا تەونپێچ کردووە. کەسیش نییە بە هانامەوە بێت و لەو تەلیسمە نەفرەتییە رزگارم بکات، یان هیچ نەبێت درزێکم لەم دیواری تەونەوە بۆ بکاتەوە و پەلکێشی دەرێم بکات. دایکم هەمیشە دەیگوت "کوڕم نەکەی مەراق بتگرێت.. دەتەلفێیت ها"... ئەوسا نەمدەزانی مەبەستی لە "دەتەلفێیت" چییە و ئەگەر مەراق لە شتێک بگرم چیم بەسەر دێت. ئەقڵیشم بەوە نەدەشکا لە کەسێک بپرسم، یان لەنێو لاپەڕەکانی فەرهەنگنامەکاندا بگەڕێم بزانم " دەتەلفێیت" چییە. هەر ئەوەندەم لە مەبەستی هۆشدارکردنەوەکەی دایکم هەڵدەکراند، کە ئەگەر مەراق لە شتێکدا بگرم بەڵایەکم بە سەر دێت، بەڵایەکەش لە گەورەییدا لە کارەسات دەچێت. کارەساتێک کە ئەگەر هاتو قەوما ئیدی ڕێگەی گەڕانەوە بۆ دواوەم لێ دەگرێت و هیچ پەشیمانبوونەوەیەکیش دادم نادات. کاتێک ناو کاسەی زەینم دەشڵەقێنم، وەکو گرتە کۆنەکانی فیلمە ڕەش و سپییەکان هەندێک دیمەنی پچڕ پچڕم دێتەوە بیر. تا بۆم بکرێت چاوەکانم زەق دەکەمەوە و گوێچکەکانم زیت دەکەمەوە و لە ناو ئەرشیفە تۆزگرتووەکەی زەینمدا بەدوای تەفسیرێک بۆ " دەتەلفێیت" دەگەڕێم. دەکرێت گەڕان بەدوای ئەو وشە کارەساتاوییە هەر خۆی لێم بووبێتە مەراقێکی کوشندە و خەریکە ڕێگە بە هاتوچۆی هەناسەم دەگرێت و زۆرجار لەدوا قۆناغەکانی خنکان، کەلەبەرێک بۆ هاتوچۆی هەناسەم دەکرێتەوە و ڕزگارم دەبێت.

دایکم بە ڕەش و سپییەکی تەڵخ و شێلوو دەبینم لە گۆشە تاریکەکەی ژوورە دووکەڵگرتووەکەیدا خۆی لە ترسی ئەو هەزاران ترسەی لەگەڵی لە دایکبوون، گرمۆڵە کردووە و ڕوو لە یەکێک - دیارە لە منە- دەڵێت: " مەراق وەکو تریاک وایە".. ئینجا دەکوژێتەوە و دەمخاتە نێو پرسیارێکی دیکەی بێ وەڵام. ئەی دەبێت تریاک چی بێت؟ ئەم جارەیان بەهەموو ئەو هێزە سستەی تێمدا هەبوو، سەرم دەکێشا بە دیوارە گڵێنەکەدا، تا ناو کاسەی زەینم بشڵەقێت و لەنێو پەرتووکخانەی مێشکمدا شتێکم دەسگیر بێت. کاتێک هەموو پیت و وشە و چەمک و واژەکان دەنیشنەوە، هەر تەنیا شتێکی لە شێوەی پاتریاک لە نێو زەینمدا دەمایەوە، کە دوور و نزیک پێم نەدەبەسترایەوە بە تریاکەوە. ڕیزە ددانە کرمێبووەکانم بەسەریەکدا دەقەڕساند و هاواری دایکمم دەکرد. نەمدەویست کەس گوێی لە هاوارم بێت. بۆیە دەنگی هاوارکردنەکەم تا زەمەنێکی درێژ لەنێو کاسەی سەرمدا دەسووڕایەوە و دەنگی دەدایەوە. دەتگوت سەرم بووەتە دەهۆڵێک و دەهۆڵچییەکی ماندوونەناس هەڵپەڕکێیەکی ڕەشبەڵەکی پێ جۆش داوە. نا تازە مەراق گرتبوومی. ئیدی گۆشت بە ئێسقانەکانی جەستەمەوە نەمابوو. هێندەی هەوڵم دا گرتە کۆنەکانی دایکم بە ڕەش و سپێتی بگەڕێنمەوە سەر شاشەی زەینم بێ سوود بوو. تا شەوێک هاتە خەونم. سپێتییەکەشی پێوە نەمابوو. تەنیا سێبەرێکی ڕەش بوو. لە تارماییەکی ماندوو دەچوو کەس توانایی بینینی نەبێ بێجگە لە من، ڕەنگە ئەگەر هەر لە بێداریدا بوایە نەمدیتبا، بەڵام لە خەوما دەمبینی. دەمزانی ئەوە دایکمە. زەمەنێکی زۆر تێم ڕاما. ترسام. ویستم بقیژێنم، بەڵام لەوە ترسام وەئاگابێم و دایکم لەدەست بچێتەوە؟ بۆیە ترسەکەمم قووت دایەوە. زەمەنێکی یەکجار درێژ تێم ڕاما. من میلە بچووکەکانی کاتژمێرێکی گەورەو زەبەلاحم دەبینی بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر سەریان نابووە دوای یەک و دەسووڕانەوە. ڕۆژەکانی هەفتەم دەبینی وەکو گەڵای پاییز بەسەر دارێکەوە هەڵدەوەرینە سەر زەوی، ئەوەندە زۆر و خێرا، دەیانترساندم. ناوی مانگەکانم بینی، وەرزەکان، ساڵەکان، سەدەکان، ... دەتگوت ڕەشەبا بوون. گەردەلوول بوون. تێک ئاڵابوون و لەنێو تەپوتۆزێکی سەرشێتدا ون دەبوون. دایکم هێشتا تێم ڕامابوو. هەستم کرد لێم تووڕەیە. لەم هەموو ماوەیەدا نەمدی یەک جاریش چاو بترووکێنێت، لێوە چرچەکانیشی وا بە یەکەوە نووسابوون من حەسێبی ئەوەم دەکرد دەبێت زەمەنێکی چەندە درێژی بوێت تا لێوەکانی لەنێو ئەو هەموو چرچی و لۆچییە لێک جیابکاتەوە و شتێکم پێ بڵێت. کەچی بێ ئەوەی دەم بکاتەوە من گوێم لە قسەکانی بوو.

"بە قسەم بکە کوڕم... نەکەی مەراق بتگرێت ها... دەتەلفێیت... مەگەر پێتم نەگوت مەراق وەکو تریاک وایە. سەرەتاکەی چێژت پێ دەبەخشێت، ئەوجا تووشی مەراقت دەکات، دواتر هۆشت دەکوژێنێتەوە، پاشان خوێن لەنێو دەمارەکانتدا دەمەیەنێت، ئەوجا تەراییت تێدا ناهێڵێت، هێدی هێدی لە وزەت دەخات، پەیتا پەیتا

داتدەتچۆڕێنێت، دەتچەمێنێتەوە، کرمێت دەکات، بۆگەنت دەکات، ئەوجا ڕوحت لەنێو جەستەیەکی بۆگەندا دەنێژێت"... بە درێژایی ئەو زەمەنەی ئەو قسەی دەکرد من بێ بڕانەوە جگەرەم دەکێشا. ناو سەرم پڕ ببوو لە دووکەڵێکی چڕ و خەست، کەچی لەودیو تەمی دووکەڵ، تارماییە ڕەشەکەی دایکمم هەر دەدیت، دەتگوت سێبەری ڕوحێکی شەکەتە و لەنێو ئاوێکی لیڵدا دەلەرێتەوە. بە شێوەیەک دەمتوانی لۆچەکانی سەر لێوەکانی یەکە یەکە بژمێرم. گوێشم هەر لە دەنگی دەبوو. " خالۆت مەراق کوشتی کوڕەکەم، یەکەمین مەراق. ئەو مەراقەی ئەو گرتی وەک هی کەس نەبوو. دلۆپ دلۆپ تواندییەوە. قژی بە سەرییەوە نەهێشت. سوورایی لە ڕوخساری پەڕی. چاوە ڕەشەکانی نوقمی نێو دوو چاڵە ئێسقان بوون و ترووسکاییان تێدا کوژایەوە. پشتی چەمایەوە. دەتگوت تۆپەڵە بەفرێکی سپی بووە و لەبەر گەرمای هەتاوت داناوە. بە بەرچاومانەوە داچۆڕایە نێو درز و شەقارەکانی زەوی. دواجار چەند پارچە ئێسقانێکی لێ مایەوە لەنێو توورەگەیەکی پێستدا. نە توانایی قسەکردنی هەبوو نە توانایی لەسەر پێ وەستان. زۆرجار پێم گوت واز لەو مەراقە بێنە برا داماوەکەم. ئامۆژگاریم کرد. خۆم لێ زویر و لالووت کرد. ئەو هەر گوتی " وازم لێ بێنە خوشکێ.. خۆت گوناهبار مەکە"... گوتی" من ژیانی ئەم دنیایەم ناوێت، کە هەر هێندەی چاوتروکانێکە". گوتی من گۆشتی لەش و جوانی و کوڵمی گەش و چاوی ڕەشی مەخلوقاتە فریودەرەکەی ئەم دنیا هیچە چی لێ بکەم". گوتی "ئەم دنیایە بۆ ئەوانە باشە کە دڵیان پێی خۆشە. ڕۆژێک دادێت هەمووتان وەک من پشت لەم دنیا هیچە بکەن و خۆتان بۆ ئەولا بتوێننەوە".

تاقە براکەم وای گوت کوڕەکەم. خالۆت، ئەو مرۆڤە جوان و پڕ هێزە لە ماوەیەکی کورتدا، کەوتە بن چڵک و ڕیش و تووک. ژنەکەی، بە دەستییەوە دیقی کرد و مرد. تاقە کوڕەکەیشی لە داخاندا سەری خۆی هەڵگرت و دەڵێیت زەوی درزی تێکەوت و قووتی دا. ئەویش هیچیانی بە خەیاڵدا نەهات. " من بۆ شوێنێک دەچم ماڵ و منداڵ دادم نادات" تەنانەت فرمێسکێکی بۆ مەرگی ژنەکەی نەڕشت. کەس نازانێت سیحر و جادوویان لێ کرد، لەمەچێتر چوونە ناو سەری، کەسانێک تەفرەیان داو بەلاڕێیاندا برد.. کەس نەیزانی ئەو کابرایە.. ئەو برا نازدارەی من بۆ وای لێ بەسەرهات. ئیدی نە هیچی بینی و نە هیچی بیست... نە هیچی خوارد و نە هیچی خواردەوە. هیچی نەکرد.. گوتی "من خولقاوم تا خۆم تەیار بکەم بۆ مردن. بۆ ئەمە نەهاتوومەتە سەر ئەم دنیا هیچە جێی تێدا خۆش بکەم. ئا خوشکێ.. با قسەی تۆ بێ.. ناوی لێ بنێ مەراق.. من مەراقی مردن گرتوومی.. ئەو مردنەی کە ژیانی تاهەتایی بەدواوەیە"..

ئەوەبوو کوڕەکەم، خالۆت بەرەبەیانێک، وەکو هەموو بەرەبەیانەکانی دیکە چووە سەر گردی قەبران، تا لەگەڵ بەشێک لە مردووانی ئەوێ، کە ئەو پێیانی دەگوت دانیشتوانی بەهەشت، نوێژی بەیانی بکات و.. ئیدی نەگەڕایەوە. تا ئێستاش کەس سەر و سۆراخی نازانێت. هەندێک دەڵێن ئێمە بەچاوی خۆمان بینیمان دای لە شەقەی دوو باڵ و هەڵفڕی.. ڕۆیی و لەناو گازیوەی سپێدەیەکدا توایەوە، ون بوو. هەندێک دەڵێن ئێمە چاومان لێ بوو، لە ناکاوێکدا ئەو کابرا نوورانییە بوو بە تۆپەڵێک ڕووناکی و چۆن ئەستێرە گوناهکارەکان لە ئاسمانەوە دەرژێنە سەر زەوی، بەهەمان خێرایی ئەوان، هەڵکشایە ئاسمان و لە نێو ئەو هەموو ئەستێرانەدا، وەکو پوولەکەیەکی پرشنگدار بە سنگی ئاسمانەوە نووسا..

هەندێک دەڵێن بووەتە ئەو حاجی لەق لەقەی هەموو ساڵان لەگەڵ هاتنی بەهاردا دێت و لەسەر منارەی مزگەوتی ئاواییەکەمان دەنیشێتەوە. دەڵێن، ئەگەر جوان دیقەتی ئەو حاجی لەق لەقە پیرۆزە بدەن ڕوخساری ئەوی تێدا بەدی دەکەن. هەندێکی تر دەڵێن بووەتە پەڕەسێلکە و تەنانەت هەندێک دەڵێن ئەو پەڕەسێلکەی لە ژوورەکەماندا هێلانەی کردووە بە زمانی ئەو دواندوومانی. پیرەمێردێک دەڵێت ئەوانە هیچی ڕاست نین. من خۆم بینیم بوو بە هەڵم. هەڵمێکی سپیاژ و ڕووناک و تەنک و بۆندار. لەو بەرەبەیانییەوە، ئەو ولاتەی پڕکردووە لە بۆنێکی خۆش. بۆنێک دەڵێیت لە بەهەشتەوە دێت. لەدوای بە هەڵمبوونی ئەو، هەر بارانێک باری بێت من پڕ بە سییەکانم ئەو بۆنە خۆشەم هەڵمژیوە. هەموو بارانەکانی دوای ئەو، بۆنی گوڵاوی هەناسەی ئەویان پێوە بوو. هەندێکیش دەڵێن لە تاریکایی بەرەبەیانیدا چاوی نەیبینیوە، کەوتووەتە ناو ئەو چاڵە قووڵ و بێ بنەی لە قەراغی لای چەپی

گۆڕستانەکەوەیە و بۆخۆی لەوێ خنکاوە و گیانی وەڕەسی لەنێو جەستە هەلاهەلاکەیدا دەرچووە، هەر بۆیەش هەموو بەرەبەیانیان، ئەگەر بچیتە دیار ئەو چاڵەوە، گوێت لە نووزەیەکی کزی ڕوحێکی شەکەت و بێزار دەبێت و بۆگەنێکی ناخۆش هەموو ناو سەرت پڕ دەکات...

گوێت لێمە کوڕەکەم... هەتاکو وەک ئێمەومانان بە ئاسایی دەژیا عەیبی نەبوو، دواتر کە ئەو مەراقە گرتی ئاوها کۆتایی پێ هێنا، کەس هەر نەیزانی چی لێ بە سەرهات و کەوتە کوێ!!

دەتگوت دایکمم لەناو شاشەی تەلەڤزیۆنێکی پڕ لە تەمتومان و هەڵم دەبینی و لە ناکاوێکدا کوژاندیانەوە. لە پڕێکدا لەبەر چاوانم ون بوو. من ئیدی ڕۆژ و شەوم لێ تێکەڵ ببوون. وەک ئەوەی زیندووشم لە مردوو جیا نەدەکردەوە. شەوان کە دەبوا وەک هەموو خەڵکی دیکە خەوتبام. هەرکە پێڵووی چاوەکانم دەخستنە سەریەک ، مۆتەکە و کابووسی ترسناک و تارمایی و ونبوون و ڕاکەڕاکە و هەڵاتن و قیژە و فیزاح یەخەیان پێ دەگرتم تا ڕۆژ دادەهات. بە ڕۆژیش کە دەبوا وەک هەموو خەڵکی، تام و بۆنی ژیان هەڵمژم، لە کونجێکی کەم ڕووناکیدا، خۆم گرمۆڵە دەکرد و نەمدەزانی نووستوم، یان مردووم. جارێکیان، کە ئێستاش نەمزانی شەو بوو، یان ڕۆژ، لە خەونمدا بوو، یان لە ئاگایی، پرسیم "ئەرێ دایە، ئەی باوکم چی بەسەر هات"؟ کاتێک سەرێکی هەڵبڕی و سەیرێکی قەدی دیوارە چڵکنەکەی بەرانبەری کرد، دەتگوت هەموو چیاکانی وڵات لەناو سەری ئەودان، ئەوەندە بە قورسی سەری هەڵبڕی، لەگەڵیشیدا گوتی " باوکیشت بە مەراقی دووەم ڕۆیی. ئەو هێشتا منی نەگواستبووەوە، بەڵام دڵمان بەیەکەوە بوو. ئەوسا منیش و ئەویش قۆزترین کوڕ و کچی دەڤەرەکەمان بووین، شایی نەدەکرا، ئەگەر ئێمەی تێدا نەبووینایە، هیچ ئاهەنگێک بەڕێوە نەدەچوو، ئەگەر ئێمە ڕەونەقمان پێ نەبەخشیبا. وێردی سەر هەموو زمانێک بووین. ئێمە لەنێو بڵندگۆی شاردا یەکەمین بانگی خۆشەویستیمان دا. لە دوای ئێمە بوو ئیدی هەمووان قەپێلکەی ترسیان شکاند و لە ماڵەکانیان هاتنە دەرێ، بەڵام باوکت زوو.. زووتر لەوەی چێژی ژیان لە چاوەکانمانەوە بگوازینەوە ناو دڵ و دەروونمان، کرمەکانی سەری جووڵاو خزایە نێو مەنجەنیقی سیاسەتەوە. ئەو بەشدار بوو لە یەکەمین کۆبوونەوە، کە بۆ ئازادی وڵات بەسترا. خەڵک وایان دەبینی ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرزتر دەبێتەوە، بەڵام ترسێک لە دڵم نیشتبوو، دڵی چی، ترسێک هەموو گیانمی داگیر کردبوو، بۆیە من دەمبینی ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر نوقمی نێو مەنجەنیقەکە دەبێت. نازانم لەکوێ، بەڵام کەوتبووە ناو مێشکم کە حزب و سیاسەت وەکو گێژەلووکی نێو ڕووبارەکان وان. هەر ئەوەندە کەوتیتە ناوییەوە تا هەناسەت لێ نەبڕێت ڕزگاربوونت نییە. پێم گوتبوو سیاسەت دنیایەکی لیخن و درۆزن و بێ وەفایە، بەڵام ئەو تازە ئیدی کەوتبووە ناو گێژاوەکەوە. کە سەیریم دەکرد چاوەکانم ترسیان لێ دەتکا. تازە هەفتەیەک بوو منی گواستبووەوە گرتیان. کاتێک بەربوو تۆ تازە خراببوویتە بەر خوێندن. یەک دانە نینۆکیش بە پەنجەکانی دەست و قاچەکانییەوە نەمابوو. هەموویان بە کەلبەتان هەڵکێشابوو. بەڵام هێشتا کفتی دانەمرکابوو. کرمەکانی نێو سەری هێشتا لە جووڵەدابوون و دەیانورووژاند، تیخ تیخەیان دەدا. ختووکەیان دەکردەوە. هەرکاتێک مرۆ ڕەش و لووتپان و لێو ئەستوور و چاو دەرپۆقیوەکانی دەبینی هەر لە خۆیەوە هەڵدەچوو. مستی بە دار و دیواردا دەکێشا. گوێچکەی بەردەوام دەتگوت بە ڕادیۆکەوە نووساوە، هەر کە هەواڵەکانی دەبیست چاوەکانی کتوپڕ دەبوون بە گۆمی خوێن. پەنجەکانی هەردوو دەستی وا دەکردە مست و دەیگوشین، دەمگوت ئێستا دەمارەکانی دەستی دەقرتێن. دەکەوتە نێو کۆڵان و شەقامەکان و دەیکردە هات و هاوار و شار و ئاوایی دەکردە پارچەیەک لە ئاگر " ئەم خێو و درنجانە، ئەم مرۆ ناشیرینانە، هی ئێرە نین، هی ئەم وڵاتە جوانە نین، ئەوانە بنچکە دڕک و داڵن و دەبێت بچنەوە نێو لمستانەکەی لێیەوە هاتوون. ئەوان بیانین و وەک خاوەن ماڵێکی دڵڕەق و بێ بە زەیی لە خێراتمان دەخۆن و شەقیشمان تێ هەڵدەدەن و سووکایەتیشمان پێ دەکەن، ئەوانە کوندەپەپووی شوومن. دەبێ بڕۆن.. دەبێ بڕۆن... دەبێ بڕۆن.. دیسان گرتیانەوە. ئەم جارە کاتێک هاتەوە دەستی ڕاستەی نەمابوو، تۆش قۆناغی یەکەمی خوێندنت تەواو کردبوو. جاری دواتر هاتەوە چاوێکیان دەرهێنابوو. کاتێک کەوتە شاخەوە، تازە قۆناغی هەرە ناخۆشی ژیانی ئێمە دەستی پێ کرد، چونکە لە شەرێکدا قاچی پەڕی و هێنایانەوە. ئەوە بوو لەدوای ڕزگاربوونی وڵات، کەمتر لە نیوەی جەستەی مابوو، بەڵام ئەو دەیگوت

دەست و قاچ و چاو گرنگ نییە. بەس نییە سەرم پێوە ماوە تا بەرز ڕایگرم. بەڵام ئیدی کێ لە دەرگەی دڵی کەسێک دەدات کە چیدی ناتوانێت شەڕیان بۆ بکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەر کۆڵی نەدا. بە شەلە شەل دەڕۆیی و لە شوێنێکی بەرز دادەنیشت و بە شان و مێژووی حزبەکەیدا هەڵدەدا.

ئەمە بوو لە قۆناغی کرمێبوونی وڵات و شەڕی نێوخۆییدا، لایەنی ئەولاتر گرتیان و کاتێک هاتەوە زمانیان لە بنڕا بڕیبوو.

کەوتە سەر دەستم. منیش دەبوایە دەربچم. شەو بوایە، ڕۆژ بوایە... دەبوایە دەرچم نانتان بۆ بێنم. ئێوارەیەک نەخۆش کەوت. هەموو دەرگەکانم کوتا کەس نەیگوت کێیە. دەتگوت لاستیقێکی پاککەرەوەیان بەسەر ناوی باوکتدا هێنابوو لە ئەزەلەوە سڕیبوویانەوە. ناویم دەگوت نەیاندەناسی. شەڕەکانیم باس دەکرد دەیانگوت کوا، شەڕی وامان گوێ لێ نەبووە. وێنەیم نیشانیان دەدا سەریان بادەدا و هەر تەنیا لچ و لێویان هەڵدەهێنا و دەیانگوت " خوا بدا" نەخۆشییەکەی دای لە قاچی. دکتۆرێک بەمەرجێک بۆی بڕییەوە کە مانگێک لەماڵیان بە خۆڕایی خزمەتکاریی بکەم و بە دکتۆرەکەش ڕابگەم. ماوەیەک دواتر دەستەکەیشیان لە بنڕا بڕییەوە. دواتر دای لە چاوی و ئەویشی کوێر کرد. لە هەژمەتا هەر سەری ڕادەوەشاند. هیچی پێوە نەمابوو. هیچ، وەکوو بنە دارێکی ڕزیو، کە هەموو لقەکانیان پەل دابێت. تەنیا من لە سەر ڕاوەشاندنە شێتانەکانی تێ دەگەیشتم. ئەو دەیویست بڵێ ئەی کوا... ڕێگەی مردن لە کوێیە..

ئێوارەیەک خستمە نێو عارەبانەیەک و بردم تا سەرەنجامی خەباتکارێک لە نێو تەلەڤزیۆنێکدا نیشانی خەڵکی بدەن، بەڵام هیچ تەلەڤزیۆنێک ئامادە نەبوو ئەم دەعبا سەیرە بخاتە سەر شاشەکەی و میزاجی خەڵک تێک بدات، هەر بە عارەبانەکەوە بردم لەبەردەم پەیکەری ئازادی، کە لەم دواییانەدا لەنێو پارکی شاردا دروستیان کردبوو دامنا و لەوێ جێم هێشت. هەفتەیەک دواتر چووم بیهێنمەوە، بەڵام لەوێ نەمابوو. پاسەوانی پەیکەرەکە گوتی" تۆ خاوەنی ئەو دەعبایەی دەزانم. بڕۆ لێرە مەوەستە، بە شوێنتدا دەگەڕێن. لەلایەک ژینگەت پیس کردووە و لەلایەکیش سووکایەتیت بە پەیکەری ئازادی کردووە. بۆنی کەلاکی تۆپیو ئەو ناوەی داگرتبوو، ئەگەر خەزووری بەرپرسی پارکەکە نەبوومایە لە پاسەوانیشیان دەخستم. دەعبا بۆگەنەکەیشیان خستە نێو ئۆتۆمبێلە زبڵڕێژەکەی شارەوانی و بردیان".

دایکم نیگاکانی لە قەد دیوارە چڵکنەکەی بەرانبەری گرتەوە وا سەری بەردایەوە دەتگوت هەموو چیاکانی وڵاتت بە ملیدا هەڵواسیوە. سەری ئەوەندە بە قورسی بەردایەوە من گوتم ئیدی هیچ هێزێک ناتوانێت سەری پێ هەڵبڕێت و چیدی من ڕوخسارە هەزار لۆچەکەی دایکم نابینم. چاوەکانی دایکم لەدوای مەرگی باوکم، شێوەی دوو دارمەیتیان بەخۆوە گرتبوو. لەنێو دارمەیتەکەی چاوی ڕاستەیدا باوکم خەوتبوو، لەنێو دارمەیتی چاوی لای چەپیشی جاجمێکی دەق دراویان دانابوو، بەڵام هێشتا کەس نەچووبووە ناوی. منیش هەر لەو دارمەیتە بەتاڵەی نێو چاوی چەپی دەترسام. هەترەشم چووبوو. قەت زاتی ئەوەم نەدەکرد زیاتر لە یەک چاو ترووکاندن سەیری بکەم. دەترسام. زەندەقم دەڕژا. مووچرکەی مەرگ بە هەموو گیانمدا دەهات و پێستم دەبوو بە پێستی ژووژک و هەزاران دڕکیان لێ دەچەقی، بۆیە زوو چاوم دەتروکاند و نیگام شۆڕ دەکردەوە بەرپێم. ئەو هەندێک لێم ڕاما و گوتی " مەراقی سێیەم... ئاگاداری خۆت بە کوڕەکەم، مەراقی سێیەم بتگرێت دەتەلفێنێت ها.. نەکەیت.. مەراقی سێیەم لە هەردووەکەی دیکە کوشندەترە...".

دەتگوت بە بەردەوامی "تا"یەکی گەرمم لێیە. هیچ شتێکم وەکو خۆی نەدەبینی. ئێستایش نازانم دایکم مردبوو، یان زیندوبوو. ئاخر زیاتر ئەوم لە خەونەکانمدا دەدیت. کەمتر ڕێک دەکەوت وا هەست بکەم لە ئاگاییدا بینیبێتم، بەڵام ئەوەم لە بیرە بەرەبەیانێک ناو ژوورە دووکەڵگرتووەکەمان پڕ بوو لە پیرێژنی ڕەش و چرچ و ناشیرین، کە ئەوان ڕۆیشتن دایکیشم لەبەر چاوانم ون بوو. ئەوسابوو زانیم کە مردووە، چونکە لە قەرەباڵغییەکەدا، جاجمە دەقدراوەکەی نێو دارمەیتە بەتاڵەکەی نێو چاوی چەپیم بەدەست مامەمەوە بینی. دواتریش کە دایکمیان بەرەو گۆڕستان برد، هەمان جاجمم بینی بەسەر ئەو دارمەیتەدا دادرابوو کە دایکمیان تێدا بەرەو گۆڕستان دەبرد. لەوە بەدواوە هەستم کرد ژیان لەسەر گۆی زەوی کۆتایی پێ هاتووە. هەر تەنیا من ماوم و دنیایەکی بچووک و دووکەڵاوی و سارد. قوڵپێکی خەستی گریان لە ناوەڕاستی قوڕگم قەتیس مابوو. زۆر حەزم لە گریان بوو، بەڵام قەت نەمتوانی بگریم.

لەوەبەدوا جگەرەیەکی زۆرم دەکێشا. ئەوەندەی لەبیرم بێ هیچ خواردنم نەدەخوارد. تەنیا جگەرەم دەکێشا. مامەشم بەر لەوەی دوو جەڵتەی هاوکات لێی بدات و بیکوژێت، کچەکەی خۆی بە ملمدا ساغ کردەوە. مامەم بازرگان بوو. سپێدەی ڕۆژێکی ساردی زستان، بارێکی زەبەلاحی قاچاغی بەرەو سنووری باکوور بەڕێ کردبوو، لەهەمان کاتیشدا بڕیار وابوو بارێکی قاچاغی لەو قورستر لە سنووری ڕۆژهەڵاتەوە ئەم دیو بێت. ئەو لە دوای نوێژی بەیانی لە مزگەوت نەهاتە دەرێ. سەری بەرزکردبووەوە و هەردوو دەستی پان کردبووەوە و نزای دەکرد. دەپاڕایەوە تا بارەکەی ڕۆژهەڵات بە سەلامەتی ئەم دیو بێت و ئەوەی باکووریش بەسەلامەتی ئاودیو بێت. دواتر وەک ئەوەی لە غەیبەوە بەڵێنیان پێ دابێت بە ئاسوودەیی لە مزگەوت دێتە دەرێ و لەسەر کۆڵانەکەی ئەولاتری مزگەوتەکەوە، هەواڵیان پێ دا بارەکەی سنووری ڕۆژهەڵات دەستی بەسەردا گیراوە. دەکەوێتە سەر ئەرز و دیارە جەڵتەی دڵ لێی دەدات، نیوە مەرگی دەکات. دەڵێن سێ چرکە دواتر هەواڵی دەست بەسەرداگرتنی بارەکەی باکووریشی بەبن گوێدا دەچرپێنن و جەڵتەی مێشکیش لێی دەدات و هەر هەمان ڕۆژ لە نەخۆشخانە گیانی لە دەست دا.

دڵم بەردەوام وەکو میزڵدانێکی فووتێکراوی لێهاتبوو. دەترسام نووکە دەرزییەک بیتەقێنێت. هەمیشە دڵم دەگوشرا. دواتر زانیم دایکم لەنێو مێشکی مندا نێژراوە. جارنا جارێک سەری لەبن جاجمەکەوە دەردەهێنا و هەر تێم ڕادەما و سەری بادەدا، بەڵام چاوەکانی نەمابوون. ببوونە دوو شارە مێروولەی شاخدار. دوو ڕیزە ددانە ڕزیوەکەیشی بەسەر یەکدا قەڕسابوون و بۆی لێک نەدەکرانەوە. جارێکیان کچی مامەم- کە قەت نەبوو بە هاوسەرم- پێی گوتم " تۆ کە خەوت لێ دەکەوێت دەڵێیت مردوویت.. لێت دەترسێم" . هەر وایش بوو. من هەموو شەوێک دەمردم و دەخزامە نێو مێشکم و دایکم لایەکی جاجمەکەی هەڵدەدایەوە و لە ئامێزی ڕادەکشام و بەیانیان هەڵدەستامەوە. هەموو ڕۆژێکیش مامۆستا دەموچاوی تێکدەنا و لووتی دەگرت و دەیگوت " بۆنی مردوو لە یەکێکتان دێت". هەموو هاوپۆلەکانم سەریان شۆڕدەکردەوە و خۆیان بۆن دەکرد، هەر من نەبێت، چونکە دەمزانی بۆنەکە لەمن دێت، بۆیە کەسم لا دانەدەنیشت. نەک لەبەر ئەوەی هەستیان کردبێت بۆنی مردووم لێ دێت، لەبەر ئەوەی وایاندەزانی نەخۆشییەکی ترسناکم هەیە، بۆیە بەردەوام ڕەنگم سیسە و چاوەکانیشم کزن. هەموو شەوێک بڕیارم دەدا لە چوونە لای دایکم و ڕاکشان لە ئامێزی ئەودا لەنێو دار مەیتەکەدا یاخی ببم. دەمویست جاجمە نەفرەتییەکەی لەسەر هەڵدەمەوە و هەموو ئێسک و پرووسکە دارزاوەکەی لەنێو هاوەنێکی گەورەدا بکوتم، وردوخاشیان بکەم و بیاندەم بەدەم ڕەشەبای بەیانییەکی ئەو زستانە سارد و تووشەوە، بەڵام کە خەوم لێ دەکەوت سەر لەنوێ دەبوومەوە بە منداڵە دەستەمۆکەی جاران و وەک هەمیشە بە ئەسپایی لە تەنیشتی جومگە ڕەق و ساردەکەیدا ڕادەکشام.

لەگەڵ زرینگەی کاتژمێرە زەنگدارەکە ڕاپەڕیم و لایەکی جاجمەکەم هەڵدایەوە و بە ئەسپایی لەنێو دار مەیتەکەی دایکم هاتمە دەرێ، ئەوەندەش بە ئەسپایی تا دایکم لە مردنەکەی وەئاگا نەیەتەوە. ئەو بەیانییە لەهەموو بەیانییەکانی پێشووتر شەکەتتر و بێزارتر بووم. شەوی ڕابردوو هیچ خەوم نەبوو.

هەرکە پێڵووی چاوەکانم دەکەوتنە سەر یەک و دڵۆپێک خەو دەتکایە نێو چاوانم دایکم ڕایدەپەڕاندم. " مەراقی سێیەم لە کەمینت دایە کوڕەکەم.. وریابە.. ئەمەیان تونێلێکی بێ کۆتایی و تاریکە، لێی دەرناچیت.. دەتەلفێیت، لێی دەرناچیت"..

مێروولەکانم لەسەرو گوێلاک و جەستەمدا تەکاند. ماوەیەک بوو، کە لەبەرانبەر ئاوێنە ڕادەوەستام لەباتی خۆم، تارماییەکی تەنک و لێڵم تێدا دەبینی. لەترسا خێرا لادەچووم. کچی مامەم- کە قەت نەبوو بە هاوسەرم- مرخەی خەوی دەهات. ماوەیەک تێی ڕامام، لەگەڵ ئەوەیدا بڕێکی زۆر جوان بوو، بەڵام من هەر بەزەییم پێدا دەهاتەوە. مامەم ڕۆژێک بەر لەوەی دوو جەڵتەی هاوکات لێی بدات و بیکوژێت، پێی گوتم" ئامۆزاکەت بەتۆ دەسپێرم کوڕم.. ئەو بێ کەس و تەنیایە.. بەتۆی دەسپێرم" منیش نەمدەزانی کە بەمنی سپارد دەبێت چی لێ بکەم، چونکە من لەو بێ کەستر و تەنیا تر بووم و منیش دەمویست خۆم بەکەسێک بسپێرم کە لەم هەموو شەوانە مردن و بەیانیان زیندوو بوونەوەیە ڕزگارم بکات، بۆیە هەر ئەوەندەم پێکرا بەزەییم پێدا بێتەوە، هیچی دیکەم لەدەست نەدەهات. ئاخر دوو بێ کەس و دوو تەنیا دەبێت چییان لەدەست بێت بۆ یەکدی. منێک کە خۆم نەبووم چۆن بۆم دەکرا پاشکۆیەکی پێی

سپێردراو بەدوای خۆمدا ڕابکێشم. ئەویش، کچی مامەم دەڵێم، لە بێ کەسیی منی قبوڵ کرد بە کەسی خۆی و تەنیایی خۆی لەگەڵدا بەش کردم، بەڵام دەشیزانی من کەس نیم و ساتێکیش لە تەنیایی و بێ کەسی ئەو پڕ ناکەمەوە. ئیدی لە ناچاری خۆی پێدا هەڵواسیم بۆ ئەوەی لە دەریای هاروهاجی ئەم ڕۆژگارە سەیرەدا نەخنکێت، ئەگینا لەوە گەیشتبوو من بێ چارەترم لەوەی تروسکاییەکی ژیانی پێ ببەخشم. لەم جەستە ساردوسڕ و بۆن مردوو گرتووەی من و لەم ڕوحە سەرگەردان و شەکەت و وەڕسەی من کوا دەکرێت تروسکاییەکی لێ بەدی بکرێت. ئەو کچی مامەم - کە قەت نەبوو بە هاوسەرم- دەیگوت " ئەوەندەساڵەی کە لەسەر گۆی ئەو زەوییەین دەبێ بژین. هەرچۆنێکی بێت دەبێت بژین. گوناهە بە مردوویی بژین". قسەکانی وەک مێروولە شاخدارەکانی نێو کونە چاوەکانی دایکم، کە شەوانە جەستەیان دادەپۆشیم و تەراتێنیان بەسەر سەر و گوێلاکمدا دەکرد، ئازاریان دەدام. تووڕەیان دەکردم، هێندە تووڕەیان دەکردم دەتگوت ئێستا سەرم دەبێتە بۆمبێک و خۆی بە ڕوحمدا دەتەقێنێتەوە، بەڵام دڵم ڕێگەی نەدەدا بەسەریدا بقیژێنم، هەردەبوایە بە بەزەییەوە تێی بڕوانم و سەرێکی بۆ بلەقێنم و بڕۆم.

ئەم بەیانییەش هەر وام کرد. کەمێک بەدیار مرخە و چاوە نووقاوەکانی دامام و هەر بە هەمان ئەسپایی کە لەنێو دارمەیتەکەی دایکم دەهاتمە دەرێ، لەماڵ دەرچووم. بارانێکی زۆر خۆش دەباری. کە منداڵ بووم و ئەو شێوە بارانە دەباری، حەزم لێبوو داوە بارانێک بگرم و پێیدا هەڵکشێم بۆ سەرێ. ئەوەندە بڕۆم بزانم سەرەتای ئەو داوە بارانە لە کوێوەیە. دواتر باوەشم دەدا لە دەرزەنێک داوە باران و بەخۆمەوە لوولم دەدان. بۆنوبەرامەیەکی سەیر لەو بارانە دەهات. مرۆڤی مەندەهۆش دەکرد. گەڕامەوە ژوورێ، هەرچی دیوانە شیعرم هەبوو، هەموویم هێناو خستمنە سەر کەپرە مێوەکەی حەوشەوە. دواتر بتڵە شەرابەکەم هێنا و چووم لە ژێر ساباتی کتێبە شیعرەکان دانیشتم. ئێستا وام هەست دەکرد شیعرم بەسەردا دەبارێت. دەتگوت دێڕە شیعرەکان دەبوون بەخوێن و دەڕژانە نێو دەمارەکانی جەستەم. دەتگوت پەیڤە شیعرییەکان تنۆک تنۆک دەتکانە نێو ڕوحم و دەیبووژاندمەوە. ئیدی بۆنی مردووم لێ نەدەهات. دەمارەکانی جەستەم ببوون بە ژێ و ترپەی دڵم ئاوازی

مۆسیقایەکی پڕ لە ڕۆمانسی دەژەنی. من زیندوو ببوومەوە. ئەرێ.. بارانی شیعر و سیحری مۆسیقا و جادووی شەراب... لەژێر ئەو ساباتە و لە نێو ئەو کەپرەدا، ئیدی مردن هیچ مانایەکی بۆ نامێنێت. زەمەنێکی زۆر.. یەکجار زۆر لەوێ مامەوە. هەردەتگوت لەنێو بازنەی زەمەن دەرچوومە، چونکە ئێستایش نازانم بڵێم چەند ساڵ، یان چەند سەدە لەوێ مامەوە. نازانم چەند دیوانە شیعرم بەسەردا داباری. نازانم چەند پارچە مۆسیقام ژەنی. هەروەک ناشزانم چەند دەریا شەرابم خواردەوە. تەنیا کاتێک فرێ درامە سەر زەمینی هۆشیاری، کە زانیم لەم هەموو بەزم و خۆشییەدا شتێکم لێ ونە.. شتێکی دیکەم پێویستە. ڕوحم هاوارێکی دیکەی لێ هەڵدەستێت. نازانم مانگ بوو، یان خۆر، یان ئاسمانێک ئەستێرە بوو، یان وێنەیەک بوو بە بەرۆکی ئاسمانەوە هەڵواسرابوو، لەنێو فەزای نیگامدا بەخێرایی پڕمینی پەپوولەیەک دەدرەوشایەوە و ون دەبوو. هەستامەوە، ملی ڕێگایەکم گرت. بەسەر گەلێک شاخ و چیادا سەرکەوتم. لە گەلێک ڕووبارم دا. چەندین دارستان و ڕەز و باخم بڕی.. تا لە پڕێکدا بینیم. ترسام. وام هەست کرد هەڵکشاومەتە ئاسمان. هەمان وێنە. دەتگوت بوومەتە دار بەڕوویەکی زەبەلاح و ڕەگی قاچەکانم تا دوا نهۆمی زەوی ڕۆچوونەتە خوارێ. چەقیبووین. هیچ نەماندەتوانی بجووڵێین. دەتگوت مرۆڤەکانی ناو فیلمێکین و منداڵێک دوگمەی ڕاوەستانمانی لەسەر کۆنترۆڵی تەلەڤزیۆنەکە داگرتووە. ئەویش بە مەودایەک لەولاترم ڕاوەستابوو. مەودای نێوانمان کورت بوو، هەر هەندەی مەودای نێوان زەوی و ئاسمان، چونکە هەستم بە گوڵاوی هەناسەی دەکرد کە بەنێو خانەکانی ڕوحمدا دەگەڕا. دەتگوت تازە لێوەکانم لە ماچکردنی بوونەتەوە، هێشتا تەڕایی لێوەکانی بەنێو وشکایی دەمارەکانی مێشکمدا دەگەڕا. قژی بۆنی نێرگزی بەرباراانیان لێ دەهات. پێستی لە ئاورێشمێکی پەمەیی ڕوون دەچوو. چاوەکانی هێندە شینێکی زوڵاڵ بوون، نەتدەزانی ئاسمانە لەنێو دەریادا ڕەنگی داوەتەوە، یان دەریایە و تۆ لە ئاوێنەی ئاسماندا دەیبینیت. لەوە دەچوو هەزاران ساڵ بێت، یەکدی بناسین و لێکدی بزر بووبێتین. ئەو لێوەکانی لێک نەکردەوە، بەڵام من گوێم لە مۆسیقای دەنگی بوو کاتێک گوتی " تەمەنێکە بە دواتدا دەگەڕێم.. ئەو هەموو ساڵە لە کوێ بوویت"..

چەند حەزم کرد بەرتەقای ئەستێرەکانی ئاسمان چاوم پێــوە بوایە تا خـێــراتر فــریای ســەیرکــردنی هەمــوو جوانییەکانی بکەوم. لێوم کەوتە سەر نەرمەی گوێچکەی کــاتێک بە چرپە پێم گــوت " بە دواتدا دەگــەڕام.. ونم کــردبووی.. فــریای ژمــاردنی ئەو ســاڵانە ناکــەوم کــە بـەدواتدا دەگـــــەڕام، بەڵام دواجـــــار ئـەوەتام.. لـە بەرانبەرت.. تا پێت بڵێم خۆشم دەوێیت"..

ئەو باڵەکـانی کـردەوە تا بەرەو ئامـێـزی من بفـڕێت، کــەچی لە پڕێکدا بەرچاوم تاریک داهات. وەکــو ئەوەی کـتـوپڕ پەردەیەکی تـاریکمـان بەسـەرخـۆدا دابێت. دنیـا نوقـــمی تاریکیـــیـــەکی ترسناک بـوو. برووسکە لە چەخماخەی دەدا، بەڵام دەرەقەتی ئەو تاریکییە خەستە نەدەهات. تریشـقـەی هەور وڕ و کـاسی کـردبووم. هاوارم بە هیچ کـوێ نەدەگـەیشت، وەکو شێت بە دەوری خۆمدا دەسـووڕامـەوە، وەکـو کـوێر پەلم دەکـوتا. دەتگوت سندم کراوم. نەمدەتوانی لە شوێنی خۆم بجووڵێم. نازانم چەند سەدەی زەمەنی لەوێ لەناو ئەو تاریکییە چڕ و ترسناکەدا هەر هاوارم کـرد، ئەوەندە دەزانم کـاتێک ڕووناکـیـیـەکی لێڵ کـەوتەوە ئەوم نەبینی. هەرچی چاوم گـێـڕاو هاوارم کـــرد. بۆنم کـــرد و گـــەڕام و ســـووڕام بێ هوودە بـوو. ساڵەهای ساڵ لەوێ، لەو شـوێنەی ئەوی لێ وەسـتابوو، بەدوایدا گـەڕام هیچ سـوودی نەبـوو، وەکـو کـۆڵارەیەک داوەکەی پچڕابێت و بایەکی بەهێز بردبێتی، لێم ون بوو. ئەوەندە گـەڕابووم پێـست و گـۆشت بە بنی پێکانمەوە نەمـابوو. سـەرو سـیـمـای پڕ لە چرچولۆچم کـەوتبـووە بن ڕیشـێکی درێژ و چڵکن. گـۆشـتی جـەسـتـەم هەمـووی تواببووەوە. ئێسقانەکانم باریک ببوون. قسەکردنم لەبیر چوبووەوە.. هەمـوو جارێک کـە شوێن پێـیـەکـانی ئەوم هەڵدەگرت دەگەیشتمە ناو گوندێک. خەڵکی گوندەکە هەموویان لێم دەترسان. دەیانگوت "ئەوە دیسان شێتەکە هاتەوە. هەڵێن".. تەنیا پیرەمێردێکی ڕیش چەرموو لەو دووره دەوەسـتـاو نیگای پڕبوو لە بەزەیی، کـاتێک تێی دەڕوانیم هەر سـەری بادەداو دەیگوت " غـەزەبی ئاسـمـان ڕۆژێک تۆڵەی ئەو شێتەمـان لێ دەکاتەوە و گوندەکەمـان نغرۆ دەکات، بەڵام کەی... نازانم"... هەستم دەکرد ئەو شتێک دەزانێ، بەڵام ئەقڵم لەکار کەوتبوو. فـامی ئەوەم نەدەکـرد بچم سـۆراخی خـۆشـەویسـتـەکـەمی لێ بکەم. ئەویش نەیدەویرا زۆر نزیکم بکەوێتەوە. ئیدی لە پەلوپۆ کـــەوتم. لە قـــەراخی گـــوندەکـــە زەمـــینگـیـــر بووم.

بەرەبەیانێکی زوو، گـوێم لە دەنگێک بوو، گـوتی " تۆ مەگەر نەتدەزانی لەم دەڤەرە، خۆشەویستی گەمەکردنە بە شەرەفی پیاوەکان. ئەوە گریمان تۆ غەریبی و نەتدەزانی، خۆ "ئەو" خـەڵکی ئەم وڵاتەیە و دەیزانی خـۆشـەویسـتی هێشتا لێرە لەوە حەرامترە کە گۆشتی بەراز بە شەرابەوە بخـــۆی. ئەو ئێـــوارەیەی هەردووکـــتـــان باســـتـــان لە خۆشەویستی دەکرد، پیاوانی تووڕەی ئەم گوندە بڕیاریان دا کچەکەیان بهێننەوە و لە ڕێوڕەسمـێکی زۆر شکۆداردا ئاگـری غـەزەب لە جـەسـتـەی ڕووتی بەردەن، بۆ ئەوەی سووکایەتی بە مردووانی گۆڕستانی گوندەکەمان نەکرێت، خـۆڵەمـێـشی جـەسـتـەی بکەنە ناو توورەگــەیەک و ســوارچاکی گـوندەکە بیبـات لە دوورترین و قـووڵتـرین دەریای ئەوسەری وڵاتی بهـاوێت. لەو ڕۆژەوە قـاتوقـڕی کـەوتە نێـو گـوندەکـەمـانەوە. هیچ منداڵێکیش لە دایک نەبوو. تا ئەمڕۆش ڕووناکی و گەرمایی خۆرمان نەبینی. لافاوێکیش هەمـوو گۆڕستـانەکەمانی بە مردووەکانمانەوە ڕامـــــــاڵـی و بـردی. دەشـــــــزانم نـزیکـە ئـەو ڕۆژەی گوندەکەیشـمـان بە یەکجاری نغـرۆ ببێت، بەڵام کەی.. ئەمە هەر لە عـیلمی ئەودایە" نازانم پیرەمێردەکە هیـچی دیکەشی گـوت، یان نـا، چونکە من هاتبـوومـەوە مـاڵ. کچی مـامـم - کە قەت نەبووە هاوسەرم- هێشتا لە خەو هەڵنەستابوو. بێ ئەوەی وەئاگای بێنم چوومە سەروەختی دایکم. لایەکی جاجمەکەم هەڵدایەوە و بە هێواشی خزامە نێو دارمەیتەکەوە و لە تەنیشت دایکم درێژ بووم. هەستم بە هێرشی مێروولە شاخدارەکان کرد، کە هەردوو چاویان هەڵکۆڵیم و لەنێو کـاسەی سەرمـدا پەنگیـان خواردەوە. دەنگێک لـەودیو ددانە بەسـەریەکـدا قـەڕساوەکـانی دایکم کـەوتە بەرگـوێم " سـەرەنجـام کـەوتیـتـە داوی مـەراقـەوە کــوڕم.. بە گــوێمت نەکــرد. ســێـیــەمین مــەراق تۆشی تەلفاند.. دە ئاوها بمرە بۆخۆت کوڕەکەم.. بمرە.



# گۆمە گێژە

**ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**

دیسان وەک هەمیشە هاتبووەوە قەراغ گۆمەکە. لەسەر گابەردی پەنا کەندەڵانەکە دانیشتبوو و چاوی لە گێژ و خول و تەندوورەی گۆمەکە و شینایی مەیلەوسەوزی بڕیبوو. کەسێک نەیناسیبایە و چاوی پێی بکەوتایە پێی وابوو خۆی لە ڕاوی نقە و ماسی خۆش کردووە، یان تۆڕی تێ خستووە و چاوەڕوانی ئەوەیە بارێکی ماسی پێوەبێ، ئەوە بووەتە کاری هەموو ڕۆژێکی و لە بەیانییەوە هەتا ئێواری دەچێ لەسەر ئەو بەردە دادەنیشێ و زەق زەق دەڕوانێتە گۆمەکە و کاس و وڕ و بێ جووڵە، وەک داوەڵ لەوێ دەچەقێ. ڕۆژی وایە هەتا تاریکان لەوێ دەمێنێتەوە و هەر جارەی کەسێکی نێو دێ، یان خزمێکی دەچن دەیهێننەوە بۆماڵێ، تەنانەت لە چلەی زستان و تۆفوبەند و سەغڵەتیشدا دەچوو، بەڵام خەڵکی نێو دێ، چاویان لێ خافڵ نەدەکرد و نەیاندەهێشت سەرما بیبا و دەچوون دەیانهێنایەوە. ئەمڕۆش بەو گەرمای هاوینە خۆی گەیاندبووە لای گۆمەکە و چاوی لە ئاوە شینەکەی بڕیبوو. بایەکی گەرم هەڵیکردبوو برینجەی دەخستە سەر لێوی دەروای مەندی چۆمەکە. بەستێنی چۆم پڕە لە خیز و بەردی ئاوەسوو، بنچکی گزیچار لە چەند جێوە لە دەوری چۆم و بنگەڕ و بە تایبەت لێواری گۆمەگێژە ڕواون و سێبەری خۆیان بە پووشی زەردەڵ و ڕمڵی نەرم و وشک بەخشیوە. گۆمە گێژە تەنیا گۆمێکە لەم مەڵبەندە کە بەهاران تەنانەت مەلەوانی شارەزاش ناتوانێ خۆی لێدا، بەڵام هاوینان کە ئاو لە کەمی دەدا هەندێک لاو و گەنجە پڕ وزەکان بۆ خۆدەرباز کردن لە گەرما دەخزێنە باوەشی و ململانێ لەگەڵ گێژاوی شین و پڕ تەوژی دەکەن.

ڕەحمانی پووربەگم کە خەڵکی ناوچە لە دوای ئەو کارەساتە بە ڕەحمانە شێت دەیانناسی، لە کاری مەزرا و خەلەوخەرمان بووبووەوە و بە ڕۆژدا لە نێو باخە سێو و گوێزەکەیدا ڕایدەبوارد و چاوەڕوانی گەیشتنی باخەکەی بوو. مەزرا و باخەکەی لە نزیک چۆمەکە و هاوسێی گۆمە گێژە بوو. ئەو لە دارای دنیا تاقە کوڕێکی بوو کە دنیا و

ڕووناکی و هەناسەکێشانی تەنیا لەبەر ئەو دەویست و هەموو جوانی و خۆشی و هیواکانی ژیانی لە چاوی ئەو کوڕە تاقانەیەیدا دەدی. کاوە تاقانە کوڕەی دایک و بابی و تەنانەت تاقــانە لاوی گــوندەکــەش بـوو بۆ ژیری و جوانچاکی و گەورە و بچووکی گوندەکە ئەویان بە قەد دایک و بابی خۆش دەویست.

ڕەحمانە شێت لەبن سێبەری چڕی دار گوێزێک خۆی لە گـەز دابوو، مـریشـک و جـووچک و کـەڵەشـێـر کـە لە بەهارێوە لەو نێـو باخـەدا کولانەی بۆ دروست کـردبوون و بە گیاوگژی ناسک و کرم و کوللە پەروەردە بووبوون، لە دەوری دەهاتن و دەچوون و فــڕووج و باڕۆکــە بە نێــو جـۆگـەلە و دێراو و شـیلەگـەدا یەکـتـریـان هەڵدەبڕی و قیرەقیر و پڕژەی باڵیـان ڕەحمـانە شێتی خەنی کـردبوو. جـارجـار سـەری هەڵدەبڕی و سـەیری دەکـردن و لە دڵی خـۆیدا تەڕەکـەبابی چەوری زسـتـانێی دەهاتە بەرچاو و دەمی ئاوی تێـدەگـەڕا. قـاوەڵتـوونێکی درەنگە و زۆری ئیشتیای چایی کردووە. هەستایە سەر قوون و دانیشت، کە سەری هەڵێنا دیتی لە ڕێگای خوار باخەکەوە خێزانی و کــوڕەکــەی بۆ لای ئەو دەهاتن. بە پەلە هەســتــا و ئاورەکــەی هەڵکرد و کـتـرییــە ڕەشی نایە سـەری. کـە ژنەکەی و کوڕەکـەی گەیشـتنە لای، کتریبە ڕەش کەوتە گیزەگیز. خێزانی چاییەکەی دەم کرد و سێ بە سێ نان و چاییان خوارد.

کاوە دوایین قومی لە چاییەکەی دا و گوتی:

– باوە نایەی بچین بۆ گۆمە گێژە مەلەیەک بکەین؟

باوکی کــە زۆری حــەز لێ بوو و لە خــودای دەویست لەگەڵ کوڕە تاقانەکەی هەندێک یاریی قرنەگۆمە بکات، گوتی:

– بۆ نایەم ڕۆڵە گیان. جا لە مەلە خۆشتر هەیە، بەڵام جـارێ ئـاوەکـەم لەو پـەڵە وێنجـەیە ئاژین کـردووە، تەواو بێت دەچین.

کاوە چاوێکی لە دایکی کرد و گوتی:

– باشە باوە من و دایکم دەچین بۆ لای گۆمەکە، لە بن داربییەکە دادەنیشین من تۆزێ مەلە دەکەم هەتا تۆ دێی. با دایکیشم ببینێ چۆن مـەلێ دەکـەم و ئیـتر بە منداڵم نەزانێ.

ڕەحـمـانە شـێت کـە دەیزانی کـوڕەکـەی وەک بێـچـووە مراوی وایە و لە منداڵییەوە کوڕی چۆم و گۆمان بووە و لە دەریاشدا دەبێ پشتی لێ بکاتەوە، گوتی:

– باشە کوڕم ئێوە بچن منیش تاوێکی تر دێم.

ڕەحـمـانە شێت دەسـتی دا پێـمـەڕەکـەی و چوو بۆ لای شێلگە ئاوەکە و خێزانی و کوڕەکەی بەرەو لای گۆمەکە داگەڕان.

خـەریک بـوو شـێلەگـەکـە هەڵبـڕێ و بەرێکی تر ئاو لە وێنجەکە ئاژین بکات، کەڵەشێرە لارییەکەی کە لەسەر سەربانی کولانەکە قیت ڕاوەستا بوو، دووجاری خوێند. ڕەحـمـانە شـێت ئاوڕی دایەوە و بە دیتنی کـەڵەشـێـرەکـە بسکەی ســمــێــڵی هات و بیــری ڕۆیشت بۆ لای ئەو چوارســەد هەزار تمەنەی خلەی قــاوەچی پێــیــدا بـوو و بۆ شـەڕە کـەڵەشـێـری دەویست، بەڵام ڕەحـمـانە شێت بەو قــیــمــەتە پێی نەدابوو و داوای پێنج سـەد هەزار تمەنی کردبوو، بۆیە چاوێکی لە کەڵەشێرەکە کردەوە و لە دڵەوە خۆی بە قـوربانی لاق و ملە درێژەکەی و تەنانەت دەنگە ناخۆشەکەی کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە تاسەی پێنج سەد هەزارتمەنەکە بزەی خستـبووە سەر لێـوی بلووکی ڕەشی دیواری کـولانەکــە مــووچرکــێکی بە دڵیـــدا هێنا و هەناسەیەکی هەڵکێشا.

بەهارێ تازە یەکـەم بەری وێنجـەکـەی دووریبـوو، بە زەحــمــەتێکی زۆر بەرد و بلووکی هێنا و لە نزیک چارداخـەکـە ئەو کـولانەیەی دروست کـرد و بڕیاری دا کـەڵەشـێـرێک و دوو سێ مـریشـک بکڕێ و بە خـێـویان بکات. شەوێک هەتا نیوە شەو لە ماڵێ بە دار و تەختە و تەنەکە دەرگایەکی بۆ دروست کرد و بەیانی کاتێک بە دەرگـاوە گـەیشـتـە مـەزرا و چوو بۆ لای کـولانەکـە، دێڵـە سەگێک لە کولانەکە هاتە دەرێ، کە سـەیری کرد شەش تووتکی وردیلەی چاو نەپشکووتوو لە نێـو کـولانەکـەدا بوون. شەوێ دێڵـەسـەگ هاتبـوو لە نێـویدا ترەکـیـبـوو. ڕەحـمـانە شـێت لە داخـاندا لێـوی خـۆی گـەست و چوو پێــمــەڕەکــەی هێنا، تووتکەکــانی هێنا دەرێ و بردی لەوبەری جــۆگــەکــەوە لە بن بەردێک دایـنان و هاتەوە بەربووە قـوڕگرتنەوە و دەرگا تێگرتن. چوارچێوەی دەرگا چکۆلەکـــەی تێگرت. تای دەرگـــاکـــەی بە دیواری چەرداخەکەوە هەڵسەپارد، پاشان دەستی دا ماڵەغـان و هەتا نیوەڕۆ خەریکی دوورینی گیاوگژی نێو باخەکە بوو. خەریک بوو دوایین قەرخ لێبدا دیتی سەگەکە خۆی کرد بە نێو کولانەکەدا. ماڵەغانی دانا و بە پەلە چوو بۆ لای کـولانەکـە کـە دانەوی و تەمـاشـای کـرد دێڵـەسـەگـەکـە تووتکەکـانی هێنابووەوە نێـو کـولانەکـە و لەسـەریان وەرکەوتبوو. زۆری هەوڵدا دەریکاتە دەرێ، بەڵام دێڵەکە تووتکەکانی بەجێ نەدەهێشت و نەدەهاتە دەرێ.

ڕەحمانە شێت لێوی خۆی گەست و بە پەلە چوو بۆ نێو چەرداخەکە. شەمچەیەکی هێنا و لەلای جێ ئاورەکە باوەشێکی داروچرپی هەڵگرت و بە دەرگای کولانەکەیەوە ناو هەندێ نەوتی لێ پرژاند و ئاوری تێبەردا. ئاوری چرپی و میچی کولانەکە بلێسەی کێشا و گرمەشقاڵ بەرز بووەوە. دێڵە سەگ بە پرتاو دەرپەڕی و دوای ئەوەی سوورێکی بە دەوری کولانەکەدا لێدا خۆی کردەوە بە نێو ئاورەکەدا، چەند چرکە لە نێو کولانەکەدا بوو دیسان دەرپەڕییەوە دەرێ، تووکی کلکی و پشتی هەمووی هەڵپرووزا بوو. دیسان دەورێکی بە دەوری کولانەکەدا لێدا و خۆی کردەوە بە ژووریدا، بەڵام ئاورەکە وەهای گرتبوو و بلێسەی بەرز بووبووەوە کە ئیتر توانایی نەبوو بێتەوە دەرێ. بۆکرووز و بۆچرووک لەگەڵ دووکەڵێکی ڕەش و چەور باخەکە و دۆڵی پشتەوەی داگرت و وەک مژ بەسەر دارەکانەوە ڕاوەستا بوو. ڕەحمانە شێت پاڵی بە چەرداخەکەوە دابوو و سەیری ئەو دیمەنەی دەکرد. چاوی لە دۆزەخێک بڕیبوو کە حەوت زیندەوەری دیار و سەدانی نادیاری دیکەی تێدا دەسووتا. دەستی لە گیا دروون هەڵگرت و مات و دڵتەنگ ڕۆیشتەوە بۆ ماڵێ. شتێکی ڕەق و سارد دڵی ڕێک دەگوشی و ئازارێک لە ناخەوە هەڵیدەچۆقاند. ئۆناقێک لە شێوەی پەشیمانی چنگی لە ئەوکی گیر کردبوو، وزەیەکی دیکەش لە ناخەوە هانی دەدا و وای لێ دەکرد خۆی بە تاوانبار نەزانێ، وزەی تاوان و بێ تاوانی لەسەر دڵی کەوتبووە ململانێ و زۆران و لەوانە بوو دڵی لە لێدان بخەن، جارجار دڵی بە پرتاو لێی دەدا و گوێی لە زرمەی دەبوو، کە خۆی بە دیواری ڕەقی سینگیدا دەکێشا. چاوی لە ڕەشەوە دەهات و سەری گێژی دەخوارد، دڵی تێکەڵ دەهات و دەتگوت گۆشتی برژاوی سەگی خواردووە و دوای تێرخواردن بە زۆری دەرخواردی دەدەن. دوو چنگی ڕەش و سپی بە زۆر گۆشتی برژاوی نیوە سووتاویان لە زاری دەئاخنی و دەسەڵاتی هیچی نەبوو. کە گەیشتەوە ماڵێ تووشی تاوویاو و چەقوچۆیەک بوو، ددانی وە ددانی نەدەکەوت، بەو گەرمای بەهارە دەتگوت قڕی هات لە سەرمانا و لێوی وێک نەدەکەوتەوە داوا بکا سێ چوار لێفەی پێدادەن. دەروجیران وەسەرگەڕابوون و هەر کەسەی شتێکی دەگوت و دەرمانێکی بۆ دەدۆزییەوە:

– برا ماندوو بووە و ئارەقەی کردووە، حەتمەن سەهۆڵاوی خواردووەتەوە.

– کچێ دایکم تۆ دەڵێی چی، بێت و نەبێ ئەوانگەڵ دەستیان لێ وەشاندووە.

– گەرم دایپۆشن ئارەقە بکات چاک دەبێ.

– نا کاری وانەکەن بیبەن دوو گۆزەی ئاوی سارد بەسەردا کەن چاک دەبێ.

گوێی لەو دەنگانە دەبوو تارمایی حەشاماتێکی دەدی کە بەر دەرگا و پەنجەرەی ژوورەکەیان تەنیبوو، دەتگوت دەنگیان لە چەند کۆڵانی ئەو لاوە دێ و هیچیان لێ حاڵی نەدەبوو.

بەیانی بە دەنگی خێزانی خەبەری بووەوە کە بە خات فاتمی دراوسێیانی دەگوت:

– خوشکێ نازانی چ دەردێکی کێشا، شەوی ئەم شەو ڕاواندی و هاواری کرد. خۆ هیچیشی لێ حاڵی نەدەبووین. بەری بەیانی خەوی لێ کەوت و جارێ هەڵنەستاوە.

کە لە نێو جێگاکەی هەستا و چاوی لە دارودیواری ژوورێ کرد، تازە وەبیری هاتەوە لە کوێیە و دوێنێ چی ڕووی داوە.

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و هەستا سەرپێ، هەرچی خێزانی تکای لێ کرد و لێی پاڕایەوە، گوێی نەدایە و ڕۆیشت بۆ مەزرا. خێزانی نەیتوانی کەمتەرخەم بێ و گوێی پێ نەدا. وەدوای کەوت بۆ مەزرا و چەند خولەکێک دوای ئەو گەیشتە لای چەرداخەکە و دیتی لە پەنا دیواری ڕەش و دووکەڵاویی کولانەکە دانیشتووە و هەر دوو دەستی بە لاجە سەرییەوە گرتووە.

– ئەیەڕۆ پیاوەکە خەمی ئەو کولانەیەتە؟ جا ئەو کولانەیە بۆ ئەوە دەبێ خەمی بۆ بخۆی، کوڕە گوێ مەدەیە هەر ئەمڕۆ من و تۆ و کاوە گیان پێکەوە خاوێنی دەکەینەوە و چوارچێوەیەکی دیکە بۆ دەرگاکەی دروست بکە تێی دەگرینەوە و دوو لق داروچرپی بخەوە سەربانەکەی، خەم بۆ شتی وا مەخۆ.

ڕەحمانە شێت بوغزێک گەرووی ڕێک گوشی و چاوی لە ژنەکەی کرد، بەڵام هیچی نەگوت.

– پیاوەکە بڵێی کێ ئاوری تێبەردابێ؟ جا چاک بووە ئەو خودا غەزەب لێگرتووانە چەرداخەکەشیان ئاور تێبەرنەداوین. ئاخەر بڵێ هیچوپووچانە ئەو کولانەیە چ ڕێگایەکی لە ئێوە گرتبوو، ئاورتان تێبەر داوە! ئەرێ ڕەحمان بڵێی کاری کێ بێ.

ڕەحمان چاوێکی لە چاوی ژنەکەی کرد و فرمێسکی قەتیس ماو لە چاویدا بریقەی هات و ویستی شتێک بڵێ، بەڵام ژنەکەی بە بزەیەکی تێکەڵ بەسەر کۆنەوە

گوتی:
– ئەیەڕۆ ڕەحمان! ئەوە بۆچی دەگریی، دیوەخان و ماڵەکەت سووتاوە؟ کوڕە عەیبە، یەکێک بێت بۆ ئێرە بزانێ بۆ ئەو کولانەیە دەگریی ئابڕوومان دەچێ. خەڵک تەواوی ماڵ و حاڵەکەی دەسووتێ وەک تۆ ناکا.

ڕەحمان چاوێکی لە خێزانی کرد و ئیتر هیچی نەگوت.

خێزانی لەچکەکەی لە پشت سەری توند کرد، قۆڵی هەڵماڵی و دەستی دا پێمەڕەکە، چاوێکی لە مێردەکەی کرد کە هەروا هەڵترووشکا بوو، گوتی:


– هەستە دەی هەستە، پیاوی بە غەیرەت، هەستە هەر ئێستا پێکەوە خاوێنی دەکەینەوە و چی زۆرە داروچرپی هەر ئەمڕۆ یەکجاری سەرەکەی دەگرین و گڵەبان و قوڕەبانیشی دەکەین، ئێوارەش لە ماڵێ چوارچێوەی دەرگاکەی بۆ دروست بکەوە، ئەوەتا دەرگاکەی هیچی لێ نەهاتووە بە دیواری چەرداخەکەوە هەڵپەسێردراوە.

ڕەحمان تەکانێکی لە خۆیدا و هەستا. هەتا نیوەڕۆ خاوێنیان کردەوە و سەربانەکەیان گرت و وەک پێشووی لێهاتەوە، بەڵام جیاوازییەکی هەبوو ئەویش دیوارە ڕەشەکەی بوو، بەرد و بلووکەکان وا ڕەش داگەڕابوون بە هیچ شتێک سپی نەدەبوونەوە.

شێلەگەکەی گوێستەوە و چاوێکی لە گۆمە گێژە کرد، ژنەکەی لە بن داربییەکە دانیشتبوو و کوڕەکەشی کراس و پانتۆڵەکەی داکەندبوو و بە شۆرتێکەوە لەسەر کەندەڵانی ژوور گۆمەکە ڕاوەستا بوو، دەیویست خۆی بخاتە نێو ئاوەکەوە. زەردەیەکی گرت و لە دڵەوە خۆی بە قوربانی بەژن و باڵای کرد. لەبەر خۆیەوە گوتی: «بابت بە قوربانت بێ مەلەوان. لە دەریاش سڵ ناکات. کوڕی بابی خۆیەتی. لە هەموو جۆرە مەلەیەک شارەزایە.»

پێمەڕەکەی بە دارێکەوە هەڵپەسارد و چوو مریشک و کەڵەشێرەکانی کۆ کردەوە و هەموویانی لە کولانەکە کرد و دەرگای لێ داخستن.

چاوێکی لە گۆمە گێژە کردەوە و ویستی بۆ لای ژن و کوڕەکەی وەڕێ بکەوێ. کوڕەکەی دیار نەبوو و دیارە خەریکی مەلە کردنە و لە نێو گۆمەکەدایە. لەپڕ دیتی خێزانی لەبن دارەکەوە بە هەڵەداوان هەڵات بۆ لای گۆمەکە. پێی سەیر بوو، بۆچی دەبێ ئاوا شڵەژابێ، چ قەوماوە؟ کە خێزانی گەیشتە لای گۆمەکە دیار بوو بە دەست و دەم هاوار دەکات و هەڵدێتە قەراغ ئاوەکە و دێتەوە دەرێ و بە هەردوو دەستی بانگی ئەم دەکات و هەڵدەبەزێ. ڕەحمان کە ئەو دیمەنەی دی ئەژنۆی شکا، نەیدەزانی چ بکا. چۆن خۆی بگەیەنێتە گۆمەکە. سەرەوخوار هەڵات، بەڵام هێزی ئەژنۆی نەبوو هەموو جارێ چۆکی دەنووشتایەوە و سەرەنگرێ دەبوو. ئەو مەودایە ئەگەرچی نزیکەی دووسەد مەتر دەبوو، بەڵام ئەوەندە دوور بوو، نەدەگەیشتێ و ساڵەڕێییەک دەبوو. لاقی کەوتە قوڵکەیەکەوە و دەمەوڕوو کەوت، بە هەر دوو دەستی خۆی گرتەوە و هەستایەوە، بە دەم هەڵاتنەوە چاوی هەر لە گۆمەکە و خێزانی بوو کە هەڵدەهاتە نێو ئاوەکە و دەهاتەوە دەرێ، بەڵام نەیدەوێرا خۆی بخاتە نێو گۆمەکەوە. نزیک تر دەبووەوە، بەڵام دەتگوت دیسان مەوداکە کێشی دێ و نابڕێتەوە. دڵی وا بە پرتاو لێی دەدا لەوانە بوو سینگی کون بکات، هەموو جارێ هەناسەی ڕادەوەستا و هاسکەهاسک و هەناسەبڕکێ ئەوەندەی دیکە دەستی لە بینی توند دەکرد و لەوانە بوو بیخنکێنێ. بە قووڵایی ئاودڕی سەر ڕێگاکەیدا داگەڕا و لەوبەر هاتەوە سەرێ و بە دەم هەڵاتنەوە چاوی لە گۆمەکە کردەوە، نزیکەی پەنجا مەترێکی مابوو بگاتێ. بووبووە مردوویەکی بزۆک، بابردەڵەیەک بوو بێ ئیختیار، با دەیرفاند و جووڵان و هەنگاونانی لە دەست خۆیدا نەمابوو. سینگ و دەروونی سووک و خاڵی بووبوو و دەتگوت بووەتە بووکەباغەیەکی مردووی نێو بەتاڵ، یان فوودانەیەکی سووک بەدەم باوە. بە دەم هەڵاتنەوە هەر چاوی لە گۆمەکە بوو، بڕوای بە چاوی خۆی نەدەکرد، ئەم جارەیان خێزانی لە قەراغ ئاوەکە نەبوو سەگێکی دی ئاڵۆز و پەشۆکاو هەڵدێتە نێو ئاوەکە و دێتەوە دەرێ. لەناکاو دیتی سەگەکە خۆی خستە نێو قووڵایی گۆمەکەوە و لە چاو ون بوو.



# جەنگاوەری یاریی منداڵانە

**کاروان محەمەد فەتاح**
**(سلێمانی)**

خۆر لەناو سکی ئاسماندا هەندێک لار بووەتەوە و دنیا ڕەنگی زەردێکی ئەرخەوانیی خەمناک دەنوێنێت. تەپوتۆزێکی چڕ گۆڕەپانی جەنگەکەی داپۆشیوە و چەشنی گەردەلوولێکی کتوپڕ بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێت. لەو بیابانە گەرمەدا جەنگ وای کردووە هەموو شتێک سەیر و نامۆ بێتە بەرچاو. شەڕ درێژەی هەیە و تا دێت گەرمتر دەبێت، جەنگاوەرێک (ئەوە ئەگەر بەڕاستی جەنگاوەر بێت.) هەڵدێت و خۆی دەدزێتەوە و ڕا دەکات، بە خێرایی هەناسە دەدات و سینەی توند و تەسک بووەتەوە، لەبەر شەپۆلی ترس و ماندووی زۆر ناتوانێت پڕ بە سینگی خۆی هەوا هەڵمژێت، زمان بە لێوە وشک و شەقبووەکەیدا دەهێنێت، کە وەکو زەویی شەقار شەقار و بیری وشکبووی لێ هاتووە و لەناو دەمیدا هەست بە تنۆکێک تەڕایی ناکات، هێند ماندووە دەستێکی ناوەتە لاقەبرەغەی و بە دەستەکەی تری شمشێرە خوێناوییەکەی گرتووە، ئەو شمشێرەی کە جەنگاوەرێکی ئازای دوژمنی پێ کوشت، ئەو جەنگاوەرەی کە مردن لە چاوەکانی دەترسا و پێی نەدەوێرا، کەچی جەنگاوەرێکی ترسنۆکی بەزۆر هێنراو بۆ شەڕ کۆتایی بە ژیانی هێنا، جەنگاوەرە ئازاکانی شەڕ، کەسی ترسنۆک و دەست لەرزۆک دەیانکوژن. ئەمەیە هەقیقەتی دۆڕانی لەناکاو، ڕەنگیشە شەڕکەرە ترسنۆکەکان لە حەژمەتی گیانی خۆیاندا بەو جەنگاوەرە ئازا و چاونەترس و بە ئەزموونانە هەڵشاخێن.

بەردەوام لە نێوان ڕاکردن و ئاوڕدانەوەدایە. هەست دەکات کەمێک لە شەڕگەکە دوور کەوتووەتەوە، جلەکانی بۆنی خوێنیان لێ دێت، خوێنێکی مەیبیوی ئازاردەر و بۆن ناخۆش، تا زیاتر دوور دەکەوێتەوە ترس و نیگەرانی و ئاشیفتەحاڵی زیاتر دەبێت و وا هەست دەکات لەبری ئەوەی لە شەڕگەکە دوور بکەوێتەوە، بە ئاراستەیەکی پێچەوانە دەڕوات و نزیکتر دەبێتەوە لەو شوێنەی کە مرۆڤەکان هەستی بەزەیی لە ناخیاندا نەماوە، دەنگی ڕەقی ئازارهێنی

بەریەککەوتنی شمشێرەکان لە گوێیدا دەزرنگێنەوە، ئەمە ترس و نیگەرانییەکەی قووڵتر دەکاتەوە.

لە منداڵی ئەو دەمەی یارییان دەکرد، حەزی دەکرد هاوڕێکانی بە جەنگاوەر بانگی بکەن، کەچی وا ئێستا بەڕاستی جەنگاوەرە و لەو ناوە هەڵدێت! کە منداڵ بوو تەختەیەکی داری دەکردە شمشێر و بە دزیی دایکییەوە نووکەکەی بە چەقۆی نێو چەکمەجەی کەوەنتەرەکەیان تیژ دەکرد و توند بە دەستە بچووک و جوان و پاکەکانی دەیگرت و دەیویست وەکو جەنگاوەرێکی ئازا خۆی نیشانی هاوڕێکانی بدات، ڕەنگە خەیاڵێکی ئەسکەندەرییانە لە سەریدا خولابنەوە، کە دنیا داگیر بکات، بەڵام ئەوەتا جەنگاوەرە و لە دەست شەڕ هەڵدێت، چونکە بە زۆر بۆ گۆڕەپانی جەنگ هێنرابوو و نەیدەویست شمشێرێکی ڕەق و مرۆڤێکی تووڕە و قین لە دڵ کۆتایی بە ژیانی بهێنێت، ئەمە مانایەکی هەیە؟! جیاوازیی جەنگاوەری منداڵ و گەورە ئەوەیە، کە هی یەکەم بە ئارەزووی خۆی دەچێتە شەڕەوە و وەکو یارییەکی شادیهێن تەماشای شەڕ دەکات، بەڵام جەنگاوەری گەورە زۆرجار بە زۆر بۆ شەڕ دەبرێت و خۆی هیچ ئارەزوویەکی بۆ ڕۆیشتن نییە و قاچەکانی لەدوای نایەن، ڕەنگە ئەوەی لە منداڵی لای مرۆڤ خەونە و کار بۆ بەدیهاتنی دەکات، کاتێک کە گەورە دەبێت خەیاڵێکی تەواویش نەبێت.

خەونیش هێندەی تر ئازاری جەنگاوەرەکە دەدات (ئەوە ئەگەر پێی بوترێت جەنگاوەر) چەندین جار لە خەونیدا بەشداری لە شەڕ کردووە و چووەتە ناو جەنگەکانەوە، هەر جارە و ئەندامێکی لەدەست داوە و خەون دوای خەون کەرەستەکانی لاشەی کەم بوونەتەوە، تا وای لێ هاتووە بەشی تاقە خەونێکیش ئەندامی نەماوە لە لاشەی جیا بێتەوە. ئێستا خەون بۆ هەقیقەت وەرگەڕاوە، مەرج نییە هەر خەونێک کە مرۆڤ هەیەتی کاتێک کە بێتە دی، خاترجەم و ئاسوودەی بکات.

کەمێک دوور لێرەوە گوێی لە هاواری جەنگاوەرەکانە، کاتێک کە چاویان شمشێرێکی نووک خوێناوی هەڵیدەکۆڵێت و قاچیان دەبڕێتەوە و ڕمێکی نووک تیژیش سەر سنگیان دەپێکێت. تەپوتۆز دەموچاوی هەموو شەڕکەرەکانی شێواندووە، تا کار گەیشتووەتە ئەو حاڵەی کەس کەس ناناسێتەوە، هەموویان لە ترسی گیانی خۆیاندا شمشێر لە هەوا دەدەن، هەر ئەوەندە کاتێک دەزانن بەر لاشەیەک دەکەوێت و گوێیان بە هاواری جەنگاوەرێکی بریندار کاس دەبێت. ئەو جەنگاوەرانە نازانن بۆچی دەجەنگن، پێیان وایە دەجەنگن بۆ ئەوەی بژین، بەڵام ڕاستییەکەی بە پێچەوانەوەیە، دەژین بۆ ئەوەی بجەنگن!

– ئەو حەزە نەگریسەی منداڵیم بوو منی کردە جەنگاوەر، نازانم ئێستا چۆن خۆم لەو ناوە ڕزگار بکەم و جارێکی تر ڕوو لە هیچ شەڕگەیەک نەکەمەوە.

ئەم قسانە لە دڵی خۆیدا دەکات، کاتێک کە لەسەر لمەکە دانیشتووە، ناتوانێت هەنگاو هەڵبێنێت، لای ڕاستییەوە شمشێرە تێکەڵ لە خوێن و خۆڵەکەی لەناو لمەکە چەقاندووە و سێبەرێکی باریک و کاڵ بۆ دەموچاوی دەکات.

لە جەنگدایە لەگەڵ دوژمن، بە ترس و لەرزێکی زۆرەوە لە بەرانبەر جەنگاوەرێکی کەتەی چوارشانە وەستاوە، چاوەکانی سوورێکی تۆخی ناشرین و بیلبیلەکانی هێندە گەورەن مرۆڤ بە بینینیان ئازار دەچێژێت و مردنی بیر دەکەوێتەوە، خاوەنی جەستەیەکی تۆکمەیە، هەموو حاڵەتی گوزارشتی بوونەوەرێکی بێ بەزەیی دەبەخشێت، بە خەتێکی ڕەش لە ملی نووسیوە (ئەی مردن، تاکە شتی کە لە ژیانمدا ڕووبەڕووت دەبمەوە.) ڕەنگە ئەم جەنگاوەرە هەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مردن لە دایک بووبێت و هاتبێتە دنیاوە، ئاه، کە دژوار و سەختە لەگەڵ جەنگاوەرێکدا بجەنگیت، کە لە پێناو مردندا ژیان بکات. شمشێرێکی تیژی بە دەستی ڕاستییەوە گرتووە و دەستەکەی تری قەڵغانێکی ئەستووری پێوەیە، کە هیچ شتێک نایبڕێت. مرۆڤ لە جەنگدا دەیەوێت خۆی خاڵی بکاتەوە لە هەموو هەستەکانی و بیانخەوێنێت، تەنیا هەستی مانەوە بە خەبەر دێنێت ، بۆ ئەوەی بمێنن دەبێت یەکێکی تر لەناو بەرن، ئەوانە بۆیە دەچنە شەڕەوە لەگەڵ دوژمن، چونکە لە بوون و مانەوەی خۆیان دڵنیا نین. ترسێکی قووڵ وەکو شەپۆلی ڕووبارێکی تووڕە دڵی جەنگاوەرە زەندەق چووەکەی داگیر کردووە، نازانێت چۆن خۆی ڕزگار بکات لە دەستی ئەو جەنگاوەرەی، کە هێندە ترسناکە لە شەوێکی تاریکی پڕ لە مردن دەچێت. جەنگاوەرە ڕەشتاڵە و مرۆڤ تۆقێنەرەکە شمشێرێک لە قۆڵی چەپی دەدات و خوێنی جەستەی ئەو جەنگاوەرەی کە ئێستا هەڵهاتووە وەک میزێکی بەهێز بۆ نێو هەردوو چاوی فیشکە دەکات و کوێری دەکات و تاریکی بەری چاوەکانی دەگرێت، ئەمیش فرسەت دێنێت و شمشێرێک لە سکی دەدات و کۆتایی بە ژیانی دەهێنێت، باوەڕ بە

چاوەکانی خۆی ناکات، کە جەستەیەکی بێ گیان لە بەردەمیدا کەوتووە، ئەو جەستەیەی کە مردن سڵی لێ دەکردەوە، کەچی وا شمشێری پیاوێکی ترسنۆک کۆتایی بە ژیانی هێنا. واقی وڕماوە، بە منداڵی کاتێک لەگەڵ هاوڕێکانیدا سیناریۆیەکیان دروست دەکرد، ئەم لە شەڕەکان دەبووە جەنگاوەری سەرکەوتوو، بە شمشێرە تەختەکەی کاتێک جەنگاوەرێکی دەکوشت، ترسێکی زۆر هەناسەی لێ دەبڕی و چاوەکانی دەردەپۆقین و ڕەنگی هەڵدەبزڕکا و هەر زوو پێش تەواوبوونی سیناریۆکە جەنگاوەرە مردووەکەی دەجووڵاند و نەیدەویست بە گاڵتەش مردوویەک ببینێت کە لە بەردەمیدا کەوتووە، وا ئێستا هەر بە ڕاستی شمشێرەکەی جەنگاوەرێکی بێ ڕوح کردووە. ناتوانێت لە شوێنی خۆی ببزوێت، هەر بە دیار جەنگاوەرە مردووەکەوە وەستاوە و شەلاڵی ئارەق بووە، دەیەوێت وەکو منداڵی جەنگاوەرەکە هەڵسێنێت و پێی بڵێت کە پێش ئەوەی سیناریۆکە تەواو بێت هەستە و پێم خۆش نییە بەو جۆرە گاڵتەم لەگەڵدا بکەیت.

ئێستا لە خەوی قووڵدایە، کزەبایەکی سارد لە باکوورەوە دێت و شوێنی برینەکە دەکزێنێتەوە، ئەو برینەی کە شمشێری جەنگاوەرە کوژراوەکە چاڵێکی لەسەر قۆڵی دروست کرد و خوێنە ڕەق هەڵهاتووەکە وێنەی جۆگەلەیەکی لەسەر لاشەی کێشاوە و جلەکانی پیس کردووە. لەبەر ترس و ئازار بە ئاگا دێتەوە و لە خەو ڕادەپەڕێت. تاریکییەکی تۆقێنەر ئەو ناوەی داپۆشیوە، ئەستێرەیەکی کەم بە ئاسمانەوە هەڵواسراون، بەوەدا زانی کە سەرەتای شەوە، مانگیش ڕووناکییەکی زۆر کز و شەرمنی هەیە، کشوماتی و بێ دەنگییەکی ترسناک و پڕ نهێنی ئەو بیابانەی داگیر کردووە، ئێستا دەزانێت کە ماوەیەکی زۆرە خەوی لێ کەوتووە و لە شوێنی شەڕگەکە دوور کەوتووەتەوە، بەڵام هەر هەستی دەکرد کە شەڕ بەردەوامە، ئەمیش تا دێت لێیان نزیکتر دەبێتەوە. شەڕ وەکو هەناسەی مرۆڤ وایە، لێی جیا نابێتەوە و لەگەڵیدایە، تا ئەو ساتەی دەمرێت. ئەو مرۆڤەی دەچێتە شەڕەوە هەرگیز ناتوانێت خۆشەویستی بکات، تەنیا ئەو مرۆڤانە ئامادەن خوێن بڕێژن و بجەنگن، کە نازانن خۆشەویستی ئەزموون بکەن، کە ناتوانن عاشق بن، ئەوە بۆیە زۆربەی جەنگاوەرەکان مرۆڤە دڵڕەق و بێ بەزەییەکانن.


– خوایە گیان! هەرچەندە ڕا دەکەم و دەمەوێت لە شەڕ و دەنگی شمشێر و بۆنی خوێن هەڵبێم، کەچی نزیکتر دەبمەوە، ئەوەتا دەنگ و هاوار لەم نزیکانەیە، ڕەنگە کەمێکی تر بگەنە لای من و منیش ناتوانم بڕۆم و ئازارێکی زۆر لە جەستەمدا هەیە و توانایی هەناسەدانیشم کەم بووەتەوە.

ئەم قسانەی بە دەنگێکی بەرز دەوت، لە کاتێکدا کە ڕووی لە ئاسمان دەکرد، دەنگدانەوەی قسەکانی تەنیا لەناو تاریکییەکی تۆخدا دەبیسترا و کەس گوێی لێ نەدەبوو.

هەواکە لەنێو تاریکییەکەدا بە نادیاری ڕێ دەکات و جەستەی جەنگاوەرەکە فێنک دەکاتەوە، ئەمە وەکو هەتوانێک وایە بۆ ئازارەکەی، ئەو دیمەنە چەندە داخکێشە کە جەنگاوەرێکی ترسنۆک و هەڵهاتوو بە برینداری و بێ ئەوەی کەسێک هەبێت بە هانایەوە بێت، بە تەنیا لە بیابانێکی گەورە و ناکۆتادا کەوتووە، ئەو هەوا خۆشەش نەیدەتوانی نیگەرانی و ترس و دڵەڕاوکێکەی کەم بکاتەوە، چونکە دەنگی لێکدانی شمشێرەکان و بۆنی خوێنی ڕژاوی جەنگاوەکان تێکەڵ بە جەستە و گیانی بووە و وەکو دەستێکی ڕەش چوونەتە هەناویەوە و دەیانەوێت ئەم مرۆڤە لەگەڵ مەرگدا تێکەڵ بکەن.

شەو دێت و تاریکی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، تا شەو درەنگتر و تاریکتر دەبێت جەنگاوەرەکە ترسی زیاتر و زیاتر دەبێت، شەویش هێند دڵڕەق و تاریکە وەکو گۆڕەپانی جەنگ وایە و جەنگاوەر هەموو شتێکی لە بەرچاو ڕەش دەبێت.

بەیانییەکی زۆر خەمناکە، زوو لە جێگاکەی ڕادەپەڕێت. خۆر تازە سەری لە پشتی چیاکەوە دەرهێناوە و تیشکە زەردەکەی لە پەنجەرەی بە پەردە داپۆشراوی ژوورەکە دەدات، ژنەکەشی لە لای ڕاستییەوە لە خەوێکی قووڵدایە و منداڵە یەکساڵانەکەشی لە خوار ئەمانەوە لەناو جێگا بچووکەکەی خۆیدا لەگەڵ جوانی و پاکیدا دەست لە ملانێیە و خەوێکی شیرین خەوتووە، دەزانێت کە ئەوەی بە درێژایی ئەم شەو بینیویەتی هەموو خەون بووە، هەناسەیەکی قووڵی پڕ بە سینەی هەڵدەمژێت، بۆ ئەوەی کە ئەو شتەی بینیویەتی خەون بووە و ڕاستی نەبووە، دەچێتە بەر پەنجەرەکە و تەماشایەکی ئاسمانی شین دەکات.



# چیرۆکا کەسەکی

**مستەفا سەرحەد**
**(ماردین)**

ژ نشکا ڤە دەنگێ تەقەرەقەکێ هات. ب دووڤ رە دەنگێ لهەڤکەتنا رەین و کووزە کووزا سەیان ناڤ لێ قەتاند. سەرێ خوە ژ سەر بالگیفێ راکر، رابوو سەر خوە، خەولیا ناڤبەرا عودێ گرت و خوێدانا ژ جەنیگێن وی خوە د بەر گوهێن وی بەرا کۆرتالێن قرِکا وی ددا، پاڤژکر و خوە درێژی جغارەیا خوە یا ئەردێ کر، جغارەیەک ڤێخست. د تاریێ دە دووخانا جخارێ وەکو مژێ گرتبە ئودەیێ، ل هوندر بەلاڤ دبوو. جەیرانا ئودێ ڤێخست و ل دووخانا جغارێ یا کو ب رۆناهـ شێلّی رە دبوو یەک، نهێری. وەکو خەیالێن وی لەبکیبن، هوندرێ وی زیز بوو، ژ ئاجزیێن خوە جنجی. بێی کو ل تشتەکی برامە ژ رامانێن خوە درەڤیا. بەدەنا سوی ب هشێ وی، هشێ وی ب بەدەنا وی گران دهات. چوو ل سەر روونشتەکا ل بەر ماسەیا خوە یا خەباتێ و روونشت. ل سەر ماسێ؛ چەند پەیالەیێن لێکی، لێنووسکا وی یا نیشەیان، چەند پرتووکێن بەلاڤبوویی و هەلبەستێن وی یێن ل سەر کاغەزێن ئەی 4 رژاندی، دڤێ کێرا داپیرا وی دابوو باڤێ وی. نەیێ ژبیر کرن. هەر کو ل کێرا میراتە دنهێری، کەنەکی بێواتە دکر ل هەلبەستێن خوە نهێری، بلەز چەند هەڤۆک رەش کر و چەندێن دن ب هێرس نڤیسی. خوەشبوونا هەلبەستێن وی، ب وی وەک جوانەکی نووگهشتی کو هەر دەم دخوازە خوەشا خوە ب فەنتەزیێن کو کەس نەگهشتییێ بینە، دهات. ل وێنەیێ ژۆسزەف ئێ ل هەمبەر خوە نهێری، ل ژیانا وی یا شەوبی و هەزکرنێن وی یێن ئێشی رامیا. ل خوە رامیا هەڤپەریا من و ژۆسزەف، بەس، خوەستەکا خەراکرنا دیوارێن "بورژووازیێ یە،" گۆت، د خوە دە. "دیوارێن کو هەر رۆژ سەرێ مە"! نزانم چەند جاران ب فەرمی لێ دکەڤە.

دخوە دە نەدتەبتی. رابوو، بەر ب متباخێ ڤە چوو، ئاڤا کێتل گەرم کر، قەهوەیەک تیر چێکر و ب پەیالەیەک مەزن ڤەگەرِیا جهێ خوە. ب هەر قورتەک قەهوی، قورتەک جغارە ژی دکشاند. ئەنیا خوە ددا ماسێ، چاڤێن. خوە دگرت و

بێدەنگ گوهێن خوە ل دانوستاندنێن بێهنا خوە بەل دکر. ئەز دینم، ئان ئەز ئێ ببم «گۆت".

دیسا رابوو، چوو هێوانێ، پێلاڤێن خوە خست نگێ خوە، دەرییێ مالێ ل سەر پشتێ هشت و دەرکەت. خوە ل رێیا تاخێ گرت، راست مەشیا. تاخ ڤکیڤالا و رۆناهی. ژ دەنگێ سیسرک و ئەوتە ئەوتە سەیان پێ ڤە نە دەنگەک ژی. ژ بەرقووتا سەر رێ ئاڤجەهەک جەمدی کری، گاڤا مێرگ هێن پەرەیێن وی ییێن سەر لێ ڤەدگەڕاند، ب سەر خوە دە داکر. وەکو ئاگر ب هوندرێ وی کەتبە، چەند جارێن دن ژی ئەڤ دوبارەکر. خوە ل شێناهیا بەر رێ ئاڤێت ئەردێ، ل سەر دەڤ درێژ بوو. دەستێ خوە د ناڤا شێناهیێ دەگەڕاند، هەتا های ژ خوە چێبوو، خوە د هەڕیێ دە گەڤزاند، هێن نوو فێهم کر کو ئەرد شلئە. رانەبوو، ل سەر پشتێ زیڤڕی، د هەڕیێ دە لەوتی. پشتی بیستەکی ئاڤجەها کو ب نێڤی کربوو ئاڤێت، چاڤێن. وی گران بوو، د خوە نەدیت کو رابە.

گاڤا چاڤێن خوە ڤەکر، تیرێژێن رۆژێ ب نەرمی روویێ وی مست ددا. کارکەرێ شارەداریێ ب ئەلبکا ئاڤجەها وی ل سەر سەرێ وی سەکنی. هوون ئیشەڤ شەڤەدەر بوون، "گۆت، ب بشرین"

بێ بەرسڤ ل روویێ کارکەر بشری، رابوو. ب خورینی جغارەیەک ڤێخست، چەند قورت ژێ کشاند، هوندرێ وی هەدمی، ئاڤێت. کەت. فرنێ، دو نان کڕی، ساعەت پرسی:

هەفت کێم چاریکەک، "گۆت، نانپێژ"

بەرێ خوە دا مال. گاڤا کەت هەوشێ ل دەرییێ ڤەکری هایی بوو. هات بیرا وی کو گاڤا دەرکەتیە وی ل سەر پشتێ هشتیە. بێواتە کەنیا، کەت هوندر و دەری گرت. بێژنا کێماسیەکێ کر. نانێ دەستێ خوە دانی سەر سێپەیا بەر تێلەڤزیۆنێ. ل توالەتێ فتلی، میزێ زۆر دابوویێ، خوە رەهەت کر. گاڤا دەستێ خوە شوشت د نەینکا دەستشۆکێ دە ل خوە نهێری. ژ ژێر هەیا زۆر د هەڕیێ دەمابوو. ریا خوە یا گوڕ د دەستشۆکێ دە فرکاند، دەستشۆک د گەمارێ دە هشت. کنجێن سەر خوە دەرخست، ئاڤێت سەر شۆکێ. چوو هوندر پیجەمەیەک کشاند خوە و لۆ خوە ئاڤێت سەر رانزایێ. گاڤا چاڤێن وی هێدی هێدی ژ هەڤ دچوون، تێلەفۆنا مالێ لێ دا. د بەر خوە دەدا سخێفان، رانەبوو. بالگیفا بەر سەرێ خوە گەهـ راست گەهـ ژی بەرواری دکر هەتا د خەو رەچوو. دناڤا ئارختەکا خەونێ دە ئاڤژەنی دکر. پۆرێ خوە دکشکشاند، نەنووکێن خوە د جەرمێ سینگا خوە دە دچکاند. مینا ماهرگیسەیان ژ رەنگەکی دکەت رەنگەکی. خوە دژداند و دگوڤاشت سەر هەڤ. د کۆرزیکا دیوێر دە ببوو کولۆر. هەتا سەرێ خوە جارەکێ ب توند ل دیوێر خست، ب خوە هەسیا، ژ رانزێ چەنگ بوو. خویدانێ وەک ئاڤێ خوە د ناڤا جانێ وی دە بەردا. خەولیا ناڤبەرا ئودێ یا ژ ئێڤار دە مایی گرت، د جانێ خوە دا. هەڕیا ژ خوێدانێ نەرم ژیبوو خەولی عەدەم کر. دیسا چوو بەر دەستشۆکێ، د نەینکێ دە ل خوە نهێری، روویێ وی ژ ترسان سپیچۆلکی ببوو، ئاڤ ل روویێ خوە دا، هەڕیا سەر چاڤێن خوە سافی کر. بوو خرخرا زکێ وی، نانێ دانیبوو سەر سێپەیێ هات بیرێ. چوو راهشتێ، بەر ب متباخێ ڤە مەشیا. ژ دۆلابێ ئیسۆتەکە شین دەرخست، ب نانێ دەڤێ خوە چووت. جغارەیەک دەرخست، کرد و قەتا، ڤێخست. چێژ ژێ گرت. تێلەفۆنێ لێ دا وەج لێ قولوپی. ڤەکر! دەنگەکی ژار.


تە های ژ ساعەتێ هەیە، ژ بۆ تو وەرە ڤر دەهـ دەقێن تە هەیە. "تێلەفۆن ل" روویێ وی گرت.

بەجی، وەکو ئەو تێلەفۆنێ ل روویێ ئێ هەمبەر بهنگڤینە، ب توند گرت. بلەز شالێ خوە یێ رەش ئی پرتوو کشاند خوە. ناڤا وی نەهات هەڤ، زکێ خوە ب هوندر ڤە ئەجقاند. نگێ خوە خست پێلاڤا خوە یا کەڤن ئا بەر دەری. دەری مفتە نەکر و بازدا ژ هەوشێ دەرکەت. چاڤێن خوە ل ئوتۆبێسێن ناڤ بازێڕ گەڕاند. خوەدیێ دەنگێ ژار ب ترمبێلێ ل بەر وی راوەستیا، ل پێشیێ سوار بوو. هێرسبوویی ل وی دنهێری یێ دەنگژار. هنارکێن وی ییێن هەرڤتی دیمەنێ پێکەنینێ ددا. بەرچاڤکا خوە راست کر، ترمبێل شخولاند، هەتا هاتن کارسازیێ نە ئاخڤین.

ل سەر ماسەیا دۆسیەیان چاڤێن وی ژ هەڤ دچوون

"راب، هنەک ئاڤ ل روویێ خوە بدە و ب کارێ بەر خوە مژوول ببە" دەستێ خوە ل بن دەستشۆکێ کێلیەکێ سەکناند. جانێ وی ئەفسری، لەرزی. ڤەگەڕیا هوندر، دۆسیەیێن ل سەر ماسەیا کو لێ دخەبتی ئاڤێت. ناڤ چاڤێ یێ دەنگژار

ئەز ژ وە و کارێ ئادز بووم، ب خاترێ وە. "گاڤا دەرکەت دەری هەدیکا» . گرت. یێ دەنگژار ل دوو بازادا لێ... "دیت کو نە خەمە، د پێلکان رە دادکەڤە گۆتنێن وی قڕکا وی" دە مان، نەدۆماند.



# ئەفسانەیەکی دڵداری

**سەباحەددین عەلی**
**لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە**
**(کەرکووک)**

سەردەمانێک وڵاتێک هەبووە لەلایەن ئافرەتێکەوە فەرمانڕەوایی کراوە. خەڵک لێرەدا تا دوا ڕادە لە شاژنەکەیان مەمنوون بوون، چونکە ئەم ئافرەتە لاو و زۆر جوانە، لە بەختیارکردنی مرۆیەلی نیشتیمانەکەی بەولاوە بیری دیکەی نەبووە. لە جیاتی ئەوەی لە سەراکەیدا دانیشێ و چاوەڕوانی ئەو شازادە شەنگ و شۆخانە بکا کە دەیانەوێ ببنە هاوسەری، نە دەڵێ زستانە، نە دەڵێ هاوینە، بە چوار گۆشەی وڵاتەکەدا دەگەڕێ، لە ڕووی هەر کەسێکدا پەژارە و بێزاری لە لای هەر هاووڵاتییەکدا هەست پێ دەکرد، دەبێتە هاوبەشی خەمی، دەبووە دەرمانی دەردەکەی. گەنجینەکەی بۆ ئەوکەسانەی لەبەر ئەوەی کاریان پێ نەدەکرا، تووشی پێویستی بووبوون و دڵی بۆ ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی بێ دەرمان هاتبوون، هەمیشە کراوە بووە. ئەرکی ئەو فەرمانبەرانەی بە هەموو لایەکی وڵاتەکەدا بڵاو بووبوونەوە، لەو شوێنانەدا کە لێی بوون کەسێکی لە ژیان خۆشنوود نەبوو، نەهێڵن. ئەگەر توانایی خۆیان بەسەر ئەمانەدا نەشکێ، بێ ئەوەی کات بە فیڕۆ بدەن، یەکسەر شاژنی ئاگادار دەکردەوە. ئەویش هەمووکارێکی جێ دەهێشت و دەگەیشتە ئەوێ.

لەبەر ئەمە لەو وڵاتەدا مرۆ نەبوو ڕووی بە خەندە نەبێ، بەڵام ڕۆژێکیان ڕێک بەرانبەر سەرای شاژندا دەروێشێکی لاو پەیدا دەبێ. لە بەیانییەوە تا ئێوارە بێ ئەوەی هیچ دەم بکاتەوە لەوێ ڕادەوەستێ. کە تاریک دادەهات دەکشایەوە و دەڕۆیی. لە ڕووە سارد و سڕەکەیدا کە بەڕیشێکی قاوەیی تەنکەوە دەورەدرابوو، سیمایەکی هەست بزوێن و لە چاوە ڕەشە قووڵەکانیدا دیمەنێکی ناخ وروژێنی ئەوتۆ هەبووە، ڕێبوار کە ڕەت دەبوون و بەبەردەمیدا دەیانڕوانی، تەنانەت لە بۆ هەڵدانی پارەی زیوینیش سڵیان دەکردەوە و بەبێ دەنگی هەریەکەیان پارچە زێڕێکیان دادەنا و دەڕۆیشتن.

هەروەک جاران کە شاژن لە یەک لە گەشتەکانی گەڕایەوە، کە لەبەردەمی سەراکەیدا ئەم دەروێشە نامۆیەی بینی، سەیرێکی دەموچاوی کردووە و چاوەکانی بە چاوەکانیدا گیرساوەتەوە، کە چووەتە سەراکەی بە سەرنێوانبینەکەی

گوتووە:

– ئەم پیاوە مەبەستێکی هەیە، بپرسن بزانین چییە!

سەرمیانبین یەکسەر دەچێتە لای دەروێش، لەو شارەدا کە ڕێ بە کەس نەدراوە، تەنانەت بە وشەیەکیش مرۆڤەکانی ئازار بدرێن، بە دەنگێکی خۆشەوە پرسیویەتی:

– دەروێش، وەستانت، ڕوانینت بە خەمە، داخۆ خەمێکت هەیە لە ناختدا شاردبێتەوە؟

دەروێش چاوەکانی بۆ زەوی دادەگرێ و مرەیەک دەکا:

– نەخێر!

زۆرباشە، ئەگەر وابێ بۆچی ڕووت پێناکەنێ، بۆچی بەدرێژایی ڕۆژ لێرەدا وەستاوی؟ دەزانی شاژنمان کە مرۆیەکی خەمبار لە ولاتەکەیدا پەیدا ببێ، ئەویش خەم دایدەگرێ، ناخی ناحەسێتەوە، هەرچییەکت دەوێ بلێ، لە چارەسەری دەگەڕێین!

دەروێش دەڵێ:

– هیچ خەمێک و هیچ داواکارییەکم نییە. شاژنمان با خەمی نەبێ!

سەرنێوانبین دەگەڕێتەوە ناو سەرا و ئەمانە بە خانمەکەی ڕادەگەیەنێ، دواتریش دەڵێ:

– نازانم بەلام گەورەم، دەنگی نەرم و خەمبارە، زەردەخەنەی بەخەم بوو

شاژن گوتوویەتی:

– نابێ، لە هەموو شتێکییەوە دیارە ئەو خەمێکی هەیە. من لە پەنجەرەی سەراکەمەوە دیتم چەند بە پەژارەوە پێدەکەنێ، بەڵکو گەورەیی دەردی ئەو، زمانی دەگرێ، بەلام من نارەحەت کردنی هیچ هاونیشتیمانییەکم ناوێ، لێی گەڕێن با هەر لەوێ بێ، بەلام ئەمشەو دوای کەون و بزانن، نەخۆشێکی هەیە تووشی دەردێکی بێ چارەسەر هاتووە، خۆشەویستێکی هەیە پێ ڕاناگا پارەی بۆ پەیدا بکا؟

دەروێش ئەو ئێوارەیەش ئەو زێڕانەی لەشێوەی کۆمەڵێکدا لە بەردەمیدا کۆبووبووەوە کۆ کردەوە، خۆی بە کۆلانە نوقمی تاریک و ڕوونەکاندا کرد، ڕۆیی، ڕۆیی، کە گەیشتە گەڕەکەکانی دەرەوەی شار، مشت مشت لە توورەکەکەیەوە دەردەهێنا و بەسەر ئەو کەسانەی لەم ناوە دادەنیشتن و باری ژیانیان هەندێک لە هاوشارییەکانی دییان داکەوتووتر بوو، دابەش دەکرد، ئینجا لەوپەڕی شاردا چووە ئەو خانووچکە بچووکە بەردینە و شۆڕباکەی لێ نا، پشتی دایە پاڵ دیوارەوە و وەستا. سەرمیانبین کە لە پەنجەرەی خانووچکەکەوە تا خۆر بوو بە زەردەپەڕ چاودێریی ئەوی کرد، بیری لێ دەکردەوە، خەوتووە یان نەخەوتووە، تێنەدەگەیشت. کە شاژن ئەمانەی بیست، خەم بە یەکجاری دایگرت. ئەو بیرەی دەیگوت لە ولاتمدا مرۆیەک خەمی هەیە و من چارەسەری بۆ نابینمەوە وەک گورگێک هەستی بە کرۆشتنەوەی ناوەوەی دەکرد. لەبەر ئەوەی زۆر لە کەس کردن و بە دەست لە کار و کردەوەی کەس وەردان سەغلەت کردنی لە ڕەوشتدا نەبوو، بۆ وەستانی بەرانبەر سەرای دەروێش دەنگی نەدەکرد، بەلام ڕۆژ بە ڕۆژ بە بینینەوەی زەرد و سیس بوون و بە قوولتردا چوونی چاوەکانی ئەو، خۆشی دەتوایەوە و لاوازتر دەبوو. بە خۆشی ئیدی لە پەنجەرەی سەراکەی دوور نەدەکەوتەوە. لە پشت پەردە برنجۆکەکانەوە بە درێژایی ڕۆژ سەیری دەروێشی دەکرد، دەیگوت: داخۆ ئەو دەردە چییە کە ناخی ئەو دەخوا؟ سەرزەنشتی خۆی دەکرد.

ڕۆژێکیان دیسان کە لە پشت پەردەکانەوە دەیڕوانی، چاوە سیا و قووڵەکانی دەروێش بەرەو پەنجەرە بوونەوە. ئەو شاژنەی هەستی بەو هەناسەساردییە لە کۆتایی نەهاتووەی ناو ئەو چاوانە کرد، وەک بلێی پەیی بەو دەردە بردبێ کە ناخی دەروێش دەسووتێنێ، لەجێی خۆی هەڵسایە سەر پێ و ناردی بە شوێن میانبیندا و پێی گوت: ئەم دەروێشە بهێننە سەراکەم، بە خۆم لێی دەپرسم.

دەروێش کە هاتە پێش شاژن، بە جارێ زەرد هەڵگەڕاوە. چاوی لە زەوییەوە هەڵنەبڕیبوو. کە پێویستییەکانی لێ پرساوە، بە دەنگێکی بیستراو و نەدەبیستراوەوە گوتوویەتی: هیچم نییە و هیچ داواکارییەکم نییە و بێدەنگ بووەتەوە.

بەلام شاژن بەم وەلامە کورتە وازی نەهێناوە، بە نەرمی، بە خۆشی، هەروەک بلێی بپاڕێتەوە، پێی دەڵێ: چۆن دەبێ دەروێش؟ دەردێک ناخی مرۆ نەخوا ڕووی بەم جۆرە زەرد هەڵدەگەڕێ، چاوەکانی وەها بە قوولاییدا دەچێ؟ بەڵکوئەو داواکارییەی ناو دڵت پێ زۆر گەورەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی وادەردەکەوێ هەرگیز دەستی پێ ناگا لە درکاندنی سڵ دەکەیتەوە، بەلام دەزانی کە، من بە بەختیار بینینی مرۆیەلی نیشتیمانم بەولاوە ئارەزووی دیکەم نییە، دەسا بێ سڵ کردنەوە چیت دەوێ بلێ.

ئەوەی دەتەوێ، کە وا دەزانی لە بەدی هاتن نایێ، داخۆ دەوڵەمەندییەکی بێ ئەم سەر و ئەو سەرە؟ داخۆ لەبەر ئەوەی ئەو زێڕانەی هەموو ڕۆژێک لە بەردەمتدا کۆ دەبێتەوە، بە گوێرەی ئارەزووەکانت زۆر بە بچووکی دەزانی، پێت کەمن بۆیە دابەشیان دەکەی؟ ئەگەر وەهایە بڵێ، با نیوەی ئەو گەنجینە لە بن نەهاتووەی خۆمت بدەمێ، نەخێر هەموویت دەدەمێ. دەروێش بێ ئەوەی سەری بەرزبکاتەوە، سەری شۆڕ کردووەتەوە و وەڵام دەداتەوە: نەخێر شاژنەکەم، نەخێر، من خەمێکی وەها، داواخوازییەکی وەهام نییە. شاژن بە سەر رووە ساردەکەیدا دەگەڕێ و بە خەمێکی پەنگ خواردووی ناو چاوە قاوەییە تێرەکەیەوە دەپرسێ: یان ژیانی ناو وڵاتێکت بەلاوە گرانە کە ئافرەتێک فەرمانڕەوایی دەکا، دەتەوێ خۆت دەسەڵاتی دەوڵەت بگریتە دەست؟ ئەگەر وەها بێ، ئەو دەوڵەتەی دەسەڵاتەکەی بە دەستەوە دەگری، دەزانم ئەوەندەی من، بەڵکو لە من بە بەزەییتر، بە زانینەوە بەڕێوەی دەبەی. بڵێ، نیوەی وڵاتەکە، نەخێر، هەمووی با بۆ تۆ بێ!

دەروێش سەری بەرزدەکاتەوە، بەڵام چاوی هەر لە زەویدایە وەڵام دەداتەوە:

– نەخێر، شاژنەکەم، نەخێر، من خەمێکی وەهام، ئارەزوویەکی وەهام نییە.

لێوە ئاڵەکانی شاژن زەرد هەڵدەگەڕێ و بە لەرزەوە لە جێی خۆی هەڵدەستێت و هەنگاوێک ڕێ دەکا و دەڵێ:

باشە، داواکاریت چییە دەروێش؟ لاوی، جوانی، لە چاوانتدا هەورەیلی بە ئاگری هەناسەیەکی نەمەییو دەگەڕێ. پێت نەکراوە هاوسەرێکی شایەنی خۆت ببینییەوە؟ جوانترینی کیژانی وڵات لە سەرای مندان، بڵێ، هەموو کەنیزەکانم لە بەردەمتدا ڕیزدەکەم، خۆشەویستترینیان، نەخێر هەر هەموویان ببە!

لەسەر ئەمە دەروێش چاوەکانی بەرزدەکاتەوە و لە ناو خەمێکی بێ کۆتاییدا سەیری شاژن دەکات، سەیر دەکا، ئینجا دەنگی بە لەرزەوە، دەتوانێ بێژێ:

– نەخێر، شاژنەکەم نەخێر....، بەڵام دەنگی لە گەروویدا گرێ دەدرێ و دەمێنێتەوە.

ئەوجا شاژن، ماوەیەکی دوورودرێژ بە ڕووی دەروێشدا دەڕوانێ، تا دەنۆڕێ کوڵمە سیسەکانی ئاڵ ئاڵ دەبن، لێوە بێ ڕەنگەکانی وەک هەناری لێ دێ، ڕووناکییەک چاوە قاوەییە تێرەکانی پێچاوەتەوە، ڕووی دەروێشیش تا دێ سوور هەڵدەگەڕێ، چاوەکانیشی تا دەسووتێ دەسووتێ، ئەم جارەیان ئافرەتی لاو چاوەکانی بە زەویدا دادەخا، بە نەرمی، بە دەنگێکی لەرزۆکەوە دەڵێ:

– تێگەیشتم دەروێش، لەو دەردەی ناخت دەسووتێنێ، لەو هەناسە ساردەی دڵت دەپێچێتەوە گەیشتم. دەزانم چیت دەوێ. بڵێ، ئەویش هی تۆ دەبێ!.

دەروێش کە ئەمەی بیست، دیسان زەرد هەڵگەڕایەوە، ئینجا سوور سوور بووەوە، چەند جارێک وەک بییەوێ شتێلێک بڵێ لێوەکانی لەرزین، لە کۆتاییدا تەنانەت لە ناخی دڵی قووڵترەوە، ئاخێکی درێژی هەڵکێشا و لەجێی خۆیدا بەربووەوە و کەوت.

ئەو نێوانبینانەی لە دەوروبەرەوە بە غار هاتن دانەوینەوە و سەیریان کرد مردووە. لە ڕووی دەروێشدا، کامەرانییەکی ئەوتۆ دەبینرا، کە لە توانییدا نییە بە زمان دەرببڕێ، تا دەڕوانی وەک تیشکی هەتاو لە ڕووی مرۆڤ بدا وەها بوو.

سەرنێوانبین بە داخەوە سەری داگرت و گوتی: چەند پیاوێکی بەدبەختە!، ڕێک لەو دەمەدا کە خەریک بوو بگاتە ئامانجەکەی مرد!

شاژن کە چاوەکانی لەسەر ڕووی دەروێش لانەدەبرد گوتی: وس!، مرۆی لەو بەختیارتر هەیە؟ بەختیاری ڕاستەقینە، ئەو کەسە نییە بەو شتە دەگا، بە درێژایی تەمەنی هەناسەی ساردی بۆ هەڵدەکێشێ، ئەو کەسەیە کە لەو کاتەدا تێدەگا بەو ئامانجە دەگا، بتوانێ لە ترۆپکی کامەرانیدا بە ئاخ! هەڵکێشانێکەوە بمرێ.


**(١٩٤٦)**

**سەرچاوە:**

**http//www.benimblog.com/ alisahin/ 27917/ SIR% c7Atk% D6% DEK++ SAB-AHATT% DDN+ AL% DD.html.**

# دوای تاوان

ئومێدی شانۆ
(سلێمانی- پیرەمەگروون)



**کەسایەتییەکان :**
**ڕەشە**
**سەروان**
**شەیتان**
**پیاوێکی پیر**
**پۆلیسێک**
**سێبەری ژنێک**

شـــانۆ دوو دەرگـــای لای ڕاست و لای چەپە هەیە، مـــێـــزێک لە بەشی پێـــشـــەوەی لای چەپ هەیە و خـواردنەوەی لە سەرە و تەلەفـۆنێک لە تەنیـشـتـیـەوە لەسەر مێزێکی بچووکترە، ئاوێنەیەک لە بەشی پێشەوەی لای ڕاستە، جێگەیەکی خەوتن لە ناوەڕاستی پشتەوەی شـــانۆ هەیە، بەر لەدەست پێکردنی شـــانۆ و ڕووناک بوونەوەی شـانۆ، بە شێـوەی سێـبـەر لەپشت پەردەیەکی سپییەوە ئەم دیمەنە نیشان دەدرێت:

ئافـرەتێـک وەسـتـاوە و دەترسێت و دەلەرزێت، ڕەشـە دەمانچەی لە بەرانبەری ڕاگرتووە.

**ئافرەت:** ک..ک..ەست دەست نەکەوت من نەبێ؟

**ڕەشە:** وائەزانی هەروا سادەو ساکـار بڕیارم داوە، سێ مـانگ لەمەوبەر هەواڵی مردنـی سەروانمان بۆ هات، واتە دەمـێکە تۆ مـافی شووکـردنەوەت هەیە، منیش زۆر پێش سەروان خۆشم ویستووی.

**ئافرەت:** ڕەشە! من دەساڵی تریش چاوەڕێی هاتنەوەی سەروان ئەکەم.

**ڕەشە:** ئەتەوێ دەسـاڵی تر مـن مـیـراتەکـەی ئەو بۆخـۆم نەبەم و هەروا دانیـــشم، ئەمـە دوایین جـارە، شـــووم پێ ئەکەی، یان نا؟!

**ئافرەت:** وازبێنە، ئەمە مەحاڵە! من ئێستا دوو گیانم.

**ڕەشە:** سەروان ژیان و خۆشییەکان و خۆشەویستی لێ ستـاندم، ناتوانم دوای مردنیـشی چاوەڕێی لوتفی تۆبم، هەرچەند خۆشم ئەوێی، بەڵام ناچارم ئەبێ لەناوت ببەم تا

سبەی شوو بە کەسێکی تر نەکەیت و میراتەکەمانی بۆ ببەی (ڕەشە فیشەکێک دەتەقێنێت و دەنگی هاواری ئافرەتەکە دێت، شانۆ تاریک دەبێت و دوای چەند چرکەیەک بەشی پێشەوەی لای ڕاست نیشان دەدرێت، ڕەشە لە پشت مێزەکەوە دانیشتووە و دەخواتەوەو یاری بە دەمانچەکەی دەستی دەکات).

**ڕەشە:** میرات، خۆشەویستی، هە.، ئەبوو ئەم کارە بکەم، پێنج سەد دۆنم زەوی، بازاڕێک، گەڕەکەماڵێک، هەمووی بوو بە هی خۆم، لە بەرانبەردا تەنیا ژنی براکەمم کوشت و پێشتریش هەندێک لە میراتەکەم دا بە قاچاخچییەکە لەبەرانبەر کوشتنی براکەمدا، میرات بوو بە هی من، مردنی دوو مرۆڤ، کە یەکێکیان لەگەڵما لەیەک گۆشت و خوێن بوو... (پێ دەکەنێت و وڕێنە دەکات و دەڕوات بۆ لای ئاوێنەکە سەیری خۆی دەکات و لەخۆی دەڕوانێت): ئێستا من لەم ئاوێنەوە وێنەی دیوەکەی ترم ئەبینم، پڕم لە ناشیرینی و پیسی، ئەگەر خەڵکیش وا ببینێ نەفرەتم لێ ئەکا، ئەم دەستانە (سەیری دەستی خۆی دەکات و پەنجەکانی قڕژ دەکات) گەورەترین تاوانیان پێ کرا، دواین تاوانی ئەم سەدەیە، کوشتنی بەشێک لەجەستەی خۆم، بۆچی..؟ تف (تفێک لە ئاوێنەکە دەکات) بە نەفرەت بێت مرۆڤی چەپەڵ! پیس (شێتگیر دەبێ و دەڕوات بۆ ناوەڕاستی پێشەوەی شانۆ): ئێمەی مرۆڤ ئەبێ خۆمان بەچی دابنێین!؟ تەنانەت هەوەسی ناو خۆمان پێمان ئەوێرێ، تووشی تاوانمان ئەکات، یەک ئەکوژین، یەک ئەخۆین، ئەگەرچی پێنج ساڵە ئەم تاوانەم ئەنجام داوە، بەڵام هەرگیز ویژدانم نەیهێشتووە پشوو بدەم، بەڵام من چیم بکردایە ئەبوو بمرم لەبرسا و سەروەت و سامانی براکەشم هەمووی بۆ کەسێک ئەبوو کە نەمئەزانی کێیە، (دەڕواتە سەر جێگە خەوتنەکەی و دادەنیشێت): بەڵێ سەروەت و سامان، ئەو سەروەت و سامانەی کە بەرگەی دوو ساڵی نەگرتم و هەموویم بە قومار دۆڕاند، واتە خوێنی براکەمم دۆڕاند، بەڵام براکەشم هێندە باش نەبوو، سەرچاوەی خراپەکارییەکانی من ئەو بوو.

(بێ دەنگییەک): پێویستە بنووم، ئای چەند دەمێکە ویژدانم خەوی ڕاستەقینەی بیر بردوومەتەوە.

(دەچێتە سەر جێگاکەی ڕادەکشێت).

(بێ دەنگییەک، دواتر ژاوە ژاو و دەنگی ڕەشەباو دەنگی سەروان دێت): ڕەشە! ڕزگارم کە، ڕەشە! تۆ لەکوێی؟

(ڕادەپەڕێت و هەڵدەستێتە سەر پێ): نەفرەتی! بۆ ناهێڵی بنووم بۆچی بۆ؟ (هاوار دەکات): فریشتەی خەو! بۆچی باڵەکانت نادەی بەسەر چاوما لەکوێ نوستووی؟

(ڕادەکات بۆ لای مێزەکە و دەمانچەکەی دەردەکات و دەیخاتە ژێرچەناگەی خۆی): دەی فەرموو، گیانێکی تر بکوژە، دەی پاڵەوان..دەی...(هەموو گیانی دەلەرزێت) وتم دەی مەترسەو سێیەم مرۆڤ لەناو ببە دەی (بێ دەنگییەک، دەیەوێت خۆی بکوژێت و ناتوانێت دەچێتەوە سەرجێگاکەی ڕادەکشێت و دەخەوێت) ڕووناکی ئەکوژێتەوە (بێ دەنگییەک).

(سێ جار لە دەرگای لای ڕاست دەدرێت، ڕووناکییەک دەکەوێتە سەر هەمان دەرگا، ڕەشە ڕادەکات بۆلای دەرگاکە و دەیەوێ بیکاتەوە، دەنگی سەروان لەبەشی پێشەوەی لای چەپ دێت): ڕەشە.!

(ڕەشە دەوەستێت و دەتاسێت)

**سەروان:** ڕەشە!

(ڕەشە ئاوڕ دەداتەوە، ڕووناکییەک لە سەروان دەدرێت لە بەشی پێشەوەی لای چەپ جلێکی سپی لەبەردایە).

**ڕەشە:**...نا.....(بەرزتر)..نا....(بەرزتر)....نا..

**سەروان:** بۆچی ئەترسی..؟

**ڕەشە:** درۆیە، بەڵێ...درۆیە..درۆیە (دەیەوێت بڕوات، سەروان دەگاتە لای و یەخەی دەگرێ دەیکێشێت بەزەویدا، لە ناوەڕاستی شانۆدا پەنجەکانی قڕژ دەکات و دەیەوێت قوڕقوڕاگەی بگرێت)

**ڕەشە:** ن... نا.. تکایە.. نەکەی تۆ لەوەهەمێکی ڕەنگ تاڵ ئەچی.. بۆچی هاتووی؟. تۆ مرۆڤ نی.. تۆ ئەهریمەنی، لە بەرگی مرۆڤدا فریشتەئاسا خۆت ئەنوێنی.. بڕۆ دەرەوە.

**سەروان:** نا (دەیەوێت دەست بنێتە بینەقاقای، بەڵام ڕەشە توند دەستی دەگرێت و دەیخات بەزەویداو ململانێ دەکەوێتە نێوانیانەوە).

**سەروان:** براکەم بۆ وا ئەکەی؟

**ڕەشە:** درۆ ئەکەی من برای تۆ نیم، بۆ دەرەوە، بۆ شێتم ئەکەی؟ بڕۆ ئەگینا تەلەفۆن بۆ پۆلیس ئەکەم.

**سەروان:** ڕەشەگیان وامەکە بۆ لێم ئەترسی؟ من و تۆ

براین.

**ڕەشە:** نا.. تۆ، شەیتانێکی لە دۆزەخەوە هاتووی تا بمترسێنی، بەڵێ، ئاگاداری کە من ژنەکەی سەروانم کوشتووە.

**سەروان** (دەشڵەژێت)**:** چۆن.؟ تۆ ئاشتیت کوشت..؟ چۆن وات کرد ڕەشە؟

**ڕەشە:** بەڵێ پاکیەتی لەناخی مندا دەمێکە ون بووە، من ئێستا مرۆڤ نەماوم.

**سەروان:** تۆ.. گاڵتە ئەکەی.. گاڵتە ئەکەی ڕەشە، (پێ دەکەنێ بە شێتگیرییەوە).. گاڵتە دەکەی (پێدەکەنێت) کوا ئاشتیم بۆ بانگ بکە با بێت بۆ لام، شەکەت و ماندووم..دەی، منداڵەکەشی بوو؟ کە ڕۆشتم ئاشتی دوو گیان بوو، ئا بەڵێ منداڵەکەشی کچ بوو، پێم وتبوو ناوی بنێ نیشتیمان.

**ڕەشە:** سەروان..لەکوێ بووی؟ لە چ دۆزەخێک خۆت ون کردبوو؟

**سەروان:** براکەم وەرە با تیر بەسنگمەوە بتگوشم، تامەزرۆی بینینت بووم.

**ڕەشە:** نەخێر ئامادە نیم لەگەڵ جەستەیەکی بۆگەنی مردوو بژیم.

**سەروان:** ڕەشە! کەمێک ئاوم بۆ بهێنە، گەرووم وشکەو هەناسەشم بۆ نادرێ، (لەسەر کورسییەکە دادەنیشێت، لێرەوە نواندن دەگۆڕێت، باسی ڕابردوو دەکەن بەشێوەی نواندن، هەردووکیان دەچنەوە قۆناغی تەمەنی مێردمنداڵی، چونکە ئەمە خەونەو شتێکی ناواقیعییە).

**ڕەشە:** (وەک خزمەتکارێک) بەڵێ جەنابی ئیمپراتۆری گەورەی ماڵ! برای گەورەم کاک سەروان ئەمرێکی ترت نییە؟

**سەروان:** ئا، پێکێک بیرەشم بۆ بهێنە...و...بچۆ.. گۆرەوییەکانم بۆ بشۆ.

**ڕەشە:** (دەیەوێت بڕوات و دەگەڕێتەوە) جەنابی گەورەی ماڵ، بۆ ئێوارە چی حازرکەم؟

**سەروان:** ئێوارە کۆمەڵێ هاوڕێم دێن بۆ ئێرە، بانگهێشتم کردوون، چەند خانمێکی جوانیان لەگەڵدایە دوای خواردنەوە ئەکەوینە ڕابواردن، دواییش بچۆ بۆ بازاڕ هەندێک شت بکڕە.

**ڕەشە:** (پێ دەکەنێت) کاکە سەروان خۆت ئەزانی کە من حەز بەوە ناکەم شەو لەگەڵ ئافرەتاندا بم، جا لەبەردەم تۆی برا گەورەشما شەرم ئەکەم.

**سەروان:** دەبەنگ کێ وتی تۆ وابکە، مەبەستم خۆم و هاوڕێکانمە، نەک بوودەڵەیەکی وەک تۆ، تۆ ئەبێ لە دەرەوە پاسەوان بیت تا سبەی ئێمە لە کەیف و سەفای خۆمان ئەبینەوە.

**ڕەشە:** بەسەرچاو، گەوادی کردن بۆ برای گەورە شانازییەکە لەمێژووی ئەم ماڵەدا ئەنووسرێتەوە.

**سەروان:** دەی بۆ وەستاوی، بیرت چوو تینوومە.

**ڕەشە:** بەڵێ...بەڵێ.. هەر ئێستا (دەیەوێت بڕوات و دەگەڕێتەوە)...ئەڵێم؟

**سەروان:** ها...

**ڕەشە:** فەرمووت: بچم بۆ بازاڕ.. شت بکڕم.. بەڵام کوا پارە.؟

**سەروان:** چەنەبازی دەبەنگ.. ناکا پارەت لانەبێ؟

**ڕەشە:** بڕوابکە کاکە (دەگریا) ماوەیەکە کەس قۆندەرەم لا بۆیاغ ناکا و عەلاگە فرۆشتنیش ڕەواجی نەماوە.

(سەروان هەڵدەستێت و زللەیەکی لێ دەدات و دەیخات بە زەویدا)

**سەروان:** گێلە وتم گرنگ ئەوەیە پارە بکەیتە دەستی برا گەورەکەتەوە، چۆن پەیدای ئەکەی یان نا ئارەزووی خۆتە، لەو کاتەوە دایک و باوکم مردوون من گەورەی ئەم ماڵەم، ئەگەر ئەتەوێ لە میرات بێبەش نەبی، ئەبێ چیم وت جێ بەجێی بکەی.

**ڕەشە:** بەسەرچاو لەخزمەت برای گەورەمدام، ئێستا چی بکەم.؟

**سەروان:** چیم پێ وتی وا بکە.

**ڕەشە:** بەڵێ بەسەرچاو هەر ئێستا.

(هەڵدەستێتە سەر پێ، لەگەڵ سەروان بەدەوری یەکدا دەسوورێنەوە و سەیری یەکتر دەکەن، نواندن دەگۆڕێتەوە بۆ کاتی ئێستایان).

**ڕەشە:** ها ئێستا زانیت تۆ چۆن بوویت لە ڕابردوودا سەروان؟

**سەروان:** تۆ ئەتەوێ چی بڵێی..؟

**ڕەشە:** هیچ... تەنیا ئەوە دەڵێم خۆزگە ئەمزانی غەدرو کوشتن کامیان پێش کامیان بووە؟!

**سەروان** (تووڕە ئەبێت و هاوار دەکات): واز لەم فەلسەفە قۆڕە بێنە کوا ژنەکەم لە کوێیە؟

**ڕەشە** (هاوار دەکات): چییە.. حەزت لە سێکسە...؟ دوای مردنیش هاتوویتەوە سێکس بکەی..؟

**سەروان:** بێ دەنگ بە؟

**ڕەشــە:** لەدوای ئەو هەمــوو زوڵمــەی لێت کــردم بێ دەنگیشم کوشت.

**سەروان:** وتم کوا ئاشتی؟ کوا خێزانەکەم..؟ ئاخر کە من ڕۆیشتم ئەو منداڵی لە سکدابوو، کوا منداڵەکەم؟ تۆ چۆن نەتتوانی شەرەفی براکەت بپارێزی؟

**ڕەشە:**..هە...شەرەف...شەرەف (قاقا پێ دەکەنێ).. شەرەف.. ئەو وشەیە چەند غەریبە لەلام، سەروان! تۆ پێشتر شەرەفی زۆر کەست کرێ، لات سەیر نەبێ ئێستا ژنەکـەت لەمــەلهــایەک لە باوەشی پیــاوێکدا بێت، منداڵەکەشت ڕەنگە کچێکی تەمەن پێنج ساڵ بێت و لە کۆڵانەکان سواڵ بکات، بە دووری مەزانە ئێستا ئەویش وەک خێزانت....

**(سەروان قسەکەی پێ دەبڕێت):** بەسە ئەگینا ئەتکوژم ڕەشە.

**ڕەشە:** بۆ مرۆڤ چەند جار ئەمرێ..؟ تۆ ئەو کاتە منت کوشت کە هەمـوو سەروەت و سامانی باوکمت کردە هی خۆت، دواتریش خۆشەویستترین کەست لێ داگیر کردم، تۆ هەمـوو ژیانمت شێـواند، سەروان (شـێـتگیـرانە هاوار دەکات و دەسووڕێتەوە) بەنەفرەت بیت. بەنەفرەت بیت.

**سەروان (بەشێوازێکی نەرمونیان):** ڕەشە! ببوورە.. خۆشەویستترین کەسی تۆ کێ بوو؟

**ڕەشە:** خۆتی لێ گێل ئەکەی؟ نازانی؟ بۆ درۆ ئەکەی؟ (بەرانبەر یەک دەوەستن)

**سەروان:** بڕوا بکە ئەمـەیان نازانم براکـەم..! پێم بڵێ تکایە پێم بڵێ.

**ڕەشــە:** ئەو کـچـەی چوویتـە لای و بەحـەرامی سکیت پڕکرد، دواتر بووە هاوسەرت.

**سەروان:** ئاشتی..؟

**ڕەشــە** (هاوار دەکــات): بێ دەنگ، با تەواوی کــەم، گەورەترین ئاواتی من بوو، بەنیاز بووم خۆشەویستیمی بۆ باس بکەم، بە عـەشـقـێکی پاکەوە دەمـویست بۆ من بێ، بەڵام کاتێ زانیم بووە ژنی تۆ.

**ســەروان:** تۆ ئەبێ بکوژرێی، حــەرامــتــرین تاوانت کردووە، ئەبێ پارچە پارچە بکرێی.

**ڕەشە:** بە کـام یاسـا.؟ بە کام ئایین..؟ بەکـام قسـەی پڕوپووچ ئەبێ بکوژرێم..؟

**ســەروان:** تۆ تەمــاحت چووە براژنت؟ پێم بڵێ ئێــستــا لەکوێیە؟ (پەلاماری دەدات)

**ڕەشە** (بەگاڵتە جاڕییەوە): لە دیسکۆیە.

**ســەروان** (تووڕە دەبێت): ئەتکوژم (بە زەویدا دەدات) ئاشتی خێزانم لەکوێیە؟

**ڕەشە:** لە مەلهایە.

**سەروان:** ئەتکوژم بەخوا (شێتانە هاوار دەکات و پێیدا دەکێشێت) ئەتکوژم، ئەتکوژم.

**ڕەشە:** مەکە توخوا، باشە پێت ئەڵێم.

**سەروان** (هەڵی دەستێنێتەوە): ها لە کوێیە؟

**ڕەشە:** مرد.

**سەروان:** چۆن؟ توخوا ڕەشە پێم بڵێ ئاشتی لە کوێیە؟ ئاشتی هاوسەر و خۆشەویستم لە کوێیە؟ (لەسەر ئەژنۆ دەکەوێت و شکست دەهێنێت).

**ڕەشە:** (بە گـاڵتـەجـاڕییەوە پێ دەکـەنێت) ئیـمـپـراتۆر سەروان! چییـە؟ چۆن ئەبێ پاڵەوانێکی وەک تۆ شکست بهێنێت!؟ بیرتە ئەو دەمەی لە سەربازی بەیەکەوە بووین تۆ هەمیشە خۆت هەڵئەکێشا و ئەتگوت: من ئیمپراتۆرم و حیـسـاب بۆ کەس نـاکەم، کـاتێک سەرکردەی سەربازی قسەی بۆ ئەکردین «بەپێوە دەوەستێت وەک سەرکردەیەکی سەربازی قسە دەکات».

**ڕەشە:** ئەی سەربازە ئازاکانی وڵاتەکەم، ئێستا وڵات و نیـشـتـیـمـان پێـویستی بە ئازایەتی ئێـوەیە، پێـویسـتـە هەموومان خوێنمان بۆ نیشتیمان ببەخشین، (دێتەوە ناو کەسایەتی خۆی) تۆ نەبووی گاڵتەت بەم شتانە ئەهات؟ تۆ..نابێ وا لاوازبیت، لە پیاوکوژیشا وێنەت کەم بوو، ئێستا چۆن شکست دێنی..؟

**سەروان:** ڕەشە! ئاشتی هاوسەرم لە کوێیە؟

**ڕەشـــە:** تۆ نەبووی هەوا و ئارەزووی ئەوروپا هەڵی گـرتی و ڕۆیشـتـی و ئەوت جێـهـێـشت؟ ئێـسـتـا بـۆ لێی ئـەپرسـی؟ یان هـاتـوویـتـــــەوە بـەدوای ســــــەروەت و سامانەکەت؟..تا زووە لەبەرچاوم ون بە.

**ســەروان:** ڕەشــە! تـۆ هیـچ بەشـێـکت بـەو ســەروەت و سامانەوە نەبوو، چونکە تۆ بە زۆڵی لەدایک بووی، تۆ لە باوکم نەبووی.

**ڕەشە:** بێ دەنگ بە، بۆ خەتای خۆم بوو کە زۆڵ بووم؟ یان ئارەزوویەکی دایکم وای کــرد منیش بەدناوبم؟ تا

زووە لەبەرچاوم برۆ دەرەوە. (سـەروان هەر سـەیری دەکات).

**ڕەشە:** وتم برۆ دەرەوە (سەروان هەر سەیری دەکات) (بێ دەنگییەک): چییە بۆ سەیرم دەکەی؟ (سەروان تەنیا سەیر دەکات): وا سەیرم مەکە برۆ دەرەوە وتم برۆ دەرەوە، سەیرم مەکە لێت ئەترسم (تۆزێک دەڕوات بۆ دواوە و ئاوڕ دەداتەوە) بەس سـەیرم بکە برۆ دەرەوە، (دەچێتەوە بەردەمی) چییە بۆچی سەیرم ئەکەی بۆچی ناچییە دەرەوە؟ دوای مردنیشت ئازارم مەدە، تکایە برۆ (سەروان سەیری دەکات): چییە بووی بە بەرد (دەستی لێ دەدات و پاڵی پێـوە دەنێت): ناجـوولێی (پێ دەکەنێت) هەر زوو زانیم تۆ خەیاڵی، بەڵێ ئێستا تا چاوم ئەگرم و بەری ئەدەم تۆ ون ئەبی، بەڵێ سەرخۆشم (پێ دەکەنێت و چاوی دەگرێت ژمارە دەڵێت): یەک... دوو.. سێ.. چوار... پێنج.. شەش... (چاوی دەکاتەوە و بە هێواشی دەستی لەسەر چاوی لا دەبات و سەیری دەکات): چۆن؟ نەڕۆیشتووی؟ برۆ.. وتم... برۆ... هەی سەگ. (بێ دەنگییەک): نا، پێویستە خۆم فرێت دەم (دەیکاتە سەرشانی و دەڕوات بۆ لای دەرگای ڕاست، لە دەرگای چەپ دەدرێت، ڕەشە ئاوڕ دەداتەوە و لەسەر کورسییەکەی لای ڕاست دایدەنێت و دەچێت بۆ لای دەرگای چەپ و دەچێتە دەرەوەو دوای ماوەیەک دێتەوە بۆ لای سەروان).

(نواندن دەگۆڕێت و ڕەشە بە شێوەیەکی خزمەتکارانە دێتەوە بۆ لای سەروان): کاکە پیاوێک لە دەرەوەیە ئەیەوێ بتبینێ.

(سەروان بە شێوەی کەسێکی بەڕێوەبەر): کێیە..؟ سواڵکەرە؟

**ڕەشە:** نازانم، بێتە ژوورەوە؟

**سەروان:** ئا بانگی کە.

ڕەشە (دەچێتە دەرەوەو لەگەڵ پیاوێکی جلوبەرگ شڕ دێتەوە ژوورەوە، دێن بۆلای سەروان).

**سەروان:** ڕەشە ئەمە کێیە؟ ئەگەر داوای پارە دەکات، من لە دنیای خوادا ڕقم لە سواڵکەرە، دەری بکە.

**پیاو:** کوڕم! باوکتم بۆ نام ناسیتەوە؟

**سەروان:** بۆ درۆ ئەکەی، شەش حەوت ساڵە باوکم لەئاودا خنکاوە.

**ڕەشە:** بە ڕاست تۆ باوکمانی.؟..باوکە! (باوەشی پێدا دەکات).

**سەروان:** وتم بیکە دەرەوە، ئەم پیسی سواڵکەرە باوکمان نییە.. (پیاوە پیرەکە و ڕەشە دەچنە لای ڕاستی شانۆ و سەروان دادەنیشێت و دەخواتەوە)

**ڕەشە:** باوکە ببوورە، بەڵام سەروان وتی باوکمان خنکاوەو تەرمەکەشی نەدۆزراوەتەوە.

**پیاو:** کوڕم درۆ ئەکات، بیرتە شەش ساڵ لەمەوبەر وتی باوکە باچین بۆ سەیران.؟

**ڕەشە:** باشم لە بیرە.

**پیاو:** کوڕم هەر ئەو ڕۆژە دەست و قاچی منی بەستەوەو لە قەراغ ئاوێک جێی هێشتم، تا لەگەڵ شەپۆلی ئاوەکەدا ئاو ببا و بخنکێم، دواتریش جێی هێشتم و یەک دوو کەس ڕزگاریان کردم. کوڕم پێویستە من برۆم.

**ڕەشە:** باوکە! ببوورە، بەڵام خۆت ئەزانی تۆ باوکی من نیت و من بەزۆڵی لەدایک بووم، هیچم لەدەست نایەت بۆت بکەم.

(پیاوە پیرەکە دەڕوات).

ڕەشە دێتەوە بۆ لای سەروان، خۆ بیرتە تۆ چۆن بوویت.؟ بیرتە ئاوا باوکمانت دەرکرد؟ ئێستا نازانم تۆ خەیاڵی، یان خەونی!؟ (بێ دەنگییەک) خۆ تۆش مردبووی، بۆ هاتوویتەوە؟. (بێ دەنگییەک) ببوورە براکەم ئەزانم تۆ غەدری زۆرت لێکردم، بەڵام نە ئەبوو من وابکەم، نە ئەبوو پلان بۆ کوشتن دابنێم، نا نە ئەبوو وابکەم، نەئەبوو. (دەگریا) من ئێستا ویژدانم بووەتە دادوەر و ڕۆژی سەدان جا ڕوحم لە سێدارە ئەدات.

(سەروان دەڕوات بۆ لای دەرگای چەپ و ڕەشە سەیری دەکات).

**ڕەشە:** بۆ کوێ ئەچیت؟ تکایە براکەم جێم مەهێڵە، ئێستا هیوادارم ئەمە خەون نەبێت، هیوادارم قاچاخچییەکە درۆی کردبێ و تۆی نەکوشتبێ (سەروان ئەچێتە بەردەم دەرگای چەپ دەوەستێت، ڕووی لە دەرگاکەیە).

**ڕەشە:** نا کاکە بگەڕێوە دەی، ئاوڕم بۆ بدەرەوە، من و تۆ براین، من لە هەڵەکانت خۆش ئەبم، تۆش ببوورە توخوا ببوورە، سەروەت و سامانەکەتم خوارد هاوسەرەکەتم کوشت. (بێ دەنگییەک) ئاخر من ئەوم خۆش ئەویست، تەوقی ئەم گوناهە لە ملی کێیە؟ تەنیا من باجەکەیم دا (دەچێتە پشت سەروانەوە دەوەستێت، سەروان ئاوڕ دەداتەوە)

**سەروان:** ئەتوانی بەختەوریم بۆ بگێڕیتەوە.؟
**ڕەشە:** بەختەوەری؟ لەکوێ؟
**سەروان:** تۆ بۆچی ویژدانت ئازارت ئەدات؟
**ڕەشە:** نەئەبوایە پلانی کوشتن بۆ تۆ دابنێم، نەئەبوایە هاوسەرەکەت بکوژم، هەرچەند تۆ زۆرت غەدرت لێ کردم.
**سەروان:** ئەوە نییە من ماوم.
**ڕەشە:** بەڵام باوەڕ ناکەم ئەمە ڕاست بێت، چونکە من ئەمشەو زۆرم خواردووەتەوە و سەرخۆشم.. بەڵێ تۆ تارمایی.
(سەروان بەرەو ڕووی ڕەشە دێت و ڕەشە دەکشێتەوە، بە شێوەیەک ترس ڕوخساری دادەگرێت)، بەڵام بیرت نەچێ تۆش هەمـوو ژیانمت کـردە دۆزەخ. (سـەروان لە ناوەڕاستی شانۆ ئەوەستێت و سەیری ڕەشە دەکات و ڕەشە بەشێوەی نواندن باسی ڕابردوو دەکات): بیرتە ڕۆژانی سەرماو باران بەشەق ئەتناردمە دەرەوە بۆ شقارتە فرۆشتن، بۆ بۆیاخچیەتی، بۆ عەلاگە فرۆشتن، ئەبوایە پارەی زۆرت لەسەر شەقامەکان لەبەر سەرما بۆ پەیداکەم. (نواندن دەکات وەک کاتی منداڵی خۆی) خاڵەگیان عەلاگەت ناوێ (بە شێوەی پیاوێکی بەتەمەن نواندن دەکات): نا هەتیو بۆ ئەوندە ئیزعاجی دوورکەوە (وەک منداڵی خۆی نواندن دەکات): کاکە گیان ئەوە قۆنەرەکانتە بۆیاغم کرد.
(بەشێوەی پیاوێک نواندن دەکات): دەستت شکێ ئەوە بۆیاغە کردووتە هەتیو؟
کە ئەهاتمەوەش ئەبوو پارەکە لەدەستی تۆ بکەم و شەوان کچی سۆزانیت ئەهێنا و سەمات لەگەڵ ئەکردن(سەما لەگەڵ براکەی دەکات) منیش ئەبوو لەدەرەوە پاسەوان بم، ببم بەسەگ، منیش حەزم لە پارە بوو، حەزم لە خۆشەویستی بوو، حەزی منداڵی لە گەورەییدا کردمییە تاوانبار، پێت ئەوتم تۆ زۆڵی بەشت بە سەروەت و سامانی باوکمەوە نییە، سەروان! تۆ چیت؟ تۆ مرۆڤی؟ (تووڕە ئەبێت) ئیستاش لەشێوەی ڕوحێکی نەفرەتی هاتوویت و ئازارم ئەدەی، بۆ دەرەوە..بۆ دەرەوە (سەروان یەخەی دەگرێت و دەیخات و دەست لە قوڕقوڕاگەی دەنێت، ڕەشە هەر هاوار ئەکات ڕووناکی ئەکوژێتەوە، بەڵام دەنگی هاواری ڕەشە نابڕێ، دوای چەند چرکەیەک ڕووناکی هەڵدەبێتەوە، ڕەشە لەسەر جێگاکەی ڕاکشاوە و هاوار دەکات تەلەفونەکە لێ دەدات)
(ڕەشە لەسەر جێگاکە بەر دەبێتەوە و خەبەری دەبێتەوە، سەیری ئەم لاو ئەولای خۆی دەکات و دەست بە پێکەنین دەکات).
**ڕەشە:** خەون بوو، بەڵێ خەون بوو...(پێ دەکەنێت) خەون بوو، براکەم مردووە (وچانێک) (دەگریا) من تاوانبارم گەرچی غەدری لێ کردم. (وچانێک) کوشتن، گەورەترین تاوانە. (شێتانە هاوار دەکات و دەچێت بۆ لای مێزەکە و تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێت): ئەلو... بەڵێ.. ماڵی سەروان نییە.. ماڵی ڕەشەیە. تۆ کێی؟ دێیت بۆ ئەوێ؟ دەتەوێ مفاجەئە بێ؟ بەڵێ باش (تەلەفۆنەکە دادەخاتەوە و دەمانچەکە لەژێر مێزەکە دەردەهێنێت و دەچێتەوە سەر جێگا خەوتنەکەی، دەمانچەکە لەژێر چەناگەی دادەنێت): دەی نەفرەتی، گیانی خۆشت لەناوبەرە، دەی خۆت پاککەرەوە لەپیسی، بەڵێ دەبێ خۆم بکوژم (وچانێک) (بیر دەکاتەوە): خەوێکی نەفرەتی بوو، باوکم چی ئەکرد..؟ بۆ هاتبووەوە؟
دەنگێک لە ناوەڕاستی پشتەوەی شانۆ دێت: نەکەی. (کەسایەتییەکی بەرگ ڕەش لە پشتەوە ڕووناکی دەکەوێتە سەر، بەڵام ڕەشە سەیری ناکات).
**ڕەشە:** تۆ کێیت..؟ هەقت چییە بەسەرمەوە.؟
**کەسی ١(شەیتان):** هێشتا کات ماوە بۆ تۆڵە کردنەوە..کێ ئەڵێ براکەت نەماوە.؟
**ڕەشە:** ئەگەر براکەم مابێت من ئامادەم بیکەمە سەر چاوم و داوای لێبوردنی لێ بکەم..
**شەیتان:** نا...ئەو هەموو ژیانی تۆی لەناو برد. ئەشیزانی تۆ ئاشتیت خۆش ئەوێ، بەڵام کردییە ژنی خۆی.
**ڕەشە:** تۆ درۆ ئەکەی، بەچی ئەیسەلمێنیت؟
**شەیتان:** پێویستە خۆت بیری لێ بکەیتەوە، بەڵام ئەگەر ئەو مابێت و بێتەوە دڵنیابە ئەتکوژێ، بۆیە دەبێ تۆ دەستی خۆت پێش بخەیت (ڕەشە ئاوڕ دەداتەوە و شەیتانەکە لەناو تاریکیدا ون دەبێت): بە نەفرەت بیت، (وچانێک) لەوەیە ڕاست بکات، بەڵام نا، ئەبێ کۆتایی بە ژیانم بهێنم، بەڵێ ئەبێ خۆم بکوژم، تا ویژدانم ئاسوودە بکەم.. (دوو سێ جار لە دەرگای لای چەپ دەدرێت، ڕەشە سەیر دەکات و دەچێتە دەرەوە و لەگەڵ پۆلیسێک دێتە ژوورەوە).
**ڕەشە:** فەرموو..

**پۆلیس:** بەڕێز..ماوەی قەرزەکانت بەسەرچووەو پێویستیشە ئەم خانووە بۆ خاوەنەکەی چۆڵ کەیت، ئەمەش تەبلیغە (کاغەزێکی دەداتێ) ماوەی دوو ڕۆژتان ماوە ئەبێ چۆڵی کەن (دەڕوات، ڕەشە دێتەوە جێگای خەوتنەکەی) بەڵێ ئێستا کاتی مردن هاتووە (دەمانچەکە لەژێر چەناگەی دادەنێت و سێ جار لە دەرگای لای ڕاست دەدرێتەوە و نامەیەک فڕێ دەدرێتە ئەم دیوەوە، ڕەشە دەچێت هەڵی دەگرێتەوە و دێتە ناوەڕاستی شانۆ و دەست دەکات بە خوێندنەوەی، نامەکە بە دەنگی سەروان دەخوێنرێتەوە:....

«سڵاو..ڕەشەی برام چۆنی؟ هیوام بەختەوەری تۆیە، ئەزانم لات سەیرە ئەم نامەیە لەسەروانی براتەوە دەگاتە لات، چونکە وات زانیوە مردووم، بەم زووانە دێمەوە بۆ سەردانی گۆڕەکەی ئاشتی. هەموو شتێکم زانیوە، تۆ نە ئەبوو دەستت بچێتە خوێنی براژنت ڕەشە! منیش، ئەگەر لەدەستی قاچاخچیەکە ڕام نەکردایە ئەیکوشتم، بەڵام دیارە هێشتا مەینەتی دنیا ماوە بیچێژم، بۆیە نەکوژرام، چاوەڕێم بە، بە هاتنەوەم گفتوگۆیەک لەنێوانماندا ڕوو دەدات کە دوور نییە بە سەرکێشییەکی شێتانە کۆتایی بێ، ململانێی نێوان دوو برا دەست پێ دەکات، ڕەنگە لوولەی دەمانچەکانمان ڕوو بکەینە یەکدی، ڕەشە!؟ تۆ دەستت دەچێت من بکوژی؟ ئەم وەڵامە جێ دێڵم بۆ ئەو کاتەی دێمەوە..ماڵئاوا... "سەروان"»

(ڕەشە دەم و چاوی تێک دەچێت و دەشڵەژێت): چیم کرد؟ نەئەبوو ئاشتی لەناو ببەم، نەئەبوو نیشتمانی کچی سەروان لەسکی دایکیدا بکوژم. بە لە ناوچوونی ئاشتی نیشتیمانیش مرد. ئای خوایە ببەخشە من بێز لەخۆم دەکەمەوە، من مرۆڤێکی چەپەڵم، ئەبێ لەناوبچم «دەمانچەکە لەژێر چەناگەی دادەنێت و فیشەکێک دەتەقێت دەکەوێت. (بێ دەنگییەک) سەروان دێتە سەر شانۆ و سەیری ناو بینەران دەکات، دەچێتە سەر شانۆ و لەسەر لاشەی ڕەشە ئەوەستێ، بەرانبەر بینەران دەڵێت»: غەدر، کوشتن، کامیان پێش کامیان لەدایکبوون؟ نازانم.! بەڵام ئەگەر یەکێکیان نەبێ، ئەوی تریان هەبوونیشی هیچ نابێ و گرنگ نابێ. (ڕووناکی ئەکوژێتەوە)

**کۆتایی**

**پاییزی ٢٠١٠**



# دارا محەمەد عەلی:
## لە هونەرەکەی خۆمدا سوودم لە کەلوپەلە کەلەپوورییەکان وەرگرتووە.. هونەرەکەشمان لە کاریگەری و کارتێکردن بە دوور نەبووە.

**هەڤپەیڤین:**
**ئازاد عەبدولواحید**

**(١ – ٢)**

دارا محەمەد عەلی وەک شێوەکارێک ناوێکی ناسراوە، ئەو یەکێکە لەو هونەرمەندانەی شاری هەولێر کە لە سەرەتای سالانی حەفتاوە تا ئەمڕۆکە بەبێ پچڕان کاری کردووە و بە قەدەر توانایی خۆی بەخششی هەبووە و لە بزاڤی هونەری شێوەکاری کوردیدا بەشدار و ئامادە بووە.

دارا محەمەد عەلی کە بینیویەتی بۆشایی زۆر لە هونەری شێوەکاری کوردیدا هەیە، هەوڵی داوە بەشێک لەو بۆشاییانە پڕ بکاتەوە، بە تایبەتی لەو کاتەوە کە ڕۆژنامەنووسیی کوردی دەرکەوتووە و بە هەڕمێن کەوتووە و لەگەڵ خۆیدا بایەخی چەند هونەرێکی هێناوەتە پێش وەک کاریکاتێر، مۆتیڤ، دیزاین، هونەری منداڵان، بۆیە ئەویش قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و کەوتووەتە تەقالا تا لەپاڵ هونەرەکەی خۆی کە هونەری تابلۆکێشانە، ئیش لەو هونەرانەشدا بکات.

دارا محەمەد عەلی بێجگە لە کاری خۆی و خۆ تاقیکردنەوەی لە چەند بوارێکی جیاجیادا، بە نووسینیش لە بڵاوکردنەوەی بیروڕایەکانی سەبارەت بەو هونەرە و بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی هونەری لەناو خوێنەران و بینەرانی کورددا هەوڵی خۆی هەبووە و لەو هەوڵانەشیدا بەردەوامە.

ئێمە لە گۆڤاری ڕامان دواندمان و گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆی تێروتەسەلمان لەگەڵ ساز کرد، تا ئەو هونەرمەندە بەسەر بکەینەوە و سەبارەت بە ئەزموونی تایبەتی خۆی و بیروڕای لە بارەی کۆمەڵێک پرس و خواس وەربگرین، با پێکەوە ئەو بیروڕایانە بخوێنینەوە.

**رامان:** پێش هەر شتێک پێویستە ئێمە و خوێنەرانی گۆڤارەکەمان بزانین ئەو ژینگەیەی تێیدا پەروەردە بوویت، یان ئەو دەوروبەرەی لەناویدا ژیاویت، مەبەستم ژیانی خانەوادەیی خۆت لە منداڵیدا چۆن بووە؟ ئایا ئەو ژینگە و دەوروبەرەی تێیدا پەروەردە بوویت بایی ئەوەندە بوو، یان ئەوەندە لەبار بوو مەیلی هونەریت لەلا دروست بکات تا ڕووبکەیتە دنیای هونەر، بە تایبەتیش کارکردن لە بواری هونەری شێوەکاریدا بکەیت؟

**دارا محەمەد عەلی:** زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەو چاوپێکەوتنە... لە ڕاستیدا ئەو ژینگەیەی تێیدا پەروەردە بووم دەتوانم بڵێم تارادەیەک هونەری تێدا هەبوو، ئەگەرچی ئەو هونەرەی ماڵەوەمان هونەرێکی میللی بوو، کە لە دەست و پەنجە جوانەکانی باوکمدا بینیومە.

**رامان:** وابزانم باوکتان خەریکی پیشەی دارتاشی بووە؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ دارتاش بوو، هەر لە گوندی عەوێنەوە دەستی پێکردووە، باوکم لە هەولێریش بە دارتاشییەوە خەریک بوو.

**رامان:** ساڵی چەند بوو هاتنە هەولێر؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەوردی ساڵەکەم بەبیر نایەت، من لە ساڵی پەنجا لە دایک بوومە، بەڵام پێش پەنجایەکان بوو، دوور نییە ماڵی باوکم لە ساڵی ١٩٤٧- ١٩٤٨ هاتبێتنە هەولێر.

**رامان:** واتە ئەوە سەردەمی تۆ نییە کە لە عەوێنەوە هاتوونەتە شاری هەولێر؟

**دارا محەمەد عەلی:** لە عەوێنە بۆ لایەنە هونەرییەکە یەک شتم بەبیر دێ، ئەوەی بەبیرم دێ کە وەک کەرپووچێک (خشتێک) لە بینای هونەریی مندا دوور نییە کاریگەریی خۆی هەبووبێ، لە یادمە، چونکە بیری منداڵی تیژە، بابم بە زێڕ وەرەق نموونەی وەک کەروێشک و هەندێک لەو باڵندە و شتانەی بۆ دەکردم.. من عەوێنەم هەر ئەوەندە بەبیر دێ.

**رامان:** ئەوە مەعنای ئەوەیە تۆ تەمەنت پێش ساڵی ١٩٥٠یە؟

**دارا محەمەد عەلی:** من لە دایک بووی ساڵی ١٩٥٠مە.

**رامان:** ئەی دەڵێی لە پێش ساڵانی پەنجا ماڵمان هاتە



**ئازاد عەبدولواحید – دارا محەمەد عەلی**

هەولێر؟

**دارا محەمەد عەلی:** زۆر غەریبە من ساڵی پەنجا لەوێ لە دایک بوومە.

**رامان:** لە عەوێنە لە دایک بووی؟

**دارا محەمەد عەلی:** لەوێ لە عەوێنە لە دایک بووم.

**رامان:** ئەی ساڵی چەند هاتنە ئێرە؟

**دارا محەمەد عەلی:** بۆ هاتنەوەی شاری هەولێرمان، ساڵی پەنجا لە دایک بوومە و لەوانەیە دوای چەند ساڵێک هاتبینەوە شاری هەولێر.

**رامان:** نازانیت چەند ساڵ دوای ئەوە بووە؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئەوەی هەستم پێ کردبێ مومکینە ١٩٥٢- ١٩٥٣یە، چونکە لە دوو- سێ ساڵیدا منداڵ یادەوەری بەهێزە و لە دوو ساڵییەوە دەست پێ دەکات و ڕووداوەکان دەهێنێتەوە یادی خۆی، لە یادمە کە هاتینەوە هەولێر بابم دوکانێکی دارتاشی لەژێر قەڵاتی هەولێر کردەوە.

**رامان:** سەبارەت بە باوکت ئەو توانایی و بەهرەیەی لە کوێ هێناوە؟ خۆت دەزانی زۆر کەس خەریکی پیشەی دارتاشین، بەڵام هەموویان نازانن نە لە زێڕوەرەق و نە لە هیچ کەرەستەیەکی دی شتێکی وەک کەروێشک، یان وەک باڵندەیەک دەربێنن، باوکت ئەو بەهرەیەی لە کوێ هێنا بوو، چۆن فێری ببوو؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئەوەی من بزانم بابم هەر تەنیا بەهرەیەکی نەبوو، ئەو جیا لە دوو مامەکەی ترم، کەسێکی زیرەک بوو، دەستی دارتاشی و بیناسازیشی هەبوو، کەسێکی زۆر وردەکار بوو، بەردەوام ئەو

وردەکارییەی خۆی بۆ دەگێڕامەوە، جارێک پرسیارم لێکرد و پێم گوت چۆن ئەو پیشانەت هەڵگرتووەتەوە و فێریان بوویت؟ لە وەڵامدا پێی گوتم هەرچی دەیزانم هەمووی بەرهەمی ئەزموون و بیرکردنەوەی خۆمە.

**رامان:** لە سەلیقەی خۆیەوە بووە.

**دارا محەمەد عەلی:** لە سەلیقەی خۆیەوە بووە و دەیگوت دارم دەکڕی و پێشی سندووق و سندووقی وەک باوڵ و کورسی ڕەنگاوڕەنگم دروست دەکرد، ئەوە وای لێکردم دواتر ڕەفکەی ماڵان دروست بکەم و زیاتر بیر بکەمەوە و ئیشەکەم پێش بخەم.

**رامان:** لەناو ئەو ئیشانەی لە پیشەی دارتاشیدا کردوویەتی، دیارە ئەو سندووقی بوراقیشی دروست کردووە؟

**دارا محەمەد عەلی:** پێش ئەو سندووقی بوراقانە، من لە عەوێنە بەبیرم دێتەوە سندووقێکی کردبوو کە سندووقێکی گەورە بوو، لە شێوەی موجەمیدەی ئەمڕۆکە قەپاغێکی هەبوو، دایکم هەموو کەرەستەی چاو شەکر و چی و چی تێدەکرد.

**رامان:** شتی وشکەی تێکراوە..

**دارا محەمەد عەلی:** لەو وردەواڵانەی لەناو دادەناو وەک موجەمیدەک بەکاری دەهێنا، ئەوە یەکێک لە سەلیقەکانی باوکم بوو، هەروەها لە دیواری ژوورەکان دەلاقە هەبوو، ئەو دەلاقەکانی کردبووە چەکمەجە و لەناو دیوار دەرگەی بۆ کردبوون، ئینجا کاتی خۆی خەڵکەکە چەکیشیان هەبوو، بۆیە دەمبینی باوکم چەک و پارە و کەلوپەلی خۆشی لە ناو دادەنان و قفڵ و کلیلیشیان هەبوو، دایدەخستن.

**رامان:** بلێی بەدار قاسەیەکی لەناو دیواردا دروست دەکرد.

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ.. تا زەوقی هەبوو، ئەو دەرگایەی ماڵی باوکم کە خۆی دروستی کردبوو، بە ڕوح تۆتیا کردبووی، کەرستەکە وایان پێ دەگوت، ئەمەش جۆرە کانزایەک بوو، تەنەکەیەکی زۆر غەریب بوو، ئەو دەرگایەی کردبوو، ئینجا دەرگایەکەش ئێستا لەبەر چاومە ڕەنگێکی زەردی لیمۆیی هەبوو، ئەوەیەکیشی لێدابوو ئەوەی پێی لە دەرگا دەدرێت.. ئەوەندە کەسێکی بە زەوق بوو، نازانم چی پێ دەڵێن....

**رامان:** دەی باشە ئەوە تەقولبابی پێ دەڵێن..

**دارا محەمەد عەلی:** ڕاستە.. تەقولبابی پێ دەڵێن، شتێکی زەخرەفیشی بە متومورو کردبوو، ئەمە شتێکی زۆر جوان بوو کە بۆ چاو و نەفەس دایدابوو.

**رامان:** ئەوەش چاووزاری پێ دەڵێن..

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ.. چاووزار.

**رامان:** دەکرێ بلێین هەستت بەرانبەر ڕەنگ (الحس اللوني)، بە تایبەتی ئەو ڕەنگانەی کە لە دەوروبەرت و لەناو سروشتی کوردستاندا هەن، لە باوکتەوە بۆت ماوەتەوە و کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەوت بەسەرەوەیە؟

**دارا محەمەد عەلی:** من باوکم بە قوتابخانەی خۆم دادەنێم، وەک سەرەتا لە باوکمەوە فێری هێڵ و ڕەنگ بووم.

**رامان:** ئەو کاریگەرییە چۆنە بۆمانی باس بکە..

**دارا محەمەد عەلی:** کە دەڵێم هێڵ و ڕەنگ، هێڵەکە زیاتر ئەو هێڵانەی نێو جامی شووشەکان دەگرێتەوە کە لەسەر سندووقەکان دروستمان دەکردن، ڕەنگەکانیش ئەو ڕەنگانە بوون کە لەسەر پانتایی ئەو سندووقانەی کوردەواری دایدەنان، ئەوە کاریگەری ڕەنگەکە بوو، بۆ هێڵکارییەکەش هەر باوکم فێرمی کرد هێڵکاری بکەم، ئەوەم بە مەرەکەبێک دەکرد کە لە بازاڕ دەمان کڕی.

**باوکم بە یەکەم قوتابخانەی خۆم دادەنێم و لەوەوە فێری هێڵ و ڕەنگ دانان بووم**

**رامان:** ئەو مەرەکەبە چییان پێ دەگوت؟ ناوی چی بوو؟

**دارا محەمەد عەلی:** مەرەکەبەکە پێیان دەگوت مەرەکەبی ڕەش کە بەخۆمان دەمانگرتەوە.

**رامان:** ئەو مەرەکەبە چۆن بوو؟

**دارا محەمەد عەلی:** مەرەکەبەکە وەک ساوار وابوو.

**رامان:** نزیک نەبوو لە مەرەکەبی چینی و ئەوانەی ئەمڕۆ؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ لە مەرەکەبی چینی نزیک بوو، وەک بروێش ورد بوو، بە ئاوی گەرم تێکەڵمان دەکرد، بە قەڵەمێک کە ئێمە لەو دواییەدا پێمان دەگوت سلایا و بەو فلچەی سلایایە جامەکانم دەنەخشاند، ئیتر لەسەر ئەو جامانە وێنەی باڵندە، بوراق، کۆتر، تاووسم دەکرد.

**رامان:** ئیدی وردە وردە خۆت ڕاهێنا و لەوەوە فێری

هونەرەکە بوویت؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ وردە وردە لێی ڕاهاتم.. ئەوە وەک هێڵکاری، ئینجا کە هێڵکاریم دەکرد و جامەکانم هەمووی تەواو دەکرد، لەسەر یەکم دادەنان.

**رامان:** باوکت هێڵکارییەکانی تۆی ڕەنگ دەکرد؟

**دارا محەمەد عەلی:** لە قۆناغێکی تردا وای لێهات بەخۆم ڕەنگم دەکردن، بۆیە جامەکانیشی دەدایە دەستم ڕەنگیان بکەم.

**رامان:** سەرەتا خۆی ئەو کارەی دەکرد، پاشان لە پاڵەوە تۆیشی فێر کرد.

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ سەرەتا خۆی ئەو کارەی دەکرد، دوایی خۆم هەوڵم دا بەهرە و توانایی خۆم پێش بخەم، بۆیە لایەنی وێنەکێشانەکەم بەهێزتر کرد و زۆر شتی جوانم دروست دەکرد. بەبیرم دێ لە قۆناغی سەرەتایی بووم، لە پانتایی ئەو جامەدا نەختێ دیمەنی کوردەواریم دەکرد وەک ڕەشماڵی شوان و ئەوانە...

**رامان:** باشە تۆ گوتت یەکەم قوتابخانەی تۆ باوکت بووە.

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ، یەکەم قوتابخانەی من باوکم بووە.

**رامان:** کەسی دیکە نەبوون شتێکی تریان فێر کردبێت تا لە هونەرەکەتاندا بەهێزتر بن؟

**دارا محەمەد عەلی:** وەک باسم کرد بێجگە لە قوتابخانەی باوکم کە منی لە بواری هێڵ و ڕەنگ خستە سەر پێ، لە قۆناغی سەرەتایی مامۆستای بەهرەمەندم تووش نەبوو، ئەگەرچی لە سەرەتاییمدا ڕێکەوتی کەسم نەکرد، بەڵام بە بیرم دێ پاش قۆناغی سەرەتایی هونەرمەند کەریم دیار لەناو هەولێر دوکانێکی هەبوو.

**رامان:** با دواتر باسی ئەو بابەتە بکەین.

**دارا محەمەد عەلی:** باشە فەرموون..

**رامان:** ئەو ڕەنگانەی دەتان کڕین، لە هەولێر لەلای عەتارەکان دەستتان دەکەوتن؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ، ئەو ڕەنگانەی بەکارمان دەهێنان لە هەولێر دەمانکڕین، باوکم ئیشەکانی زۆر جوان بوون، ئەوانەی سندووقی بوراقیان دروست دەکرد لەناو بازاڕی هەولێر حەسوودییان پێی دەبرد.

**رامان:** ئەو دارتاشانە نەدەهاتنە لای باوکت پرسیاری لێ بکەن و نهێنی پیشەکەی لێ وەربگرن؟

**دارا محەمەد عەلی:** نەخێر، لەبەر ئەوەی باوکم کەرستە ئەسڵییەکانی بەکاردەهێنا، ڕەنگەکانی هەموویان ڕەنگی (ئەبو دیک)یان پێ دەگوت هیندی بوون، قوتووی تایبەت بوو، هەرچی ئەوان بوون ڕەنگەکانیان هی ناو بازاڕ بوو کە ڕەنگیان پێ دەگرتەوە، بەو ڕەنگانەی عەتاران دەیان فرۆشتن، کاریان دەکرد.

**رامان:** ئەو ڕەنگانەی عەتارەکان دەیانفرۆشتن و بەنیان پێ ڕەنگ دەکرد؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ.. باوکم فڵچەشی بەکاردەهێنا، وەک چۆن ئێستا من فڵچە بۆ کاری شێوەکاری بەکاردەهێنم، کەچی دارتاشەکانی دی دارێکیان دەهێنا و سەرەکەیان بە پەمۆ (لۆکە)، یان بە پەڕۆ دەبەست و لە باتی فڵچە بەکاریان دەهێنا، واتە ئەو ڕەنگانەی دەمانکڕین هەموویان ئەسڵی بوون، بۆیە سندووقمان هەیە باوکم لە چلەکان دروستی کردووە، یان لە پەنجاکان و شەستەکان دروست کراوە، ئەگەر تەماشای بکەیت وا دەزانی ئێستا ئەو سندووقە دروست کراوە و دەستی لەسەر هەڵگیراوە، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە کەرستە و کەلوپەلەکانی ئەسڵی بوون، هەروەها دارەکانیشی داری باش بوون، باوکم ئەوکات پێی دەگوت داری بەحری، ئێستاکە لەوانەیە داری ئەندەلوسی پێ بڵێن، کە هەمووی لەوحەی درێژ درێژ بوون، دەیکڕی و پارچە پارچەی دەکرد.

**رامان:** ئەو جۆرە دارە لەکوێوە دەهات؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئەوە لەناو بازاڕی هەولێر پەیدا دەبوو.

**رامان:** دیارە ئەوکاتە ئەو دارە باشە هاوردە کراوە؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ هاوردە دەکراو لە هەولێر هەبوو، یەکێک لەوانە کە زۆر هاوڕێی باوکیشم بوو کە لە پیاوە ناسراوەکانی شاری هەولێر بوو ناوی (تەڵعەت نەجار) بوو، ئەوانە مەکینەی داریان هەبوو، باوکم هەمیشە لەگەڵیان پێوەندی هەبوو.

**رامان:** تەنیا بۆ بڕینەوەی دارەکان؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ.. بەخۆم زۆر جاران دارم بۆ پەروازی جامەکان دەبرد، کە ئەویش جۆرە دارێک بوو، سندووقی تۆچا هەبوو، باوکم هەموو جار دەیگوت بڕۆ لە بازاڕ یەک دوو سندووق لەوە بکڕە، ئەو وەختە سندووق بە درهەمێک، درهەم و نیوێک بوو، ئەو سندووقەم

دەکرێ کە دارەکەی زۆر سووکەڵە و ناسک و نەرمونیان بوو، پاشان سندووقەکەم هەڵدەوەشاندەوە و ستێفیسی هەبوو، هیچ بزماریشی تێدا بەکارنەهاتبوو، ئینجا کە هەڵم دەوەشاندەوە باوکم دەیگوت برۆ لای تەڵعەت نەجار و لەوێ بۆ ڕۆخی جامەکان بۆم بکە بە پەرواز، کە ئەمە پەروازیان پێ دەگوت.

**رامان:** لە هەولێر چەند کەسی دیکەی وەک باوکت هەبوون، ئەوها بەزەوق و بەهونەر و سەلیقەوە ئیشی دارتاشییان کردبێ؟

**دارا محەممەد عەلی:** ئەوکاتی کەسانی وەک باوکم بەدەست نەدەکەوتن، ئەوها بە زەوق و سەلیقە بن.

**رامان:** ئەی لە چ ساڵێکدا کەسانی هاوشێوەی باوکت پەیدا بوون؟

**دارا محەممەد عەلی:** دواتر هاوشێوەی باوکم پەیدا بوون.. من لەبیرمە لە هەشتایەکان سندووقێکم دیت وامزانی دەستکردی باوکمە، بەڵام دوایی بۆم دەرکەوت کابرایەک پەیدا ببوو ئەحمەدی ناو بوو، وتیان ئەوە لاسایی باوکتی کردووەتەوە، دیارە ئەویش دەستڕەنگین بوو، بەڵام دەستکردی ئەوانی دیکەی ناو بازاڕی هەولێر وانەبوون، ئەوەی دەستکردی باوکم بوو بەڕادان دەدراو دەبوایە بەڕادان بدرێ. لەبیرمە دەهاتنە لای و پێیان دەگوت سندووقێکی ئەوەندە بستەم دەوێ، یان پانییەکەی ئەوەندە بێ، یان دەمەوێ ئەوهابێ و ئەوهابێ، یان نەخشەکەی لەسەر سۆری بۆم بنەخشێنە، یان لەسەر کەسکی بینەخشێنە، پاشان مەوعیدی بۆیان دادەنا و پێیانی دەگوت برۆن مانگێکی دیکە وەرنەوە، بیست ڕۆژی دیکە وەرنەوە.

**رامان:** دیارە پێشوازی کردنی خەڵک بۆ ئەو ئیشانەی باوکت زۆر بووە؟

**دارا محەممەد عەلی:** زۆر زۆر بوو، لە دەشتی دزەییاتی و خۆشناوەتی، تەنانەت لە باشووری عیراقیشەوە دەهاتن سندووقیان لێ دەکڕی. بەڕاستی بازاڕی باوکم زۆر بە هەرمێن بوو، چونکە بەرهەم و دەستکردەکەی زۆر پتەو و ڕێکوپێک بوو.

**رامان:** لێرەوە دەکرێ ئیشی سندووقی بوراق و کاری هونەری سەر ئەو سندووقانە، یان ئەو سەلیقەی ڕەنگ و هێڵکارییەی تێیدایە، بە سەرەتایەک بۆ هونەری شێوەکاری کوردی دابنێین، یان مێژووی لەوە کۆنترمان هەیە؟

**دارا محەممەد عەلی:** پرسیارەکەت ئاو زۆر دەکێشێ.

**رامان:** بە چڕوپڕی لەم بارەوە بدوێ، چونکە ئێمەش هەقی خۆمانە وەک میللەتێک بەدوای سەرەتایەکانی مێژووی هونەری شێوەکاری خۆماندا بگەڕێین، هونەری شێوەکاری بەپێی ئەو ستایلەی کە لە (دانیال عوزێر قەساب) و (جەواد ڕەسووڵ ناجی) و کێ و کێوە کاری لەسەر کراوە، ئەوانە لاسایی هونەری ڕۆژئاوایان کردووەتەوە، بەڵام ئێمە دەمانەوێ بەدوای قووڵاییەکی مێژووییدا بگەڕێین و سەرەتای مێژووی ئەو هونەرە لەلای خۆمان دەستنیشان بکەین.

**دارا محەممەد عەلی:** ئەو بوراقە لەمێژە هەیە، بە تەنیا هەر لە ناو وێنە و نیگاری کوردەواریدا نییە، بگرە ئەو بوراقە شتێکی ڕوحییە، ئەوەی من بیزانم بە کوردی پێی دەڵێن دوڵ دوڵ.

**رامان:** بەڵێ دوڵ دوڵی پێ دەڵێن.

**دارا محەممەد عەلی:** ئەو دوڵ دوڵە کە باس دەکرێ ئەسپێک بووە، سەرەکەی ئافرەت بووە و گیانەکەی ئەسپ بووە، ئەوە لە میعراجدا بەکارهاتووە کە پێغەمبەر (د.خ) میعراجی پێ کردووە، لەوەوە دەڵێم ئەو بوراقە، ئەو دوڵ دوڵە هەر ئێمە بەکارمان نەهێناوە، چونکە لە هونەری



فـارسی، تورکی، عـەرەبیـشـدا هەیە، ئێـمـەش بەکـارمـان هێناوە.

**رامان:** کەواتە زیاتر لەلای گەل و نەتەوە موسڵمانەکان بەکارهاتووە؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ..

**رامـان:** ئەی تۆ پێت وایە پێش کـاری دوڵ دوڵ و ئەو هونەرە سەرەتاییانە، ئێمە وەک وڵاتێکی کشتوکاڵی کە زۆر چەشنە دارمـان هەبووە، داری ئەسـپـیندار و گـوێز و کـــەوت و هی دی، ئەو جـــۆرە دارانە لەبەر ئەوەی وەک کەرەسـتە لەلامان زۆر بـوون، خەڵکی ئێـمە زۆرتر ڕووی تێکردووە و زۆربەی کەلوپەلی ناوماڵ و ڕۆژانەی خۆی لە دار دروست کــــردووە، هەر لە کـــەوچک و تەشــــپی و لەنگەرییــــەوە تا هەمـــوو ئەو کــەلوپەلانەی کــە لە دار دروست دەکرێن، بە تایبـەتیش ئەو پیـشـەیە لە دەڤـەری هەورامـاندا زۆر باووبرەوی هەبووە، بۆیە ئەو دارتـاشـانەی تێـدا هەڵکەوتووە کە زەوقێکی هونەرییـان هەبوویێت و وەک باوکی تۆ نەخشونیگاریـان لەسەر ئەو تەختـەدارانە دروست کردبێ، دەکرێ ئەوەش بە سەرەتایەک بۆ هونەری شێوەکاری دابنێین؟

**دارا محەمـەد عەلی:** بەڵێ ئەمە بە هونەرێکی نەفعی دەژمـێـردرێ، کـە دەچێـتـە قـاڵبی ئەو جـۆرە هونەرەوە، چونکە مـــرۆڤ ســـوودی لەو هونەرە وەرگـــرتووە و بـۆ پێویستییەکانی ژیانی خۆی بەکاریانی هێناون، بێجگە لەوە ئێـمە خەنجەریشـمان هەیە لەسەر دەسکی خەنجەر و کاڵانی خەنجەریش چەندین جۆرە نەخش کراوە.

**رامان:** هەروەها نەخشونیگاری سەر کلوکلدان.

**دارا محەمەد عەلی:** ڕاستە کلوکلدان، کەوچکی دۆ و کـەوچکی دیکەی دار بە دەیان زەخرەفـە و نەخشـونیـگار ڕازاونەتەوە.

**رامـان:** کـەواتە ئەو نەخشـونیـگارانە بەڵگەی بەرزیی زەوقی ئینسـانی کـوردە کە حـەزی کردووە کـەلوپەلەکـانی بەکـاریان دەهێنێ سـادە نەبن، بۆیە هەمـیـشـە بیـری لەوە کـــردووەتەوە ئەو کــەلوپەلانەی دروســـتـیــــان دەکـــات نەخشونیگارێکیان لەسەر هەبێ، جووڵەیەکیان تێدابێ.. لە بـواری دیکەشـدا بـۆ نموونە لە بواری مـزگـەوتدا خـۆ لەوێش بەدەست نەخـشـــونیـگاری جـــوان دەبیـنین کــە وردەکـاری هونەریی زۆری تێـدایە کـە بە دەست دروست کـراون و وەک ئەوانەی لەمرۆکـەدا دەیانبـیـنین بە قـاڵب دەرنەهاتوون، ئایا ئەو پیـشـەیەش وەک دارتاشی سـوودی بەو هونەرە نەگەیاندووە؟

**دارا محەمەد عەلی:** سوود لەو پیشەیەش وەرگیـراوە، بەڵام مـن دەگـەڕێمـەوە سـەر قـسـەکـانی پێشـــووم و هەر هەمـان ئەو نەخشـونیگارانە لەسـەر زۆر کەلوپەلی دیکەی نـاو مــاڵانـدا هەبـوون، زەوق و ســەلـیــقــەی ئـافــرەتـی کــوردەواری ئێــمــە وابـووە پارچە خـامــێکیـان دەهێنـاو دەیانکردە بەرگـە سـەرین و دۆشـەک، پاشـان نەخشـیـان لەسـەر دەکـرد، ئەو زەوقـەش لەناو ئـافـرەتی کـوردەواری هەبووە.

**رامـان:** لەبیـرمـە ڕادیـۆی جـاران کـە کـەم مـاڵ هەبوون ڕادیۆیان هەبێ، دیسـان ئافرەتەکان دەهاتن تورەکەیەکیـان بۆ دەکرد و نەخشونیگاریان لەسەری دەنەخشاند.

**دارا مـحـەمـەد عـەلی:** هەروەها مـەلاکـدانیـان دروست دەکرد، من لەناو کۆنە گوندەکـان دەمبینی مەلاکدانیان بە نەخشـونیگار دروست دەکرد کـە گیـرفـانۆکـەیان هەبوو، (کەوچک) مەلاکیان لەناو دادەنا.

**رامـان:** ئەی ئەگـەر بێـینە سـەر خـورجی، بەڕە، جـاجم لەکـاری جـۆلاییـدا، ئەوانەش نەخـشـونیـگاریـان لەسـەر دەکرا.

**دارا مـحـەمـەد عـەلی:** بێ گـومـان ئەوانەش هەمـوویان بەڕەو جـاجم و مـافــوور، دەتوانین ئەوانە هەمــوویـان بە سەرەتایەک بۆ هونەری کوردەواری دابنێین و ئێستاش ئەو ســـەرەتایە کـــاریگـەریی خـــۆی لەســـەر دڵ و دەروونی هونەرمەندە بە ئەزموونەکانیش داناوە.. من یەک لەوانەم گـەلێ جـار گـەڕاومـەتەوە سـەر ئەو کـەلوپەلە کـۆنانە بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەربگرم، تا وەک مێژوو و وەک خۆی کە هەیە بیهێنم و لە هونەرەکەی خۆمدا بەکاری بهێنم.

**رامان:** پێت وانییە ئەو کارە سەرەتایی و خۆڕسکانە، کـاریگەری هونەری گـەلانی دیکەی بەسـەرەوە بووبێ؟ کاری دەستیی بەڕەو جاجم و پۆپەشمین و لاکێش و.. ئەو نەخشونیگارانەی لە کاری مزگەوت و لەسەر تەختەدار و ئەوانەدا هەڵکەندراون، خـۆمـاڵی بوون، یان لە کـوێوە سەرچاوەیان گرتووە؟

**دارا مـحـەمـەد عـەلی:** نەک هونەرەکـەمـان، ئێـمـە ئەدەبەکـەشـمـان بەبێ کـاریگەری و کـارتێکردن دروست نەبووە. ئێـمـە هونەرێکمـان هەیە، ئەو هونەرە دوور نییـە هەمـــان ئەو شـــێـــوە ژیانە هونەرییــە، لەنـاو هونەری

فارسیشدا، یان لەناو هونەری عەرەبی و تورکیشدا هەبێ. ئێمە و گەلانی دەرودراوسێ کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆمان لەسەر یەکتری هەیە، دوور نییە هونەری ئێمەش کاریگەریی لەسەر هاوسێکانی خۆمان هەبووبێ.

**ڕامان:** بەهۆی کاری بازرگانی و کاروانی بازرگانانەوە کە هاتوون بۆ ئێرە، یان بەهۆی داگیرکاری و شەڕوشۆڕەوە، ئەو کاریگەرییانە دروست دەبن.

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ ڕاستە لەو مەسەلەیەدا هۆکاری جیاجیا هەن کاریگەری و کارتێکردنیان هەیە و دەوری خۆیان دەگێڕن.

**ڕامان:** لەبیرمە لە هەشتایەکان هونەرمەندی شانۆکار (عومەر عەلی ئەمین) هەرچەندە خۆی هونەرمەندێکی بواری شانۆیە، بەڵام دەستی لە هونەری شێوەکاریشدا هەبوو، کتێبێکی لە بارەی نەخشونیگاری کوردەواری نیشاندام، لەکاتی ئامادەکردنی ئەو کتێبەیدا هێڵکاری و نەخشونیگاری ئەو جاجم و بەڕەو پۆپەشمین و کەلوپەلانەی کێشابوو، کە هەموو هێڵکارییەکان و نەخشەکانی بە تێروتەسەلی شرۆڤە کردبوو، ئەم کتێبەی پێشکەشی ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان کرد، بەڵام ئەو دەستنووسە لەوێ فەوتا، لەبەر ئەوەی بەبەر تالان کەوت، ئەوە یەکێک بوو لەو کتێبە گرنگانەی کە لەو بارەیەوە نووسرابوون.

**دووور نییە هونەری ئێمەش کاریگەریی لەسەر هونەری هاوسێکانی خۆمان هەبووبێ**

**دارا محەمەد عەلی:** هەر لەسەر ئەو قسەیەی ئێوە، نەخشونیگاری کوردی زۆر جیاوازترە لە نەخشونیگاری دراوسێکانمان. کەناڵێکی هونەری هەیە وابزانم ئیتاڵییە، ڕۆژێکیان تەماشام دەکرد باسی مافووری کرد، بە تایبەتی باسی مافووری کاشانی ئێرانی، هەروەها باسی مافووری تورکی دەکرد، یەکێک لەوانە باسی مافووری کوردی کرد کە بەنەخشونیگارەکەی دەناسرێتەوە.

**ڕامان:** بەپێی شارەزایی خۆت تایبەتمەندییەکانی بەڕەو مافووری کوردی چییە؟ ئەو نەخشونیگارانەی لەسەر کاری چنینی کوردی دروست کراون چین؟

**دارا محەمەد عەلی:** تایبەتمەندی ژینگە زۆر کاریگەری هەبووە، هەروەها کارەکانی ڕەنگدانەوەی دەروونی ئینسانی کوردن، کورد بە تایبەتی ئافرەت کورد زیاتر لە بەڕەو مافوور ئیشی کردووە، ئافرەتی کورد چێژێکی بەرزی هەبووە و ئەو ڕەنگە ئاڵووالایانەی کوردستان وای کردووە بەڕەو مافوورەکانمان، ڕەنگەکانی زەق بن.

**ڕامان:** ڕەنگەکانی ڕەنگی گەرمن، پێی دەڵێن ڕەنگی گەرم.

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ زۆر زەقن ڕەنگی گەرمن، ڕەنگی ساردی کەمە.

**ڕامان:** بە زاراوەی نووسینی ڕەخنەیی پێیان دەڵێن ڕەنگی کەلەپووری.

**دارا محەمەد عەلی:** ئیتر ژینگەش کاریگەریی خۆی لەو مەسەلەیەدا گێڕاوە.

**ڕامان:** شتێکی گرنگی دی هەیە، بێجگە لەوانەی باسمان کردن، نەخشونیگاری سەر کڵاویش زۆر گرنگ بووە، بە خۆم ماوەیەک لە مۆزەخانەی ئینتۆگرافی سلێمانی ئیشم کردووە، نزیکەی چل پەنجا جۆرە کڵاومان دانابوو کە هەر یەکەیان پڕ بوون لە یەکەی ڕەنگی هەمەچەشن و هەریەکەیان هێڵکاری و نەخشونیگاری جیاوازی خۆی هەبوو، ئەمە شتێکی جێی سەرنج بوو، کە زۆر دەستڕەنگینی و کارامەیی پێوە دیار بوو.

**دارا محەمەد عەلی:** کڵاوی کوردەواری بەهای لە هەموویان زیاترە، ئەو کڵاوە کە ڕەنگەکەی ڕەنگێکی مەیلەو مۆرە، قوماشەکەی...

**ڕامان:** چیتی مۆرە...؟

**دارا محەمەد عەلی:** چیتە، هەورییە نازانم؟ چونکە وەک ئەو ڕەنگەیە کە لەلای خۆشمان لە هەولێر ئەوە باوە کە نەخشونیگاری لەسەر دەکرێ و بە چەندین جۆرە دەزوو و داو نەخشی جوانی لەسەر دروست دەکرێ، ئەو جۆرەیان زۆر بەنرخە، وەک تۆش باست کرد زۆر جۆرمان هەیە.

**ڕامان:** پوزەوانەی بە نەخشونیگاریشمان هەیە.

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ گۆرەویشمان هەیە، ئەوانە هەمووی دەستکردی خۆمانن کە زۆر جوانن، بەلەک پێچمان هەیە، ئەوانە لە کوردەواری نەخشیان لەسەر کراوە و ئەگەر بە ڕەنگیش نەخشیان نەکردبێ، ئەوە هەر لە چنینی خۆی، چەندین جۆر نەخشونیگار و شتی جوانیان کردووە و بەسەریانەوە دەردەکەون، ئافرەتی کورد

زۆر زەوق و سەلیقە و وردەکاری هەبووە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەروان، بەڵام دەبێ بۆ خۆمان وەک کورد ئەو شتانە بە هەند وەربگرین و بەهای پێ بدەین و قیمەتیان بزانین.

**رامان:** تەنانەت لە دروستکردنی پێڵاویشدا گوڵینگەیان بۆکردووە و لە پانی بەرز بە تایبەتی کە زۆر نەخشونیگاری جوانیان بۆکردووە.

**دارا محەمەد عەلی:** پێشتر پێڵاوی کورد کە لە چەرم، یان لاستیک بووە، ئەوانە بەڕای من بەشێکن و دەچنە قاڵبی هونەری میللی کۆنەوە، کە ئەو هونەرە میللییەش دەبێ بۆ ئێستای هونەری خۆمان بڕەخسێنین و سوودی لێوەربگرین.

**رامان:** ئێستا نامانەوێ بچینە سەر ئەوە، ئەو باسەم سەبارەت بە ڕەنگی کەلەپووری و هونەری نەخشونیگار دامەزراند، چونکە پێوەندی بە تۆوە هەیە و دواتر دێمەوە سەری، جارێ سەرەتا بەشێوەیەکی گشتی دەچینە ناو قۆناغەکانی ژیانتەوە...

**دارا محەمەد عەلی:** لە کوردەواری خۆمان خامیشمان هەبوو، پێش ئەوەی ئەو قوماش و ڕەنگە ئاڵوواڵایەمان هەبێ، ئەوسا خەڵک هەژار بوون و دەهاتن ئەو خامە سپییەیان ڕەنگ دەکرد، خومچییەکانیان ڕادەسپارد بە چەندین جۆرە ڕەنگ ڕەنگیان دەکرد.

**رامان:** ئێستا دێینە سەر قۆناغەکانی خوێندنت کە سەرەتا دەستت بە خوێندن کردووە، بێ گومان لە هەولێرەوە دەستت پێ کردووە، چونکە وەک باست کرد هەر زوو عەوێنەتان بەجێ هێشتووە، لە قۆناغەکانی خوێندنتدا، بە تایبەتی خوێندنی سەرەتایی کە ئەو کاریگەرییانە زۆرتر لە یادەوەری ئینساندا دەمێنێتەوە، تۆ ڕێکەوتی چ مامۆستایەکی هونەرمەند و بە سەلیقەی وات کردووە کە هونەری شێوەکاری خۆشویستبێ و بۆ هونەری وێنەکێشان هانی تۆی دابێ؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئێستا دێتەوە یادم، وابزانم لە قۆناغی سەرەتایی بووم هەر یەک دوو دەرسم دێتەوە یاد، مامۆستایەک چەند بازنەیەکی دروست دەکرد و وەک گلۆڵەبەن، زۆر بە بوێرییەوە ڕەنگی دادەنا، پێم وایە ئەو مامۆستایە مامۆستا (جەواد ڕەسووڵ ناجی) بوو.

**رامان:** دڵنیایت ئەو کەسە مامۆستا (جەواد ڕەسووڵ ناجی) بوویێت؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئەوە وەک سەرەتا وا دێتەوە یادم.

**رامان:** ئەوکاتە لە چ قوتابخانەیەک بوویت؟

**دارا محەمەد عەلی:** لە قوتابخانەی ئازادی سەرەتایی بووم.

**رامان:** ئەوە ساڵی چەند بوو؟

**دارا محەمەد عەلی:** من لە شەستەکان چوومە بەر خوێندنی سەرەتایی.

**رامان:** ئەوکاتە تەمەنت چەند ساڵ بوو؟

**دارا محەمەد عەلی:** من تۆزێ درەنگ چوومە قوتابخانەوە، تەمەنم حەوت ساڵ بوو کە خرامە بەر خوێندن. ساڵێک بەسەر تەمەنمدا تێپەڕیبوو ئینجا چووم، قوتابخانەیەک لەناو گەڕەکی ئازادی هەبوو، قوتابخانەیەکی تێکەڵاو بوو، کچ و کوڕ بووین، بەڵام دواتر لەوێ هاتینە دەرەوە و قوتابخانەیەکی دیکەمان بۆ کرایەوە. دووەمین مامۆستا کە لە قوتابخانەدا کاریگەریی لەسەر من هەبووبێ مامۆستا (جەلیل مستەفا) بوو، کە ئەویش تارادەیەک سوودم لێ وەرگرتووە. لەوە زیاتر مامۆستایەکانی دی لە ئاستی ئەو دوانەدا نەبوون، ئەو دوو مامۆستایە کاریگەری خۆیان لەسەرم هەبووە، دەمێنێتەوە مامۆستا (مووسا عەبدولنەبی) کە ئێستا لە ژیاندا ماوە، یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئازادی



بوو، ئەو زۆر هانی دەدام. دەوری ئەو مامۆستایە چ بوو؟ ڕۆژێک بە منی گـــوت دەزانی بە ڕەنگی ڕۆنی ئیش بکەیت؟ وتم نەخێر مامۆستا ئیشم نەکردووە و نایزانم. خۆشی ڕەسمی نەدەزانی، ئەوەندەم لە یادە گـوتی وەرە پارەت دەدەمێ بڕۆ لە بازاڕ ڕەنگی ڕۆنی بکڕە، چوومـە بازاڕ ڕەنگی زەیتـیم هێنا، گـوتی کـوڕم کـارێکی زۆر ئاسانە، کارتۆن بوو، قوماش بوو هێنای، نایەتەوە یادم، گوتی ئەوە بە نەوت دەگیرێتەوە و شل دەکرێتەوە، ئیتر فلـچەی پێدا بێنە و دەتوانی ڕەسم بکەیت. لێرەدا ئەو ئەزمـوونە جـورئەتی دایە من و لە مـامـۆسـتـا مـووسـا عـەبدولنەبی-یەوە فـێری بووم، پاشـان گـوتی ئیـدی من دەمـــەوێ لەمـــەولا ڕەســـمی جـــوانمان بۆ بکەیت.. لەو تابلۆیانەی کە بە زەیتی کردوومە و ئێستاش لە یادمە، بەڵام نازانم کـــەوتە کـــوێ، دەتوانم بڵـــێم لە تابلۆ سەرەتاییـەکانی فێربوونی بەکارهێنانی زەیتیم بوو، کە وێنەی (کچی کافرۆش)م لاسایی کردبووەوە، شەو بوو چرایەکم داگیرساندبوو، لەبەر ئەوەی ڕووناکی چرایەکە زەرد بوو، بۆیە بۆ بەیانییەکەی تەماشام کرد ڕەنگەکانیش زۆربەیان زەرد دەرچووبوون، ئیتر کە بردمە قوتابخانە زۆر هانیـاندام، مامـۆستاکـەم پیشـانی قوتابییـانی دا، دوای ئەوە چەندین دیمەن و شـتی کـوردەواری ناو جـامـەکـانی سندووقی بوراق کە دروستمان دەکردن، دەمهێنانەوە سەر تابلۆ و وەک تابلۆ مامەڵەم لەگەڵدا دەکردن، ئەوە شوانە، دیمەنە، تەیروتواڵە ئەو شتانەم دەکردە تابلۆ.

**ڕامـــان:** ئەو ســـەرەتا هونەرییـــانەت مـــاون؟ ئەو تابلۆیانەت پاراستووە؟

**دارا مـحـەمـەد عـەلی:** تەنیـا یەک تابلۆم مـاوە کـە دیمەنێکی سروشتییە.

**ڕامـــان:** ئەی دواتر کـــە چوویتـــە ناوەندی، لەوێ ڕێکەوتی کێت کرد پشتیوانی لە هونەرەکەت بکات؟

**دارا مـــحـــەمـــەد عـــەلی:** لە ناوەندی ســەڵاحــەددین ڕێکەوتی مامۆستا عەبدولواحید مەرجان-م کرد، ئەویش لە ژیانی هونەریی مندا دەوری هەبوو، ئەو زۆر ئیـــشی دەکرد، ئیشی جوان بوو، پاش دەوامیش داوای لە ئێمە دەکرد بچینەوە لە مەرسەمی قوتابخانە ئیش بکەین.

**ڕامـان:** لەو قـۆناغـەدا خـۆت ئامـادە کـردبوو بیـر لە خوێندنی هونەر بکەیتـەوە و بچیـتـە پەیمانگای هونەرە جوانەکانەوە؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئەوجا هەر لەو قۆناغەدا هی دیکە هەن کـاریگەرییـان بەسـەرمـەوە هەبووە، دەکـرێ باسـیـان بکەم؟

**ڕامان:** بەڵێ بەڵێ.. بەردەوام بە.

**دارا مـحـەمـەد عـەلی:** لەو ناوانەی کـاریگەرییـان بەسـەرمـەوە هەبوو، هونەرمـەند کـەریم دیارە، مـامـۆسـتـا کـــەریم دیار دوکـــانێکی هەبوو، دەچووم لە نزیکەوە تەماشام دەکرد، ئەوە هەر لە قۆناغی ناوەندی بووم، ئیتر ئەویش کاریگەری خۆی هەبوو، برایەکی هونەرمەند جابر پیرداود کە ناوی تاهیر پیرداود بوو، ئەویش دوکانێکی لەلای سـینەمـا سـیـروان هەبوو، وێنەی خـەڵکی گـەورە دەکردەوە، من دەچووم تەماشای ئەویشم دەکرد و زۆر پێی سەرسام بووم.

**ڕامان:** دەچوویتـە نزیکی، یان هەر لە دوورەوە سـەیرت دەکرد؟

**دارا محەمەد عەلی:** نا لە کن جامخانەکەی ڕادەوەستام و تەمـاشـام دەکـرد، ئەو پیـاوە فـانۆسی هەبوو، هەندێک جاران ئاوت لاینەکەی دادەنا، هێشتا هێلکارییەکە بوو، ئاوت لاینەکـە ڕێک بە کـەسـەکـە دەچوو، دوایی ئیـشی لەسەر دەکرد، ئیشەکانی زۆر پاکوخاوێن بوون.

**ڕامان:** ئینجا باسی ئەو قۆناغەمـان بۆ بکە، چۆن خۆت ئامـادە کـرد بۆ خـوێندنی هونەر و بیـرت کـردەوە بچیـتـە بەغدا؟

**دارا مـحـەمـەد عـەلی:** من حـەزم دەکرد هونەر بخـوێنم، بەخـۆشم زۆر هەوڵم دەدا، زۆر وێنەم دەکـــرد، لە کـــاتی خوێندنەوەی کـتـێب دەچووینە غـاباتی هەولێـر، هەمـوو کـتـێـبـەکـانی خـوێندنم بە ڕەسم و نیگار ڕازاندبووەوە، هەندێ جار بۆ وێنەکێشان دەفتەرم لەگەڵ خۆم دەبرد، زۆر مـەراقم هونەر بوو، لە غـاباتی هەولێـر لەگـەڵ شـێـرزاد حەسەن و برادەران دەچووین لەوێ دەمانخوێندەوە.

**ڕامان:** هەروەها سکێچیشت دەکرد؟

**دارا محـەمەد عـەلی:** بەڵێ سکێچم دەکرد و بەردەوام ئیشم دەکرد، لە قۆناغی ناوەندی، لە پۆلدا خۆم بە ڕەسم کردنەوە خەریک دەکرد، مـامۆستا دەرسی شەرح دەکرد، من هەندێک جار خۆم لە بیر دەکرد، لەناو پۆلدا زۆر شت ڕوویداوە، لەو کاتەدا مـامۆستا کە دەرسی شەرح دەکرد، من ڕەسمی ئەوم دەکێشا، یەک لەو مـامۆستـایانە ناوی سەدرەدین بوو، وێنەیەکی زۆر جوانم بۆ کێشا کە زۆر پێی

سـەرسـام بوو، ئیـتـر خـۆشم ئەو هەواڵدانانەم هەبوو، بێجگە لەو مامۆستا و لەو کاریگەرییانەی بەسەر منەوە هەیانبووە، خۆشم زۆر هەوڵم داوە.

**رامان:** هەر لەو تەمەنەتدا کێی دیکە لە هەولێر ئیشی وێنەکێـشـانی دەکـرد؟ تۆ لە نزیکەوە مـامـۆسـتـا جـابر پیرداودت ناسیوە؟

**دارا مـحـەمـەد عـەلی:** لە نزیکەوە نەمـدەناسی، بەڵام ئیـشـەکـانی گۆڕەپانی ئیـدارەی مـحـەلی، دەوروپشـتی یاریگای شەهید فـرەنسـۆ هەریری ئەو ئیـشـە جوانانەیم دەدی و تەمـاشـام دەکـردن، کـە سـواری پاس دەبووم و لە کـورانەوە دەچوومـە بازاڕ مـامـۆسـتـام دەبینی زۆر کـەیفم دەهات کە لە شارەکەماندا ئەو پەیکەرتاشەمان هەیە.

**رامان:** خـۆت هیچ بیـرت لەوە نەکـردووەتەوە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئیشی پەیکەرسازی بکەیت؟

**دارا مـحـەمـەد عـەلی:** نەخێـر، بەڵام بیـرۆکـەی ئەوەم بۆ هات لە پەیمانگای هونەرە جـوانەکـان بخـوێنم، چونکە حـەزم لێ بوو بچم لە بەغـدا بخـوێنم، باوکم حـەزی لێ نەبوو، یەکـێک چووبووە بـن کـلـێـشـەی و گـوتبـووی ئاگـاداربە کـوڕەکـەت نەنێـریتـە بەغـدا، بەغـدا دوورە و لەوانەیە ئەو کوڕە کە تازە خەریکە پێڕا دەگات، مومکینە بەلایەکدا بڕوا، تۆ بینێـرە کشـتـوکـاڵ بخـوێنێ باشـترە، باوکم هەوڵی دا بۆ ئەوەی بچمە کشتوکاڵ بخوێنم، ئیتر منی زۆر هان دەدا و ڕێی بۆ خـۆش دەکـردم بچـمـە کشتوکاڵ، بۆیە چوو بۆ لای بەڕێوەبەری کشـتـوکاڵی ئەو کـاتە و گـوتبـووی کـوڕەکـەم دەسـتی ڕەنگینە و خـەریکی هونەرە، بەڕێوەبەری کشـتـوکـاڵیـش زۆر کـەیفی هاتبـوو، ئیتر باوکم لەوە ببووەوە کە ئیتر دەمنێرێتە کشتوکاڵ. منیش ئەوەم زۆر پێ ناخـۆش بوو، بەڵام بەبێ ئەوەی باوکم پێ بزانێ شـتـێکی ترم کـرد و ئەوراقی پەیمانگای هونەرە جـوانەکـانم ئامـادە کـرد، دواتر عـەزیزی برای ڕەحمەتیم هەستی بەوە کرد، بۆیە تەئسیری لە باوکم کرد، ئەوەش کاریگەری خۆی هەبوو، ئەو بە باوکمی گوت ئەو کـوڕە حـەزی لە هونەرە با بچـێـتـە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، باوکم گوتی دەبێ بچێتە کشتوکاڵ. کاتێک ناو لە کشتوکاڵ تۆمار کرا، لەوێ نمرەی پێویستم نەهێنا، هیـچم وەڵام نەدەدایەوە، چونکە هیچ ئامـادەییم بۆ ئەو خوێندنە تێدا نەبوو، ئیتر لە کشتوکاڵ وەرنەگیرام، کە وەرنەگـیـرام باوکم تەنگاو بوو، گـوتی باشـە چ دەکـەی؟

هیچ شـوێنێک مـاوە وەرت بگرێ؟ پێم گـوت ئەوراقی پەیمانگاشم تەواو کـردووە، تەنانەت نازانم چۆن پەیدام کردبوو، بە تەواوی ئەوەم نایەتەوە یاد.

**رامـان:** هیچ هاوڕێیـەکت هەبوو ئەوها وەک تۆی لێ بەسەرهاتبێ؟

**دارا محـەمەد عـەلی:** کە باوکم تەنگاو بوو گـوتی کێ هەیە یارمەتیت بدا؟ ئەوە بوو چووینە لای کاک تەڵعەت سامان.

**رامان:** ئەوکاتە ئەویش لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان دەیخوێند.

**دارا محـەمەد عـەلی:** ئەو لە کۆلێژ بوو ئێـمە لێرە لە هەولێـر چووینە لای، زۆر هانی دام و هانی باوکـمی دا، پێی گوت مـادەم کوڕەکەت حەزی لە هونەرە، ڕێگەی لێ مەگرە با لە پەیمانگا هونەر بخوێنێ، ئەوەبوو باوکم ئیزنی دام و چەند دینارێکی دامێ چوومە بەغدا.

**رامـان:** باسی برا گـەورەکـەت کـرد، دیارە ئەویش کـاریگەری لەسـەر دیاری کـردنی ڕێچکەی هونەریتـدا هەبووە؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ زۆریش پشتیوانی لێ کردم.

**رامان:** ئەو خۆی دەستی هونەری هەبوو؟

**دارا محەمەد عەلی:** نەخێر هیچ دەستی هونەری نەبوو، بەڵام بووە هاندەر و پشتیوانی من.

**رامـان:** هونەردۆست بوو، وەک برا گـەورە تەئسـیـری لەسـەر باوکت داناوە کـە دڵی نەرم ببێ لەو بوارەدا بخوێنی.

**دارا محـەمەد عەلی:** زۆر پشـتـیوانی کردم.. لە بەغدا ماڵە ئامۆزایەکم هەبوو، لەوێ تا ئەنجامی ئەزموونەکەی خـۆشم وەرنەگـرتەوە نەهاتمەوە، کـە لە ڕووی تیـوری و عـەمەلی چوومـە تاقیـکردنەوەوە، لە مـاڵی ئامـۆزایەکـەم بووم.

**رامان:** پاشان دەرچوویت؟

**دارا محـەمـەد عەلی:** بەڵێ ئێـسـتـاش لەبیـرمـە نەزیهـە سـەلیم خـوشکی هونەرمـەند جـەواد سـەلیم و مـحـەمـەد عـارف، ئەویش دانیشـتبـوو، کۆمەڵێک لەو هونەرمەندانانە دانیشتبوون و بە پلەیەکی باش دەرچووم.

**رامان:** هونەرمەند محەمەد عارف لەوێ مامۆستا بوو؟

**دارا محـەمەد عەلی:** بەڵێ مامۆستا بوو، لە یادمە بۆ مامۆستا محەمەد عارفیش نامەیەکم بردبوو.

**رامان:** له کێوه ئەو نامەیەت بۆ بردبوو؟

**دارا محەمەد عەلی:** نایەتە یادم کێ بوو، دوایی باوکم خۆی زۆربەی ئەو هەوڵانەی بۆم دەدا.

**رامان:** لەوکاتەدا لە پۆلی یەک کێی دیکە مامۆستات بوو؟

**دارا محەمەد عەلی:** لەوێ ئەوانەی دەرسیان بە من گوتووە یەکێکیان ڕەفعەت ناسری بوو، هاشم محەمەد ئەلبەغدادی بوو خەتی پێ دەگوتین، عەبدولڕەحیم وەکیل پەیکەرسازی پێ دەگوتین، دکتۆر تاریق ئیبراهیم، سیرامیکی پێ دەگوتین.

**رامان:** بەڵام ڕەفعەت ناسری نییە، ئەوە ڕافع ناسری- یە کە هاوسەری ڕەخنەگری شێوەکاری (مەی مووزەفەر)ە. باشە ئەوە تەنیا لە پۆلی یەک بوو، یان دواتریش هەر مامۆستات بوون؟

**دارا محەمەد عەلی:** نا هەر لە پۆلی یەکەوە تا دوایی مامۆستام بوون، یەکێکیش لەوانە مامۆستا محەمەد عەلی بوو، کە قەرەنی جەمیل زۆر پێی سەرسام بوو، ئەو بوو، شاکر حەسەن ئال سەعید بوو کە مێژووی هونەری پێ دەگوتین، ئیتر مامۆستایەکان زۆر بوون، لەوانەش سەعید تائی و میران سەعدی بوو، کە لەسەر ئاستی عیراق پەیکەرتاشێکی دیار بوو.

**رامان:** لە قۆناغی پەیمانگا چالاکییەکانت لە بواری هونەری شێوەکاریدا چی بوون؟ لە پۆلی یەک چیت کرد و لە ساڵی یەکەم چی فێربوویت؟

**دارا محەمەد عەلی:** لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان زۆر هەوڵم دەدا و زۆریش ئیشم دەکرد، لەگەڵ برادەران بەردەوام ئیشمان دەکرد، ئیشی پەیمانگا وەک ئیشە دیراسییەکان و ئەکادیمییەکان کە بەشێوەیەکی زانستی وەرمان دەگرتن، ئەوانەم کۆ دەکردنەوە و لێیم هەڵدەبژاردن و لەگەڵ ئیشەکانی دیکەی خۆم دەمکردنە پێشانگا، یەکەم پێشانگا کە کردمانەوە پێشانگایەکی هاوبەش بوو کە من و موحسین محەمەد و نەجات واحید سەعدوڵڵا و فوئاد عەلی، ئەو چوارەمان یەکەم پێشانگای هاوبەشمان کردەوە.

**رامان:** موحسین محەمەد کامەیە، ئەوەی خۆشنووسە؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئەوە لە بەشی سیرامیک بوو.

**رامان:** بەڵێ بەردەوام بە.

**دارا محەمەد عەلی:** ئەو لەبەشی سیرامیک بوو هاتەوە هەولێر، لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان مامۆستا بوو، ماوەیەک چووە دەرەوە، دوایی هاتەوە، ئەو جارەش بۆ چوار مانگ چووەتەوە، پێکەوە پێشانگایەکی هاوبەشمان کردەوە.

**رامان:** لە کوێ و لە چ ساڵێک بوو ئەو پێشانگایەتان پێکەوە کردەوە؟

**دارا محەمەد عەلی:** قوتابخانەیەک هەیە نزیکی حەمامی شیفا و سینەما سیروان، لەم قوتابخانەیەدا ئەو پێشانگایەمان کردەوە و هەریەکەمان ژوورێکمان وەرگرت و کارەکانی خۆمان تێدا نمایش کرد، خەڵکانیکی زۆر هاتنە بینینی، لەو خەڵکانەی هاتن لە یادمە کاک سەعید یەحیا خەتات هات و زۆر هانی داین، هەروەها هونەرمەند جابر پیرداود هات.

**رامان:** کاک سەعید یەحیا خۆشی دەستی وێنەکێشانی هەیە.

**دارا محەمەد عەلی:** ڕاستە بەخۆشی دەستی ڕەسم کردنی هەبوو و زۆر هانی منی دا، لایەنی ئەناتۆمی تەشریح و ئەوانەی بۆ باس دەکردین. وابزانم ساڵی حەفتاو یەک بوو، چونکە ساڵی حەفتا ئێمە لە بەغدا بووین، ساڵی حەفتاو یەک بوو ئەو پێشانگایە کرایەوە.

**رامان:** ساڵی یەکەمی خوێندنت بوو، یان دووەمی پەیمانگات بوو؟

**دارا محەمەد عەلی:** لەوانەیە ساڵی دووەمم بووبێ.

**رامان:** ساڵی یەکەم ئیشت نەبوو؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئیشم دەکرد و بەردەوامیش ئیشمان دەکرد، بەڵام شتە باشەکانمان لە ساڵی دووەمدا نمایش کرد.

**رامان:** لە ساڵی دووەمدا توانیوتانە چەند دانەیەک لە کارەکانتان بۆ پێشانگا هەڵبژێرن.

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ، دوایی وای لێهات بە هەمان شێوە بەخۆم پێشانگای تایبەتیم دەکردەوە.

**رامان:** ئەوە ساڵی دووەمی خوێندنتان، ئەی سێیەم ساڵتان چۆن تێپەڕاند؟

**دارا محەمەد عەلی:** تا ساڵی ۱۹۷۳ و تا پەیمانگەی هونەرە جوانەکانم تەواو کرد، لەوانەیە سێ پێشانگای تایبەتیم لە هۆڵی میدیا کردبێتەوە.

**رامان:** تەنیا لە هۆڵی میدیا پێشانگات کردووەتەوە؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ هەر لە هۆڵی میدیا بووە.

**رامان:** بەڵام ئەوەی من لەبیرمە لە ساڵی ١٩٧١ لە هۆڵی ئەیووبییە پێشانگایەکت کردەوە، من ئەو ساڵە هاتمە پێشانگایەکەتەوە.

**دارا محەمەد عەلی:** ڕاستە ئەوەیان حەفتاو یەک بوو.

**رامان:** من ئێستاش ئەوەم لەبیرە.

**دارا محەمەد عەلی:** کەواتە ئەوەی بەشداری کردنمان، هاوینی ساڵی حەفتا بووە، چونکە ئێمە ١٩٦٩-١٩٧٠ چووینە بەغدا.

**رامان:** ئەو ساڵە ئێمە ماڵمان لە گەڕەکی تەیراوە بوو، من تەمەنم سێزدە ساڵ بوو، زۆریش هۆگری ئەو ئیشانە نەبووم، بەڵام کە دەمدی خەڵک دەستە دەستە دێنە ژووری و هاتوچۆ هەیە، ئێمەش کە ماڵمان لەوێ نزیک بوو، خۆم بەناو هۆڵەکەدا کرد و هاتم تەماشای ئیشەکانی تۆم کرد.

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ لە ڤۆڵدەرەکەش نووسراوە، ئەوە ساڵی حەفتاو یەکە، ئەو پێشانگایەم لەوێ کردووەتەوە.

**رامان:** بێجگە لەوانە ئەگەر پێشانگای تایبەتی و هاوبەشت کردبێتەوە، چی ترت هەیە؟

**دارا محەمەد عەلی:** لە بەغدا لەگەڵ هونەرمەند عەزیز سەلیم پێشانگایەکمان لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی کردەوە، لەو پێشانگایەدا بەشداریم کرد کە بە یەکەم پێشانگای هونەرمەندانی کوردی بەغدا دەژمێردرێ، وابزانم لە ساڵی ١٩٧٤ بوو.

**رامان:** ئەوە میهرەبانی هونەری کوردی بوو لەبەغدا، پێش ئەوەی شەڕی ساڵی ١٩٧٤ دەست پێ بکاتەوە، سازکرا.

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ وابوو.. لەو پێشانگایەدا بەشداریم کردووە، بێجگە لە پێشانگا تایبەتییەکانی خۆم لە کوردستاندا.

**رامان:** ئینسان کە لە هەر بوارێکدا دەست بەکارکردن دەکات، حەز دەکات بزانێ پێش خۆی چی کراوە و کێی دی کاری کردووە، بۆیە دەپرسم بزاڤی هونەری شێوەکاری لە شاری هەولێر پێش ئەوەی تۆ دەست پێ بکەیت و چێژی هونەریت لەلا دروست بێت و بچیتە پەیمانگا بخوێنیت، پێش خۆت ئەو بزاڤە چۆن بووە؟ ئایا کەسانێک هەبوون کاریان کردبێ؟ یان کێ بە گەرموگوڕی لەو بوارەدا کاری کردووە و جێ دەستی دیارە؟

**دارا محەمەد عەلی:** هونەری شێوەکاری کوردی وەک سەرەتا هونەرمەندانێکمان هەن کاریان کردووە، وەنەبێ ئێمە هونەرمەندمان نەبووبێ.

**رامان:** ئێستا ئیشی تۆ دیارە کە لە ساڵانی حەفتا بەدواوە پێشانگات کردووەتەوە، پاشان چوویتە پەیمانگا، ئەوانەی تۆ دیارن، من کە دەستم دایە نووسینی کوردی و ڕەخنەی کوردی حەزم کردووە بزانم سەرەتایەکان چۆن دەستیان پێکردووە و ئەوانەی ڕەمزی ئەو بوارانە بوون و ئیشیان کردووە کێن؟ چلەکان و پەنجایەکان و شەستەکان خەڵکانێک ئیشیان کردووە، ئایا پێشتر زانیوتە لە هەولێر پێشانگا کرابێتەوە؟ ئایا پێشانگایەکان لە چ هۆڵێک کراونەتەوە؟ هەندێک لەو زانیاریانە ئەگەر بە بیستن بێ، یان بەهۆی بەدواداچوونی خۆتەوە بەدەستت هێنابێ بۆمان باس بکە؟

**دارا محەمەد عەلی:** من بۆ زۆر دوورتریش دەگەڕێمەوە، هونەری شێوەکاری و نەخشونیگار و ڕەسم، لەکاتی میدییەکانیش هەبووە، بگەڕێینەوە بۆ مێژوو نابێ شەرەفخانی بتلیسی لەبیر بکەین کە یەکێکە لە نیگارکێشە باشەکانی کورد.

**رامان:** لە هونەری میناتۆردا بەکاریگەری هونەری میناتۆری فارسەکان و چینییەکان کارێکی گرنگی کردووە.

**دارا محەمەد عەلی:** لە قوتابخانەی (شا تەهماسب) لە ئێران دەیخوێند، ئەو پیاوە دەستێکی باڵای لە هونەردا هەبووە، کوڕەکەشی عەوداڵ خان، ئەویش وێنەکێشێکی زۆر باش بووە، شەش زمان و دەڵێن حەفتا جۆرە هونەری زانیوە. قوتابخانەیەکی هونەری هەیە پێی دەڵێن قوتابخانەی (یەحیا بن مەحموود ئەلواسطی) کە کاری میناتۆری کردووە و عەرەبەکان زۆر بایەخی پێ دەدەن، بەڵام لای ئێمە شەرەفخانی بتلیسی لەویش کارامەتر بووە و ئیشەکانی ئەویش هەر سەر بەو قوتابخانەیە بووە، دووریش نییە (واسطی) لە قوتابخانەی شەرەفخان و غەیری شەرەفخانی وەرگرتبێ، ئەوەش کە ئێستا دەیزانین بە هیمەتی مامۆستا (عەبدولڕەقیب یووسف) کراوە.

**رامان:** عەبدولڕەقیب یووسف کارێکی جوانی کرد کاتێک ئەو کتێبەی لە بارەی تابلۆیەکانی ناو شەرەفنامە نووسی و ساغ کردەوە، ئاگام لێیە زۆر هیلاک بوو تا ساغی کردەوە ئەو مۆرە بچووکە ناوی کێی بەسەرەوەیە،

بۆ ئەو مەبەستە پێوەندی بە موزەخانەی بەریتانیاوە کرد و لەوێ توانییان بە ئامێری پێشکەوتوو ساغی بکەنەوە، دەرکەوت ئەو مۆرە بچووکەی سەر تابلۆیەکان ناوی خودی شەرەفخانی پێوەیە کە ئەو وێنانەی کردووە.

**دارا محەمەد عەلی:** هەروەها قوتابخانەی دیاربەکرمان هەبووە.

**رامان:** هونەری ئەو قوتابخانەیە چۆنە؟

**دارا محەمەد عەلی:** قوتابخانەیەکی هونەری بووە، هەمان ئەو یاسا و ڕێسایەی تێدا پەیڕەو کراوە کە لە میناتۆردا هەبووە.

**رامان:** ئەی کێ لە هونەرمەندەکان کاریان لەو قوتابخانەیەدا کردووە؟

**دارا محەمەد عەلی:** یەک لەوانە ناوی میهران بووە، هەروەها بەدیعولزەمان و حەسەن کەیفی ئیشیان کردووە.

**رامان:** ئەوانە بە کورد دەزانیت؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئەوانە هەموویان وێنەیان کێشاوە.

**رامان:** ئەوانەی کە ناوت بردن بە کوردیان دەزانی؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ، ئا بەڵێ.

**رامان:** بە کاریگەری چ قوتابخانەیەکی دیکە ئەو قوتابخانەی میهرانە دروست بووە؟ کاریگەری کێی لەسەر بووە؟

**دارا محەمەد عەلی:** میناتۆر لەناو عەرەبەکان کە شانازی پێوە دەکەن (واسطی)یان هەیە، جگە لەوان هونەری میناتۆر هەر تەنیا لەناو عەرەبانیشدا نەبووە، بگرە لەناو ئەوروپاییەکانیشدا هەبووە، لەناو فارسەکانیشدا هەر هەبووە و لە زۆر جێیان هەیە.

**رامان:** بەڵام ئەوانە هەموویان بە هونەری خۆیانی دەزانن.

**دارا محەمەد عەلی:** ڕاستە بە هونەری خۆیانی دەزانن، بەڵام ئێمەش دەتوانین ئەوەی شەرەفخان بکەینە بەشێک لەو مێژووەمان.

**رامان:** دەکرێ ئەوەی بتلیسی وەک بناغەیەک تەماشا بکرێت.

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ دەتوانین بە بناغەیەکی دابنێین، ئینجا لەوەوە دەتوانین بێینەوە سەر ئەوانەی سالانی دواتر.

**رامان:** ئەو وڵاتە کە وڵاتی کوردستانی پێدەڵێن لە ناو ئەشکەوتەکانیدا زۆر شوێنەواری کۆن هەن کە هەزاران ساڵە ئەو شوێنەوارانە ماون، ئێستاش زانایانی شوێنەوار چ بێگانە و چ ڕۆژهەڵاتناس و چ کوردەکانیش کە تەماشا دەکەن زۆر وێنە و نیگار لەسەر ئەو ئەشکەوت و دینگە و شوێنانە بەجێ ماون، دەکرێ ئەوەش بۆ مێژووی ئەو هونەرە لەبەرچاو بگرین؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئێمە خاوەنی ئەشکەوتی زەرزێ و هەزارمێرد و شانەدەرین، لێرە ئەشکەوتی هەزارمێرد و شانەدەر هەیە، بە تایبەت شانەدەر کە لە دەڤەری هەولێرە، لەسەرەوە لای بارزانە، لە جیهاندا بە یەکەم ئەشکەوت دەژمێردرێ کە مرۆڤی نیاندەرتاڵی لێ ژیاوە و ئاسەواریان تێدا دۆزیوەتەوە، هەروەها لەناو ئەشکەوتی هەزارمێرد لە دەڤەری سلێمانی، شوێنەوار دۆزراوەتەوە کە نەخشونیگاریان بەسەرەوەیە، ئەوانە هەموویان بنەمان بۆ مێژووی هونەرەکەمان.

**رامان:** بەو شێوە مێژووییە ئەو ئاسەوار و شوێنەوارانە ماون، ئەوە دەبێ لەجێی خۆیان دیراسەبکرێن و وەک ئەوەی مامۆستا (عەبدولڕەقیب یووسف) لەسەر تابلۆکانی شەرەفنامە کردوویەتی، دەکرێ کەسانی تریش دیراسەی ئەو هونەرانە بکەن، بەڵام ئەوەی کە بەو شێوە نوێیەی پەیدا بووە و لە ئەوروپاوە هاتووە و بە کاریگەری هونەری ئەوروپا بۆ لای ئێمە پەڕیوەتەوە، وەک کورد لە هەولێر کەس هەبووە وەک (حوزنی)ی نەمر بووبێ؟

**دارا محەمەد عەلی:** حوزنی موکریانی، بەڵێ ئەدیب بووە.

**رامان:** هەر ئەدیب و مێژوونووس نەبووە، چونکە ئەویش حەزی لە هونەر بووە و ئیشی هونەریشی کردووە، کاری هەڵکۆڵینی کردووە.

**دارا محەمەد عەلی:** جگە لەو (مسباحولدیوان) کە بە ئەدەب بەناوبانگە، ئەویش وێنەکێش بووە و دەستێکی باڵای لە هونەری وینەکێشاندا هەبووە، ئەوانە هەموویان بەشێکن لە مێژووی ئەو هونەرە.

**رامان:** جارێک لە هونەرمەند (عەزیز سەلیم)م بیست، دەیگوت ساڵی ١٩٣٨ لە شاری سلێمانی پێشانگام کردووەتەوە و یەکێک لە تابلۆیەکانی نمایشی کردووە، تابلۆی (شەڕی بازیان) بووە، کە دەڵێ ئەو تابلۆیە بنەماڵەی شێخان لێیان وەرگرتم، منیش پێشکەشم کردن و لەدیوەخانی خۆیان هەڵیان واسیبوو. لە بیرتە لە هەولێر

پێش خۆت هونەرمەندێک پێشانگای کردبێتەوە؟
**دارا محەمەد عەلی:** لە شاری هەولێر پێش دانیال قەساب، ئیسحاق-مان هەبووە، جەهانگیرمان هەبووە.
**رامان:** ساڵی چەند ئەوانەمان هەبووە؟
**دارا محەمەد عەلی:** لە ساڵانی بیستەکان بووە.
**رامان:** ئیسحاق و جەهانگیر جوولەکە بوون؟
**دارا محەمەد عەلی:** جوولەکە بوون، هەندێک دەڵێن جەهانگیر ئەرمەنی بووە، هەندێک دەڵێن کورد بووە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی دەڵێن کوردە، هەیە دەڵێ شوێنەکەی لەلای گەراجی جەلال عەبدۆ بووە، کە گەراجی گوێڕ بووە و لە نزیکی ئەو ناوە ئیشی کردووە، ئەوەی من بزانم ڕەنگە زۆر کەم لە هەولێر بووبێ، ئەو کابرایە بە بۆیە ڕەسمی کردووە و دیمەن و تەیر و باڵندە و ئەو شتانەی کردووە، بازاڕی کارەکەی زۆر بەهەرمێن بووە و خەڵکی لێیان کڕیوە، کارەکانی لە چایخانەکان و لە دوکانەکان هەڵواسراون و ئەو شوێنانەیان پێ ڕازاندووەتەوە.
**رامان:** ئەی وەک سیرامیک، هیچ کار نەکراوە؟
**دارا محەمەد عەلی:** تەنیا وەک تابلۆ بیستوومە، هەر ئەو جەهانگیرە پێش دانیال قەسابیش بووە.
**رامان:** ئێمە هونەری مۆمیاکردنیشمان هەبووە، مۆمیاکردنی باڵندە و تەیروتواڵ، چی لەم بارەیەوە دەزانیت؟
**دارا محەمەد عەلی:** بێ گومان دەبێ سیرامیکمان هەبووبێ، چونکە کوورەمان هەبووە، مۆمیاکردنیش هەر هەبووە.
**رامان:** لەم هونەرانە، هونەرمەندێکت لەبیرە ئاسەوارێکی بەجێ هێشتبێ؟
**دارا محەمەد عەلی:** هیچیان ئاسەواریان نەماوە، ئنجا نازانم لە هەولێر هەبووە، یان نەبووە.
**رامان:** ئەو هونەرمەندانەی پێشانگایان کردووەتەوە، بە هیچیانت زانیوە؟
**دارا محەمەد عەلی:** هیچ پێشانگایەک نەکراوەتەوە.
**رامان:** ئەو کارە هونەریانەی ئەو سەردەمە دروست کراون، چ تەئسیرێکیان لەسەر خەڵکی هەبووە؟
**دارا محەمەد عەلی:** بۆ کاتی خۆی کاریگەرییان هەر هەبووە، بەڵام چەند دەتوانین ئەو کاریگەرییە دەستنیشان بکەین، ئەوە بۆ ئێمە دیار نییە.

**رامان:** ڕەنگە ئەوانە کاریگەرییان لەسەر نەوەی ئەو ڕۆژگارە هەبووبێ، دانیال و مونیر قەساب دوو برا بوون، کاریگەرییان لەسەر خەڵکی هەبووە.
**دارا محەمەد عەلی:** لەوانەیە، ئەوانە دوو برا بوون، ئیتر پاش ئەوانیش ئەوە جەواد ڕەسووڵ ناجی و فوئاد ڕەسووڵ هەبوون..
**رامان:** بە حەسیبی برایانەوە سێ بران.
**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ حەسیبی براشیان هونەرمەند بوو، ئیتر ئەوانە کە دێن، یەکەم پێشانگا لە ساڵی ١٩٥٢ لە قوتابخانەی خەنسا دەکەنەوە.
**رامان:** پێت وایە یەکەم کەس ئەو بووبێ پێشانگای کردبێتەوە؟
**دارا محەمەد عەلی:** مامۆستا جەواد ڕەسووڵ ناجی یەکەم پێشانگای لەگەڵ قوتابییەکانی وەک: سلێمان شاکر، ئەسکەندەر عوسمان، یەحیا مەرجان کردووەتەوە، ئەوانە بەشدارییان لەو پێشانگایەی ساڵی ١٩٥٢دا کردووە.
**رامان:** نەوە دوای نەوە، هەر نەوەیەک کە دێ تەئسیر لە نەوەی دوای خۆی دەکات، پێم باشە باسی کاریگەری نەوەی پێش خۆت لەسەر کارەکانت بکەیت..
**دارا محەمەد عەلی:** بیرم کەوتەوە.. لە ساڵی ١٩٥٨ لە یاریگا پێشانگایەکی کشتوکاڵی و پیشەسازی کراوەتەوە. لە گۆڕەپانی یاریگا، مامۆستایان: سلێمان شاکر، جەواد ڕەسووڵ ناجی بەشدارییان تێدا کردووە، ئەوکاتە ئەو جۆرە پێشانگایانە باو بوون.
**رامان:** باشە.. تۆ زیاتر تەئسیری کێت بەسەرەوەیە؟ لەناو ئەوانەی لە کوردستانن و لە هەولێر ئیشیان کردووە و پێشانگایان کردووەتەوە، یان لە نزیکەوە ناسیوتن کێن؟
**دارا محەمەد عەلی:** لە هونەرمەندە کوردەکان لە سەرەتاوە تاڕادەیەک حەزم بە ئیشەکانی هونەرمەند محەمەد عارف دەکرد.
**رامان:** ئەوە لەبەر ئەوەی ئەویش کاری واقیعی کردووە، یان چ لایەنێکی ئەو سەرنجی ڕاکێشاوی؟
**دارا محەمەد عەلی:** سەرەتا بەو ئیشانەی کە لە ڕووسیا کردبوونی و هێنابوونییەوە کاریگەر بووم. کە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکاندا قوتابی بووم، مامۆستا محەمەد عارف لە یەکەمین پێشانگای ئەو کە لە بەغدا

کردییەوە یارمەتیم دا، وابزانم ئەوە ساڵی ١٩٧٢ بوو کە لەگەڵی بووم، ئەو ئیشانەی وەختی ئێستای نا، بگرە ئەو ئیشانەی ئەوکاتی کە من قوتابی بووم لەبەغدا جێی سەرنجم بوون.

**رامان:** تەنیا ئەوکاتە کەوتبوویە ژێر تەئسیری هونەرەکەیەوە؟ ئەی دواتر ئەو تەئسیرەت بەسەرەوە نەما؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئەوکاتە کاریگەریی لەسەرم هەبوو، بەڵام دوایی هونەرمەند لالە عەبدە کە ئێستا لە ئیتاڵیایە، کاریگەری بەسەرمەوە هەبوو، لالە عەبدە هونەرمەندێکە ئیشی زۆر جوانی هەبوو، یەک لەوانە تابلۆیەکی لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی بەناوی (کۆتایی دەرەبەگ) بوو، ئەو تابلۆیە زۆر تەئسیری لێکردم. ئیشە جوانەکانی هونەرمەند سمکۆ تۆفیق کە ئەویش ئێستا لە ئیتاڵیایە، ئەویش کارێکی جوانی هەبوو، تەئسیری لەسەرم هەبوو.

**رامان:** لەگەڵ هونەرمەندان لالە عەبدە و سمکۆ تۆفیق پێکەوە بوون؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ.. بەڵام بە دوو قۆناغ پێش ئێمە بوون، هیچ نکوڵی لەوە ناکەم، بگرە شانازیشی پێوە دەکەم کە من کاریگەریی ئەوانەم لەسەر بووە، نەک هەر لەسەر من، بگرە کاریگەرییان لەسەر کەسانی دیکەش هەبووە.

**رامان:** کێی دی کاریگەریی لەسەرت هەبوو؟

**دارا محەمەد عەلی:** ئەوانە دوو هونەرمەندی باش بوون، زۆر بە سەلیقە بوون و کاریگەرییان لەسەر زۆربەی زۆری هونەرمەندە گەنجەکانی کوردەواری لای خۆمان هەبوو.

**رامان:** هەر ئەو دوو هونەرمەندە؟ یان کەسانی دیکەش هەن؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵام هی عەرەبیش هەن من دەچووم...

**رامان:** جارێ لەناو هونەرمەندانی کورد کێی دیکە هەبوو؟

**دارا محەمەد عەلی:** لە کورد هەر ئەوانە بوون.

**رامان:** باشە با بێینە سەر هونەرمەندانی عەرەب..

**دارا محەمەد عەلی:** لەناو هونەرمەندانی عەرەب، کاریگەری هونەرمەندانی وەک فایەق حەسەن لەسەرمان هەبوو، جارێکیان من و فوئاد عەلی و نەجات..

**رامان:** نەجات کێیە؟

**دارا محەمەد عەلی:** نەجات واحید سەعدوڵلا کە ئێستا لە وڵاتی ئیتاڵیایە، جارێکیان چووینە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان و وتمان با بزانین هونەرمەند فایەق حەسەن چۆن ئیش دەکات، چونکە ئێمە ئیشمان دەکرد و عاشقی ئیشی خۆمان بووین، ئەو هونەرمەندە بۆ مێژوو دەیڵێم کە گوێی لە دەنگە دەنگی ئێمە بوو بە خزمەتگوازەکەی گوت ئەو دەنگە دەنگە چییە؟ گوتی مامۆستا ئەوانە قوتابین و هاتوون بۆ لای تۆ، گوتی ئەگەر کوردن با بێنە ژوورێ. ئەو هەڵوێستەی فایەق حەسەن-م لەبەرچاوە و ئێستاش قسەکەی لەگوێمدا دەزرینگێتەوە. کە چووینە ژوورێ قوتابییە عەرەبەکان ئەوەیان تۆزێک پێ ناخۆش بوو، بەڵام هێنایەوە و گوتی من بۆیە گوتم ئەگەر کوردن بابێنە ژوورێ، چونکە کورد لەهونەر دەگەڕێ، ڕووشی لە قوتابییەکانی دیکە کرد و گوتی ئێوە وەک کوردەکان نین، کوردەکان زۆر ئیش دەکەن.

**رامان:** ئەی قوتابییە عەرەبەکان لە چ دەگەڕان؟

**دارا محەمەد عەلی:** بڵێم چی؟ (پێدەکەنێ)، ئێمە لە هونەر دەگەڕاین.. جارێکیان چوومە لای هونەرمەند دکتۆر خالید جادر، ئیشەکانی بە تایبەتی ئیشە واقیعییە تەعبیرییەکانی زۆر ڕام لێ بوون و پێم جوان بوون، ئەوانە زۆر تەئسیریان لەسەرمان هەبوو، چونکە زۆر لە کارەکانی ڕەنگدانەوەی ژیانی کوردەواری بوون، هەمووی دیمەنی کوردستان بوون، لەسەدا هەشتای کارەکانی کوردی بوون، تەنانەت یەکێک لەو قوتابیانەی خۆی کە پشتی پێ دەبەست سەباح کۆیی بوو.

**رامان:** دکتۆر سەباح عەبدوڵلا ساڵح کە ئێستا لە ئەمەریکا مامۆستای زانکۆیە؟

**دارا محەمەد عەلی:** بەڵێ لە ئەمریکایە.. بۆی گێڕامەوە و گوتی خالید جادر سکێچی دەدامێ، من سکێچەکەم بۆی جێبەجێ دەکرد، ئەو دەهات چەند فڵچەیەکی لێدەدا و ئیمزای خۆی پێوە دەنا، دکتۆر سەباح کۆیی وای لێهاتبوو ببووە نووسخەیەک لە خالید جادر، هاوینی پێشوو کە هاتەوە سەردانی کردم.

# کوشتنی (من) لەنێوان دوو شاعیردا

پێشڕەو عەبدوڵڵا

## پێشەکی

ئێمە باش ئەوە دەزانین کە شاعیر خاوەنی دوو جۆرە لە من، یەکەمیان منە کۆمەڵایەتییەکە و دووەمیشیان منی شاعیرە، ئەم دوو منە هەمیشە لە ململانێ و کێشەدان، بەجۆرێک هەموو هەوڵێکی منی شاعیر بۆ ئەوەیە کە منی کۆمەڵایەتی لاواز بکات و کاریگەرییەکانی لەسەر خۆی کەم بکاتەوە، چونکە ئەم منە ڕێگرە لەو چاوەی شاعیر بیری پێ دەکاتەوە و هەست بەشتەکان دەکات.

بەپێچەوانەشەوە منی کۆمەڵایەتی هەوڵی هەیە بۆ لاوازکردنی منی شاعیر، چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشەیەدا لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی دیکە جیاوازە، هەندێک شاعیر لەکوشتنی منی کۆمەڵایەتیدا بێ هێزە و شیعرەکانیشی هەر بە بێ هێزی لەدایک دەبن هەندێکی دیکە تەواو منی کۆمەڵایەتی لاواز دەکات، بەجۆرێک لە ڕوحی شیعر نزیک دەبێتەوە. ئێمە لەم کورتە باسەدا دوو شاعیرمان لەسەر ئەم کێشەیە وەرگرتووە، ئەوانیش (بەختیار عەلی و ئیسماعیل بەرزنجی)یە. هەر دووکیان منی کۆمەڵایەتی دەکوژن، بەڵام بۆ دوو ئامانجی جیاواز کە چۆنیەتی ئامانجەکە بەهای شیعرەکە دیاری دەکات، هەرچی بەختیارە مەبەستی لە کوشتنی مندا هەیە بەوەی کۆمەڵەی (ئەو)ی بە ئازادانە بێتەدەر و غەریزە تێر نەبووەکانی تێر بکات، بەڵام ئیسماعیل ئەم ئامانجەی نییە، بەڵکو مەبەستی بە تەنیا ئەوەیە ئازادی بەدەست بهێنێت. واتە بەختیار خەمی غەریزەکانە کە جەستەی بایەلۆژی بۆی دروست دەکات، کوشتنی منیشی بۆ ئەوەیە ئەو ڕەمەکانە بە ئازادی و بێ هیچ سانسۆرێکی کۆمەڵایەتی لە دایک بن، بەڵام ئیسماعیل هەوڵی ئازادکردنی ڕوحی دەدات، واتە کێشەکە کێشەیەکی ڕوحییە، نەک جەستەیی، ئەویش گەڕانە بەشوێن ئەو ئازادییەی ڕوحی مرۆڤی باڵا عەودالیەتی، بۆیە ئیسماعیل تا ڕادەیکی باش توانیویەتی سەرکەوتووتر لە بەختیار مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیەدا بکات. لەم باسەشدا پشتمان بە ڕایە دەروونییەکانی(سیگمۆند فرۆید) بەستووە، واتە بە ڕێبازی ڕەخنەی دەروونشیکاری کارمان کردووە.

### ١- من : Ego

لەنێوان باسکاران و زانایانی دەروونناسیدا بۆچوونی جیاواز لەسەر (من) هەیە، لەکاتێکدا هەمووشیان ڕاستەوخۆ پشتیان بە(فرۆید) بەستووە، بەڵام ڕای جیاوازیش هاتووەتە ئاراوە، بەشێک لە شارەزایان پێناسەی دەکەن بە «ڕەگەزی دووەم لە ڕەگەزەکانی



**ئیسماعیل بەرزنجی**

کەسایەتی لای فرۆید خودی ناوەند (ego)یە کە لەسەر بنەمای ڕاستی و لۆژیک عاقڵی هەنگاو دەهاوێت»(١)

واتە (من) ڕاستەوخۆ لەدوای ئەو Id دێتە ئاراوە و بەشێکە لە کەسایەتی مرۆڤەکە بۆ کارکردنی خۆی، یان لەمیانەی کاری خۆیدا زۆر پێ لەسەر لۆژیک و ڕاستەقینە و عەقڵ دادەگرێت، کە هەموویان بەدەرەوەی مرۆڤەوە وابەستەن واتە (لۆژیک، عەقڵ، ڕاستی) ئەو شتانەن کە تێگەیشتنی گشتی لەسەری کۆکە، نەک ئەوەی لە فەلسەفەدا باس کراوە، چونکە (من) ڕاستەوخۆ پێوەندی بە (ئەو) و (منی باڵا)ـەوە هەیە. کاتێک پێوەندی بە ئەوەوە هەیە لەویادایە، کە سنوور بۆ ئەو دادەنێت، یان جڵەوگیری دەکات بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆی نەیەتە ناو واقیعەوە.

«زۆر جار تێر بوونە ڕاستەوخۆکان دوادەخات کە لەلایەن ڕەمەکەکانەوە گوشار دروست دەکەن، بۆ کاتێکی گونجاو و خوازراو لە کۆمەڵگەدا»(٢) بە مانایەکی دیکە (من) لە دۆزینەوەی زەمینەیەکی وا زۆر شارەزایە، کاتێک مرۆڤ ویستی کارێک ئەنجام بدات. ئەوە (من) فۆرم و شێوازی گونجاوی بۆ دەدۆزێتەوە تا لەگەڵ عەقڵی کۆمەڵگەدا تووشی بەر یەککەوتن نەیەت.

«ئەرکی من بریتییە لە تاقیکردنەوەی واقیع، یان فێرکردن بۆ ئەوەی لەنێوان خود و ژینگەدا جیاوازی بکات، یان ناوبژی لەنێوان داواکارییەکانی (منی باڵا) و (ئەو) و (جیهانی دەرەوە)دا(٣) بکات. ئەوەی جێگەی تێڕامانە (من) لە چاکە و خراپەی ئەو کارەی مرۆڤ ناپرسێت کە بەتەمایە ئەنجامی بدات، بەڵکو ئەو لە چاکە و خراپەی واقیعەکە دەکۆڵێتەوە، ئەوە نیشانی مرۆڤ دەدات تا چەند ئەم کردارە لەلایەن دەوروبەرەوە خوازراوە، نەک تا چەند لەلایەن خودی مرۆڤ خۆیەوە خوازراوە، بەمەش (من) دێت فۆرمی گونجاو و کاتی گونجاو دەدۆزێتەوە تا مرۆڤ کارەکە بکات، چونکە «من حوکم دەکات لەسەر (بنەمای واقیع) نەک (بنەمای چێژ)»(٤).

کارکردنی (من) لە قۆناغی دووەمی ژیانی منداڵی دەست پێ دەکات، واتە کاتێک مرۆڤ تەمەنی ٦ساڵی تێدەپەڕێنێت و لەوە بەدواوە دەست بە دەرکەوتن دەکات، چونکە منداڵ تا ئەو تەمەنە گرنگ ئەوەیە (ئەو) تێر بکات، بەڵام دوای ئەوە وردە وردە مرۆڤ شارەزای یاساکانی خێزان و کۆمەڵ دەبێت، هەروەها دەبێت خۆی لەگەڵ ئەو واقیعەدا بگونجێنێت، بۆیە (من) دەست بە دەرکەوتن دەکات، «لەقۆناغی دووەمی ژیانی منداڵ دەردەکەوێت و لەسەر بنەمای واقیع دەڕواتە ڕێوە» (٥).

واتە (من) بەشێک لە کەسایەتی مرۆڤ پێک دەهێنێت، چونکە وەک گونجان (من) زۆر خەمی واقیع و کۆمەڵگەیەتی، ئەمەش لەبەر ئەوە دەکات، چونکە لە خۆی، یان لەو سزا و لۆمەیە دەترسێت کە هەر کۆمەڵگەیەک بۆ سەر تاکەکانی هەیەتی ، بۆ ئەوەی تووشی ئەو سزایە نەبێت، یان ئەوەتا کارەکانی (ئەو) ڕادەگرێت و دەیانخاتە کاتێکی دیکە، یان ئەوەتا فۆرمی گونجاوی بۆ دەدۆزێتەوە، هەتا لەژێر ئەو فۆرمەدا کارەکەی خۆی ئەنجام بدات. تاکە ئاڵۆزییەک لێرەدا ئەوەیە بەشێک لە شارەزایانی دەروون کاتێک کەسایەتی بۆ (من، ئەو، منی باڵا)(٦) دابەش دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا لای فرۆید کارەکە بەم شێوەیە نییە، بەڵکو فرۆید (من، ئەو، منی باڵا) هەموو بە بەشێک لەدەروون دەزانێت نەک کەسایەتی، چونکە ئەگەر ورد بیتەوە سەبارەت بە (من) کەسایەتی بەشێکە لە (من) نەک

(من) بەشێک لە کەسایەتی مرۆڤ بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، چونکە (کەسایەتی) بە تەنیا ئەو بەشەی دەرەوەی (من)ـە، کە ئاگاداره به واقیعەکان و بە سزاکان. (ئەو) لەگەڵ بەشێک لە (منی باڵا) ناچنە ناو کەسایەتییەوە، چونکە (ئەو) خۆی لەناو مرۆڤدایە و زیاتر غەریزەکانن کە نیازیان بەدەرکەوتن هەیە، بەڵام (من) دەرکەوتووە و خودی کەسایەتیشە لە لایەکەوە، بۆیە بەردەوام چاو لە واقیع دەکات چی بکات و چی نەکات. لەلایەکی ترەوە ئیریک فرۆم دژی ئەوە دەوەستێتەوە کە (من) کەسایەتی بێت و دەڵێت:

«گرنگ ئەوەیە (من) لەگەڵ چەمکی کەسێتیدا تێکەڵاو نەکرێت، چونکە (من) جەوهەری کەسایەتییە، هەروەها ئەوەش گرنگە کە (من) لەگەڵ چەمکی خوددا تێکەڵاو نەکرێت». (٧)

ئەریک فرۆم (من) جیا دەکاتەوە و لە کەسایەتی بە جەوهەرەکەی دەزانێت، نەک خودی کەسایەتی. لەو لاشەوە شارەزایانی کورد و عەرەب، بە بەشێک لە کەسایەتی دەزانن، بەڵام ئێمە لەگەڵ هیچ کام لەو ڕایانەدا نین، بەڵکو ڕامان وایە جارێک کەسایەتی بەشێکە لە (من)، نەک بە پێچەوانەوە، هەروەها (من) لە کەسایەتی جیا ناکرێتەوە کە فرۆم ڕایدەگەیەنێت. لێرەدا ئێمە نموونەیەک وەردەگرین کە فرۆید بۆ ڕاڤەکردنی (من) دەیهێنێتەوە و ئەم کێشەیە چارەسەر دەکات. فرۆید دەڵێت: «کەسێک لەپشت شووشەکانی دوکانی گەوهەر فرۆشێک دەوەستێت و سەیری ناوەوەی فرۆشگەکە دەکات و گەوهەرەکان لەپشت شووشەی دوکانەکەوە درەوشانەوەیەکی فریودەریان هەیە، ئەو کەسە دەست کورتە، پێویستییەکی زۆری بە پارە هەیە، ئەو فەرمان دەدات کە شووشەی دوکانەکە بشکێنێت و گەوهەرەکان بدزێ، بەڵام ئیگۆ لەبەرانبەر ئەم ئارەزووانەدا دەوەستێتەوە و نەهی دەکات کە، ئەگەر ئەم کارە بکەیت گرفتار دەبیت و دەچیتە زیندانەوە، بەم جۆرە ئیگۆ پارێزگاری لە ئەو دەکات.» (٨)

لەم نموونەیەدا فرۆید ئیگۆ ڕوون دەکاتەوە، کە لەبەر یاسایەک ئەو جڵەوگیر دەکات، واتە مرۆڤەکە لەبەر ترسی سزادان ناوێرێت کارەکە ئەنجام بدات، ئەوە بۆ یاسا، بەڵام بۆ ڕاگرتنی بەها کۆمەڵایەتییەکان مرۆڤەکە دیسان ئەم بەهایە وەک یاسایەک ئەو مرۆڤە سنووربەند دەکات. ئەوەی لێرەدا جێگەی پرسیارە ئەوەیە مرۆڤ بەردەوام لە شکانی وێنەی خۆی ترساوە، چونکە کەسایەتی مرۆڤ ئەو وێنەیەیە، کاتێک مرۆڤێک لەناو کۆمەڵگەکەیدا بۆی دروست دەبێت ، ئەم وێنەیەش بەشێکی من دروستی دەکات و بەشێکی تریش دەوروبەرەکە دەیسەپێنێت، بەڵام (من)یش هەر بەپێی خواستی دەوروبەرەکە وێنەکە دروست دەکات. واتە (من) ڕاستەوخۆ پێوەندی گەورەی بە کەسایەتییەوە هەیە، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە (من) بەشێک نییە لە کەسایەتی، بەڵکو کەسایەتی بەشێکە لە کارەکانی (من). فرۆید دەڵێت کابرا بۆ پارێزگاری ئەو کارەکە ناکات، خۆ ئەگەر وردبینەوە لەبەر پاراستنی کەسایەتی کارەکە ناکات، پاراستنی کەسایەتیش لە بنەڕەتدا پاراستنی داخوازی واقیعەکەیە ، جا ئەو واقیعە فەزایەکی یاسا ئامێز، یان فەزایەکی بەها ئامێز بێت، جیاوازی نییە.

دواتر فرۆید هەر خۆی دەڵێت: «من سەرپەرشتی جووڵەی ئیرادە دەکات، لە ئەنجامی ئەو پێوەندییەی کە لە نێوان ئیدراکی هەستی و جووڵەی ماسوولکەکاندا دروست بووە. من لێرەدا خود دەپارێزێت». (٩)

واتە کاتێک مرۆڤ هەست دەکات بەشێکە لە زەمینەیەکی دیاریکراو، ئەو ناچار بەپێی ئەو هەستکردنە هەڵسوکەوتەش جووڵەی ماسولکەکانی مرۆڤە کە لەسەر جەستە ڕوودەدات. ئەوە (من) لە نێوان ئەو هەستە و داخوازی واقیعەکە، خودی مرۆڤەکە دەپارێزێت، بەوەی نەڕووشێت. بۆ نموونە کاتێک مرۆڤێک دەکەوێتە ناو فەزای مردنی کەسێکەوە و لە پرسەکەیدا دادەنیشێت. مرۆڤەکە بەهۆی هەستکردنی بە فەزاکە خێرا (من) ئەو هەڵسوکەوتانە حازر دەکات بۆ کەسەکە کە ئەنجامی بدات و ئەوانەش کە نابێت ئەنجامی بدات. (من) بۆ ئەوەی پارێزگاری لە کەسایەتی مرۆڤەکە بکات، ئەگەر هاتو مرۆڤەکە پێکەنینی هات ئەوە ڕایدەگرێت و ناهێڵێت، بەمەش (من) پارێزەری کەسایەتییە، نەک (ئەو)، چونکە (ئەو) بۆ خۆی پارێزراوە. ئەوەندە هەیە تێر ناکرێت لەو زەمینەیەدا. (من) لە زەمینەیەکی دیکەدا و لە فۆرمێکی ڕێپێدراودا داخوازییەکانی (ئەو) تێر دەکات و ڕێگە دەدات کە دەربکەون.



**بەختیار عەلی**

### ٢- بزربوونی من لەشیعردا

ئەگەر شیعر دەروازەیەک بێت بۆ دەرکەوتنی (ئەو) ئەوە (من) وەک بەشێک لەپێکهاتەی دەروون دەبێت خۆی بناسێنێت، ئایا دەکەوێتە کوێی ئەم هاوکێشەیەوە، چونکە لە سەرەتاوە ئەوەمان زانی کە (من) پارێزەری کولتوور و ئادابە گشتییەکانە، هەروەها جۆرێکە لە کۆت و پێوەند بۆ سەر (ئەو) کە ئازادانە خۆی نەکاتەوە بەناو کار و گوفتاری مرۆڤدا.

چونکە (من) ترسی واقیع و ترسی لەدەستدانی کەسایەتی مرۆڤ هەردوو بەیەکەوە مرۆڤ و بەتایبەت رەمەکەکان و خواستەکانی ناو (ئەو) دەکەونە ناو سنوور بۆ دانانەوە، بۆیە کۆمەڵێک هیوا و شتە زۆر کەسییەکان و خواستەکان دەمێننەوە. (١٠)

شیعریش وەک بەشێک لەئەدەب، کۆمەکی خۆی لە دەزگا دەروونییەکان وەردەگرێت، کە ئەمەش شتێکە ناتوانین ئێمە بەرەهایی رەتی بکەینەوە، یان بنبەستی بکەین، چونکە ئەم خواردن پێدانە لەدەروونەوە بۆ شیعر بەردەوامی هەیە، بینا لەسەر ئەمەش رەخنەی ئەدەبی بۆ تێگەیشتن لە شیعر لەسەر بنەمای دەروون بەها و ئەرزشی داناوە.

«کارتێکردنی سایکۆلۆژیانە لەسەر ئەدەب شتێکە مایەی نکوڵی لێکردن نییە، لای رەخنەی ئەدەبیش بەپێی پێودانگی خۆی نرخ و بەهای خۆی هەیە». (١١)

هەروەها زیاتر لەمەش شیعر خەون ئاسا هەوڵی تێکشکانی بەربەست و هەموو دەسەڵاتەکانی (من) دەدات. بۆ ئەوە مرۆڤ لە هەموو ئەو بیرۆکە و خەیاڵانە خاڵی بێتەوە، کە سەر بە کوانووی دەروونن.

واتە شیعر سەروکاری لەگەڵ ئازادیدا هەیە، بۆیە هەوڵی سەرسەختانەی بۆ تێکشکانی بەها و کۆت و زنجیرەکان هەیە، شیعر هەمیشە روحێکی یاخیبوونی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە، کە نەک هەر لەشتەکان یاخی دەبێت، بەڵکو شیعر پێش شتەکان لەخودی خۆی یاخییە، تازەگەری و لەدایک بوونی قۆناغە شیعرییەکان بەرهەمی کوودەتاکانی شیعرە بەسەرخۆیدا، هەروەها جەنگێکی دورودرێژ و نەبڕاوە لەنێوان شیعر و هەموو ئەو شتانەدا هەیە، کە شیعر داوەتی سەرخوانی خۆی دەکات، چونکە شیعر کاتێک داوەتی شتەکان دەکات، بۆ ئەوە نییە کە وەک خۆی بیانپارێزێت، بەڵکو بۆ کەشفکردن و شکاندن و زۆر جاریش هەڵوەشاندنەوەیانە، بۆیە بوونی (من) لەشیعردا هەمیشە بەلاوازی دەردەکەوێت و هەمیشە (من) و (شیعر) لەململانێی گەورەدان بۆ بزرکردنی یەکتر، چونکە (من) شەڕی خۆی ناکات، بەڵکو هەڵگر و نوێنەری واقیعە و ئەم نوێنەرە لە شۆڕشەکانی شیعر و هەڵوێستەکانی بەدوور نییە، بەڵام تۆخکردنەوە و کاڵکردنەوەی (من) لەشیعردا دەکەوێتە سەر (شاعیر) ئەگەر لەخۆیدا هەڵگری روحێکی یاخیگەربوو هەمیشە پرسیاری لەکولتوور و لە تابۆ و لە هەموو کۆت و پێوەندەکان هەبوو، ئەوە (من) لەشیعرەکانیدا هەمیشە نەک هەر بزرە، بەڵکو هەوڵی کوشتنی دەدرێت.

چونکە (من) لەشیعردا دەبێت خۆی بێبەری بکات لەوەی ببێتە دەموچاوی هێزەکانی واقیع و وەک قاوغێکی بەتاڵ بمێنێتەوە، هەتا شیعر پڕی بکاتەوە نەک واقیع، بەبارێکی تردا ئەگەر (شاعیر) بۆخۆی بەشێک بوو لەکولتوور و دابونەریتەکان، یان هەڵگری هەمان سیستمی واقیعەکە بوو، ئەوە (من) بە بەهێزی خۆی نیشان دەدات و زیاتر لەمەش شیعری ئەم شاعیرە بۆ بەرگریکردنە لە شتە پیرۆز و بەموقەدەسکراوەکان،

هەروەک ئەو شیعرانە لەدەرباری شا و سوڵتانەکاندا وەک پێداهەڵدان دڵی پاشایان خۆش کردووە. واتە دەرکەوتنی شیعریەتی شیعر پێوەندی بەکاڵی و تۆخی (من)ەوە نییە، چونکە بەهەردوو بارەکەدا خاڵێک بۆ ڕەخنە و گفتوگۆ هەیە.

ئەگەر شیعرێک (من)ی بزرکرد بۆ ئەوەی (ئەو) لەناویدا دەربکەوێت، ئەوە ئەم شیعرە دەبێتە شوێنی بەرجەستە بوونی خواستە بەدی نەهاتووەکان، ئەمەش دەبێتە دوا مانا و دوا مەنزڵی ئەم شیعرە با وشە و وێنەکانیشی پڕ بن لە ڕەوانی و جوانی، لێرەشدا هاوتەریب بەتۆخکردنەوەی (من) شیعریەتی شیعر دەکەوێتە ناو مەترسییەوە، چونکە «شیعر وەک خەون دەبێتە مایەی دەرکەوتنی ڕەمەکە چەپێنراوەکان و بەشێوەیەکی باشیش ئەم کارە دەکات.» (١٢)

ئەگەرچی فرۆید زیاتر ئەم خاڵەی مەبەستە کە بگات بەو ڕوانگەیەی، شیعر هیچ نییە بێجگە لەزیندەخەوێک بۆ دامەزراندنی ڕەمەکان لەناو جیهانەکەی خۆیدا، پاڵپشت بەم تێزەش چووە سەر دەقە ئەدەبییەکانی وەک (ئۆدیب پاشای)ی سۆفۆکلیس کە گرێی ئۆدیبی لەسەر ڕامکرد، هەروەها گرێی ئەلکترای لە شانۆگەرییەکی یۆنانییەوە دۆزییەوە، (نەرجسیەت)ی لە ئەفسانەی (نەرسیس) وەرگرت، هەروەها گرێی باوکی لە ڕۆمانی (برایانی کارامازۆف)ی (دەستۆیڤسکی) وەرگرت، پێوەندی خۆشەویستی و ڕقی نێوان مەحرەمەکانی لەشانۆی (هاملێت)ی شکسپیر و هەندێک گرێی تریش وەک (ماسۆشی، سادییەت... تاد) لەدەقە ئەدەبییەکانەوە دۆزییەوە و تیۆرەکانی خۆی پێ دەوڵەمەندکرد.

ئەمەش هەموو ڕوونکردنەوەی پێوەندی نێوان (ئەو) و (من) بوو، کە چۆن (من) لە دەقی ئەدەبی و هونەر بە گشتی لەپێناو بەهێزبوونی ئەودا لاواز دەکرێت، هەرچی ئامادەیی (من)ە لە شیعردا، ئەوە ئامادەییەکی مەبەستگەرایە، ئەویش خۆبەستنەوەی شاعیرە بەو مەبەستەی هەیەتی لەدەوروبەرەکەی خۆی، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ گفتوگۆیە لەگەڵ جەماوەری شیعر و خوێنەر بەگشتی، بەڵام بوونی (ئەو) مانەوەی شاعیرە لەگەڵ ڕەمەکەکانی خۆیدا، واتە شاعیر زیاتر بەخۆیەوە سەرقاڵە، هەر بۆیە (تی. ئێس. ئیلیەت) کاتێک باسی دەنگەکانی ناو شیعر دەکات، سێ دەنگ لەیەکتر جیا دەکاتەوە کە ئەوانیش بریتین لە:

«دەنگی یەکەم دەنگی شاعیرە کە قسە لەگەڵ خۆی دەکات و قسە لەگەڵ کەسی دیکە ناکات. دەنگی دووەم دەنگی شاعیرە، بەڵام قسە لەگەڵ جەماوەر دەکات بچووک، یان گەورە بێت. دەنگی سێیەم ئەو دەنگەیە کە شاعیر هەوڵی ئەفراندنی دەدات بەشێوەیەکی درامی و پەخشان ئاسا دێتە قسە». (١٤)

بەڵام کاتێک (من) هەڵگری ستراکتۆری واقعێک بێت، کە پڕاوپڕ زنجیرێژ بێت، ئەوە یەکەمین کارێک کاتێک ئەو واقیعە دەباتە ناوخۆی، لێدان و شکاندنی ئەو (من)ـە، ئەم حاڵەتە بۆ ئەوە نییە کە (ئەو) دەرکەوێت، بەڵکو بۆ ئازادکردنی خودی مانا و بەهایە لەناو شتەکاندا، چونکە ئەو سیستمە بەتایبەت، ئەگەر تۆتالیتار و تاکرەو بێت، هەموو شتەکان دەکاتە یەک ڕەنگ و یەک دەنگ و سەدا، ئەویش گوزارشت کردنە لەخودی سیستم، بەمە جیهان لە فرەڕەنگی خۆی دەکەوێت و هەموو شتەکان یەک مانا بەدەستەوە دەدەن.

بۆیە مامەڵکردنی شیعر لەگەڵ ئەم هێزەدا کە (من) دەکاتە نوێنەری خۆی بۆ پاراستنی هێزەکە و کەسایەتی، یان بەرژەوەندی مرۆڤەکە مامەڵەکردنێکی شۆڕشگێڕانەیە، هەروەها لە بابەت خستنی شتەکانە و گەڕانەوەی بەها و ڕەنگی تایبەتی خۆیانە بۆ دۆخی سروشتیی خۆیان. لێرەدا شیعر هەر بە تەنیا بکوژی (من) نییە، بەڵکو ژێنەرەوەی شتە کوژراوەکانیشە، هەروەها ڕزگارکردنی ماناکانە، ئەمەش بەتێکشکانی فۆرم و چۆنایەتییان ئەنجام دەدەرێت تا ناوەرۆکێکی دیکە لەخۆیان باربکەن، واتە شاعیریەت هەڵگری توخمێکە لە یاریکردن، بەڵام یاریکردنێکی زۆر ترسناک لە کایەی زماندا. کە جیهان دەکەوێتە بەردەم هەبوونی جێگرەوە و میراتگری خۆی، ئەمەش بەمردن و ڕووخانی خۆی ئەنجام دەدرێت، واتە شیعر جۆری زۆرە هەروەک شیعرێک (من) بپارێزێت، یان بزری بکات لەبارێکدا بۆ دەرکەوتنی (ئەو) لەبارێکی تردا بۆ ڕزگارکرنی جیهانە لە کۆتوبەندێتی، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کامەیان هەڵگری ڕوحی ڕەسەنی شیعرە و کامەیان هەر بەناو خۆی بەشیعردا هەڵواسیوە. هەروەک چۆن (من) لە چاکە و خراپەی واقیعەکە ناپرسێتەوە کە ئایا ڕۆیشتن بەم

ئاراستــەیە تا چەند دروستــە، یان نا بەهەمـان شـێـوە یاخـیـبـوونی شـیـعـریش لەشـتـەکـان و لەترادسـیـۆن و نەریتەکان یاخیبوونێکە تژییە بەڕاپەرین و شۆڕشگێڕی کە هیچ مـانا ناداتە شـتـەکـان، یان لەئەنجـامی کـارەکە ناپرسێتەوە و ئەنجامەکانی لا مەبەست نییە.

ئەم جۆرە لەشیعر هێرشی خەیاڵ و خواست و هیواکانی مرۆڤە بۆ سەر (من) کە نوێنەری واقیعە جیاجیاکانە، ئەم هێرشەش هەمیشە پێویستی بەئازادکردنی ئیرادە هەیە، مـرۆڤ ئەم جـارە زاتی ئەوە دەکـات لەناو خـۆیدا (من)ەکـان تێک بشکێنێت، بەمەش شاعیر هەمیشە دەست بۆ شتە زۆر ترسناکەکان دەبات. شاعیر مایەی ترس و سـڵــەمــینەوەیە، چونکە ئەو لەگــەڵ بەها و ڕەمزەکاندا مامەڵە دەکات و پشێوی دەنێتەوە، بەڵام ئەم شۆڕشە کە شـتەکان بەیەکدا دەدات، ئارامی و ئاشتی لەدوای خــــۆی دەهـێـنـێت، ئەویش دۆزینـەوەی ئـەو هارمۆنیەتە ناوەکییەیە کە شتەکان خۆیان بەسروشت هەیانە، بەڵام کایەی زانستی و کایەی واقیعی شتەکان بەناسـروشـتی بەیەکـەوە گـرێ دەدەن، ئەمــەش بۆ خـۆی سەپاندنی هێز و گوشارە بەسەر شتەکاندا، بەڵام شیعر لە ڕاچڵـەکـینەکـانی خـۆیدا لەرزە دەخـاتە سـەر بنەمـای وەستانی شتەکان، تا خۆی وەک ئەلتەرناتیڤی جیهان نمایش بکات. ئەم وێرانکارییــەی شـیـعـر و کـوشـتنی (من)ـە وەک باســمــان کــرد هەندێک جـار بۆ لەدایک بوونی ڕەمـەکـەکانە، بەڵام بەبارێکی دیکەدا بە تەنیـا بۆ کوشتنی (من) نییە، بۆیە (من) چارەنووسی باش نییە، چونکە هەڵگری سیستمی دەوروبەر و واقیعە. دژایەتی شیعر لەگەڵ مندا، دژایەتی سیستم و بنەمایە، ئەمەش بەمایەی ئەوەیە سیستم و بنەمایەکی دیکە بێتە ئاراوە. ئاشتییەک هەیە بەم شەڕەی شیعر بەرپا دەبێت. دەبێت جیـهـان وێران بکات، ئەوجا بەو سـتراکـتـۆرەی شـیـعـر دەیخوازێت بنیادی بنێتەوە، واتە مەرگخوازی شیعر بۆ (من) لەپێناوی ژیاندایە، نەک خودی مردن خۆی، شیعر ئەو مافە لە کۆمەڵگە وەردەگرێتەوە کە وێنە و فۆرم بۆ شاعیر دیاری بکات، بەڵکو ئەو مافە دەداتەوە خۆی.

ئەم جـارە (من) دێتـەوە سـەر شـانۆکـە، بەڵام خـاڵی لە هێـزە کـۆمـەڵایەتی و دەرەکـیـیـەکـان، بەڵکو لێـوڕێژ لە شـیـعـریەتی خـۆی، بەمـەش شـاعـیـر لەناوەوە و دەرەوە یەکنوێن دەبێت و یەک (من) لە شاعیردا دادەمەزرێت، ئەویش منێکە پڕە لە شیعریەت. واتە واقیع و خەیاڵ بۆ شاعـیر یەکسـان دەبن، بەڵام ئەمە هەمـووی سـەر لەبەری ژیان نییە، ئەو ساتەیە کە شیعر هورژم دەهێنێت، ئەگەرنا دوایی شـتـەکان جـارێکی دیکە دەڕۆنەوە ناو دۆخـەکـانی خـۆیان، چونکە ئەم جـۆرە لەژیان هێندە ئاسـان نیـیـە تا مـرۆڤ بۆ هەمـیـشـە و بۆ هەمـوو سـات نیـشـتـەجێی ئەم شـوێنە ئاوەدانە بێت، ئەمــەش جـارێکی دیکە هێـرشی (من) و (ئەو)ـە، کە ناهێڵێت مرۆڤ بەپەتێتی (مجرد) بمێنێـتـەوە، جـارێکی دیکە بە جـەسـتـە و کـۆمـەڵگەوە دەیبەستنەوە.

### ٣- مامەڵەی بەختیار عەلی لەگەڵ من

**«یەک لەدوای یەک... بێ ئەوەی ئاوێنەکـان نوتقێکی ڕاستمان پێبڵێن...**
**تێناگەین... تێناگەین... من پڵنگم یان ئەو... ؟ ئەو پڵنگە یان من...؟**
**ئەوە باز دەداتە ناو سەرم یان منم باز دەدەمە ناو دڵی ئەو...**
**خوێنی ئەوە غیرەتی سەفەری ئەم دارستـانەم دەداتێ، یان**
**خوێنی منە هێزی نەعرەتەی دەداتێ؟**
**نەعـرەتەیەک پڕە لە شـووشـەی شکاوی پڵنگی تر، پڕە لە پارچە غەریزەی تێرنەبووی**
**هاوجنسەکانی من، گوێی لێ بگرە هاوڕێم.. گوێی لێ بگرە نەعرەتەیەکە لە هیچ هاوارێکی دی ناچێت...**
**نەعرەتەیەک پڕە لەوەحشیەتی ڕەواتر لەشیری دایک پڕە لە بۆهیمیەتی ناسکتر لەماچی خوشک...»** (١٥)

ئەگـەر سـەیری ئەم پارچە شـیـعـرە بکەین... پڕاوپڕە لە (غەریزەکان) ڕەمەکەکان کە هەمووشیان لەسەر کوشتنی (من) توانیویانە لەدایک ببن و بێنە ناو ئەم شـیـعـرەوە، ئەم شیـعـرە بەوەدا هەڵگری (ئەو)ـە، لەهەمـان کـاتیـشـدا مایەی کوشتن و بزربوونی (من)یشە.

(غــەریزە تێــرنەبووی هـاوجنســەکــان) ئـامــاژەیە بۆ غــەریزەی لبــیــدۆ لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە هێــز و ڕەمـەکی سێکس، لەناو هەمـوو نێرینەکـاندا بە مـرۆڤ و هەمـوو گـیـانەوەرانی ترەوە بۆ لەدایک بوونی ئەم ڕەمـەکە بەگـوڕە پێـویسـتی بەوەیە (من) بڕوات، چونکە یاسـا و

سنوور بۆ (ئەو) دادەنێت هەتا ڕیزبەند و ڕاستی بکاتەوە.

خۆ ئەگەر بنۆڕین ئەم غەریزەیە زۆر بەسەر کولتوور و پەسەند و ناپەسەندی شتەکاندا بازی داوە.

تا ئەو ڕادەیەی دەگاتە تێپەڕاندنی بۆ سەر مەحرەمەکان و (شیری دایک) بەوەحشیەت دەزانێت، چونکە ڕێگرە لەوەی مرۆڤ (ماچی خوشکی) خۆی بکات، ئەم شیعرە نەک هەر (من) بزر دەکات، بەڵکو زۆر بەتوندی دەیخاتە بەر ڕقی پڵنگی ڕەمەکی سێکس لەگەڵ مەحرەمەکاندا، کە هەموو بەها و شتە موقەدەسەکان تێک دەشکێنێت، بۆ ئەوەی هەرچی دێتە بەردەمی وەک بابەت سەیری بکات بۆ بەتاڵ بوونەوەی ڕەمەکە پڕ لەئاژاوەکانی خۆی، جا گرنگ نییە ئەو بابەتە دایکە، خوشکە، مەحرەمە، یان نا مەحرەمە، گرنگ ئەوەیە (من) بڕواتە دەرەوەی ئەم وەحشیەتەوە و (ئەو) وەک هێزێکی ئاژەڵی ڕووت پەلاماری هەموو شتەکان بدات.

**«چۆن خەڵک باس ل ەمردنی ئینجانەیەک دەکەن، ئاوەها باس لە**
**کۆتایی بەهەشتە درۆزنەکان دەکەم. تۆ چۆن باس لە کوژرانی**
**چۆلەکەیەک دەکەیت، ئاوا باس لە کوژرانی خودا دەکەم... ئێمە**
**بەپێ بەرەو شارێکی دیکە دەڕۆین... بەرەو سەردەمێک سەرابی تیا**
**نییە، سەردەمێک هەموو خەیالاتێک لێرەیە. ناوی ئاو دەهێنێت و**
**تێنوێتیت بەحەرفەکان دەشکێت.. ناوی زێڕ دەهێنێت و بەردەکانی بەردەمت دەبن بەقەلا...»** (١٦)

شاعیر لەم شیعرەیدا بۆ ساتێک ڕوحی شۆڕشگێڕی شیعر بەکار دەبات و هەموو شتەکان دەکوژێت، بەبێ ئەوەی لە سزا و ئاکامی کارەکەی بسڵەمێتەوە، زۆر بەئاسانی بە شێوەیەک کە حەق وەهایە ئەو شتانە کۆتابێن و دوا براو بن، بەسایەی ئەوەی شارێکی تر، سەردەمێکی دیکە بێتە ئاراوە، واتە لە یەکەمین جاردا شاعیر من دەکوژێت، چونکە خۆی بە بەهەشتی درۆ و ئاوەکان بارکردووە و یاساکانی سەرابن، بۆیە شاعیر لە ڕێگەی کوشتن و تێکشکانی ئەو شتە پیرۆزانەوە لەناو خۆیدا، ئەو بڕیارە دەدات کە خۆی شتەکان ڕێک بخات، چونکە سەردارێتی ئەو ڕەوشە دەکوژێت و دەسەڵاتی بەکوتا دەهێنێت، لەوێوە (من)ێکی دیکە دروست دەکات، کە ڕەنگدانەوەی بەهەشتێکی دیکە و سەردەمێکی دیکە بێت، خەڵکی شارێکی دیکە و زەمانێکی دیکە بێت کە شتەکان لە وەهم بوون، یان ساختەیی دووربن. بە شێوەیەکی گشتی ئەم شیعرە (من) کوژ دەکات بۆ ئەوەی شاعیر لەدەرەوەی خۆشی مافی یاریکردن و بڕیاردانی بەسەر ڕێکخستنی شتەکان و دووبارە دارشتنەوەیان هەبێت، ئەمەش بەهۆی بزربوون و کوشتنی (من)ەوە دێتە کردن، بەڵام ئەم حاڵەتە وەک گونجان هەروا بۆ ئەبەد نییە، شاعیر بۆ ئەوەی بتوانێت درێژە بەژیانی خۆی بدات لەم حاڵەتە دێتە دەر و جارێکی دیکە بۆ دروست کردن و گەڕانەوەی (من)ەکان دەگەڕێتەوە، هەتا لەو ئازادییە ڕەهایە خۆی قوتار بکات، چونکە ئازادی ڕەها بۆ خۆی هەڵگرتنی بەرپرسیارەتییەکی گەورەیە، کە مرۆڤ زۆر جار بۆخۆی نایەوێت، بۆیە ناچار بۆ ناو سنوور و کۆت و بەندەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بنەمایە دەگەڕێتەوە کە کولتوور و داخوازییەکانی (من) بەشێک لە ڕەوایەتی و حەقیان تێدایە، بۆیە کۆمەڵگەکان هەموویان خاوەنی سرووت و تەقسی تایبەتن، ئەویش بۆ دانانی سنوورە بەسەر ڕەوشە وەحشییەکانی ناو مرۆڤایەتی، بۆیە شاعیر جارێکی دیکە بەناوی (ئاشتبوونەوە) دەگەڕێتەوە، جارێکی دیکە (من) بەهێز دەکاتەوە و لەناو خۆیدا دروستی دەکاتەوە.

«دەمەوێت دوای شەڕێکی درێژ لەگەڵ زەویدا ئاشت بمەوە، من دەمەوێت کێڵگە ماچ بکەم، فرمێسکەکانم بەبای شەو بسڕم و بڵێم من چیتر غەریب نیم. دەمەوێت بڵێم ئەی دیانەتە کۆنەکان. ئەی پەرستگا ڕووخاوەکان، ئەی خۆڵەمێشی نغرۆبوون، ئەی ڕۆژی خوێنینی کوشتنی فەیلەسووفەکان، ئەی بای بادە، ئەی خیرقەکان، ئەی جامی سەر سفرەی مەولانا و ئەی زامی حەلاجان، دەمەوێت لەگەڵ هەمووتان ئاشت بمەوە... دەمەوێت سەرابتان ماچ بکەم، باوەش بە سێبەرتانا بگرم... دەمەوێت هەست بکەم چیتر غەریب نیم... دەمەوێت لەگەڵ خۆڵ و هەوادا... لەگەڵ ئاگر و ئاودا لەگەڵ خالیق و مەخلووقدا یەک بگرمەوە...» (١٧).

شاعیر دوای ئەو هەموو شەڕە دوای ئەوەی (ئەو)ی خۆی کردە حاکم و (من)ی کوشت، هەموو خەیاڵ و

ڕەمەکەکانی بەتاڵ کردەوە، وێرانییەکانی خۆی کرد، ڕق و خۆشەویستی خۆی بەسەر شتەکاندا دەربڕی، جیهانی خۆی لەسەر تێکچوونی و ڕووخانی جیهانەکانی دیکە دامەزراند، پیرۆزییەکانی تووڕدا و تفی کردە ناوچاوانی دوژمنەکانی.

دوای ئەم هەموو شەڕە، شاعیر جارێکی دیکە ئاوڕ دەداتەوە و (من) دروست دەکاتەوە و هەموو سیستەم و کولتوور و دیانەتەکان زیندوو دەکاتەوە. ماچیان دەکات و جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە ناو باوەشیان.

ئەمەش ساتی ئاگاییە لە شاعیردا، چونکە ڕێگەی شۆڕش، ڕێگەی تەنیایی و غەریبییە، شاعیر نایەوێت تەنیا بێت، نایەوێت غەریب بێت، بۆیە دێتەوە ناو کۆمەڵگە و سرووت و ڕێوڕەسمەکانی، چونکە گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ ناو کۆمەڵ بەجۆرێک ڕازیبوونە بەوەی کۆمەڵگە حەرام و حەلالەکانی خۆی قایم بکات، ئیتر ئەوەش باوەڕی پێ نییە دەستی بۆ نەبات و هەربەکە خۆی و بیروباوەڕەکانی، ئەمەش ڕاگرتنی هاوسەنگییە لەنێوان (ئەو) و (من) و کۆمەڵگەش هەمووی بەیەکەوە.

**٤- مامەڵەی ئیسماعیل بەرزنجی لەگەڵ من:**

شۆڕشی ئیسماعیل بەسەر (من)دا جیاوازە لە بەختیار، بەرزنجی دەیەوێت خۆی لە هەموو ئەو ڕایەڵ و پێوەندییانە داماڵێت کە من لە کۆمەڵگەدا بۆی دروست کردووە، بەجۆرێک خاوەنی هیچ شتێک نەبێت، کە بیبەستێت بە کۆمەڵگەوە، نە ناو نە ڕەگەزنامە هیچ شتێک، ئەمەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەردەسەری و کێشانەی کە بەهۆی کۆمەڵگەوە تووشی دەبێت، کە دەبێت مرۆڤ بەزۆر شتەوە پابەند بێت کە هی ئەو نین و ناچاریشە بیانکات. شاعیر لەم شیعرەدا منی خۆی سفر دەکاتەوە، لە ڕێگەی گوتەی (دەبوایە) بە ژیانێکەوە خەونێک دەبینێت دوور لە من و لە هەموو ئەو ڕیشاڵانەی بە کۆمەڵگە و دەوروبەرەوەی دەبەستنەوە.

**«دەبوایە من قەرەج بام**
**قژم لوول بووایە**
**هەردەمێک هەستم بە وەڕەسی کردبا**
**کۆلکە دارێکم بخستایە سەر شان**
**دەبوایە من قەرەج بام**
**وادەی هیچ بۆنە و نوێژێکم نەزانیبا**
**چ کتێبێکی موقەدەسم نەخوێندبایەوە**
**دەبوایە من قەرەج بام**
**نەمزانیبا جنسییە و نفوس چییە**
**ناوم لە هیچ دۆسییەکی دەوڵەت نەبا»** (١٨)

قەرەج بوون ئەو ئازادییەیە کە لە دوای کوشتنی منەوە بەدەست دێت، ئەگەر مرۆڤ توانی بچێتە ئەو دیو دەسەلاتی منەوە، ئەوە جۆرێک لە ئازادی بەدەست دەهێنێت، کە دەتوانێت لە بوارەکانی ئەدەب و هونەردا لە داهێنان نزیک ببێتەوە، هەروەک شیعر خۆشی هەست بەم هێزە دەکات، بۆیە وەک ئاواتێک خۆزگەی بۆ دەخوازێت.

**«دەبوایە من قەرەج بام**
**تا وەک ئیتماتۆڤ**
**ڕۆمانێکی گەورە و نەمرم بنووسیبا**
**دەبوایە من قەرەج بام**
**کە ئێواران دڵتوندی دای گرتبام**
**بار و بارگەم بپێچابایەوە و**
**ڕووم لە لێواری خەرەندێک کردبا**
**دەبوایە من قەرەج بام**
**تەنیا ئینتیمام بۆ گڵە سوور هەبووایە»** (١٩)

بەرزنجی من ناکوژێت بۆ ئەوەی ئەوی خۆی بێتە دەر، بەڵکو کوشتنی منی بۆ ئەوەیە هەتا ئازاد بێت لەو هەموو ڕایەڵ و پێوەندییانەی کە بە دەوروبەر دەیبەستنەوە و پەیوەستی دەکەن بە شتانێکەوە وەک ڕێوڕەسمە کۆمەلایەتی، یان هەر پێوەندییەکی دیکە، ئەمەش ئەو هەستە شاعیرییەیە، کە زۆربەی شاعیرەکان هەیانە و زۆربەیان بە شوێن ئازادیدا وێڵن، ئەمەش خەسڵەتی گەورەی شیعرە، کە هەمیشە عەوداڵی ئازادییە.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:


١- عبدالرحمن محمد العيسوي، سيكولوجية الشخصية، ص١٣٨.

٢- نفس المصدر السابق، نفس الصفحة.

٣- ئیریک فرۆم، مرۆڤ لەنێوان ڕواڵەت و جەوهەردا، و: سابیر بەکر بۆتانی، ل١٧١.

٤- کالفن. س. هول، مبادیء علم النفس الفرويدي، ت: دحام الكيال، ص٢٩.

٥- د. صالح حسن احمد الداهري، د. وهيب مجيد الكبيسي، علم النفس العام، ص٧٥.

٦- (د. کەریم شەریف قەرەچەتانی) و کۆمەڵێک لە مامۆستایانی عەرەب، کاتێک باسی کەسایەتی دەکەن دابەشی دەکەن بەسەر (من- منی باڵا- ئەو) لە کاتێکدا، ئەگەر جوان ورد بینەوە لای فرۆید، بۆمان دەردەکەوێت کە کەسایەتی بەشێکە لە (من)، هەروەها (ئەو) نایەتە ناو کەسایەتییەوە، چونکە (ئەو) کۆگای غەریزەکانە کە زۆربەیان وەک توانایی و بەشێکی نادیار هەن، هەرچی کەسایەتیشە بەشی دیاری مرۆڤە لەناو واقیعدا. بڕوانە: د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سروشتی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاک ڕۆسۆ و سیگمۆند فرۆیدەوە، ل٨٦.

٧- ئیریک فرۆم، مرۆڤ لە نێوان ڕواڵەت و جەوهەردا، و: سابیر بەکر بۆتانی، ل١٧١.

٨- سیگمۆند فرۆید، پێنج وانە لە دەروون شیکاریدا، و: صباحی مەلا عەولا، ل ١٧١ - ١٧٢.

٩- سيجمند فرويد، معالم التحليل النفساني، ت: د. محمد عثمان نجاتي، ص٤١.

١٠- بڕوانە: د. غنيمي هلال، في النقد التطبيقي والمقارن، ب ط، مطبعة نهضة مصر، دار نهضة مصر للطبع والنشر الفجالة، القاهرة، ب سنة، ص ١١٢-١١٣.

١١- محمود البستاني، في النظرية النقدية، ب طط، ب م، وزارة الأعلام، مديرية الثقافة العامة، ١٩٧١، ص١٢٣.

١٢- د. كمال نشأت، في النقد الأدبي دراسة و تطبيق، ط الثانية، طبع بمطبعة الجامعة بغداد، ١٩٧٦، ص١٨٣.

١٣- بڕوانە: د. عمر محمد الطالب، المذاهب النقدية دراسة وتطبيق، ب ط، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل ١٩٩٣، ص١٣٤.

١٤- ت. س. اليوت، مقالات في النقد الادبي، ت: دكتورة لطيفة الزيات، ب ط، مكتبة الانجلو المصرية، ب س، ص٦١.

١٥- بەختیار عەلی، تا ماتەمی گوڵ تا خوێنی فریشتە، ل ٤١٢.

١٦- سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨٥- ٤٨٦.

١٧- بەختیار عەلی، ئەی بەندەری دۆست ئەی کەشتی دوژمن، ل٥٩.

١٨- ئیسماعیل بەرزنجی، پەست وەک ئێوارە نارنجییەکانی نیشتمان، بڵاوکەرەوەی ئاراس ، ٢٠٠٧، هەولێر ، ٨٧- ٨٨.

١٩-سەرچاوەی پێشوو ، ٨٩.

# ئەنتۆلۆژی لە شیعری نوێی کوردیدا

**«وتاری لێکۆڵینەوەیی - ڕاڤەیی»**

**عادل قادری**
**(کرمانشان)**

**(٢ - ٢)**

**پێشکەشە بە «مەحوی»**

### ئەزموونی ئەنتۆلۆژیکاڵی شیعریی کوردی لە شیعری نوێدا

هەر شتێک کە ئێمە ئەزموونی دەکەین، نە زۆرتر لە ڕاڤەیەکە (تەئویلێکە) و نە کەمتر لە ڕاڤەیەک، شتەکانی جیهان لە قەوارەی دیسیپلینە بەهاییەکانی زەینی ئێمەدا ڕاڤە دەکرێن و بەم چەشنە تاقانە جیهانێک کە دەشێت بناسرێت، جیهانی جیاوازییەکانە، واتە جیهانی ڕاڤەکانە. جانی ڤاتیمۆ

### د. ڕەفیق سابیر و نێرۆڤانا

ئەزموونی ئەنتۆلۆژیکاڵ، یان بووںناسانەی د. ڕەفیق سابیر هەروەکو لە ناوی شیعرە درێژەکەیشیدا واتە «مێدیتاسیۆن»دا دەردەکەوێت، نیزیکە لە سۆفیگەری و عیرفانی بوودایی. ئەم ئەزموونە، بەقووڵبوونەوە، یان باشترە بڵێم تێکەڵاوبوون و واڵاکردنەوەی خۆی لەهەمبەر جیهان و بوون، دەست پێدەکات و بەتێپەڕاندنی چوار ئەپیزۆد، کە هێمایە بۆ چوار قۆناغی تاقیکراو و پڕ هەڵچوون و داچوونی ئەنتۆلۆژیکاڵ، لە زەریای هێوری و پڕ سرەوتی "بوون"دا لەنگەر دەگرێت، ئەگەر گشتییەتی ئەم قۆناغە بچەمکێنم و تیوریزەی بکەم، قۆناغی یەکەم بە قووڵبوونەوە لە بوون و سەرەتای هەڵنیشتنی چەمکەکانی تر، لە قۆناغەکانی دواتردا ناوزەد دەکەم. هەر لەم قۆناغەشە کە ڕۆنان و پێکئانینی میتافیزیکێکی زەمینی واتە؛ ئەڤین دەخرێتەڕوو، بەلێکدانەوەی جەستەی "تۆ" یەکی زەمینی و کردنە ڕووگەی ئەم "تۆ"یە، ئەزموونێکی تر دەژی، بەڵام هەر زوو گومان و نیهیلیزم و لە هەمان کاتدا یاخیبوونێک دەردەکەوێت، کە بەرەو ئاسۆی ڕوون و هەرێمی قۆناغی سێیەم، چاوبردوو و سەرنجڕاکێشمان دەکات، کە بە دەست پێکردنێکی نەرم و هێواشی گومان و نیهیلیزم کۆتایی پێ دێت. قۆناغی دووەم بەسەرەتای فامکردنی "زەمان" وەکو هاوکێشەیەک لەگەڵ بوون دەزانم و بەدەرکەوتنی ئەم هاوکێشەیە دازاین دەکەوێتە داوی حەقیقەتی هەبوون و ناسینی خۆی لەئاوێنەی ئەوانیدا و چەمک و زمانی بوونی جیهان دەئەزمووێ و پرسیار و گومانی ئاگراوی ئۆقرەی لێ بڕیوە، تا شوێنێک سامناکی



نالی

بوون باوەشی دایکی وەکو پەناگەیەک بەخەیاڵدا دێنێت و دازاین دەکەوێتە گریان و پەڵپ گرتنەوە. لەقۆناغی سێیەمدا دازاین بەسەر ترسی خۆیدا زاڵ دەبێتەوە، بەڵام خەمۆکی و پووچییەک جێگری ترسەکە دەبن و ماوەیەک تێیدا پەلەقاژە دەکات و هەر ماوەیەک دوای ئەم نیهیلیزمی میتافیزیکییە، دازاین ڕووگەی خۆی لە" یەکی دەرەزەمینیدا دەدۆزێتەوە و ڕوودەکاتە ئاسمان و بۆ فڕین لە شەقەی باڵ دەدات لە قۆناغی کۆتاییدا وەگێڕ(راوی) واتە "دازاین"ی ناو ئەم شیعرە، بە گەیشتن بە یەقین و کەشفی حەقیقەتی "بوون" و قووڵبوونەوەی زیاتر و واڵاکردنی خەستتری خۆی لەهەمبەر "تۆ" یەکی دەرەزەمینی و ئاسمانی، هەموو پرسیار و گومانەکانی خۆی کە پێشتر بۆی ڕوویدا بوو ڕەت دەکاتەوە و بە گوناه دەیانئرخێنێت، لە کۆتاییدا و لە هەرێم و کەنارێکی ئارامدا و بەئیمانەوە، لە ڕۆخێکدا لەنگەر دەگرێت و بەمانایەک لە یۆتۆپیایەکدا دەنیشێتەوە، واتە دەکرێت بڵێین گەیشتۆتە دۆخ و حاڵەتی نیرۆڤانا(١٣).

**بەختیار عەلی و شۆڕشی میتافیزیکی**

ئەزموونی بەختیار عەلی ئەزموونێکی یاخیترە و هیچ کات پرسیار و گومانی لێ نارەوێتەوە و قەت ئەو یۆتۆپیا و شاری خەونەی کە لای ڕەفیق سابیر دێتەکایەوە، لێرەدا دەرناکەوێت. "بوون" وەکو ناوەرۆک و تێمێکی سەرەکی شیعرەکانی بەختیار عەلی بەردەوام ئامادەیە و بە چەشنی جۆراوجۆر؛ ئاشکرا و نهێنی، دەردەکەوێت، بەڵام ئەم ئەزموونی ئەنتۆلۆژیکاڵە، لە قەسیدەی "گوناه"دا زەقترین لایەنی هزری و پرسیارئامێز و گومان ئاڵوودی خۆی بەشێوازێکی ئیستێتیکی و جوانیناسانەی تایبەت بەجیهانی نووسەرێک بەناوی "بەختیار عەلی"، دەخاتەڕوو. ئەم قەسیدەیە کە لە هەشت ئەپیزۆد پێکهاتووە، لەگەڵ بنەڕەتی بووندا کێشەیەکی ئەوتۆی نییە، لە سەرەتادا ئەوەی کە پرسیار و گومان و بەخەگرتنی "خوا"یە لەم قەسیدەیەدا تۆخ و خەست دەکاتەوە، شێواز و چۆنیاتی بوونە، واتە؛ لە دیدی وەگێڕی ناو دنیای ئەم شیعرەدا، میتافیزیکە ئاسمانییەکان و ئایدیۆلۆژییە ئایدیالیستییە زەمینییەکان وەڵام دەرەوەی پرسیار و گومان و خەون و مۆتەکەکانی نین، بۆیە لەم ڕوانگە و سۆنگەیەیە کە بنەڕەتی بوون دەخرێتە ژێر کۆمەڵێک پرسیارەوە و بەهۆی نەبوونی وەڵامێکی شیاو «نیهیلیزمێکی پرسیاری» لەم دەقەدا خۆی دەردەخات. لێکدانەوە و بەدواداچوونی ئەم قەسیدەیە کاری هەنووکەمان نییە و دەرفەتیشمان نییە، بەڵام وەکو دوا وتە ئەزموونی بەختیار وەکو چەشنێک لە "شۆڕش و یاخی بوونی میتافیزیکی" دەردەکەوێت، ئەگەرچی بێبەری نییە لە خواست و مەیلێک بەرەو داسەکنان و نیرۆڤانایەکی عیرفانی.

**شێرکۆ بێکەس و "تەسەووفی کوردایەتی"**

ئەزموونی شێرکۆ بێکەس، ئەزموونێکە کە زۆر لەگەڵ چەمک و هزر و تێرامانی ئەنتۆلۆژیکاڵ گرێ نادرێت، چونکە نە ئاوڕێکی ئەوتۆ لە بنەڕەتی بوون دەداتەوە و نە پرسیارگەل و گومانگەلێکی قووڵ ڕووبەڕووی بوون دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی شیاوی سەرنجە، گێڕانەوە و ڕیوایەتێکە لە بوونێکی مێژوویی- ڕوحی نەتەوەیەک لە دەقەکانیدا وەکو ڕۆمانە شیعری دەربەندی پەپوولە کە دیدارێکی خەیاڵی و شیعرییانەی لەگەڵ "مەلا خدری

ئەحمەدی شاوەیسی میکاییلی" واتە نالی؛ دەبێتە هۆی هەڵهێنجانی ئیستێتیکای نالی بۆ ناو دەقەکەی خۆی و سامانێک کە نالی لەعەشق و "حەبیبە" هەیەتی، دەقۆزێتەوە و وەکو بوونێکی کوردییانەی ناو هەناوی مێژوو ئیستێتیکایەکی تایبەتی هەیە. شێرکۆ لە ڕوانگە و گۆشەنیگای کوردێکەوە دەڕوانێتە بوون و جیهان و پرسیاریان بەرەوڕوو دەکاتەوە. کە ئەم ڕوانگە کوردییەی شێرکۆ بێ گومان خاڵی نییە لە هەندێک پرسیار و گومانی جددی و زەق، کە زۆرتر لە سۆنگە و بەهۆی ئەو کارەساتانە کە بەسەر کورددا هاتووە، دەیخاتە ڕوو. کارەساتگەلێکی وەکو ئەنفال، هەڵەبجە، کۆڕەو، نیشتمانی پارچەکراو و...تاد زۆرترین میکانیزم و لۆسەن بۆ تێڕامان و پرسیار و گومانەکانی شێرکۆ بێکەس لەهەمبەر "بوون"دا و شێرکۆ بێکەس یەکێک لەو هەوڵ و ڕوحانەیە "ڕەسەنایەتی" لە پێگەی کوردێکدا کە لە دۆخێکی تایبەتی "بوون" دا ژیاوە، بەشێوازێکی سەرکەوتووانە گێڕاوەتەوە. بۆ نموونە لە گۆڕستانی چراکاندا کە بۆ ئەنفال نووسراوە، ئەنفالەکە گومانی شێرکۆ بێکەس بە ئایدیۆلۆژییە زەمینی و ئاسمانییەکان دەوروژێنێت و تووڕەی دەکات، یان لە دەقێکی تریدا (خۆم، ئەو کاتەی کە باڵندەم) "عومەری خاوەر" وەک هێما و سەمبۆلێکی چەوسێندراو "شەهیدکراو"ی کورد (هەڵەبجە) بەسەرتاپای گۆی زەویدا دەفڕێت و هاوڕێکانی خۆی لە ژاپۆن و کوورەکانی ئاشۆیتس و بیرکناو و داخائۆ دەدۆزێتەوە و گومان لە ئومانیزم و دینەکان دەکات، بەڵام سەرەڕای ئەم تایبەتمەندییە زەقەی ناو دەقەکانی شێرکۆ توخمێکی تر کە هەردەم ژیان و مان بە بەر ئەم "بوونە" دا دەکاتەوە و لە پاکتاوبوون و کۆکوژی دایدەتەکێنێت، حەماسەتێکە کە وزەی هیوابەخشی شێرکۆ دەیداتە دەقەکانی، بۆیە عومەری خاوەر لەو گێڕانەوە خەیاڵییەدا و لە ڕێگەی فڕینەوە دواتر وەکو ڕێبەرێک داوەتی گەورە مرۆڤ دۆستانی جیهان دەبێت و لە کۆتاییدایە کە "نێلسۆن ماندێلا" و "حوسێن حوزنی موکریانی" دیاری تاقانەی خۆیان پێشکەشی دەکەن. دەکرێت شیعری شێرکۆ بەم تایبەتمەندییانەوە لەژێر ڕێبازێکی گشتی "بوونی مێژوویی ڕوحی" کورد بەناوی "تەسەووفی کوردایەتی" وێنا بکەین . جیهانی شێرکۆ زۆر دەوڵەمەندە کە دەبێت ئیشی زۆری لەسەر بکرێت و لێرەدا بەهۆی نەبوونی دەرفەت درێژدادڕی ناکەم.

دەبێت لە دواجاردا بڵێم کە لێرەدا ناوهێنان و ڕیزکردنی ئەم شاعیرانە تەنیا لەسەر پێوەری "ڕەسەنایەتی"، "بوونە" کە لە دەقەکاندا دەرکەوتوون، نەک بەگوێرەی مێژووی دەرچوون و نووسینی ئەم دەقانەوە. با ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە وشەی "بوون" هەرچەندە پاشگر بگرێتە خۆی و لەگەڵ وشەگەل و چەمکگەلی تردا لێک بدرێت و تێکەڵاو بێت، ڕەسەنایەتی خۆی لە دەست دەدات. بۆ نموونە بوون لای ڕەفیق سابیر بوونێکی بنەڕەتییە، بەڵام لای شێرکۆ بێکەس بوونێکی نەتەوەییە کە ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە بوون لە جیهانی شێرکۆوە لە بنەڕەت و مرۆڤەوە، هاتۆتە سەر چینێک، یان گرووپێکی کۆیی لە مرۆڤ کە نەتەوەیە.

## ڕەفیق سابیر و مێدیتاسیۆن

«ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ "ڕووبەری کراوە" لە پێگەی بووندا»

هەروەکو لە سەرەوە و بەگشتی باسمان کرد "بوون" لە تێڕوانینی هایدگەردا لەچەشنی فەزا و ڕووبەرێکی کراوە پێناسە دەکرێت و دواتر ئەم ڕووبەری کراوە، پانتاییەکەی تەنکتر و تایبەتیتر دەبێت بۆ سەر چوار ڕووبەر کە ناونراوە بە ڕووبەرە چوارینەکان و بریتیین لە: زەمین، ئاسمان، فانییەکان و خودا. شیعری مێدیتاسیۆن ڕووبەڕووبوونەوە و ئەزموونێکی دەروونییە کە لە هەمبەر ڕووبەری کراوەدا دەرکەوتووە و بێبەری نییە لە توخمەکانی ناو ڕووبەرە چوارینەکان. مێدیتاسیۆن (Meditation) کە ئەزموونێکی دەروونی کولتوور و بوونی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە، هەڵتۆقاوی کولتوور و بوونێکە کە بوودا و دائۆ ئەزموونیان کردووە و هایدگەریش گەڕاوەتەوە سەریان. ئەم شیعرە وەکو پێکهاتە لە پێنج ئەپیزۆد پێکهاتووە و هەر ئەپیزۆد، یان بەشێکی، هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەمسەرێکی زەمانی تایبەت کە بگێڕ، یان دازاین، تێیدا لە هەڵچوون و داچووندایە، دەست پێ دەکات. لە سەرەتای دەسپێکی شیعرەکەدا بگێڕ(ڕاوی)ی ناو دەقەکە دەڵێی لەخەون، یان زیندەخەونێکی میتافیزیکی تایبەت، سرەوتن و



**ڕەفیق سابیر**

هێوربییەکی قووڵ لە فەزایەکی دەرەزەمانیدا ئەزموون دەکات. "ڕاکشاو لەناو سرەوتندا وەک سێبەر/ بێدار وەک درەوشانەوەی ئاگر، دەڕوانم و/ یادەکان برووسکەئاسا بە پرتاو ڕەت دەبن". لەم سەرەتایەدا کە بگێڕ، یان "ئاخێوەر" کە دوو دۆخی دژ لەیەکی بۆ گێڕانەوەی خۆی هەڵبژاردووە، واتە وەک سێبەر و وەک درەوشانەوەی ئاگر و هەر کام لەم دوو پێ شوبهێندراوە (مشبه بە) دوو تایبەتمەندی جیاواز و تایبەت بەخۆیان لەپێشدا بۆ هاتووە. ڕاکشاو لەناو سرەوت بۆ سێبەر و بێدار بۆ وەک درەوشانەوەی ئاگر هاتووە، ئەم تایبەتمەندییە دژانە کە هاوکات بۆ یەک بگێڕ وەک یەکەیەک کۆ کراوەتەوە، دەرخەری ئەوەیە کە ئێمە لەگەڵ جیهانێکی ناسروشتی و بەدەر لە یاسا هەمەکی و ڕۆژانەییەکانی ناو واقیعدا ڕووبەڕووین و هەر لەسەرەتادا "غەرقی ئاو و ئاگرین"(١٤) درێژەی شیعرەکە هێمایە بۆ سەردەمێک کە لە ناو بازنەی زەمان و واقیعی هۆشیاریدا ژیاوە... دەڕوانم و/یادەکان برووسکەئاسا بەپرتاو ڕەت دەبن/ دەروازەکانی ڕوانین ئاواڵە بە ڕووی غەیبدا، بە ڕووی ئەبەدییەتدا کە وەک بەیان/ لەتافی لاویدایە"، ئەم دێڕانە بەشێوەیەکی سەیر دەرخەری ڕووبەرێکی کراوەن کە هەم جیهانی ناوزەمانی "بەیانی تافی لاوەتی" دەگرێتەوە و هەمیش "ئەبەدییەتی دەرەزەمان" ئەمانە هەمووی لە... شوێن: هەموو جێیەک و هیچ شوێنێک/ فەزا: سارا/ کات: هەموو ساتێک و هیچ کاتێک. ڕوودەدەن.

تا ئێرە دوو ڕووبەر لە ڕووبەری کراوە بە ڕاشکاوی و ڕووبەرێک لە قەوارەی ئاماژەدا دەرکەوتوون. ئەم ڕووبەرانە کە لە جیهانی هایدگەردا جێگەی خۆیان هەیە، هەر بە ڕیزەوە فانییەکان، شوێن و کات، واتە زەمین لەخۆ دەگرێت. "من لەخۆمدا بۆ سێبەرەکانی بوون دەڕوانم/ ڕیشەی خۆڵەمێشی ڕابردوو دەپشکنم و/ گوێ لە پەیڤینی ڕازەکان دەگرم،" لەم چەند دێڕەدا ئیرادە و وزەی کردارییانەی وەگێڕ لەهەمبەر ڕووبەری کراوە دەکەوێتە ڕوو، ئەگەر ڕووبەری کراوە، واتە پانتایی بوون بەزەینی نا هۆشیار بشوبهێنین، ئەم زەینە نا هۆشیارە ناتوانێت بەبێ زەینی هۆشیاربوونی هەبێت و دیالیکتیک و دانوستان یاسایەکی حاشا هەڵنەگریانە، ئەگەر تەنانەت بەدواداهات و ئەنجامی دانوستانەکەش نادیار بێت، بەڵام تا ئێستەی شیعرەکە وەگێڕ لە هەمبەر بووندا هۆشیاربۆتەوە و دەیەوێت بۆ هەڵکۆڵینی پەیڤینی ڕازەکان بکەوێتە چالاکی، بۆیە؛ "لەخۆمدا بۆ سەرەتاکان دەگەڕێم/ کە وەک زەمان بێ سەرەتا و/ وەک خەون و زایەڵە بێ شوێنەوارن/ لەودیو شتەکانەوە چاو بۆ ڕوونی دەگێڕم/ دەستەکانم لە سپێدە هەڵدەکێشم و/ گزینگ بێدار دەکەمەوە" دوای کەوتنەگەڕی وزەی هۆشیاری لە هەمبەر بووندا و پێوانی چەند وێستگەیەکی شوێن کاتی، وەگێڕ تووشی داچڵەکان و سەرسوڕمانێک دەبێت لە هەمبەر ڕازاوی و ڕووت بوونەوەی هاوکاتی ڕووبەری کراوە، وەکو بلێی بەرگەی بوون ناگرێت و لەم هەرێمە بەرفراوانەی بووندا خەریکە ون دەبێت؛ "ئەی تاکبوونەوەی ڕوح مەوداکانم چێ بکە!/ ڕووەو لووتکەی درەوشانەوەم بەرە! من گەڕانم بۆ دۆزینەوەی ونبوونە/ دیالۆگە لەگەڵ ڕوناکی،/ دابڕانم ڕامانە لە ڕاماندا/سەفەرێکی ئەبەدییە بەگوماندا" ئەم ونبوون و داچڵەکانەی ئەو لە هەمبەر بووندا دەبێتە چرای ڕێگای: "لە تاکبوونەوەمدا ڕازەکان ئازادم دەکەن/ پەیڤینم: هێمایە/ تەنیاییم: سەربەستی ڕوانین و پرسین." و لە

ئاكامدا زەین، یان ڕوح (Geist) باوەڕ بەبوونی جەستە دێنێت و دەیدۆزێتەوە؛ ئەی خولیاكانی جەستە سەرەوەری خۆتان دەرخەن/ بەهانەی مانەوە و مانای چاوەڕوانی و سەفەرم بدركێنن!" بە گەیشتنی سووژە(دازاین) بەئاوەها قۆناغێک كە تێگەییوە لە سەرەتای سەفەرێكدایە تا ژووری مەرگ پرسیارەكان لەدایک دەبن؛ "بەڵام چۆن بەتەنیا تینوویێتی گڵ بشكێنم؟ چۆن بەهانەی سەفەر و مانای مانەوەم بسەلمێنم؟" و هەر دوای ئەم پرسیارانەشە كە ئەزموونی خۆی لەناو بووندا دەست پێدەكات و دەكەوێتە دڵەڕاوكێی چاكە و خراپە؛ "وەک تاڵەتیشكی گومڕا لەسێبەری تەڵخی دارستان و تاریكی ئالاوین/... ئەوە چارەنووسی جەستەیە كە لە دالآنی گوناه و لەزەتدا/ مەودایەكان ون دەكات و/ پشت دەكاتە سەرەتا و كۆتایی خۆی،" بەسەرنجدان بەوەی كە لەم دێڕانەدا جێناو لەتاكەوە دەبێتە كۆ، واتە لە منەوە بۆ ئێمە دەگۆڕێت ، بۆمان دەردەكەوێت كە سووژەبوونی گشتی لێرەدا بۆ دەركەوتووە و خودی "بوون" وەكو ڕووداوێكی نەرێنی پێناسە دەكات كە یەخەی كۆی مرۆڤی گرتووە؛ چۆن ڕازەكان بدوێنین كاتێک پەیڤەكان لەمانا تەنگترن/ چۆن ئامادەبوون بۆ بەسەر چوون،/فۆرم بۆ ڕوانین دابێنین" تا ئەم قۆناغە سەرەتا و كۆتایی سەفەرەكە ئاسۆی خۆی لە ڕووبەری كراوەدا بۆ سووژە دەرخستووە و ژیان و مەرگ و عەدەم و هەرمانەوە دەهۆنێتەوە و بووە بە كەڵكەڵە و دڵەڕاوكێی و لە ئاكامدا دەڵێت؛ "بڕوانە چ نەهاتێک ڕووی تێكردووین!؛ و درێژەی هەوڵی مەعریفی سووژە بەفراوانی و ناكۆتا بوونی "بوون" شڵەژان و ونبوونی بەدیاری بۆ دێنێت؛ "شتەكان ئاوێنەی سەرەتاكانیان بوون/ ڕاستیش بەئاو كردنی سەراب/ من وەک چاوەكانت ڕوونی ئاو و شینی سامالّم پۆشیبوو/ لە لێواری ونبووندا/ مات وەک پەلكەزێڕینە چاوەڕێ بووم/ تۆ شێوەی شتەكان بوویت و نوورت ئاسۆ و ئاوەدانی." لەم سەفەری بوون و "نەبوونەدا" دازاین(سووژە) شتێک دەدۆزێتەوە و دادەبەزێتە هەرێمێک كە بە وشەی بانگ كردن واتە "تۆ" دەیگێڕێتەوە، ئەمە قۆناغی ئەڤین و عەشقە كە لە چاوەكانی "تۆ" دەست پێدەكات و لە لێواری ونبووندا چاوەڕوانی دەكات، "تۆ" بڵێی ئەم قۆناغە بوونێكی ترە، یان قۆناغێكە لەو سەفەرەی؟! كە دەڵێت؛ "خۆت ڕووت كەوە!/ با جیۆگرافیای ڕوح ببینم/ با لەسەر جەستەت شوێنەواری خۆم بخوێنمەوە./ خۆت ڕووت كەوە!/تا ڕوونیی غەیب و كۆتاییەكان ببینم" ئەپیزۆدی یەكەم بە جەمسەرێكی زەمانی "نازەمانییەوە"(١٥) درێژەی دەدات؛ "هەوا باراناوی/ بەیان ڕەنگەكانی خۆی دەچنێتەوە،/ سارا ماوەی نێوان من و بوون پڕ دەكاتەوە/... من سەفەرم لە وەستاندا/ درەوشانەوەی هەقیقەتم لە گوماندا/... ئەم دەربڕینانە لە چەمكی ئەلسێئیا نیزیكمان دەكەنەوە كە مەبەستیانە بڵێن تاریكی بۆیە دیارە، چونكە ڕووناكی و ڕۆژ لەو ساتەدا نین و بەپێچەوانەشەوە؛ "من كوژانەوەم هەڵبوونە/ زایەڵەیە بێدەنگیم/ بوونم جەوهەری بوونە، من پارسەنگی شتەكانم بە هارمۆنیای ڕوح ڕاگرتووە." كەواتە ئەپیزۆدی یەكەم لە خەونی "بوون"ەوە تا تێگەیشتن لە بوون و ئەزموونە ڕوحییەكانی "مرۆڤ" لە ئاوێنەی "تۆ"دا سەفەر دەكات.

ئەپیزۆدی دووەم بەتێگەیشتن لەزەمان دەست پێدەكات، زەمانێک كە بەدەرە لە مانا ڕێكەوتووەكەی و ناخرێتە بازنەی پێوەر و پێوانەی ژمارەكانەوە؛ زەمان لای هایدگەر نەدرێژاییە و نە ئەندازەیی و هێڵییە، بەڵكو قووڵبوونەوەیە كە بۆ فام و دركی "بوون". شەو وەک منداڵێک لەسەر باسكم پاڵ كەوتووە/ من شەونخوونی شەو دەخوێنمەوە/ دەمەوێت مەودایەک چێ بكەم بۆ سەفەر.../... ڕوو لە داهاتوو بكەم كە غەیبی هەڵگرتووە/ دەشێت زەمانی من لەودیو زەمانەوە سەرهەڵبدات/ مێژووی من لەودیو مێژووەوە دەست پێ بكات/ من لە ناخی خۆم ڕادەمێنم تا ڕازەكانی جەستە بدركێنم."لێرەدا هەمدیس تێڕامانە لە بوون و زەمان بەتێكرایی؛" بێ هوودە بوو كاتێک ئاسۆم دەخستەسەر ڕان و/ جەستەم وەک مێرگێكی تینوو بۆ باران ڕادەخست، زەمانیش وەكو یادەكان بەپڕتاو ڕەت دەبوو/ دالآنی سەرابی مەحالّم دەپشكنی و.../ بەنیازی خۆ ڕووناک كردنەوە بە قووڵایی/ تاریكیدا ڕۆدەچووم/ لە ناخی بەستەڵەكدا خۆم گەرم دەكردەوە." لێرەش دیسانەوە ئاماژەیەک بە ئەلسێئیا هەیە؛ " بۆ ڕووناک بوونەوە بەقووڵایی تاریكی دەبێت ڕۆ بچێت؛ واتە تاریكی دەبێت باش بناسرێت، تا هێزی ڕووناكیمان بۆ دەركەوێت."، بەڵام هەر دوای ئەم ئەزموونەشە كە



**هایدگەر**

پرۆتێست و نارازی بوونی دازاین لە "هاتنەبوون" دەردەکەوێت؛ ئەو خۆی تەنانەت بەجەستەش کە وەکو جەستەی مێرمنداڵێک نیگاری دەکات، تەیار و ئامادەی ئەم سەفەرە نەبینیوە.؛ "کوا ڕەوا بوو بە جەستەی مێرمنداڵانەم پەناگەیەک لەونبوون و بۆشایی،/ ئارامگەیەک لە ترس چێ بکەم! بەپێیە ساواکانم مێژوویەک لەسەر بەرد بنووسمەوە، یان بەتاقی تەنیا تەرمە شپرزەکان ئارام کەمەوە، مردووشۆر و گۆڕهەڵکەن و زێوان هەر تەنیا خۆم بم!/ چ شەڕێکی نابەرابەر و دۆڕاو بوو!/ گەڵایەکم وەک شمشێر لە ڕووی ئاسماندا هەڵدەبڕی و هاوارم دەکرد: کوا ڕەوای هەقە؟ کە من نازانم بۆ لێرەم!/ کە پەنا دەبەم بۆ مردن داڵدەم نادات!/ بڕوانە! ڕێکەوت چ ئاژاوەیەکی ناوەتەوە، زەرووڕەت چ بەڵایەک." ئەم دوو دێڕەی کۆتایی واتە دیالیکتیکی نێوان زەرووڕەت و ڕێکەوت کە دەرخەری هاوکێشەی ململانێی بوون- زەرووڕەت- ڕێکەوتە، زەینی ستێڤان مالارمەشی بەخۆوە سەرقاڵ کردبوو و لە ئەنجامدا بەرەو چەشنێک لە میتافیزیک و پرسی فەلسەفی خۆکوژی ڕایکێشا، هەر ئەو پرسە فەلسەفییەی کە ئەلبێر کاموی نووسەریش بە ڕەسەنترین پرس و تاقانەترین پرسی فەلسەفی دایدەنێت. ئایا زەرووڕەت ڕێکەوتە، یان ڕێکەوت زەرووڕەتە؟

با ڕێگای شیعرەکە بگرین؛ "باسکەکانم وەکو دوو لقە ڕووناکی بەرەو ڕووت ڕاگرتووە./ تۆ لە دایکبوونێکی دیکەیت و / شێوەی غەیبیت گرتووە/ تۆ شتێکت لەگەڵ خۆت هێناوە نە لە بەیان دەچێت/ نە لە شێوان/ نە لە بوون دەچێت نە لە نەبوون/ من خۆم داوەتە دەستە ڕازگرەکانت/ هەر خۆت چارەنووسی منیت. "تۆ" وەکو ئارکی تایپێک (Arche taype)(١٦) کە لە مێژووی بوونی مرۆڤدا دەشێت باسی لێ بکرێت و بە یەکێک لە قودسی و پیرۆزییەکانی مرۆڤ ناوزەد دەکرێت و دواتر دەچێتە بازنەی ئەفسانە و پەرستشەوە و یاساکانی دەتوانن پاساوهێنەوەی بوون و بەدواداهاتەکانی بن.

لێرەش "تۆی ئەڤین" خەریکە ڕاز و پرسیارەکانی دازاین دەکاتەوە، ئەمەش دازاین خۆی گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە کە خۆی "بداتە دەستە ڕازگرەکانت" و ڕازی بوون و زەمانی بۆ بگێڕدرێتەوە، بەڵام ڕەوتی زەمان بۆ دازاینی دەردەخات کە ئەم ڕووگەیە دەبێت پرسیاری لەسەر بکرێتەوە، چوون بوونی ئەویش لەناو بوون و ڕووبەری کراوەدایە و "تۆ" داهێنەری بوون نییە.؛ "ڕێگاکان بەداڵانی تاریکیدا شۆڕ دەبنەوە/ هەق ڕەشماڵی سەرکەوتووانە/ مێژووش ئاوێنەی دەسەڵات./ بۆ هەر پەیامێک بەخەون دەست پێدەکات کەچی بەخوێنباران تەواو دەبێت؟/ چەند پەیامەکانی ئاسمان و زەمین پێک دەچن! بۆ تا ئێستە زەمین دیلی ئاسمانە؟/ڕاستی: سەراب/ بۆ تا ئێستا زەمان تەختی بکوژانە؟/ کە وێنەی لێڵ و سەرەوخواری خۆم ڕواڵەتی بوونمە/ کە بیرچوونەوە ڕووناکترین هەقیقەتە.../ مەرگ تاکە شایەتە و ئێمەش نازانین لە کوێین، ئەمە ئەڤینە، یان ونبوون؟" هەروەکو لەم دێڕانەدا سەرابییەت و زەمەنییەت و کۆتایی بوون باڵی بەسەر ئەم تۆیەی ئەڤینیشدا کێشا و ڕووبەڕووی پرسیاری کردەوە، بۆیە دازاین هەمدیسان لە داڵانەکانی ونبووندا شۆڕ دەبێتەوە و نۆستالۆژیایەک بۆ سەرچاوەی بوونی جەستەییانە و بیۆلۆژیکانەی خۆی، واتە دایکی دێتە ئاراوە؛ "ڕێگاکان بەکۆڵانی ونبووندا شۆڕدەبنەوە/ وەکو جۆگەلە باران لە کەناری هیچدا کوێر

دەبنەوە/ ئەگەر ئێستا لەوێ مانگەشەوە، یان ئەنگوستەچاو، بەیانە، یان شێوان/ بەمن چی!/ من بیری باوەشی دایکم دەکەم/ ... من چیم داوە لەناو و شێوەی بتەکەم/ چیم داوە لە ڕەنگی کفنەکەم/ لە ناسنامەی بکوژەکەم/... من بیری باوەشی دایکم دەکەم. / کوا ئەم کۆچە سەرەتا بوو؟" هەروەکو دیارە لەم قۆناغەی تەمەنی زەینی و ڕوحی دازایندا بە زەخت و ونبوون و شڵەژانێک کە بوون بەسەریدا هێناوە، تووشی نۆستالۆژیای ڕابردوو دەبێتەوە و ئامێزی دایکی دەکاتە پەناگە و وەک لە دەربڕینی شیعریانەی دازاینیشدا دیارە لەم قۆناغە وەکو منداڵێکە کە پەڵپ و وڕک دەگرێت و بە ڕووبەری کراوە کە خۆیشی بەشێکە لەو ڕووبەرە منداڵئاسا دەڵێت: کوا ئەم کۆچە سەرەتا بوو؟ واتە بیانوو لە دەست پێکردنی سەفەر دەگرێت.

ئەپیزۆدی سێیەمیش بە جەمسەر و دەروازەیەکی زەمانی دەست پێدەکات، ئەگەر لە ئەپیزۆدی یەکەمدا جەمسەری زەمان شەو بوو، لێرەدا ڕۆژە، کە وەک دەردەکەوێت لەم دوو ئەپیزۆدەدا ئەلسێئیا لەنێوان شەو و ڕۆژ، تاریکی و ڕووناکی لە سووڕدایە و دەکرێت هەر کام لەم حاڵەتانە ڕێگە و دەربیجەیەک بۆ ناسین و درکی ئەوی دی بکەنەوە. "ڕۆژەکان ڕەت دەبن و تەمێکی پەمەیی وەک سێبەر دامدەپۆشێت/ شەو بەسەر دەستمدا دەچەمێتەوە. / تاریکی سنووری خۆی دەبەزێنێت،/ ڕۆژەکان بۆشایی نێوان من و بوون پڕ دەکەنەوە/.. من لەودیو تاریکییەوە چاو دەگێڕم.../ئەو ڕازانە دەخوێنمەوە کە خۆڵ و ئاو و هەتاو لەسەر هەڵچوونی درەخت، تینووێتی/ لەسەر گەڵا دەینووسنەوە/ لەودیو چاکە و گوناهەوە خولیاکانی جەستە دەلاوێنمەوە/ بەبۆشاییدا دەڕوانم/ ... پەنا دەبەم بۆ کیمیای شتەکان کە بە خۆم نامۆ دەکەن. / من خۆمم و خۆشم نیم/ شتەکانیش تەنیا وێنەی کاڵ و بەخۆ نەچووی خۆیانن" ئەمە سەرەتای نیهیلیزم و پووچی و بۆشایەتییە لە درێژەی ئەزموونی دازایندا؛ " من چرایەکی تاریک و پشکۆیەکی سەهۆڵینم، تاوێرێکی نەرم و هەورێکی ڕەقهەڵاتوو، تەرمێکی گەڕۆکم تەنراوم بە نەفرەتی خودا و پەشیمانی،/ بە مەترسییەکەوە کە لە ژیان سەرچاوە دەگرێت." دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ پرسیارگەلێک کە پەیام و مانای جیاوازیان پێیە؛" سەر لەنوێ دەگەڕێمەوە بۆ پەنایەکانی ڕوح، کە پڕن لە گومان و حەسرەت، پڕن لە پڕی و بۆشایی، مەودای نێوان خۆم و ئاییندە بە پرسیار دەتەنم/ من کێم؟ لە کوێڕا هاتووم؟ کوا سنوورەکانی نێوان بوون و نەبوونم داپۆشیوە. / من چیم؟ کە ئەم بۆشاییەم پڕ کردۆتەوە و سێبەرەکەم ڕواڵەتی بوونمە!/ چۆن ڕێم کەوتۆتە ناو ئەم قووڵاییە" هەروەکو دیارە پەیامی ئەم پرسیارانە کە هەندێکیان پێشتریش کراون جیاوازە و تێمێکی پووچ خوازانەی تێدایە، وەک بڵێی دازاین دوای ماوەیەک تێپەڕاندنی سەفەرەکەی و ئەزموونی ئاڵۆز و پێچەڵپێچی، لە پڕێکدا کەوتۆتە سەرخۆ و هەڵوێستە و ڕامانێکی قووڵتری کردووە و هەستێک لە سووک بوون و بابراوی دایدەگرێت. ؛ " هەڵەبوو، یان سیستمی تەبایی دژەکان، ڕێکەوت بوو، یان سزا: سزای خوێندنەوەی تاریکی و پڕکردنەوەی بۆشایی، ... سزای گوناهی باوەش لێکدانی من و خەون. / ئەمە ڕێکەوتە، یان زەروورەت؟" ئەگەرچی ئەم وشانە جۆرێک بانگەشەی ئیمان و باوەڕیان تێدایە و دازاین پانتایی ڕووبەری کراوەی دابەزاندووە بۆ یەک ڕووبەر و ڕەهەند کە ئەویش ئاسمانە؛ " من عەوداڵی فڕینم، فەزام سەردابە و... وێڵی ڕووناکی و ڕەهابوونی ڕوحم"، بەڵام ئەم باوەڕە بە ئاسمان باوەڕیشە بە زەمین، ئیمان بە مەرگ و ماهییەتی مەرگ، ئیمان و باوەڕێکی قووڵیشە بە ژیان و لێرەدایە کەسێ ڕووبەر لە ڕووبەرە چوارینەکانی هایدگەر دەردەکەوێت؛ واتە ئاسمان، زەمین، فانییەکان، ئەگەر درێژەی شیعرەکە بگرین ڕووبەری چوارەمیش کە خودایە دەردەکەوێت و بە دەربڕینێکی سکاڵا ئامێزەوە بوونی ڕەنگ دەداتەوە و "تۆ" یەک دێنێتە ئاراوە کە بانگی خودای دەکات؛ " مردن هات و تۆ نەهاتی،/دەشێت من لە ونبوون و چاوەڕوانیدا بەند بم، بەندی گومان، بەندی گوناه و پەشیمانی، بەندی پەیڤە بێدەنگ و ماناکان، یان بەندی تەنیایی و خەیاڵاتی خۆم." ئەم دۆخە کە بەم وشانە نیگار کراوە دەتوانین بەقۆناغی "نیهیلیزمی متافیزیکی" ناوزەدی بکەین کە بە جۆرێکی سۆفیانە و عەبدانە، گلەیی لە بوونێک دەکات کە خراوەتە ناوی و تاسەی دووری و هیجرانی خۆی لە خودا دەردەخات، بەڵام ئەمەش شتێکی تێپەڕ و کاتییە و پرسیار و گومانی دازاین کۆتایی بۆ نییە، بۆیە دەست بە داوێنی میتۆلۆژیا و خودایەکی

ئووستوورەیی یۆنانی کەونارا دەبێت کە ناوی سیبیلە و خودا و ئیلاهەی پێشگۆیی و پێشبینییە؛ " سیبیل! ئەمە پێشبینییە، یان ڕاستی؟/ سەرەتایە، یان کۆتایی؟ کە من نازانم لە کوێم!/ بۆشاییەک بەجێ دێڵم قووڵاییەک لەسەر ڕێمە/ قووڵاییەک دەکەمە شوێن بۆشاییەک چاوەڕێمە/ کەچی..." لێرە بەدواوە وەگێڕ هەندێ میتافۆر، یان خوازە دەخاتەڕوو کە بەدەرن لە سروشت و هەناوی بنەڕەتی "بوون"، بەڵکو دەسکرد و سازێندراوی هێزگەلێکە کە گوتار و مانیفێستی جۆربەجۆر دەیخەنە بەردەمی تاکەکانی کۆمەڵگا و زۆربەی کات لە سروشت و حەقیقەتی بوون دایاندەبڕن، بۆ نموونە "با" و "شەو" لێرەدا مانای چەشنێک هێز و هەیمەنە و دەسەڵاتە کە بەسەر دازایندا دەسەپێت ؛ " لە ئێوارەوە "با" دوام کەوتووە/ "با" یاری بە سێبەرە باراناوییەکەم دەکات/ شەویش باڵای خۆی وەک ئاوێنەیەکی لێڵ لە ڕوومدا ڕاگرتووە.../ یادەکان تێکەڵاوی یادەکان دەبن، زەمان تێکەڵاوی زەمان، دیمەنەکانیش برووسکەئاسا تێدەپەڕن....گەڵەسەگێک کە بەوەڕین شەو دەپشکنن/ یاری بە شۆڕە لقی درەختەکان دەکەن و بۆن بە تریفەوە دەکەن.../ من بۆ لێرەم؟/ بۆ «با» بەرۆکم بەرنادات؟/ کوردێلا! ئەگەر ژەهراوت هێناوە بێنە بینۆشم/ ئەمە زیندەخەونە، یان ڕاستی کە من نازانم بۆ لێرەم.../کوا ئەمە پیشەی منە؟/ کوا ئەمە جێگەی منە؟" وەکو باسمان کرد، دازاین لە ئەڵمانیدا بە واتای "لە وێندەرێ بوون" دێت و ئەم زاراوەیە هەڵگری یەکەم بیرۆکە و تاقانە گریمانەیەکە لەهەمبەر "بوون" دا ئەویش بەو واتایەیە کە پێش مەرجی "بوون" لەوێندەرێ بوونە، لە ئێستای شیعرەکەدا دازاین شەکەتیی پێوەدیارە و بۆنو بەرامەی نیهیلیزمی هێشتا لێ نەڕەویوەتەوە، بۆیە دووجار پرسیار لە جێگە و "ئەمێندەرێ بوون" کە مەبەست هەر هەمان لەوێندەرێ بوونە، دەکات، من بۆ لێرەم؟ کوا ئەمە جێگەی منە؟ ئەم هەڵچوون و داچوونە دازاین بە باوەڕێکی ڕەها ناگەیەنێت و بوار بۆ خواستێکی پۆزیتیڤیستیانە و یەقینی کە لە ناخیایەتی ناکاتەوە، بۆیە بڕیار دەدات؛ " کوا ئەمە شێوەی منە؟ کوا ئەمە ڕێگای منە؟/ با ڕێگام بەرەو هەر گۆشەیەکی دنیا بێت/ تەرمەکەم خۆڵەمێش و گۆڕەکەم دەریا بێت." ئەم دێڕانە کە کۆتایی ئەپیزۆدی سێیەمن، تێهەڵچوونەوە و نۆژەنبوونەوەیەک لە وەگێڕ دەخاتەڕوو و خواستی تێکەڵبوونەوە و ڕژانە ناو ڕووبەری کراوە، لە قەوارەی میتافۆری دەریا و خۆڵەمێشدا شەپۆلان دەدا.

ئەپیزۆدی چوارەم و کۆتایی وەکو باقی ئەپیزۆدەکانی تر بەزایەڵەی زەمانەوە دەست پێدەکات، بوونی ئەم هێما زەمانییانە لە سەرەتا و دێڕی سەرەتای سێ ئەپیزۆدی کۆتایی و پێشتر لە دووتوێی ئەپیزۆدی یەکەمدا بەشێوەکی ڕاشکاوانە و لە قەوارەی پێکهاتدا، زەمان بە ڕەهەندێکی بەرین لە بوونایەتی دازاین و وەگێڕ دەزانێت. لە سەرەتای ئەم بەشەدا و دواتر لە درێژەشدا گۆڕانێک دێتەبەرچاو، کە دازاین لەناو سرەوتن و هێورییەکی سۆفیانەدا دادەسەکنێت، تەنانەت وشەی شەو کە هێمایە بۆ زەمان لەگەڵ وشەی بخووردا لێکدراون و تێکەڵ کراون، کە واتای ئەوە دەگەیەنێت دازاین ماهییەت و چییەتییەکی بۆ زەمان دۆزیوەتەوە.

"بخووره شەوێک، دارستانێک لە ئەستێرە/ کە لەقووڵایی سامالدا وەک پاپۆڕ مەلە دەکات/ تەختەخەوێک لە تریفە و زەردەگەڵا کە بۆنی جەستەی گرتووە/ ڕاکشاوم لەناو سرەوتندا بێباک وەک تەرم،"... لەم بەشەدا گۆڕان بە زەقی دەرکەوتووە و زایەڵە و وێنەکان و مێتافۆرەکانی ئەم بەشە بەتەواوەتی لە بەشەکانی پێش جیاوازن. ؛"گژەبا لەگەڵ خۆی گەڵا وەریوەکان و شەپۆلی تاریکی دەشڵەژێنێت/ ڕازەکان و پاشماوەی یادەکان دەورووژێنێت./ شەوێکی ئاوێنەبەندە، شتەکان سەرمەستی درەوشانەوەن.../ شەو بەلەمێکی سرەوتگرتووە و منیش لەناویدا/ وەک ماسیگرێکی ماندوو لەسەر پشت ڕاکشاوم/ خەونەکان دێن و بەخێرایی لە کوڵانی بێداریدا ون دەبن/ ئاخۆ زەمان خەونئاسا ئاواڵەیە، یان وێنەی بێداری تەنراو/ سەفەرەکەم سەرەتایە، یان کۆتایی؟" لەم بەشەدا ماهییەت و پەیامی ئەم پرسیارانە لە هێمنی و سرەوتنەوە دێت نەک شڵەژان و گومانەوە، ئەو دەیەوێت بزانێت ئەم سەفەرە چەندی ماوە کە ئەو لە بێدارییەکەیدا خەونەکانی ببینێت و بیهۆنێتەوە. ؛" گژەبا یاری بە ڕەنگەکان دەکات و چەند گەڵایەک لەسەر جەستەم بەجێدێڵێت/ دیمەنەکان لە تافی درەوشانەوەیاندا، دەڵێی دەچنە ژوان/ بەپرتاو ڕەت دەبن: منداڵیم کە وەک نەناسێک بۆم دەڕوانێت/ مردن، کە بەنێو شەپۆلەکاندا دێت/ نیوەی شەوین/

نیوەی وەک تریفەزیوین". لەم دێڕانەدا مەرگ کە بەردەوام مۆتەکەی فەناکەر و کۆتاییهێنی دازاین بوو، لێرەدا جێگەی خۆی وەردەگرێت و مانایەکی ئەرێنی و سرەوت ئاسا بەخۆی دەگرێت، هەرچەند هۆکاری ئەمەش ڕەنگە لەدوا ڕستەی هایدگەردا ببینینەوە کە گوتبووی: مەگەر لەئەنجامدا خودایەک بە هانامانەوە بێت. لە تێڕوانینی هایدگەردا مردن یەکێکە لە تواناییەکانی دازاین و ئەوەی کە دازاین دەمرێت خۆی شتێکی ئەرێنییە و مردن (نەک مەرگ) هیچ کات یەکێک نییە لە کێشە چارە نەکراوەکانی مرۆڤ.

لەم بەشەی شیعردا وا دەردەکەوێت کە خودا بەهانای دازاینەوە چووە و لە درێژەشدا هەر ئەم تێم و مانایە بەردەوامە؛ " ڕۆژە سیما پاییزییەکان، کە لە شەقامی نەهاتدا بێ شوێنەوار ون دەبن/ ڕوخساری دۆستێکی دێرین: ئەبەدییەت،/ کە لە فەزای ئەندێشەدا خەرمانەی داوە." و ئێستا کە لە درێژەدا دیسان بەشێوازێکی زەقتر دۆزینەوە و ئەلسێئیای خوا بۆ دازاین دەسەلمێت، تەنانەت حاشا لەگومان و پرسیارگەلێک دەکات کە لە سەرەتای تەمەنییەوە گەلاڵەی کردبوون و تەنانەت لێرەدا بە هاوردنەوەی دێڕەشیعرێکی مەولانا خالیدی نەقشبەندی(١٧) عارف و سۆفی کورد بەندایەتی و عەبدایەتی خۆی بۆ خودا دەردەخات.؛" من چۆن بەسەر ئەم ڕێکەوتەدا کەوتم؟/ لەکوێ ساتە کورتەکانی ئازادیم ون کرد؟/ چۆن لە سۆراخی خەون و مەحاڵدا/ بوومە سەرحەڵقەی گوناهکاران؟ چۆن هەقیقەتم گۆڕییەوە بەگومان؟/ خۆت ڕووت کەوە! تا لەبەر ئاوێنەی جەستەتدا ڕوح ببینم،/ خۆت ڕووت کەوە!/ من لە ڕوونیدا پێدەگەم، لە ڕوونیدا ڕادەبمەوە". دێڕی" خۆت ڕووت کەوە!" ئەگەر لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژە و هێمایەک بوو بە ئەڤین و عەشقێکی زەمینی لێرەدا ئاماژەیە بە خۆشەویستییەکی ئاسمانی و ژووره زەمینی، کە سەرچاوەی ڕووناکییە و دەبێتە هۆی پێگەیین و ڕابوونی دازاین. " لە سۆراخی پارچەکانمدا بێ ئاگا دەڕژێمە ناو تەوژمی ڕووناکییەوە./ تۆ وەرزێکت داهێنا بۆ پرسین و سەفەر، پەیڤینت پێشنیاری خەون و ئازادی بوو./ بدوێ! تا شتەکان درەوشانەوەی خۆیان دەربخەن،/ تا لەسەر لووتکەی بێ کۆتایی بتبینین و ڕاستی وەک مەشخەڵ هەڵببرین..../ بدوێ تا ژیان بێتە پەیڤین./ ئیدی لەکوێ بۆت بگەڕێم؟/ خۆتیت جەوهەری شتەکان/ خۆتیت سەرەتا و کۆتایی،/ مانای بوون و مان و زەمان.../ خۆت زەروورەت، جەبری ڕێکەوت بەتۆوە ژیانە، ژیان./ ئەم ڕستە و دێڕانە لە دۆزینەوە و کەشف و شهوودێک هەڵدەقوڵێن و مانایەکی کۆتایی و هەتاهەتایی بۆ حەقیقەت بینراوەتەوە، ئەگەرچی هەر لەم بەشەدا دێڕگەل و ڕستەگەلێک کە لە قۆناغی ئەویندا دەربڕابوون، لێرەش و بۆ نموونە لەو دێڕانەی کە ئێستا دێمە سەریان دووپات دەبێتەوە، بەڵام واتایەکی زەمینی بەو وشانە ناهێڵێتەوە و لە ڕووی ئیستێتیکا و جوانیناسییەوە، شتێکی ئەفسووناوییە کە لە ڕێگەی میتافۆرێکی زەمینییەوە تەعبیر لەبوونێکی ئاسمانی و دەرەزەمینی بکرێت، واتە ڕێگەی گەیشتن بە ئاسمان لە زەمینەوە دەست پێ بکەی. " باسکم وێنەی دوو لقە ڕووناکی/ بەرەو ڕووت هەڵدەبرم./ تۆ سپێدەیت لە شێواندا/ درەوشانەوەی حەقیقەتیت لە گوماندا/ لەتۆدا ماناکان یەکتری تەواو دەکەن/ وەکو شەپۆل یەکتری دەسڕنەوە/ ئایینەکان بەیەک دەگەن/ دژەکان تەبا دەبنەوە." وەکو دیارە ئەم "تۆ"یە لێرەدا "تۆ" یەکی جیاواز و میتافیزیکێکی دەرەزەمینییە و لەو تۆیەدایە کە ڕووبەری کراوە هەموو پانتایی خوی دەگوشرێت و دەگوشرێت تا تەنکتر بێتەوە بۆ دازاین، تا بیکات بە ڕووبەرە چوارینەکان و لە ڕووبەرە چوارینەکانیشدا کە بریتین لە زەمین، ئاسمان، فانییەکان (مرۆڤ، یان دازاین) و خودا، بە یەکێتی و یەکانگیرییەک بگات کە هەمووی لە میتافۆری "تۆ"یەکی ئەفسووناوی و ڕازاویدا چڕ دەبێتەوە.

درک و تێگەیشتنی دازاین لەم یەکێتی و هاوتەباییەی "بوون" کە تەنانەت دژەکانیش تەبا بوونەتەوە، ڕێبازێک و ڕێگایەک دەخاتە بەردەمی دازاین کە زۆر جیاوازترە لە ڕێگا گوماناوی و دواتر یەقین خوازەکانی پێشوو. با بزانین لە کۆتایی شیعرەکەدا و بەو پێناسە و تێگەیشتنەی کە دازاین لەو "تۆ"یە چڕ و تەژییە دەیکات، دازاین چی بەسەر دێت. ؛" تۆ لە دایکبوونێکی دیکەیت شێوەی غەیبت گرتووە/ منیش لەسەردەمێکی دیکەدا وەک زارۆکێک بۆ باوەشت هاتوومەوە./ وەنەوشەیین پەڵە شەونماوییەکانی ڕووم/ هەتاو گرن نسارەکانی دڵ./ هاتوومەوە لە خەڵوەتدا سۆز دەکەم و

لەبەر چۆڕاوگەی ڕووناکیتدا دادەگیرسێم و ناسووتێم،/ دەسووتێم و وەکو قەقنەس جارێکی دی ڕادەبمەوە/ بەدەم ژانی سووتان و شەکەتیی بەرزە فڕییەوە/ لە فەزای تۆ دا سۆز دەکەم.../ تۆ وەک زەمان بێ سەرەتا و بێ کۆتاییت/ وەک ڕووناکی بێ شێوازیت.../ بەمن چی سەرەتا گوڵ بووبێت، یان هەوا.../ سەرەتای من: لەگەڵ تۆدا دەست پێدەکات/ سەرەتای من: لەودیو تۆوە تەواو دەبێت." ئەم کۆتاییەی کە دازاین وەکو ڕێگە و ڕێباز بانگەشەی چی بۆ دەکات، هەمان باوەڕ و ئیمان و میتافیزیکی خۆرهەڵاتییە، کە هایدگەر بەرەو بوودا و دائۆ و ڕێبازی زێن(١٨) ڕاکێشا، چڕ بوونەوە و یەکانگیری بوون لە"تۆ" دا. کە خەون و واقیعی ڕۆژهەڵات بووە بە گشتی، سەرزەمینی شیعر و سۆفیگەری و قەقنەس و ئەفسانە. ڕەنگە ئەم شیعرە دوا وتەکەی هایدگەر «لە چاوەڕوانی خودایەکدا کە دەبوایە بە هانامانەوە بێت»، هاوردبێتە دی، هەر بۆیەشە لێکۆڵەران هایدگەر بەدوایەمین میتافیزیکخوازی ڕۆژئاوایی ناوزەد کرد و برایان مەگیش بەشتێکی "پێش مەزهەبی" ناوی لێدەبات.

**پەراوێزەکان:**

**١٣- نێرڤانا، دوایەمین قۆناغی عیرفانی بوودابیە و لە عیرفانی ئیسلامیدا هاوواتای پلەی کەمال دێت. نێرڤانا بە واتای (ڕزگار بوو) دێت.**

**١٤- ئاماژەیە بە شیعری سۆفی و عارفێکی کورد کە ناوەکەیم لەبیر نییە.**

**١٥- واتە نا زەمانی دەبێتە پێوەری پێشڤەچوون لەناو زەماندا.**

**١٦- چەمک و تیۆرێکی دەروونناس و وەک دەڵێن فەیلەسووفی سویسری کارل یۆنگ کە بە واتای پێکهاتەگەل و ڕۆنراوگەلی کۆیی بیچم گرتوو لە بەستێنی مێژوودا.**

**١٧- «من کە سەر حەڵقەی گوناهکارانم- سەرتۆقی جەرگەی شەرمەسارانم**

**سەرتاپا غەریقی لوجەجەی عوسیانم- سفتەی نائیرەی نار حیرمانم».**

**١٨- ڕێبازێکی فەلسەفی، یان عیرفانی کە یەکێکە لە ڕێبازەکانی لقی مەهیانەی ئایینی بوودا، وەکو نەریتیش دەڵێن: بریتییە لە کردار و ئەزموونگەلی سۆفییەکی پارێزگار بەناوی (بۆدی دارمایە).**


**ژێدەرەکان:**

**١- هایدگر- جف کالینز، هاوارد سلینا- ترجمە صالح نجفی.**

**٢- شعر، زبان و اندیشەی رهایی، مارتین هایدگر- ترجمە: د.عباس منوچهری.**

**٣- اگزیستانسیالیسم و اصالت بشر، ژان پل سارتر، ترجمەی مصطفی رحیمی.**

**٤- مردان اندیشە، برایان مگی، ترجمە: عزت الله فولادوند.**

**٥- هایدگر و شاعران، ورونیک، م، فوتی، ترجمەی عبدالعلی دست غیب.**

**٦- بە تەنیا جێی مەهێڵن، سەرجەمی شیعرەکانی ڕەفیق سابیر.**

**٧- تا ماتەمی گوڵ تا خوێنی فریشتە، بەرهەمە شیعرییەکان- بەختیار عەلی.**

**٨- ئۆنتۆلۆژی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ، پرۆفیسۆر محەمەد کەماڵ.**

**٩- خوێنەری کوشندە، بەختیار عەلی.**

**١٠- زەوی سەخت و ئاسمان دوور، مارف ئاغایی.**

**١١- ژمارەیەک ڕۆژنامەی ئێران.**

# ئوستووره
# لە خوێندنەوەی بەیتی مەم و زین-دا

**هادی حەبیبی**
**(بۆکان)**

زۆر جار ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە بۆچی زۆربەی نەتەوەکان بەبێ ئەوەی شارەزاییەکی تەواو، یان ڕاستەوخۆیان لە مێژووی ڕابردوویان هەبێ، شانازی پێوەدەکەن و بنچینەی فەرهەنگ و ئەدەبی ڕابردوویان بە بنچینەیەکی پشت ئەستوور و کاریگەر لەسەر داهاتووی خۆیان دەزانن؟

ئەمە پرسیارێکە ڕەنگە لە سەرجەم بابەتی وتارەکەدا تا ڕادەیەک بە وەڵامەکەی بگەین. ئەوەی ئاشکرایە مرۆڤی ئەم سەردەمە بە هۆی پێوەرگەلێک وەک "کات" و "شوێن" و "تەمەن" و زۆر شتی تر ئاگای لە ژیانی ڕاستەوخۆی مرۆڤی سەدساڵ بەر لە خۆی نییە و زۆرجار تەنیا خەیاڵێکی سەبارەت بە بارودۆخی ژیانی ئەو مرۆڤە لە زەیندایە.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر پێویستمان بە پێناسەکردنی ئەدەبیاتی زارەکی هەیە. سەرەتا ئەدەبیاتی زارەکی دەتوانێ دەستەواژەیەکی هەمەلایەنە بێت بۆ سوننەتی زارەکی و فەرهەنگی ڕەشۆکی و شیعری ڕەشۆکی، بەڵام سوننەتی زارەکی - وەک بنەڕەتی ئەو دوو بەشەی تر- بەو دیاردانە دەگوترێ کە ڕیشەی لە فەرهەنگی کۆنی نەتەوەکەدا هەیە و سنگاوسنگ لە ڕابردووەوە بە ئێستا و لە ئێستاوە بە داهاتوو دەگا و بێ گومان گرنگترین بەشی ئەدەبیاتی زارەکیشە. ئەوەی لەم وتارەشدا جەختی لەسەر دەکرێ، ڕوونکردنەوەی زیاتری سوننەتی زارەکی و کاریگەرییەکانی لەسەر فەرهەنگ و شیعری ڕەشۆکییە. مێژووی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا دەسەلمێنێ کە گرنگترین بەشی ئەدەبیاتی زارەکی بەلای ئەوانەوە، سوننەتی زارەکی بووە، کە لە قاڵبی کۆمەڵێک باوەڕ و مەزهەب و ئوستووره و فۆلکلۆردا خۆی نواندووە، هەر بۆیە مەترسی لە ناوچوونی ئەم بەشە، ڕۆژئاواییەکانی هان داوە هەر لە کۆتایی سەدەی هەژدە بەم لاوە، خەریکی پێشەکی دارشتن بن و لە سەدەی نۆزدەدا هەوڵێکی بەرچاو و کەم وێنە بۆ پاراستنی سوننەتی زارەکی بەرێوەبەرن.

"کات" لە سوننەتی زارەکیدا دەورێکی سەرەکی دەگێڕێ و کاریگەری خۆی لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا و لە ئێستاوە بۆ داهاتوو دەپارێزێ. لە دروست بوونی ئەم سوننەتانەشدا - هەرچەند لە بەستێنی زارەکی بوونەوە بێتە بەستێنی نووسراوەیی - دیسان شاکاری تاکەکەسی شوێن پەنجەی پێشینیانی بە باشی پێوە دیارە. ئوستووره وەک بەشێکی بنەڕەتی سوننەتی زارەکی، لە ئاساییترین پێناسەدا بە مانای: «چیرۆکێکە لە مەڕ خودا، یان بوونەوەرێکی میتافیزیک. قارەمانی ئوستووره گەلێک جار مرۆڤێکی خودا ئاسایە و گەلێک جار دەسەڵاتدارێکە

به دەسەڵاتێکی خوداییەوە»(١).

ڕەنگە ئەم پێناسەیە بە تەواوی لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی حەماسی یۆناندا بێ. لە ئوستوورەی (ئەو یەکەی بوو بە دوو)ی کۆڕی ئەفلاتووندا هاتووە کە خوداکان لە دەسەڵاتی هەوەڵێن مرۆڤەکان ترساون، لەبەر ئەوەی ئەو مرۆڤانە زۆر بە دەسەڵات بوون و توانیویانە هێرش بۆ خوداکان بەرن، ئاسمانەکان هەڵدڕن، تەنانەت خوداکان بە دیل بگرن، خوداکانیش تێداماون کە ئەگەر بێتو ئەو مرۆڤانە بە هەورە تریشقە بکوژن، ئیتر مرۆڤێک نامێنێتەوە کە ئەوان بپەرستێ و ئەوانیش لەبەر ئەوەی کەس نییە بیانپەرستێ، لە بەین دەچن(٢). ئەم ئوستوورەیە ناڕاستەوخۆ دەیسەلمێنێ کە خوداکان و مرۆڤەکان پێویستیان بە بوونی یەکتر هەبووە. لە حاڵێکدا لە ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا ئەم شێوە باوەڕە، زۆر لایەنگری نەبووە و خودا - بە پێچەوانەی یۆنانییەکان - وەک دەسەڵاتدارێکی هەمیشەیی و ڕەها چاو لێکراوە. جیا لە پێناسە جۆراوجۆرەکانی ئوستوورە، لە ڕیشەی یۆنانییەوە ئوستوورە (mythos) بە مانای چیرۆک و گێڕانەوە (روایت)یە. بە وتەیەکی تر ئوستوورە پێکهاتەی گێڕانەوەی بەرهەمی ئەدەبییە. ئوستوورە لە ڕاستیدا دەبێتە هۆی پێوەندی گێڕانەوە لەگەڵ مانا. دەکرێ بڵێین چەشنێک بوون بە باوەڕ و مەزهەب و بەگشتی ئەو شتەی وەک بۆچوونێک لە زەیندا ماوەتەوە، دەبەخشێ. لە ڕەخنەی ئەدەبی مۆدێرندا مەزهەب، یان باوەڕ- کە شتێکی زەینییە - کاتێ وەک ئوستوورە دێتە قالبی قسەوە، ئیتر مانای پێ دەبەخشرێ و لەو ڕێگەیەوە دەبێتە هۆی پێوەندی نێوان خەڵکی کۆمەڵگە. ئوستوورە زۆجار چیرۆکێکی ئاشقانەیە، زۆرجاریش حەماسی، یان تێکەڵێک لە هەردووکیانە. ڕۆلان بارت کە پێ بە پێی فوکو و دریدا سیاسەتی ڕازسڕینەوە، یان ئوستوورە سڕینەوەی ڕەچاو کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا پێی وایە ئوستوورە وەک تایبەتمەندییەک بەپێی بارودۆخی تایبەتی کۆمەڵگە دروست بووە. بەو پێیە ناکرێ چاوپۆشی لەو هەموو کاریگەرییەی ئوستوورە لەسەر ئەدەبیاتی زۆربەی نەتەوەکان بکرێ. نەتەوەی کوردیش لە ئەدەبی کۆن و پڕ بایەخی خۆیدا، زۆرجار کاریگەری ڕاستەوخۆی لە ئوستوورە وەرگرتووە و ئەو کاریگەرییە وەک بەیت و باو - لە زمان بەیتوێژەکان - و وەک تەلمیح - لە زمان شاعیرانی ئێمەوە - خۆی نیشان داوە. لە ئەدەبی فارسیشدا غەزەلەکانی حافز پڕاوپڕی ئوستوورەن.

بۆ نموونە لە چیرۆکی (مهر و وەفا)دا برایم پاشا دەسەڵاتداری مەغریبە، کوڕێکی هەیە بە ناوی وەفا، وەزیری برایم پاشا، واتا حەسەن، کچێکی هەیە بە ناوی مێهر.

مێهر و وەفا لە سەرەتای منداڵییەوە پێکەوەن. مێهر کچایەتی خۆی لە وەفا دەشارێتەوە و جلوبەرگی کوڕانە لەبەر دەکا. ڕۆژێک بە وەفا دەڵێ ئێمە یەکترمان خۆش دەوێ، وا چاکە لە ئاوی پیرۆز (چشمه مقدس)دا خۆمان بشۆین و لە خودامان بوێ یەکمان بکاتە کچ و ببێتە ژنی ئەوی دیکەمان. وەفا بە قسەی دەکا و لە ئاوی پیرۆزدا خۆیان دەشۆن، مێهر هاوار دەکا خودا دوعاکەی قەبووڵ کردین و من بوومەتە کچ. وەفا ئەوەندەی تر ئاشقی مێهر دەبێ و داوای دەکا، بەڵام برایم پاشای بابی بەربەرەکانی دەکا و وەفا لە مێهر هەڵدەبڕێ و دەیبا بۆ سەفەر. حەسەن خانی وەزیر بە دەرفەتی دەزانێ و وێنەی مێهر دەخاتە سەندووقێکەوە و دەیدا بە دەم ئاودا، بۆوەی بە دەست پاشا، یان دەسەڵاتدارێک بگا و بێ بۆ داواکاری مێهر. سەندووقەکە بە دەست مەلیک شوجاع دەسەڵاتداری فەرەنگستان دەگا و مێهر بە زەبری زۆر و پووڵ لە بابی دەستێنێ. وەفا هەر بە گەڕانەوەی بە شوێن مێهردا هەڵوەدا دەبێ، مێهر کە دڵنیایە وەفا بە شوێنیدا دێ؛ ڕازی دڵی خۆی لە غەریبایەتی بۆ پیرێژنێک دەگێڕێتەوە و ناوونیشانی وەفای پێ دەدا. پیرێژنە، وەفا دەبینێ و چیرۆکی دیداری مێهری بۆ دەگێڕێتەوە، وەفا کە بەبێ ئیزنی دایکی بە شوێن مێهردا هاتووە، بە دوعای دایکی وای بەسەردێ مێهر نایناسێتەوە و پشتی تێدەکا. دایکی وەفا ئەم پەرێشانییە بە خەون دەبینێ و دوعا دەکا وەفا وای لێ بێ، مێهر بیناسێتەوە. دوعای دایکی گیرا دەبێ و مێهر وەفا دەناسێتەوە. شەوی زاوا و بووکێنی مێهر و مەلیک شوجاع، مێهر دەپاڕێتەوە دەستی لێ هەڵگرێ و ئازادی بکا. مەلیک شوجاع بە قسەی ناکا و مێهر دڵی دەشکێ. شەو کە مەلیک شوجاع دەچێتە پاڵی، مێهر بە چەقۆ ورگی دەدڕێ و بە تاوانی کوشتنی شا، دەکەوێتە بەندیخانەوە. وەزیرەکانی مەلیک شوجاع پێیان عار دەبێ بیکوژنەوە، بە پووڵێکی زۆر دەیفرۆشن بە پادشایەکی دیکە، مێهر حەوت پادشا بەم شێوەیە دەکوژێ و وەفاش وڵات بە وڵات بە شوێنیدا وێڵ دەبێ هەتا بە یارمەتی لەشکری موسڵمانەکان ڕزگاریان دێت و

دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، ئینجا لێک مارە دەکرێن و بە ئاوات دەگەن. ئەمە کورتەیەک لەم چیرۆکە بوو کە حافز لە چەند شوێنی جیاوازدا وەک جوانکارییەکی ئەدەبی ڕاستەوخۆ ئاماژەی پێ دەکا:

**جز این قدر نتوان گفت در جمال تو عیب**
**که وضع مهر و وفا نیست روی زیبا را**

یان:

**ما قصەی سکندر و دارا نخواندەایم**
**از ما به جز حکایت مهر و وفا مپرس**

چاوپۆشی لەو ڕاستەقینەیە ناکرێ کە زۆربەی ئوستوورەکان لەنێو نەتەوەکاندا هاو ڕیشەن و زۆرجار تەنیا قارەمان، یان کەسایەتی چیرۆکەکان دەگۆڕدرێن. بۆ نموونە چیرۆکی "مێهر و وەفا" بە باوەڕی زۆرێک لە نووسەرانی ئەدەبی فارسی، بە قەڵەمی (ئەبوو محەممەد ڕەشید)ی شاعیری هاوچەرخی مەسعوودی سەعد سەلمان بووەتە شیعر، بێ ئەوەی سەرچاوەیەک لەو شیعرە هەبێ. لە دوای حافزیش چەند شاعیری تر ئەم چیرۆکەیان کردووەتە نەزم، بەڵام لەو چەرخەی حافز تێیدا ژیاوە؛ نووسەری کتێبی (تجلّی اسطوره در دیوان حافظ) سەرچاوەیەکی لەم چیرۆکە بە زمانی فارسی وەدەست نەکەوتووە و ڕووی هێناوەتە وەرگێڕاوی کوردی و لە ڕووی وەرگێڕان لە شیعرێکی کوردی، کردوویەتییە فارسی و دوور نییە ئەسڵی ئەم چیرۆکە کوردی بوو بێ. نووسەر خۆی ڕاستەوخۆ ئاماژە بەوە دەکا کە ئەم چیرۆکە لە ڕوانگەی مێژووییەوە؛ چیرۆکی مێهر و وەفای کوردی سەردەمی ئیسلامییە(٣). ئەوە هیچ نەبێ دەسەلمێنێ ئەدەبیاتی کوردی وەک چۆن کاریگەری لە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی تر وەرگرتووە، لانی کەم لە ئاستی زارەکیدا، کاریگەریشی لەسەر ئەدەبیاتی نەتەوەکانی تر داناوە. بەیتی "مەم وزین" لەو بەیتە لەمێژینە و کۆنانەی ئەدەبی کوردییە کە بە بڕوای شاعیری پایەبەرز هێمن، بووەتە سەرچاوەی (مەم و زین) ی بە نرخی شاعیری بەناوبانگ خانی. ئەم چیرۆکە بە زمانی ئەڵمانی، فەڕانسەیی، ڕووسی، تورکی و ئەرمەنی وەرگێڕدراوەتەوە. مەم و زین لەو چیرۆکە بە نرخانەیە کە لە شیعری شاعیرانی ئێمەدا گەلێک جار ئاماژەی پێ کراوە و زۆر کاریگەرانە ڕەنگی داوەتەوە.

ئێستاش چەند وێنەیەکی کۆن و مێژوویی کە وەک بەڵگە، نیشان لە ڕیشەی ئوستوورەیی کوردی لەم بەیتەدایە دەخەینە بەر چاو.

**١- لە دایک بوونی مەم:**

ڕیشەی ئوستوورە هەر لە سەرەتای بەیتەکەوە بە ئاواتی برایم پاشای یەمەن خۆ دەنوێنێ و برایم پاشا بە ئاواتی کوڕ، لە گەڵ وەزیرەکەی دەچنە ماڵی خودا. خودا وەیسەلقەرەنی ماهیدەشتی دەنێرێتە لایان و دوو سێوی پێدا دەنێرێ، فێریان دەکا لەتێک بۆ خۆیان بیخۆن و لەتێک بدەن بە ژنەکەیان، دوای نزیکی کردن لەگەڵ ژنەکەیان، خودا کوڕیان پێ دەدا و بە وەیسەلقەرەنیدا ناویشیان بۆ دیاری دەکا: مەم و بەنگینە. مەم دەبێتە ئەو عاشقە هەڵوەدایە و بەنگینەش خزمەتکارێکی فیداکار و هاوڕێی سەفەری مەم بۆ وڵاتی زینە. کە وایە یەکەم ڕیشەی ئوستوورە، چیرۆکی لە دایک بوونی (مەم)ە. مەم لە دایک بوونێکی ئاسایی نییە و لە سێوی بەهەشت دروست بووە، خودا ناوی ناوە، بە لای کەسوکارییەوە خۆشەویستە، مرۆڤێکی پیرۆزە، کافر بیبینێ ئیمان دەردەبا، نەمادی خێر و خۆشی، پاکی و ئاوەدانییە، لەبەر ئەوەیە پەری ناوێرن بۆ یەکەم چاوپێکەوتنی لەگەڵ زیندا، مەم لە وڵاتەکەی دوورکەنەوە، بێتو دووری کەنەوە و نەیگەڕێننەوە، وڵاتی یەمەن وێران دەبێ، برایم پاشا زگی حەوسەد وەزیر و وەکیلان دەدڕێ، نۆکەر و هەژار لە ڕقی وی تێدا دەچن، پەری لەبەر خۆیانەوە دەڵێن:

**ئەگەر کاکە مەم مان نەگەیاندەوە یەمەنی گەورە و گرانە،**

**ئەگەر بابی دەگەڵ سەلامی نوێژێ نەیبینێ هەموو سبحەینانە،**

**لە کن دایکی سۆراخ نەکا، لە بورجی بەڵەکێ نەکا بەیانە،**

**لایەکی یەمەنێ نوغرۆ دەکا، تەرەفی دیکەی لە دوو دەکا وێرانە،**

**هەڵدەدڕێ زگی حەوسەد وەزیر و وەکیلی کەوڵ بە شانە،**

**دەکوژێتەوە چەن نۆکەر و قەننەداری بەر دەستانە،**
**خولا هەڵناگرێ ببینە باعیسی قەتڵی ئەو موسڵمانانە،**
**دە بلا، ئەمە بچین یایەزینێ بێنینە ئێرەکانە؛**
**بزانین جا کاکە مەم زەریفترە یا یایەزین زێدە جوانە**

پەری، زین دەڕازێننەوە و لە پەنجەرانەوە دەیهێننە دەرێ. لەسەر باڵی خۆیانی دادەنێن، دەیهێننە وڵاتی

یەمەن و لەسەر جێ خەوی مەم رایدەکشێن. زین وەخەبەر دێ و گلەیی لە مەم دەکا کە بۆچی بەبێ ئیزنی ئەو هاتووەتە سەر جێیەکەی. مەم سوێندی بۆ دەخوا لە هیچ ئاگادار نییە:
کاکە مەم دەڵێ:
**خاتوونێ، چاو بەنگییە!**
**بە هەققی ئەو خولایەی بێ شەریکە، هیچ شەریکی لە بۆ نییە!**
**ئەمن نەهاتوومە سەر جێی تۆ بە دزییە!**
**ئێرە ماڵە خۆمە، چ ئاگام لە تۆ نییە**

**٢- پەری و یەکەم چاوپێکەوتنی مەم و زین:**
ئەمە یەکەم چاوپێکەوتنی مەم و زینە، کە بە تەواوی شتێکی نائاسایی و ئوستوورەییە. پەری، زین بۆ مەم دێنن و ئەم دوو ئاشقە بە دیتنی یەک، شێت و شەیدا دەبن. سوێند دەخۆن هەتاهەتایە بۆ یەک بن، بەر لە بەڵێنی ئاشقانەی مەم و زین بە یەکتر، پەری دەپارێننەوە خەو بە سەر ئەو دوو ئاشقەدا بباریێ، مەم و زین خەو دایاندەگرێ، پەری زین دەخەنەوە سەر باڵیان و بە حەوت تەبەقەی ئاسمانێدا دەیگەرێننەوە بۆ جزیرێ. ئەم بەشە لە بەیتەکە خوێنەر وەبیر (ئارتمیس) کچی زیووس و خوشکی ئاپۆلۆن لە خوداکانی یۆنان دەخاتەوە. ئارتمیس لە ولاتێکی کوێستانی و تووشدا دەژی و شەست ئۆقیان - کە بە مانای خودای سەرچاوە و کانی هاتووە - و بیست پەری لەگەڵدایە کە ئەو بیست پەرییە ئاگاداری لێ دەکەن، پەری بە تەواوی لە ژێر حوکمی «ئارتمیس» دان و بێتو لە حوکمی دەرچن، بە دەردی گران گرفتاریان دەکا. باسی لەناوبردنی ئەو دوو دێوەی کە مەبەستیان ئازاری ئارتمیس بوو، بە جوانی لەم چیرۆکەدا باس کراوە(٤).

**٣- بەنگینە، راوێژکار و هاوڕێی مەم:**
لە درێژەی بەیتی مەم و زین-دا رۆڵی بەنگینە زۆر بەرچاوە. بەنگینە خزمەتکاری وەفاداری مەمە، ئەویش وەکو مەم لە سێوی بەهەشت دروست بووە و خودا ناوی ناوە. هێمای وەفاداری و پاکی و ئاوەدانییە. خزمەتکارێکە لە تەواوی ژیانی بە تەواوی مانا تراژیدی مەم-دا، هاوڕێیەتی و بە جێی ناهێڵێ. لە زۆر جێگای بەیتەکەشدا مەم راوێژ لەگەڵ بەنگینەی بەلاوە زۆر گرنگە، چیرۆکی دلداری خۆی یەکەم جار بۆ بەنگینە دەگێڕێتەوە و ڕێی چارەی لێ دەوێ. بەنگینە خوێنەر وەبیر (تمیس) دەخاتەوە. تمیس بە لای یۆنانییەکانەوە خودای دادپەروەرییە. یەکێک لە گرنگترین و کاریگەرترین خوداکانی یۆنانە کە سەرەڕای خراپەکاری براکانی، رۆژ لەگەڵ رۆژ خۆشەویستتر دەبێ، تا ئەو جێگایەی کە (زیووس) لە سەرەتای دەسەڵاتداری خۆیەوە تمیس دەکاتە ژنی خۆی. ئەویش بەم شێوەیە کە مووئرا-کان (خودایانی چارەنووس) تمیس لە ولاتێکی دوورەوە دێننە لای زیووس و زیووسیش بە ژنی قەبووڵی دەکا. تمیس تا ئەو رادەیە لایەنگری دادپەروەری بووە کە دادوەرەکانی سەردەمی ئەو، لەسەر راوێژی ئەو حوکمیان داوە و ناویان ناوە ئۆبۆلۆس (ouboulos) کە بە مانای راوێژکاری باش هاتووە. دواتر لەسەر راوێژی ئەو بوو کە دوای هاتنی باهۆزێکی وێرانکەر، پێشنیاری دا کۆمەڵی خەڵکی لەسەر زەوی سەرلەنوێ زۆر بنەوە. تمیس وەک راوێژکارێکی مەزن بەرپرسایەتی کۆبوونەوە گشتییەکانی کردووە. ئایینی تمیس لە سەرانسەری یۆناندا کاریگەری داناوە و چەند شوێنی جیاوازی پەرستشیان پێ تایبەت داوە، بەگشتی نوێنەری ژنێکی ئازایە کە نیشانەی تایبەتیشی تەرازووە(٥). بەنگینە لە بەیتی مەم و زین-دا ئاوا رۆڵێک دەگێڕێ، کاتێ لەگەڵ مەم بۆ سەفەری ولاتی جزیرێ ساز دەبێ، بەنگینە دڵتەنگ دەبێ و دەگری، بەیتبێژ ئەوەندە شارەزایانە ئەم وێنەیە نیشان دەدا کە خوێنەری بەیتەکە هەست بە غەریبایەتی بەنگینە دەکا، مەم کە بە گریانی بەنگینە دەزانێ، داوای لێ دەکا بگەرێتەوە بۆ ولاتی یەمەن، بەڵام بەنگینە ئەو راوێژکارە وەفادارە ئاوای وەڵام دەداتەوە:
بەنگینە دەڵێ:
**«لە خۆم غەریب و خانەوێرانێ!**
**بە زاتی خولایێ، بە حەققی پێغەمبەری ئاخری زەمانێ!**
**دەستت لێ هەڵناگرم، هەتا میوانی خولام دێنە سەرێ بۆ گیان کێشانێ».**
لە شوێنی تردا وەفاداری و خزمەتکاری خۆی زیاتریش لەوە دەسەلمێنێ، ئەو کاتەی لەشکرەکان لە نیوەی رێگا دەگەرێنەوە و مەم و بەنگینە تەنیا دەمێننەوە. مەم - دوای ئەوەی دیسان گریانی بەنگینە دەبینێ - داوای

لێدەکا بگەڕێتەوە، تەنانەت بە گۆچانی زێڕین لەسەر و بناگـــوێی دەدا، دیســـــان ئەوە بەنگینە و ئەوەش وەلامەکەی:

ئینجا بەنگین دەڵێ:

**«بە خولاتیی! بە لێدانی تۆ ئەمن لە نۆکەری ناکەوم هەتا دەچمە شاری جزیرێ بە سەری ڕووت، بە پێی پێخاوس وەدووت دەکەوم».**

با گوێ شل بکەین لە بەیتبێژ و لەو کاتەی خەبەری سەفەری مەم و بەنگینە بە دایکیان دەگەیەنێ، هەر بە بیستنی ئەم خەبەرە هەردوو دایک شین دەگێڕن، لە خۆ دەدەن، خۆ بە یەخسیر و مل بەکوێن دەزانن، بە تایبەت دایکی مەم دەڵێی بە باشی چارەنووسی کوڕە هەژارەکەی خوێندووەتەوە و سەرەنجامی دەزانێ، ڕەنگە ئەم بەشە تراژیدیترین بەشی بەیتەکە بێ، با ئەم ڕاستەقینەیە لە زمان دایکی مەمەوە ببیستین:

**«ئەهلی یەمەنێ وەرن کوێنێکم دەبەر کەن لە بۆ جوانێکی وەک میرمەمی؛ شاری یەمەنێ لێم چۆڵ دەبێ، ئاوەدانی دەکەوێتە جزیری وێرانێ!»**

کوێن دەبەر کردن: لە زمانی کوردیدا بە مانای تازییەباری دایکێکی ڕۆڵە مردووە، دایکی مەم لەوەش زیاتر ڕەنگ بە شینەکەی دەدا:

دایکی مەمی دەڵێ:

**«ڕۆڵە، میرمەم، خولا نەیدامێ ڕۆنیشم بە دەنگ دلێری، ڕۆڵە، ئێستا بە پیری تووشی ئەستۆم بوو وەجاغ کوێری».**

مەم و بەنگینە ڕێی دوازدە مانگ و بیست و چوار ڕۆژان دەبڕن و لەسەر ڕێنوێنی ڕیش سپییەک ڕێگای جزیرێ دەبیننەوە و تووشی جووتێری یایەزین دێن، جووتێر جووت بە جێ دێڵێ و مزگێنی بۆ یایەزین دەبا، مزگێنی یایەزینیش بۆ ئەوان دێنێتەوە، مەم لە خۆشیان زێڕوەشانی دەکا، دواتر مەم و بەنگینە داوای ماڵە سەخییەک دەکەن کە میوانداری بکا و ڕایان بگرێ. مەلەک ڕێحان - کە کچی بەکر و قەرەواشی یایەزینە - داوایان لێدەکا بچنە ماڵە بەکر، لە ماڵە بەکر کەس نییە جلەوی ئەو جووتە سوارە بگرێ و بیانباتە ژووری، مەجبوور دەبن میوانی قەرەتاژدین بن، ئەو میوانداریە لە دڵی بەکر ناخۆش دێ و لە بەکر، بەکرە شۆفار خودای شەڕ و ناپاکی دروست دەکا.

### ٤- بەکرە شۆفار:

بەکرە شۆفار لە بەیتی مەم و زین-دا بە تەواوی ناوێکی دیارە و خودای شەڕ و ناپاکییە. لە خوێندنەوەی بەیتەکەدا چەند جار تووشی ناپاکی و دووزمانی بەکرە دێین، کە لەوانەیە مەم بە دەست میرزێندین بە کوشت بدا و لە شوێنێکی تردا دەبێتە هۆی ئەوەی کە مەم بکەوێتە ناو چاڵاوێکەوە، بەکرە دوای ئەوەی میوانداری قەرەتاژدینی لە دڵ ناخۆش دێ، لەگەڵ خۆی ئاوا بەڵێنی دەدا:

بەکر ئاغا دەڵێ:

**«بە حەققی ئەوەی ساحب سەفایە!**

**ئەوەی ئەوانە بۆی هاتوون لە ڕووی دنیایە، نایەڵم هیچ مەخسوود و مرادیان حاسڵ بێ بە حەققی ئەو خولایە!»**

لە درێژەی بەیتەکەدا دەبینین زۆر بە باشی بەڵێنەکەی دەباتە سەرێ و هەر لە سەرەتاوە مەم لە پێش چاوی میرزێندین دەخا، مەم کە کوڕە پاشایەکی نەجیمە، بە یەکەم چاوپێکەوتن دەچێتە دڵی میرزێندینەوە، تەنانەت میرزێندین ئەوەندە مەم بە نەجیم دەزانێ، جگە لە شاری جزیرێ، یایەزینی بە کۆشک و تالارەوە پێشکەش دەکا، بەڵام بەکرە - بە شۆفاری - خەبەری گولبوونی زین بە گوێی مەم-دا دەدا و مەم لەو پێشکەشییە پەشیمان دەکاتەوە، لەو بەریشەوە بە یایەزین دەڵێ کاکت تۆی پێشکەش بە مەم کردووە، بەڵام مەم تۆی نەویستووە:

بەکر دەڵێ:

**«چبکەم برای تۆ شێت و ناتەواوە؛**

**ئەمن نازانم، چبکەم برای تۆ نازانێ ڕێی گوزەرانێ. حیزبابێکی خوێڕی هاتووە کەس بە مەنزڵی نازانێ، ئەو شەو کاکی تۆ سێ جاری ئەتۆ پێشکەش کرد، قبوولی نەکرد لە دیوانێ.»**

دیسان کاتێک میرزێندین دەچێ بۆ ڕاو، بەکرە شۆفار قاسید دەنێرێتە سەر کاکە مەم، دوای ئەوەی مەم دەچێتە دیوانی میرزێندین و لەگەڵ زیندا خەویان لێ دەکەوێ، بەکرە شۆفار میرزێندین بە سەردا دێنێتەوە و مەم لە ترسان زین لە کەوڵێ دەنێ، ئەم جارەشیان مەم و زین بە وشیاری قەرەتاژدین- کە ئاور لە ماڵە خۆی بەردەدا و بەو بۆنەیەوە میرزێندین لە ماڵێ دێنێتە دەرێ - ڕزگاریان دێ. بەکرە شۆفار ئەم ڕازە بۆ میرزێندین دەدرکێنێ و مەم بە دەست میرەوە دەخاتە چاڵاوێکەوە و زیندانی دەکا، مامۆستا هێمن لە "ناڵەی جودایی"دا وەک

جوانکارییەکی ئەدەبی، ئاماژە بەو ڕاستەقینەیە دەکا و شەرحی حاڵی خۆی لەگەڵ بەکرە شۆفارەکانی وڵاتەکەیدا ئاوا باس دەکا:

**بەکرە شۆفارە ئەوی مووخەی چنیم**
**زیی مەم و زینان وڵاتی لێ تەنیم**
**کەوتمە نێو چاڵی دیلی وەک مەمێ**
**یایەزین لە کوێیە هاواری کەمێ؟!**

لە ئاکامی بەیتەکەشدا دوای ئەوەی مەم بە کوشت دەدا و زین لە سویێی مەم دەمرێ، بەکرە شۆفار ئێرەییان پێ دەبا و لە نێوان گۆڕی مەم و زیندا خۆ دەکاتە دروو.

ئێستا بەکرە لە زمانی کوردیدا، مرۆڤێکی ناپاکە و کورد بە مرۆڤی ناپاک و دەست هەڵنەگر دەڵێ: بۆتە درووی مەم و زین. کە واتا بەکر نیرووپەکی شەیتانییە کە خۆی بە هەموو جۆرێک دەردێنێ، بۆوەی ئەو دوو ئاشقە بە یەک نەگەن. لە تەواوی بەیتەکەشدا لەگەڵ قەرەتاژدین کە خودای پاکییە، خەریکی بەربەرەکانی و شەڕە.

نموونەی وەک بەکر لە ئەدەبیاتی زۆربەی نەتەوەکاندا هەیە. لە ئەدەبیاتی یۆناندا باشترین نموونە کە وەبیرهێنەری بەکرە شۆفاری کورد بێ، تەلخین (Telchine)ـە. تەلخین ناوە بۆ هەندێک لە خوداکانی یۆنان کە لە سەرەتاوە خودای شارنشینی و پێشکەوتوویی بوون، دواتر بە بوونەوەرێکی خراپ و شۆفار دەرچوون، بەکریش لە بەیتەکەدا ئاوا کەسایەتییەکی هەیە و لە سەرەتاوە شۆفار نییە و بەکرێکی نادرە. دواتر دەبێتە ئەو بەکرەی کە بە دوو زمانی و شەیتانی خۆی، بۆتە باعیسی دڵداری نێوان مەم و زین.

**٥- قەرەتاژدین:**

بەر لە باسی قەرەتاژدین، با سەرنجی ئەم وێنە ئوستوورەییانە بدەین کاتێ زین تاژی مەم دەبینێ لاواز بووە، بە سەر خزمەتکارەکانیدا دێ و لۆمەیان دەکا کە بۆ تاژییەکەی مەمیان تێرنەکردووە، داوا دەکا لای خۆی نانی بدەنێ، تاژییەکە هەر نانەکەی دەست دەکەوێ، بەرەو ئەو چاڵاوەی دەبا کە مەم تێیدا زیندانی کراوە، زین کاتێ چاوی بە مەم دەکەوێت، دەگری و پرچی خۆی دەکاتە تەناف و مەم ڕزگار دەکا. ئەم چاڵاوە وەبیرهێنەرەوەی چاڵاوەکەی بیژەن و مەنیژەیە کە بیژەنی تێدا دیل کرا، یان ئەو تاژییە وەبیرهێنەرەوەی سەگ، یان ئاسکەکەی ئارتمیس (خودای کشتوکاڵ و ڕاو) لە خوداکانی یۆنانە.

بەڵام قەرەتاژدین کەسایەتییەکی بە تەواوی مانا بە پێچەوانەی بەکرە شۆفارە. قەرەتاژدین پیاوێکی دەست و دڵ باز و نان بدەیە، سێ شازادەی وەک چەکۆ و عرفۆ و (مەم)ی لە ماڵە خۆی ڕێگا داوە. خودای پاکی و وەفادارییە؛ وەفادار بە ئەشقی مەم و زین. هاندەرێک بۆو ئەشقە کە دەگەڕێ خراپییەکانی بەکرە شەیتان پووچەڵ کاتەوە. بڕواننە وەفاداری قەرەتاژدین بەرانبەر بە مەم، کاتێک مەم بازن و گوارەی زینی پێ نیشان دەدا:

قەرەتاژدین دەڵێ:

**یا خوڵا! میرمەم نەمری!**
**خوڵاوەندی میری مەزن دەستت لە عەمری بگری!**
**ئەوە هەرقابیل بە تۆیە هەڵی بگری:**
**ئەتۆ گەورەی هەمووانی، دەبێ هەرکەسە کەوشی تۆ لەسەر چاوی خۆی ڕابگری!**

وەفاداری قەرەتاژدین لەو شوێنە لە بەیتەکەدا بە ئەوپەڕی خۆی دەگا کە بۆ ڕزگاری مەم و زین لە ناو دیوانی میرزێندیندا، ماڵەکەی دەسووتێنێ. لەگەڵ قەرەتاژدین، ڕۆڵی خاتوون ئەستی هاوسەریشی بەرچاوە، خاتوون ئەستی خوشکی زینە، ئەوەندەی بۆی کراوە هەوڵی داوە بۆوەی ئەو دوو ئاشقە بە یەک بگەن، بەڵام بە داخەوە لە شەڕی نێوان ئەو دوو خودایەدا، گەرچی خودای خێر زیاتر لە یەک خوداشە؛ بەڵام خودای شەڕ و ناپاکی سەردەکەوێ و دەیباتەوە.

**٦- چەکۆ و عرفۆ:**

هەرچەند چەکۆ و عرفۆ تایبەتمەندی بەرچاوی ئوستوورەییان نییە، بەڵام ناوێکی دیارن.

لە بەیتی مەم و زیندا چەکۆ و عرفۆ هەردووکیان کوڕە پاشان، ئەوانیش وەک مەم ئاشقی زینن، هاتوونەتە ماڵی قەرەتاژدین و ڕەنگە وەکو قەرەتاژدین ڕۆڵێکی بەرچاویان نەبێ، بەڵام گەرچی بە تەمەن لە مەم گەورەترن کاتێ دەزانن مەم هەڵوەدای ئەشقی زینە، ئەوان لە ئەشقی خۆیان چاوپۆشی دەکەن، پێ بە پێی قەرەتاژدین، ڕاوێژکار و هاندەری مەمن، با گوێ بگرین بۆ عرفۆ، کاتێ زین خەبەری دیل بوونی مەمی پێ دەدا:

عرفۆ دەڵێ:

**ئەمن عرفۆمە،**
**بەرانێکی بە ئەسرۆمە!**
**میری برات لە شانان ڕا دەگرۆمە!**
ئەوەش چەکۆ کاتێ خەبەری پێدەگا دەڵێ:
**ئەمن چەکۆیەکم بە ناوە،**
**لە سوێی میرمەمی کوێرم دەبووە هەرتک چاوە؛**
**خوشکێ یایەزین، گلەییانم لێ مەکە، کوێرم بووە هەرتک چاوە**
**ئێستا دەبێ شاری جزیرێ تەخت و تاراج بکەم، بیکەم بلاوە،**
**خوشکێ پێم بڵێ، بزانم میرمەم مردووە یا نە، ماوە**

قەرەتاژدین، چەکۆ، عرفۆ و بەنگینە بە پرچی یایەزین مەم لە زیندانێ دەردێنن، مەم لەوێ گەردن ئازاییان لێ دەخوازێ، لە زین دیدار ئاخر دەبێ، تەنانەت میرزێندین بۆی دەگری، وەفاداری چەکۆ و عرفۆ بە ئەوپەڕی خۆی دەگا کاتێ دوای مردنی مەم، زین بە خۆشەویستی مەم و بە خوشکی خۆیان دەزانن، بەنگینە ئێستاش هەر وەفادارە، گەرچی مەم لە پێناوی زیندا بەنگینەی ناردووەتە دیوانی میرزێندین، تراژیدی لە چەند شوێنی جیاوازی بەیتەکەدا بە باشی دەبینرێ، بۆ نموونە لێرەدا و لە کاتی مردنی مەم و لە زمانی بەنگینەوە:
بەنگین دەڵێ:
**بێ ئاغا و بێ وەتەنین!**
**چونکە میرمەم غەریبە، بلا بچین بۆ خۆمان قەبری بۆ هەڵکەنین**

بەشی ئاخری بەیتەکە ڕەنگە ئوستوورەییترین بەشی سەرجەم بەیتەکە بێ. ئەوی بە یەکەم سەرنجی خوێنەر لە – بەگشتی – بەیتە کوردییەکاندا دەردەکەوێ، ئەوەیە کە بەیتەکان لەگەڵ زمانێکی ئاساییدا خۆیان بە تەواوی لە کاریگەریی سانسۆر پاراستووە. زین لە خودای دەوێ بە کێلی کاکەمەمەوە بمرێ، دوعاکەی گیرا دەبێ و لە پەنا قەبری کاکەمەم دەینێژن، بەکرە شۆفار لە قەبریشدا مەترسی چوونە پاڵ یەکی ئەو دوو ئاشقە هەژارەی هەیە، بەرانبەر بە میر دەڵێ:
**میر ئەتۆ میرێکی ساحب خاتری!**
**لە هەموو کاران عەیب و عاران لە من دەگری**
**خوشکی قەحبەی تۆ لە قیامەتێش دەست لە خەڵقی هەڵناگری.**

میر دەستوور دەدا بەکر بکوژن، بەکریش خۆی فڕێ دەداتە نێوان قەبری مەم و زین. خوێنی بەکر دەڕژێتە نێوان قەبری مەم و زینەوە، دەبێتە دڕوو و شین دەبێ. خەبەری مەرگی زینیش بە برایم پاشا دەگا، برایم پاشا لەشکر دێنێتە جزیرێ، خاتوون ئەستی – خوشکی یایەزین– دەکاتە کچی خۆی، وڵاتی جزیرێ بە خەڵات بە قەرەتاژدین دەبرێ، بەنگین دەکاتە کوڕی خۆی و دەسەڵاتداری وڵاتی یەمەنی پێ دەدا، چەکۆ و عرفۆ بە خەمناکی بۆ ماڵە خۆیان دەگەڕێنەوە. ئاخری بەیتەکەش دیسان بە تراژیدییەک کۆتایی پێ دێ. برایم پاشا لە حەسرەتی کاکەمەم هەردوو چاوی کوێر دەبێ، خەڵکی یەمەن بۆو ناکامییە خۆیان لە قوڕ دەنێن؛ ناکامییەک کە زۆربەی شاعیرانی کورد ئاماژەیان پێ کردووە و وەک فەرهەنگی زارەکی ئەدەبیاتەکەمان، گەلێک تەلمیحیان بە ناوەرۆکی ئەم بەیتە بووە، گەلێکیش پەندی بەنرخیان لێ نووسیوەتەوە و وەک شانازییەکی نەتەوایەتی کەوتووەتە سەر زمانان و بووەتە سەرچاوەیەک کە خانی شاکاری بەنرخی خۆی لەسەر دابڕێژێ، شاکارێک کە لەسەر لووتکەی ئەدەبیاتی بەرگری نەتەوایەتیمان خۆ دەنوێنێ و تاهەتایە شانازی پێوە دەکرێ.

**سەرچاوە و پەراوێز:**
**١– دانشنامەی ادبی معاصر؛ ایرنا ریما مکاریک، ترجمەی مهران مهاجر، محمد نبوی، تهران، انتشارات آگاه، چاپ یکم، بهار ١٣٨٤، صفحەی ٣٤.**
**٢– اساطیر مشرق زمین؛ جوزف کمبل، ترجمەی علی اصغر بهرامی، تهران، انتشارات جوانەی رشد، ١٣٨٣، صفحەی ٤٢.**
**٣– تجلّی اسطوره در دیوان حافظ؛ محمد سرور مولایی، انتشارات توس، چاپ اوّل ١٣٦٨ صفحەی ٢٩٤.**
**٤– اساطیر یونان؛ ف. ژیران؛ ترجمەی ابوالقاسم اسماعیل پور، نشر کاروان، چاپ اوّل ١٣٨٢، صفحەی ١١٦.**
**٥– هەمان سەرچاوە.**

**تێبینی:**
**وەک سەرچاوەی بەیتەکە کەڵکم لە (تحفه مظفریه)ی کۆکراوەی ئۆسکارمان وەرگرتووە.**

# ڕەوتەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (کێخوا سێوێ)دا

شاخەوان فەرهاد محەمەد

ڕۆمـــان وەکـــو ژانرێکی ئەدەبی ســـەربەخـــۆ، توانایی لەخۆگرتنی چەندین بابەت و ڕووداوی هەیە، کە بەناخ و مێشکی ڕۆماننووسدا دێن و دەچن، لەبەر ئەوەی ڕۆمان لەهەموو بارێکدا بابەتی جیاوازی تێدا بەرجەستە دەبێ کە پێـویستـە بەشێـوەیەکی ورد بگێـڕدرێتـەوە، ئەوەش بەهۆی ڕەوتە جیـاوازەکـانی شێوازی گـێڕانەوەکـەی دێتە دی. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبـازی شـیکاری پراکـتـیکیم پەیڕەو کـردووە. ناوەرۆکی لێکۆڵـینەوەکـەم لە دوو بەش پێکهاتووە، کـە بەشی یەکەم دوو تەوەرەیە: لە تەوەرەی **یەکەم:** گێڕانەوە لە ڕۆماندا، هەوڵم داوە تیشک بخەمە سەر ئەو پێناسانەی کە ڕەوتەکانی گێڕانەوە لەخۆ دەگرن و لە تەوەرەی **دووەم:** ڕەوتەکـانی گـێـڕانەوە لە ڕۆمـاندا، بە وردی جۆرەکانی ڕەوتی گێڕانەوەم دەستنیشان کردووە و پێناسەی هەر یەکێکیـان و جۆرەکانی کراوە، لە بەشی دووەمـدا: لایەنی پراکـتـیکی ڕەوتەکـانی گـێـڕانەوە لە ڕۆمانی (کێخوا سێوێ)ی عەزیزی مەلای ڕەشدا، هەوڵم داوە چەند نموونەیەک وەربگرم و جـۆرەکـانی گـێـڕانەوە دەست نیـشـان بکەم ئەوەندەی هەسـتم پێـیـان کـردووە. دواتر لە ئەنجامـدا چەند خـاڵێکم خسـتـۆتە ڕوو، لەگـەڵ پۆلێنکردنی ئەو سەرچاوانەی کە سوودم لێ وەرگرتوون.

### بەشی یەکەم:
### تەوەرەی یەکەم گێڕانەوە لە ڕۆماندا

ڕۆمـــان ژانرێکی ئەدەبی ســـەربەخـــۆیە و یەکـێـک لە بنەماکانی نووسینی هونەری چۆنیەتی گێڕانەوەیەتی، کە ئەو حیکایەتانە لەخۆ دەگرێ و بۆتە هۆی جیاکردنەوەی لە حـیـکـایەتەکـانی مـیـللی. گـێـڕانەوە بە بڕبڕەی پشـتی بیناکــردنی ڕۆمـــان دادەنرێ، چونکە پێـــوەندییـــەکی ڕاستـەوخۆی بەکەسیـەتی ڕۆماننووس و حیکایەتخوان و جێناوی بەکارهاتوو لە گێڕانەوەدا هەیە، بۆیە ئەگەر هاتوو ڕۆمـــاننووس یەکـــســـەر ڕووداوەکـــان لە زاری خـــۆیەوە پێـــشـکەش بـکا، ناچار دەبێ کـەسێ، یان زیاتر بکاتە نوێنەری گـۆشـەنیـگای خـۆی بۆ ئەوەی لە ڕێی ئەوانەوە گوزارشت لە بیر و بۆچوون و فەلسەفە و بیروباوەڕی خۆی بکا، واتە گـێـڕانەوە کـردارێکە ڕۆمـاننووس بۆ دەربڕینی ڕووداو و بەســەرهاتەکـانی کـەسـایەتیـیـەکـانی ناو ڕۆمـــانەکـەی ئەنجـامی دەدات، لەو بارەیەوە (جـیــرار جـینێت) دەڵێت: (گـێـڕانەوە کـردارێکە وەکـو هەمـوو



**عەزیزی مەلای ڕەش**

کردارەکانی دیکەی ژیان) [1 :234] کەواتە دەبێتە هاوکاریێک و (ئامرازێک بۆ چنینەوەی پێوەندییەکانی نێوان ئەو بنەما هونەرییە جوانانەی کە دەقەکەی لەسەر بینا دەکرێ) [161:2]، کەواتە کۆڵەگەی سەرەکی دروستبوونی ڕۆمان گێڕانەوەیە، بۆیە ئەگەر ڕۆمانێک خاوەنی گێڕانەوەیەکی دروست نەبێ، ئەوە نابێتە ڕۆمانێکی سەرکەوتوو، لەبەر ئەوەی (هونەری گێڕانەوەی ڕۆمان دەگەڕێتەوە سەر بیروباوەڕی ڕۆماننووس و لە بەرانبەر پێوەندی خۆی لەگەڵ ئەو بەرهەمەی کە دەینووسێ) [8:3]. لێرەدا دەتوانین بڵێین گێڕانەوە لە ڕۆماندا بە پێی گۆڕانی نووسەری دەقەکە دەگۆڕێ، چونکە (گێڕانەوە دەبێت شێوەیەکی هونەری وەربگرێ و لەلایەن کەسێکەوە ئەنجام بدرێ و ئاراستەی وەرگرێک بکرێت و کەرستەکەشی گێڕانەوەی ڕووداوێک، یان بەسەرهاتێکە و مەبەستیشی وروژاندنی هەستی وەرگرەکەیە) [22:4]، ئەگەرچی گێڕانەوە تەنیا بریتی نییە لە گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتێک کە ڕووی داوە، بەڵکو ئاماژەیەکە بۆ ڕووداوی پێش وەختە کە ڕەنگە لە داهاتوودا ڕوویدات، لەهەمان کاتدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو دەقێکی ڕۆمان ئاماژە بە ڕووداوی پێش وەختە بکا.

## تەوەرەی دووەم:
## ڕەوتەکانی گێڕانەوە لە ڕۆماندا

هەموو ڕۆمانێک بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵێک ڕەوتی جیاواز لە گێڕانەوەی ڕەچاو دەکرێ. جیاوازی ئەو ڕەوتانە بۆ جیاوازی کاتی حیکایەت و کاتی گێڕانەوەکەی دەگەڕێتەوە کە ناکرێت هەرگیز وەکو یەک و یەکسان بن، لەو بارەیەوە (تزڤیتان تۆدۆرۆف) دەڵێ: (هەرگیز سیستمی کاتی حیکایەت لەگەڵ سیستمی کاتی گێڕانەوەدا هاوتەریب نابێت بەهۆی ئەو پاش و پێشییەی کە لە جیاوازی نێوان کاتی ئەو دووانە دێتە ئاراوە) [59:5]. کەواتە بەبیرهاتنەوەی ڕووداوێکی ڕابردوو بە شێوەیەکی میکانیکی ئەنجام نادرێ، چونکە پرۆسەکە گۆڕانکاری تێدا ڕوودەدات، کە هەندێک لەبیر دەکرێ و هەندێکی دیکەشی ئێستا دەخرێتە سەر و پاش و پێش خستن و ڕاگرتن و کەرتکردنی کاتی گێڕانەوە باشترین بەڵگەی ڕێژەیی کاتە، چونکە کاتی حیکایەت یەک مەودای هەیە، کەچی کاتی گێڕانەوە فرە مەودایە، ئەمەش وای کردووە لە هەموو ڕۆمانێک بەرچاو بکەوێ و هیچ ڕۆمانێک نییە گێڕانەوەکەی لەسەر یەک مەودا بەڕێوە بچێ، بۆیە لەبەر جیاوازی کاتی گێڕانەوە لە نێوان (ئێستا و ڕابردوو و ئایندە) (جیرار جینێت) دەڵێ: (دەکرێت ڕەوتەکانی گێڕانەوە بکەین بەدوو بەشەوە پاش خستن و پێش خستن)[50:6].

پێناسەی ڕەوتی پاش خستن: ئەو ڕەوتە گرنگەی گێڕانەوەیە، دەتوانرێ ماوەی کاتی گێڕانەوەکە درێژ بکرێتەوە، کە نووسەر کاتی گێڕانەوەی ئێستا ڕادەگرێ و بەهۆی هۆشەوە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو، پێشتر بەسەریدا تێپەڕیوە و لە کاتی خۆی باسی نەکردووە، بەڵام ئێستا دەیانگێڕێتەوە و جیاوازی نێوانیان دیاردەکات، هەر لەو بارەیەوە (جیرار جینێت) دەڵێ: (پاشخستن دەستهەڵگرتنی حیکایەتخوانە، لە ئاستی یەکەمی گێڕانەوە بۆ ئەوەی ڕووداوێک بگێڕێتەوە کە پێشتر خۆی پشتگوێی خستووە، یان بەسەریدا تێپەڕیوە) [51:7] هەروەها (د. شجاع مسلم العاني) دەڵێ: (پاشخستن پرۆسەیەکی

گـێـڕانەوەیە کـە بریتـــیـــە لە هێنانەوەی ڕووداوێکی ڕابردوو، دەکـەوێتـە پێش ئەو خـاڵـە زەمـەنـیــەی کـە گێڕانەوەکە پێی گەیشتووە) [62:8].

### جۆرەکانی پاشخستن

وەکو ڕەوتێکی گێڕانەوە دەکرێ بە چەند جۆرێک، کە هەریەکە و کات و ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە. وەکو:

(١) پاشـــخـــســـتنی ناوەکی: ئەو جـــۆرە ڕێڕەوەی گـێڕانـەوەیە نووسـەر دەست لە گـێڕانـەوەی ڕووداوەکـانی کاتی ئێستا هەڵدەگرێ، دەگەڕێتەوە بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی ڕابردوو کـە لەدوای دەست پێکردنی کـاتی گێڕانەوەی حیکایەتی یەکەم ڕووی داوە، بەڵام لەوکاتەدا باسی نەکردووە بۆ ئەوەی دواتر بیانگێڕێتەوە.

(٢) پاشـــخـــســـتنی دەرەکی: ئەو جـــۆرە ڕێڕەوەی گێڕانەوەیە نووسەر دەست لە کاتی ڕووداوەکانی ئێستا هەڵدەگـــــرێ بـۆ ئـەوەی ڕووداوێکـی ڕابـردووی دوور بگێـڕێتـەوە کە پێش دەسـتـپـێکردنی کـاتی گـێـڕانەوەی ڕووداوەکـانی حـیکایەتی یەکـەم ڕوویان داوە، تا هیچ کـەلێنێک لە نێـوان ڕووداوەکـان نەبێ، هەروەها لە ڕێی گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە کۆنانەوە تیشکێک بخاتە سەر چۆنیـەتی بەرەو پێشـڤەچوونی ڕووداوەکـانی ئێـسـتـا و کۆمەڵێ زانیاری تازە بداتە خوێنەر، لە بارەی بەشێک لە ژیانی ڕابردووی پاڵەوان و پەرەسەندنی کەسێتی لە کاتی ئێـسـتـادا، ئەمـەش بۆ ئەوەیە فـرەمـەودایی بداتە کـاتی گێڕانەوەکان و ڕێگا نەدا ڕێڕەوی ڕەوتی ڕووداوەکان یەک مەودای هەبێ.

(٣) پاشـــخـــســـتنی ئاوێتـــە: ئەو جـــۆرە ڕێڕەوەی گـێــڕانەوەیە کـە هەردوو جـۆرەکـە لە خـۆ دەگـرێ، لە هەردووکیاندا نووسەر بۆ کاتی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بەڵام لێــرەدا ئاوێتـــەی یەکـــتــریان دەکـــات و دوای ئەوەی ڕووداوەکان بەرەوپێش دەبا، تا گـێڕانەوەکـە بەردەوام بێ [62:9].

### ڕەوتی پێشخستن

ڕەوتێکی گێڕانەوەیە گەلێک شێوە و ئەرک و خاسیەت و جـۆری بـۆ دەسـتـنیـشـان کـراوە، هەندێک جـار وەکـو پێشبینی مامەڵەی لەگەڵ کراوە سەرەڕای ئەوەی ئەو دوو ڕەوتە لە زۆر ڕووەوە لێک جـیـاوازن. لەو بـارەیەوە (د. مـوریس ئەبو ناظر) دەڵێ: (ئەگـەر گـەڕانەوەی ڕابردوو لەسەر ئەوە دامەزرایە کە حیکایەتخوان پەنا بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە ببـا، دەکـەونە پێش کـاتی گـێــڕانەوەی حـیکایەتی یەکـەم، ئەوە ئایندە خـواستن لەوەدا بەدەر دەکەوێ حیکایەتخوان ڕوو لە کۆمەڵێک ڕووداو دەکا کە دەکەوێتـە دوای ئەو کاتە، یان هێشتـا گێڕانەوەکە پێی نەگەیشتووە، چونکە کاتەکەیان لە ئایندەدایە)[96:10]، هەروەها (جـیـرار جـینێت) دەڵێ: (مـەبەسـتـمـان لە گێڕانەوەی پێش وەخت گێڕانەوەی، یان وروژاندنی ئەو ڕووداوانەیە کـــە جـــارێ ڕوویان نەداوە، یان لەوانەیە ڕووبدەن)[52:11]، بێـجگە لەوە (برنار فـالیت) دەڵێ (ڕەوتی پێشـخستن گێڕانەوەی ڕووداوێکی داهاتوو، یان پێشبینی کردنیەتی) [12 :110-111]، کەواتە ڕەوتی پێشخستن بریتییە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئایندە لە کاتی ئێستا و بەدەستهاتنیان گومانی تێدا نییە، چونکە هەرچی گێڕانەوەیەک کە باسی ئایندە دەکا، یان لەوانەیە بەدی نەیێ، ناچێتە ناو چوارچێوەی پێناسەی پێشخستن و ئەرکەکانی لەگەڵیدا جیاوازە.

### جۆرەکانی پێشخستن

پێشـخستن بەشێوەیەکی گشتی بەگوێرەی سیـستـمی گـێـڕانەوەی ڕووداوە داهاتووەکـان لەم جۆرانەی خـوارەوە پێکدێ:

(١) پێـشـخـسـتنی ناوەکی: ئەم جـۆرە ڕەوتە لەناو ڕۆماندا بە هەمان شێوەی پاشخستن بەکاردێ، تێکەڵی و ئاوێتەبوونێکی گونجاو پێکدێ لەنێوان حیکایەتی یەکەم و ئەو حـیکایەتەی کـە برگـەی پێش ڕووداو کـەوتنەکـە ئەنجـامی دەدات، واتە گـێـڕانەوەی ڕووداوی ئێـسـتـا و تێکەڵکردنی، لەگەڵ ڕووداوی داهاتوو کە ئێستـا باسی دەکرێ و لە ئایندە ڕوودەدا.

(٢) پاشـخـستنی دەرەکی: ئەو جـۆرەیان تایبـەتە بە گـێـڕانەوەی ئەو جۆرە ڕووداوانەی پێش خـستـنیـان تێـدا بەدی دەکرێ و دەکەونە دەرەوەی کاتی سەرەکی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە، بۆیە ئەمە هەروەکو پاشخستنی دەرەکی لەگەڵ ڕەچاوکردنی جیاوازی ئەرکیان بەکار دێ.

(٣) پاشخـستنی دووبارەکراوە: ئەو جۆرەیان بریتـییە لە گێڕانەوەی دووبارەکردنەوەی ڕووداوێک کە لە ئایندەدا ڕوودەدات، بەڵام لەکـاتی ئێـسـتـای گـێـڕانەوەدا چەند

جارێک و لە چەند شوێنێکی جیاوازدا لەناو دەقەکە دووبارە دەبێتەوە.

## بەشی دووەم:
## لایەنی پراکتیکی ڕەوتەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (کێخوا سێوێ)دا

### پێشخستن

هەروەک پێشتر وتمان یەکێک لە ڕەوتەکانی گێڕانەوە، ڕەوتی پێشخستنە و بەگوێرەی سیستمی ئەوەی من سەرنج و تێبینیم کردبێ، لەم چەند پەرەگرافەی خوارەوە پەنای بۆ ئەو جۆرەیان بردووە کە لە گێڕانەوەی ڕووداوە داهاتووەکان پێکدێت. ڕۆماننووس لەمەیاندا بە ئاگایی، یان بێ ئاگایی بێ، هەروەک لە نموونەکانی پێشخستنی دەرەکی بەم جۆرە ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە:

**أ- دەرەکی:**

١- (مرۆڤ لە هەڵسوکەوتی ژیاندا کە جار وایە دەگاتە پۆپەی بەرزی، جاریش وایە بە ناخی زەویدا شۆڕ دەبێتەوە، جڵەوی ڕەوشت پاکی منداڵی لە دەست دەدات. هەیە هەر ڕقە بە قەرەی دەڕوات و نایەوێت لە قەپێلکی خۆی بچێتە دەرەوە. لە جیهانی خۆشی و ترشی بە پێودانی خانەزاکەی خۆی ڕازییە. هەیشە فڕی بەسەرەوە نامێنێت و پێستی گۆریللا بەسەر خۆیدا هەڵدەکێشێت، تا دوو پتەخۆڵ چاوی پڕ نەکاتەوە هەرگیز بڕی بە ستەم و ئاژاوە ناشکێت. پەنجەکانی دەست وەک یەک نین. ئەگینا دنیا دەبووە شامی شەریف: مەڕ و گورگ پێکەوە ئاویان دەخواردەوە. یاخود شەڕی یەکەمی جیهانی، دووەمی دەگرتە باوەش و تا ئێستاش بەردەوام دەبوو) [5:13].

لێرەدا ڕۆماننووس باس لە هەڵسوکەوتی ژیانی مرۆڤ دەکات، کە چۆن هەندێ جار بەرەو لووتکەی سەرکەوتن و برێ جاریش بەرەو شکان هەنگاو دەنێ، واتە ڕەوشتی منداڵی و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی ژیانی بناغەن بۆ دروست بوونی مرۆڤێکی بەکەڵک و بەسوود لە ژیاندا، یان لێکترازانی ڕەوشتی لە ئەنجامدا مرۆڤێکی ستەمکار و ئاژاوەگێری لێ پێکدێ. بە گەڕانەوەی بۆ سەردەمی منداڵی و پێگەیشتنی مرۆڤ ئەم جۆرە ڕووداوانە پێشخستنی دەرەکییان تێدا بەدی دێ، دەکەونە دەرەوەی کاتی سەرەکی گێڕانەوەکەی، بۆیە کە دەنووسێ: (پەنجەکانی دەست وەک یەک نین. ئەگینا دنیا دەبووە شامی شەریف: مەڕ و گورگ پێکەوە ئاویان دەخواردەوە. یاخود شەڕی یەکەمی جیهانی دووەمی دەگرتە باوەش و تا ئێستاش بەردەوام دەبوو) واتە لە ئەنجامی ئەو هەموو ڕووداوەی گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، حیکایەتخوان پەنا بۆ گێڕانەوەی ڕووداوی (دنیا دەبووە شامی شەریف: مەڕ و گورگ پێکەوە ئاویان دەخواردەوە...) ئەم جۆرە پێشخستنی پێشبینییە بۆ ئەو ڕووداوانە دەکەونە دەرەوەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی تر.

٢- (شێخ گومەر کە سەرۆکی عەشیرەتی (کۆچەری) بوو، خۆی و قەوم و قیلەکەی هاتن دێی گەرحەیان، کە ئاقاری لەسەر ئاقاری ئۆمەر دەگەڕێتەوە، ئاوەدان کردەوە. ئەو تیرەیە ئێستاشی لەگەڵدابێت ڕەوشتیان بە ڕەوشتی بنیادەمان ناچێت. دەست بەدەمی سەگدا دەکەن. هەرگیز بڕیان بە خوێن ڕشتن ناشکێت. زۆربەی ژیانیان بە کوشتن و برین و تاڵان دەبەنەسەر. ماڵی خەڵکیان پێ گەزۆ و مازووە. هەرچەند لێیان بچیتە پێش خراترن. وەک میزی حوشتر وانە: هەر بۆ پاشەوە دەگەڕێنەوە) [9:13].

لە ئەنجامی گێڕانەوەی باسی ژیانی شێخ گومەر و قەوم



و قـیلەکـەی بە چەند وشـەیەک هێـمـایە بۆ ڕەوشـتی نامرۆڤانەی شۆڤینییەکانی عەرەب، تا ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەو سـیفـەتەیان هەر بەردەوامـە و ئەگـەر هەلیـان بۆ بڕەخسێ خـەنجـەری ژەهراوی لەکـورد دەدەن، چونکە ئەم جـۆرە پەروەردە کـردنە لە تیـرەوە پێی پەروەردە دەکـرێ و بەو جـۆرە گـەورەدەکـرێن. کـە پەنا بۆ(هەرگـیـز بریان بە خوێن ڕشتن ناشکێت. زۆربەی ژیانیان بە کـوشتن و برین و تالاّن دەبەنەسـەر. مـاڵی خـەڵکیـان پێ گـەزۆ و مازووە...) ئەوانە چەند سیفەتێکن تیرەکانی عەرەبی کۆن پێی ژیاون و شانازییان پێوەکردووە و بەردەوامیشن لەسەر ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە، بۆیە بە گـێڕانەوەی ئەو سـیـفـەتە ڕابردووانە، ئەو جـۆرە پێـشـخـسـتنە دێتـە دی(هەرچەند لێیان بچیتە پێش خراترن. وەک میـزی حوشتر وانە: هەر بۆ پاشەوە دەگەڕێنەوە).

٣- (ئەوەندە قـووڵ بە ناخی خـۆیدا شـۆڕ بـوو بووەوە لەوێش نەمـاو چووە ناو (مەکۆ)ێکی تری چەند ساڵ بەر لەمـە: ئەو کـات تۆغـیـانی لاوی بوو. وەکـو ئێـسـتـا مـرووەدەی ڕاوشکار بوو. ساڵ لەم مـەحلە زۆر درەنگتـر بوو ئەو ناوچەی ئەو لێ بوو، وشک و برینگ بوو. ئاو لەهیچ شوێنێک نەبوو. تەنیا تالاّوی بیری سوارە نەبێت ئەویش تا وەرزی پایز چکی نەدەکـرد. بیـرەکـە بووبووە ڕێبـازگـەی ئاسکان. تفـەنگەکـەی ئەوساکـەی مـاهووزەڕ نەبوو، ڕەشکەبوو. دای گـــرت و کـــەوتە چاوەڕوانی. لەناکـاوێک زەڕەزەڕێکی کـەوتە بەرگـوێ. کـە سـەری بەرزکردەوە دیتی: ئافـرەتێکە خرینگەی زڕو پۆلپـەی لە دوورەوە دەبیستریێت وە ڕێ و ڕێ دێت) [18:13].

لە ئەنجـامی هێندە قـووڵ بوونەوە بەناخی خـۆی و گـەڕانەوەی بۆ چەند سـاڵێ لەمـەوبەر و بۆ سـەردەمی تۆغـیـــانی لاوی و گـــەڕانەوە بۆ وشک و برینگی ئەوناوچەیە و نەمانی ئاو لە هەمـوو شوێنێ تەنیا (بیری سوارە) نەبێ، ئەو گێڕانەوەیە هەموویان دەکەونە دەرەوەی کـاتی سەرەکی گـێڕانەوەی ڕووداوەکـانی دیکە، بەڵام بە کەوتنە چاوەڕوانی و پێشبینی بە هاتنی کەسێک: (کە سـەری بەرز کـردەوە دیتی: ئافـرەتێکە خـرینگەی زڕو پۆلپـەی لە دوورەوە دەبیـسـتـرێت وە ڕێ و ڕێ دێت) ئەمانە درێژە بەگێڕانەوەی ڕووداوەکانی دیکە دەدەن.

٤-(ئافـرەتەکـە بە گـریانەوە: کـوڕە وەک عـارەبی بەغـدایێتـان دەخیل بم، بەلاّگێڕتان بم کـافربووم لەسەر دەسـتـان ئیـسـلام بووم. خـشڵ و پارەیەکی زۆرم پێـیـە، گەردنی ئەژدادیشـتـان خۆش و ئازا بێت، هەمـووی ببەن، تەنیا پرکێشی ناموسم مەکەن) [19:13].

ئافـرەتەکـە بەگـریانەوە کـە دەڵێ: (تەنیـا پرکـێـشی نامـووسم مـەکەن) بە پێشـخـستنی ئەو پێشبینییە باسی ئەوە دەکا کە چۆن عارەبی بەغدایێ دەستی نەڕوا دەخیلی بەرانبەرەکەی دەبێ بۆ ئەوی ئیشو کارەکەی بۆ جێبەجێ بکا، چونکە پشت و پەنای نییە، هەروەها بە کافربوونی پێشتر و ئیسلام بوونی ئێستای لەسەر دەستی عەرەب و بەلاّگـێـڕبوون، ئەوانە کـۆمـەڵە سـیـفـەتێکن لە ڕابردوو ڕوویان داوە و پەنایان بۆ بردووە. پێشکەش کردنی خشڵ و پارەی زۆر و ئازادبوونی گـەردنی ئەژدادیش ئەوانەی بۆ ئەوە وتووە تەنیا مەبەستی پاراستنی شەرەف و نامووسی خۆیەتی لەدەستی ئینسانی بێ ئابڕوو.

**ب- ناوەکی:**

لەم گـێڕانەوەیەدا تێکەڵ بوون و ئاوێتـەبوونی گـونجـاو لەنێـوان ڕووداوی ئێـسـتـا و داهاتوو دروست دەبێ کـە ئێستا باس دەکرێ بۆ ئەوەیە پێش ڕووداو کەوتنەکە ئەو کارە جێبەجێ دەکات، لەبەر ئەوەی لە ئایندە ڕوودەدات، بۆیە کە ڕۆماننووس دەڵێ:

١-(ئەمـەی گـوت و هەناسـەیەکی درێژی هەڵکێـشـاو بەسـەرهاتی سـەردەمـایەکی خۆی و قـەراجی هاتەوە یاد: قـەراج چۆڵ و هۆڵ بوو تەنیـا لە هەندە شـوێنان تاکـو لۆک گـوندی بچکـۆلە، بچکۆلـەی دوومـاڵ و سێ مـاڵ هەبوون. ئەوانیش بە ئەندازەی جێی دە دوانزە ڕەشـماڵ کێڵگەیان هەبوو. ئەگینا سەرتاپا بەیار بوو. مەڵبەندی ڕەوە مامزان بوو. ڕۆژ نەبوو ڕاو و شکار بەخۆیەوە نەبینێت. کـە کژی مـاڵ وەدەران دادەهات خـاکی قـەراج بە تارا سـەوز بۆ پێشـوازی دۆست و میـوانە خۆشەویستەکانی ساڵانی، کە هەمـوو ساڵێ بە بۆنەی ئەم وەرزە دیدەنیـان دەکرد، خـۆی ئارایش دەداو دەخەملاّند) [7:13].

دیارە لەچەند پەرەگـرافی پێـشـتـر باسی چەند ڕووداوێکی ئێستایی کردووە بۆ ئەوەی گونجاندنێکی تەبا لەگەڵ ڕووداوی داهاتووەکە دروست بکا، بە هەڵکێشانی هەناسـەو هاتنەوە یادی بەسـەرهاتی خـۆی و قـەراج و بەگـێـڕانەوەی ئەو چەند بەسـەرهاتە بۆ ئەوەیە لە کـاتی ئێـسـتـا باسی ئەو شـتـانەی ڕابردوو بکا، ئەوە پێش

ڕووداوکەوتنەکەیە، چونکە بەهۆی ئەو هەمـوو خۆشی و شادی و هاتەی قەراج وای لە میوانەکانی کردووە ساڵانە سەر لەیەکتر بدەن و سیلەی ڕەحم جێبەجێ بکەن و سەر لەنوێ ژیانی نوێ بە هۆی هات و هەبوونەوە دەست پێ بکەنەوە، کـەواتە پێـشـبـینی بۆ پێـشـخـستنی ئەو ڕووداوانەی کە لە ئایندە دێنە دی، لەبەر ئەوەی پێشتر شتی وا ڕووی داوە لە قەراج، بۆیە ئێستاکە باس دەکرێ و دڵنیاشە لەداهاتوودا شتی وا دووبارە دەبێتەوە.

٢-(ئەمـەی هاتەوە یاد کـە هەمـوو جارێ دایکی بۆی دەگێڕاوە: (ساڵی گرانی کە تۆ تازە بە زگم کەوتبوویت، هەرچی زاد و زەوادبوو لەماڵی باوکمدا نەما بیـخۆم، باوکیشم پێی شوورەیی بوو خۆی، یان منداڵی سواڵ بکەن. منداڵەکانی ورد و درشت لە ژوورێک کردن، دەرگای لەسەر کلیلدان. دەستی دایە ختورمەیەک، لەبەر دەرگا دانیشت: بەحەقی خوا تازە ئێرە گۆڕستانمانە، ئەوەی بیەوێت بچێتە دەرەوە بەم مەترەقە مێشکی دەپرژێنم. دوای دوو ڕۆژان من و باوکت زانیمان، دەستی یارمەتیمان بۆ درێژکردن) [55:13].

بەهاتنەوە یادی شتێک ئێستا کە هەمـوو جارێک دایکی شتی ڕابردووی بۆ دەگێڕایەوە کە ساڵی گرانی و بەزگ داکەوتنی کۆرپە و نەمانی زاد و زەواد و شەرم و شوورەیی باوکی کە سواڵ بکا و دانیشتن لەبەر دەرگای ژوور لە بەر هەژاری و ئەو هەمـوو گێڕانەوەی ئێستاییە لەسەر زمانی دایکی کە پێشتر ڕووی داوە، بۆ ئەوەیە ڕووداوی ئێستا تێکەڵ بە ڕووداوی داهاتوو بکا، تا لەپێش ڕووداوکەوتنەکەی ئێستا باسی ئایندەی ژیانیان بکا کە لەداهاتوو ڕوودەدات بۆیە دەڵێ: (بەحەقی خوا تازە ئێرە گۆڕستانمانە، ئەوەی بیەوێت بچێتە دەرەوە بەم مەترەقە مێشکی دەپرژێنم. دوای دوو ڕۆژان من و باوکت زانیمان، دەستی یارمەتیمان بۆ درێژکردن)، واتە ئەوە چارەنووسی مرۆڤی هەژارە کە لەداهاتوودا خەڵکی تر دەستی هاوکاری بۆ درێژ دەکاو یارمەتی دەدات.

٣-(ئەوەی من بەبیرم دێت لە گوندەکەی خۆمان: بەگیسی کچی خدرە هێسە، بە مینەی کوڕی کێخوا حەمەبۆری، گوستانی عەولا زارێ بە عومەی حاجی حەمشینە گۆدی هەڵفریوان. لە جغزی ژیاندا خرچاند. بۆ چەند کاتێکی خۆشی جلەوی ئابڕۆیان لەدەست خۆیان داکەلاند) [73:13].

بە بیرهاتنەوەی ڕابردوو لە ئێستادا و باسکردنی گوند و ناوهێنانی (بەگیسی و مینە و گوستان...) تێکەڵ بە ڕووداوی داهاتووی کردووە کە چۆن بە دەستی ئەو حاجییە نامۆبارەکە لە خشتە براون و چۆن لە داهاتووشدا هەمان ڕەفتار و کردەوەی نامرۆڤانە، لەگەڵ ئافرەتی دیکەیش ئەنجام دەدات، ئەگەر سەرنج بدەین لەو باسکردنە ئێستاییەدا وێنە بۆ جۆرە ڕووداوێک دەکێشێ کە لەداهاتوودا ڕوودەدات و وەکو کامێرایەک ئایندە پیشانی دەوروبەری دەدات.

٤-(مام ئۆمەر ئەو کات دەمی بەش بووەوە، تا ماوەیەک واقی وڕما: کێخوا من و تۆ دۆستایەتیمان لە بابەلباوەیە!. هەر کاکی یەکتر بووینە: خێرمان خێر، شەڕمان شەڕی یەکتر بووە. ئەوانە پەلاماری تۆش دەدەن، بەڵام جارێ لەبەر من ئاگایان لە تۆ بڕاوە. پشووێکی خواردەوە: ئەوەی ئەمرۆ لەمنە، سبەی لە تۆیە. ها.... ئەوجا بۆ خۆت تێبگە) [115:13 ].

لەو پارچەیەدا ڕۆماننووس باسی پێوەندی دۆستایەتی نێوان کێخوا و مام ئۆمەر دەکات کە پێوەندییەکەیان لە بابەلباوەیە، ئەوە پیشانی دەدات چۆن کاکی یەکتر بووینە و لە ڕابردوودا لە خێر و شەڕی یەکتر بەشداربووینە، بەڵام ئێستاکە ئەو ڕووداوانەمان بۆ دەگێڕێتەوە و خزمایەتییەکە تێکەڵ بە ڕووداوی داهاتوو دەکا و دەڵێ: (جارێ لەبەر من ئاگایان لە تۆ بڕاوە. پشووێکی خواردەوە: ئەوەی ئەمرۆ لەمنە، سبەی لە تۆیە. ها.... ئەوجا بۆخۆت تێبگە) ئەو جۆرە خوێندنەوەیە لە ئێستاکە بۆ داهاتوو بۆ ئەوەیە کە لە ئایندەدا ئەو جۆرە ڕەفتارەی لە ڕابردوودا بەرانبەر بە مام ئۆمەر کراوە، ئاواش بەرانبەر بە کێخوا سێوێ دەکرێ، ئەمەش جۆرێکە لە ئاگادارکردنەوە و هۆشیارکردنەوە کە هەمان شتی مام ئۆمەری لەسەردەستی دوژمنان بەسەردادێ. وەکو چۆن لەو ڕوانگەیەوە جیرار جینێت دەڵێت: (مەبەستمان لە گێڕانەوەی پێشوەخت گێڕانەوەی، یان ورووژاندنی ئەو ڕووداوانەیە کە هێشتا ڕوویان نەداوە، یان لەوانەیە ڕووبدەن).

ئەوەی لەو چەند نموونەیەدا تێبینیمان کرد ڕۆماننووس هیچ جۆرە پێشخستنێکی دووبارەکراوی لەو ڕۆمانەیدا نەگێڕاوەتەوە، کە تێیدا باسی ڕووداوێک بکا کە لە ئایندە ڕوودەدات، بەڵام لە کاتی ئێستای گێڕانەوەکەیدا

چەند جارێک و لە چەند شوێنێکی جیاواز لەناو دەقەدا ئاماژە و دووبارەی دەکاتەوە.

**پاشخستن**

لەم ڕەوتی گێڕانەوەیە لە ڕۆماندا ڕۆماننووس بەهەمان شێوە لەچەند پەرەگرافێکدا کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئێستا ڕادەگرێ، دەگەڕێتەوە بۆ کاتی گێڕانەوەکانی ڕابردوو کە لەکاتی خۆی باسی نەکردوون، بەڵام ئێستاکە دەیانگێڕێتەوە تا جیاوازی نێوانیان دیاری بکات.

**أ- دەرەکی:**

١-(حاجی ژن ماوەیەکە بێ شیوین، ئەگەر هەتانە دوو سێ ژەم ساوارمان بە قەرز بدەنێ. حاجی ژن: قەرزی کەینێ؟. بەچی دەمان دەنەوە!؟. کە دەستمان هاتەوە بەرخۆمان: سەپانییەکەمان وەرگرت. حاجی ژن: تاهوو...، تاهوو: (شیردە لۆ داپیردە داپیر کلکە کولەم وێدا)، بەخوا ڕۆڵە نە ساوارمان هەیە نە ئەو جۆرە قەرزەش دەدەین) [67:13 ].

لێرەدا کە باسی ڕووداوی برسیەتی دەکات بۆ ئەوەی هەندێ قەرز لە حاجی ژن وەرگرێ و دواتر کە دەستمان دێتەوە بەرخۆمان سەپانیمان وەرگرت، ئەوجا قەرزەکەتان دەدەینەوە. ئەوە کۆمەڵە ڕووداوێکە نووسەر لە ئێستادا ڕایدەگرێ، بۆ ئەوەی ڕووداوێکی ڕابردووی دوور بگێڕێتەوە کە دەڵێ: (حاجی ژن: تاهوو... ، تاهوو: (شیردە لۆ داپیردە داپیر کلکە کولەم وێدا) ئەوە پەندێکی کوردییە زۆر لەمێژە باس کراوە بۆ ڕابردوویەکی زۆر دوور دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی زیاتر تیشک بخاتە سەر چۆنیەتی باسکردنی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئێستا زیاتر زانیاری ورد بە خوێنەر بدا، بۆیە دەڵێ: (بە خوا ڕۆڵە نە ساوارمان هەیە نە ئەو جۆرە قەرزەش دەدەین).

٢- (مام ئۆمەر ئەو ساڵە لەبێ ڕەنجبەری دەغڵ و دانی نەبوو. ساڵ سووراوە دوژمنایەتییەکە بەجارێ ساردبووەوە، مەگەر لەناو ئاقار تووشی یەکتر بووان قوونە شەڕێکیان لەگەڵ یەکتر بکردبوایە، ئەگینا بەسەردادانی جاران نەما، بەم شێوە چەند ساڵێکی بەسەردا تێپەڕی، ڕۆژێک دوژمنەکان بێ چاو و ڕووانە داوای مەسلەتییان لێکرد: ئێمە دەمانویست پێش هاتنی لاین دەست بەسەر زەوییەکانتدا بگرین، بەڵام ئێستا هیچ لە گۆڕێ نەماوە و ئومێد بڕ بووین، بۆیە داوات لێدەکەین کە ئەم دوژمنایەتییە لەنێوانماندا هەڵبگیرێت و تا ماوین بە برایەتی و تەبایی بژین) [13: 119].

مام ئۆمەر لە گێڕانەوەی ڕووداوی نەبوونی دەغڵو دان و دوژمنایەتی و مەگەر لە ناو ئاقار تووشی قونە شەڕ و باسی چەند ساڵێک دەکا، نووسەر بۆ ئەوەی تیشکێک بخاتە سەر فرەمەودایی کاتی گێڕانەوەکان و ڕێگا نەدا ڕێرەوی ڕەوتی گێڕانەوەکان یەک مەودا بڕوا، دەست لە گێڕانەوەکانی ڕووداوەکانی ئێستا هەڵدەگرێ و باسی گێڕانەوەی ڕووداوی ڕابردووی دوور دەکا کە پێش دەستپێکردنی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئێستا ڕوویان داوە، ئەویش باسکردنی (پێش هاتنی لاین)ـە مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە لەو ناوچەیەدا کە خەڵکی ئەو ناوچەیە هەوڵیانداوە بەر لەو مێژووە دەست بەسەر زەوییەکاندا بگرن، بەڵام بۆیان نەلواوە ئومێد بڕ بووینە، بۆیە ئێستاکە دەگەڕێتەوە سەر باسکردنی ڕووداوەکانی پێشوو تا هیچ کەلێنێک لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان ڕوونەدات داوا دەکا ئەو دوژمنایەتییە نەمێنێ و هەڵبگیرێ و بە تەبایی و برایەتی بژین تا ماون.

٣-(سێوە سۆر لەژوورێرا: شێخ گومەر. شێخ گومەر من ئەمڕۆکە هەموو شتێکم بۆ ڕوون بووە: کە تۆ هیچ قسووریت نەکردووە. هەموو چەشنە تاوان و تەڵەکەبازییەکت لەئاست ئێمە بەکارهێناوە. بۆ ئەوەی بەم ئاواتە گڵاوەی بگەیت. کە وا ئێستا وەک چاوئێشە بەدوایا وێڵی کە چەند ساڵیشە کپی و خۆت کردووەتە پیاوێکی باش چاوەڕوانی ئەنجامی ئەم داوە نەگریسە بوویت. هەناسەیەکی هەڵکێشاو: ئێستاکە من لێت بێ منەتم. چی لە دەستت دێت دریغی مەکە) [145: 13].

سێوە سۆر کە باسی شێخ گومەر دەکا کە چی بەرانبەریان ئەنجام داوە و چۆن قسووری نەکردووە لە هەموو جۆرە تاوان و تەڵەکەبازییەک مەبەستی عەرەبە و ئێستا کە باسیان دەکا، کە چ جۆرە ڕووداوێکیان بەرانبەر بە میللەتی کورد ئەنجام داوە دەست هەڵدەگرێ لە گێڕانەوی ئێستا و باس لەوە دەکا کپبوونی چەند ساڵی ڕابردوو خۆ کردنە پیاوی باش، بۆ ئەوەیە تا لە ئێستادا ئەو شتە نەگریسەمان بەسەر بێنی و پاشان دووبارە دێتەوە سەر باسی گێڕانەوەی ئێستا و دەڵێ: (ئێستاکە من لێت بێ منەتم. چی لە دەستت دێت دریغی مەکە) لەو پەرەگرافەدا نووسەر کە لێرە بەکاری هێناوە پێشتر

دەیتــوانی بەکــاری بێنێ، بەڵام بۆ ئەوەی کــردووە تا ڕووداوێکی ڕابردوو بگێڕێتەوە کە چۆن شێخ گومەر لە چەندساڵی پێشوو خۆی بە جۆرێکی تر پیشان داوە تا هەلی بۆ برەخسێ و دریغی لە خراپی و نالەباری خۆی نەکا کە ئێستا ئەنجامی دەدا.

**ب- ناوەکی:**

١-(حاجی لە زگ بوو بروات، دیسان رووی تێکردەوە و گوتی: بەڵام لە بیرت بێت، شەرت بێت لە شەرتی خوا واتان لێ بکەم بە هەنگوین بڵێن: ژەهرەمار. ئەوکات بە هەردوو دەستان گووی پەشیمانی بخۆن دادتان نەدات. ئافرەتەکە: لەبەر دەلینگانم مری، ئەگەر چیت لەدەست دێت، نەیکەیت. حاجی: ئێ، ئێ ئەم قســانە بکە!. ئافرەتەکە: دەڵێم: لە ژنان کەمتر بیت، ئەگەر قسوور.. بکەیت!. ئەوا من ڕۆیشــتم ئەوجــە دوایی خــۆتان دەبیننەوە) [13 :71-72].

لە گفتوگۆی نێوان حاجی و ئافرەتەکە، نووسەر کە باسی لە کۆمەڵە ڕووداوێک کرد پێش ئەوەی حاجی بروات، دەبوایە پێش دەستپێکردنی گێڕانەوەکە کە رووی داوە باسی بکا، بەڵام ئێســتاکــە باسی ئەو کــۆمــەڵە ڕووداوانە دەکا، چونکە ئافرەتەکە بواری نەداوە حاجی پەلکێــشی بۆ نامــووسی بکا، بۆیە ئەو کــۆمــەڵە هەرەشەیەیان لێ دەکا و ژنەکەش لە وەڵامدا حاجی بێ منەت دەکــا و دەڵێ: (لە ژنان کــەمــتــربیت، ئەگــەر قسوور.. بکەیت!).

٢-(ئێســتــاش ڕۆڵە بۆ وەســیــەت پێت دەڵێم، ئێ: دنیایە نەبادا نەمێنم: براکەت گچکەیە و هێشتا فام و تەمیزی ئەوەی نییە کە گەورە بوو تێی بگەیەنە، بەڵکو خوا دەکات ڕۆژێک لە دەستی بێت تۆڵەمان بکاتەوە) [13: 148].

نووســەر لەو پەرەگــرافــەدا دەست لە گــێــڕانەوەی ڕووداوەکانی ئێســتــا هەڵدەگرێ و لەگەڵ کوڕەکەیدا وەســیــەتێکی پێ دەڵێت بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوانەی لە ڕابردوو ڕوویان داوە و کارەساتیان بەسەر هاتووە پێشتر دەبوایە باسی بکردایە، بەڵام بۆ ئێستاکەی هەڵگرتووە و پاشی خستووە تا لەداهاتوودا کوڕە بچووکەکەی فامی کرد و تێگەیشت تۆڵەیان بۆ بکاتەوە.

٣-(بەڵام بە کێــخوا بڵێ تا بیست ڕۆژ، مانگێک تەعقیب دەکەین، ئەگەر بۆمان ساخ نەبووەوە کێیە، مسۆگەر جگە لە ئێوە کەسی تر نییە. ئەو کات شەرت بێت خاکتان لە توورەگە بکەین) [191:13 ].

تەعقیب کردنی ئەو ڕووداوانەی بەسەریاندا هاتووە لە ئێستادا و هەڵگرتنی گێڕانەوەی لە ئێستادا و گەڕانەوە بۆ هۆی ڕوودانی ئەو ڕووداوە لە ڕابردوودا کــە ئەوکــات باس نەکراوە بۆ ئەوەی ئێســتــاکــە باس بکرێ و ساغ نەبوونەوەی کە کێیە، خاک لە تورەگە کردن ڕەوتێکی دیکەی گێڕانەوەیە، ڕۆماننووس پاشی خستووە تا خوێنەر تووشی بێزاری نەبێ.

٤-(فەقێ عەلی هەر بە سەیرکردنی گوتی: بەبیرت دێت بە منداڵی یەکترمان چەند خۆش دەویست!؟. سێوە سۆر لە خۆشی ئەم وتەیە وەک بێچووە پەرەسێلکە دەمی بەش بۆوە. فەقێ عەلی بەتەمابوو هەرچی لەژێر پەڕەی دڵیدا بوو دوا ئاوات بیدرکێنێت، بەڵام شەرم و حەیا لێی کردە ڕازی دڵ بۆ ژێر گڵ: خۆزگە بۆ ئەو وەختە!. لەبەر پشوو سواربوون بێ دەنگ بوو) [196: 13].

فەقێ عەلی کە بە سێوە سۆر دەڵێ: (بەبیرت دێت بە منداڵی یەکترمان چەند خۆش دەویست!؟.) لێرەدا پێشتر بەچەند پەرەگرافێک باسی بابەتێکی دیکە دەکرا لەنێوان هەردووکــیــان، لێــرەدا ڕۆمــانــنووس بۆ ئەوەی شــەوق و زەوقی خوێندنەوە لای خوێنەر زیاتر بکا، پەنای بردۆتە بەر گــێــڕانەوەی ڕووداوی ڕابردوو کــە پێش گــێــڕانەوەی ڕووداوی یەکەم جار ڕووی داوە، بەڵام لە ئێستادا باس دەکا و گێڕانەوەی ئێستای ڕادەگرێ و پەنا بۆ ئەوجۆرە ڕەوتە دەبا و دواتر وەسفی سێوە سۆر دەکات چۆن وەکو بێچووە پەرەسێلکە دەمی لە خۆشی ئەو وتەیەی فەقێ عەلی بەش دەبێتەوە و ویستی زیاتر بۆ باسی گێڕانەوەی ڕابردوو بگەڕێتەوە، بەڵام شەرم و حەیا وایان لێ کرد ڕازی دڵ بۆ ژێر گڵ هەڵگرێ.

ج- ئاوێتە:

(مام ئۆمەر ئاخێکی هەڵکێشا گوتی: ئاخر تۆ نازانیت ئەم وەکی چ ئاگران نییە، ئافرەتەکە بەسەر سوڕمانەوە: ئاگری چی !؟ خوا عەمر بدات پایزێ زوو دەگەڕێینەوە سەرجێ و ڕێی خۆمان. مام ئۆمەر: کوا بۆ ئەوێ ڕۆژێ!؟ بەهەناســە هەڵکێــشــانەوە: دەترسم ئەو ماوەیە لەغەریبیان سەر بنێمەوە و ئەو تاقە ئاواتەی بەدنیام ماوە: کە ناژتنی تەرمەکە لە خاکی دۆمە،

نەیەتەدی. ئافرەتەکە بەزەردەخەنەوە گوتی: بەڵێن بێت مەگەر من نەمێنم، ئەگینا خوانەخواستە لەپشت قولەی قافیش بمریت تەرمەکەت دەهێنمەوە لەدۆمەی تەقەت دەکەم) [53:13].

لەو پەرەگرافەدا لە گفتوگۆی نێوان مام ئۆمەر و ئافرەتەکەدا، هەردوو جۆرە گێڕانەوە پاشخستنی لەخۆگرتووە. ئافرەتەکە کە دەڵێ: (خوا عەمر بدات پایزێ زوو دەگەڕێینەوە سەرجێ و ڕێی خۆمان) واتە ئەو جێگایەی لە ڕابردوو بەجێیان هێشتووە و مام ئۆمەریش لەوەڵامدا دەڵێ: (کوا بۆ ئەوێ ڕۆژێ!؟) ئەویش بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە، ڕۆماننووس هەردوو جۆری تێکەڵ کردووە و دواتر گێڕانەوەکەی بەرەو پێش بردووە ئەویش ناشتنی تەرمی مام ئۆمەرە لە خاکی دۆمە و بەجێ گەیاندنی بەڵێنە، ئەگەر لە پشت قولەی قافیش بمرێ ئەو شوێنە لە ئێستا و ڕابردوو زۆر باسی کراوە لە داهاتوودا ئەو ئاواتەی دێنێتە دی و بۆی جێبەجێ دەکەن، ئەگەر بمێنێ.

## ئەنجام

لەو لێکۆڵینەوەیەدا بە ناوونیشانی ڕەوتەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (کێخوا سێوێ)ی عەزیزی مەلای ڕەش، گەیشتینە ئەم چەند خاڵەی خوارەوە:

١- یەکێک لە بنەما هونەرییەکان کە ڕۆمان پشتی پێ دەبەستێت ڕەوتی گێڕانەوەیە، کە لایەنی هونەری دیاری دەکات و لە حیکایەت جیای دەکاتەوە.

٢-ڕەوتەکانی گێڕانەوە لە ڕۆماندا هەرگیز کاتی گێڕانەوەیان وەکو یەک نییە.

٣-بەهۆی ئەو پاش و پێشییەی لە نێوان ڕەوتەکانی گێڕانەوەی ڕۆماندا پاشخستن و پێشخستن دروست دەبێت و هەریەکێکیان لە چەند پێناسە و جۆرێک پێکدێت.

٤- عەزیزی مەلای ڕەش هەردوو جۆرەکانی لە ڕۆمانەکەی پەیڕەو کردووە، بەڵام زیاتر ڕەوتی گێڕانەوەی پێشخستنی پەیڕەو کردووە.

٥-ڕۆماننووس پێشخستنی ناوەکی و دەرەکی، زیاتر پەیڕەو کردووە، من هەستم بە پێشخستنی دووبارەکراوە نەکرد کە پەیڕەوی کردبێت.

٦-ڕۆماننووس لە ڕەوتی پاشخستندا بەزۆری پاشخستنی دەرەکی و ناوەکی پەیڕەو کردووە و کەمتر پاشخستنی ئاوێتە.

٧- جگە لە ڕەوتی گێڕانەوە، ڕۆماننووس دایەلۆگ و مەنەلۆگ و کورتکردنەوە و لابردنی ڕاگەیەنراو و ڕانەگەیەنراوی لە جووڵانەوەی خێرایی تێکستی ڕۆمانەکەی پەیڕەو کردووە، لەگەڵ خاوکردنەوەی گێڕانەوە لە ڕۆماندا کەپشتی بە وەسفی وەستاو و جووڵاو و دیمەن لە ڕۆماندا بەستووە.

**پەراوێزی بەشی یەکەم و دووەم:**

**١- محمد نوری ئەحمەد/ بونیاد-زمانگەری لە خوێندنەوەی ڕۆماندا /ژانی گەل وەک نموونە/ چاپی یەکەم/ چاپخانەی خاک/سلێمانی/٢٠٠٤.**

**٢- عەبدولخالق یەعقوبی/(باڵندەکانی دەم با) و دەرەتانەکانی گێڕانەوەیەکی پۆست مۆدێرنیستی/ گۆڤاری ڕامان/ژ٩٩ /هەولێر/٢٠٠٥.**

**٣- (د.) شوکریە ڕەسول/ تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (مارف بەرزنجی)دا/ چاپی یەکەم/چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر/٢٠٠٥.**

**٤- عبدالله ابراهيم/ البناء الفني لرواية الحرب في العراق/ الطبعة الاولى/ وزارة الثقافة والاعلام/ دار الشؤون الثقافية العامة/ بغداد/١٩٨٨.**

**٥- جيرار جينيت وآخرون/ نظرية السرد من وجهة النظر الى التبئير/ت- ناجي مصطفي /الطبعة الأولى / منشورات الحوار الأكاديمي والجامعي/دار الخطابي للطباعة والنشر/البيضاء/ليبيا/١٩٨٩.**

**٦- جيرار جينيت - خطابة الحكاية/بحث في المنهج/ت- محمد معتصم و عبدالجليل الأزدي و عمر الحلي /الطبعة الثانية/المجلس الأعلى للثقافة /المشروع القومي للترجمة/٢٠٠٠.**

**٧- هەمان سەرچاوە.**

**٨- شجاع مسلم العاني (د.)/البناء الفني في الرواية العربية في العراق/ وزارة الثقافة والاعلام/دار الشؤون الثقافية العامة/ بغداد/١٩٩٤.**

**٩-هەمان سەرچاوە.**

**١٠-موريس ابو ناضر(د.)/ الألسنية والنقد الأدبي في النظرية والممارسة/ دار النهار للنشر/بيروت/١٩٧٩.**

**١١- حسن بحراوي/ بنية الشكل الروائي/ المركز الثقافي**

العربي/ الدار البيضاء/مشروع نشر مشترك/بيروت/ ١٩٩٠.

١٣- برنار فاليط/ تقنيات السرد/ ترجمة/ رشيد بنحدو/ الهيئة العامة للشؤون المطابع الأمرية/ بلا مكان الطبع/ ١٩٩٩.

١٣- عەزیزی مەلای ڕەش/ کێخوا سێوێ/ ڕۆمان/ چاپی دووەم/ بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر/ ٢٠٠٧.

سەرچاوەکان:

١-بە کوردی:

أ- کتێب:

١- (د.) شوکریە ڕەسول/تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (مارف بەرزنجی)دا/ چاپی یەکەم/چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر/٢٠٠٥.

٢- عەزیزی مەلای ڕەش/ کێخوا سێوێ/ڕۆمان/چاپی دووەم/بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر/٢٠٠٧.

٣-محەمەد نوری ئەحمەد/ بونیاد-زمانگەری لە خوێندنەوەی ڕۆماندا /ژانی گەل وەک نموونە/ چاپی یەکەم/ چاپخانەی خاک/سلێمانی/٢٠٠٤.

ب-گۆڤار:

١-عەبدولخالق یەعقوبی/(باڵندەکانی دەم با) و دەرەتانەکانی گێڕانەوەیەکی پۆست مۆدێرنیستی / گۆڤاری ڕامان/ژ٩٩ /هەولێر/٢٠٠٥.

٢- بە عەرەبی:

١- برنار فاليط/ تقنيات السرد/ ترجمة/رشيد بنحدو/ الهيئة العامة للشؤون المطابع الأمرية / بلا مكان الطبع/١٩٩٩.

٢- حسن بحراوي/ بنيه الشكل الروائي/ المركز الثقافي العربي/ الدار البيضاء/مشروع نشر مشترك/بيروت/ ١٩٩٠.

٣-جيرار جينيت - خطابة الحكاية/بحث في المنهج/ت-محمد معتصم و عبدالجليل الأزدي و عمر الحلي /الطبعة الثانية/المجلس الأعلى للثقافة /المشروع القومي للترجمة/٢٠٠٠.

٤- جيرار جينيت و آخرون/ نظرية السرد من وجهه النظر الى التبئير/ت- ناجي مصطفى /الطبعة الاولى / منشورات الحوار الأكاديمي والجامعي/دار الخطابي للطباعة والنشر/البيضاء/ليبيا/١٩٨٩.

٥- شجاع مسلم العاني (د.)/ البناء الفني في الرواية العربية في العراق/ وزارة الثقافة والاعلام/ دارالشؤون الثقافية العامة/ بغداد/ ١٩٩٤.

٦-عبدالله ابراهيم/ البناء الفني لرواية الحرب في العراق/ الطبعة الأولى/ وزارة الثقافة والاعلام/ دار الشؤون الثقافية العامة/ بغداد/١٩٨٨.

٧- موريس ابو ناضر (د.) /الألسنية والنقد الأدبي في النظرية والممارسة/ دار النهار للنشر/بيروت/١٩٧٩.

# لۆدڤیگ ڤتگنشتاین
# لەنێوان لۆژیک و بیرکاریدا

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

**پێشەکی**

لە فەلسەفەی سەردەمدا هەندێک فەیلەسووف هەن بە تایبەتی سەرنج بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن، ئەو سەرنج ڕاکێشانە بریتی بێ لە پەسندکردن، یان ڕکەبەری کردن و گازندە و ڕەخنەلێگرتن بێ.

لۆدڤیگ ڤتگنشتاین (١٨٨٩- ١٩٥١) فەیلەسووفی بن جووی نەمسایی ئەو نموونەیە. ئەو دیاردە - بۆچوونە بەرجەستە دەکات.

ئەو بۆچوونە دەکرێ بە چەند خاڵێک ڕوون و پشت ڕاست بکرێتەوە:

**یەکەم:** بەپێی ئەو بەرهەمانەی نووسیویەتی و لەپاشی بەجێ ماون، فەلسەفەکەی دەکرێ بە دوو بەشی لە یەکتری جیاوازەوە.

**دووەم:** بەشی دووەمی فەلسەفەکەی بە هیچ جۆرێک تەواوکار و پەرەپێدەری بەشی یەکەمی نییە، بەڵکو بە تەواوەتی لە یەکتری جیاوازن و خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا ئەوپەڕی کەمن و سەرنج ڕاناکێشن. ئەو دوو بەشەی فەلسەفەی لەو دوو کتێبەدا هاتوون:

- پەیامێکی لۆژیکی - فەلسەفەیی:


Tractatus Logico - Philosophicus

- چەند توێژینەوەیەکی فەلسەفەیی:

Philosophische Untersuchungen

**سێیەم:** ئەو ڕێگایەی گرتوویەتییە بەر و پێیدا هاتووە بۆ جیهانی فەلسەفە سەیر و سەرنج ڕاکێشە، ئەگەر نەڵێین نائاسایی و نامۆ بووە! خۆی خوێندکاری کۆلێژی ئەندازیاری و تەکنیکی بووە، کەچی وردە وردە بەرەو بیرکاری (ماتماتیک) چووە، ئینجا لەوێوە لەناکاو بەلای فەلسەفە بەگشتی و بە تایبەتی بەلای لۆژیکدا هاتووە. فەلسەفەشی بە زمانی ئینگلیزی لەلای ڕەسل خوێندووە!

**چوارەم:** جۆری بیرکردنەوەی و ئەو چەمکانەی بەکاری



لۆدڤیگ

هێناون، وەک لە چوارچێوەی نووسینەکەدا شی دەکەینەوە دەردەکەوێ، بەگیانی جیهاندیدی باوی فەلسەفەی ئەڵەمانیای زمان ئاشنا نین، بگرە لە دەرەوەی کایە و دەقەری باوی دابونەریتی ئاسایی ئەڵەمان دەجووڵێنەوە(١).

**پێنجەم:** لە کاتێکدا لافی لێداوە گوایە بە یەکجارەکی کێشە هەرە کۆنە بۆ ماوەکانی فەلسەفەی چارەسەر و یەکلایی کردۆتەوە و بنەمای میتافیزیکی هەڵتەکاندووە، خۆی بە بیروبۆچوونەکانی سەختترین کێشە و بەرەی فەلسەفەی بەرپا کردووە، بەڵام بەشێواز و ناوەرۆکێکی جیاتر و سیستمێکی دیکەی میتافیزیکی لە چوارچێوەیەکی دیکەدا ڕەنگ ڕشتووە!

**شەشەم:** پێش کۆڕی ڤیەنای پۆزیتیڤیزمی لۆژیکی دەستپێشخەری لەوەدا کردووە، چاوی بە بابەتی فەلسەفەدا خشاندۆتەوە، ئەنجامەکەشی ئەوەبووە ئەرک و میتودە و چالاکی و ناوەرۆکێکی نوێی بە بەر فەلسەفەدا بڕیوە(٢) ئەو بڕیارەشی بەلای زۆربەی هەرە زۆری فەیلەسووف و هزرمەندانەوە جۆرە سنووردانانێکە لە بێ پێزی و هەژاری و ناوەرۆک و لاواز کردنی ڕۆڵی فەلسەفە بەو لاوە شتێکی دیکە نەبووە!

٢- جیهاندیدی فەلسەفەی ڤتگنشتاین دەکرێ بە دووبەش- دوو قۆناغی لەیەکتری جیاواز:

- ئەوەی لە کتێبی تراکتاتۆس دایە و دەکرێ بە فەلسەفە بەگشتی

- بەو واتایەی ئەو خۆی لێی تێگەیشتووە و دەستنیشانی کردووە و بە لۆژیک بە تایبەتی دابنرێ.

- بەشی دووەمیان ئەوەیە کە لە کتێبی چەند توێژینەوەیەکدا نووسیویەتی، بەڵام پاش مردنی چاپ کراوە، بە تەواوەتی لە بارەی ڕۆڵ و پێکهاتەی زمانە و لە بابەتی فەلسەفە، بە واتا باوەکەی دوور کەوتۆتەوە و دەکرێ بەو زانستە دابنرێ کە لە سەرەتای سەدەی ڕابردووەوە بە لینگویستیک (زانستی زمان) ناوبراوە. چەند بەهەرمێکی دیکەی لەپاش بەجێ ماوە، ناوەرۆکەکانیان ئەو وانانە بوون کە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد بەخوێندکارانی گوتووە و دۆست و لایەنگیرانی چاپیان کردووە، گرینگترینیان هەردوو کتێبی (قاوەیی و کەسک) بوون.

- شاکاری پەیامێکی لۆژیکی- فەلسەفەیی جیهاندیدە فەلسەفییەکەی ڤتگنشتاین بە ڕێکوپێکی بەرجەستە کردووە، خۆی بۆ یەکەم جار (ساڵی ١٩١٨ز) بە زمانی ئەڵەمانی بڵاوکراوەتەوە. تێیدا حەوت تێزەی سەرەکی تاووتو کراون (حەوتەمیان پتر لە ئامۆژگاری دەچێ)، هەر تێزەیە ژمارەیەکی بۆ دانراوە (١-٧)، ئینجا لەلای خۆیانەوە دەبن بە چەند لقە تێزەیەک هەریەکە ژمارەی دیاریکراویان هەیە و ئەو ڕۆڵەیان پێ سپێردراوە تێزە سەرەکییەکە لێکبدەنەوە و شرۆڤەی بکەن. ئەوەی تێگەیشتنی ئەو شاکارەی گران و سەخت کردووە میتودە تایبەتییەکەیەتی کە لۆژیک و بیرکاری و ڕێبازێکی تایبەتی فەلسەفە (میتافیزیکی) ئاوێتەی یەکتری کردوون و پتر بە شێوازی کورتە دەستەواژەی پوخت و چڕ بابەتەکە دەردەبڕن!

- تێزەی یەکەم و دووەم بە تێکڕایی دەچنەوە سەر بنەمای ئۆنتۆلۆژی (بوونی گشتی) فەلسەفەکەی و تێیاندا ئەو چەمکانە بەکارهاتوون کە ئەو لایەنانە بەرجەستە دەکەن: (جیهان، ڕەوشی بابەت- شمەک، هەڵکەوتە ڕاستەقینەکان):

١- جیهان تێکڕای هەموو ئەوانەیە کە هەڵکەوتی لە ئارادا بووە.

٢- ئەوی هەڵکەوتی لە ئارادا بووە، ڕاستەقینەکە، بوونی ڕەوشی بابەت- شمەکەکەیە.

– لە تێزەی سێیەمدا نووسەر لە بابەتی ئۆنتۆلۆژییەوە چۆتە نێو پاوانی تیوری زانینەوە، ئەوگوێزرانەوەیە لەو پێوەندییەدا دەردەکەوێ کە لەنێوان جیهان و ئەو بیرۆکانەی لە بارەی جیهانەوە لە ئارادان هەیە.

٣- وێنە لۆژیکییەکەی ڕاستەقینە Tatsachen بیرۆکەیە. لە تێزەی چوارەم بەولاوە بابەتەکە گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەردا هێنراوە بەوەی دەست کراوە بە توێژینەوەی کەرەسەی زمان لە چوارچێوەی ئەو لۆژیکەی ڤتگنشتاین بە پشتیوانی بەرهەمەکانی گۆتلوب مرێگە و بێرتراند ڕەسل ڕەنگی ڕشتووە؛ وادانراوە کە بەهۆی دەستەواژە پڕ واتاکانەوە بیرۆکەکان دادەڕێژدرێن.

٤- بیرۆکە دەستەواژەیەکی پڕ واتایە.

ئینجا لایەک لە فەلسەفە دەکرێتەوە، جارێکیان وا دادەنرێ کە ئەو دەستەواژانەی لە بارەی فەلسەفەوە نووسراون و ئەو پرسیارانەی لە بارەیەوە کراون، هەڵە نین، بەڵکو بێ واتان:

٣.. و٤: زۆربەی ئەو دەستەواژانە و پرسیارانەی لە بارەی فەلسەفەوە نووسراون، هەڵە نین، بەڵکو بێ واتان. ئێمە ناتوانین بەگشتی وەڵامی ئەو جۆرە پرسیارانە بدەینەوە، بەڵکو دەتوانین تەنیا هەر بێ واتاییەکانیان ساغ بکەینەوە. زۆربەی پرسیار و دەستەواژەکانی فەیلەسووفەکان لەوەوە کەوتوونەتەوە کە ئێمە لە لۆژیکی زمانەکەمان تێ ناگەین.

جارێکی دیکە ڤتگنشتاین لە لقەکانی ئەو تێزەیەدا ئەرکی سەرشانی فەلسەفەی دیار و دەستنیشان کردووە و گوتوویەتی:

٤,٠٠٣١: فەلسەفە هەمووی ڕەخنەکردنی زمانە، (بەڵام نەک بە واتای ماوتنەرز) بە سایەی ڕەسڵەوە بوو کە نیشانی داوە فۆرمی بەرچاوی دیاری لۆژیکی دەستەواژە مەرج نییە بە ناچاریی وێنە ڕاستەقینەکەی بێت.

– لە تێزەی پێنج و شەشدا نووسەر ستروکتۆر و پێکهاتەی ناوەکی زمان دەکات بە کەرەسەی توێژینەوە و نەخشەی چوارچێوەیەک دادەڕێژێ کە دەکرێ تێیدا هەموو دەستەواژە پڕ واتاکان جێگایان ببێتەوە و بگونجێن.

– دوا تێزە کە، تێزەی حەوتەمە جیهاندیدە ترانسندێنتالییەکەی(٣) بەرجەستە دەکات کە بریتییە لەوەی فرە شت هەیە لە گوتن نایەت و ئەگەر مرۆڤ لێیان دڵنیا نەبێ، پێویست ناکات قسەیان لێ بکات:

٧: ئەوەی مرۆڤ نەتوانێ لە بارەیەوە بدوێ، پێویستە لێی بێ دەنگ بێت! دەبێ تا چەند ئەو قسەیەی ڤتگنشتاین بابەتی «شت لە خۆیدای» کانت کە لە توانابییدا نییە بزانرێ، دەربڕێ.

ئەوی لە بەشی ئۆنتۆلۆژی ئەو شاکارەدا سەرنج ڕادەکێشێ ئەو کۆششەیە کراوە بۆ هەڵاوێردن و لە یەکتری جیاکردنەوەی سروشتی لۆژیکیانەی چەمکانە، چەمکی: شتی تاک، خەسڵەت، تایبەتمەندی، پێوەندی، ناکردنی شتومەکی تاک و ناکردنی خەسڵەتە هەمەکییەکان پشکی شێریان بەرکەوتووە، ئینجا هەوڵ دراوە ڕەوشی بابەتی ساکار (ئەتۆمار) لە هی ڕەوشی بابەتی (Sachverhalt) لێکداو جیا بکرێتەوە. بەڵگەی بایەخدان بەو جۆرە چەمکانە لە دوو خاڵدا ڕوون بۆتەوە:

**یەکەم:** بەلای ڤتگنشتاینەوە ڕاستەقینە بە چەمکی جیهان دابنرێ، ئەوپەڕی بنەڕەتی ترە لەوەی شمەک بەو چەمکە دابنرێ. ئەو بڕیارە خۆی لەخۆیدا دوورکەوتنەوەیە لە ڕیالیستی (هەڵکەوت) و چوونە نێو دەڤەری پەتی و ئەبستراکتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو ڕۆڵە دەردەخات کە بیرکاری لە جیهاندیدی فەلسەفەیی ئەو فەیلەسووفەدا گێڕاویەتی. جیهانی بیرکاری لە چەند پێکهاتە و بوونەوەرێک کە تەنیا هەر لە مێشک و هزری هزرمەنددا هەن، ڕەنگی ڕێژراوە. هیچ کەسێک گومانی لەوە نییە شمەک کە بەر هەستێک لە هەستەکان دەکەون، جیهانیان لێ پێکهاتووە، هەر لەو شمەکانەوە بۆچوون لە هزردا لە بارەیانەوە وێنا دەکرێ و لە چوارچێوەی ئەو وێناکردنەشدا چەمکەکان ڕۆدەنرێن کە ئامرازی ئاماژەی دەربڕینن.

**دووەم:** ئەو شتەی مرۆڤ لە بارەی جیهانەوە دەیزانێ و پەی پێ دەبات، بە پلەی یەکەم زانینی شمەکەکانی دەوروبەر نییە(٤)، بەڵکو زانینی ڕاستەقینەیە کە لەو شمەکانەوە کەوتۆتەوە و لەپێش چەمکی شمەکانیشەوە دێت و دەبێ. دەبێ تا چەند ئەو چەمکەی ڕاستەقینەیە لە جیهاندیدی ئەو فەیلەسووفەدا لەگەڵ چەمکی ڕەوشی شمەک و Sachverhalt تاکەکان و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکاندا بێتەوە؟!.

– لە سەرەتای تراکتاتۆسدا وەڵامی ئەو پرسیارە دراوەتەوە، لە سۆنگەی لۆژیکی بیرکارییەوە پێوەندی دەستیاوی نێوان هەردوو چەمکی کێشە ئامێزی ڕاستەقینە و ڕەوشی شمەک، پێکەوە هاتنەوەیان و لە یەکتری جیاوازبوونیان ، کە سەربەخۆیی هەردووک لایان ڕوون دەکاتەوە، پشت ڕاست کراوەتەوە، ڤتگنشتاین گوتوویەتی:



فۆیەر باخ

«جیهان تێکڕای گشت ڕاستەقینەکانە، نەک هی شمەکەکان...»

– ڕەوشی شمەک بەیەکەوە بەندیی و پەیوەستی بابەتەکانە (شت و شمەک).

– لە لۆژیکدا هیچ شتێک ڕێککەوت نییە: Zu-fallig(٥)

لەو دەستەواژانەی ئەو شاکارەوە دەردەکەوێ کە نووسەرەکەی لەو باوەڕەدابووە و وای داناوە کە ئەوی پێوەندی بە ڕاستەقینەوە هەیە ئەوەیە کە بە ڕاستی ڕاستەقینەی لە ئارادا بووە، بەڵام ڕەوشی شمەک ئەوە نیشان دەدات بە شێوازی شیاوەکی لە ئارادا بووە.

## تیوری زانین

١- لە جیهاندیدی ڤتگنشتایندا، چۆن فەلسەفە ڕۆڵی دیکەی پێ سپێردراوە و ئەرکی نوێی خراوەتە ئەستۆ، لقەکانیشی لەلای خۆیانەوە پڕیشکی ئەو ئاگرەیان بەرکەوتووە، ئەو لقانە هەر لە لۆژیکەوە تاوەکو تیوری زانین لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا تەپوتۆزی بۆماوەیی ڕابردوویان لێ تەکێنراوە و مشتومالْ کراونەتەوە و کالآیەکی دیکەیان بە بەردا براوە. کە باسی تیوری زانین لەلای ئەو فەیلەسووفە دەکرێ، وێنەی جیهان و وێنەی لۆژیکی و پێوەندی هەردووکیان بە هەردوو بابەتی هزر (بیر) و زمانەوە لە مێشکدا وێنا و لەبەرچاو بەرجەستە دەبێت. کەوابوو مەبەست لە هەردوو وێنەی جیهان و لۆژیک چییە و چ پێوەندییەکیان پێکەوە و بە هەردوو بابەتەکەی دیکەوە هەیە؟!

هیچ گومان لەوەدا نییە کە پێوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان هزر و زمان و لۆژیک و جیهانی دەوروبەردا هەیە، بەپێی بابەتەکەش سروشتی ناوەڕۆک و ڕوخساری ئەو پێوەندییە دیار و دەستنیشان دەکرێ.

مرۆڤ، ئەگەر بوونەوەرێکی ژیر بێ، هزر، بیرکردنەوە تایبەتمەندییەکی بەرچاوی مرۆڤە. بیرکردنەوە خۆشی چالاکییەکی گیانییە لە ئەندامێکی ئەوپەڕی گرنگ و پەرەسەندووی مرۆڤ دەکەوێتەوە کە بە کوردی (مێشک)ی پێدەگوترێ. ئەو چالاکییە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و ناوەڕۆک هەمەڕەنگە ڕازونیاز و هەست و خواست و ئاوات و ئامانج و مەبەستی مرۆڤ بەرجەستە دەکات، ئەو پرۆسەیە بەرجەستە کراوە پێویستی بە ئامرازێک هەیە دەری ببڕێ و بەدەوروبەری بگەیەنێ، ئەو ئامرازە کە لە پرۆسەکە ساکارتر نییە زمانە. زمان ئەو ئامرازەیە کە ناوەڕۆکی هزر (بیری) مرۆڤ دەردەبڕێ. ڤتگنشتاین لەو باوەڕەدابووە پێوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان دەستەواژەی زمان و هزر و زانینی جیهانی دەوروبەردا هەیە، لەو بارەیەوە گوتوویەتی:

«دەستەواژەی زمان وێنەیەکی دەوروبەری هەڵکەوتی ڕاستەقینەیە... دەستەواژە مۆدێلی هەڵکەوتی ڕاستەقینەیە، هەروەک چۆن ئێمە بە بیرومێشکی خۆمانی دادەهێنین و بیری لێدەکەینەوە(٦)» لەو تێکستەوە، ئەگەرچی تا ڕادەیەک ساکار بێتە بەرچاو و دیدە، وا دەردەکەوێ کە دەستەواژە لە زماندا ڕۆڵی ئەوپەڕی گرنگ دەگێڕێ، زمانیش خۆی جیهانێکی ڕێکوپێکە و جۆرە سەربەخۆییەک لە ئەرک و ڕوخسار و ناوەڕۆکدا نیشان دەدات، ئەو لایەنەش تایبەتمەندی زمانە کە بووە بە کەرەسەی توێژینەوەی لۆژیک و فەلسەفە و لەو ئەرکەیدا کە پێی سپێردراوە و جێبەجێی دەکات، بەهیچ جۆرێک لە ئەندامانی دیکەی لەشی کەمتر نییە؛ چاو دەبینێ و گوێ دەبیستێ، زمان پێوەندی ژیانی کۆمەڵایەتی دەردەبڕێ، جیهانێکی فرە ڕەهەندی لە ڕستە، دەستەواژە، سیمبۆل، کێشە (پرۆپۆزیشن) پێکهاتوو بەرجەستە دەکات، بەڵام نەک بە وێنە، بەڵکو بە دەنگی تایبەتی شمەکەکان

دەردەبڕێ. جیهانی هەڵکەوتی دەوروبەر لەلای خۆیەوە لە شمەکی هەمەجۆر پێکهاتووە کە پێوەندی تایبەتی و خەسڵەتی دیاریکراو بەیەکەوە بەندی کردوون، کەرەسەیەکی بە پێزن زمان دەریان دەبڕێ، بۆیە ئاساییە ئەگەر بگوترێ.

٢- لەنێوان هەردووک جیهاندا، جیهانی زمانی دەربڕین و جیهانی هەڵکەوتی دەوروبەر پێوەندی و گرێبەندێکی دەستیاوی توندوتۆڵ هەیە، ئیتر چۆن زمان لە دەستەواژە پێکهاتووە، هەر بەو شێوە و شێوازە جیهانیش بریتییە لە کۆی تەواوی هەموو ئەوانەی رەوشی هەڵکەوتی راستەقینەیان لێ پێکدێت(٧) ئەو پێوەندییە دەستییاویەی نێوان هەردوو لا کە ڤتگنشتاین گرنگیەکی زۆری پێداوە گرمانەی کردووە، لە چوارچێوەی تیوری زانیندا، بەو پێیەی ئەو فەیلەسووفە تێی گەیشتووە، ئەو ئەنجامەی لێدەکەوێتەوە:

دەکرێ بەهۆی شیکردنەوەی پێکهاتەی زمانەوە، رووداو و قەوماو و بابەتە جۆراوجۆرەکانی دەوروبەر کە کەرەسەی هاوردەی هەستەکانن و Date بەهۆی زمانەوە دەردەبڕدرێن، وێنەیەکی نەخشاوی بەپێز و رەنگاورەنگی دڵرفێنی جیهانی هەڵکەوتی دەوروبەر لە چوارچێوەی ئەو تابلۆیەدا بکێشرێ کە بە جیهانبینی فەلسەفە دادەنرێت: Weltanschauung.

بۆ پشت راستکردنەوەی ئەو بۆچوونە ڤتگنشتاین گوتوویەتی:

دەستەواژە وێنەی دەوروبەری هەڵکەوتی راستەقینەیە، دەستەواژە مۆدێلێکی دەوروبەری راستەقینەیە هەروەک چۆن ئێمە بە هزر- بیر- وێنای دەکەین و بۆی دەچین(٨).

٣- زمان بە دەستەواژە و دەنگ شمەکی دەوروبەر دەردەبڕێ، ئەگەر بێتو ئەو دەنگ و دەستەواژانە شی بکرێنەوە، وێنەیەکی راستەقینەی جیهانی دەوروبەر دەستگیر دەبێ، ئیتر هەر بۆیە راستە، ئەگەر بگوترێ:

«سنوورەکانی زمانەکەم سنوورەکانی جیهانەکەم دیار و دەستنیشان دەکەن.(٩)». لۆژیک لقێکی فەلسەفەیە و لە زمان و هزر دانابڕێ، بە هەمان پێودانگ ئەو ئەنجامە دەکەوێتەوە کە:

لە لۆژیکی زماندا «وێنەیەکی جیهان تێیدا رەنگ دەداتەوە و دەدیترێ»(١٠) ئەو قسەیە تا چەند ئەو بیرۆکەیە پشت راست دەکاتەوە کە گوایە ڤتگنشتاین لەو باوەڕەدا بووە وێنەیەکی لۆژیکی زمان هەیە و پێوەندی نێوان زمان و دەوروبەر دەردەبڕێ؟

زمانە لە دەستەواژە پێکهاتووە، دەوروبەریش لە شمەک، لەنێوان پێکهاتەی دەستەواژە کە ناوە و ئەو شتانەی لە دەوروبەری دەرەوەی مرۆڤ هەن، پێوەندییەکی لە یەکچوون و وەک یەک لە ئارادایە.! ئەو بۆچوونە پاساودانی هەبوونی پێوەندی لۆژیکییە لەنێوان زمان و ئەو شمەکانەی نیشانیان دەدات و دەریان دەبڕێ.! کەوابوو زمان وێنەیەکی جیهانی دەوروبەرە، ئاوێنە ئاسا هەموو شتێکی تێدا دەکێشرێ و دەردەبڕدرێ. هزریش لەلای خۆیەوە لە زمان دانابڕێ، چونکە زمان ئەو ئامرازەیە کە ناوەرۆکەکەی بەرجەستە دەکات و دەری دەبڕێ، بۆیە دوور نارۆین، ئەگەر ئەو بۆچوونەی ڤتگنشتاین پەسند بکەین کە هزر خۆی وێنەیەکی لۆژیکی دەستەواژە (پرۆپۆزیشنە). لێرەوە هزر- بیر- «وێنەیەکی لۆژیکی هەڵکەوتی راستەقینەیە(١١)». ئەو پرسیارەی لەو بۆچوونەوە دەکەوێتەوە و لە تراکتاتۆسدا وەڵام دراوەتەوە ئەوەیە رۆڵی ناو لەبەرانبەر شمەکدا چییە؟ چۆن لێکدەدرێتەوە؟

دەستەواژەی پێکهاتەی سەرەکی ئەو زمانەیە کە کەرەسە و بابەتی لۆژیکە. ئەو دەستەواژانە بەو چاوە سەرنج نادرێن کە کۆیەکی ئەو وشانە بن کە لێیانەوە پێکهاتوون، بەڵکو وادادەنرێن کە دوو جۆرن: ئەو دەستەواژانەی شت باس دەکەن و دەردەبڕن و ئەوانەی ناوی شمەکیان تێدا بەکاردێت. دەستەواژەی جۆری یەکەم واتابەخشە و ئەوی دووەم کە ناوەکان کەرەسەی سەرەکییانە دەلالەتیان هەیە. لێرەوە بە بۆچوونی ڤتگنشتاین ناو وێنەی راستەوخۆی شمەک، شتی دەوروبەر نییە، بەڵکو دەستەواژە خۆی بە تەنیا دەتوانێ لە رێگای وێنەوە ئەو رۆڵەی نواندنە جێبەجێ بکات، لەبەر ئەوەی ناو سیمبۆلێکی سادە و ساکارە ناکرێ راست، یان ناراست بێ، بۆیە ئەو بایەخە لۆژیکییەی نییە کە دەستەواژە هەیەتی. وێنەی لۆژیکی لەلای خۆیەوە لەوە پێکهاتووە کە بنەماکانی بە جۆر و شێوازی دیاریکراو و پێوەندییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە(١٢). وێنە خۆی لەخۆیدا ئەو پێوەندییەیە کە بەش و پێکهاتەکانی بابەتەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. وێنەی مرۆڤێک ئەو پێوەندییەیە کە سەرومل و شان و هەردوو دەست و ناوقەد و هەردوو قاچی پێکەوە دەبەستێتەوە.

٤- ئەگەر دەستەواژەی لۆژیکی پێوەندی دەستیاوی نێوان لۆژیک، هزر و جیهان دەستەبەر ببێ، ئەو لایەنە،

بەپشکێکی گرنگی تیوری زانین لە جیهاندیدی ڤتگنشتایندا دادەنرێ، دەستەواژە لە خۆیدا دەکرێ بە دوو جۆرەوە:

**یەکەم:** دەستەواژەی سوودبەخش.

**دووەم:** دەستەواژەی بێ واتا.

جۆری یەکەم ئەوانەی کە توانایی شرۆڤەکردنی جیهانیان هەیە، چونکە ڕاستی و ناڕاستییان دەکرێ پشت ڕاست بکرێتەوە.

جۆرەکەی دیکەیان کە دەکرێ بە شیکاری و هەمانگۆیی دابنرێن، چونکە هیچ جۆرە زانیارییەک نادەنە دەست، خۆ ئەگەر ئەنجامێکیان لێ بکەوێتەوە، ئەو ئەنجامە لە سەرەتاوە لە پێشەکییە گریمان کراوەکەی دەستەواژەکەدا بەشێوەیەک لە شێوەکان هەیە و تەنیا شێواز و فۆرمی کەوتنەوە کە جۆرە جیاوازییەک نیشان دەدەن.

ئەو بۆچوونە ڕەنگی ئەو وێنەیەی لە مێشکی ڤتگنشتایندا لە بارەی ڕوخسار و ناوەڕۆک و ڕۆڵی فەلسەفەوە ڕشتووە: ئامانجی فەلسەفە ڕوونکردنەوەی لۆژیکی هزر و بیرۆکەکانە...

«فەلسەفە ڕێباز و تیۆرییەک Lehre نییە، بەڵکو چالاکییەکە.. کاری فەلسەفە لە سروشت و گەوهەردا لە شرۆڤەکردن و ڕوونکردنەوە پێکدێت...

ئەنجامی چالاکی فەلسەفە ئەوە نییە چەندین دەستەواژەیەکی فەلسەفەیی دابڕێژرێن و ڕۆبنرێن، بەڵکو ڕوون بوونەوەی دەستەواژەکانە(١٣). ئەو دەستنیشان کردنەی ناوەڕۆک و ڕوخسار و ڕۆڵی فەلسەفە بەو جۆر و شێوازە، ئەگەر نزیک بوونەوە بێ لە فۆرمی بیرکاری و زانستی و فیزیک، ئەوە لە دوو لاوە گازندە هەڵدەگرێ:

**یەکەم:** ئەوپەڕی بێ پێزکردنی فەلسەفەیە بێ قەید و مەرج و کردنیەتی بە پاشکۆیەکی لاواز دەست بە دامێنی زانستەکانەوە بگرێ، ئەو هەڵوێستە بەلای زۆربەی هەرە زۆری دۆست و پسپۆڕانی فەلسەفەوە پەسند نییە و (وەک کوردەکە، لە هەردوو جەژنەکە بووە!) زانست بەو جۆرە فەلسەفەیە بەپێز و دەوڵەمەند نابێ و فەلسەفەش نە دەبێ بە زانست و نە سوودمەند دەبێ!

**دووەم:** ڤتگنشتاین تەنانەت ئەو ڕۆڵەی فەلسەفەشی بە ڕەوا نەزانیوە کە لەسەری گازندە کراوە. ڕۆڵی شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی جیهان. لە تێزەی نۆ (لە بارەی فۆیەرباخ)ەوە مارکس داوای کردووە فەلسەفە دەستبەرداری شرۆڤەکردن ببێ و ڕۆڵی گۆڕینی جیهان بگرێتە ئەستۆ! کەچی ئەو فەیلەسووفە نەمسایییە بەوەش نەوەستاوە و هەوڵی داوە فەیلەسووفەکان وا لێ بکات هیچ لە بارەی دەوروبەرەوە نەڵێن و تەنیا چەمک و ڕستە و گریمانەکانی زانستە جۆربەجۆرەکان لێکبدەنەوە و شرۆڤە بکەن!!.

٥- بوونی جیهانی دەوروبەر و چۆنێتی پەی پێ بردنی و زانینی ئەگەر لەسەردەمی جۆرج بێرکلی-یەوە کێشەیەکی سەرەکی تیوری زانین و مایەی لە یەکتری هەڵاواردنی ڕێبازەکان بووبێ، ئەو کێشە- پرسیارە لەلای ڤتگنشتاین تاڕادەیەک کاڵ بۆتەوە بەوەی لە چوارچێوەی پێوەندی زمان و لۆژیکدا سەرنجی داوە و شرۆڤەی کردووە. هەر لە سەرەتای تراکتاتۆس-دا وشەی «جیهان» هاتووە، بێجگە لەوەی پێ لەسەر ئەو خاڵەدا گیراوە، کاتێک لە لۆژیکی زمان دەگەیشترێ، ئەگەر لە لۆژیکی جیهان بگەیشترێ، هەر بەهۆی جیهان خۆیەوە زمان سروشتی تایبەتی و خەسڵەتی خۆی بەجێ دەگەیەنێ(١٤) چۆن زمان دەتوانێ ئەو ئەرکەی جێبەجێ بکات؟ ئەو ئەرک ڕاپەڕاندنە چ پێوەندییەکی بە ساغ کردنەوەی بوونی جیهانی دەوروبەرەوە هەیە؟! چۆن دەکرێ مرۆڤ وێنەیەکی دروست- نا دروستی جیهان بکێشێ؟

کاتێک زمان دەتوانێ شایستەی ئەوەبێ پێی بگوترێ ئەرکی خۆی جێبەجێ کردووە و واتابەخشە، ئەگەر شتێک دەربڕێ، بوونی واتابەخشی هەبوونی جیهان دەکات، بە هەلومەرجی پێویست! ئەگەرنا دەبێ زمان لافی دەربڕینی چی لێ بدات؟!

لە جیهاندیدی ڤتگنشتاین-دا کە لۆژیک و زمان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن، چەند ئاستی جیاواز دەبینرێ و ئەو ئاستە جیاوازانە سەربەخۆن و لە یەکتری دەچن:

- ئاستی ئۆنتۆلۆژی لۆژیکی.
- ئاستی لۆژیکی ڕووت و ساکار.
- جیهان.

جیهان لەو جیهاندیدەدا تێکڕای هەموو ئەوانەیە کە لەوێ هەن، بەڵام کۆی ئەوانەی هەن بریتییە لە کۆی بوونەکان، لەکۆی هەڵکەوتی لە ئارادابوو نەک لە شتەکان(١٥). ئەو جۆرە جیاکردنەوەی هەڵکەوتی لە ئارادابوو لە شمەکەکانی دەوروبەر دوو ڕەنگی زمان دووپات دەکاتەوە کە لەناو و دەستەواژە پێکهاتووە. دەستەواژە دوو جۆری هەیە: ڕاست و ناڕاست. جیهان بەسەر هەڵکەوتی لە ئارادابوودا دابەش دەبێ و هەڵکەوتی لە ئارادابووەکان لە کایەی لۆژیکدا جیهانیان

لێ پێکدێت(١٦). ئەو جیهاندیدەی کە تا بینەقاقای لە دەریای ڕووت و پەتی (ئەبستراکت)دا نقوم بووە، ئەنجامێکی ئاساییە لە بەهەند دانانی لۆژیک و زمان و بیرکاری کەوتۆتەوە، هەڵوێستێکە لە چوارچێوەیەکی تەنگەبەردا فەلسەفەی بەندکردووە، چوارچێوەی زمان و لۆژیک. زمان خۆی بابەتێکی گرینگە، بەڵام هەموو شتێک نییە، دیتنی جیهانی دەوروبەر لە چوارچێوەی زماندا و سەرنجدانی بە چاویلکەی لۆژیک لە بێ پێزکردنی ژیان و جیهان بەولاوە ناوێکی دیکە هەڵناگرێ.

ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە و دەرفەتی هیچ ئەگەرێک نادات کە مرۆڤ توانایی زمان ڕۆنانی هەیە و هەر خۆی زمانی داهێناوە و دەتوانێ بەهۆیەوە هەموو واتایەک دەربببڕێ، بەبێ ئەوەی لەوە بزانێ و ئاگاداربێ، هەر یەکێک لە وشەکان چۆن و چ واتایەک دەگەیەنێ. هەمان شت هەروایە وەک چۆن مرۆڤ دەدوێ بەبێ ئەوەی بزانێ چۆن دەنگە تاکەکان دەردەبڕێن. زمانی سادەی ڕۆژانە بەشێکە لە پێکهاتەی ئۆرگانی مرۆڤ لەویش کەمتر ئاڵۆز و لێکدراو نییە، بەڵام لە توانایی مرۆڤدا نییە و لە کردن نایەت لۆژیکی زمان لەو زمانەوە ڕاستەوخۆ ڕۆبنێ و دروستی بکات.

زمان بیرۆکە دەشارێتەوە و پەردەی بەسەردا داوە، بە جۆرێک مرۆڤ لەتواناییدا نییە لە فۆرم و ڕوخساری دەرەکی کاڵا و بەرگەوە فۆرمی بیرۆکەی پەردە بەسەردا دراو بە دەست بهێنێ، چونکە ڕوخسار و فۆرمی دەرەکی کاڵا و جلوبەرگ بۆ مەبەستێک دوراوە ئەوپەڕی جیاوازە لەوەی ببێتە مایەی ناسین و زانینی فۆرم و ڕوخساری لەش(١٧).

جیهاندیدی ڤتگنشتاین، بە تایبەتی کە لە کتێبی تراکتاتوس-دا ڕەنگی بۆ ڕێژدراوە تێکەڵەیەکی فۆرم و ڕوخساری ژیانە بەوەی فۆرمی زمان و لۆژیکی ئاوێتەی یەکتری کردووە و جیهان و ژیانی لێوە خستوونەتەوە، ژیانێک کە لە چوارچێوەی ڕێبازی (من خۆم)دا So-lipsismus گیری خواردووە، بۆیە ناهەقی نەبووە کە گوتوویەتی: «دەستەواژەکانی من بەوەدا ڕوون دەبنەوە و شرۆڤە دەکرێن: هەر کەسێک لەمن تێ گەیشت لەکۆتاییدا بەبێ سوود و بەبێ واتایان دادەنێ. ئەوان قالدرمەن ئەوی پێیدا سەرکەوت، ئیشی پێی نامێنێ. (ئەو دەبێ قالدرمەکە فڕێدات دوای ئەوەی پێیدا سەردەکەوێ). دەبێ ئەو کەسە لە ئەو دەستەواژانە تێ بپەڕێ، ئەوکاتە جیهان بەڕاست و دروستی دەبینێ..»..

«ئەوەی مرۆڤ نەتوانێ لە بارەیەوە بدوێ. پێویستە لێی بێ دەنگ بێ(١٨)».

**سەرچاوە و پەراوێز:**



**1- Wolfgang Stegmuller.: Haupts-romungen der Gegenwartsphilosophie. Bd. I. 6. Auflage Stuttgart 1978. S.524 ff.**
**2- Ludwiq Wittgenstein.: Tractatus Log-ico- Philosophicus. Suhr lamp. Frankfurt am Main 1960. Para: 4. 111.**
**3- Wolfgang Stegmuller.: Ebenda. S. 526. ff.**
**4- Wolfgang Stegmuller.: Ebenda. S. 528. ff.**
**5- Ludwiq Wittgenstein.: Ebenda. Para: (I.I), (2:1) (2; 012).**
**6- Ludwiq Wittgenstein.: Ebenda. Para: (4: 01).**
**7- Ludwiq Wittgenstein.: Ebenda. Para: 1. 1.**
**8- Ludwiq Wittgenstein.: Ebenda. Para: 4.1.**
**9- Ludwiq Wittgenstein.: Ebenda. Para: 5. 6.**
**10- Ludwiq Wittgenstein.: Ebenda. Para: 6. 13.**
**11- Ludwiq Wittgenstein.: Ebenda. Para: 3.**
**12- Ludwiq Wittgenstein.: Ebenda. Para: 2. 14.**
**13- Ludwiq Wittgenstein.: Ebenda. Para: 2. 112.**
**١٤- جمال حمود: فلسفة اللغة عند لودفيغ فتغنشتاين. منشورات الاختلاف. الدار العربية للعلوم ٢٠٠٩، ص١٢٢ فما بعد.**
**15- Ludwiq Wittgenstein.: Ebenda. Para: 1.1.**
**16- Ludwiq Wittgenstein.: Ebenda. Para:1. 13.**
**17- Ludwiq Wittgenstein.: Ebenda. Para: 4. 002.**
**18- Ludwiq Wittgenstein.: Ebenda. Para: 7.**

# ئەشکەوتی گەوەر و موکری قڕان

مەلا مستەفا ڕەشیدی
(زاواکێو)

ناوچەی کـــوردەواری بـەهۆی بوونی ئاووهەوایەکی مـــامناوەندی و کـــانی و چۆم و خـــڕ و بەفـــر و باران و کوێستان و شاخ و لێرەوار و نزار و باغ و باغات و قۆرغ و قۆپی میوە و میوەجات، وڵاتێکی سەرسەوز و خۆش و دڵگیرە و سـەرنجی هەر گەڕۆکێک و گەڕیدەیەک بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، زۆرکات هەواکەی فێنک و سازگار و شـــادیهـــێنەر و هەست بزوێن و دڵڕفـــێنە. زۆرێک لەگەشتیاران بۆ لابردنی غەم و ڕەواندنەوەی تەم و دیتنی شـینایی و سـەوزایی و سەردانێک لەدنیـای سـروشت و هەڵمـــژینی هەوای پاک، بۆ دووری لەتەمی دەروون و حەسانەوەی لەشی بێ هێز و گیانی بێ پێز و هەڵمژینی بۆنی گوڵ و گـوڵزار، دیدارێک دەگەڵ ئەو شیناوەردەی بەوەفـا و با سـەفـایە دەکـەن، تا کـەمـێک شنەبای شادیهێنەر، کزەبای ڕوحبزوێنی هەستی خاوێن و پاکی ببـزوێنێ و هەواڵی تاڵ، باری غـــەم و غـــەمـبـاری و لێـوبەباری لێ برەوێنێ. تاوێک دوور بێ لەشاری پڕ لە لەش بەباری و دەردەداری، بۆیە ڕوو لە چیـا و چڕ و دۆڵ و کـوێسـتـان و هەوار و هەوارگـە و نێـو باغ و باغـات دەکەن.

بەگوێرەی گۆڕینی فەسڵەکانی ساڵ لەبەهاردا دەڕۆن بۆ لووتکە و بەرپاڵ و نواڵ و کـەل و سنوور هەتا ڕێواس، کوراده، کارگ و کەما و هەلز و پیچکە و لووشە و خوژە بێنن. لەهاویندا ڕوو لەباغ و قۆرغ و دارستان و سەرچۆم و بن سێبەر دەکەن. لەپاییزدا ڕوو لەنێو ڕەز و بێستان و گوێز و هەرمێ و هەنار و هەنجیر و گێوژ و گەزۆ دەکەن تا لەوان بخۆن و بەرنەوە. ئێمەش وەکو ئەو خەڵکە بڕیارمان دا پۆلێک وێکرا، تێکرا بۆ دیتنی ئەو بەشە خوداداییە و گـەڕان و سـووڕان و گـەشت و چاولێکردنێک لەم ناوچە سەرسەوزە لەسەر ئەو دنیا گەڕۆکەدا بکەین تا هێندێک



هەژار

جەفەنگ و قسەی خۆش بەرین و بێنین.

جا بۆ ئەو مەبەستە دۆڵی حاجیکەند و خوراسانە تا سەردەرئابادمان هەڵبژارد لەڕێکەوتی ١٣٨٥/٣/٢٠ (٢٠٠٦ز) دەگەڵ مامۆستایانی بەڕێز و هاوڕێیانی دڵسۆز، مەلا بانگدان بارگە و بنەمان پێچاوە، لەکاتی دیاریکراو بەماشێنی مەلا تەها قاسمی، زەردە لە سەرانی نەدابوو، گەیشتینە سەرکانی و ئەستێری یەعقووب جان، چونکە بیست کیلۆمەتر لە بۆکانەوە دوورە. دیارە دۆڵی حاجیکەند و خوراسانە ئێستاشی دەگەڵ بێ، جێگای باغ و میوەجات، چۆمێکی پڕ دار و ئاو و بەرسێبەر و بەپیت و بەرەکەتە. دەگەڵ هەمووی ئەوانە ئەو ڕێگایە چەند شوێن و دیاردەی مێژووی کۆنی لێ هەیە کە پێویستە بۆ دیتن و چاوپێکەوتن و وەبیرهێنەرەوەی ژیانی دەورانی ڕابردووی ئەو ناوچەیە، دەبێ لەبیر نەچێ ببیندرێ و بزاندرێ. دۆڵی حاجیکەند لەتازەقەڵاوە دەست پێدەکا تا دەگاتە سەردەرئاباد و حوسێن ئاباد تا بۆکان نزیکەی ٤٥ کیلۆمیترە، لە ناوچەی موکریان لەبەشی باکوور هەڵکەوتووە. ئەو بەینی تازەقەڵا تا دەگاتە سەردەرئاباد هەمووی دار و باغی کۆنە. بە گوتەی پێشینان بێژنگ هەڵاوی ناکەوێتە عەرزی ئەلێرەوە دەست پێدەکا لەکێوەکانی پشت تازەقەڵا بەنێوەکانی کێوی پەڕپەڕ و پیراسان تا دەگاتە کێوەکانی پشتماڵی حوسێن ئاباد کە بەو دیویدا قزلجەیە بە نێوەکانی کێوی: خاڵەڕەش، قووشەهوو، خیزەسوور، کێوی میرەپادشا و کێوی شێرەبەگ ئیتر لەو مەڵبەندەدا هەرچی دەیبینی و ڕەچاوی دەکەی، یان لەجێگای دیکە نییە، یان کەمە، بۆیە سەرنجی بینەر بۆلای خۆی ڕادەکێشێ وەکو گوێزی باغی باغچان و هەرمێ ڕەشەی باغی کوشین حاجیکەند کە کێوی بەناوبانگی قەدی قەڵات لەنزیک ئەوانە دەڵێن نزیک بە ١٥٠ ساڵیان تەمەنە و زۆری دیکە دار و میوەی لێ هەیە. ئەو دێهاتەی لەو چۆمەدان ئەوانەن لەخوارێوە بۆ سەر: ١- تازەقەڵا، ٢- خوراسانە، ٣- حاجیکەند، ٤- شەڕەفکەند، ٥- خانەقا، ٦- ئاشی گوڵان، ٧- سەردەرئاباد، ٨- حوسێن ئاباد.

ئەو دێهاتانە جودا لەوەی ئەو باغ و باغاتەی لێ هەیە، چەند دیاردە و شوێنەواری کۆنی لێ هەیە کە بۆ دیتن دەبێ: ١- ئەشکەوتی موکری قڕان، ٢- باغ و کانی بابەقەتار، ٣- ئەشکەوتی گەوەرێ، ٤- شوێن و جێگای چەندین ئاشی ئاوی کە ڕۆژگارێک بوو لە وڵاتی زۆر دوورەوە بۆی دەهاتن، ٥- قەڵای خاو کە لەنێو دێی سەردەرئاباد لەجێگای دێ کۆنی کانی سپییە، ٦- دوو قەبرستانی زۆر کۆنی لێ هەیە کە بۆ دیدەنی دەبن: ١- قەبرستانی کێل درێژان کە لە بەینی گوندی شەڕەفکەند و حاجیکەنددایە.

٢- قەبرستانی باغی ئینگیجە کە لە بەینی گوندی ئاشی گوڵان و سەردەرئاباد دایە بە قەبرستانی پاش ئەشکەوتان بەناوبانگە و قەبرستانی دیکەی ئاواش لە ناوچەدا هەیە: ١- قەبرستانی قوڵتەئەحمەد لەگوندی گەردیگلان، ٢- قەبرستانی بابەخەلیفە لەگوندی دەرزیوەلی لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی، ٣- قەبرستانی کێلەشین لەسەر ڕێگای زیراندۆڵی ساردەکوێستان، زاواکێو لەناوچەی گەورک. ئەوانە هەموویان کێلی زۆر بڵند و گەورەیان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچیان لێ نەنووسراوە کەس نازانێ ئی کەنگێن و ئی چ دەور و زەمانێکن. جا کاتێک لەسەر ئەو کانی و ئەستێرە بارگە و بنەمان بەعەرزدادا ئاورمان کردەوە، کتریمان وەسەر ئاوری نا تازە هەتاو لەسەرانی دەدا، شنەبای بەیانی کەروێشکەی بەگیا و گەنم دەکرد پۆلووی ئاوری

دەگەشاندەوە. هاوڕێیان بریتی بوون لەبەڕێزان مامۆستایان:

١- مەلا عەبدوڵلا ئاچاک، ٢- مەلا تەها قاسمی، ٣- مەلا حوسێن مەجیدی، ٤- مەلا عومەر زێڕاندۆڵ، ٥- مەلا عەلی دارەگردەڵە، ٦- کاکە محەممەد مستەفا عەزیز، ٧- نووسەری ئەم دێڕانە (مەلا مستەفا ڕەشید)ی زاواکێو و چەندین نەفەری دیکە کە شانازی لە خزمەتدابوونیانم هەبوو، ئەو ئەستێر و کانییە لە نزیک ئەشکەوتی موکری قڕان بوو، دوای خواردنی ناشتایانە و هێندێک جەفەنگ و سەیر و سیاحەت و ڕوانین بەوڵات و هەڵپەڕینی فەقێیان کەپێدا پێدای پێدەڵێن، ئەو دیلانە تایبەتمەندی دەورانی زووی نێو فەقێیانە. ئیتر ڕۆیشتین بۆ دیتنی ئەشکەوت.

هێواش هێواش لە هەورازی سەرکەوتین، ئەشکەوتی موکری قڕان لەمەزرایەکدا هەڵکەوتووە کە پێی دەڵێن «یەعقووبجان» و لە کێوێکدایە پێی دەڵێن کێوی «باڵقیاسی» درگای ئەشکەوتەکە پان و بڵاوە، دەوروبەرەکەی هەمووی بەردی خڕ و گەورەیە و ڕوو بەخۆرهەڵاتە، بەڵام بۆ نێوەکەی دەبێ لەسەر چۆک بچیتە ژووری وەک دەڵێن لەژووریدا زۆر دوورودرێژ و جێگا جێگای پانوبەرینە زۆر کەس چووە، بەڵام کاک مەحموود مەحموودی ئازەر کە خەڵکی دارەگردەڵەی نزیک ئەوێیە ئاوا دەگێڕێتەوە: دەڵێ من زیاتر لە سێ سەعات پێیدا ڕۆیشتووم بە چراگاز و کەرەسەی دیکە نە گەیشتوومەتە بنەبانی، نە ڕووناکاییم دیوە؛ بەغەیرەز شەمشەمەکوێرە، نەبێ هیچ بوونەوەر و زیندەوەرێکی لێ نییە. لە جێگای وایە دەبێ لەسەر چنگان بڕۆی و لەجێگای وایە ئەوەندە بڵندە شۆقی چراگازی ناگاتە میچەکەی، ئەوەندە بەرزە ئەگەر ڕێگاکەت دیاری نەکەی لەگەڕانەوەدا ڕێت لێ ون دەبێ، چونکە لە شوێنی وایە دەبێتە چوار ڕێگا هەر ڕێگایەی بۆ لایەک دەچێ.

دیارە بەڕێزی پیاوێکی دروست و هۆشیار و ساغە. سەبارەت بە نازناوی ئەشکەوتی موکری قڕان، من نووسراوە و کتێبێکی ئەوتۆم نەدیوە کە بە دروستی باسی بکا، بەڵام بەعام وا دەگێڕنەوە و لە ڕابردووەکان بیستوویانە کە لە دەورانی سەفەوییەکان، یان مەغۆڵەکان کەهێرشیان هێناوە بۆ سەر موکریان، خەڵکی ئەو مەڵبەندە لە ترسان پەنایان بۆ ئەو ئەشکەوتە بردووە تا لە هێرشی لەشکر لە ئەماندا بن، بەڵام لەشکری دوژمن هاتوون بەر درگای ئەشکەوتەکەیان گرتووە، کاتێک درگایان لێگرتوون، بەدووکەڵ قانگیان داون هەتا هەمووی، بەورد و درشت و ژن و پیاوەوە قڕ بوون. زۆربەی خەڵک بەتایبەت مستەفا ئێلخانیزادە و خاوەنی ئەو کانی و ئەستێرە حاج سەید عەزیز، قسەیان ئەوەیە کە پێی دەڵێن ئەشکەوتی «موکری قڕان» دیارە ئەو ئەشکەوتە لە خاکی خوراسانەدایە و لە ٢٠ کیلۆمیتری شاری بۆکانە، دووەم لەو جێگایانەی دیتنی پێویست بووە ئاوی «بابەقەتارە» بەداوێنی کێوی بڵندی باڵقیاسدا چووینە نێو چوغری زریشکانی خوراسانە، بەوێدا چووینە سەر کانی و ئاوی بابەقەتار. ئەویش کانی و ئاوێکە وەکو چاوی قرژاڵ ڕوونە. قەبرستانێکی لێیە پڕە لە داری توو، گێوژ، گوێز، دارەبەن (قەزوان)، شیلان، دڕدووک و هەرمێ. دیارە خێراوە و بۆ هەموو کەس ڕێ دراوە «ئازاد»ـە. کەس حەقی نییە لێی بفرۆشێ، یان قەدەغەی کا«پاوان». پیاوان لەڕابردوودا لەدێهاتی زۆر دوورەوە دەچوون لەو ئاوەیان دەبردەوە بۆ کۆخەڕەشە و بۆ شاخەوان ئەگەر مار پێیانەوەدا. جا لەوانەیان دەکرد، قومقومە، مەتارە، گۆزە، دیزە، لوولێنە، کووزە هەڵیان دەگرت بۆ متفەرکە «تەبەڕوک» وەکو هەژار دەڵێ:

**گەردشی چەرخەمەداری مەلەکە**
**ئاشی شێخ بابەقەتاری گەرەکە**
**دێتەدەر ئاوی لەسایەی داران**
**چارە بۆ کۆخەڕەشە و بۆ ماران**

پێشینان دەڵێن ئەو ئاوە بۆ کۆخەڕەشە هێناومانە زۆر باش بووە. لەوێش تاوێک دانیشتین بەیادی قەدیمی ئەو ئاوە چایەکمان ساز کرد و وچانێکمان دا و سەرخەوێکمان شکاند، دوای چای خۆش بەئاو و دار و هەر بەو قەرەوانە ڕەشەی من کە ساڵی ١٣٤٩ (١٩٧٠) لەحاجی فەقێ ڕەحیم پاشبڵاغم کڕیوە بە دوو تمەن، ئێستاش هەر ماوە و بۆ کێوی بچم هەر پێمە. ئیتر دوای دیتنی بابەقەتار پێویستە ئەوە بڵێم بابەقەتار دەبێ نێوی پیاوێکی لەخودا نزیک بووبێ، چونکە نێوی بابە لەکوردەواریدا دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام وەکو: بابەشێخ، بابەگەورە، بابەگوڕگوڕ، بابەقەتار، بابەخەلیفە. دوای وچان و چای و تێرئاو خواردن هەستاین بەداوێنی داری گێوژانی حاجیکەند و کلکەی بڕنوو و نێو باغی سێوان و کانی توان و باغی کوشێنی، باغی باغچان هاتینە نێو دێی حاجیکەند، لەوێشەوە چووینە قەبرستانی

کێلدرێژان، دوعایەکی بەخێرمان بۆ کردن و بۆ دیدارێک لەگەڵ خانەقا و سلاوێک لەعارفی ڕەببانی و ڕێنمای سەیر و سلووکی تەریقەت مەرحوومی شێخی بورهان و دەوروبەری و خوێندنی فاتیحا و دوعای بەخێر بۆ هەمووان ڕۆیشتین بۆ ئاشی گولان. هەژاری موکریانی بۆ ئاشی گولان دەڵێ:

**سەردەمێک ببووە بەهەشت ئاشی گولان**
**گیان لە زانست ئەگەڕا و دەم لەچلان**

ئاشی گولان دێیەکی خۆش و پڕ دار و ئاو و هەمووی باغ و گوڵ و گوڵزارە. هەر بۆیەش نێویان ناوە «ئاشی گولان» لەباغی گەورەی کاک حوسێن لامان دا دەستێکمان گێڕا و چلەیەکمان خوارد و گیرفانمان پڕ کرد بە ئیجازەی باغەوان. سێیەم لەو شوێن و جێگایانەی کە دیاری کرابوون بۆ چاوپێکەوتن و تەماشا کردن شوێنی شێرەژن و قارەمانی دیکە لە ژنانی کورد کە بۆ پاراستنی شەرەف و ناموسی خۆی چ گیانفیداییەکیان کردووە، هەر بۆیەش ئێستاش و ڕابردووش و لە داهاتووشدا ویردی زمانی وێژەوانان و نووسەرانە و دەشبێ. لەسێ کیلۆمیتری گوندی ئاشی گولان لەجێگایەک لامان دا بەنێوی دەراوی (خڕی خات تەواو) و لەوێوە سەرکەوتین بەرەو «ئەشکەوتی گەوەر».

ئێمە لە ئاشی گولانەوە چووین، دەنا لەگوندی خانەقاوەش لەکێوی «گوارتەگوێ»وە دەتوانی بچی. ئەشکەوتی گەوەر لە بەینی گوندی سەردەرئاباد و ئاشی گولان و خانەقادا هەڵکەوتووە، لە مووچە و مەزرای ماڵە خودالێخۆشبوو قالەتەهایە و بەشی ئاشی گولانە. ئەشکەوتی گەوەرێ ڕوو بەقیبلە (باشوور) هەڵکەوتووە. زارەکەی پانوبەرینە دیارە بۆ نێوێش وەک دەڵێن دوورودرێژی هەیە. پێش ئەو ڕووداوە نێوی ئەشکەوتی «شاخەزەرد» بووە، هەر بەوەش مەنشوور بووە. لە کێوە زۆر مەنشوورەکانی دەوری ئەو ئەشکەوتە یەک کێوی گوارتەگوێ. وەک هەژار دەڵێ:

**دامە گوارتەگوێ لەسەر دزییەکی باغ**
**باغەوان لێم دەگەڕا دەست بەپەیاغ**

کێوی دووەم گۆزەبلند سووەم کێوی شاخەزەرد. داستانی ئەشکەوتی گەوەرێ بەپێی وتەی ئەو بەرێز و پیرەپیاوانەی کەخەڵکی ئەوێ و دەوروبەرن، یان ئەو ئەشکەوتە لە مەزرای ئەوان دایە دروستەکەی ئاوا بووە. لە بەینی ئاشی گولان و سەردەرئابادی ئێستا، دێیەکی لێبووە بەنێوی ئینگیجە کە ئێستا جێگاکەی باغێکی گەورەیە بە نێوی باغی ئینگیجە و شوورەی دیوار و خانووە کۆنەکانی هەر ماوە، چونکە ئەو کات سەردەرئاباد نەبووە. دێیەکی چکۆلە لە جێگای سەردەرئاباد بووە بە نێوی کانی سپی. سەردەرئاباد دوای ئەو ڕووداوە ئاوەدان کراوەتەوە.

کاتێک سەیفەدین خانی موکری کە لە لایەن ناسرەددین شاوە دوای مەرگی بابی سەردارعەزیزخانی موکری کرا بەسەرداری موکری. لەبەر ئەوەی زۆر هۆگری خۆش کردن و ئاوەدان کردنەوەی ولات بوو، هێنای گوندی ئینگیجەی بردە کن کانی سپی ئاوەدانی کردنەوە. نێوی ناوە سەردەرئاباد، دیارە هەر ئەو بەرێزە قەڵای سەردار، مزگەوتی جامیعی بۆکان و حەوزەگەورەی بۆکانی دروست کردووە. تەمەنی سەردار لەساڵەکانی ١٢٨٠ تا ١٣٠٨ (١٩٠١- ١٩٢٩ز) بووە، بەڵام ڕووداوی گەوەر بەر لەوە بووە. ئەوە بۆ ڕوون کردنەوە بوو، پێویستە بۆ وەبیر هێنانەوە لە جێگای کۆنی گوندی کانی سپی، جێگای ئێستای سەردەرئاباد قەڵایەکی لێیە بە نێوی قەڵای خاو کە قەڵایەکی کۆن و مێژووییە، ئەشکەوتێکیش لەبن ئەو قەڵایەدایە بەنێوی ئەشکەوتی خاو، سێ کانی لێیە بە نێوەکانی: ١- کانیە شەڕەفخان، ٢- کانیە کافران، ٣- کانیە عیزامولولک (هەندێک دەڵێن خاو نێوی خاوەنی ئەو قەڵایە بووە کە خاوەر بووە، بە تێپەڕینی ڕۆژگار لەسەر زمان بۆتەخاو) هەر لەو سەروبەندەشدا بووە. مام حوسێن ناوێک لەهاچیدەرێوە بۆ هەواری هاتوونە کوێستانەکانی حوسێن ئاباد ئیتر نەڕۆیوەتەوە، ئەوپیان داوەتێ و ئاوەدانی کردۆتەوە بە تاقە ماڵە نێویان ناوە حوسێن ئاباد. جا ڕووداوی ئەشکەوتی گەوەر ئاوا بووە: وەک ئەو قەدیمییانە دەگێڕنەوە ئینگیجە کە لە حدوودی سێ کیلۆمیتر لەو ئەشکەوتە دوورە ماڵێکی لێ دەبێ زۆر چاک و خێرخولا دەبێ منداڵێکی ئاوەکی و بێکەس پەیدا دەبێ، دەیبەنە ماڵە خۆیان بەخێوی دەکەن بۆخۆشیان کچێک و کوڕێکیان دەبێ کچەکە نێوی گەوەر و کوڕەکەشی نێوی ڕەشید دەبێ. کچە عازەب دەبێ، کاتی شووی دێ دەیدەن بەشوو بەکابرایەکی خوراسانە کە ڕەنگە دووساعەتە ڕێ لەوێ دوور بێ. ماوەیەکی پێدەچێ کچە دوو منداڵی دەبێ. یەکیان خڕەکە دەبێ (پێ هەڵدەگرێ و دەڕوا) ئەوی تریان لەبەر مەمکان. ڕۆژێکی کوڕە بێ کەسەکە بێ ئەوەی کەس بینێرێ، دەچێ بەشوێن

گەوەردا و دەڵێ بابت نەخۆشە هاتووم بەشوێنتدا، چونکە هەر لە ماڵە خۆیان دابووە باوەڕی پێدەکەن و کەسیشی دەگەڵ نایە، هەر کوڕی ماڵێ بووە. جا پێشان کە کچ شووی دەکرد جاری وابوو بەساڵێک یا شەش مانگ جا دەچووە ماڵەبابی، مەگەر بۆ هاوار و بانگ، یان شین و شایی. وەڕێ دەکەون دەگەنە پشت ماڵی ئاشی گوڵان «دەراوی خەڕی خات تەواو» لادەدەن بۆ ئەشکەوتی بەردەزەرد، کوڕە دەڵێ هەوا باردە ناگەینەوە کاڵەپێیەک بەفر لەعەرزدا دەبێ، هەر دەگەنە نێو ئەشکەوتەکە کابرا نییەتی پیسی خۆی ئاشکرا دەکا بەگەوەر دەڵێ نەبابت نەخۆشە و نەکەس ناردوومی، ئەمن دڵم پێتەوەیە دەبێ دەستم لەگەڵ تێکەڵ کەی. گەوەریش زۆری لەبەر دەپاڕێتەوە و زۆری خزمەت و نان و نمەکی ماڵەبابی وەبیر دێنێتەوە، فایدەی نابێ کوڕە هەڕەشەی لێدەکا و دەڵێ ئەو منداڵەت دەکوژم، ئەگەر جوابم نەدەیەوە. گەوەر بۆ پاراستنی شەرەف و نامووسی خۆی دەڵێ مەحاڵە هەرچی لەدەستت دێ بیکە. کابرای بێ کەس پڕ دەداتە کوڕە خڕکەڵەکەی، سەری دەبڕێ و ئیشارە دەکا بەوە، ئەگەر بەقسەم نەکەی ئەو منداڵە بەرمەمکانەشت سەر دەبڕم. گەوەر کە دەست لە گیرفانی دەدا چەقۆیەکی پێیە، غیرەت وەبەر خۆی دەنێ دەڵێ ئەوە مەکوژە ئەمن بێ دەسەڵاتم وەرەپێشێ. گەوەر چەقۆ دەردێنێ تاریکە نایبینێ. هەتیو دێتە پێشێ بەخەیاڵی خۆی بە ئارەزووی پیسی بگا، گەوەر چەقۆی بەورگی دادەکا و دەیخاتە عەرزی و دەست دەداتە خەنجەری کابرا و لەسەر دڵی دەدا بەجەزای کردەوەی پیسی خۆی دەگەیەنێ و دەیکوژێ.

گەوەر بەو شەوە تاریکە و هەوا ساردە بەڕووی سوورەوە، بەڵام بەویژدانێکی پاک. بەدڵی ئارام وەک کچە کوردێکی بەهەست و پاکداوێن لەلای دوو مەیت دادەنیشێ، یەکیان بەری دڵی هیوای دوارۆژی، میوەی جەرگ و دڵی داری بەسێبەری دوارۆژی عومری دەبێ. ئەوەی تریان بەدنمەک بێ ئەمەگ، بێ سەفەت داوێن پیس، سپڵە و پێ نەزان. بیر دەکاتەوە چارەنووسم بۆ گەیشتە ئەورۆ بۆ ئەو رووداوە تاڵەم هاتەپێش. ئەو کوڕەم بۆ لەدەست چوو ئەو پیاوە بەنانی ئێمە گەورە بووە و چاوی پشکوتووە، بۆ ئەوەندە پێ نەزان و بێ ویژدان بوو؟ بەڵام قەیناکا سەربڵندی درگای خودا و خەڵکم. دڵ برژاوم، بەڵام نەدۆڕاوم خودایە شوکر ڕازیم. لەو خەیاڵ و فکرانەدابوو. لەولاشەوە ڕەشیدی برای کە لە مزگەوتی گریو دەکەن کە بێت لەو ئەشکەوتەدا سنگێک بچەقێنێ و کڵاوەکەی پێداکا. جا قەدیم وابوو کوڕوکاڵ، جحێڵ و هەرزەکار جاری وابوو تا بەیانی لەمزگەوت دادەنیشتن. گاڵتە و گەپ، جۆرابێن، میرمیرێن، پشکیلان، ئالان، گورزگورزێن، مووسا بەگردێن، گرێو و ئەوانەیان دەکرد. قەزای ڕەبانی ئەو شەوە براکەی دەگەڵ کابرایەک لەمزگەوتی ئینگیجە گرێو دەکەن بەو مەرجە دەڵێ ڕەشید ئەتۆ بچۆ لەئەشکەوتی بەردەزەرد سنگێک داکوتە کڵاوەکەی خۆتی پێداکە، هێندێک دەڵێن کابرا کچێکی جوانی بووە دەگەڵ برای گەوەر دڵیان پێکەوە دەبێ کوتوویە ئەو گرێوە بەرییەوە دەتدەمێ. ڕەشید بێ خەبەر لەوەی کە چارەنووسی بۆ کوێی دەبا و گەردوون چ گەرداوێک بۆ ئەو و خوشکی دێنێ و دەبا. ڕەشید بەئەشکەوتدا هەڵدەگەڕێ خشپەی پێی دێ گەوەر وا دەزانێ ئەوە دڕندەیە بۆنی کوێنی کردووە دێ بۆ ئەشکەوت. گەوەر دەستێک لەکەلاکەکان دەبڕێ و بۆی داوێ، براکەی دەستەکە هەڵدەگرێ و دێ، دووبارە گەوەر جێگایەکی دیکە لە کەلاکەکان دەبڕێ بۆی داوێ، ئەوجار براکەی گەوەر دەڵێ ئەرێ ئەتۆ دێوی درنجی دڕندەی، هەرچی هەی ئەمن گرێوم کردووە، یان سەری خۆم دادەنێم، یان حەتمەن دێمە نێو ئەو ئەشکەوتە لێم لادە و لێم گەڕێ. گەوەر دەنگی براکەی دەناسێ و هاوار دەکا کاکە ئەوە ئەتۆی. ئەویش دەستبەجێ دەنگی خوشکی دەناسێ و دەڵێ گەوەر ئەوە ئەتۆ و ئێرە؟! ئەو برا و خوشکە پێک شاد دەبنەوە و هەموو رووداوی بۆ دەگێڕێتەوە، ڕەشید نێوچاوانی خوشکی ماچ دەکا و دەڵێ غەم مەخۆ ئەتۆ ڕووی خۆت و ئێمەت سوور کردووە. هەستە با بڕۆین. دوو بەدوو دێنەوە ماڵێ کاتێک خەڵک ئەو رووداوە دەزانن زۆریان ئافەرین پێدەڵێن و بەرەو پیریان دەچن و لەوکاتەوە ئەو ئەشکەوتە بە ئەشکەوتی گەوەر نێودێر دەکرێ و نێوی دەبەن و کابرای خاوەن کچیش گۆیا بەڕەشید دەڵێ، چونکە ئەتۆ ئەوەندە ڕەشیدی ئەوە کچەکەی خۆمت دەدەمێ، ئیتر لەو ڕۆژەوە گەوەر بەقارەمانی ئەو مەڵبەندە وەکو کچێکی کوردی ئازا دەناسرێ و ناسراوە و ئێستاش لە زۆر کۆڕ و کۆمەڵدا یادی دەکرێ و نێوی دەبرێ.

ئەوجار ڕۆیشتین بۆ پێنجەمین جێگا و شوێنێ کە پێویست بوو بیانبینین. ئەویش جێگا ڕووخاوی ئەو ئاشەئاوانەی لەو دۆڵەدا بوون لەبەرەوە گوتمان دۆڵی

حاجیکەند و خوراسانە تا سەردەرئاباد زۆری ئاشی ئاوی لێبـووە، بۆیە قـەدیم پێیـان کـوتووە دۆڵـی ئاشـان، یان ئاشەکانی دۆڵێ، لەبەر ئەوەی زۆر ئاشی لێبووە. لەرێگا و ناوچەی زۆر دوورەوە هاتوون بۆ گەنم لێکردن و زمهەژ داخستن بەباری گوێدرێژ، ئێسـتر، وشتـر جاری وابووە ١٥-٢٠ رۆژ مـاونەتەوە هەتا ئاشـەوان نۆبەی داون، چونکە ئاشی ئەوێ قەت بێدان نەبووە. ئەوکات خـەڵک مـەگـەر بۆ بەرکـووت، دەنا سـاڵێ دوو جـار باراشـیـان لێدەکرد و پاییزان و بەهاران زمهەژیان دادەخست. دەگەڵ ئەوەی مـزە و ئاوانی ئاشی ئەوێ لە جێگای دیکە زیاتر بووە، بەڵام ئاشێر زۆرتر هرووژمیـان دەکـردە ئەو دۆڵە. دەڵێن ئاشی کرێوە کە لەسەردەرئاباد بووە، ساڵی وا بووە بەچوار سەد تەغاری گەنم بە مەختە بە «ئیجارە» دەچوو.

دیارە بەحـسی ئاشی ئاوی و مـێـژووی پەیدا بوونی و کـەرەسـەی ئاشی بەدوورودرێژی لەلایەن نووسـەری ئەم دێڕانەوە کـراوە بە کـتـێب و بە نێـوی «هەگـبـەی بنار» نووسراوە، ئەوە ئامادەی چاپە زۆر بە تێروتەسەلی باسی هەمـووی ئەوانە کـراوە ئەو ئاو و کـانیـانەی کـە ئەو ئاشانەی پێدەگەڕا ئەوانەبوون: کانیەچاوە، کانیە شێوی گـوێزان و کـانیـەسـپی و کـانیـەڕەندان لەسـەردەرئاباد و کانیەباغی، کانیەخوڵا و کانیەبەردینە لە کانیەڕەش کە گوندێکە لەسەرەوەی سەردەرئاباد، ئەوانە دێنەوە تاڤگەی سـەرەوشێن و لەوێشـەوە دەهاتنەوە گـەڵ ئاوەکـانی سەردەرئاباد لەوێ تێکەڵ دەبوونەوە. دەبوونە هۆی وەکار کـەوتنی ئاشـەکـان. جـێگا و شـوێنی ئاشی ئاو و نێوەکانیان ئەوکات ئەوانەبوو:

**سـەردەرئاباد:** ١- ئاشی سـۆفی چووکـەڵ، ٢- ئاشی حەواله بڵندە، ٣- ئاشی سەگان، ٤- ئاشی کانیەسپی، ٥- ئاشی مزگەوتێ، ٦- ئاشی فەتاح پادشا، ٧- ئاشی کرێوە، ٨ - ئاشی شێخ ڕەسووڵ، ٩- ئاشەبەردەرێز.

ئاشی گـولان: ١- ئاشی بەرمـالان، ٢- ئاشی سـۆفی خدر خواری، ٣- ئاشی سۆفی خدری سەرێ. حاجیکەند: ١- ئاشی گـەورە، ٢- ئاشی کـوشێن سـەرێ، ٣- ئاشی کـوشێن خـوارێ، ٤- ئاشی پشت مـالان، ٥- ئاشی دانەسـەری، ٦- ئاشی باغی کـەڵەکـاویە، ٧- ئاشی خوارێ.

**خـوراسـانە:** ١- ئاشی عـەزیزەکـوێر، ٢- ئاشی عەولابەگ، ٣- ئاشی شێخی.

**تازەقـەڵا:** ١- ئاشی کـۆنەدێ، ٢- ئاشی مـەلا، ٣- ئاشی چناران، ٤- ئاشەسووتاو.

دوای دیتنی ئەو شـوێن و شـوێنەوارانە و سـەیر و سیاحەت و گەڕان و چاوگـێـڕان و چێژی هەوایەکی تر و دیتنی دنیایەکی تر، هەتا هەوای هەوارێکی تر بەرەو ماڵ گـەڕاینەوە، بەڵام بە دنیـایەک بیـرەوەری و دیتن و بیستنمـان دەگەڵ خۆمان هێناوە لە هەنبانەی هیوامـاندا هەڵگرتووە بۆ رۆژانی دووری، یان نەمان.

ئاخ دنیـای بێ وەفـا تا سـەر نەلەگـەڵ کـەسی و نە بۆ کەسی.


**سەرچاوەکان:**

**١- هەژار، بۆ کوردستان، مامۆستا هەژار.**

**٢- کـتـێبی فـەرمـانڕەوایانی مـوکریان، لە نووسـینی مـحـەممەد جەمیل ڕۆژبەیانی.**

**٣- بۆکـان لە سـەدەی بیـسـتـەمـدا، لە نووسـینی ڕەحـمـان محەممەدیان.**

**٤- مـامـۆسـتـا مـەلا عـەبدوڵڵا ئاچاک خـەڵکی قـەدیی شەڕەفکەند.**

**٥- مستەفا ئێلخانیزادە نووسەر و مامۆستای زمانی کوردی خەڵکی قەدیی سەردەرئاباد.**

**٦- مامۆستا مەلا عەلی دارەگردەڵە.**

**٧- حاجی عومەر سەردەرئاباد.**

**٨- محەممەد تەهای ئاشی گولان.**

**٩- حاجی سەید عەزیز خوراسانە.**

**١١- چوون و گەڕانی دەورەیی خۆم.**

# جێگە و پێگەی هێمن لە ڕوانگەی قوتابیانی دواناوەندی شاری شنۆدا

**عەلی ڕەزا محەممەد نیژاد**
**عومەر محەممەدی**
**(شنۆ)**

**کورتە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر جێگە و پێگەی هێمن لە ڕوانگەی قوتابیانی دواناوەندی شاری شنۆ (ڕۆژهەڵات) بەڕێوە چووە. لەم وتارەدا لە شێوەی تەوسیف کەڵک وەرگیراوە، بۆ وەدەست هێنانی ئاگادارییەکان پرسیارنامەیەک لەنێو قوتابیان بڵاوکراوەتەوە و بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە:

١- ئایا قوتابیان تاکو ئێستا ناوی هێمنیان بیستووە؟

٢- ئایا قوتابیان لە ژیان و بەسەرهاتی هێمن ئاگاداریان هەیە؟

٣- کچان و کوڕانی قوتابی تا چ ڕادەیەک لە شیعرەکانی ئەو ئاگادارن؟

٤- ئایا ناوی بەرهەم و کتێبەکانی ئەو دەزانن؟

٥- ئایا لەنێوان بیروڕای کچان و کوڕانی قوتابی سەبارەت بە ئاگاداری لەسەر هێمن جیاوازی هەیە؟

بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەردەکەوێ لاوانی ئێمە زۆر کەم لەگەڵ شاعیرانی خۆیان ئاشنان، هەروەها ئاکامی لێکۆڵینەوەکە نیشان دەدا لە سەداسەدی قوتابیان ناوی هێمن دەزانن، بەڵام ئاگادارییەکی تێروتەسەلیان لەسەر شیعر و ژیان و بەرهەمەکانی ئەم شاعیرەدا نییە.

**ئەم وشە سەرەکییانەی لەم وتارەدا پتر تیشکیان خراوەتە سەر ئەمانەن:**
هێمن، قوتابیان، بەرهەمەکان، شنۆ

**دەسپێک:**

هێمن شاعیرێکی گەورەی کوردی نەتەوەخوازە کە لە ماوەی ژیانی پڕ لە تێکۆشانی خۆیدا ڕۆڵێکی زۆر گەورە و مەزنی لە بواری گەشاندنەوە و پەرەپێدان و زیندووڕاگرتنی کولتوور و زمانی کوردیدا هەبووە. ئەم شاعیرە هەستیار و نیشتمانپەروەرە، لەبری ئەمە کە شیعرەکانی لە ڕووی بنچینەی زمانەوە سادە و خۆماڵی و لەبەر دڵانە، جێگەیان لەناو دڵی هەموو کوردێک، تەنانەت نەخوێندەواریش کردۆتەوە. هێمن وەک زانایەکی ڕووناکبیر و بلیمەت، باوەڕی پتەوی بەهێزی ڕوشنبیری و قەڵەم هەیە و بە ئاگادارییەکی تەواو خەڵکەکەی بۆ مەرامی فیکری و نیشتیمانپەروەری هان دەدا. نیشتمانپەروەری بەو مانایە کە "ڕەخنەگری بەناوبانگی سۆڤییەت لەم بابەتەوە دەڵێ: نیشتمانپەروەری ڕاستەقینە، واتە، خۆشەویستی وڵات و هیواداربوون بەوەی کە لە وڵاتدا نەمامی ئاوات و ئارمانێکی مرۆڤایەتی ڕیشە دابکوتێ و بۆ بەر هێنانی ئەو نەمامە،

مــرۆڤ بەپێی توانایی و هێــزی خــۆی یارمــەتیــدەری بێ"(شەماڵ، ١٣٧٨ (١٩٩٩ز)، ل٢٨)

هەر لەم بابەتەوە و "هەژار ئاریانفــەر" لە وتارێکدا دەنووسێ: "هێـمن، شاعـیرێکی ڕۆشنبیرە، یەکێکە لەم شاعــیرانە کـە وێرای ڕەخنەگرتن لە دۆخی کـۆمـەڵگا و بەربەست بوونی ئەم دۆخە، بۆ دەربازبوون لەم قـەیرانانە، باسی گـۆڕانکاری لە فـیکر و هزری کـۆمـەڵانی خـەڵک دەکات:

**ڕەخنەگرتن**

⇓

**ژینی بە یەخسیری و دیلی بێ کەڵکە**
**بۆیە لەمێژە لە ژینم تێرم**
**گوزەران بۆ من لەناو ئەم خەڵکە**
**سەختە ناخۆشە، چۆنی ڕابوێرم**

هێمن لەسەردەمێکیدا کە گوتارێکی جیاواز بەسەر ئەدەبیاتی کوردیدا زاڵ بووە، خزمەت کردن بەفەرهەنگ و ئەدەبی کــوردی لەناوخــۆی وڵاتدا بە ئەرکـێکی گــرنگ دەزانی:

**گۆڕانکاری لە فیکر و هزر**

⇓

**مەدرەسە و دانیشکەدە بۆ شار و لادێ دادەنێن**
**خوێندەوار بێ تاکو ڕۆڵەی زیرەک و نازداری کورد**
**ئەو زمانە شیرینەی ئێمە پەرەی دەگرێتەوە**
**نادڕێ چیدی کتێب و دەفتەری ئەشعاری کورد**

هەروەک دەبینین شیعر بەپێی زەمان و دۆخی خۆی بۆتە زمــانێکی گــەلی و ڕۆشنبیــری نەتەوەیی کــە لەپێناو بەرژەوەندی ئەزمــوون و بڕوای شـاعـیــردا گــونجـاوە، ئەم ئەزمــوونە نەتەوەییــەش بەپێی هەڵگری باری چەمک و مــاناوە دەبێــتە هۆی دەوڵەمــەند بوونەوەی زمـان، یـانی کــارکـردێکی دوولایەنە بۆ شــیــعــر پێکدێ. چەمک و ناوەرۆکی شیعری هێمن بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە خێرایی شیعر بە زەین و بیری خوێنەر دەگەیەنێ. زمان لە خزمەت نامۆیی و چڕبوونەوەدا نییە. تەعبیری خەون و خــەیاڵ بۆ ئاڵۆزی چەمک نەگــونجـاوە، بەڵکو لە زۆربەی شــیــعــرەکــانی تریشــدا ناوەرۆک و مــەرامی فــیکری و هەســتی جــوانی و هونەری بەجــۆرێ تێک چنراون کــە فۆڕمێکی تایبەت بۆ شیعر پێکدێن.



**هێمن**

هێـمن لە ژیانی خۆیدا شاعـیـرێکی خـاوەن ئەزمـوونی ناخۆش و پڕ لە ئازار و مەینەت بوو، بەڵام ئەزموونەکانی پڕ بایەخ بوون، هەست کردن بە کێشە و گۆڕانکارییەکان، تێکەڵاوی لەگەڵ خەڵک و کـۆمـەڵگا و ئەزمـوونەکـانی خـۆی، هەروەها هەڵسـوکـەوت لەگـەڵ شـاعـیـران و گـەورە پیـاوانی کورد، کەسایەتییەکی کارامە و لێوەشاوەیان لێ دروست کـرد، کـە توانی لەسـەردەمـێکی ئەوتۆدا، مـۆمی ڕووناکــبــیــری داگــیــرســێنێ "(ئاریانفــەر، ســایتی ئەنستــیتووی ئەحمەدی خانی)، هەروەها سمایل عەزەمی لە وتاری «هێــمن و داهێنان» دەڵێ: «ئەگــەر هێــمن ناسراوترین شاعیری سەدەی بیستەمی کوردەواری نەبێ، یەکێکە لە بنکەکانی هەرە مەزنی ئەدەبی کە کاریگەری زۆری لەســەر بەرەکــانی دوای خــۆی هەبووە. هێــمن نووسـەرێکی مـۆدێرنی ئەمـڕۆییـە، بەدەسـتی ئەو کـۆواری بەنرخی سروە کە بنکەیەکی ئەدەبی نارەسمی و بەربڵاو لە بەشێکی گرنگی کوردەواری سەری هەڵدەدا و کـاردەکـاتە سەر ڕەوتی ئەدەبی بەرەکانی دوای خۆی، تەنانەت ڕەخنە دەکـاتە نێـوەرۆکی ئەدەبیــاتی کــوردەواری بەگــشــتی». (عەزەمی، ٢٠١٠، ل٢٢)

لەوەها کاتێکدا کە هەمووومان پلە و پایەی بلیمەتێکی وەک هێمن دەزانین، کەچی پرسیار ئەوەیە بە ڕاستی جێگە و پێگەی مامۆستا لەناو دڵی مێرمنداڵان و لاوانی کورد چۆنە، بۆیەش لەم وتارەدا دەمانەوێ لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەم بەشە بکەین.

**ئامانج و پرسیارەکانی لێکۆڵینەوە:**

ئامانجی گشتی ئەم وتارە، لێکۆڵینەوە لەسەر ڕوانگەی هێندێک لە قوتابیان و ڕادەی ئاگاداری ئەوانە، تا بزانین شارەزاییان لەسەر هێمن لە چ ئاستێکدایە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە:

١- ئایا قوتابیان تاکو ئێستا ناوی هێمنیان بیستووە؟

٢- ئایا قوتابیان لە ژیان و بەسەرهاتی هێمن ئاگاداریان هەیە؟

٣- کچان و کوڕانی قوتابی تا چ ڕادەیەک لە شیعرەکانی ئەو ئاگادارن؟

٤- ئایا ناوی بەرهەم و کتێبەکانی ئەو دەزانن؟

٥- ئایا لەنێوان بیروڕای کچان و کوڕانی قوتابی سەبارەت بەئاگاداری لەسەر هێمن جیاوازی هەیە؟

**شێوازی لێکۆڵینەوە، کۆ و نموونەیی:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە، موتاڵایەکی تەوسیفی و کارکردییە کە لە شاری شنۆ بەڕێوە چووە. کۆمەڵگای ئاماری بریتییە لە هەموو قوتابیانی کچ و کوڕی دوا ناوەندی (n =٢٥٠٠) کە بە شێوەی شانس و ڕێکەوت ١٨٠ کەس هەڵبژێردران (وەک خشتەی ژمارە١). لەم وتارەدا بە کەڵک وەرگرتن لە پرسیارنامەکە متمانە و ڕەوایی پەسند کراوە، بیروڕا و ڕادەی زانیاری قوتابیانی کچ و کوڕی شاری شنۆ کۆ کراوەتەوە و ڕاڤە و تێبینی لەسەرە.خشتەی ژمارە(١) نموونەی هەڵبژاردەی پلەیی و شانسی.

| | هەوەڵی ناوەندی | دووەمی ناوەندی | سێیەمی ناوەندی | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|
| کیژ | ٣٠ | ٣٠ | ٣٠ | ٩٠ |
| کوڕ | ٣٠ | ٣٠ | ٣٠ | ٩٠ |

**دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوە:**

بۆ وەدەست هێنانی مەبەستەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، موتاڵایەکی تەوسیفی لەسەر قوتابیان بەڕێوەچوو. سەرەتا پرسیارەکان بلاوکرانەوە و قوتابیان پرسیارەکانیان وەڵام دایەوە. پاش کۆکردنەوەی وەڵامەکان، دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوەکە بە شێوەی خوارەوە ئاراستە کرا:

خشتەی ژمارە٢- ئاگاداری لەسەر ناوی هێمن

| | هەوەڵی ناوەندی | دووەمی ناوەندی | سێیەمی ناوەندی | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|
| کیژ | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ |
| کوڕ | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ |

لەسەر بنەمای بیروڕای قوتابیان (وەکو لە خشتەی ژمارە ٢دا دەبینرێ) لە سەداسەد قوتابیان ناوی هێمنیان وەکو شاعیرێکی بەناوبانگی موکریانی بیستووە.

خشتەی ژمارە ٣- ئاگاداری لەسەر ژیان و بەسەرهاتی هێمن

| | هەوەڵی ناوەندی | دووەمی ناوەندی | سێیەمی ناوەندی | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|
| ئاگادار | ٢ | ١ | ٢ | ٥ |
| تاڕادەیەک ئاگادار | ٤ | ٤ | ٣ | ١١ |
| نائاگا | ٥٤ | ٥٥ | ٥٥ | ١٦٤ |

لەسەر بیروڕای قوتابیان (وەکو لە خشتەی ژمارە ٣دا دەبینرێ) تەنیا ٪٢/٧٨ قوتابیان لەسەر ژیان و بەسەرهاتی هێمن ئاگادارن و ٪٦/١١ تاڕادەیەک ئاگادارن و ٪٩١/١١ هیچ جۆرە ئاگاداریان لەسەر ژیان و بەسەرهاتی هێمن نییە.

خشتەی ژمارە ٤ ئاگاداری لەسەر شیعرەکانی هێمن

| | هەوەڵی ناوەندی | دووەمی ناوەندی | سێیەمی ناوەندی | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|
| ئاگادار | ٥ | ٦ | ٧ | ١٨ |
| تاڕادەیەک ئاگادار | ٧ | ٨ | ١٠ | ٢٥ |
| نائاگا | ٤٨ | ٤٦ | ٤٣ | ١٣٧ |

لەسەر بیروڕای قوتابیان (وەکو لە خشتەی ژمارە ٤دا دەبینرێ) تەنیا ١٠٪ قوتابییان لەسەر شیعرەکانی هێمن ئاگادارن و ٨٩/١٣٪ تاڕادەیەک ئاگادارن و ١١/٧٦٪ هیچ جۆرە ئاگاداریان لەسەر شیعرەکانی هێمن نییە.

خشتەی ژمارە ٥ ئاگاداری لەسەر بەرهەم و کتێبەکانی هێمن

| | هەوەڵی ناوەندی | دووەمی ناوەندی | سێیەمی ناوەندی | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|
| ئاگادار | ٤ | ٥ | ٨ | ١٧ |
| تاڕادەیەک ئاگادار | ٩ | ٧ | ٨ | ٢٤ |
| نائاگا | ٤٧ | ٤٨ | ٤٤ | ١٣٩ |

لەسەر بیروڕای قوتابیان (وەکو لە خشتەی ژمارە ٥دا دەبینرێ) تەنیا ٩/٤٤٪ قوتابییان لەسەر ناوی بەرهەم و کتێبەکانی هێمن ئاگادارن و ١٣/٣٣٪ تاڕادەیەک ئاگادارن و ٧٧/٢٢٪ هیچ جۆرە ئاگاداریان لەسەر بەرهەم و کتێبەکانی هێمن نییە.

| | ڕادە | مام ناوەندی | s | d.f | a | T |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کیژ | ٩٠ | ٢٦/٥ | ٣/٨٢ | | | |
| کوڕ | ٩٠ | ٣١/١ | ٣/١٨ | ١٨ | ٠/٠٥ | ٢/٨٥ |

بۆ هەڵسەنگاندنی بیروڕای کچان و کوڕانی قوتابی (وەکو لە خشتەی ژمارە ٦دا دەبینرێ) تاقیکاری t بەڕێوەچوو. بەسەرنجدان لە بەڵگەی ($t = 2/85$) و بەراورد لەگەڵ t خشتەی ($t=2/101$)، چونکە t وەدەست هاتوو لە t خشتەی گەورەترە، ئەگەری سیفر ڕەد دەبێتەوە. یانی لەنێوان بیروڕای کچان و کوڕانی قوتابی سەبارەت بە ئاگاداری لەسەر هێمن جیاوازی هەیە.

**باس و تێبینی و ئەنجام:**

دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوە نیشان دەدەن کە هەرچەندە، مێرمندالان و لاوانی قوتابی کۆمەڵی ئاماری، هەموو ناوی هێمنیان بیستووە و ئەو وەکو شاعیرێکی موکریانی دەناسن، بەڵام شارەزاییان لەسەر کەسایەتی و ژیان، شیعر و بەرهەمەکان و بیر و ئەندێشە هێمن زۆر کەمە، هەروەها ڕادەی زانیاری کوڕان و کچانی کۆمەڵی ئاماری لەسەر هێمن لەگەڵ یەک جیاوازە، یانی کوڕان و کچان، ئەو جۆرەی دەبێ هێمن بناسن، نایناسن. «کە دەڵێن هێمن مەبەست شیعری هێمنە، چونکە گومانی تێدا نییە ئێمە هێمن وەک شاعیرێک دەناسین. کە گوتیشمان شیعری هێمن، خۆی شیعری کوردی دێتەگۆڕ». (خالید ئەحمەد شەریف، (١٩٨٧ز) ١٣٦٦، ل١١) بە واتای تر و بە گشتی ڕادەی زانیاری لەسەر شیعری کوردی لاوازە. هەریەک لەم کوڕ و کچانەی کە ڕاپرسیان لێکرا لەسەر شیعری فارسی و شاعیرانی فارس ئاگاداریان زۆرە. ئەوەش هۆیەکەی ئەوەیە کە قوتابیانی ئێمە، لە زانستگاکاندا تەنیا ئەدەبیاتی فارسی دەخوێنن و ناچارن بیخوێنن و لە ڕێگای دەرچوون لەکونکووڕەوە (تاقیکاری) توانیویانە بەرەو زانکۆ بڕۆن، بۆیەش هیچ جۆرە بابەتێکیان لەسەر شاعیرانی کورد نەخوێندۆتەوە. وەزارەتی فێرکردن و بارهێنان لەسەر زمانی کوردی کاری نەکردووە، ئەوەندە زانیاریەش دەگەڕێتەوە سەر حەزی تاکەکەسی. لەسەر هەر گەل و نەتەوەیەک پێویستە مێژووی ڕابردووەکانی خۆی بێنێتە بەرچاو و بۆ بەرەی نوێی شیبکاتەوە. هەست دەکەین بەگشتی لە کوردستان بەداخەوە ڕادەی ئاگایی لە ئاست ئەدەبی کلاسیکی بەرەو قەیران دەچێ و نەوەی نوێی ئێمە بە بیانووی نوێخوازی لە نەوەی پێشووی دادەبڕێ، زۆرێک لە لاوانی خوێندەوار شاعیرێکی ئینگلیزی باشتر دەناسن تا کوردی و مەحوی و سالم و نالی و حەریق...تاد پێشنیاری ئێمەیە بۆ بنەماڵەکان، مامۆستایانی قوتابخانە، گۆڤارەکان و بڵاوکراوەکان ئەوەیە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەو بارەوە زیاتر تێبکۆشن و بایەخی زیاتر دانێن و کوڕان و کچان وردبیبانەتر لەگەڵ شیعری کوردی و شاعیرانی کلاسیکی ناودار ئاگادار بکەن.

**سەرچاوەکان:**

**١- ئاریانفەر، هەژار(٢٠١٠)، لە یادی مامۆستا هێمندا، سایتی ئەنستیتوی ئەندێشەی ئەحمەدی خانی.**
**٢- خالید ئەحمەد شەریف (١٣٦٦) (١٩٨٧ز)، شیعری هێمن، سروەی ژمارە ١٠ ساڵی سێیەم، بانەمەڕ.**
**٣- شەماڵ (١٣٧٨) (١٩٩٩ز) ئاوات شاعیری نیشتمانپەروەر، ئاوێنە ژمارە ٤٥ تا ٤٨.**
**٤- عەزەمی، سمایل (٢٠١٠) هێمن و داهێنان، گۆڤاری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئەدەبی مەهاباد ژمارە١٣.**
**٥- دیوانی هێمنی موکریانی ١٩١٢-١٩٨٦ هەولێر ٢٠٠٣.**
**٦- خوێندنەوەیەکی جوانیناسانە لە شیعری هێمندا- عومەر محەممەدی- ڕامان، ژمارە(١٦٩) ٥/٦/٢٠١١، ل.١١٠.**

# بەراوردی چەند دێڕە شیعرێکی مەحوی و حەمدی

هەژار فەقێ سلێمان

**تەوەری یەکەم:**

هاوتاکردنی چەند دێڕە شیعرێکی هەریەک لە شاعیران مەحوی وحەمدی، کە هەردوو شاعیر لەیەک نەتەوەو یەک زمانن، لێرەدا مەبەست کاریگەرێتی و لاسایی کردنەوە و چاولێکەرییە لەنێوان دەقی ئەدەبی هەردوو شاعیردا. دیارە دەمانەوێت بلێین کاریگەری مەحوی شاعیر لەسەر حەمدی هەیە، ئەم کارەش پرۆسەیەکی ڕەخنەیی شیکارییە لەسەر جەستەی دەق، واتا لە چۆنێتی ژیان و هەلسوکەوتی هەردوو شاعیر دوور دەکەوینەوە، جگە لە کورتە و سەردەمی ژیانی هەردوو شاعیر بۆ ئەوەی دلنیابین کامیان کارلێکەرە و کامیان کارلێکراو. دواتر بەراورد و ڕادەی کاریگەرێتییەکان لە دێڕە شیعرێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگوڕێت و دەستنیشان کردنی وشە لەیەکچووەکان لە ڕووی وەرگرتنی دەقاو دەق، یان چەمکی وشەکان و گۆڕانکارییەکی کەم.

لە ڕووی مێژوویییەوە کۆنترین دەقی بەراوردی ئەدەبی، وەک ئاشکرایە بەراوردکردنێکە، کە لە شانۆیی (بۆقەکان) ی (ئەرستۆڤانیس)دا هاتووە لە یۆنانی کۆن، لایشمان ڕوونە یۆنانی کۆن لانکەو جێگەی سەرهەلدانی زۆرێک لە بابەتە ئەدەبییەکان و مشتومڕە فەلسەفییەکان بووە، هەروەها شوێنی لەدایک بوونی ڕەخنەی ئەدەبی بووە، ئەو تێڕوانین و بەراوردکارییەی ئەرستۆڤانیس لەنێوان دەقەکانی هەردوو شاعیر یۆربیدس و ئەسخیلۆسدا بووە، ئەلبەتە کۆمەلێک پێوانەی لەبەردەستدا بووە بۆ هەلسەنگاندنیان، هەروەها بووەتە داوەرێک لەنێوان ڕادەی کارلێکەر و کارلێکراوی نێوانیان، مایەی ئاماژەپێکردنە ئەو هەلسەنگاندن و بەراوردە لەنێوان دوو شاعیری یەک زماندا بووە.



مەحوی

لە ئەدەبی کوردیدا بەو پێیەی کە سەرەتای دەست پێ کردنی ئەدەبی کوردی بە شیعر بووە، تاوەکو سەدەی بیستەم و سەرهەڵدانی چیرۆک. ڕادەو چۆنێتی کاریگەربوونی بیرو شێوازو وێنەو....تاد. لەناو شیعردا ڕەگی داکوتاوە، بە واتایەکی تر هەر شاعیرێک کاریگەری شیعری شاعیرانی پێش خۆی لەسەربووە، ئەم کاریگەرییەش زۆرجار ڕاستەوخۆیە و بەناوهێنانی شاعیر بووە، یان خودی شاعیر خۆی ئەم ئاراستەیە دیاری دەکات، یان زۆرجار پێویستی بە تێڕوانین و لێ وردبوونەوە هەیە، تاوەکو ڕادەی ئەم کاریگەرێتی و لێکچوونەی نێوان ئەم دوو شاعیرە هاوزمانە دیاری بکات، دواتر لە سەدەی بیستەمەوە چیرۆک و دواتریش ڕۆمان دەچێتە ئەم بواری کاریگەرییەوە و فەزاکەی ئەوەندەی تر فراوانتر و گرانتر و ئاڵۆزتر دەکات.

لە ڕاستیدا دنیای شیعر بە گشتی و لە سەرەتادا، دنیای لاسایی کردنەوەیە، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین شیعر لەم کاریگەرێتی و بەراوردەدا لەچاو ژانرەکانی دی پشکێکی گەورەی بەرکەوتووە.

**تەوەری دووەم: کورتەی ژیانی هەردوو شاعیر:**

١-مەحوی: ناوی تەواوی مەحوی شاعیر، مەلا محەمەدی کوڕی مەلا عوسمانی باڵخییە، (باڵخ گوندێکە لە ناوچەی ماوەتی شاری سلێمانی)، لە نەوەی پیرو زانای ناودار (شێخ ڕەشی)، باپیریشی وەک باوکی هەرناوی مەلا عوسمان بووە، وەک شێخ مارفی نۆدێ لەگەڵ دروست کردنی شاری سلێمانیدا هاتووەتە شاری سلێمانی، گومان لە ساڵی لەدایک بوونی دەکرێ، سەرچاوەکان بە ١٨٣١-١٨٣٢ و هەندێکیشیان ١٨٢٦-١٨٢٧ دایدەنێن، لە زۆر شوێن و جێگادا ژیانی بەسەر بردووە وەک سنە، سابلاخ، بەغدا، ماڵی خواو ئەستەنبۆل. سۆفییەکی گەورە و عارفێکی دانا بووە و شەرح و شەرع و ئوسووڵە دینییەکانی زانیوە و زمانێکی قورس و قووڵی هەبووە، لە ساڵی ١٩٠٦ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

٢-حەمدی: ناوی تەواوی ئەحمەدە و کوڕی فەتاح بەگی ئیبراهیم بەگی مەحموود بەگی ساحێبقڕانە لەساڵی ١٨٧٨ لەسلێمانی لەدایک بووە، شیعرەکانی وەکو مەحوی بەزاری کرمانجی خوارووە و لەسەرکێشی عەرووزی عەرەبییە و یەک سەروای بەکارهێناوە و غەزەل و قەسیدەشی هەیە، جگە لەگەڵێ چوارین و تەرجیع بەند (دووبارەبوونەوەی دێڕێک لەدوای هەموو چوار دێڕێک)، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە شیعری نەتەوەیی و ئایینی و دڵداری و وەسفی سروشت،خاوەنی بیروباوەڕێکی کوردانەی بەرزبووە، شیعرەکانی ڕاستگۆیانە لە دڵ و دەروونێکی پاکەوە هەڵقوڵاون. لە ساڵی ١٩٣٦ هەر لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیوان نێژراوە.

**تەوەری سێیەم: بەراوردی دێڕە شیعرەکانی مەحوی و حەمدی**

١-مەحوی لە دێڕە شیعرێکدا دەڵێ:

**کە هەڵگیرسا لە نووری بادە شەمعی حوسنی جانانە**
**نەچێتە سەر تەریقەی حەزرەتی پەروانە دڵ چ بکا**

- حەمدیش دەڵێ:

**وەرە زاهید ببینە مەشعەلی حوسنی جەمالی یار**
**بە غەیری مەزهەبی ئاتەش پەرستی، فەرموو دڵ چ بکا**

«زۆر بە ڕوونی کاریگەری دێڕە شیعرەکەی مەحوی بەسەر حەمدی-یەوە دیارە، هەردووکیان دەڵێن کە ڕووناکی ڕووی یار دەدرەوشێتەوە. دڵ لە غەیری



**حەمدی**

تەریقەتی پەروانە و ئاتەش پەرستی هیچ کلۆجێکی تری نییە، لە هەمان کاتدا پەروانەش ئاتەش پەرستە، لە ڕاستیدا هەردوو دێڕە شیعرەکە یەک لەیەکتری جوانتر هۆنراونەتەوە، نە شیعریان نە واتایان ناتوانین لە یەکیان جیابکەینەوە».

ئەو لێکچوونانەش بە زەقی دیارە، ئەوەیە کە هەردووکیان بە شێوازی پرسیارکردنە و لە بەرانبەریشدا تاکە وەڵامیان داوەتەوە وشەکانی (حوسنی جانانە و حوسنی جەمالی یار)، هەروەها وشەکانی (دڵ و تەریقەت و مەزهەب و چ بکا و نوور و مەشعەل) هاوبەشن.

٢- مەحوی دەڵێت:

**کە ئێمە چوونە جەننەتان بەتۆدا**
**لە ئێمە لادە، زاهید ئێمە هەرچین.**

یان هەر مەحوی دەڵێ:

**واعیز، لەمن، بلێ بە نەزەر تەعنە بەس بدا**
**دینی بتانە دینی من ئەو مەزهەبی زەهەب**

مەحوی دەڵێ:

**برۆ زاهید موبارەک هەر بەتۆ بێت مەسجیدو میحراب**
**من و ئەبرۆی بتان و گۆشەیی بتخانە تا مردن**

«لەم دێڕەشدا بە ئاشکرا کاریگەرییەکە ڕوونتر دەبینین ، هەردوو شاعیر هەموو ماڵ و سەروەتێکی دنیا و ئاخیری دەبەخشنە زاهیدو واعیز، ئەوان جگە لە ئەبرۆی یارەکەیان کەبەبتیان چواندووە، هیچی تریان ناوێت! هەروەها جۆریک لەحەق بەسەر نەبوونەوەشی تێدایە لای هەردووکیان بەوەی بە واعیز برۆ حەقت بەسەر ئێمەوە نەبێت».

لێکچوون: (لە ئێمە لادە، برۆ- زاهید- بت و بتان- بەخشین- جەنەت- مەسجیدومیحراب- بەرانبەر مەعشوق)

٣-مەحوی دەڵێ:

**بەجێ نایێی دەبێ ڕووبکەینە سارا**
**حەقی ئادابی مەجنوونە لە شارا**

- حەمدی:

**لە دووری ئاوازەیی مەجنوونی مەستە**
**کە ڕووم کردۆتە چۆڵ و پشت لەشارم**

واتای هەردوو دێڕەکە زۆر لە یەکەوە نزیکە کە دەڵێن کەوتووینەتە چۆڵ و سەحرا، بەڵام ئەوەی گرفتاری عەشقی لەیلا بێت، دەبێت نەریت و ئاوازی مەجنوون وەربگرێت و پشت لەشار بکات.

ئەو وشانەی لە هەردوو دێڕەکەدا هاتوون (سارا، چۆڵ، شار، مەجنوون، ڕوو بکەینە، ڕووم کردۆتە)

٤-مەحوی دەڵێ:

**ماهی من ڕۆژی لە ڕوولادا نیقاب**
**شەو مەگەر هەڵبێ لەشەرما ئافتاب**

-حەمدی دەڵێ:

**خەڵوەتە مەجلیس، زەمانی شەوقەسا لادە نیقاب**
**حەیفە توو خوا با لەژێر هەورا نەمێنێ ئافتاب**

وشەکانی (لادان، نیقاب، ئافتاب)

٥-مەحوی دەڵێ:

**خودا بیدا بە ڕەحمەت، داغی دڵ، چاوی دڵە مەحوی**
**بەگریە چاو ئەگەر چوو، شک دەبەم چاوێکی بیناتر**

-حەمدی دەڵێ:

**چە پەروامە کە مەحرومم لەچاو داغێکی دڵ بەسمە**
**کەواکیب با لەگەردوونا نەمێنێ،خۆر کە بوو مەوجود**

سەرەڕای وشەکانی کە لێکچوونێک هەیە، واتاکەشی هەمان واتای تەسەوفە، کە مرۆڤ چاوی دڵی هەبێ چاوی سەری ناوێ.

(داغی دڵ، چاو،).
٦- مەحوی دەڵێ:
**لەپاداشتی قسەی سەرددا هەمە ئاهو هەناسەی گەرم**
**کەسێ شێتانە بەردم تێ بگرێ من بەرقی تێ دەگرم**
-حەمدی دەڵێ:
**بۆ عەدوو بەرقی هەناسەو بەردی ناڵەم کافیە**
**حەربگاهـ و ئەسڵحەو نەزم و سوپاهم بۆ چییە**
٧-مەحوی دەڵێ:
**فەزیلەی ئەسڵ و فەسڵ ئینسانی پێ نابێ بەساحێب فەزڵ**
**کە تۆ کۆسەی بەتۆچی مامە ڕیش باب و بابیرت**

-حەمدی دەڵێ:
**بەدعـوای ئەسڵ و فـەسڵ ئیکمـالی نوقـسـان عـەینی نوقسانە**
**کەداعی شوبهەیە فازیل نەبێ گەر نوقتەیێ ئەفزەل**
٨-مەحوی دەڵێ:
**ئەوسیا ڕۆژی منە پۆشیویە عەیبی کەسان**
**ئاشکارە سەتری ئەحوالی گوناه کارانە شەو**
-حەمدی دەڵێ:
**کردەوەی دونیا کە هەر عەیبە ئەبێ داپۆشرێ**
**پەردەیەکی موختەسەر خاسی بەسەردا دانەشەو**
٩-مەحوی دەڵێ:
**بەنیلەبێ، نەباتی میسری لێوت**
**جلم، سوبحم، هەموو هەرشامە، بێ ڕووت**
-حەمدی دەڵێ:
**بۆ مردنە ئەیدا بەیەکا ئێستا (حەلەب) لەب**
**ڕووناکی لە دێدا نییە (بێرووت، بەبێ ڕووت)**
١٠-مەحوی دەڵێ:
**لە دووریتا ئەوەندەم ناڵەکێشا**
**لەسینەمدا پسا، ما، بێ ئەسەر کەوت**
حەمدی دەڵێ:
**دڵی ئاگر بەئاهی من ئەسووتێ**
**کەچی ناڵەم لەدڵتا بێ ئەسەر ما**
١١- مەحوی دەڵێ:
**حاڵە بەد حاڵی لەشوێن و ماڵە وێرانی لەدوور**
**«مەحوی» یا گەر ئەهلی ماڵی، حاڵ و ماڵت بۆچی؟**
-حەمدی دەڵی:
**بێ قەدەرە کە ماڵی ئەوەی نەیابێ کەماڵی**
**بەم حاڵە، مەحاڵە، کە ببێ حاڵی لەحاڵی**

هەردووکیان تێنەگەیشتن لە حاڵ مەبەستییانە.

ئەمـەو زۆر دێڕی تر، کـە دەشـێت و ئاسـاییـە کە ئێـمـە پەیمان پێ نەبردبێ.

دواجار نـابێ ئەوەمان لەبیـر بچێت، کـە حەمـدی خۆی لەدێڕێکدا ناوی مەحوی دەهێنێت و وەسف و سەنایەکی زۆری دەکات و دەڵێ:

**خەرمانی لەفزی کوردی، کوردی کە کردی پێوان**
**نالی کە ناڵی کاسەیەکی دا بەویش لێوان**
**تاراجی کرد مەحوی بەفەنی، بەلوتفی خۆی**
**عوشریشی دا بە (حەمدی) وتی بیبەرە دیوان**

**سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە.**
**١- دیوانی مەحوی/ مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم، سنندج، انتشارات کردستان. ١٣٨١چاپ سوم.**
**٢- دیوانی حەمدی/ جەمال محەمەد حەمە ئەمین، چاپخانەی سەرکەوتن، سلێمانی. ١٩٨٤چاپی یەکەم**
**٣- ئەدەب و ڕەخنەی نوێ، لوقـــمـــان ڕەوف، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، شوێنی چاپی نییە،٢٠١١.**

# پێکهاتەشکێنیی ئەدەبی

**هانز بێرتێنز**
**لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی**
**(زانکۆی جیهان - هەولێر)**

ئەگەرچی دریدا هێرشی خۆی بۆ سەر ئەو شتەی لە هزری ڕۆژاواییدا پێی دەڵێن گوتە تەوەری (واتە متمانە کردنێکی بێ بنەما بە زمان وەک هەڵگر و لەخۆگری ڕاستی)، لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ١٩٦٠ دەست پێکرد، تێڕوانین و بۆچوونەکانی ئەو تا سەرەتاکانی دەیەی ١٩٧٠ سەرنجی دنیای ئینگلیزی زمانیان بۆ لای خۆیان ڕانەکێشابوو. بە درێژایی دەیەی دواتر، ئەو لە بەشەکانی زمانی ئینگلیزی زانکۆکانی ئەمریکا لایەنگرانێکی فراوانی لە دەوری خۆی کۆ کردبووەوە. ئەم ڕەوتە لە زانکۆی یەیل کە پۆل دومان (١٩١٩-١٩٨٣) تێیدا وانەی دەگوتەوە و لە لایەنگرانی تامەزرۆی پاش پێکهاتەخوازیی دریدا بوو، دەستی پێکرد.

پێکهاتەشکێنی ناوێکە دراوەتە پاڵ میتودی دریدا: ستراتیژی ئەو بۆ لێکدانەوە و لێکاڵا کردنەوەی دەق، یان لە زۆر حاڵەتدا، چەند پاژێکی دەق، لە پێناوی ئاشکرا کردن و خستنە ڕووی ناهاوئاهەنگی و دژبەرییەکانی ناوەکی دەقە. بنەمای پێکهاتەشکێنی لەسەر هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ئەو ڕووپۆش و دەمامکانەیە کە دەق بە کاری هێناوە تا بە جۆرێک لە جۆرەکان وا بنوێنێت کە مانا تێیدا مسۆگەر و سەقامگیرە: هەوڵی دەق بۆ خولڤاندنی کۆمەڵە ناوەندێکی باڵادەست دوانە لێکدژە ئاشکرا و شاراوەکان بە یارمەتی وەرگرتن لە هەموو شێوەکان و چەشنەکانی جوانکاریی ڕەوانبێژی.

لەو ڕووەوە کە خاڵی دەسپێکی پێکهاتەشکێنی ئەم بیرۆکەیەیە کە زمان لە بنەڕەتدا و بە پێی پێناسەکەی، قابیلی کۆنتڕۆڵ نییە، کە وایە پێکهاتەشکێنی چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە لە هەر دەقێکدا ڕووبەڕووی جۆرێک سەرەتی بەخشینی بێ بنەما بە لایەنێک لە چاو لایەنێکی دیکەدا ببێتەوە. هەمووکات ئەگەری پێکهاتە



**دریدا**

شکاندنی دەق لە ئارادایە، ئەو دەقــە چ ئەدەبی بێت چ غەیرە ئەدەبی؛ بە بەردەوامی دەکرێت ئەوە نیشان بدرێت کە دەق بۆ ئەوەی وا بنوێنێت خاوەن ڕێکوپێکییەکی ناوەکییە پشتی بە جوانکارییە ڕەوانبێژییەکان ئەستوورە و لەم ڕێگەیەوە دەخوازێت ئەم ڕاستەقینەیە کە لە جیاوازیکارییەوە سەرچاوەی گرتووە و فراوانیی ماناکانی لە سۆنگەی جیاوازیکاری و وەخرانە، بشارێتەوە. پێکهاتەشکێنی تێدەکۆشێت ئەو خاڵەمان بخاتە بەر سەرنج کە مۆدێلی بە ڕواڵەت ئەم، یان ئەو لە دەقدا لە ڕاستیدا دەمامکێکە لەسەر دۆخی ژێرخانەکی هەم ئەم، هەمیش ئەو، هەروەتر هەوڵ دەدات قابیلیەتی دیاری و دەستەمۆ نەکردنی بنەڕەتیی دەق ئاشکرا بکات. بە زمانی باو لە ئەدەبیاتدا دەتوانین بڵێین کە دەق هیچ کات بە داخراوی (closure) ناگات، بە واتا سەرزارەکییەکەی فایلی دەق هەمیشە ئاواڵەیە: هیچ جۆرە مانایەکی قەتعی و قسەبڕ بوونی نییە، واتە دوا مانا بوونی نییە و دەق مەیدانی ئەو ئیمکان و ئەگەرانەیە کە هەر ئانوسات دەشێت وەدی بێن. وەک جێرمی هاوسۆرن ئاماژەی پێ دەکات، "کە وایە لە ڕوانگەی دریداوە مانای دەق هەموو کات لە ڕاڤەکاری ئەو دەقە لە پێشترە و وەک فەرشێکی لوول کراوی بێ کۆتایی کە هەرگیز ئەو سەری دیار نییە، لەبەردەم ڕاڤەکار دەکرێتەوە" (هاوسۆرن ٣٩: ١٩٨٨).

لە هەندێک لایەنەوە، میتودی خوێندنەوەی پێکهاتەشکێنانە وەک ئەو میتودەیە کە پەیڕەوانی ڕەخنەی نوێ بۆ خوێندنەوەی ئاسەواری ئەدەبی و بۆ نیشاندانی هاودەنگییەکان، ئاستەنگەکان، دژبەرایەتییەکان، حاڵەتە هاوشێوەکان بە کاریان دەهێنا. پێکهاتەشکێنیش ڕێک وەک ڕەخنەی نوێ پشتی بە خوێندنەوەی وردبینانە ئەستوورە. هەڵبەت ڕەخنەکارانی نوێ لەسەر ڕێکوپێکیی کۆتایی ئەو شتەی ئەوان پێی دەڵێن بەرهەمی ئەدەبی سەرکەوتوو پێ دادەگرن (ڕێکوپێکی و هاوئاهەنگی لە دیدی ئەوانەوە یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی بەرهەمێکی ئەدەبییە)، لە کاتێکدا ڕەخنەی پێکهاتەشکێنانە دەخوازێت ئەو ڕەوتە ناوەندخولقێنییە نیشان بدات کە لە ڕێگایەوە هاوئاهەنگی و ڕێکوپێکییەکی درۆیین دێتە ئاراوە، پاشان هەوڵ دەدات لەو ناوەندانەی کە دۆزیوینەتەوە و بە شێوەیەکی پەیوەست سەرلەبەری ئەو دەقەی کە تاووتو دەکات، پرۆسەی ناوەندسڕینەوە (decentralization) بخاتە گەڕ. بەم جۆرە ڕەخنەی پێکهاتەشکێنانە ئەوەمان نیشان دەدات کە دەق زۆر لەوە بە پێچوپەناترە، هەر بۆیە سەرنجڕاکێشتر لەوەیە کە لە سەرەتاوە دەهاتە بەر چاو. جانسن لە خوێندنەوەی ڕۆمانی بیلی باد بەرهەمی هێرمان مێلویل (١٩٨١، سەرەتا ساڵی ١٩٢٤ بڵاو بووەوە) کە تێیدا مەلەوانێکی گەنج بە ناوی بیلی کە بە هەڵکەوت سەرکردە کلاگارت دەکوژێت، کۆمەڵێک دوانە لێکدژ دەخاتە بەر چاوان:

چارەنووسی هەر کام لە کەسایەتییەکان ڕێک پێچەوانەی ئەو شتەیە کە لە "سروشتی" ئەو کەسانە چاوەڕێ دەکرێت. بیلی مرۆڤێکە لەبەردڵان، بەستەزمان و لاشەڕ، بەڵام دواجار دەبێتە پیاوکوژ. کلاگارت شەڕانی، دەروون پیس و ناڕاستە، بەڵام دەبێتە قوربانی و دەکوژرێت. ڤێر، سەرکردەی پاپۆڕ، کەسێکە تێگەیشتوو و بەرپرسایەتی هەڵگر، بەڵام ڕێگا دەدات ئەو کەسەی پێی وایە بێ تاوانە، لە دار بدەن. (٨٢: ١٩٨٠)

بەم حاڵەوە، پێوەندی نێوان ئەم دژبەرانە و ئەو کەسایەتییانەی کە جیلوەیان پێدەبەخشێت، پڕ پێچوپەنا و پارادۆکسیکالە: "کلاگارت، کە ئەو تۆمەتانەی

دەیانخـــاتە پاڵ شــۆڕش دیارە درۆیە، هەر بۆیە خــۆی پێناسـەکـەری دووڕوویـیـەکە کـە دەیخـاتە پاڵ بیلی، لە سۆنگەی نیسبەت دانی درۆ بە بیلی حاشای لێ دەکرێت، لە کاتێکدا کە کردەی بیلی بە شێوەیەکی پارادۆکسیکال شاهیدێکە لەسەر ڕاستی قسەکانی کلاگارت" (٨٦). نەک هەر دەبینین ئەم دژبەرانە لە نێـــو پێکهـــاتەدا جـێگۆڕکـێ دەکـەن، بەڵکو وێدەچێت دژبەرایەتییـەکـان دەچنە پاڵ یەکـتـرییـەوە. مـۆدێلی، یان ئەمـە، یان ئەوە دەگـۆڕێت و دەبێـتـە مـۆدێلی هەم ئەمـە، هەمـیش ئەوە. جانسن پاش ئەم خوێندنەوە نوێیە لە ڕۆمانەکە، کە لێرەدا دەرفەتی هەڵسەنگاندنیم نییە، بەو ئەنجامە دەگات کە لە ڕۆمانی بیلی باد-دا جۆرە "جیاوازیکارییەک" دەبینین کە بە شێوەیەکی کاریگەر دەبێتە لەمپەری داخراوی.

خـوێندنەوەی دریدا خـۆی لە چیـرۆکی زۆر کـورتی "لە بەرانبەر یاسادا" بە قەڵەمی فرانتس کافکا (١٨٨٣ - ١٩٢٤) هەر لەسـەر ئەم نەبوونی داخـراوییـە پێـداگـری دەکـات. لەم چیـرۆکـەی کـافکادا پیـاوێـک دێتـە بەر دەم درگـایەک کـە ئەگـەری دەست پێـڕاگـەیشتن بە یاسـای تێـــدایە. ڕێـگای چوونـە ژووریی پێ نـادرێـت، بەڵام پاسـەوان لەبەردەم درگـا پێی دەڵێت لەوانەیە دواتر بۆی هەبێت بچـێـتـە ژووری، باشـتـر وایە بۆ چوونە ژووری دەسـتـەوداوێنی زۆر نەبێت، لەبەر ئەوەی درگـاکـانی ئەو شـوێنە زۆر و پاسـەوانانی فـراوانن کـە ئەوان زۆر لەم پاسەوانەی خۆی بەهێزترن. ئەو پیاوە سەرلەبەری تەمەنی خــۆی لەوێ چاوەڕێ دەکــات و دواجــار، ڕێک بەر لە مـردنی و ئەو کـاتەی دەکـەوێتـە ئاویلکە، لە پاسـەوان پرسیار دەکات بۆچی هەر تەنیا ئەو داوای چوونە ژووریی کـردووە. پاسـەوان لە وەڵامـدا دەڵێت کـە ئەم درگـایە بە تایبـەتی و تەنیـا بۆ ئەو لەبەر چاو گـیـراوە، دوای ئەم قـسـەیە درگـا لە ڕووی ئەو پیـاوەی کـە لەبەردەم مـەرگ وێستاوە گاڵە دەدات. دریدا ئەم چیرۆکە بە نموونەیەک لە جیاوازیکاری و وەخران لە قەڵەم دەدات:

لە دوای ئەم یەکەم پاسەوانە، پاسەوانانێکی لە ئەژمار نەهاتووی دیکە هەن، لەوانەیە بێ برانەوە، کـە پلە لە دوای پلە بەهێزتر دەبن، هەر بۆیە توانایی بەرپێگرتنیـان زێتر دەبێت. ئەم پاسەوانانە دەسەڵاتی وەخرانیان (وەدوا خستن) پێ دراوە. توانایی ئەوان هەمان جیاوازیکاری و وەخرانە، جیاوازیکاری و وەخرانێکی بێ کۆتایی، لەبەر ئەوەی ڕۆژان و هەڵبـەت "سـالانێک" و تا ئاخـری ژیانی ئەو پیـاوە بەرگـە دەگـرێت. جیـاوازیکاری و وەخـران تا کـاتی مـەرگ و لە پێناوی مـەرگ. گـوتاری یاسـا کـە پاسەوان نوێنەر و پێناسەکەرێتی، "نا" ناڵێت، بەڵکو بە شێــوەیەکی نادیار و تەمـومـژاوی دەڵێت " جـارێ نا". (دریدا [١٩٨٥] ١٤١: ١٩٧٨)

بە هەمان شێوە، گوتاری هەر دەقێک، تەنانەت ئەگەر بە ڕواڵەت ئەو پێـچـوپەنا و تەمـومـژانەی چیـرۆکی کـافکاشی نەبێت، ئەو کـاتەی کـە خـەریکین بە دوای مانایەکی قەتعی و قسەبڕدا دەگەڕێین، هەمووکات پێمان دەڵێت،"جـارێ نا". پێکهـاتەشکێنیش کـەوتووەتە بەر ڕەخنەکـارییـەوە. بۆ وێنە گـوتراوە کە دواجـار سـەرلەبەری ئەو ڕاڤـانەی لەسـەر بنەمـای پێکهـاتەشکێنی دامـەزراون هاوشـێـوەی یەکـتـرن، چونکە هەمـیـشـە ئێـمـە بەرەو جـیــاوازیکاری و وەخـران و بەرەو نەبوونی ئەگـەری مـاناگەلی قەتعی ڕێنوێنی دەکـەن. با ئەوەی ئەم قسـەیە ڕاسـتـە، بەڵام ئەم ڕاسـتـیـیـە لەبەرچاو نەگـیـراوە کە بەر لەوەی خوێندنەوەیەکی پێکهاتەشکێنانە بگاتە ئەم خاڵە، سەرەتا پەردە لەسەر ئەو پێکهاتانەی کە لە نێو دەقدا کار دەکەن دادەماڵێت و پێمان نیشان دەدات کە چۆن دەکرێت ئەم پێکهاتانە بە یارمەتی ڕەگەزەکانی دەق خۆی لێکاڵا بکرێن و هەڵبــوەشــێندرێنەوە. جی. هیلیس مــیلەر، یەکێک لە پەیڕەوانی پێکهاتەشکێنی لە زانکۆی یەیل، لەم بـابەتـەوە گــــوتوویەتی: "پێـکهـــــاتەشـکـێنی هەڵوەشـاندنەوەی پێکهـاتەکـانی دەق نییـــە، بەڵکو پیـــشــــاندانی ئەوەیە کــــە دەق پێـــشــــتــــر خــــۆی هەڵوەشاندووەتەوە" (میلەر ٣٤١: ١٩٧٦). لە جەنگەی پێکهـاتەشکێنیـدا، دەق بە وردی دەخـوێندرێتـەوە و دەمـامـک لە ڕوخسـاری پێوەندییە شاراوەکانی دەسەڵات کـە هەمـووکـات لە هەناوی دووانە لێکدژەکـانـدا هەن دادەماڵدرێت.

لە ڕوانگـەیەکی دیکەی ڕەخنەکــارانی پێکهـــاتە شکێنییەوە، بنەما هزرییەکانی پێکهاتەشکێنی واتە ئەو ڕەخنەیەی کـە دریدا لە مـەڕ گـوتە تەوەری ئاراسـتـەی دەکات - وێدەچێت زۆر دەستـهەڵبەست و چێکراو بێت. بۆ وێنە، لەوانەیە ئێوە بنەمای سەرەکی تێفکرین و هزری دریدا کـە دەڵێت زمـان لەسـەر کـۆڵەکـەی جیـاوازیکاری دامەزراوە و بێ ئەوەی بناغـەیەکی بە ڕاستی پڕ و پتەوی هەبێت بە سەر سـەری جیـهـانەوە دێت و دەچێت، پەسند بکەن و بیسـەلمێنن، بەڵام نـکوڵی لەو ئەنجامانە بکەن کە



**کافکا**

ئەو پێیان دەگات: بۆچی زمان دەشێت بەردەوام و بە بێ ئاوارتە فراوانی مانای لێ بکەوێتەوە و لەسەر ئەو دەقانەی کە بەرهەمیان دەهێنین، تاو و تەئسیرێکی وەها تێکدەرانەی هەبێت؟ ئێمە هەموو لە شیمانەی خراپ تێگەیشتن، یان بە هەڵە خوێندنەوە ئاگادارین، بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانین کۆمەڵێک نموونەی جۆراوجۆریش لە پێوەندی سەرکەوتوو بهێنینەوە. کە وایە لەوانەیە ئەم فراوانی مانایە بەو ئەندازەیەش کە پێکهاتەشکێنان باسی دەکەن تێکدەر نەبێت. لەم ڕوانگەیەوە کە ڕوانگەی پراگماتیکی (کاربرد خوازانە) پێ دەڵێین، زمان کار و ئەرکی خۆی، کەم یان زۆر، باش بەڕێوە دەبات، ئەگەر ئێمە بە شێوەیەکی پراگماتیکی بیرکردنەوە لە مەڕ زمان لەوەدا کورت بکەینەوە کە زمان لە ڕاستیدا چۆن کار دەکات و بۆ چرکەساتێک دەستبەرداری ئەو سەرنجە تیوریکانە بین کە دریدایان بەرەو خراپترین سیناریۆی مومکین دەبرد، هۆیەک بۆ نیگەرانی لە ئارادا نابێت. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بگوترێت ئەوەی کە پاش پێکهاتەخوازان باوەڕیان بە زمان نییە لە چاوەڕوانی ئەوان بۆ قەتعییەتی ڕەهاوە سەرچاوە دەگرێت کە خۆی چاوەڕوانییەکی ناواقیعییە. بەو حاڵەشەوە، تەنانەت بۆ ئەو تاقمە لە ڕەخنەکارانیش کە هەڵوێستی پراگماتیکی دەگرن، پێکهاتەشکێنی کۆمەڵێک کاربردی هەیە. بۆ وێنە، دەکرێت لە ڕوانگەیەکی سازگارکراوی هیومانیستییەوە لەو کۆمەڵە دژبەرانە بڕوانرێت کە پێکهاتەشکێنی بە پێی عادەت لە دەقدا دەیدۆزێتەوە. لە هیومانیستێکی سازگارکراوی لەم چەشنە لەوانەیە ئەم باسە بێتە ئاراوە کە ئێمە هەرچەند لە شێوەی ئایدیالی خۆیدا بکەرانێکی سەربەخۆ و ئاوەزمەندین، بەڵام لە کردەوەی ڕاستەقینەدا تا ڕادەیەکی بەرچاو بۆ وێنە لە ژێر تاو و تەئسیری ژینگەی کولتووریداین. بۆ هیومانیستێک، ئەم دەستکەوتە کە ئەو دژبەرانەی کە لە دەقدا دەیاندۆزینەوە بەردەوام لە خزمەت سەرکوتکردنی لایەنی "ژێردەست" دان (بۆ وێنە "ژن"، یان "ڕەنگین پێست") تەنیا دەشێت وەک هەنگاوێک لە قەڵەم بدرێت بەرەو دنیایەکی باشتر کە تێیدا گشتێتی مرۆڤانەی هەر مرۆڤێکی تاک بە ڕەسمی دەناسرێت و ڕێزی لێ دەگیرێت.

ئەم نموونە وەرگیراوانە لە پێکهاتەشکێنی و لە پاش پێکهاتەخوازی بە واتا گشتییەکەی، بە تایبەت بۆ ئەو تاقمە لەو ڕەخنەکارانەی کە دەخوازن لە لایەنی سیاسیدا شوێندانەر بن، وەک فێمینیستەکان، ڕەخنەکارانی ڕەش پێست و ڕەخنەکارانی مارکسیست، باش و بەکەڵکە. گەمەی بێ کۆتایی جیاکاری و وەخران (دواخستن)، نەک هەر لە مەڕ ئەو دەقانەی کە دریدا و پەیڕەوانی تێیدا پێکهاتەشکێنی دەکەن، بەڵکو لەسەر پێکهاتەشکێنی خودی ئەوانەش دەکەوێتە گەڕ. هیچ چەشنە ڕێگا دەرباز بوونێک لە دەست جیاکاری و وەخران و نەبوونی قەتعییەتی بێ کۆتایی لە ئاردا نییە، بەڵام بۆ ڕەخنەیەک کە هانە سیاسی لە پشتە، نەبوونی قەتعییەت وێ دەچێت خاڵێکی دەستپێکی لاواز بێت، ئەگەر بۆ نموونە من بمەوێت دەستم بە هەندێک دەستکەوتی دیاری سیاسی ڕابگات، هزرێک کە تێیدا سەرلەبەری مانا، یەک لەوان ئەو بەهایانەی کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی هەڵوێستی سیاسی من، تەنیا لە ئەنجامی جیاکارییەوە وەدەست دێن و هیچ بنەمایەکی پتەویان نابێت، کەڵک و کارایی نابێت. پێکهاتەشکێنی لەوانەیە بە شێوەیەکی ئەرێنی دوو لایەن بێتە بەرچاو. ئەوە ئەم چەشنە سەرنجانەیە کە زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەخنەکاران هەڵوێستێکی میانڕەوانە، کە باسم کرد، هەڵبژێرن.

ئەوان، وەکی فریدریک جیمسۆن، توانایی لێکدانەوەکانی پاش پێکهاتەخوازانە دەسەلمێنن، بەڵام لە ڕێگای لە بەرچاو گرتنی هەندێک بنەمای تایبەت وەک بنەماکانی مارکسیستی، لیبراڵ هیومانیستی....تاد دەستەوداوێنی ئەم شێوازە دەبن، ئەگەرچی جیاوازی لەوەدایە کە ئەم تاقمە لە ڕەخنەکاران، ئەم گریمانانە تەنیا وەک "خاڵی دەسپێک" لە بەرچاو دەگرن، چونکە هیچ شتێک لە چنگ پێکهاتەشکێنی ڕزگاری نابێت، گریمانەکانیان دەبێتە جۆرێک "کێشە".

### دەرکەوتە لاوەکییەکان

دەرکەوتە لاوەکییەکانی پێکهاتەشکێنی لەو باوەڕەی کە بە زمانمان هەیە، وەلانانی "ئامادەبوون" و ئەو ناوەندە بەرچاوانەی کە زمان دایاندەمەزرێنێت، چین؟

خاڵی یەکەم ئەوەیە، پاش پێکهاتەخوازی لە باری شێوەی ڕەسەن و "زانستی"یەوە لەگەڵ پێکهاتەخوازیدا دژبەرە. پێکهاتەخوازان لەو باوەڕەدا بوون ئەو پێکهاتانەی کە وەسفی دەکەن بێ گومان لەو دەقانەی کە لێیان دەکۆڵییەوە ئامادەبییان هەیە و ئەوەی بە وردی ئەو دەقانە تاووتو بکات هەر ئەو پێکهاتانە دەدۆزێتەوە، بەڵام لە ڕوانگەی دریداوە ئەم پێکهاتەیە تەنیا بەرهەمی چالاکی خوێنەرە کە بە شێوەیەکی کاتی گەڕیانی ئەو مانایانەی کە دەق بەرهەمیان دەهێنێت، ڕادەگرێت. دریدا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەق بریتی نییە لە پێکهاتە، بەڵکو زنجیرەیەکە لە نیشانەکان کە پێگەیەکی بەرچاو و کۆنترۆڵ کراو و کۆنترۆڵکەریان داگیر کردووە. ئاشکرایە کە ئەم تێڕوانینە کە پێکهاتە دەقییەکان لەوانەیە بە شێوەیەکی بنەمایی پێناسەکەری چۆنێتی کارکردی زەینی ئێمە بێت و هەندێک لە پێکهاتەخوازانیش بۆ برەوپێدان بە ئەم بۆچوونە هەوڵیان داوە بۆ پاش پێکهاتەخوازان شیاوی پەسند کردن نییە.

خاڵی دووەم ئەوەیە کە، سنووری پاش پێکهاتەخوازی، لە سۆنگەی ئەوەی پێکهاتەشکێنی زمان دەکات، زۆر لە سنووری پێکهاتەخوازی بەربلاوترە. بۆ وێنە، بنەمای فەلسەفەی ڕۆژئاوایی ئەم بیرۆکەیەیە کە ئێمە بەهرەیەکمان هەیە کە پێی دەڵێن "عەقڵ" و ئەم عەقڵە بە یارمەتی نۆکەری گوێ لە مست و ملکەچی خۆی، واتە زمان، دەشێت جیهان بناسێت، لەبەر ئەوەی کە دیعایەی سەرەکی پاش پێکهاتەخوازی ئەوەیە کە زمان بە هیچ کلۆجێک گوێ لە مست و ملکەچ نییە، بەڵکو هەر لە بناغەوە قابیلی کۆنترۆڵکردن نییە، کە واتە ئاشکرایە بەم ئەنجامە بگات کە خۆنواندنی فەلسەفەی بەوەی کە دەتوانێت و لە دەستی دێت کە جیهان بناسێت خۆی درۆیەکی گەورەیە.

خاڵی سێیەم ئەوەیە کە، پاش پێکهاتەخوازی لە چۆنێتی ڕوانینی ئێمە بۆ خۆشماندا دەرکەوتەی گرینگی هەیە. پێشتر باسی عەقڵمان هێنایە گۆڕێ و چەند خاڵێکیشمان لەبارەی "ئامادەبوون"ەوە خستە بەردەست. ئێمە زۆرجار وای بۆ دەچین کە "عەقڵ" و ئەوەی کە ئێمە چۆن لە هەمبەر خۆماندا "ئامادە"ین، پێوەندییەکی بە زمانەوە نییە. "عەقڵ" و "ئامادەبوون" لایەنەکانی "من"ێکی تاقانەن کە تەنیا وەک ئامرازێک لە زمان کەڵک وەردەگرن. سنۆپی تووله سەگ، لە کارتۆنی گوڵەکانی بادام-دا ڕۆژێک کاتێک لە خەو هەستا و بینی بە شەو قەندیلی گەورە گەورە بە بن میچی ماڵەکەیەوە ساز بووە، گوتی: "من منتر لەوەم بمرم". هەر وەک بینیمان پێکهاتەخوازان دژی ئەم "من"ـە بوون، ئەگەر بخوازین باسی خۆمان بکەین، بێجگە لە کەڵک وەرگرتن لە پێکهاتەکانی زمان ڕێگاچارەیەکی دیکەمان لەبەر نییە و پێکهاتەکانی زمانیش بەرلەوەی ئێمە بێینە سەر تەختەی شانۆ بوونیان بووە و ئێمە بە شێوەیەکی ناچارەکی لە نێو تانوپۆی پێکهاتە کولتوورییەکاندا کە ئەوانیش پێشتر بوونیان هەبووە باس لە خۆمان دەکەین. پاش پێکهاتەخوازان ئەوە دەسەلمێنن کە سووژەی تاکەکەسی تا ڕادەیەکی زۆر (کە کەموزۆر هیچ کات قابیلی ناسین نییە) بەرهەمی ئەو پێکهاتانەن. وەک ڕۆلان بارت ساڵی ١٩٧٠ لەبارەی خوێندنەوەوە گوتوویەتی: "ئەو "من"ەی کە ڕوو لە دەق دەکات خۆی پێشتر کۆمەڵەیەکی فراوان لە دەقەکانی دیکەیە، کۆمەڵەیەک لەو کۆد و نیشانانەی کە کۆتاییان پێ نایەت، یان بە وتەیەکی وردتر، ون بوونە (واتە سەرچاوە و ژێدەرەکەیان ون بووە)"(بارت [ ١٩٧٠ ] ١٩٧٤: ١٠). سەربارى ئەوە، لە سۆنگەی ئەوەی لە ڕوانگەی پاش پێکهاتەخوازانەوە سەرلەبەری پێکهاتەکان بە شێوەیەکی زاتی بگۆڕن، واتە تەنیا ڕیزبەندییەکی کاتییان هەیە لە نێو ئەو زنجیرە دەلالەتییانەی کە لە ڕاستیدا سنوورێک بۆ کۆتاییان دیاری ناکرێت، سووژەش تەنیا ڕیزبەندییەکی کاتییە،

واته دابڕانی کاتیی گەڕیانی مانا. ئەوە تەنیا ڕواڵەته که وا دەنوێنێت ئێمه نەگۆڕ و پایەدارین، لەبەر ئەوەی ناوەندێک لە ئارادا نییه، هەر بۆیه پیکهاتەیەک بوونی نییه: ئێمه پێکهاتووی کۆمەڵێک ڕەگەزی دژبەرین، هەڵبەت ئێمه بۆخۆمان بەم شێوەیه له خۆمان ناگەین و ئەم تێڕوانینه له بابەت سووژە بێ گومان تێڕوانینێکی مشتومڕهەڵگره، بەڵام وەک له بەشەکانی دواتردا ئاماژەی پێدەکەین، ئەم تێڕوانینه کۆمەڵێک دەرکەوتی سەرنجڕاکێش و ناچارەکی لێدەکەوێتەوه. هەر چۆنێک بێت، سووژەی لیبراڵی هیومانیستی، که خۆبژێوه و خاوەنی یەکگرتوویی و سەربەخۆیی ئەخلاقییه، له دەیەی ١٩٧٠ به دواوەوه یەکێک له بابەته سەرەکییەکانی ڕەخنەی پاش پێکهاتەخوازانه بووه.

خاڵی چوارەم ئەوەیه که لێکدانەوەی دەقی ئەدەبی هیچ کات به دوا ئەنجام ناگات. ڕاڤەکانیش وەک پێکهاتەکان تەنیا بریتین له کۆمەڵێک چوارچێوەی دەقگرتوو، چەند چرکەساتێکی ڕاوەستاو له گەڕیانی پڕ جووڵەی دەلالەت. بێجگه لەمه، جیاوازی له نێوان ئەدەبیات و شێوازەکانی دیکەی نووسین سڕدراوەتەوه. له ڕوانگەی ئیلیەت، ڕیچاردز، لویس و ڕەخنەکارانی ڕەخنەی نوێوه، دەقی ئەدەبی مانایەکی ئەوپەڕ زەمەنی هەیه، چونکه ئێمه دەخاته نێو چوارچێوەی ئەو شتەی که پێی دەڵێن "بارودۆخی مرۆڤانەی ئەوپەڕ زەمەنی". ئەدەبیات، به پێچەوانەی کاربردەکانی دیکەی زمان، دەمانگەڕێنێتەوه بۆ سەر هەقیقەت و بەها گرینگ و نەگۆڕەکان. له ڕوانگەی پاش پێکهاتەخوازانەوه، ئەدەبیات توانایی ئەوەی نییه وا بکات. ئەدەبیاتیش وەک شێوەکانی دیکەی زمان، لەبەردەم پرۆسەی جیاکاری و وەخران دایه، ئەگەرچی هەر چۆنێک بێت، ئەدەبیات لەگەڵ شێوەکانی دیکەی کاربری زمان، جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیه: هەندێک دەقی ئەدەبی هەن که خۆیان دان بەوەدا دەنێن که له کۆتایی پێهێناندا ناتوانن. له ڕوانگەی دریدا و پاش پێکهاتەخوازانەوه ئەم جۆره دەقانه زۆر سەرنجڕاکێشتر لەو دەقانەن که نەتوانینی خۆیان پەردەپۆش دەکەن. دەقه فەلسەفی، یان ڕۆمانه ڕیالیستییەکان که لافی ئەوه لێدەدەن که نواندنەوەیەکی ڕاستەقینەی جیهان به دەستەوه دەدەن لەم جۆرەن. دریدا لەبارەی "له بەرانبەر یاسا"ی کافکادا دەڵێت: "دەقی فەلسەفی، زانستی، یان مێژوویی که ڕاگوێزەری زانست، یان زانیارییه، ناو ناخاته پاڵ حاڵەتێک له نەبوونی ناسراوی و ئەگەر واش بکات، هەر شتێکه به هەڵکەوت ڕوو دەدات، نەک لەسەر بنەمای شێوازێکی بنچینەیی و جەوهەری". ئەم چیرۆکەی کافکا بێ گومان نموونەیەکی بەرچاوی ئەو دەقانەیه که به کۆتایی ناگەن، بەڵام هەندێک دەقی دیکەیش که ڕێگه بۆ گەمەی زمانی خۆش دەکەن، یەک لەوان بێداریی فینگانەکان (١٩٣٩) به قەڵەمی جیمز جۆیس، هەر ئەم تایبەتمەندییەیان هەیه، ئەگەر پێکهاتەشکێنی خۆی بەو دەقه ئەدەبییانەوه خەریک بکات که وا دەنوێنن واقیع خوازن، ئەوه دەسەلمێنێت که چۆن ئەم ئاسته به ڕواڵەت واقیع خوازانەیه دەرکەوتەیەکی سەرکوت و چەپاندنه و دەیەوێت وا بنوێنێت که خوێنەرانی ئەم دەقانه، به تەواوەتی هاوجۆرن و له ژێر ڕکێفی ئەو دەقەدان که دەیخوێننەوه، یان له ڕێگای ئەو زانسته باڵادەستەی که دەقەکه هەلی دۆزینەوەی بۆ ئێمه دەرەخسێنێت، یان له ڕێگای ئەو هەڵوێسته کینایییەی که بڕیاره بیگرینه بەر. (خوێندنەوەیەکی پێکهاتەشکێنانەی لەم چەشنه بێ گومان زۆر لەو ڕەخنه ئەدەبییەی که ماشێری ڕەچاوی دەکات نزیکه (بڕوانه بەشی ٤).

له سۆنگەی ئەوەی دەقی ئەدەبی، ڕیالیستی و ناڕیالیستی، گەڕیانێکی بێ کۆتایی مانا بەرهەم دەهێنن، ڕاڤه، ئەو بابەتەیه که دەکەوێته ئەستۆی خوێنەر. ئێمه گەیشتووینەته "مەرگی داهێنەر"، ئەو چەمکەی که ڕەخنەکاری فەڕەنسی ڕۆلان بارتساڵی ١٩٦٨ وێنەیەکی جوانی لێ خسته بەردەست و "مەرگی داهێنەر" هاوکاته لەگەڵ "له دایکبوونی خوێنەر" (بارت [١٩٦٨] ٢٠٠٠: ١٥٠). له ڕوانگەی پێکهاتەخوازانەوه، مانای نەگۆڕ و هەرمان له هەناو، یان له دیوی ئەو دیوی ئەو پێکهاتانەدان که ئەوان لێی دەکۆڵنەوه و چاوەڕێی ئەوەیه که بدۆزرێتەوه. له ڕوانگەی پاش پێکهاتەخوازانەوه، دەق و خوێنەر له پێکهێنانی چرکەساته بگۆڕ و بەردەوام جیاوازەکانی مانادا کاردەکەنه سەر یەکتر.

**ژێدەر:**

**Bertens. Johannes willem**
**Literary Theory: The basies**

# ئەدەبیاتی بنەماكان

ئۆكتاڤیۆ پاز
له فارسییەوه: محەمەد ئەحمەدی (ساماڵ)
(بۆكان)

ئاخۆ شتێک به ناوی ئەدەبیاتی ئیسپانی – ئەمەریكی هەیە؟ له كۆتایی سەدەی ڕابردوودا دەگوترا كه ئەدەبی ئێمە پەلێكه له درەختی ئیسپانیایی، ئەگەر مەبەستمان تەنیا له بارەی زمانەوه بوایە، قسەی لەمە ڕاستتر نەدەبوو. ئێمه ئیسپانی – ئەمەریكییەكان، ئەرژەنتینی بین، یان مەكسیكی، خەڵكی چیلی بین، یان خەڵكی كووبا، هەموومان هەر به زمانی ئیسپانیایی دەنووسین. له ڕاستیدا زمانی ئێمه و ئەوەی كه له ئەندەلوس، ئاراگۆن، یان ئیسترمادۆرا پێی دەنووسرێت، جودا نییە. به توێژینەوه سەلمێنراوه كه له ئەمەریكا پتر له ئیسپانیا، یەكگرتوویی زمانی هەیە. بێ لەمە نەدەبوو؛ ئێمه قەت سەدەكانی ناوەڕاستمان نەئەزمووه. ئێمه له بەرەبەیانی سەردەمی نوێدا لەدایک بووین و كاتێک زمانی كاستیلی گەیشته لێواری ئاوەكانی ئێمە، له قۆناغی ئەزمووندارێتی و دنیایی بووندا بوو، ئەگەر له ئیسپانی – ئەمەریكیدا كەمایەسییەک هەبێت، هەر له تایبەتمەندییەكانی سەدەكانی ناوەڕاسته.

ڕاسته كه ئێمه بۆ خۆمان تایبەتمەندیگەلی ترمان داهێناوه، بەڵام هیچ مەترسییەک له گۆڕێدا نییە بۆ ئەوەی كه تایبەتمەندییەكانی شێوەزاری ئەرژەنتینی ببێته هۆی بەدیهاتنی زمانگەلی جودا، هەرچەنده زمانی ئیسپانی – ئەمەریكی تاهەتایه نامێنێتەوه – هیچ زمانێک وانییە – سەرەڕای ئەمەش بەقەدەر زمانه تازەكانی تر دەژی: ئێمەش هەر لەو زەمانەدا دەژین كه ڕووسی، فەڕەنسی و ئینگلیزییەكان تێیدا دەژین، بەڵام ئەو زمانەی كه ئیسپانی – ئەمەریكی قسەی پێدەكات شتێكی تره و ئەو ئەدەبیاتەش كه لێیەوه دادێت شتێكی تره.

ئێستا پەلێكی دارەكه هێنده هەڵچووه و به خۆدا هاتووه كه وەک نێو قەدەكەی ئەستوور بووه. له ڕاستیدا



**ئۆکتاڤیۆپاز**

ئەمە دارێکی ترە، دارێکی جودا بە گەڵای سەوزتر و هەڵاڵەی تاڵترەوە. ئەو مەلانەی کە بەسەر پۆپەی ئەم دارەوە هێلانەیان سازکردووە، لە ئیسپانیا ناسراو نین.

**ئەدەبی ئیسپانی - ئەمەریکی، یان ئەدەبیاتی ئیسپانیایی - ئەمەریکایی؟**

ئەگەر کتێبێک لەبارەی مێژووی ئیکوادۆر، یان ئەرژەنتیندا هەڵبدەینەوە، تووشی بەشێک دەبین کە تایبەتە بە ئەدەبیاتی نەتەوەیی، بەڵام ناسیۆنالیزم لێرە جۆرێک هەڵەپەتێی هونەرییە. هیچ شتێک ئەدەبیاتی ئەرژەنتین لە هی ئۆرۆگوای، یان ئەدەبیاتی مەکسیک لەهی گواتیمالا هەڵاوێرد ناکات.

ئەدەبیات لە سنووران بەرینترە. ڕاستە کە کێشەکانی چیلی لە هی کۆلۆمبیا جودان و سوورپێستی بولیڤی چ لایەنی هاوبەشی لەگەڵ ڕەش پێستی ئانتیلدا نییە، بەڵام جۆراوجۆریی ئاست، ڕەچەڵەک و بەستێنەکان نابنە هۆکاری نکوڵی کردن لە یەکگرتوویی زمان و کولتووری ئێمە. یەکێتی، هاوفۆرم بوون نییە.

کۆمەڵگە ئەدەبییەکان، شێواز و هۆگرییەکانی ئێمە، لەگەڵ ناکۆکییە سیاسی، ڕەگەزی و جوگرافیاییەکان شیاوی پێکگرتن نین. قوتابخانە و شێوازگەلی نەتەوەیی هەبوونیان نییە. ئەوەی هەیە نەریتە مانایی و هونەرییەکانە و شتگەلێکی گشتییە. شیعری چیلی، یان ڕۆمانی ئەرژەنتینی ئیتیکێتی جوگرافیایین، بەڵام ڕاستیخوازی و لایەنگرییە هونەری و فیکرییەکانی تر وا نین. هەڵبەت بزاوتە هونەرییەکانمان کە لەم وڵات، یان لەو وڵات لە دایک دەبن، ئەگەر بەڕاستی بە بەروبۆ بن، بە خێرایی سنوورەکان دەبەزێنن و لە وڵاتانی تر ڕەگاژۆ دەکەن، بێجگە لەمەش، جوگرافیای سیاسی ئەمەریکای لاتین فریودەرە. ئەم فرەیی نەتەوانە، بەرهەمی ئەو ئاست و بەڵایانەن کە لە ڕاستەقینەی خەڵکی ئێمەوە بە دوورن.

ئەمەریکای لاتین وشکاییەکی دەستکردە و بە دەستی حاکمانی ناوچەیی و سەرۆکانی نیزامی و داگیرکەرانی دەرەکی لووت و گوێی بڕدراوە، ئەگەر ئەو هێزانە لەناو بچن (کە وردە وردە لە ناو دەچن) سنوورەکان بە جۆرێکی تر دەبن، هەر ئەو هەبوونەی ئەدەبیاتێکی ئیسپانیایی - ئەمەریکایی خۆی یەکێک لە هۆکارەکانی یەکێتی مێژوویی گەلانی ئێمەیە. ئەدەبیات هەمیشە بەرهەمی ڕاستییەکی مێژوویی، یان خۆپیشاندانەوەیەکی سەرەڕای ڕاستەقینەیە. ئەدەبیاتی ئیسپانیایی - ئەمەریکاییش لەم ڕێسایە هەڵاوێردە نییە. تاکە تایبەتمەندیی ئەم ئەدەبیاتە لە ئەو ڕاستییەدا شاراوەیە کە ڕاستەقینەیەکی یۆتۆپیاییە و ئەم ئەدەبیاتە سەرەڕای ئەو ڕاستەقینەیە گەشەی کردووە. ئەدەبیاتی ئێمە وەڵامی ڕاستەقینەی بێ درۆی ئەمەریکاییەکانە بۆ ڕاستەقینەی یۆتۆپیایی ئەمەریکا. ئێمە بەر لەوەی کە خۆمان هەبوونمان هەبێت، لە قاڵبی ئەندێشەیەکی ئەورووپاییدا وەڕێ کەوتین، ئەگەر ئەو ڕاستییە لە بیر بکەین کە ئێمە بەشێکین لە مێژووی یۆتۆپیاکانی ئەورووپا، ڕاستەقینەی ئێمە نافامرێ. پێویست ناکات بۆ سەلماندنی یۆتۆپیایی بوونی ئەمەریکا بگەڕێینەوە بۆ مور(١)، یان کامپانلیا(٢). هەر ئەوەندە بەسە کە وەبیر خۆمانی بێنینەوە کە ئەورووپا، لە هێندێک لایەنەوە بە بێ ئەوەی کە خۆی بیەوێت، بەرهەمی مێژووی ئەورووپایە، بەڵام ئێمە داهێنراوی گەڵاڵەکراوی ئەورووپایین.

تا چەندین سەدە ئەورووپاییەکان نەیاندەزانی کە ئەورووپایین. کاتێک لەوە تێگەیشتن کە ئەورووپا ببوو بە ڕاستەقینەیەکی مێژوویی، ئەوان تێگەیشتن کە بە شتێکی بەرینتر لە شارەکانی خۆیانەوە گرێ دراون، تەنانەت ئەمرۆش ڕوون نییە کە ئەورووپاییان هەست بە ئەورووپایی بوونی خۆیان بکەن. ئەوان ئەو بابەتە دەزانن،

بەڵام زانین لەگەڵ هەست پێکردن زۆر جوداوازە.

لەبارەی ئەوروپاوە ڕاســتــەقــینە گــرنگتــرە لە ناو. ئەمـەریکا بە پێچـەوانەوە لە ئەندێشـەیەکـەوە دەست پێ کـرا. سـەرکـەوتنێک بۆ نوێ مـینالیـزم: ناو بوو بە هۆی بەدیهـاتنی ڕاسـتـەقـینە. ویشکایی ئەمـەریکا هێـشـتـا نەدۆزرابووەوە کە غوسڵی لێدەرکرا. ناوەکەمان ناچاری کردین کە دنیایەکی تازە بین. وڵاتێک کە داهاتووی خۆی هەڵدەبژێرێت: بەر لە هەبوون ئەمەریکا دەیزانی کە دەبێت بەچی. هەر کـــە ڕەوەندەی ئەوروپا پێی نایە لێـــواری ئاوەکانی ئێمە، ڕاسـتـەقینەی مێژوویی خۆی دانا: ئەو ئیتر ڕابردوو نەبوو، گوللەیەکی(فیشـەک) خێرا بوو کە سیلەی (مەبەستی سێرەیە- ڕامان) لە داهاتوو گرتبوو. پتـر لە سێ سـەدە "ئەمـەریکایی" کـەسـێکی دێنایە بەرچاوت کـە نەک بەکـردەوەکـانی ڕابردوویەوە، بەڵکو بە ئەو شتـەوە پێناسە دەکـرا کە لە داهاتوودا دەیکرد. ئەو کـەسـەی کـە ڕابردووی نییـە و تەنیـا داهاتووی هەیە. کـەسـێک کـە ڕاسـتـەقـینەیەکی کـەمی هەیە. ئەمەریکاییەکان: خەڵکانێک بە ڕاستەقینە و قورسایی کەمەوە. ناوی ئێـمە مەحکوومان دەکات کە گەڵاڵەی مێژوویی زەینی دەرەکی بین؛ زەینی ئەوروپاییەکان.

هەر لە ســەرەتاوە ئەمـەریکای ئەنگلۆسـاکسـۆن یۆتۆپیایەکی باو بوو. ئەمەریکای ئیسپانیا و پورتوگاڵ، بیناگەلێک بوون لە دەرەوەی زەمـان. لە هەردووکیـاندا زەمـانی ئێـسـتـا نەرێ دەکـرا. تاهەتایی و داهاتوو، بەهەشت و پێـشکەوتن، هەمـوویان لە ئەمـڕۆ و ڕاستـەقینەی ئەمڕۆ - چاودێری بێ فیزی خۆری هەموو ڕۆژێک نکوڵی دەکەن.

لێرەدا وێکچوونی ئێمە و ئەنگلۆساکسۆنەکان کۆتایی دێ. ئێـمـە بەرەی بزاوتی دژی ڕیفـۆرمـاسـیـۆن و ئیـمـپـراتۆریی دنیـاین. ئەوان بەرەی لۆتەر و شـۆڕشی پیشـەیین، هەر بۆیە ئەوان لە هەوای مـژاویی داهاتوودا هەناسـەیان سـوار دەبێت و هەر بەو هۆیەش لەگـەڵ ڕاستەقینەدا پێوەندی نزیکیان نییە.

ئەوەی کـە وەکـو باوە پێی دەڵێن ڕیالیـزمی ئەنگلۆئەمەریکایی، شتێک نییـە کـە لە کردەوەخوازی جودا بێت. ئەو کارەی کە بریتییە لە سووککردنی مادەی تێکسمڕاوی شتەکان بۆ ئەوەی بیانکەن بە گەڕیانگەلی بەهرەدار. ڕاستەقینە ئیتر مادە نییە و بووە بە زنجیرەی کردەوەکان. هیچ شتێک تاسەر نییە، چونکە ئەو بیچمە دڵخوازەی کە ڕاستەقینە بە خۆیەوە گرتووە، کردەوەیە. هەمـوو کـارێک تاوێک دەپێـوێت و بۆ ئەوەی درێژەی هەبێت دەبێت بگۆڕدرێت، ببێت بە کارێکی تر.

ئەمەریکای ئیسپانیایی و پورتوگالی لەسەر بناغەی شارستانیـەتێکدا هەڵچنراوە کە پێی وابوو ڕاستەقینە جـەوهەرێکی نەگـۆڕە. کـردەوە مـرۆیی، سـیـاسی، یان هونەرییەکان تەنیا بۆ درەوشانەوە لە بەرهەمەکاندا بوون، بۆ هیچ کارێکی تر نەدەبوون. ئەو بەرهەمانە شکڵێک لە ئاواتی مـانەوە و هەرمـانن و بناغـەیەکی پتـەون تاکو لە بەرانبـەر گـۆڕاندا ڕاوەستن. ئەو کـاتەی کـە دەبیـستم ویتـمەن شـاعیری گـەورەی ڕاسـتـەقـینەی ئەمەریکاییە، سەرم بەرز دەکـەمەوە و خـۆم هەڵدەکێشم. ڕاستەقینەی ویتمەن مەیلی هەستکردن بە شتێکی ڕاستییە، شیعری ویتمەن تامەزرۆی ڕاستەقینە و یەکبوونە لەگەڵ هەمووان: لە وڵاتی هیـچ کـەسـانەوە ڕوو لە هەرێمی هەمـووان دەکـات. ئەمـەریکای سـاکـسـۆن، تامـەزرۆی هەبوونە. کـردەوەخـوازیی یۆتـۆپیـایەکـە، کـە قـەت وێنا ناکـرێت، هەربۆیە هەمیشە دەبێت بە کامووس. وێڵی ڕاستەقینەی هەست پێکراو - ئەوەی کە بە چاو دەبینرێت و بە دەست ناگیـرێت - نییـە، بەڵکو بە دوای وێنەیەکی تێکەڵاودا دەگەڕێت لە ئاوێنەی کـردەوەدا: ڕاستـەقـینە دەگـۆڕێت بە بێ ئەوەی کە دەستی پێدا بێنێت، یان لەزەتی لێ ببات. مـاڵ بەکـۆڵیی ئەنگلۆ ئەمـەریکاییـەکـان - تیـرێک کـە سیلەی لە داهاتوو گرتووە و ڕمێک کە قەت نیشانەکەی نائەنگێوێ - لە بۆشاییدا نییە، بەڵکو لە زەماندایە: ئەو زەوییەی کە پێیدا دەڕۆن، وڵاتی داهاتووە.

لە کـۆتایی سـەدەی نۆزدەدا ئەدەبیـاتی ئیـسـپـانیـایی - ئەمـەریکـایی ئیـتـر ڕەنگدانەوەی ئەدەبیـاتی ئیـسـپـانیـا نەبوو. شـاعـیـرانی" مـۆدێرنیـست" بە گـشـتی لەگـەڵ ئەو مـۆدێلانەی کـە لە ئیـسـپـانیـایان بە قـەرز وەرگـرتبـوو مـاڵئاواییـان کرد، بەڵام ڕوویان نەکردە وڵاتەکانی خۆیان، بەڵکو چاویان لە پاریس بڕی. ئەوان بە دوای زەمـانی هەنووکـەوە بوون. یەکـەم شـاعـیـرانی ئیـسـپـانیـایی ئەمـەریکایی کە هەبوون و یەکـێتی خۆیان ناسـیـیـەوە، بەرەی دەرکـراوان بوون. ئەوانەی کـە نەیانتـوانی خـۆیان ڕزگـار بکەن، بە پێی تێکۆشان و خەیاڵی خۆیان چەندین بابل و ئەسکەندەرییـەیان ئافراند. ئەم ئەدەبیاتە هەڵاتن بوو، لەهەمان کـاتیـشـدا تێکۆشـان بوو بۆ تێکەڵاو بوون لەگـەڵ ژیانی نوێ و وەدەسـتـهێنانی زەمـانی هەنووکـە. ئەوان دەیانویست لەگەڵ زەمان پێشکەون، دەیانویست لە گەڕی سەرەکیی دنیادا بن.

بەشی ئێمە لە دنیای نوێ ماڵێک بوو کۆن و درگە داخراو، کە نیوەی لە پەرستگە و نیوەکەی تری لە سەربازخانە دەچوو. یەکەم کار دەبوو دیواران برووخێن و خەوتووان وەخەبەر بێن و تارمایی لە زەینیاندا نەمێنێت. (ئەو تارماییانە تەواو راستی بوون و هەشن: رابردوویەکی پەلکێش کە لەناو ناچێت مەگین بە زۆر لە رەگەوە هەڵکەندرێت.) ئەگەر نزای شاعیرانی مۆدێرنیست بۆ دوورخستنەوەی تارماییەکان نەیتوانی ئەو تارماییانە لەنێو بەرێت، لانی کەم توانی رۆچنەیەک بەرەو رووناکایی بکاتەوە. ئێمە توانیمان دنیا ببینین: لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بووین. دەبوو خێرا کەین. لە نێو تاراواندا کەسانێک هەبوون کە چاویان لە راستەقینەی ئیسپانیایی - ئەمەریکایی بریبوو.

ئاخۆ لە دەرەوەی رابردووی ئیسپانیا، شتێکی گەورەی لە جووڵە کەوتوو نەبوو؟ هەندێک لە شاعیران، نەک بەیارمەتی بیرەوەری، بەڵکو لە رێگەی خەیاڵەوە، دنیایەکی بەرین و سروشتییان کەوتە بەرچاو، کەلاوەی شارستانیەتە درەوشاوە، ستەمکارەکان کە لە نێوان لێرەوار و دارستان و گرکانەکاندا ون ببوون. "ئەدەبیاتی هەڵاتگ" زۆر زوو بوو بە ئەدەبیاتی دۆزینەوە و گەرانەوە. رووداوی راستینە لە ئەمەریکا رووی دا.

تا رادەیەک هەمیشە رێگای بوینس ئایرس لە پاریسەوە تێپەر دەبوو. لە ئەزموونی ئەو شاعیر و نووسەرانەرا دیارە کە بۆ گەیشتنەوە بە ماڵەکانی خۆیان، پێویست بوو کە سەرەتا بوێریی بەجێهێشتنی ئەوێیان هەبێت. تەنیا کوری سەرەرۆ، دەتوانێ بگەرێتەوە.

لۆمەکردنی ئەدەبیاتی ئیسپانیایی - ئەمەریکایی لەبەر بێ ریشە و رەگەزبوون، لەبەرچاونەگرتنی ئەو راستییەیە کە هەر ئەو بێ بنچینەییە بوو کە بواری پێدایین تاکو بەشی خۆمان لە راستەقینە وەدەست بێنین. مەوداگرتن پێداویستی دەستپێکی دۆزینەوە بوو، ئەگەر مەودا و بەرهەمە تراویلکەییەکانیمان بکردنایە بە راستەقینە، زەرەری نەبوو. یەکێک لە تراویلکەکانی ئێمە دنیای سروشتیی ئەمەریکا بوو، ئەوەی تریش رابردووی سوورپێستان بوو. سروشت لەخۆیدا شێوازێکی تێرامان نییە: ئەو چاوەی کە بە ناخیدا دەروانێ و ئەو ئیرادەیەی کە دەیگۆرێت، شێوازی تێ فیکرینە. دیمەنەکان، شیعر و مێژوو، یان وێنان، یان کارن.

وڵاتەکانمان و شارەکانمان دوای ئەوەی شاعیران و نووسەران ناویان بردن، بوون بە خاوەنی هەبوونی راستەقینەی خۆیان. شتی وا لە مەر رابردووی سوورپێستەکانمانەوە نەبوو. لە لایەکەوە سورپێستەکانی ئێمە رابردوو نین، بەڵکو زەمانی هەنووکەن. ئەو زەمانی ئێستایەی کە بە سەر سەرمانەوە دەبریسکێتەوە، لە لایەکی تریشەوە، ئەوان سروشت نین، بەڵکو راستەقینەی مرۆڤانەن.

ئەدەبیاتی ناوچەیی لە هەر دوو لایەنی خۆیەوە - رازێنەری و فێرکاری، کەونارای و مەزهەبی - وەکو داهێنەری هونەری و ئامۆژگاریی کۆمەڵایەتی دووچاری شکست بووە، هەر ئەوەش لەمەر ئەدەبیاتی رەش پێستانەوە دەکرێت راست بێت.

لە ئەمەریکای ئیسپانیایی زمان، نووسەرانی سوورپێست و رەشپێستی وای لێیە کە لە ریزی گەورەترین نووسەراندان، بەڵام بارودۆخیان ناچاری کردوون کە بنووسن، نەک ئەوەی کە لە بارەی بارودۆخی خۆیانەوە بنووسن. یەکێک لە پڕ بایەخترین بەرهەمگەلی هاوچەرخی ئێمە نووسراوەیەکی دوکیۆمێنتییە لەبارەی ئەنترۆپۆلۆژییەوە: چیرۆکی ژیاننامەی خوان پرێز خولوتە(٣)، کە سوورپێستە.

بێ ریشەیی ئەدەبیاتی ئیسپانیایی - ئەمەریکایی بە هەڵکەوت نییە. بەرهەمی مێژوومانە، بەرهەمی ئەو راستییەیە کە لە بنەچەکەوە، ئەندێشەیەکی ئەورووپایی بووین، بەڵام ئەگەر هەموو لایەنان لە بەرچاوبگرین، دەبینین کە تێپەر بووین و هەڵکشاوین. ئەو کاتەی کە رۆبێن داریۆ(٤) «نەغمەکانی ژیان و هیوا»ی نووسی، ئەوە نووسەرێکی ئەمەریکی نەبوو کە روحێکی نوێی دیتبێتەوە، بەڵکو روحێکی تازە بوو، کە لە راستەقینەی ئەمەریکای ئیسپانیایی تێ گەیشتبوو. ئەوەیە، ئەو شتەی کە ئێمە لە ئیسپانیاییەکان هەڵداوێرێت. ماچادۆ(٥) پێی وابوو کە ئیسپانیایی تەنیا کاتێک جیهانییە کە لە ناخی ناخەوەی ئیسپانیاییەوە بێت. خوان رامون خیمینز بە خۆی دەگوت: " ئەندەلوسی جیهانی." ئەدەبیاتی ئیسپانیایی - ئەمەریکایی بەلایەنی ئاوەژوودا بەرین دەبێتەوە، بە بۆچوونی ئێمە ئەدەبیاتی ئەرژەنتینی، جیهانییە، لەولاشەوە پێمان وایە کە هەندێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی دنیا، ئەرژەنتینین. بێجگە لەمە، ئێمە بە یارمەتی بێ ریشەیی خۆمان، نەریتێکی نێژراو، یانی ئەدەبیاتێکی کەونی ناوچەییمان دیوەتەوە. کارتێکەری شیعری ناهواتل(٦) لە سەر زۆربەی شاعیرانی مەکسیک زۆر بە قووڵی دیارە، بەڵام رەنگە ئەگەر ئەزموونی سریالیزم نەبوایە، یان لە بارەی

ڕوبن بونیفاز نونو(٧) –ەوە ئەزموونی شیعری لاتین نەبوایە. بەو زووانە وێنەی خۆیان، ئاڵۆزکاو و پەشۆکاو، لەو دەقانەدا نەدەدۆزییەوە. سەیر نییە کە وەرگێڕی شیعرەکانی ڤیرجیل یەکێک لەو کەسانەیە کە باشتر لە هەموو کەسێک لە چۆنایەتی " مۆدێرنی" شیعری ناوچەیی تێ گەیشتووە. هەر بەو شێوەیەش نیرۆدا ناچار بوو تێکۆشانی مرۆڤی بێ سنوور پێش دامەزران لە نشینگەی زەمیندا بنووسێت. ئەو زەوینە کوێیە؟ ئەوە ئەمەریکایە و لە هەمان کاتدا کەلکەتە و کۆلۆمبۆ و ڕانگۆنیشە. زۆر نموونەی تریش هەن : ڕۆمانەکانی بیۆیی کاسارس(٨)، کورتازار(٩) و شیعرەکانی لێزاما لیما(١٠) و سینتۆ ڤیتایر(١١)، بەڵام ئەو کارە پێویست نییە: کتێبێکی شاعیری ئەرژەنتینی ئێنریکە مولینا(١٢) ناوی" خرێنی زەوییە".

گەڕانەوە، دۆزینەوە نییە. نووسەرانی ئیسپانیایی – ئەمەریکایی چ شتێکیان دۆزیوەتەوە؟ تا ڕادەیەک هەموو بەرهەمەکانی بۆرخێس – مەبەستم تەنیا پەخشانەکانی نییە، بگرە زۆربەی شیعرەکانیشی، باسی نەبوونی هەبوویەک بەناوی ئەمەریکا دەکەن. بۆینس ئایرسی بۆرخێس بەقەدەر بابلیبیەکان و نەینواکانی ئەو لە ڕاستی بە دوورن. ئەو شارانە خوازەن، کاموسن، داتان. ئەو خوازەیە دەڵێت چی، ئەو خولیایە لە خولیادا چ دەبینێت؟ خولیایەکی تر بە ناوی بۆرخێس. ئەو خولیایەش؟ خولیایەکی تر. لە پێشدا کەسێک خەون دەبینێت، ئەگەر لە خەو ڕاپەڕێت، ڕاستەقینەی لە خەودا دیتراو بزر دەبێت. لە ژێر گوشاری ژانی مردندا، ناچارین خەون بە بۆینس ئایرسەوە ببینین، کە لەو خەوەدا بۆرخێس خەریکە خەون دەبینێت. کارەکانی ئەو شاعیرە نە تەنیا باسی نەبوونی هەبوویەک بە ناوی ئەمەریکا دەکات، بگرە دەشیسەلمێنێت کە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە ئەمەریکا شتێکی بێ ئەم لاو ئەولایە، یان بە واتایەکی تر: ئەدەبیاتی ئیسپانیایی – ئەمەریکایی جۆرێک دەسمایەدانانە لەسەر خەیاڵ.

ئێمە سوورین لەسەر سازکردنی ڕاستەقینەی خۆمان: " تریفەی سەعات چواری بەیانی بە سەر دیوارێکی ئاوماڵ سەوزی ناوچەی بۆگۆتادا؛ دابارینی تاسێنەری تاریکایی لە ماڵێکی سانتۆ دۆمینگۆدا (لە ماڵێکی ناوەڕاستی شاردا شۆڕشگێرێک چاوەڕێی هاتنی پۆلیسە)؛ کاتی هەڵچوونی تەواوی ئاو لە لێواری ڤالپارائەزۆ(١٣) (کچێک خۆی ڕووت دەکاتەوە و تەنیایی و عیشق دەدۆزێتەوە)، نیوەڕۆی تاقەت پرووکێن لە گوندێکی ویلایەتی خالیسۆی(١٤) مەکسیک (دێهاتییەک پەیکەرێکی داتاشیوە، بەیانی دەچێت بۆ شار، نەناسیاوێک لەوێ چاوەڕێیەتی و سەفەرێک...). ئەو کارانە بۆ دۆزینەوەی ڕاستەقینەن، یان بۆ ڕزگار کردنی ئەو؟ بۆ هەردووکیان. ڕاستەقینە خۆی لە بیرەوەریی شاعیراندا دەدۆزێتەوە و شاعیرانیش خەیاڵی خۆیان لە ڕاستەقینەدا دەناسنەوە. خولیاکانمان لە کۆڵان چاوەڕێمانن.

ئەدەبیاتی ئیسپانیایی – ئەمەریکایی کە بێ بنجە و دنیا نیشتمانیەتی. هەم جۆرێک گەڕانەوەیە و هەمیش گەڕانێکە بە دوای نەریتدا. لە گەڕان بە دوای نەریتدا، نەریتی تر دادێنێت، بەڵام داهێنان و دۆزینەوە وشەگەلێکی ڕێکوپێک نین بۆ پێناسەی خاوێنترین ئافرێنراوەکانی ئەو ئەدەبیاتە. ئەوە ئیشتیای دۆنادۆنە و ئەدەبیاتێکە لە بنەماکان.

**پەراوێز:**

**1- More**
**2- Campanella**
**3- Juan Perez Jolote**
**4- Ruben Dario**
**5- Machado**
**6- Nahuatl**
**7- Ruben Bonifaz Nuno**
**8- Bioy Casares**
**9- Cortazar**
**10- Lezama Lima**
**11- Cintio Vitier**
**12- Enrique Molina**
**13- Valparaiso**
**14- Jalisco**


**سەرچاوە:**

**میرعلایی احمد، درباره ادبیات، مجموعه مقاله، انتشارات فرزان روز، چاپ اول از ویراسته جدید ۱۸۳۱، تهران.**

# توانا دەنگییەکانی (تایەر تۆفیق) لە ڕووی ئەکادیمییەوە

## (لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی شیکاری پراکتیکییە)

ئارەزوو ئیسماعیل مەنسوور
(١ - ٢)

### بەشی یەکەم
### چواچێوەی بابەتی لێکۆڵینەوەکە

- گرنگی لێکۆڵینەوەکە
- کێشەکانی لێکۆڵینەوەکە
- ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە
- سنووری لێکۆڵینەوەکە
- زاراوەکان
- لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر

### گرنگی لێکۆڵینەوەکە

١- بەپێی ئەو زانیارییانەی توێژەر لە بارەی هونەرمەند (تایەر تۆفیق)ەوە هەیەتی، ئەوە دەبێتە یەکەم لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی کە لەسەر ئاستی زانکۆیی و ئاستەکانی تریش کرابێ.

٢- دەتوانرێت ئەم لێکۆڵینەوەیە لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە سوودی لێ وەربگیرێت بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوی زیاتر لەبارەی ئەو هونەرمەندە و هونەرمەندانی تریش وەک ئەم شێوازەی لێکۆڵینەوەکەی لەسەر کراوە، لەسەر گۆرانیبێژانی تریش ئەوە بکرێت.

٣- لێکۆڵینەوەکە مشتێک دەخاتە سەر خەرمانی پڕ پیتو بەرەکەتی موزیک و گۆرانی کوردی و بۆشاییەک لە کتێبخانەی موزیکی کوردی پڕدەکاتەوە، کە پێمان وایە لەم سەردەمەدا زۆر پێویستیمان بەم جۆرە لێکۆڵینەوانە هەیە.

٤- لەڕووی زانستییەوە هەندێک بیروڕای جیاو ڕێچکەی جیا لە مەقامەکان جیادەکاتەوە و بەپێی بۆچوونی ئێمە باشترینی دەستنیشان دەکرێت و هۆکارەکەشی دیاری دەکرێت، بەتایبەتی لەڕووی پێکهاتەی مەقامەکان و کورتکردنەوەی ناوەکان و چڕکردنەوەی شێوازی وانە خوێندن لەسەریان.

٥- هێشتنەوەو پاراستنی ئەو گۆرانییانە تا هەتایە بە نووسراو و بە نۆتەی موزیکی بۆ نەوەکانی دوارۆژ بۆ کار ئاسانی و بەدوا داچوون، کە ئەمەش بەشێکە لە پاراستنی کولتووری نەتەوەییمان.

٦- دانپێدانانێکی ئەکادیمی بە دەنگ و سەدا و مۆرکی ئەم هونەرمەندەیە.

### کێشەکانی لێکۆڵینەوەکە

ئێمەی کورد زۆرێک لە گۆرانیبێژانمان هەن کە لە نێوەندی موزیک و گۆرانی کوردیدا بە بەردەوامی ناویان وەک ئەستێرەی ئاسمان دەدرەوشێتەوە و هەمیشە



**تایەر تۆفیق**

لەیادمانن و بۆ هەر کوێیەک بچین و لەشوێنی جیا جیای ڕۆژانەمـانـدا گـوێمـان لێ دەبێت، ئەمـانە زۆری ئەو گۆرانیبێژانەن کە مامۆستا باکووری زۆرێک لەو ناوانەی هێناوە و باسی سەربردەی ژیان و بەرهەمەکانیان دەکات لە دووتوێی هەر سێ بەشی کـتـێـبـە بەنرخـەکـانی (گۆرانیبێژە نەمرەکان).

بێ گومان هەموومان گوێ لە دەنگە بەسۆزەکەی تایەر تۆفیق دەگرین و دەنگ و سەداو گۆرانییەکانی جێگای سـەرنج و ئامـاژەپێکردنە لەنێـو مـوزیک و گـۆرانی کوردیدا، گۆرانییـەکانی شایستەی ئەوەن لێکۆڵینەوەی وردیان لەسـەر بکرێت و شیکاری جۆری مـەقـامـەکـان و ریتمـەکانی بکرێت و ببـێتە یەکێک لەو دەروازانەی کە بناغەو بنەمای موزیکی لەسەر بنیاد بنرێت، لەبەر ئەوەی لە چەندایەتی و چۆنایەتیدا سامانێکی لەبن نەهاتووی کەلەپوور و گۆرانی کوردییـە، چونکە لە بەکارهێنانی جۆری مەقـامەکـان و شێـوازی چڕینیـان وای کردووە کـە ڕێچکەو مـۆرکـێکی تایبـەت بەگـۆرانیـیـەکـانی بدەن و بیکەن بە خاوەنی قوتابخانەیەکی سەربەخۆ کە دەکرێت بە قوتابخانەی تایەر تۆفیق بناسرێتەوە. لە لایەکی تریشەوە ئەوەندەی تایبەتمەندی تێدایە کە لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ هەڵبگرێت و ئەو تایبەتمەندیانە بۆ گوێگران و فێرخوازانی موزیکی کوردی ئاشکرا بکرێت و ببێتە بناغەی تیوری. ئەوەی کە ئێمە هان دەدات لەسەر ئەم بابەتە دەستبەکار بین هەندێک پرسـیـار و سـەرنج لامـان دروست بووە، دەمانەوێت بەهۆی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە وەڵامی گونجاویان بۆ بـدۆزینـەوە. ئـایـا دەکـرێت لە چـوارچێوەی ئەم لێکۆڵنەوەیەدا، تایبەتمەندییەکانی گۆرانییەکانی ئەم کەڵە هونەرمـەندە دەسـتنیـشـان بکرێن؟ ئایا لێکۆڵینەوەیەک هەیە لەو بوارەدا کە کەسانی فێرخواز و ئەکادیمی بتوانن بچنەوە سەری و سوود لەو قـوتابخـانەیە وەربگرن؟ ئایا دەکرێت ڕێبـازەکانی ئەو قوتابخانەیە بکەینە یەکێک لە بنەمـاکـانی بەشێکی مـوزیکی کـوردی؟ ئەوەی جـێگای سـەرنجی ئێـمە بوو تائێسـتـا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی لەم جۆرەم بەرچاو نەکەوتبوو، بۆیە بیرم لەم پرۆژەیە کردەوە و هەوڵ دەدەم بەوپەڕی تواناییـەوە لەم توێژینەوەیەدا قـووڵ ببـمەوە. نابێت ئەوەش بشـارمـەوە سەرسـامیم بە دەنگی ئەو هونەرمـەندە یەکـێکە لە پاڵنەرە زۆر بەهێـزەکـانم و ئەوەندە لە گـۆرانی و مـەقامەکـانیـدا قووڵ بوومـەتەوە تا ئەو ڕادەیەی دەتوانم بڵـێم زۆربەی گـۆرانیـیـەکـانیم ئەزبەرکردووە و لە هەر کوێیەک نووزەیەکی بێت، گوێی بۆ شل دەکـەم و تا ئەوپەڕی سـەرنجم ڕادەکێـشێت و داگـیـرم دەکات!

## ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە

ئامـانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە شـیکردنەوە و ناسـاندنی تایبەتمەندییەکانی دەنگی ئەو هونەرمەندەیە و دەرخستنی توانایی چڕینی گـۆرانیـیـەکـانیـەتی لە لایەک و دەستنیشـانکردنی جۆری دەنگەکەی و دەنگەوارەکەی و ئاماژەکردن بە هەندێک وردەکاری و هۆیەکانی سەرکەوتن و بە نەمری مانەوەی ئەم هونەرمەندەیە.

## سنووری لێکۆڵینەوەکە

ئێـمـە ئەو ڕاسـتـیـیـە دەزانین دانانی سنوور بۆ هەر لێکۆڵینەوەیەک پێویستییەکی حەتمییەو لێکۆڵینەوەکە چڕوپڕتر دەکات. لە بەشەکانی تردا باسی ئەوە دەکەین کە تایەر تۆفیق لەکوێ و لە کەیەوە دەستی بە گۆرانی گوتن کردووە، ئەگەر بێتو ئێمە هەموو ئەو گۆرانییانە وەربگرین کـە چڕیونی، ئەوە لەوانەیە بکەوینە هەڵەوە و تووشی نوشـسـتی بین، لەبەر ئەوەی ئەو لە زۆر شـوێندا بۆ نموونە

یەکێک لە گۆرانییەکانی چڕیوە و تاڕادەیەک بەپێی شوێن و کات لەلایەک و ئەو ژەنیارانەی کە هەمئاهەنگیان کردووە لە لایەکی ترەوە، جیاوازییەک دەبیسترێت کە هەندێک جار یەکێکیان لەوی تر جوانتر چڕیویەتی، بۆیە ئێمە وەک کات ئەو کاتە وەردەگرین کە لە ئێزگەی کوردی بەغدا بۆ یەکەم جار دەست بەکار بووە کە سالآنی ١٩٤٥ تا سالآنی ١٩٦٣ دەگرێتەوە.

لەبەر ئەوەی ئەو گۆرانییانەی کە گوتوونی بەگشتی مۆرکی تایبەت بەشاری کۆیەیان پێوەدیارە کە بە شاری ئەدەب و هونەر ناسراوە، سنوورەکەمان لە شاری کۆیە دەهێڵینەوە و ئەو سنوورە نابەزێنین.

## زاراوەکان

چڕین: مەبەستمان (ئەدا-أداء)ی وشەی عەرەبییە، لەبری ئەو وشەیە چڕینمان پێ باشتربوو، وشەیەکی ڕەسەنی کوردییە لە ناوچەی هەورامان بەکاردێت(١).

هەمئاهەنگی: لێرەدا مەبەست لەو ژەنیارانەیە کە لەگەڵ گۆرانیبێژ لەکاتی گوتنی مەقام و بەستەکاندا موزیکی لەگەڵ دەژەنن(٢).

مەقام: ئەو بنچینەیەیە کە ئاوازی لەسەر دادەنرێت و پێکهاتووە لە حەوت دەنگی بەدوای یەکدا هاتوو، کە دەنگی هەشتەمی بۆ زیاد دەبێت (دووبارەی دەنگی یەکەمە) لە ئۆکتاڤی سەرووتردا. هەموو مەقامێک تایبەتمەندی و پێکهاتەی تایبەت بەخۆی هەیە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە- سکێڵەکانی موزیک- ناویان دەبەین(٣).

ئەدلیب adlibitum:

مەبەستمان ئەو گۆرانییە بێ ڕیتمانەیە کە بە هەمئاهەنگی ئامێرێکی موزیک دەگوترێن و هەندێک جار بەبێ موزیکیش گوتراون (٤).

### لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر

**هیچ لێکۆڵینەوەیەکی پێشووتر بەم شێوەیە ئەکادیمی و زانستییە نییە.**

## بەشی دووەم

### چوارچێوەی تیورە گشتییەکان

-باسی یەکەم- هەندێک بیروڕا لەسەر مەقاماتی ڕۆژهەڵاتی و کوردی.

- باسی دووەم - شیکردنەوەی مەقامە ڕۆژهەڵاتییەکان.

- باسی سێیەم- ڕیتمە بەکارهاتووەکان لە گۆرانییەکانی تایەر تۆفیق-دا.

-باسی چوارەم- سەرەتایەکی مێژوویی سەبارەت بە تایەر تۆفیق.

-باسی پێنجەم- ئەو سەرچاوە و هۆکارانەی کە تایەر تۆفیق- یان وەک گۆرانیبێژێک ناساند و پێگەیاند.

-باسی شەشەم- ئەو هۆکارانەی تایەر تۆفیقیان بە نەمری هێشتەوە.

-باسی حەوتەم- حاڵەتە ڕوحییەکان لە نووزەی دەنگدا.

-باسی هەشتەم- ڕەچەڵەکی مێژوویی گۆرانییەکانی (تایەر تۆفیق).

## باسی یەکەم

### هەندێک بیروڕا لەسەر مەقامە ڕۆژهەڵاتی و کوردییەکان

ئێمەی کورد بەپێی ئەوەی لەگەڵ (عەرەب و فارس و تورک) هاوسنوورین و دەکەوینە سنووری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، وەکو زۆر لە بەشەکانی تری کولتووری و ژیاریدا هاوبەشی لەنێوانماندا هەیە. بێ گومان موزیک و مەقام بەشێکی هەرە گەورەی ئەو ژیارە و کولتووری ئەم میللەتانەیە کە ئێمەی کوردیش بەشی شێرمان بەردەکەوێت، چونکە بەشێکی زۆری ناوی مەقامە ڕۆژهەڵاتییەکان ناوی کوردین و لەگەڵ ناوەڕۆکی مەقامەکان تەواو دەگونجێن و یەکانگیر دەبنەوە.

ئێمە پوختەیەکی کورت دەخەینە بەردەستی خوێنەران، لەبەر ئەوەی باسەکەمان تایبەت نییە بە لێکۆڵینەوە لەو بوارە لە لایەک و لەلایەکی تریشەوە زۆری ناوی مەقامەکان وای کردووە کە جەنجاڵییەکی بێ سوود لەتیوری موزیکی ڕۆژهەڵاتی بەگشتی و موزیکی کوردی بە تایبەت دروست بکات، زۆربەی ناوەکان بۆ هەمان مەقامی لەیەکچوو زۆرجار وای کردووە کە بابەتە سەرەکییەکەمان بیربباتەوە کە خودی بەتیورکردنی ئەو مەقامانەیە و دانانی بنەمایەکی زانستییە بۆ ئەو سکێڵ و تیتراکۆردانەی کە هەن.

پێمان وایە دروستکردنی هەندێک ناوی کوردی بۆ زاراوە موزیکییەکان و دانان و تێپەستانی بە زۆرەملێ، لەبەهای تیوری موزیک کەم دەکاتەوە لە کاتێکدا کە

خودی زاراوە موزیکییەکان ئینتەرناسیۆناڵن و لە هەموو دنیا بۆ یەک مەبەست بەکاردێن، هێنانی هەندێک ناوی نوێ و داتاشینی، بە شتی لاوەکی و بێ سوود سەرقاڵمان دەکات. هەر لەگەڵ ئەمانەشدا پێمان وایە ناوە کوردییەکان بۆ تێگەیاندنی فێرخوازی کورد لە مانای زاراوە موزیکییەکان شتێکی بەکەڵکەو مایەی دەستخۆشییە، بەڵام بۆ بەکارهێنانێکی بەردەوام لای ئێمە جێگای ڕەخنەو لەسەر وەستانە! (گۆڤاری چلاواز ژمارە "٦" نووسینێکی توێژەر لەو بوارەدا هەیە)

لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لە مەقامە کوردییەکان دەکەین کە وەک هونەرمەند عوسمان شارباژێری نووسیویەتی و دەڵێت: (باوو باپیرانمان کۆمەڵێکی زۆری مەقام کە تایبەتن بە کورد بۆیان بەجێ هێشتووین وەکو" ئەڵڵا وەیسی، ئای ئای، چوارگا، ئەوشار، دەشت، دەروێشی، هۆرە، هومایۆن، هیجران، لاوک، حیجاز کارکورد، لاوژە، ماهور، مەترانۆ، گەبر، نەهاوەند، نەوا، نیوەشەو، سێگا، سەحەر، سەفەر، عەجەم، قەتار، ڕەش بەست، ڕاست شوور، شاناز، خورشیدی، خاوکەر، خاوخۆش، خەلیلۆ، خەمەنگێز، غەمگین") (٥) هەروەها لە لاپەرە ١٤ی هەمان کتێبدا ئاماژە بە پەیژەی موزیکی کوردی دەکات و پێکهاتەکەی شی دەکاتەوە (لە پەیژەی مۆسیقای کوردیدا "٢٤" چارەکە پلە هەیە کە "٦" پلەی تەواو پێکدەهێنن بەم جۆرە. "١" دووری درێژ -گەورە- کە هەر یەکەیان لە چوار چارەکە "پلە" واتە یەک پلەی تەواو پێک هاتوون.....) (٦).

هەر لە لاپەڕە"١٥" دا باسی "بارەبوود"ی گۆرانیبێژو مەقامزانی پسپۆری تایبەت بە کەیخوسرەو دەکات و ناوی ئەو مەقامانە دەهێنێت کە ئەو بلیمەتە دایهێناون وەک مەقامەکانی (شەودێز، ئاورنگی، ئارایشی خورشید، شادڕەوان، گەنجگاو، کیینی سیاوەش"سازی نەورۆز، نازی نەورۆز"، نۆشینی بادە میهر گیان، ئارایشی جیهان، سەروستان سەروسەهی، ماهیبەر، کۆمان مەجلیسی ئەفرۆز کەیخوسرەوی، ناقوسی، نەوبەهاری، نەورەسیدە ئیمرۆز، میهرەبانی، کیینی ئیرەج، گەنجکاوس، گەنجباداوەر، تەختی تاقدیسی، !! زۆری تر) (٧).

هەر لەم کتێبەدا نموونەی چەندان شاعیری کلاسیکی کورد دەهێنێتەوە کە لە شیعرەکانیاندا ناوی مەقامەکان و سازو ئاوازی کوردی دەهێنن و بەو پێیە دەیسەلمێنێت کە کورد خاوەنی مەقام و ئاوازی تایبەت بە خۆیەتی.

ع.ج. سەگرمە لە کتێبی" لاپەڕەیەک لە بنەماکانی موزیکی کوردی" باسی ئەو بنەمایانە دەکات کە موزیکژەنانی کورد بەکاری دەهێنن (زۆربەی ئەو بنەما دیمانەییانەی کە موزیکژەنانی ئەمڕۆی کورد لە موزیکی کوردیدا بەکاریان دێنن، ئەو بنەمایانەن کە موزیکناسانی فارس و عەرەب و تورک لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بۆ موزیکی خۆیان و بەپێی موزیکی گەلەکانیان دایانڕشتوون. ئەو بنەمایانەش کە لە موزیکی ئەو گەلانەوە دەرهێنراون، بۆ موزیکی کوردی ناگونجێن) (٨)، بەڵام هۆکارێکی زانستی تەواوی بەدەستەوە نەداوە، لەبەر چی؟ هەر لە هەمان لێکۆڵینەوەدا باسی پێکهاتەی تیتراکۆردەکان دەکات و ئاماژەی بە نەشیاوی ناوی تیتراکۆردەکان داوە کە دیسان ئاماژەی بەهۆی نەشیاوییەکەی نەداوە، هەروەها گرفتێکی گەورەی دیکە، نەشیاوی زاراوەکانی چواریلەکانە..... موزیکژەنانی کوردی عیراق، ئەو زاراوانە بەکاردێنن کە موزیکناسانی عەرەب بۆ موزیکی خۆیان داناون، موزیکەژەنانی کوردی تورکیا، یان ئێران، یان سووریا زاراوەکانی ئەو گەلانەی باڵادەستە بەکاردێنن و لە ئەنجامدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، موزیکی کوردییان کردووە بە بەشێک لە موزیک و کولتووری ئەو گەلانە) (٩).

مامۆستا ع.ج. سەگرمە لە لاپەرە "٨٩"ی هەمان کتێبدا باسی بەکارهێنانی نۆتەی موزیک دەکات لە کوردستانی عیراق (لەنێو گەلی کورددا، لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە لە هەرێمی کوردستانی عیراق، بەکارهێنانی نۆتەی موزیک دەستی پێکردووە و موزیکناسان قادر دیلان و ولیەم یۆحەننا ڕۆڵی باڵایان لە بڵاوکردنەوەیدا بینیوە) (١٠)، بەڕێزیان لەم پەرەگرافە کورتەدا بەکارهێنانی نۆتەی موزیکی-بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ- بە دوو قۆناغ دەستنیشان کردووە، بەڵام لەپێش ئەم دوو قۆناغەدا قۆناغێکی تر هەیە کە ئاماژەی پێ نەداوە، ئەمە جگە لە شتێکی زۆر گرنگی تر کە لەگەڵ ناوی مامۆستایان قادر دیلان و ولیەم یۆحەننا ئاماژەی بە ناوی مامۆستا "باکووری" نەکردووە لە کۆیە کە لە ساڵانی (١٩٥٧)ەوە لەو بوارەدا دەورێکی باڵای هەبووە و کۆمەڵێک بەرنامەی جوانی لەو بوارەدا بۆ قوتابخانەکەیان داناوە کە دواتر تیپی مۆسیقای باواجی

کۆیەی لێ پێک دەهێنرێت(١١).

ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە کەسێک هەیە کە وەک سەربازی نەناسراو لە نێوەندی موزیکی کوردیدا دەوری زۆر کاریگەر و باڵای هەبووە کە دەکرێت بڵێین مامۆستایان "قادر دیلان و ولییەم یۆحەننا)ش بەپێی ئەوەی کە خەڵکی سلێمانین لەسەر دەستی ئەم سەربازە ونە فێری نۆتەی موزیکی بووبن. لە کتێبی سایەی (هەیبەسوڵتان- ڕەهبەر سەید برایم)لە لاپەڕە"١٤٢" لە ژێر ناونیشانی (لە بتهۆڤن گەلێ زیاتر بە ڕوحم ئاشنای وەڵڵا) بابەتێکی زۆر بەپێز و ساغکردنەوەیەکی زۆر شاراوەی درووژاندووە کە نووسیویەتی (لەو بەهرەوەرانەی کۆیە کە یەکەم کەس نۆتەی مۆسیقای هێناوەتە ناو مۆسیقای کوردی و یەکەم کەس مۆسیقاو ئاوازی ڕۆژئاوایی هێناوەتە ناو مۆسیقای کوردی و یەکەم کەس ئۆپەرێتی هێناوەتە ناو هونەری کوردی، پیاوی دیارو ناودارو ئەفسەرو کەسایەتی بەهەشتی" عەبدول واحید حاجی ئاغای مستەفایە" کە لەساڵی ١٨٩٨ لە کۆیە لەدایک بووە)(١٢)، هەروەها زیاتر بەقووڵایی ساغکردنەوەکەدا دەچێت و دەنووسێت (بەردی بناغەی مۆسیقای لەسلێمانی داناوە، مامۆستا "کەمال ڕەئووف" لە ڕوژنامەی ئاسۆ بە نووسین ئەو ڕاستییەی سەلماندووە، لە ڕۆژنامەی ژیان ژمارە ٣٢ ساڵی یەک ٩ی ئەیلوولی ١٩٢٦ نووسیویەتی: نائیب زابتی فەوجی چوارەم، جەنابی واحید ئەفەندی کوڕی ئاغا مستەفا، خەڵکی کۆیسنجق کە لەباندووی مەلیکیدا موعەلیمی مۆزیقە بووە، ئەمە ساڵێکە ١٩٢٥ مەجانەن بە تەلەبەی مەکتەب دەرسی فەننی مۆزیقا تەدریس ئەکا، تەشویق و تەئمینی ئەم زابتە بووە باعیسی جەسارەتی هێنانی ئەم باندووە، مۆزیقەی بە غیرەتێکی بێ میسالەوە تەعەهودی فەرمووە هەتا لێرە بێ هەروا بە مەجانی تەعلیمی مۆزیقە بە تەلەبە بکا، هەیئەتی موعەلمین و تەلەبە بە کەمالی حورمەت ئەم زاتە حەمیدو مەندەو سنعەتکارە تەقدیم ئەهالی موحتەرەم دەکات) (١٣).

هەروەها "دکتۆر ئەوڕەحمان میرزا عەبدوڵڵا" لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی (یەکەم تیپی گۆرانی و یەکەم تیپی مۆزیقە لە سلێمانی کاک عەبدولواحید نائیب زابتێکی کوردی کۆیە مەردانەو بە دڵ و بە گیان کەوتە ئیشکردن، خۆی و مامۆستاکان و چەند قوتابییەکیان هەڵبژارد فێری مۆزیقەمان بکەن و تیپی مۆزیقای لێ پێکبهێنن) (١٤).

هەروەها هونەرمەندی نەمر "ڕەفیق چالاک" دەڵێت (خوالێخۆش بوو کاک عەبدولواحید یەکەم کەس بوو کە نۆتەی مۆسیقای هێنایە ناو مۆسیقای کوردییەوە و لە ڕێگای ئەمەوە مۆسیقای هاوچەرخ لە کوردستاندا دەستی پێکردو ئێمە هەموو قەرزاری ئەم مامۆستایەین)(١٥).

لێرەدا بەپێویستم زانی ئەم ڕاستییە ڕوونتر بکەمەوە، چونکە لە ساغکردنەوەی تیوری موزیکیدا وەک شتێکی حەتمی پێویستمان بە نۆتەی موزیک و نووسین و خوێندنەوەی دەبێت لەلایەک و لە لایەکی تریشەوە با ئێمەی کورد بزانین کە قۆناغی لەپێشتر هەنکە لەپێش ئەو قۆناغانەی "ع.ج. سەگرمە" باسی لێوە کردووە.

(زۆری و بۆری ناوی پلە دەنگییەکانی مۆسیقا بەگشتی و پەیژەکانی مۆسیقا بەتایبەتی، کاریگەرییەکی خراپی لەسەر ڕەوتی پێشکەوتنی ئاستی هونەری ئاواز و مۆسیقا هەیە)(١٦). لەم پۆلێنکردنەدا "سەلاح ڕەووف" زۆر بە وردی پەیژەکانی موزیکی شی کردووەتەوە و چووەتە نێو بابەتەکانییەوە کە بە پێویستم نەزانی لێرەدا دووبارەیان بکەمەوە و دواتر هۆکارەکەشی دەنووسین.

لە کتێبی (دليل سلالم المقامات العربية)دا زیاتر لە پەنجا مەقامی سەرەکی و لاوەکی شی کراونەتەوە، ئەو مەقامانەش هەمووی بە مەقامی عەرەبی دەزانێت، بۆیە لە کتێبەکەیدا پرسیاری ئاراستەی چەندان شارەزاو مامۆستای مەقاماتی عەرەب کردووە بۆ ئەوەی بتوانن ناوی ئەو مەقامانە بگۆڕن کە ناوەکانیان عەرەبی نییە (١٧). کە دڵنیام چەندان هەوڵی لەو بابەتە پێشووتریش هەبوون و هەر دەشمێنێت، مەبەستیش تەنیا گۆڕینی ناوی مەقامە کوردییەکانە!

لە کتێبی (نظريات الموسيقى العربية) بە شێوازێکی ڕوون و جوان ناوی "٢٤" مەقامی نووسیوە و شیکردنەوە بۆ هەریەکەیان دەکات بەم شێوەیەش پێناسەی شیکردنەوەی مەقام دەکات (کرداری شیکردنەوەی مەقام بریتییە لە ڕوونکردنەوەی ڕەگەز و گرێیەکان کە پەیکەری مەقامی لێ پێکدێت، ڕەگەز لە چوار پلەی دەنگی پێکدێت- هەندێک جار لە سێ پلەی دەنگی پێکدێت، بەڵام گرێ لە پێنج پلەی دەنگی پێکدێت، لەکاتی شیکردنەوەیشدا مەقام لە دوو ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت کە پەیکەری مەقامەکە پێکدەهێنن، هەروەها لە پێکهاتەی مەقامدا هەندێک ڕەگەزی لاوەکی تێدایە کە

دوا تۆنی ڕەگەزی یەکەم دەبێتە دەستپێکی ڕەگەزی دووەم کە ئەمەش شێوەیەکی لێک جیابووەوە وەردەگرێت، واتە میانەیەک دەکەوێتە نێوانیان. لە کرداری شیکردنەوەکەدا ڕەگەزە سەرەکییەکان لە کاتی چوونەسەردا دیاری دەکرێن و ڕەگەزە لاوەکییەکانیش لە کاتی هاتنەخوارەوەدا دەستنیشان دەکەین)(١٨)، بۆیە ئەم پێناسەیە وەک خۆی دەنووسینەوە، لەبەر ئەوەی پێمان باش بوو ئێمەش بۆ شیکاری ئەو مەقامانەی کە تایەر تۆفیق بەکاری هێناون هەمان ڕێبازی شیکردنەوە دەگرینەبەر کە پێمان ڕوونتر و ئاسانترە.

لەنێو ئەو جەنجاڵی و سەرقاڵی و ئەو هەموو ناوانە پێویستە خۆمان ڕزگار بکەین و خۆمان نەکەین بە زمانەوان، یان کەسێکی دروستکاری ناوی نوێ بۆ پەیژەی موزیکی و کۆمەڵێک شتی لاوەکی، دەبێت ئێمە بگەڕێینەوە سەر بنەڕەتی بابەتەکە کە ئامادەکردنی تیورەکانە بە ئاسانترین و کەمناوترین شێوە.

### باسی دووەم
### شیکردنەوەی مەقامە ڕۆژهەڵاتییەکان

ئەو هۆکارانە بوون وایان کرد ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ناوی تۆنە ڕۆژهەڵاتییەکان پشتگوێ بخەین لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە ناوی مەقامە لاوەکییەکان بەکار ناهێنین، لەبەر ئەوەی تەنیا سەرمان قاڵ دەکەن و هیچ زیادەیەک ناخەنە سەر باس و مەبەستەکەی ئێمە.پێمان وایە هەبوونی ئەو هەموو لق و ناوانە بۆ یەک مەقام و لە بنەڕەتیشدا هەر یەک مەقامە، ئەوە کێشەی ساغنەبوونەوەی مەقامە ڕۆژهەڵاتییەکانە و زۆرێک لە مامۆستایان و شارەزایان هەست بەم ڕاستییە دەکەن و کاتێک دێتە سەر ئەنجامدانی تیوری پراکتیکی ناتوانن خۆیان لەو ناوانە دەرباز بکەن و هەمان کێشە دەهێننەوە ناو تیورەکە، هەرچەندە بۆ ساغکردنەوەی تیوری مەقامەکان پێویستیمان بە کۆنگرەیەکی سەرتاسەری دەبێت، ئەم بابەتەی تێدا یەکلایی بکرێتەوە.

لەم بابەتەماندا دەگەڕێینەوە سەر ئەو سەرچاوەیەی کە ئێمە پێمان باشەو کارمان لەسەر کردووە، دەگەڕێینەوە سەر ئەو ڕێسایەی کە" پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر محەمەد زازا " بناغەی بۆ داناوە و پێم وایە تا ئێستا ئەوە ساناترین و پراکتیکیترین ڕێگایە بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی مەقامەکان (سکێڵە شەرقییەکان) کە لە دووتوێی نامیلکەیەکی بچووکدا باسی دەکات و شی دەکاتەوە.

مەقامەکان بۆ "٩"مەقامی سەرەکی کورت دەکرێنەوە و دەکرێن بە دوو"٢" کۆمەڵەی سەرەکییەوە.

**یەکەم:** ئەو مەقامانەی کە چارەگە تۆنیان بەردەکەوێت و بریتین لە مەقامەکانی" ڕاست، بەیات، سەبا، سێگاه – هوزامیش دەگرێتەوە.

**دووەم:** ئەو مەقامانەی کە چارەگە تۆنیان بەرناکەوێت و میانەکانیان تەنیا نیشانەکانی "دێز و بیمۆڵ "وەردەگرن و بریتین لە مەقامەکانی"عەجەم، نەهاوەند، کورد، حیجاز، نواسر- نەگریز"

شێوازی کارپێکردنی ئەم تیورە بەم شێوەیە دەستنیشان دەکرێت:

أ- هەموو مەقامەکانی تر لە لایەنی پێکهاتەی سکێڵەکەیەوە وا دابنرێت کە مەقامی (لێکدراو- مرکب)ن بەپێی پێکهاتەی ڕەگەز و گرێیەکان.

ب- ڕێگا والآیە بۆ دروستکردنی هەر مەقامێکی تری لێکدراو و ناوی لێ بنرێت بەهۆی پێکهاتەی ڕەگەزی ژێرەوە و پێکهاتەی ڕەگەزی سەرەوەی مەقامەکە. چینەکەشی بەپێی ناوی تۆنی بنچینە، یان تۆنی دەست پێکردن و جێگیربوون دەستنیشان دەکرێت. بۆ نموونە ڕاست لەسەر سۆل، بەیات لەسەر لا....تاد

ج- گواستنەوەی هەموو ئەو شتانەی پێوەندییان بە مۆرکی مەقامەکەوە هەیە و شێوازی چوونە سەرەوە و هاتنەخوارەوە لە مەقامەکەدا"مەبەست وەرگرتنی نیشانە لاوەکییەکانە" تەرکیز بکرێتە سەر مامەڵەکردن لەگەڵ بەشە جیاکانی مەقامەکە.

میانەی نێوان تۆنەکانیش بە چارەکە تۆن دەستنیشان دەکرێت، هەروەک لە هەندێک سەرچاوەی تریشدا هەمان دەستنیشان کردن هەیە.

بۆ بنیادنانی سکێڵی مەقامەکان ڕەگەزەکان بەکاردەهێنین، ئەمەش بە کۆکردنەوەی ڕەگەزەکان لەگەڵ یەکتری، کە دەکرێت ناوی بنێین کۆگەی موزیکی.

کۆکردنەوەی ئەم ڕەگەزانەش بەسەر یەکترییەوە بە سێ شێواز دەبێت:

١- کۆکردنەوەی لێک جیا:

٢- کۆکردنەوەی بەستراو:

٣- کۆکردنەوەی بەیەکداچوو:

پاش ئەوەی ئەو پێکهاتە و کۆکردنەوانە فێردەبین و

دەیانناسین، بەهۆی ڕەگەز و گرێیەکانەوە، دەتوانین ئەو سکێڵانە دروست بکەین کە مەبەستمانەو دواتر دەتوانین (وێناکردنەوە)ی مەقامەکان بکەین بۆ سەر ئەو تۆنانەی کە مەبەستمانە و بۆ سەر ئەو تۆنەی کە خۆمان دەمانەوێت. (گواستنەوە - Transport)

لەنێو هەموو جۆر و بەشەکانی مەقامەکاندا مەقامی سێگاە تایبەتمەندی خۆی هەیە و داوای ئەوەمان لێ دەکات کە گرنگی پێ بدەین. بنیاتنانی ڕەگەزو گرێیەکانی سەرەوە لەم جۆرەی مەقامدا لە پلەی سێیەمی ڕەگەزی (سێگاە)ـەوە دەبێت کە لەسەر پلەی سێیەم دەتوانین ئەم ڕەگەزانە بنیات بنێین: "حیجاز، بەیات، نەهاوەند، عەجەم، سەبا..... و چەندانی تر. دواتر تەواو دروستکردنی مەقامەکە بەهۆی میانەیەک، یان دوو میانەی تر بەپێی پێویست.

**تێبینی:** لەبەر هۆکاری هونەری و تەکنیکی گۆڤارەکە ئەم بەشەی کە بە نۆتە شی کراوەتەوە لە لێکۆڵینەوەکە لابراوە.

## ڕیتمە بەکارهاتووەکان لە گۆرانییەکانی تایەر تۆفیق-دا:

ڕیتم (کێش-ئیقاع): چەند ترپەیەکی(١٩) بەدوای یەکدا هاتووە و یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکی و گرنگەکانی موزیک. ڕاگرتنی زەمەنی موزیکی لە ئەستۆی ڕیتمدایە. لە پێکهاتەی ڕیتمدا ترپەی بەهێز (دم) و ترپەی بێ هێز (تەک) هەیە کە هەریەکەیان بەپێی ئەرکی خۆی دەکەوێتە شوێنی مەبەست لە باڕی موزیکیدا. نیشانەی وەستان (ئێس-سەکتە) یەکێکە لە پێکهاتەکانی ڕیتم و دەکەوێتە شوێنی پشوودان لە مابەینی هەندێک لە (دم و تەک)ـەکان.

## باسی چوارەم
## سەرەتایەکی مێژوویی سەبارەت بە تایەر تۆفیق

بۆ ئەوەی بتوانین لە بەرهەمەکانی مامۆستای گۆرانیبێژ (تایەر تۆفیق) بگەین پێویستە بنەماو سەرەتای دەستپێکردنی لە هونەرەکەی تێ بگەین، بۆ ئەوەی بتوانین قووڵتر بەناو بەرهەمەکانیدا گوزەربکەین و لە شیکارەکانماندا ئەو خاڵانە لەبەر چاو بگرین کە ڕەنگدانەوەیان بەسەر هونەرەکەیدا هەبووە، بۆیە پێمان وایە سەرەتای دەستپێکردنی ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەو پلەی خوێندەواری و زۆر شتی تر پێویستییەکی گرنگی ئەم تێزە دەبێت، هەرچەندە من نامەوێت بە شێوەیەکی تەقلیدی بچمە ناو ئەم بابەتانەوە و مێژووی بەسەرهات و لەدایک بوون و کۆمەڵێک شتی تر دووبارە باس بکەینەوەو تەنیا بە شان و باڵدا هەڵگوتن بن، هەروەک زۆربەی ئەو بەرهەمانەی دەیانبینین جگە لەو باسو خواسانە شتێکی ئەوتۆ نابینین کە لە ڕووی ئەکادیمییەوە شایەنی بەرهەمە بەرز و بەپێزەکانی بێت، گومانیش لەوەدا نییە کە هەر مرۆڤێک کۆمەڵێک شتی شاراوە و نهێنی هەیە کەسانی تر نایانزانن و درکیان پێ نەکردووە و بە شاراوەیی ماونەتەوە و دەمێننەوە، هەرچەندە کەسانی شارەزا لە هونەردا لە ڕێگای هونەری ئەو کەسانەوە ئاماژە بە کۆمەڵێک لەو نهێنییانە دەکەن و بەڵگەی بۆ دەهێننەوە، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دیسان بە گومانەوە سەیریان دەکرێت و زۆرجار شتی یەقینمان دەست ناکەوێت، جیا لەوەش ئێمە نامانەوێت بچینە ناو هەندێک وردەکاری ژیانییەوە کە پێوەندی و ڕەنگدانەوەی بەسەر هونەری (چڕین)و دەنگ هەڵبڕینی ئەو زاتەوە نییە.

بە نووسینی خۆی بەم شێوەیە ئاماژە بە ناو و مێژووی لە دایکبوونی خۆی دەکات و دەنووسێت (من ناوم تایەر کوڕی تۆفیق کوڕی ئاوڕەحمانی کوڕی حەمەدی شێخانییە، لە ساڵی (١٩٢٢) لە گەڕەکی (بەفری قەندی) شاری کۆیە لە ساڵی (تەیاران) لە دایک بووم (لە ساڵی (١٩٢٩) باوکم بردمی بۆ سوختەخانەی (مەلای ڕەش) لەوێ خوێندنی قورئانی پیرۆز و گوڵستان و بوستانم تەواو کرد)(٢٠). لە ساڵی (١٩٣٢) چوومە قوتابخانەی سەرەتایی یەکەمی کۆیە(٢١).

لە ساڵی (١٩٣٩) هەرزەکار بووە دەستی بە گۆرانی گوتن کردووە و شیعری زۆربەی شاعیرە کلاسیکەکانی لە گۆرانییەکانیدا بەکارهێناوە و هەر لەو ساڵەشدا تا ساڵی (١٩٤٠) بەشداری کۆڕو کۆبوونەوە و خوێندنەوەکانی مەولوودی پێغەمبەر دەبێت، کە ئەوساکە ئەو دانیشتن و کۆبوونەوانە باویان هەبوو (تایەر تۆفیق)ی نەمر لە قۆناغی سەرەتایی بوو کە مامۆستا (سەعید فەهیم حەویزی) ئاوازی مەقامەکەی (لە باغان ئاهو ناڵین دێ)ی بۆ دانا کە شیعری (وەفایی) و (ئاواز و مەقامی چوارگایە) (مام تۆفیقی باوکی لە هەموو کەس زیاتر حەزی لێ دەکرد)، هەروەها مامۆستا (سابیر

ئیسماعیل) شیعری (یادگار و هیوا) و (شیرین بەهارە)ی لە ساڵی (١٩٣٥) بۆ نووسیوەتەوە (محەمەد تۆفیق وردی نووسیویەتی کە تایەر تۆفیق هاوڕێی بووە و لە پۆلی دووەمی سەرەتاییەوە دەستی بە گۆرانی گوتن کردووە)(٢٢).

لە گەرمەی شەڕی دووەمی جیهانی ساڵی (١٩٤٣) لە قۆناغی ناوەندی لەبەر گرانی واز لە خوێندن دەهێنێت و دەبێتە کرێکار لە شارەوانی کۆیە(٢٣) (تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە، بۆ ئەو سەردەمە زۆر بووە، بەڵام تایەر تۆفیق ماوەیەک پاکەوان - کەنناس- بووە، سەردەمێکیش ئوتووچییەتی کردووە، هەر خاوەنی کەسایەتی و نەفس بەرز بووە(٢٤).

### سەرەتای دەستپێکردنی هونەری تایەر تۆفیق لەگەڵ گرووپی موزیک و ئیزگەی بەغدا

دوای ئەوەی تایەر تۆفیق لە سنووری کۆیە وەک یەکێک لە گۆرانیبێژەکانی ئەو شارە بوونی خۆی دەسەلمێنێت و دەناسرێت، بەهۆی ئەوەی کە خاوەن کەسایەتییەکی بەرز و ڕۆشنبیر و مێشک و دەروون کراوە بووە، زیاتر لە گۆرانیبێژەکانی ئەو سەردەمە، بە تایبەت ناوچەی کۆیە، هەستی بەوە کردووە دەبێت ئەو دەنگە ئەو سنوورانە ببڕێت و لە دەرەوەی ئەو سنوورەشدا خەڵک گوێ لەو دەنگ و ئاوازانە بگرن کە لەو سەردەمەدا برەوی باشیان بە هونەری موزیک و ئاوازی کوردی داوە.

لە دوای بڕانەوەی جەنگی دووەمی جیهانی، دەچێتە بەغداو بەهۆی ناسیاوێکی (سەمەدی حاجی مەحموودی بەننا) دەچێتە ئێستگەی ڕادیۆی بەغدا بەشی کوردی بە مووچەی هەفتانەی دوو دینار دادەمەزرێت و هەفتەی نیو سەعات ئاهەنگێکی گۆرانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تیپی مۆسیقای ئێستگەی کوردی پێشکەش دەکات، بەڵام لە سەرچاوەیەکی تردا ئاماژە بەوە کراوە و نووسراوە (کاتێک کە بەشی کوردی لە ئێستگەی بەغدا لە (١٩٣٩/٢/١٢) کەوتەکار هونەرمەند تایەر تۆفیق دەستی کردە بڵاوکردنەوەی گۆرانییەکانی، کە بریتی بوون لە (لە گوڵێ لە سورە گوڵێ، کراس زەردێ)(٢٥).

لە سەرچاوەیەکی تر نووسراوە لە ساڵی (١٩٤٦)دا چووەتە ئێستگە قەت خۆی نەدۆڕاندووە و پەرەی بە هونەرەکەی داوە(٢٦) ئەوەی دووەمیان بۆ دەستبەکاربوونی مامۆستا تایەر ناکرێ مێژووەکەی ڕاست بێت، چونکە ئەو مێژووە بە دامەزراندنی یەکەم ئێزگەی کوردی دادەنرێت(١)، هەروەها بەپێی ئەو نووسینەی مامۆستا باکووری (ئینجا مامۆستا عەلی مەردان - دەچێتە بەغدا بۆ ئێزگە ئەو یەکەم کوردیش دەبێ کە لەو ئێزگەیە مەقام بخوێنێ کە مەقامی (ئای ئای) بووە، کە ئەوەش لەنێوان ساڵانی (١٩٤١ - ١٩٤٢) بووە(٢٧).

بەپێی ئەوەی کە مامۆستا عەلی مەردان یەکەم کەس بووە و ئەویش لە ساڵەکانی (١٩٤١- ١٩٤٢) بووبێت، کەواتە مێژووی چوونی مامۆستا تایەر بۆ ئێزگە (١٩٣٩) بە هەڵە تۆمار کراوە و دەکرێت نووسەر مەبەستێکی تری لەم مێژووە هەبووبێت.

بۆ ئەوەی سێیەمیش (١٩٤٦) پێم وایە لە یەکێک لە کتێبەکان مامۆستا تایەر تۆفیق خۆی باسی چوونی خۆی بۆ ئێزگە دەکات و بە ساڵی (١٩٤٥) دەستنیشانی دەکات. بە پێویستم زانی ئەم مێژووە وەک خۆی ساغ بکەمەوە، چونکە بەڕاستی دەکرێت ئەمەیان دەستپێکردنی سەرەتایەکی هونەری ڕاستەقینە و پراکتیکی مامۆستا تایەر بێت کە لێرەوە دەروازەی گشت دنیا بە سەر هونەرەکەیدا دەکاتەوە و لە ڕێگای ڕادیۆوە دەنگی دەگاتە زۆر شوێن کە دەکرێت سەرەتای ناسینێکی گشتگیر بووبێت بۆ ئەو.

### باسی پێنجەم

### ئەو سەرچاوە و هۆکارانەی کە (تایەر تۆفیق)یان وەک گۆرانیبێژێک ناساند و پێگەیاند

لە دوای ئێزگەی کوردی بەغدا کە سەرچاوەیەکی گرنگی ناساندنی بوو. پێش ئەوەی ئێمە بێینە سەر سەرچاوەی ناساندن و پەروەردەکردنی ئەو کەڵە هونەرمەندە، دەبێت هەڵوەستەیەک بکەین و بزانین سەرچاوەی دەنگخۆشییەکەی لە کوێوە سەری هەڵداوە و سەرچاوەی گرتووە (تایەر تۆفیق دەنگخۆشییەکەی لە دایک و بابی بۆ ماوەتەوە) مام تۆفیق دەنگی خۆش و نەغمەدار بووە، دایکی (یا عیسمەت دەنگی هێندە خۆش و سۆزدار بووە سەردولکە و لاواندنەوەی گوتووە، جۆشو خرۆشی بەرپا کردووە)(٢٨)

ئەمەیان سەرچاوەیەکی زگماکەو خۆرسک تێیدا ڕواوە لە دوای ئەو هەروەک ئەوەی لە پێشەوە باسمان کردووە،

ئەو مامۆستایەی کە یەکەم ئاوازی (لە باغان ئاھ و ناڵین دێ)ی بۆ داناوە (مامۆستا سەعید فەھیم حەوێزی) (٢٩) و دواتریش گرنگیدانی ئەو مامۆستایە (سابیر ئیسماعیل) کە شیعرەکانی بۆ دەنووسێتەوە، دواتر کە لە تەمەنی گەنجیدا دەچێتە کۆڕ و کۆبوونەوەکان کە ئەو سەردەمە لە کۆیە شتێکی باو بووە. دیارە ئەو مێژووە دێرینەی ھونەری دەنگبێژی و شیعر خوێندنەوەی لە کۆیە ھەبوو و لە زۆر لە سەرچاوەکان باسی ئەو مێژووە دەکرێت و دیوەخانی (ئەمین ئاغای ئەختەر) قوتابخانەیەکی گەورەی ئەو بوارە بووە و ھونەر و داھێنانەکانی لەو کۆشک و سەرایەوە ھاتنە بوون، دەماو دەم دەگەن بە تایەر تۆفیق و ھەمنشینانی کۆبوونەوەکان لە کۆیە.

ئێزگەی ڕادیۆی کوردی بەغدا گرنگییەکی زۆر گەورەی ھەیە لە ناساندن و پێگەیاندنی ھونەری تایەر تۆفیق و خۆشی ھەستی بەو گرنگییە کردووە، بۆیە لەگەڵ بوونی زۆر گرفت و کێشەش بەردەوام بووە لە کارەکانی لەو ئێزگەیەدا ئەم ئێزگەیە گۆرانییەکانی تایەر تۆفیقی لە سنوورێکی تەسکەوە بۆ سنوورێکی فراوانتر پەخش کردووە، گوێگری بۆ پەیدا کرد لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە گۆرانییەکانی لە مەجلیسی ناو ژوورە داخراوەکان و دیوەخان و ناو ڕەز و چیاکانەوە بردە ناو گرووپێکی موزیکی ڕێکخراو و ڕێتمدار، ئەگەرچی گرووپەکە بۆ ئەمڕۆ بە گرووپێکی موزیکی ناکامل وەسف دەکرێت، بەڵام بۆ ئەو سەردەمە گرنگی و بایەخی خۆی ھەبووە، ھەرچەندە ژەنیارەکانی کورد نین و مۆرکی موزیکەکەشیان لە چاو دەنگی گۆرانبێژانی کورد جیایە. یەکەم گۆرانیش کە لە ئێستگەی کوردی بڵاوی دەکاتەوە مەقامی (حجاز - نیوەشەو) (لە گوڕێ لە سورە گوڕێ) و لەگەڵ بەستەی (کراس زەردێ) بوون کە ھەردووکیان ھۆنراوەی فۆلکلۆرین (٣٠)

ھاتنە دەرەوەی دەنگی (تایەر تۆفیق) لەو بازنەیە بە ھۆی ئێزگەی کوردی بەغدا گرنگی خۆی ھەیە، بەڵام ئەوەی کە گرنگییەکی بێ وێنەی ھەیە تۆمار کردنی ئەو بەرھەمانەیە کە بە ئەمڕۆی ئێمەی گەیاند و ئێستا ئێمە و نەوەی نوێ و نەوەی داھاتووش بەھۆی ئەو تۆمار کردنانەوە دەنگە بە سۆزەکەی تایەر تۆفیق دەبیستین، پێم وایە گرنگییەکەی لە گرنگی ئێزگەی کوردی بەغدا کەمتر نییە، چونکە ئەوە بووەتە ھۆی ئەوەی بە بەردەوامی عاشقانی دەنگی تایەر تۆفیق بتوانن گوێ لە گۆرانییەکانی بگرن، ئەمەشیان بەڵگە نەویستە کە گوێگرتنی بەردەوام لە ھەر جۆرە مۆسیقا و گۆرانییەک خۆشەویستی و عەشقێکی قووڵتر لە ناخی گوێگر دروست دەکات.

یەکەم کەسێک کە ئەم کارەی کردبێت و مۆسیقای کوردی قەرزاری بێت (محەمەد عەبدوڵڵا چایچی - ناسراو بە حەمە گەمحان) ئەو ئەرکەی بێ بەرانبەر لە ئەستۆ گرتووە، کە ھاوڕێیەکی گیانی بە گیانی تایەر تۆفیق بووە (٣١).

پاراستنی ئەو دەنگ و سەدایە بۆ زەمەنێکی دوورودرێژو گەیشتنی بە ئەمڕۆ شتێکی گرنگ و کەم وێنەیە، بە تایبەت کە ئەوسا بێ بەرانبەر بڵاوی کردووەتەوە و دۆست و برادەرانی لێ بێ بەش نەکردووە. ئەم زاتە بە ئەمەک و وەفایە (حەمە گەمحان) جگە لە تۆمارکردنی بەرھەمەکانی ئێزگەی ڕادیۆی بەغدا، چەندان بەرھەمی بۆ ئەو ھونەرمەندە بەرزە تۆمارکردووە کە لەسەر گیرفانی خۆی چەندان دانیشتن و جەوی لەگەڵ برادەرانی بۆ خوڵقاندووە و تۆمارکردنی دەنگیشی لە ئەستۆی خۆی گرتووە، ھەروەھا پێویستە لە دوای ئەم زاتە ئەرک و ماندووبوون و شەونخوونی خانەوادەی بەڕێز (محەمەدی کەبابچی) لەبیر نەکەین کە ھەمان ئەرکی (حەمە گەمحان)یان بینیوە و ئەرشیفێکی پڕترو داڕێژراوتریان بۆ ئەم کەڵە ھونەرمەندە دروست کردووە و بەرھەمەکانیان لە فەوتان ڕزگار کردووە و ڕیزبەندییەکی جوانیشیان پێداوە، دیسان ئەمانیش ھەر بێ بەرانبەر و لەسەر گیرفان و باخەڵی خۆیان ئەو ئەرکە پیرۆزەیان لە ئەستۆ گرتووە، ئەمانە ھەموویان نیشانەی ئەمەک و وەفان بۆ ئەو ھونەرمەندە و ئەوپەڕی دڵسۆزییە بۆ گۆرانی و موزیکی کوردی کە پێم وایە پێویستە خەڵاتێکی گەورەی ھونەری بکرێن، شایەنی باسە لەم ئەرشیفە بێ وێنەدا کە ھی (حەمە گەمحان و ئەمیر کەبابچی و جیھانبەخش محەمەد کەبابچی)ین، چەندان بەرھەمی ئەو دەنگبێژە نەمرەی تێدایە کە تا ئێستا جگە لە خۆیان کەس گوێبیستیان نەبووە، کە پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری کەمتەرخەمی نەکات لە بەدەستھێنانیان بە ھەر جۆر و نرخێک بێت.

لایەنێکی گرنگی تر کە تایەر تۆفیق درکی پێ کردووە و لە ژیانی ھونەری خۆیدا بۆ بەرھەمەکانی بە پێویستی زانیوە و کاری جددی بۆ کردووە بە کتێب کردنی

بەرهەمەکانیەتی خستوویەتییە سەر پەڕەی کاغەز لە دووتوێی کتێبی بچووک و مام ناوەندی، هەر لەو بوارەشدا چەندین بیروبۆچوونی جوانی خۆی سەبارەت بە هونەر و زەرووڕەتی ئەم بەشە گرنگەی هونەری گۆرانی گوتن و موزیک و بانگەشەی پاراستنی کولتوور و کەلەپووری کوردی و بە ئەکادیمی کردنی موزیک و گۆرانی کوردی تێدا بەیان کردووە، ئەمە جیا لەوەی بەرهەمەکانی خۆی بە شێوەیەکی جوان و ڕەوان تێدا بەرجستە کردووە و بۆ نەوەی ئەمڕۆی کردووەتە دیاری کە بە شێوەیەکی بەرچاو عاشقانی دەنگ و چریکەی ئەو بە جوانی و ئاسانی سوودی لێوەردەگرن، بە پێویستم زانی ناوی کتێبە چاپکراوەکانی بنووسمەوە بۆ ئەوەی خوێنەری ئەم بابەتە بتوانێت بۆ بەدواداچوون و دەسکەوتنی زانیاری لە بارەی چاپکراوەکانی ئەو هونەرمەندە، ئەگەرچی بە پێویستی دەزانم دەزگایەک، یان هەر لایەنێک هەموو ئەم بەرهەمانە لە دووتوێی یەک کتێبدا لە شێوازێکی نوێ و سەردەمیانەدا چاپ بکات.

**ناوی کتێبە چاپکراوەکانی بە پێی ڕیزبەندی ساڵەکانی:**

١- چەپکە گوڵ (١٩٥٤)
٢- ئاوازی بە سۆز (١٩٥٥)
٣- گۆرانی و هەڵپەڕکێ (١٩٦٧)
٤- گۆرانی و ژیان (١٩٧٣)
٥- ئاوازی بە جۆش (١٩٧٨)
٦- گوڵی سەربەستی (١٩٨٣)

ئەم بەرهەمانەش دیسان لایەنێکی تری بەرەو پێشەوەچوون و ناساندنی (تایەر تۆفیق)ـە لە ناو خوێندەوار و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان.

**باسی شەشەم**

*** ئەو هۆکارانەی تایەر تۆفیقیان بە نەمری هێشتەوە**

ئەوەی کە هونەرمەند بە نەمری دەهێڵێتەوە تەنیا هونەرەکەیەتی. تایەر تۆفیق یەکێکە لەو دەیان هونەرمەندەی کە تا ئێستا و پێم وایە دواتریش هەر بە نەمری دەمێنێتەوە و لێکۆڵینەوەی گرنگی لەبارەی هونەرەکەیەوە بۆ دەکرێت، چونکە ئەو خاوەنی گەنجینەیەکی لە بن نەهاتووی داهێنانە. بێ گومان هۆکاری زۆر هەن کە هونەرەکەیان بەرز ڕاگرتووە و وای کردووە بەهای هونەریی بەرهەمەکانی جێگیر بکات، لێرەدا پێویستە هیچ لایەنێکم بیر نەچێت و فەرامۆشی نەکەم ئەگەر بە کورتیش بێت، دەمەوێت بپرژێمە سەر هەموو لایەنەکانی، بە تایبەت ئەوانەی کە گرنگن. ئەو هۆکارانەش هەندێکیان ڕاستەوخۆن و هەشیانە نا ڕاستەوخۆن، بەڵام دیسان هەردووکیان هەر پەیوەستن بە خودی هونەرمەند خۆیەوە. لێرەدا نامەوێت خوێنەر بەوە سەرقاڵ بکەم کە بە ناوی ئەو سەرچاوانەی کە باس لەو هۆکارانەی دەکەن جگە لە هەندێک شت نەبێت کە دەقاو دەق وەریاندەگرم و پێویستە مافی کەسانی تریش نەخۆین. دەنگخۆشی دایک و باوکی تایەر تۆفیق دەکرێت هۆکارێکی ناڕاستەوخۆ بێت کە سۆز و دەنگی ئەوان لە باکگراوندی عەقڵی ئەودا کاریگەری لەسەر پەروەردەکردنی چێژو زاخاوی ئەودا هەبێت و ژینگەی ماڵەوەیان (کە لەوانەیە هەندێک جار گۆرانی تێدا گوترابێت) ئەو کاریگەرییە بەجێ دەهێڵێت.

لەگەڵ نەبوونی و دەستکورتیشیاندا باوکی (تۆفیقە درێژ) لەو سەردەمەدا کوڕەکەی (تایەر تۆفیق) دەنێرێتە سوختەخانە و دواتر قوتابخانە، ئەمەشیان دیسان کراوەیی هزرو بۆچوونی ئەو خانەوادەیە (باوکی بە تایبەت) پیشان دەدات، خوێندەواری تایەر تۆفیق یەکێکە لە کۆڵەگە هەرە بە هێزەکانی سەرکەوتن و بەرەو پێشەوەچوونی هونەرەکەی و تەنانەت خۆیشی. هەر ئەم خوێندەوارییەشی کە توانایی ئەوەی پێ دەبەخشێت هەندێک جار شیعر بۆ گۆرانییەکانی بنووسێت (ئەگەرچی ئاستی شیعرەکانیش زۆر بەرز نەبن)، بەڵام دیسان وای کردووە لە کاتی پێویستدا بۆ تێکستێک دۆش دانەمێنێت و کاری ئەو ئاوازانە جێبەجێ بکات کە خۆی دایناون. هەرچەندە کاری ئاواز دانانەکەی لەسەر هیچ بنەمایەکی تیوری و زانستی نەبووە جگە لە بەهرەیەکی خۆڕسک، بەڵام ئەمڕۆ دەتوانرێت لە ڕووی تیوری و ئەکادیمییەوە لێکۆڵینەوەی ورد و تێروتەسەلی بۆ بکرێت، تەنانەت سەرەداوی هەندێک تیوریش دەست بخات و جێگیریان بکات (کە دواتر لە بەشەکانی تردا باسیان دەکەین) ئەگەر بێتو دیسان هەر درێژە بەو ژینگەیە بدەین کە لێی پەروەردە بووە و ئەو بازنەیە گەورەتر بکەینەوە، ئەوە کۆیە و کۆڕو مەجلیسەکانی و دانیشتنی شەوانە و مەولوود و بووک گواستنەوە و شایی و هونەر دۆستی و شیعر پەروەری خەڵکی ئەو شارە هۆکارێکی تری بەهێزی

ئەو پەروەردەیەن، کە تێیدا گۆش دەبێت و زۆر لایەنی سوودبەخشی بۆ ئەو دەستەبەر کردووە، چونکە هەموو ئاماژەکانی ئەوە دەردەخەن کە تایەر تۆفیق لە وەرگرتن و لاسایی کردنەوەدا کەسێکی کارامەو لێهاتوو بووە و زۆرجار ئەوەی کە وەری گرتووە کارامەیی و لێهاتوویی خۆی خستووەتە سەر و جوانترو دانسقەتری کردووە، هەرچەندە ئەو ئاوازانەی کە خۆی دایناون (بە تایبەت ئاوازە کێشدارەکانی - بەستە) ئاوازی سادە و ساکارن، بەڵام لە هەندێکیاندا قووڵایی بەدی دەکرێت و هەست پێ دەکرێت کە کەسێکی کارامە ئاوازەکانی داناوە.

ڕۆشنبیری هونەرمەندەکەمان (تایەر تۆفیق) لەوەدا زۆر بە جوانی دەردەکەوێت کە لە هەڵبژاردنی شیعرەکانیدا کارامە و لێهاتوو بووە و ئەو شیعرانەی هەڵبژاردووە کە لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵگەو هزرو بۆچوونی خەڵکدا بە تەواوی یەکانگیر دەبێتەوە و مانای قووڵی شیعر و درێژتەمەنی و گشتگیری شیعرەکان لە دیاردە هەرە دیارەکانی شیعرە هەڵبژێردراوەکانیەتی، ئەوە جیا لەوەی کــە لە زۆر جــێگادا بە نووسین و بە گـــوتە باس لە ڕۆشنبیــری ئەو زاتە کراوە کە لە ئاستــە بەرزەکانــدا دەنرخێنرێت.

باری فسیۆلۆژی و پێکهاتەی قوڕگ و ژێیەکانی دەنگ شتێکی سروشتییە و لە دەستی خوددا نییە، بەڵام پەروەردەکردنی ئەو بەشەیان پێوەندی بە خودی کەسەکەوە هەیە و ڕاهێنان و پەروەردەکـــردنی تا ڕادەیەکی زۆر لە دەستی هونەرمەند خۆیەتی. جیا لە پەروەردەکردنی خودی کەسەکە پێویستە پێکهاتەی سنگ پان و فراوانی لە بەرچاو بگرین کە مرۆڤ دەکەن بە خاوەن هەناسەیەکی قووڵ و درێژ و فراوانی دەم و لووت، دیسان پێوەندی ناڕاستەوخۆی بە بواری هەناسەدان و وەرگرتنەوە هەیە، ئەمەش جگە لەوەی کە پێوەندی ناڕاستەوخۆی بەژێیەکانی قوڕگەوە هەیە، سەبارەت بە گۆرانی گوتن پێکهاتەی دەم و لێو و مەلاشووی چاک بەشێکی تری ئەو بارە بایۆلۆژییەن، کە وای کردووە لە دەربڕینی وشەدا پڕ بە پێستی وشەکان دانپێدانانی بۆ بکات و گوێگر بە تەواوی و بێ هەڵە لە وشەکان بگات (هەرچەندە لێرەدا ڕاستەوخۆ بە جۆری ئاوازەکە ئەو پێوەندییە بە وشەکانەوە گرێ دەداتەوە) ئەمە جگە لەوە کە خۆی کابرایەکی قسەزان و نوکتەباز و ناتق بووە. کە جگە لە پیتی (ڕ) (ڕای قەڵەو)دا نەبێت کەمێک لەسەر زاردا قورس بۆی هاتووە و تەواو دانی پێدا نەناوە، بە تایبەت ئەو کاتانەی سەرخۆشە. خەیاڵ فراوانی و ئارام گرتنی ئەو لە بەرجەستەکردنی ئاوازەکاندا کە پشوویەکی درێژو ئارامییەکی تەواو زۆربەی ئاوازەکانی دەگرنەوە (بە تایبەت لە ئاوازە بێ ڕیتمەکانی) کە ئەمەیان هۆکارێکی گرنگی بە قووڵداچوونە بە ناخی وشە و ئاواز بەیەکەوە و توانەوەی وشەیە لە باوەشی ئاوازدا بە تەواوی هەستی پێ دەکرێت، ئەم هۆکارەش کە وای کردووە لە گوتنی ئەدلیبدا ئەوەی بە هەڵە پێی دەگوترێت مەقام، زۆر کارامە و لێهاتوو دەرکەوێت و پێناسەیەکی گەورە بۆ خۆی دەستەبەر بکات کە دەگوترێت (مامۆستا تایەر تۆفیق) ئا لێرەدایە کە تەواوی موزیسیاران و گۆرانیبێژان لەقەبی (مامۆستا)یەتی و (هونەرمەندی گەورەی کورد) بە تایەر تۆفیق ڕەوا دەبینن.

بەرزی و گەورەیی (عیزەتی نەفسی)ی ئەو هونەرمەندە کە ئەو سەردەمە شتێکی زۆر لە بەرچاوگیراو بووە، لەگەڵ کوردپەروەری و هەڵوێستی مرۆڤانەی ئەو زاتە دیسان خاڵێکی تری سەرکەوتن و بەنەمری هێشتنەوەیەتی و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە بەرچاو بووە و پاڵپشتی تەواوی چینی هەژاران و لێقەوماوان بووە. هەر لەبەر ئەو هەڵوێست و عیزەتی نەفسەیەتی کە لێرەدا ناسنامەی (هونەرمەندی گەل)ی لە لایەن گەلەوە پێدەبەخشرێت.

لە وانەیە هۆکاری شاراوەی تر هەبن کە تا ئێستا ئێمە پێمان نەزانیبێت و بە زیاتر بە قووڵ داچوون بە ناو دنیای ئەو هونەرمەندەدا زۆر کەلەبەری تر ئاشکرا دەکات و دەمانگەیەنێتە ئەنجامی وردتر، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوە زیاتر هەڵناگرێت و ئێمە تەنیا مەبەستمان لایەنە ئەکادیمییەکەیەتی و ئەوەی کە باسیشمان کرد سەرەتایەکی تێرە بۆ پێکانی مەبەستەکەمان و چوونە ناو دنیای ڕاست و پاکی ئەم هونەرمەندە، بۆیە لەوە زیاتر نامانەوێت لەناویدا ورد بینەوە.

## باسی حەوتەم
## حاڵەتە ڕوحییەکان لە نووزەی دەنگدا

حاڵەتە ڕوحییەکان چەندان پێناسەی جیای هەیە، هەر لە فەلسەفە و ئایین و دەروونزانی و (زانستی دەروونی) ئێستێتیکا، تەنانەت قوتابخانە هونەرییەکانیش.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئێستێتیکای دەنگە کە لە دیوی ناوەوەی هونەری چڕین (گۆرانی گوتن)دا، پەیوەستە بە ڕوح و حاڵەتە ڕوحییەکان لەگەڵ خۆیدا تەبا دەکات و نهێنییە شاراوەکانی ڕوح ئاشکرا دەکات کە نەبینراون و باسکردنی بە قسەو شیکردنەوەی بە نووسین دەبێتە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆر لە ماهییەت و بوونی خۆی لەدەست بدات.

تایەر تۆفیق زۆر بە جوانی ئەو حاڵەتە ڕوحیانەی تێدا هەست پێ دەکرێت کاتێک بە تەنیایە و گۆرانی دەڵێت و شتێکی وردتر نییە سەرقاڵی بکات، ئەو کاتانە قووڵ دەبێتەوە کە چاوەکانی دادەخات و دەچێتە ناو دنیای خۆی جگە لە (چڕین) و چریکە هیچ شتێکی تر لە هزریدا ئامادەیی نییە. ئەمەیان بە گشتی، زۆر بە جوانی لە چوارینەکانی خەیام (کە سێ بەشەو ئەمیر کەبابچی تۆماری کردووە) هەستی پێ دەکرێت، جیا لەوەش لە هەندێک گۆرانی بێ ڕیتمدا کە لەسەر شێوەی (Adlib) ئەدلیب دەگوترێن، ئەو کاتانەی کە تەواو قووڵ دەبێتەوە زیاتر ئەو کاتانەیە کە ڕیتمێکی چەسپاو لە گۆرانییەکەدا نییە، بۆیە هەندێک جار دەرچوون لە ڕیتمدا (ئەگەرچی بە شێوەیەکی کەم کەمە) لە گۆرانییەکانی دەبیسترێت و هەستی پێ دەکرێت. ئەوەی کە زۆرجار ئەو حاڵەتە ڕوحییەی لێ دەپچڕێنیت و دەرەکی دەکاتەوە، بوونی کامێرای ڤیدیۆییە کاتێک گۆرانی دەڵێت، بۆیە جووڵەی دەست و لەشولاری بە گشتی لە زۆربەی شوێنەکاندا جووڵەیەکی تەبا نییە لەگەڵ ڕیتمی گۆرانییەکەدا، هەرچەندە ئەو کاتانەی کە تۆمارکردنی دەنگ و ڕەنگ بە یەکەوەیە لە جووڵەکانیدا باشترە، بەڵام ئەو کاتانەی کە دۆبلاژی بۆ کراوە و خۆی بە زیندوویی (لە جێی خۆیدا) گۆرانی نەگوتووە جگە لە جووڵەیەکی ناڕێک و ناتەبای لەشولاری بە گشتی و دەستەکانی و سەری بە تایبەت جووڵەی دەم و لیوێشی تەواو نییە و هەندێک جار لەگەڵ تێکستی گۆرانییەکەش یەکانگیر نابێتەوە و هەڵە دەکات، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەو ئەگەر لە حاڵەتی خۆیدا نەبووبێت و گۆرانی بۆ خودی خۆی نەگوتبێت، ئەو حاڵەتە ڕوحییە لە دەست دەدات و دەبێتە گۆرانیبێژێکی دەستکرد نەک خۆکرد. ئەوەی کە جێگەی سەرنج و ئاماژەیە لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شتێکی لە بارەی زانستی مۆزیکییەوە نەزانیوە بە شێوەیەکی خۆڕسک ئەوپەڕی دینامیکییەت لە دەنگیدا بەکار دەهێنێت و ئاماژەیەکی باشیشە بۆ ورد بوونەوە لەو حاڵەتە ڕوحیانەی کە لە بەرهەمەکانیدا دەردەکەون.

## باسی هەشتەم
## ڕەچەڵەکی مێژوویی گۆرانییەکانی (تایەر تۆفیق)

ئەو شارەی کە هونەرمەند (تایەر تۆفیق) لێی لە دایک بووە بە شاری هونەر و ئەدەب ناوزەد دەکرێت و ژمارەیەکی زۆریش لە ئەدیب و هونەرمەند لەو شارەدا پەیدابوون کە جێگەی شانازی و سەربڵندین بۆ خەڵکی ئەم شارە، چونکە خەڵکی هونەرمەند و ئەدیبی وایان تێدا هەڵکەوتووە جێگەیان لەناو هونەر و ئەدەبی نەتەوەیی کورددا دیارە و لە بەرەوپێشەوە بردنی ئەم بزاڤەدا جێگەی سەرنج و لێوردبوونەوەن، بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی شاری کۆیەوە، کە هەر لە کۆندا چەندین کاروانسەرا و دیوەخان و تەکیەی تێدا هەبووە، خەڵکێکی زۆر بۆ کاری بازرگانی و دابینکردنی ژیانی ڕۆژانەیان ڕوویان لەم شارە کردووە (کۆیە پێگەیەکی جوگرافی گرنگی لەسەر ئاستی عیراق و کوردستاندا هەیە)(٣٢)

کۆبوونەوەی ئەو هەموو خەڵکە لە یەک کاتدا لەو شارە و مانەوەیان بە چەندین شەو، بۆتە هۆی ئەوەی چەندین کولتووری جیا لە یەک کاتدا کۆببنەوە و ئاڵوگۆڕی بیروڕاو بۆ چوونەکانیان بکەن، بێ گومان گۆرانی بەشێکی زیندووی کولتووری نەتەوەییمانە، هەر لە بەسەربردنی کات و ئارامکردنەوەی ڕوح لە هیلاکی و ماندووبوونی ڕۆژانەی ڕێگەوبان، کۆیەی گۆرانی گوتن و شیعر و چیرۆک خوێندنەوە لەوپەڕی گەرمی و برەودا بووە. مانەوە و تێکەڵاوبوونی ئەو هەموو گۆرانییە جۆراو جۆرە لە یەک کاتدا و سەرسامی و باری سەرنجی کەسانی میوان، لە کۆیە و وەرگرتنی گۆرانییەکانی ئەم شارە و بردنەوەیان بۆ ناوچە جیا جیاکان و بە هەمان شێوەی پێچەوانەوە، هێنانی گۆرانی نوێ بۆ کۆیە، بووەتە هۆی ئەوەی گۆرانی ڕەسەن لەم شارە لە دایک بێت و دەماودەم بۆ نەوەکانی دوای خۆی هەڵبگرێت و بیڵێنەوە، (خظر کوبی مەری کویسنجقلی کە خاوەنی کتێبی (الاذکار لآمام النووي)یە لە ساڵی (١٣٧٤ ز) واتە پێش زیاتر لە (٦٠٠) ساڵ لەمەوبەر باسی لە هونەری مۆسیقا کردووە کە هەموو دەزانین مۆسیقا لە ژینگەیەک دێتە

بەرهەم کـە گـەورە بێت و لە ڕووی زانسـتی و داراییـەوە گـەشـەدار بێت، ئەمـەش بەڵگەی گـەورەیی و بوونی شارستانیەتە لەم شارە)(٣٣)

کـۆیە چەندان بلیـمـەتی گـۆرانی تێـدا هەبووە و ئەو ڕێچکە ڕەسـەن و ناوازەیان پاراسـتووە کە دیوەخانەکەی (ئەمین ئاغـا ئەخـتـەر)ی شـاعـیـر گـەورەترین پێگەو سەرچاوەی پێگەیاندنی ئەو مەقامزانە بلیمەتانە بووە، کە لە (حاجی محەمەد عەلی - حاجیە گەورە) سەرچاوە دەگرێت کە مەقامزانێکی بێ وێنە بووە، ئینجا هەر لەو سەردەمەدا و دواتر چەندین گۆرانیبێژ و مەقامزانی تر پەیدا دەبن وەک (حـاجی قـادری پەڕەکـەر، عـەبەی چایەچی، ڕەفیق چارچاو، مەڕیێن، حەنیلە خڕە، سێوە، نەشئـەت ئاغـا، سـمـایلە خڕە، مـەلا ئەسـعـەد، فـەقێ محەمەد، عەلی سەمەنێ، ئەمینی سەمەنێ، ئەحمەدی حـەمـە مـەلا، مـحـەمـەد ئەمین عـەباس، و باقی سەرتاش)(٣٤)

(تا جـارێکی تر لەگـەڵ تایەر تۆفـیق، ئەم خوێندنگەیە لەسەر دەستی ئەو مەقامبێژە هەڵکەوتووە تەقیبەوە و ئەم جارە بە هەموو کوردستان بڵێسەی داوە)(٣٥)

(دیارە لە سـەردەمی دێریندا چەندین مـەقـامـبـێـژ کـە سەرقافڵەکەیان ئەمین ئاغای ئەختەر و مەڕیێن و حەنیلە خـڕە و مـەلا ئەسـعـەد و خـاڵـە سێـوە و چەندانی تـر، بە تایبەت تاهیر تۆفیق کە خۆی قوتابخانەیەکی گۆرانی و سروودی کـوردی بووە)(٣٦) ئەو شـارە کـە لانکەی ئەو بوارە بووە لە هونەری گۆرانی گوتندا، تایەر تۆفیق لەوێدا بەهرەو توانسـتی چڕینی مەقام و گۆرانییەکانی پەروەردە دەکات و قـوتابخـانـەکەی خـۆی پـێ دەوڵەمەند دەکـات. دیسـان بیـری فـراوانی ڕۆشنبـیـری ئەو دەیگەیەنێـتـە ئەو بۆچوونەی کە بەرهەمی قوتابخانەکەی بە هۆی ڕاگەیاندن و تۆمـار کـردنەوە بگـەیەنێـتـە دەرەوەی ئەو سنوورەی کـە تێـیـدا پەروەردە دەبێت و بە گـوێی هەمـوو گـوێگرێکی کوردی ئاشنا بکات.

**پەراوێزەکان:**

**١-بروانە: جـەلیل عـەباسی-قـەقنەس- (هەورامـان و هونەر)، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧ هەولێر، چاپخانەی دارا.**

**٢- س.پ.**

**٣-حبيب ظاهر العباس، نظريات الموسيقى العربية، ص ٢٩، معهد الدراسات النغمية العراقي، ١٩٨٥ بغداد.**

**4- Markus Fritsch, Arrangiren,Seite 15, Regnes burg in Freiburg 2002**

**٥- عـوسـمـان شـارباژێری، لێـدوانێکی کـورت لە مـەقـام و مۆسیقای کورد، لا ١٠، ساڵی ١٩٧٢ سلێمانی.**

**٦- س.پ.لا ١٤**

**٧- س.پ.لا ١٦**

**٨- ع.ج. سەگرمە، لاپەڕەیەک لە بنەماکانی موزیکی کوردی، لا٧٩، ساڵی٢٠٠٣**

**٩- س.پ. لا ٨٠**

**١٠- س.پ، لا ٨٩**

**١١- باکوری، تەمەنێک، بەشی دووەم، ٢٠٠٨ هەولێر، بروانە لا٣٥-٤٦، دەزگای ئاراس**

**١٢- ڕەهبـەر سـەید برایم، سـایەی هەیبـەسـوڵتـان، لا١٤٣، ٢٠٠٨ چاپخانەی بینایی سلێمانی**

**١٣- س.پ. لا ١٤٤**

**١٤- س.پ. لا ١٤٤**

**١٥- س.پ. لا١٤٤**

**١٦- سەلاح ڕەووف، پۆلێنکردنی فۆرم و پەیژەکانی مۆسیقای کوردی، لا ١٢، ساڵی ٢٠٠٩.**

**١٧- بروانە دليل سلالم المقامات العربية، سالم حسين الأمير، ساڵی ١٩٨٦، دارالحرية للطباعة- بغداد**

**١٨- طاهر حبيب، نظريات الموسيقى العربية، لا ٢٩، ساڵی ١٩٨٦، دارالحرية للطباعة- بغداد**

**19- Markus Fritsch, Arrangiren,Seite 15, Regnes burg in Freiburg 2002**

**٢٠- گـوڵی سـەربەسـتی لا(١٢) ئەمـینداریەتی گـشـتی ڕۆشنبیری و لاوان تایەر تۆفیق (١٩٨٣)**

**٢١- ژیان و بەسـەرهات و هەندێ گـۆرانی هونەرمـەندی نەمـر تایەر تۆفیق، حوسێن حاجی قادر (٢٠٠٢)، چاپی یەکەم**

**٢٢- ژیان و بەسەرهات**

**٢٣- سایەی هەیبە سوڵتان (ڕەهبەر سەید برایم).**

**٢٤- س.پ**

**٢٥- کۆیە (١٩١٨ - ١٩٥٨)، جەمال فەتحوڵلا**

**٢٦- سایەی هەیبە سوڵتان**

**٢٧- باکـوری، ئێـزگـە، لا ٥٠، هەولێـر ٢٠٠٩ چاپخـانەی شەهاب هەولێر**

**٢٨- سایەی هەیبە سوڵتان - ل (١٤٦)**

**٢٩- ژیان و بەسەرهات - ل (١٤)**

**٣٠- ژیان و بەسەرهات - ل (١٨)**

**٣١- س. پ بروانە - ل (٢٧)**

**٣٢- کۆیە - جەمال فەتحوڵلا - ل (٢٣١)**

**٣٣- ئەختەر - سەلاح شێخ شەرەف - ل (٢٥)**

**٣٤- س.پ. سەلاح شێخ شەرەف - ل (٢٥)**

**٣٥- کۆیە- جەمال فەتحوڵلا - ل (١٤٣)**

**٣٦- کۆیە- جەمال فەتحوڵلا لا١٤١**

# (خالید ڕەسووڵ) لەنێوان بەخششی دوێنێ و ئەزموونە هونەرییەکانی ئەمڕۆیدا

وەهبی ڕەسووڵ
(سلێمانی)

ئێمە زۆر درەنگ لە بەها و پێگەی ئەو ئەرکە هونەرییانە تێگەیشتین کە هاوشانییەکی کارا و کاریگەری پرۆسێسی ئەفراندنی هونەری و تین و تەوژم بەخشن بە بزاوتی هونەریی قۆناغێک، یان چەند قۆناغێکی هونەرییان دەکەن و کردوویانە. ئەوە ئەو ئەرکە هونەرییانەیە کە لە ئەمڕۆی جیهانی هونەریماندا بە ڕێکخەر، یان گەلێک ناو و ناوونیشانی تری هەستیاری هونەریی ناوزەد دەکرێن و بزاڤی هونەری بەبێ ئامادەیی و هەڵسووڕانی ئەم تواناییانە ناتوانێ بوونی جددیانەی هەبێت، یان بەردەوامی و بالآیی بەخۆی بدات. ڕۆژگارێکی هونەرییانەی وا کە کەم نەبوون، (خالید ڕەسووڵ)ی هونەرمەند ڕۆڵی ئەو ڕێکخەر و هاندەرە هونەرییەی تێدا گێڕا و گێڕاوە، هەر بۆیە زێدەڕۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین، هونەرمەند (جەمال بەختیار) هونەرمەندی تاقانەی چالاکییەکانی ساڵانی شەست و حەفتاکانی سلێمانی بووبێت، ئەوە بێ گومان کە هونەرمەند (خالید ڕەسووڵ) هونەرمەندێکی پڕ چالاکی هەمەچەشنەی کۆتایی حەفتاکان و ساڵانی هەشتاکان بوو، ئەو چاوگێک بوو لە دڵسۆزی و خۆشەویستی بۆ هونەر (هونەری شێوەکاری - نیگارکێشان) بەتایبەتی و ڕۆشنبیری بەگشتی. هەوڵ و چالاکییەکانی ئەو بۆ کەسانێک کە ئاگاداری ئەو بوون و هاوکاتی بەدیهێنانی خواست و خزمەتکردنەکانی بوون، ڕووناک و باڵا دیارن و زۆر بەباشی ڕاستی مێژوویەکی وەها پڕ بەخشش و بەخشینی بێ چاوەڕوانی پاداشت دەسەلمێنن.

کەم نەبوون ژمارەی ئەو خوێندکارانەی لەبەر دەستی ئەودا فێری وانەکانی هونەر و خۆشەویستی بەخشین بەهونەر بوون، گەلێک بوون ئەو شانۆگەریانەی ئەو جێدەستی ڕەنگینی خۆی لە دیکۆر و پۆستەر بۆکردنیاندا




نەخشـــاند، زۆرن ئەو دەســـتنووس و ئاســـەوارە هونەری و ئەدەبی و مـێــژوویـیـــە پڕ بەهایانەی لەژێرســـایەی خـــەمـــخـــۆری ئەودا پارێزران و پارێزراون، خـــــەروارێکن پڕ بـەرەکـــــەت ئەو ئەرشـیـڤـانەی لە سـەرجـەم بوارەکـانی کـولتـووری نەتەوەییماندا، فریایان کەوت و تۆماری کردن و پاراستنی. چاوپێکەوتنەکانی لەتەک زانایان و هونەرمەندان و ئەدیبان و کەڵەڕۆشنبیرانی کورد لە سەدەی پێشوودا، لەمیانی بەشی ئەرشیڤی بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری ئەو دەمەو کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان و دواجار کۆمەڵەی کەلەپووری کوردی، گەواهی ئەو ماندووبوون و ئەرکە مێژووییە پیرۆزە دەدەن کە ئەو لە ئەستۆی گرتن. ئەمانە گشتی تا دەگاتە کاری هاوبەش لەدامەزراندنی گەلەری زامۆ و ڕێکخستنی چەندین پرۆسەی هونەری و کار و نمایشی هونەریی بە گرووپ. هاوشانی ئەمانەش نووسین لەبواری هونەری و بواری جیاجیای تر و پەخشان و شیعریشدا.

پێ بەپێی ئەمانە بەردەوامی کارکردن لە بواری خودی نیگارکێشان خۆیدا، بەرەنجامی کارێکی زۆری پێوانە بچووکی نزیک لەکاری میناتۆری، بە مەرەکەبی چینی و چا، لە ساڵانی حەفتادا خەڵاتی میدالیای قوتری عێراقی پێ بەخشرا، کە خەڵاتێک بوو بەهەند وەرگیراو بۆ ئەو سەردەمە.

هەر لە کۆتایی ئەو ساڵانەدا بوو کارێکی هونەری ئۆپتیکەڵی ئەنجام دا،کە ئەوە کارێک بوو زۆر لە پێش، بۆ سەردەم و پێگەی خۆی. ئەمڕۆ لە دوای شارەزابوون و گەڕان لە سارای ئەو تەوژمە هونەرییانەدا کە پۆست مۆدێرنە لە خانەی هونەرە بینەییەکاندا ئاراستەی ئامادەبوونێکی کارایان دەکات، کە هونەری ئۆپتیکەڵ (Optical Art) یەکێکە لەوان، ژێدەری هونەریی ئەو ستایلە کارکردنەمان بۆ دەردەکەوێت.

هەر سەرەتاکانی ئەو، هاوشان بوون بە کارکردنی هونەرییانەی ڕەنگی ئاوی، کارکردن بە تەکنیکی ئەم ڕەنگە بۆ کات و سەردەمی کارکردنی ئەو لە دوادوایی ساڵانی حەفتا و سەرەتای ساڵانی هەشتا کارکردنێک بوو دوورەدەست، کە کەمتر نیگارکێشەکانی هاوتەمەنی ئەو، خۆیان لە سنووری دەدا، بەتایبەت ئەگەر ئەو تەکنیکە کارکردنە لە ساڵگارێکی توێژینەوەی ئەکادیمیانەوە سەرچاوەی نەگرتبێت، بەداخەوە زۆرێک لەو کارە هونەرییانە تۆمارنەکران و نەماونەتەوە، (هەندێکیان بە وێنەی ڕەش و سپی تۆمارکراون کە ئەم تۆمارکردنەش ناتوانێت مافی خوێندنەوەیەکی تەکنیکی بەم جۆرە شێوازە کارکردنە بدات) تا ئێستا وەک نموونە گەلێکی زیندووی ئەو بەرەنجامانە ئاماژەی بە بەڵگەبوونی پێ بدەین. پشتێنەی ئەم تەکنیکە کارکردنەی هونەرمەندیش بۆ کاریگەرییەکانی کارکردنی هونەرمەند (لالە عەبدە) دەگەڕێتەوە کە تا ناوەڕاستی ساڵانی حەفتا بەنزیک بوونی پەروەردەی هونەرییانەی کاریگەری تایبەتی خۆی لەسەر بەجێ هێشتبوو.

هەرچەندە زێدی ڕەسەنی ڕیتمی کارکردنی ئەو، بە کارە ڕەش و سپییەکانی خۆ دەناسێنن، کارگەلێک کە هەڵگری پەیامێکی ڕاپۆرتگەرایانەی سیاسی و نەتەوەیین و لە ڕۆژگاری بەدیهێنان و نمایشکردنیاندا ڕۆڵی کاریگەر و دیاری خۆیان لە کارتێداکردن و ئاراستەکردنی ئەو دوو میانەی ڕۆژگارێکی کۆمەڵگەکەماندا گێڕاوە، ئەمە نەک هەر لای (خالید ڕەسووڵ)ی هونەرمەند، بەڵکو لای کۆمەڵێ لە هونەرمەندانی هاوەڵی هونەری و تەمەنی ئەودا ئامادەیی هەبووە، جا لە شار بووبێتن، یان لە شاخ، گوتاری ئەم کارە هونەرییانە، کە زۆر جاران خۆ لە سنووری تەکنیکی و بەجێهێنانی پۆستەر دەدەن، کە پێداویستییەکی گوزارشتگەرا وەها هێناونیەتە بوون، ڕووی دەمیان لە بەشێکی فراوانی جەماوەرە و پرۆسێسی چێژوەرگرتنیان زیاتر خۆ لە خوێندنەوەی بنیادی واتاییاندا کۆ دەکاتەوە و دەنوێنێ و بەرجەستە دەکات. دەستەی هونەرمەندانی ئەم ماوە و سەمتە کارکردنە، کەمتر قووڵ بوونەوەیان لە بنیادی تەکنیکی و ئیستێتیکی بە هەموو ڕەهەندییەکانییەوە، لە



کارکردنیاندا کردبووە ئامانج، بە هۆکاری هەژموونی کاریگەری و کارایی وتن و گەیاندنی پەیامی واتایی. هونەرمەند هەر لە بەردەوامی ئەم ڕیتمە کارکردنەدا بوو، لە دوای ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەوە ـ دوای چوونە دەرەوەی بەرەو هەندەران ـ بەکۆمەڵێ کاری هونەریی تر، خستنەسەرێکی نوێی بەو ڕێزە کارکردنە بەخشی. کە تێیاندا هەست بە گێڕانەوەیەکی دیار و بە ئاگایانەی گرنگیدان بەلایەنی تەکنیکی و ستایلی کارکردن دەدات و هەڵکشان و باڵاکردنێکی تەکنیکی وەهای پێ دەبەخشێ کە دەتوانین لە کاراترین پێگە کارکردنی تەکنیکی هونەریی هونەرمەند ناوزەدی بکەین، کە پێوەندی و پەیوەستییەکی توندوتۆڵ، بە پێشینەی کارکردنی هونەرییانەی هونەرمەندەوەی تێدا بەدی هاتووە، بەڵام بەردەوام نەبوون لەسەر ئەو هێڵە کارکردنە و خولیای ئەزموون کردن و خواستی گۆڕانکاری (ئەگەر بتوانین ئەمانە بکەینە هۆکاری بوونی حاڵەتێکی وا) لێناگەڕێن ڕێچکەگرتنی ئەو ستایلە کارکردنە بە مەبەست و ئامانجە هونەرییە باڵاکانی وەک جیایی و تاکگەرایی و بنیادنانی کەسێتی تایبەتی هونەری و ڕەنگە هی تریش، بگەن. (ئەمانە سەرباری بڵاوبوونەوەی توانایی و وزەی هونەرمەند بە ئاراستەی جیاجیادا، بەرەنجامی دڵسۆزی و خەمخۆری هەمەلایەنەی هونەرمەندن، تا ئەو دەمانەی لەنێو وڵات بوو).

خولیای ئەزموون کردنەکانی ئەمێستای هونەرمەند، کە بەرەنجامی بوونی چەند پرۆژەیەکی تایبەت سەرچاوەیان گرتووە و وەک پێشوەخت خاوەن خەسڵەت و سیستمی تایبەت بە خۆیانن، کە بوونی پرۆژە و سیستمی کارکردنی وەها، لەگەڵ خواستی ئەزموونگەری و گۆڕانکاری هونەرمەنددا تەبایە، ئەم ئەزموونانە ئەزموونگەلێکن پێکهاتوو لەجەستەی تەکنیکێکی وەک تەکنیکی (قوتووی چینی)، کە نووسەری ناسراو (ماریۆ بارگاس یۆسا) وەها پێناسەی دەکات : (تەکنیکی قوتووی چینی بنیادنانی چیرۆکێکە، کە چەندین چیرۆک لەو چیرۆکە سەرەکییەوە، ئاراستە وەردەگرن)، خودی ئەم تەکنیکەش، ئەگەر هەڵگری پرۆسێسێکی دینامیکی نەبێت، لە پراکتیزەکردن و بردنە پێشەوەی دەقی دایکدا، ئەوە مانا و بەهای سیحرئامێزی خۆی، لە ئەفراندنی دەقە بەدوایەکدا خەملێوەکانی دواتری خۆیدا، لەدەست دەدات و دەقە بەدیهاتووەکان نابنە زادەی کاراییەکی زیندوو، لە جەستەی کۆبنیادی دەقی بنەڕەتی.

لەم کایەیەدا ئەم تەکنیکە، کە بنەمایەکی بەرایی پرۆسێسی دەقئاوێزانی (textulity)یە، ئەمڕۆ وەک سیستمێکی میکانیکی، توانایی پەیوەستبوون لە پەخشی کۆدە یەکانگیر و ڕێزە بەستووەکاندا لە دەست دەدات.

لە دوا ئەزموونە هونەرییەکانی هونەرمەند (خالید ڕەسووڵ) سێ پرۆژەیە کە هەرسێکیان بە هاوبەشی و هاوشانی هونەرمەندی هۆڵەندی دیارو ناسراو (خیرهارد ڤیرکیرک ـ GerardVerkerke)ە کە هەڵگر و زادەی ئەم تەکنیکەن، لە میانی پرۆسەی سێ نمایشی هونەریدا، بەناوونیشانی (van ginder enhier) واتە لێرەو لەوێ، کە مەبەست لە هۆڵەندە و دەرەوەی هۆڵەندەیە وەک ئامادەبوونەوە و لێکدانی دوو کولتووری جیاواز.

پرۆژەی یەکەم (کۆچ): کە لە ڕێکەوتی (٢٠٠٨/٦/٢٠) لە بینای دامەزراوەی(Roc) لە شاری (خوس) نمایش کرا، لەسەر چەمکی (کۆچ)ە، دیالۆگێکی بەرایی نێوان خودی هەردوو هونەرمەندە، نمایشەکە بە پێشکەشکردنی مۆسیقای (not James Dean) سەرەتا دەگرێت و دەستپێکی ئەزموونەکە بە تابلۆی (ماسییەکان)ی هونەرمەند خالید ڕەسووڵ سەرچاوە دەگرێت کە کۆچ دەکەن، (گیرهارد)ی هونەرمەندیش حەوت جار (کە ئاماژەیە بۆ حەوت ڕۆژەکەی هەفتە) ماسییەکانی لەنێو حەوت چوارچێوەی

ڕەشدا، لەسەر تەختە، دروست کردۆتەوە. بۆ ڕۆژی یەکشەممەش، دوو ماسی لە زیخی ورد و بەنرخی ناو دەریاکان، بە مۆزاییکی، بە جیا دروست کردووە. لە بەردەوامی ئەم دیالۆگە شێوەکارییەدا، خالید ڕەسوڵ، دوو تابلۆی تری لەسەر ڕیتمی فۆرم و ڕەنگی ماسییەکانی (گیرهارد)ی هونەرمەند، بەرجەستەکردۆتەوە کە بۆ نیشتیمان دەگەڕێنەوە. هاوکاتی ئەم نمایشە (CD) یەک بەردەوام - بە دەنگی هەردوو هونەرمەند - ڕۆژەکانی هەفتە بە کوردی و هۆڵەندی دەڵێتەوە، لەگەڵ خوێندنەوەی پەخشانێک - کە هونەرمەند نووسیویەتی - تێکەڵ بەباکگراوندێکی دەنگی شەپۆلەکانی دەریا و پارچە مۆسیقایەکی کامکارەکان، ئەمەش بەخشینی خەسڵەتی بە(شوێنکاتی) کردنی دەقی بینەیی و لێکدانی ژانری جیاوازە لە یەکەیەکی دەقی هونەریدا، ئەمە سەرباری ئەوەی ئەو دەقە پەخشانییەی هونەرمەند، لە کۆنتێکستی ئەم سیستەمە کارکردنەدا،گوزارشتە لە (وتن) و لێکدانیەتی لەگەڵ بنیادی (وێنە)دا. ئەم لێکدانە (وتن و وێنە)ییە هاوشانی ئەو خەسڵەتانەی ئاماژەمان بۆ کردن، سەرجەم خەسڵەتگەلێکن لە نەخشەی هەیکەلی هونەرێکی پۆست مۆدێرنەدا.

پرۆژەی دووەم (ئازادی): لە هەمان بینای دامەزراوەی ئەو شارە و لە مانگی ئەیلوولی ساڵی (٢٠٠٩)دا ئەنجام دراوە، پرۆژەی دووەم، جیاواز لەوەی پێشوو، بۆ چوار گرووپ سازکراوە کە هەر گرووپێک هونەرمەندێکی دەرەوەی هۆڵەندای لە خۆگرتووە، لەتەک هونەرمەندانی هۆڵەندیدا، کە ئەوانیش هونەرمەندانێک بوون لە نەتەوەکانی (کورد، مەکدۆنی، بەلچیکی و ئەڵمانی). ژمارەی کەسایەتی بەشداربوو لە پێکهێنانی دەقێکی خاوەن تاکە گوتارێکی هاوبەش، زیاتری کردووە بۆ چوار کەسایەتی (خالید ڕەسوڵ/ هونەرمەند، خیرارد ڤێرکێرکە/ هونەرمەندی کەرەستەی جیاواز لە کاری هاوچەرخدا، مارتاین لینزڵ/ نیگارکێش، خوس مۆڵدەرس/ شاعیر و نووسەر)، چەمکی (ئازادی) خولگەی سەنتەری ئەم کۆنسێپتەیە. هونەرمەند بە کێشانی یەکەی چوار باڵندە لە تابلۆی یەکەمدا، کە بریتییە لە چوار (پەڕەسێلکە) و یەکێکیان ئاراستەی فڕینی خۆی گۆڕیوە و بەو گۆڕانەش سیما و قەوارە و کەسایەتییەکەی ڕوون و دەرکەوتوو و تایبەتمەند بووە و هاوکات ئاستی فڕینیشی باڵا بووە، ئەگەر پرۆسێسی شرۆڤەکردنمان لە پانتایی خودی دەق خۆیدا دەرنەکەین، (واتە شرۆڤەکردن لە ناوەوە بۆ دەرەوەی دەق ئاراستە بێت)، ئەوە ئەم نیشانە هەژموونگەرایە/ سەرەکییە بەرەنجامی پێوەندییە بنیادییەکەی بە نیشانە هاوشانەکانی و باکگراوندەکەی/ سروشت (کە سەرجەم نیشانەی ئایکۆنین) ئەو واتایەمان پێ دەبەخشێت کە لادان و یاخی بوون لە ڕەوتە پەیڕەوکراوە نەریتییەکان، بوونێکی ڕاستەقینە و تایبەتمەند، دواجار ئازادی دێنێتە کایەوە، بەڵام ئەگەر لە دەرەوەی دەقەوە ڕوانینمان بەرەو ناو دەق ئاراستەکرد (بە تایبەتی هاوشانی ناسین و شارەزاییمان لەسەر هونەرمەند و بیروباوەڕ و ناسنامەی)، ئەوە سۆز و سەودایی بۆ خاک/ وڵات/ کوردستان و ئازادی نەتەوەیی لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە خۆی ئامادە دەکاتەوە، ساتێکیش تابلۆی دووەم، نیشانە ئایکۆنییەکان (باڵندەکان)ی تابلۆی یەکەم، هاوشان دەکات بە ڕەنگ و هێمای ئاڵای کوردستان، ئەمەش زیاتر وەک گوتارێک، داخراوی خۆی وەک دەقێک، لەم تاکە شرۆڤەیەدا قەتیس دەکات و دەوەستێنێت.



لێرەدا چوار باڵندەکە دەبنە چوار کەرت و پێکەوە کار لەسەر کامڵ کردنی قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ تاکە باڵندەیەک دەکەن، وێڕای ژمارەی چواری باڵندەکان وەک چوار باڵندەی تەواو ژمارە چوارێکی تریش ئامادە دەبێتەوە لە ژمارەی ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستاندا (سوور، سپی، سەوز، زەرد). لە دواجاریشدا بەرەنجامی خوێندنەوەی سیستماتیکیانەی پێوەندییە نیشانەییەکان لە نێو خودی دەق خۆیدا، هەردوو نیشانەی باڵندە (وەک نیشانەیەکی ئامادە و بەرجەستە) و ژمارە چوار (وەک نیشانەیەکی گریمانەیی) دەبنە واتا بۆ ئازادی، هەمان خوێندنەوەیشە وای لە (نیکۆ ئوت)ی ڕەخنەگر کردووە کە بڵێت: تابلۆکانی (خالید ڕەسووڵ)ی کورد شێوازی هونەری ڕەمزین، تێیاندا ماسی هێمای ژیانە و باڵندە و ژمارە چوار هێمان بۆ ئازادی).

کارکردن لەسەر ئەم ژمارەیە لای هونەرمەند (خیرارد ڤێرکێرکە) بووەتە ئامادەکردن و دانانی چوار مێز (لەنێو چادرێکدا)کە هەر یەکێکیان لاتەنیشت و بازنەیەکی سەر ڕووی سەری مێزەکەی بە یەکێ لە چوار ڕەنگی ئاماژە بۆکراو ڕەنگ کراوە و دانانی چوار کورسی بۆ هەر مێزێک لە مێزەکان و لێدانی فۆرمی ماسییەک (لەو فۆرمە ماسییانەی لە پرۆژەی ساڵی پاری هەمان ئەم نمایشەدا کاری تێدا کرابوو) لە پشتی کورسییەکانەوە. شرۆڤەکردن لە نێو پانتایی بنیادی خودی ئەم دەقەدا دەمانگەیەنێت بە بەجوان کردنی لەتی جەستەی یەکەیەکی پەرتبوو (مێزەکە و ڕەنگەکەی سەری) بۆ چوار دەسەڵات (کورسییەکان)، بەڵام لەدەرەوەی خودی دەق خۆیدا دەبێتە ئەو چوار دەسەڵاتەی هەمیشە پێکەوە خەریکی پیلانگێڕان بوون دژ بە جەستەی کوردستانی گەورەی دایک، جا وەک یەکەیەکی ئەو جەستەیە، یان خودی جەستەکە خۆی. سەرلەنوێ دانانەوەی فۆرمی ماسییەکان بە پشتی کورسییەکانەوە، سەرباری ئەوەی ئاماژەیەک دەنوێنێ بۆ هەمیشە جێبەجێ کردن و بوونی دەسەڵات لەسەر حسێبی چین و توێژە گشتییەکەی میللەت، هاوکات کۆکردنەوە و لێکدانێکی هەردوو پرۆژەکەیە لە یادەوەری یەک کۆبنیاددا.

(مارتاین لینزڵ)ی هونەرمەندیش پەندێکی پێشینانی هۆڵەندی کردۆتە دەروازە بۆ چوونە نێو پرۆسێسی دەق ئاوێزانبوون لەگەڵ دوو دەقی یەکەم و هاوشانی ئامادەبوونی دەقی سێیەم، ئەمیش هەر بە جەختکردنەوە لە ئامادەبوونەوەی ژمارە چوار، بەڵام لە ڕوانگە و ئاراستەیەکی ترەوە، پەندەکە بە هۆڵەندی دەڵێت: (ئۆندەر فیر ئۆخن) واتە (لەژێر چوار چاوەوە) بە مانای کاتێک دوو کەس بەیەکەوە سەردەکەن بەیەکدا و بەنهێنی باسی شتێک دەکەن، بە هەردووکیان چوارچاویان هەیە و لەژێر ئەو چوار چاوەوە نهێنی و نیازێک هەیە. هونەرمەند بۆ پراکتیزەکردنی ئەم پەندە چوار پۆرترێتی، هەر یەک بەیەک چاو و بەڕەنگی سپی دروست کردووە و لەسەر هەر یەکێک لە مێزەکانەوە هەڵیواسیون، ئەم پرۆسێسە خۆی لە خۆیدا پێکەوە کۆکردنەوەی دوو دەقی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنەیە لە یەکەیەکی دەقی بینەیی بەدیهاتوودا، ئەم تەنیا چاوە لە نێو ئەو دەموچاوە




ڕوحانییە سپییەدا، ڕوانینە لە کارەساتێک، کە پێدەچێت لە کەرت بوون و ونبوونی جەستەی خۆیدا بێت، ئەو ئامادەییەکی نائامادەی هەیە. چوار چاو دەڕوانن چارەنووسی خۆیان لەسەر مێزی ڕووداو و بەرەنجامەکان.

(خوس مۆڵدەرس)ی شاعیریش، ساتەوەختی کردنەوەی نمایشەکە لەنێو چادرەکەدا، شیعرێکی خوێندۆتەوە هاوشانی پارچەیەک موزیک، کە بریتییە لە چوار کۆپلە لە بارەی نەهامەتی و ئازاری مرۆڤەوە بەگشتی، دووانی بە زمانی پیاوەوە و دووانی تر بە زمانی ژنەوە. ئەو بۆخۆی کەسایەتییەکە شارەزایی تەواوی لە بارەی کورد و نیازە مێژووییەکەیەوە هەیە.

پرۆژەی سێیەم (لێبووردەیی): کە لە ڕێکەوتی (٢٠١٠/١٢/٩) نمایش کرا لە هەمان پێگەی هونەری ساڵانی پێشووی، کار لەسەر تەوەرەیەکی تایبەت دەکات

که ئەویش لێبووردەییە (تۆلۆرانسی-Tolerance) و تواناییەکانی پێکەوە ژیان و یەکتر قبووڵ کردنە بە هێز و گوشاری هەموو جیایی و جیاوازییەکانەوە، چون لە بینگەی هزری ئەمرۆی دنیای ڕۆژئاواوە، قبووڵ نەکردنی یەکتر وەک جیایی کولتووری میللەتان، تەنانەت تاکەکانی تاکە کۆمەڵگەیەکیش، هۆکاری کارەساتە گەورە و بچووکەکانە کە بەسەر سەرجەم مرۆڤایەتیدا هاتوون.

پرۆژەکە بەهەمان شێوە لە کارێکی هونەرمەندەوە سەرچاوە دەگرێ و ئەو دەیەوێت بە هاتنە نێو دنیای پەپوولەیەک و هەڵوەرینی باڵەکانی ئەو کێشە ئەزەلییەی نێوان سروشت و بوونەوەرەکانی بخاتەڕوو، چۆن دێن و گەورە دەبن و دوا جار بۆ کوێ دەچن، ئەمە بیرۆکەیەکە لەسەر توانایی ڕێزاڵکەرەکانی سروشت بەرانبەر بوونەوەرانی و هاوکات بەگژاچوونەوە و دەست تێوەردانی بوونەوەرانە لەسەرروو هەمووشیانەوە مرۆڤە بۆ سروشت، ئەم بیرۆکەیە لەرێی دوو تابلۆی بە پشتی یەکترەوە نووساو، شێوەی کە بەرجەستەی ئەم پێوەندییە دووانەییە کارلێکەر و کارلێککراوە دەکات، ئەمە دوو دیوی سروشتە کە بەدەستێک کاول و وێران دەکات و بە دەستێکی تریش کە دەستی مرۆڤە کاول و وێران دەکرێ، ئەمە سەرەتا و بنەتای چیرۆکەکەیە. (خیرهارد)ی هونەرمەندیش لەسەر ئەم بیرۆکەیەوە دوو تاوەری بە شیش دروست کردووە. کە گوزارشتە لە دوو وشەی ئێرە و ئەوێ و بە پێوەندییەک کە گوزارشتە لە پەیوەست بوونەوەی نێوان دوو دنیای ئێرە و ئەوێی هۆڵەندە و دەرەوەی هۆڵەندە پێکەوەی گرێداون، لە ناو ئەم تاوەرانەدا هاتنە نێو ژیانی پەپوولەیەک لە قۆناغی کرمێکی ئاوریشمییەوە بۆ قۆزاخە بەرجەستە دەکات تا گەورە و بە پەپوولەبوونی و فڕینی. یەکەی پەپوولە و ڕێچکە و ڕێڕەوی ئەم خولە خۆڕەسییە پلان بۆ ڕێژراوە پێش وەختییە ژیانییەی، لای خوس مۆڵدەرسی شاعیر بیرەوەرییەک دەجووڵێنێ، کە بۆ خۆی کاتێک لە وڵاتی ئەمریکا بووە و دیویەتی، ئەویش کۆچ و سەفەری بەکۆمەڵی ڕەگەزێک لە پەپوولەیە بەسەر ئەمریکادا، لە باشووری کەنەداوە بەرەو باکووری مەکسیک. (خوس)ی شاعیر ئەم بیرۆکەیەی لەسەر کارت چاپ کردووە و بەسەر بینەراندا دابەشی کردووە، کە تێیدا دەڵێت مەبەست لە پەپوولەکان هەر مرۆڤە و هەر ژیان خۆیەتی، هەر بۆیە



وەک چەند پرسیارێک ئەم بیرۆکەیە دەخاتەڕوو و نووسیویەتی و بە بینەران دەڵێت: تۆ لە کوێوە هاتووی؟ بۆ کوێ دەچیت؟ دەتەوێ بگەیتە کوێ؟ ئێستا دەتەوێ چی بکەیت؟ یان هەمان ئەم پرسیارانە لە هەر قۆناغێکی نەشونما کردندا ئاراستەی پەپوولەکە دەکەن.

تێکەڵبوونی چەند لاوێک بە ژەنینی ئامێری موزیکی بە شێوازێکی ڕەمەکی و بێزارکەر بۆ بینەران، تاقیکردنەوەی توانایی لێبووردەییانەی بینەرانە وەک بەشێکی زیندوو و هەنووکەیی کردنی بەرکەوتنی کۆنسێپتەکە بە بینەر، لێرەدا بینەر ڕاستەخۆ بەر تواناییەکانی کۆنسێپتی کارەکە دەکەوێ تا لە بینەرێکی نەرێنییانەی سەردەمی مۆدێرنەوە بیکاتە بەشدارێکی ئەرێنییانەی ئامادەبوو لە ڕوانگەیەکی پۆست مۆدێرنانە.

ئەم کۆنسێپتە هاوکێشەیەکە چەمکی لێبووردەیی لە بازنەیەکی فراوانی سروشت و مرۆڤەوە دەگوێزێتەوە نێوان مرۆڤ و مرۆڤی برا و هاوەڵی، لە ساتەوەختێکی نزیک و هەنووکەیی بوونی ئاخاوتن لە خودی چەمکی لێبووردەیی، وەک بڵێی: ئایا ئەو ساتەوەختەی ئێمە لە بالآیی سیفەتی لێبوردەیی دەدوێین؟ ئایا هەر ئەو دەمە، ئەو ساتە دەتوانین لێبوورده بین بەرانبەر بەوانەی دیالۆگی لێبووردەییمان لێ تێک دەدەن؟ ئەمە گەوهەری ئەو پەیامەیە کە ئەم کارە کۆنسێپتە دەڤئاوێزانە ساتەوەختییە دەیەوێ لە ئەندێشەی هونەرمەندانێکی ئێرە و ئەوێدا ئاراستەمانی بکات.

# کۆمیدیای ئەنتیک گاڵتەئامێز نەبووە


و. لە سوێدییەوە و پەراوێز نووسین: دانا ڕەووف
(سوێد)

ئەرەستۆ لە یەکێک لە نووسینەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە مرۆڤ (تاکە بوونەوەرێکی زیندووە پێ دەکەنێت) ئەم وتەیەی ئەرەستۆ بۆ جۆرە هاوبەشییەک لە گاڵتەوگەپ و نوکتە و قسەی ڕەخنەئامێزی کۆمیدی ڕامان دەکێشێت، کە بە درێژایی مێژوو لە هەموو کولتوورەکاندا هەبووە و هەیە. بۆ نموونە ئێستا ئێمە بەهەمان شت پێ دەکەنین، کە خەڵکی لە سەردەمی گریکەکان، ساڵانی سەدەی ١٧٠٠-ەکان، یان لە چاخەکانی ناوەڕاستدا پێی پێکەنیون.

(ماری بێرد) پسپۆڕێکی ئینگلیزییە لە بوارەکانی لێکۆڵینەوەی سەردەمی گریک و ئەنتیک، دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە گریکییەکان لە ساڵەکانی ٣٠٠ی بەر لە زاییندا، ئەنتۆلۆژیایەکی گاڵتەوگەپیان بڵاوکردۆتەوە زیاتر لە ٢٦٠ نوکتە و ڕەخنەی کۆمیدی ئامێز و قسەی نەستەقی لەخۆگرتووە، ئەم نوکتە و گاڵتەوگەپانە هەر هەموویان بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆمان دەگونجێن و هەندێک لە هونەرمەندە (ستانداپ) کۆمیدییەکانی ئەمڕۆ لە نمایشەکانیاندا بەکاری دەهێنن.

ئەگەر خودی ئەم ئەنتۆلۆژیایە لەلای زۆربەمان نەناسراو بێت، ئەوە شانۆنامە کۆمیدیا پڕ لە ڕەخنە و گاڵتەوگەپەکانی ئەرستۆفانیس لای زۆربەمان ناسراون.(١) ئەرستۆفانیس لە کۆتایی ساڵەکانی ٤٠٠ و سەرەتاکانی ٣٠٠ی بەر لە زاییندا، شانۆنامەکانی نووسیوە، لە کۆی بەرهەمەکانی تەنیا یازدەیان بە تەواوەتی بەدەستمان گەیشتوون.(٢)

شانۆنامە کۆمیدیاکان، بە شێوەیەکی گشتی هەمان ستراکتوری شانۆنامە تراژیدییەکانیان هەیە، مەبەست لە هەمان ستراکتور ئەوەیە کە شانۆنامەکە، یان نمایشەکە، بەهاوبەشی کۆرس؛ سەرەتا ئەکتەرەکان لە دیالۆگەکانیاندا لەگەڵ یەکتری و دواتریش کۆرس گۆرانی




ئەرەستۆ

دەڵێن و سەما دەکەن. ئەوەی کۆمیدیاش لە تراژیدی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە ناوەڕۆکی شانۆنامە تراژیدیاکان چیرۆکەکانیان لە میتۆلۆژیا دێرینەکانەوە وەرگرتووە و بابەتەکانیان گوزارشت لە کەسایەتی پاڵەوان، پادشا و خواوەندەکان... تاد دەکەن و زیاتر بەرجەستەی جیهانی گریکییەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەسیناوە دەکەن، بەڵام کۆمیدیا باسی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی، لە خۆشی، ناخۆشی و گیروگرفتەکانیان، بە تایبەتی لەو ڕۆژگارەی ئەسینادا، کردووە. لەبەر ئەوەی کۆمیدیا باسی خەڵکی ئاسایی و گیروگرفتی ژیانی ڕۆژانە و هەندێک جار ڕووداوی ڕاستەقینەی خەڵکی ئەو ڕۆژگارەی کردووە،بۆیە دەبێتە دوکیۆمێنتێکی چڕ و دەوڵەمەند و گرینگ بۆ تێگەیشتن و زانینی چۆنیەتی گوزەران و ژیانی خەڵکی و جۆری بیرکردنەوەیان، لەو ڕۆژگارەی گریکییەکان بەگشتی و شاری ئەسینا بەتایبەتی. هاوتەریب لەگەڵ بەشێک لە دیالۆگەکانی ئەفلاتووندا، ئەو پرسیارە خۆی قووت دەکاتەوە، کە ئێمە لە نێو تێکستەکانی ئەنتیک- دا، دەتوانین بەم شێوەیە لە ژیانی گریکییەکان نزیک ببینەوە. لەبەر ئەوەی کۆمیدیاکانی ئەرستۆفانیس، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی ئەو ڕۆژگارەن و پابەندن بە کەسایەتی و ڕووداوەکانەوە، لەوانەیە بۆ بینەرێکی ئەمڕۆ شانۆنامە کۆمیدیاییەکان، بە بەراورد لەگەڵ شانۆنامە تراژیدیاییەکان، کە باسی کەسانێک دەکەن کە لەو ڕۆژگارەدا ژیاون، یان ڕووداوێک کە زۆر تایبەتمەند بووە بەو ڕۆژگارە، گران بێت، چ بۆ خوێندنەوە و چ بۆ بینین.

هەموو ئەو شانۆنامانەی ئەرستۆفانیس کە بەدەستمان گەیشتوون، بێجگە لە دوو شانۆنامە کە لە کۆتایی تەمەنیدا نووسیونی؛ لەکاتی شەڕی سی ساڵەی نێوان ئەسینا و سپارتا، ئەو شەڕە خوێناوییەی لە ساڵی ٤٠٤ی بەر لە زاییندا بەکەوتنی ئەسینا کۆتایی هاتووە، نووسیونی. هەر لەبەر ئەوەشە، ئەرستۆفانیس لە زۆربەی شانۆنامەکانیدا ،باسی شەڕوئاشتی دەکات و خەونی ئاشتی و کۆتایی هاتنی شەڕ بابەتێکی سەرەکی و لەبەرچاوی شانۆنامەکانیەتی. بۆ نموونە لە شانۆنامەی Acharnerna کە یەکێکە لە دێرینترین کۆمیدیاکانی شارستانیەتی ئەورووپا بە تەواوەتی بە دەست ئێمە گەیشتبێت، لەم کۆمیدیایەدا جووتیارێکی گوندنشین بەناوی (دیکیە ئیۆپۆلیس) دەتوانێت خۆی بەتەنیا لەگەڵ سپارتەدا پەیمانێکی ئاشتی مۆربکات. لە شانۆنامەی (ئاشتی)شدا، کارەکتەری سەرەکی ئەم کۆمیدیایە دەچێتە سەر (ئۆلیمپن) تا خواوەندی ئاشتی ڕزگار بکات، کە لەو شوێنەدا بەندکراوە(٣)، بەڵام دیارترین شانۆنامەکانی ئەرستۆفانیس، لەم بوارەدا شانۆنامەی (لیسیستراتا) Lysistrateیە، لەم دەقەدا ئەرستۆفانیس سێکس و جووتبوون لە نێوان ژن و پیاودا دەکاتە چەکێکی گرینگی وەستانی شەڕ؛ ژنان مانگرتنێکی تەواوەتی ڕادەگەیەنن و پیاوەکانیش ناچار دەکەن، لە ڕێگای ئەوەوە کە تا شەڕ بە تەواوەتی نەوەستێت و ئاشتی بڵاونەبێتەوە، بە هیچ شێوەیەک نەچنە لای مێرد و پیاوەکانیان و لەگەڵیاندا جووت نەبن.

لەناو بەرهەمەکانیشیدا تەنیا شانۆنامەی (بۆقەکان)ـە کە باسی شەڕ ناکات.

ئەم شانۆنامەیە ساڵێک بەر لە چەک دانان و کەوتنی تەواوەتی ئەسینا نووسراوە.(٤) (بۆقەکان) بەراوردکارییەکی ورد، شایستە و بە بەهای نێوان ئەسخیلۆس و یۆریبیدس-ە، تراژیدیاکانیان دەخاتە ژێر تیشکی ڕەخنە و شاکارەکانیان بەراورد دەکات، هەرچەندە شانۆنامەکە بە زمانێکی ساکار و ڕاستەوخۆ نووسراوە و چەندین دیمەنی کۆمیدی و گاڵتەوگەپ لەخۆدەگرێت، دنیایەکی فەنتازی ئامێزیش دەخوڵقێنێت،



ئەفلاتوون

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر سەختە ئەم شانۆنامەیە لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا نمایش بکرێت، هۆکاری سەرەکی و گرینگی نمایش نەکردنی (بۆقەکان) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شانۆنامەکە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە زانیاری و قووڵبوونەوەیەکی تەواوەتی دەبەستێت سەبارەت بە بەرهەمە تراژیدییەکانی ئەم دوو نووسەرە و ستایلی کارەکانیان، ئەمە بێجگە لە ڕەوتی ژیانیان کە توخمێکی سەرەکییە.(٥) لەوانەیە ئەم هۆکارانەش لەگەڵ ئاستی هۆشیاری و زانیارییەکانی بینەری ئەمڕۆ نەگونجێت و هەموو کەسێک ئەو تێگەیشتن و لێکۆڵینەوە قووڵەیان سەبارەت بەو سەردەمە دێرینە و نووسەرەکانیان نەبێت، بەڵام لە هەندێک نمایشی (بۆقەکان)دا بە تایبەتی ئەو نمایشانەی کە لەم سەردەمەو لە لەندەن پێشکەش کراون، ئامادەکردنێکی وردیان لە شانۆنامەکەدا کردووە و هەوڵیان داوە لەم ڕۆژگارەی نزیک بخەنەوە؛ بۆ نموونە ئەسخیلۆس و یۆریبیدس-یان گۆڕیوە و لەبری ئەوان بەراوردکارییەکە لە نێوان شکسپیر و بەرناردشۆدا بووە، بەم چەشنەش لە بینەری ئەمڕۆی ئینگلیزی و ڕوحی ئەم چەرخە نزیک بوونەتەوە.

لە شانۆنامەی (باڵندەکان)دا کە زیاتر لە هەموو بەرهەمێکی تری ئەرستۆفانیس بە نەفەسێکی شیعری بەرز و زمانێکی قووڵی پڕ لە وێنە نووسراوە، دوو کەسایەتی دانیشتووی شاری ئەسینا، داوا لە باڵندەکان دەکەن کە لەگەڵ ئەوان مەملەکەتێکی تایبەتمەند بە خۆیان لە ناو هەورەکان دروست بکەن، هەروەها شانۆنامەی (پلوتۆس) کە یەکێکە لە دوا بەرهەمەکانی، جۆرێکە لە ئامۆژگاری و بەرجەستەکردنی مۆراڵ و ڕێگا پێشاندان، بۆ نموونە ئەرستۆفانیس لەم شانۆنامەیەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و ئەو پرسیارە دەوروژێنێت، ئەگەر دەوڵەمەندەکان کوێر نەبوونایە و چاو و ویژدانیان کراوە بوایە، ئەوە دیاری و پاداشتەکانیان دەبەخشییە ئەو کەسانەی کە پێویستیانە و شایەنی ئەوەن.

لەم چەند ساڵەی دواییدا چەندین کتێبی دانسقە لەسەر ئەرستۆفانیس و شانۆنامەکانی، بۆ نموونە ڕۆڵی کۆمیدیایەکی سیاسی لە کۆمەڵگا و سیاسەتی ئەو ڕۆژگارە و پێگەی ئەرستۆفانیس بڵاوکراونەتەوە، لە ناو ئەو کتێبانەدا کتێبی (ئەرستۆفانیس: سێکس، گاڵتەجاڕی و سیاسەت) لە نووسینی نیکلاس هۆڵتسباری، پرۆفیسۆری فەلسەفەی کلاسیکی لە زانکۆی میونیش جێگای ئاماژە و لەسەر وەستانە.(٦) ئەوەی جێگای سەرنجە، لەم کتێبەدا لێکۆڵینەوەی بنەما کۆمیدییەکانی ئەرستۆفانیس دەروازەیەکە بۆ فەلسەفەی گریکی و لە هەمان کاتدا تیشک خستنە سەر ئەو دید و ڕەخنە ساتەوەختە و هەنووکەییانەیە کە شیکردنەوەیان گرانە و پێویستی بە لێکۆڵینەوە و ڕۆچوونە خوارەوەیەکی قووڵ هەیە. ئەم نووسەرە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە بنەما کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی شانۆنامەکانی ئەرستۆفانیس، لە کۆنتێکستەکانی خۆی و زەمەن و دەوروبەرەکەیدا ڕوون دەکرێنەوە، هەر لەبەر ئەوەیشە کۆمیدیاکانی ئەرستۆفانیس لە دەروازەکانی نزیک بوونەوە بەو سەردەمەوە، وامان لێ دەکەن ئاسانتر تێیان بگەین و لە هەمان کاتدا سەیرکردن و خوێندنەوەشیان، وەک کۆمیدیا خۆشتر و پڕ لە خەندەتر دەبێت.

لەم کتێبەی نیکلاس هۆڵتسباریدا، شیکردنەوەکە بەو ئاراستەیەدا دەڕوات کە ئەرستۆفانیس بە پلەی یەکەم مەبەستی ئەوە بووە بینەران بهێنێتە پێکەنین. ئەم بۆچوونەش چەندین کێشە و گرفت دەخوڵقێنێت، بۆ نموونە پەیام و ڕۆڵی کۆمیدیا هاوشان دەبێت لەگەڵ جۆرە (فاش)ێک کە هیچ جۆرە گرفتێک، ڕەخنەو پەیامێک لەخۆناگرێت و تەنیا پێکەنین و تەهریج دید و بنەماکانی ئەم جۆرە کۆمیدیا (فاش)ـە پێک دەهێنێت. فاش بنەما



**دیەنێک لە شانۆنامەی «بۆقەکان»**

سەرەکییەکانی کۆمیدیا، خستنەڕووی گرفتە کۆمەڵایەتی، سیاسی، خودییەکان و پەردە هەڵماڵینی بارودۆخە نالەبار و دژوار و چەوتەکان، بەشێوەیەکی کۆمیدی لەخۆناگرێت، بەڵکو زیاتر لە دنیایەکی گاڵتەئامێزی پێکەنیناوی، بەبێ هیچ پەیامێک دەسووڕێتەوە، هەرچەندە ئەرستۆفانیس (فاش)یشی نووسیوە و چەند دانەیەکیشی بە دەست ئێمە گەیشتوون و پارێزراون، لە وانە: a la Georges Feydeau، بەڵام ئەرستۆفانیس توانیویەتی لەم (فاش)ەدا لەسەر چەندین ئاست ڕەخنە و گاڵتەی کۆمیدی لە ڕووی سیاسەت، ئیرۆتیک و دیمەنی پڕ لە جۆشو خرۆشەوە ئاوێزانی بەرهەمەکەی بکات، هەروەها بە زمانێکی لیریکی و لە هەمان کاتدا توندوتیژەوە، دیمەن بە دیمەن شانۆنامەکەی داڕشتووە و وێنەیەکی قووڵ و لە هەمان کاتدا ساکار و پڕ لە چێژی (فاش)مان پێشکەش دەکات.

نیکلاس هۆڵتسباری لە لێکۆڵینەوەکەیدا جەخت لەسەر ئەو ناو و کەسایەتییانەی لەو سەردەمەدا ژیاون دەکاتەوە، کە ئەرستۆفانیس لە کۆمیدیاکانیدا بەکاری هێناون و دەیانکات بە نوکتە و ڕەخنەی توندی گاڵتە ئامێزیان لێدەگرێت، زۆرجار وا ڕێکەوتووە کە ئەو کەسانەی بەو شێوەیە هێرشیان کراوەتە سەر، لەناو بینەراندا دانیشتوون و سەیری شانۆنامەکەیان کردووە. بێ گومان تیرە ژەهراوییەکانی ئەرستۆفانیس هەمیشە گیراوەتە سیاسەتمەدار، سەرکردە سەربازییەکان، شانۆنامەنووسەکان، کاربەدەستانی باڵای وڵات و کەسە دیار و ناسراوەکانی ئەو ساتەی ئەسینا، بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە ستایلی ژیان و گوزەران و کەسایەتییەکانیان جیاواز بوون و هەوڵیان داوە لە خەڵکی ئاسایی جیاوازتر بژین.

نیکلاس هۆڵتسباری بۆ لێکۆڵینەوەکەی پەنا دەباتە بەر لێکۆڵینەوەکانی نووسەرێکی تر بە ناوی (ماڵکۆم هیس) و باسە ناوازەکەی (کۆمیدیای سیاسی لەلای ئەرستۆفانیس) Political comedy in Aristophanes ئەم نووسەرەش پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئامانجی کۆمیدیای گریکی تەنیا ئەوە بووە خەڵکی بخاتە پێکەنین. ئەرستۆفانیس لە ڕەخنەکانیدا چەندە توندوتیژ بووبێت، چەندە مەسەلەی دەسەڵاتی خستبێتە ژێر پرسیارەوە و پەردەی لەڕووی سیاسەتمەدارەکان هەڵماڵیبێت، دواجار ئامانجەکانی هەر ئەوە بووە بینەران بخاتە پێکەنین. پیاوی دەوڵەت و سەرکردەیەکی سەربازی بەناوی (کلیۆن)ەوە، بەشێوەیەکی بێ بەزەیی کەوتۆتە بەر شاڵاوی شانۆنامەکانی سەرەتا و دەستپێکی بەرهەمەکانی ئەرستۆفانیس، تەنانەت دوای مردنیشی وازی لێناهێنێت، ئەم (کلیۆن)ە لە ساڵی ٤٢٢ی بەر لە زاییندا، لە یەکێک لە بەرەکانی جەنگدا کوژراوە. ئەرستۆفانیس بەشێوەیەکی بەردەوام گاڵتە بەم کەسایەتییە (کلیۆن) دەکات و ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی ڕەخنە و تەنانەت جنێوەکانیشییەوە.

یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی تێز و بۆچوونەکانی نیکلاس هۆڵتسباری و کتێبەکەی (ئەرستۆفانیس: سێکس، گاڵتەجاڕی و سیاسەت) ئەوەیە کە ئەو هۆکارانە ڕوون ناکاتەوە بۆچی ئەرستۆفانیس هەندێک لە سیاسەتمەدارەکان ڕیسوا دەکات و هێرشی توندیان دەکاتە سەر، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لە هەندێکی تریان نزیک نابێتەوە و ناویان ناهێنێت، هەرچەندە هەندێک لە جنێو و گاڵتەکان بێ کینەیە و هیچ ڕقێکیان تێدا نییە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ڕەخنەکانیش یەک لایەنەیەو بە شێوەیەکی تەواوەتی حسابیان بۆ کراوە، شتێکی سەیرە، ئەگەر لە پشت ئەم هێرش و ڕەخنە و جنێوانەوە، مەبەستێکی سیاسی نەبووبێت. ئەرستۆفانیس هەمیشە پەیامی سیاسی خۆی هەبووە، لە یەکێک لە کۆمیدیاکانیشیدا ڕەخنەیەکی توند لە جەماوەری ئەسینا دەگرێت، لەبەر ئەوەی دەنگیان بە کلیۆن داوە، هەرچەندە ئەو، واتە ئەرستۆفانیس لە شانۆنامەی (ئەسپ سوارەکان)دا

پەردەی لەسەر هەموو کەموکوڕی و هەڵەکانی کلیۆن هەڵماڵیوە. ئەرستۆفانیس لەم شانۆنامەیەدا، وێنەیەکی ساکار و خراپی کلیۆن-ی وەکو (پێستە خۆشکەر) کێشاوە (کلیۆن ئەم پیشەیەی لە بنەماڵەکەیانەوە بۆ ماوەتەوە و لەم ڕووەشەوە بازرگانی پێستەی کردووە) ئەمە بێجگە لەوەی وێنەیەکی کاریکاتێری، لە چەشنی سەرکردەیەکی بێ کەڵک و مەترسیداری ئەسینا دروست کردووە. نیکلاس هۆڵتسباری هیچ بەهایەک بۆ ئەم پەیامە سیاسییەی ئەرستۆفانیس دانانێت و دەڵێت: کلیۆن وەک هەموو ئەو سیاسەتمەدارانەی بەر لێشاوی ڕەخنە کەوتوون، ئەو ڕەخنە و گاڵتەوگەپانەیان بە سنگێکی فراوانەوە وەرگرتووە و لەگەڵیا پێکەنیون، بەڵام کلیۆن بەو ڕەخنانە بێزار بووە و ئاماژەی ئەوەی کردووە کە ئەرستۆفانیس هەموو سنوورەکانی بەزاندووە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە دواتر ئەرستۆفانیس ڕادەکێشێتە بەردەمی دادگا، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی ئەرستۆفانیس لەیەکێک لە شانۆنامەکانی سەرەتای ڕەوتی نووسیندا، بەناوی (بابلییەکان)ەوە، هێرشێکی توندی کردۆتە سەر. (٧)

لەم باسەدا جێگای سەرنجە بزانین ئەرستۆفانیس لە شانۆنامەی (هەور)دا چۆن باسی سوکرات دەکات. ئەرستۆفانیس لەم شانۆنامەیەدا وێنەی سوکراتێکی فەیلەسووف و قوتابییەکانی، وەکو کۆمەڵە کەسێکی سەیر و مەسخەرە و گێل بەرجەستە دەکات: سوکرات دەبێتە ئەو پیاوە زانستە سوفستائییەی کە زۆربڵێیەو قسە زۆر دەکات، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت و خۆی و قوتابییەکانی لە کۆمەڵە دیمەنێکی کۆمیدی شپرزە ئاساو سەرلێشێواودا دروست دەکات. سوکرات لە وتاری بەرگرییەکەی خۆیدا، کە لەساڵی ٣٩٩ی بەر لە زاییندا، لە بەردەم دادگادا (ئەو دادگایەی کە دواتر بە بڕیاری مەرگی سوکرات کۆتایی هاتووە) هەروەکو ئەفلاتوون دواتر بڵاوی کردۆتەوە، وتوویەتی: سوکرات دوو جۆرە دادوەری گشتی هەبووە، یەکێکیان ئەوانە بوون ئەویان ڕاکێشاوەتە بەردەم دادگا، ئەوانەشی کە هەر لە دەمێ ساڵەوە ئەویان تاوانبارکردووە. سوکرات لێرەدا مەبەستی لە شانۆنامەی (هەور) بووە کە لەوێدا وەکو فیگورێک خوڵقێنراوە قسەی بێ مانا دەکات، تەنانەت خۆشی نە دەزانێت چی دەڵێت و نەئاگاداری ئەو شتانەشە کە باسیان دەکات. ئاشکرایە سوکرات و ئەفلاتوون هەستیان بەو تۆنە زبر و ڕەخنە ئامێزەی هێرشی نووسەرە



دیمەنێک لە شانۆنامەی «باڵندەکان»

کۆمیدییەکان کردووە، هەروەها ئەو کەسانەشی دواتر سەیری ئەم مەسەلانەیان کردووە و لێی وردبوونەتەوە، درکیان بەهەمان شت کردووە، هەر بۆ نموونە تەنیا چەند ساڵێک لەمەوبەر و لە گۆڤاری Magazine Litte-raire ئەم مەسەلەیە لە وتارێکدا بە ناوی (سوکرات بە دەستی ئەرستۆفانیس مردووە؟) وروژێنراوە.

خاڵێکی دیکەی لاوازی لێکۆڵینەوەکەی نیکلاس هۆڵتسباری ئەوەیە کە کۆمیدیای گریکی، بەتایبەتی لە ئەسینا بە تراژیدیا بەراورد دەکات، بێ گومان ئەم بەراوردکارییە لە هەندێک لایەنەوە شتێکی ڕاستە، بەڵام تەنیا لە هەندێک لایەنەوە. پێناسەکردن و دەستنیشان کردنی کۆمیدیا وەکو (خوشکی بچووکی) تراژیدیا، کەمکردنەوەی بەهاکانی کۆمیدیایە، چونکە جیاوازییەکان لەڕووی چۆنیەتییەوە (چۆنایەتیانە) نییە، بەڵکو مەسەلەکە زیاتر لە ڕووی ستایل و شێوازەوەیە. هەڵبەتە لێک جیاکردنەوەو جیاوازییەکی توندی بەم شێوەیە، بینەرانی شانۆی ئەسینای ئەوکاتەی تووشی نارەزایی و سەرسوڕمان کردووە.

لەکاتی فیستیڤاڵەکانی دیۆنیسیۆس-دا کە لە نێوان مانگی سێ و چواری هەموو ساڵێکدا کراوە، لە پێنج شانۆنامەی کۆمیدی کەمتر نمایش نەکراوە، هەروەها سێ ساتیریش (زیاتر نمایشی گەمە و گاڵتەوگەپ بوون و لە میتۆلۆژیاکانەوە سەرچاوەیان گرتووە)، ئەمە شان بە شانی ئەو نۆ شانۆنامە تراژیدییانەی دیکە کە لە ماوەی سێ چوار ڕۆژی فیستیڤاڵەکەدا نمایش کراون. (٨) لە زۆر ڕووەوە کۆمیدیا شتێکە کە تراژیدیا ئەوە نییە، لەبەر ئەوەی تراژیدی لەلایەکەوە لە داستان و میتۆلۆژیاکانەوە



**دیمەنێک لە شانۆنامەی «هەورەکان»**

وەرگیراون و بنەمایەکی پڕ لە ڕاز و نهێنی لە خۆدەگرێت و دیدێکی میتافیزیکییان هەیە، لە لایەکی تریشەوە کێشەو بێنەوبەرەی مرۆڤی پاڵەوان ئاسا، لەگەڵ چارەنووسی خۆیدا دەخاتەڕوو، بەڵام کۆمیدیا بە تەواوەتی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئەسیناوە پابەندە. تراژیدیا کۆمیدیایە و کۆمیدیاش تراژیدیایەو بە پێچەوانەشەوە، ئەم دوو شێوازە دراماتیکییە، واتە تراژیدی و کۆمیدی تەواوکەری یەکترین و پێکەوە بەرجەستەی هەموو ژیانی واقیعی و ڕاستەقینەی ئەسینان، لەسەر ئاستێکی بەرز و نزم، لە لایەنی ڕوحی و میتۆلۆژیا و دەنگۆی بێ بناغە، تا دەگاتە سەر مەسەلە ڕاستەقینەکان و ئەو شتانەشی کە بینەران تامەزرۆ دەکەن.

هیچ شتێک نییە کە خەڵکی ئەسینا خۆیانیان تێدا نەدۆزیبێتەوە، هەروەها هیچ شتێک لەو شانۆنامانەدا نەبوون کە لە فیستیڤاڵەکانی دیۆنیسیوسدا نمایش کراون، لە دەرەوەی واقیع و ئەزموون و ژیان و بۆچوونەکانی بینەران و خەڵکی ئەسیناوە بووبێت. شانۆی گریکی، بەتایبەتی لە ئەسینا، لە ساڵەکانی ٤٠٠ی بەر لە زاییندا تراژیدی، کۆمیدی، یان گەمەی ساتیر پێکەوە، وێنەیەکی گشتگیر و تەواوەتی گەردوون و کۆمەڵگای گریکی بووە.(٩) ئێمە ئێستا لەم زەمەنەدا، بەشێوەیەک لە شێوەکان دەتوانین ئەو وتەیەی ڤیکتۆر هۆگۆ دووپات بکەینەوە کە دەڵێت (هەمان هێزی هەناسەدان کە لە هەناوی تراژیدیاکانی ئەسخیلۆس دایە، لە هەناوی کۆمیدیاکانی ئەرستۆفانیس-یشدایە)

ئەرستۆ لە کتێبی هونەری شیعرەکەیدا (پۆیەتیکا) مەبەستی ئەوە بووە (لەوانەیە ئەم کتێبە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٣٠٠ی بەر لە زاییندا نووسرا بێت) تراژیدیا باسی ئەو کەسانە دەکات کە لە ئێمە باشترن، بەڵام لەوانەیە بەو ڕادەیە باش نەبن، چونکە بەهۆی کارێکی هەڵەوە تێکدەشکێن و بەتەواوەتی خراپ دەبن.(١٠) بینەران لەو هاودەردی و هەست و سۆز و ترسانەی کە لە بینینی نمایشە تراژیدیاکانەوە، لەناوەوەیاندا سەرهەڵدەدات و دەوروژێت، پاکژدەبنەوە (کاتاریس) (١١) "کۆمیدیاکانیشی خستنەڕوو و پیشاندانی ئەو مرۆڤانەیە کە خراپن، بەڵام نەک ئەوانەی کە هەر زۆر بێ کەڵکن، ئەو گاڵتەئامێزییە شتێکە کە بە هەڵە دەکەوێتەوە- ئەوە دزێوییە بەبێ ئازار و بە بێ وێرانکاری."

نووسینەکانی ئەرستۆ لەم بارەیەوە بە تەواوەتی بە دەستمان نەگەیشتوون، بەڵام لە دووتوێی هەندێک تێکست و نووسینی دیکەی ئەرستۆوە، دەگەینە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە کۆمیدیاش. هەر لەم دەروازەیەوە، لەوانەیە بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەرستۆ مەبەستی بووە بڵێت: کۆمیدیا چێژ و پێکەنین بەبینەرەکانی دەبەخشێت، لەم ڕێگایەشەوە دەمانگەیەنێتە کاتاریس، واتە پاکژبوونەوە، بە ڕەچاوکردنی گەڕانەوە بۆ هەست و سۆزەکانمان. بەلایەکی دیکەدا ئەرستۆ ئەوەمان فێر دەکات کە تراژیدی و کۆمیدی، هەردووکیان هەست و سۆزێکی قووڵ و گەورە لە دەروونماندا، لە بێ ئاگاییماندا بە ئاگادەهێنێتەوە و ئەو هەستە توندوتیژەی، کە لە ناوەوەماندایە و ئێمە نامانەوێت بەردەوام بە شێوەیەکی جێگیر بوونی هەبێت، لە ڕێگای کارە هونەرییەکانەوە ڕزگارمان دەبێت لێیان. شیکارییەکانی ئەرستۆ بۆ کۆمیدیا هەمان شیکاری و لێکۆڵینەوەکانیەتی بۆ تراژیدیا و بەهەمان ئاراستە کاری کردووە، هەرچەندە ئەرستۆ ئەو دوو شێوازەی هونەر بە تەواوکەری یەکتری دادەنێت و هەر لەبەر ئەوەیشە وەکو دوو دیوی یەک چالاکی، چالاکییە گشتگرەکانی دراماتیک ناوزەدیان دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا کە لێکۆڵینەوەکەی نیکلاس هۆڵتسباری لە زۆر ڕووەوە بە شێوەیەکی باش نووسراوە، بەڵام کۆمیدیای گریکی تەنیا وەکو ئامرازی چێژ وەرگرتنێکی ساکار، لە پەراوێزی کۆمەڵگادا دادەنێت،بەم شێوەیە تێزەکانی خۆیمان سەبارەت بە کۆمیدیای ئەرستۆفانیس، لە دیدو بۆچوونێکی کۆنەوە پێ دەفرۆشێتەوە. ئەم بۆچوونە ساکارەش وێنەیەکی گشتگیر و ڕاست نابەخشێتە ئەو سەرتاپاگیری و مەودا

قوولّەی کە لەو هونەرە بەرزە کۆمیدی و گاڵتەوگەپەی ئەرستۆفانیس- دا هەیە. لە کۆتاییدا تەنیا شتێک لەم بارەیەوە ئاماژەی بۆ بکەم، ئەوەیە کە زۆر زەحمەت و دژوارە لەم خوێندنەوەیە بگەیت و بزانیت نووسەر مەبەستی چییە و بۆچی؟ هەروەکو ئەفلاتوون نووسیویەتی "ژنە خواوەندە هەوەسبازەکان کاتێک بە دوای پەناگەیەکی نەمردا گەڕان، ڕوحی ئەرەستۆفانیس- یان دۆزییەوە."

**پەراوێزەکانی وەرگێڕ:**

١-ئەرستۆفانیس لە ساڵی ٤٤٥پ.ز لە دایک بووە و لە ساڵی ٣٨٥پ.ز یشدا کۆچی دوایی کردووە. ئەم نووسەرە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٤٢٧پ.ز دا یەکێک لە شانۆنامەکانی نمایش کراوە. کۆنترین شانۆنامەشی کە دەست ئێمە کەوتووە، بۆ ساڵەکانی ٤٢٥پ.ز دەگەڕێتەوە، ئەم شانۆنامەیەش یەکێک لە کارەکتەرەکانی ناوی (یۆربیدس)ـە، وەک ئاماژەیەک بۆ نووسەری تراژیدیای گریکی یۆربیدس.

٢- ئەو شانۆنامانەی ئەرستۆفانیس کە بە دەست ئێمە گەیشتوون و پارێزراون بریتین لە: خەڵکی ئەفارینا، ئەسپ سوارەکان، هەور، زەردەواڵە، جەژنی تسموٚفوٚریا، بۆقەکان، پەرلەمانی ستات، پلوتۆس، لیسیستراتا.

٣- ئۆلیمپن: ماڵی خواوەندی گریکەکان کە بەسەر ترۆپکی چیای ئۆلیمپۆس-ەوە بووە، لە هەمان کاتدا مانای جیهانی خواوەندەکانی گریکییە کۆنەکانیش دەگەیەنێت.

٤- شانۆنامەی (بۆقەکان) یەکێکە لەو شانۆنامانەی کە ئەرستۆفانیس توانایی و سەلیقەی یۆربیدس دەخاتە تەرازووی ڕەخنە و بەراوردکاری و تەنانەت دانپیانانیشەوە. ئەم شانۆنامەیە نیشانەیەکی گەورەی ڕەخنەی ئەدەبی و شانۆیی گریکلاندە کە دوای مردنی هەر سێ شاعیری گریکی: ئەسخیلوس، سۆفۆکلیس و یۆربیدس نووسراوە. ئەرستۆفانیس شانۆنامەی "بۆقەکان" ی لە کاتێکدا نووسیوە کە گۆڕەپانی پێشبڕکێکان بەهۆی مردنی شاعیرە مەزنەکانەوە بۆشاییەکی گەورەیان دروست کردووە، ئەرستۆفانیس هەستی بەو بۆشاییە کردووە و لە دەروازەی شانۆنامەکەیەوە ڕۆڵی ئەو شاعیرانەی بەرز نرخاندووە. شانۆنامەی بۆقەکان هەڵسەنگاندنێکی شانۆیی و وردی توانایی شانۆنامەنووسی هەر سێ شاعیرە مەزنەکەی تراژیدیای گریکە. ئەرستۆفانیس لەم شانۆنامەیەدا زیاتر بەراورد لەنێوان ئەسخیلوس و یۆربیدس-دا دەکات، بەڵام یۆربیدس و سۆفۆکلیس-یش بەشێکی ئەو بەراوردکارییەن. ئەرستۆفانیس بۆ یەکەم جار لەم شانۆنامەیەدا دان بە توانایی یۆربیدس و ڕۆڵی شانۆنامەکانی و هێزی تراژیدیاکانیدا دەنێت، لە دەرئەنجام و کۆتایی شانۆنامەکەیدا بەم شێوەیە پلەی شاعیرەکان دەستنیشان دەکات: ئەسخیلوس پلەی یەکەم، سۆفۆکلیس دووەم و یۆربیدس پلەی سێیەم.

٥-شانۆنامەی بۆقەکان لە ساڵی ٤٠٥پ.ز دا پێشکەش کراوە و پاداشتی یەکەمی بەدەست هێناوە، دواتر بەهۆی سەرکەوتنی نمایشەکەوە بۆ چەندین جار لە ئەسینا پێشکەش کراوەتەوە.

٦- ئەم کتێبە ٢٤٠ لاپەڕەیە و لە ساڵی ٢٠١٠دا لە دەزگای C H Beck بەئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە.

٧- ئەم شانۆنامەیە فەوتاوە و بە دەستمان نەگەیشتووە.

٨- (بیترستراتۆس) یەکەم فەرمانڕەوا بووە کە بڕیاری دامەزراندن و سازدانی فیستیڤاڵ و پێشبڕکێ هونەرییەکانی نێوان شاعیرە تراژیدییەکانی داوە، بۆ ئەم مەبەستە هەموو ساڵێک لە ئەسینا ڕۆژەکانی جەژنی دیۆنیسیۆس، خواوەندی شانۆ و بەروبووم بۆ ئەو دیاردە گرنگە تەرخان کراوە، دوای دەرکردنی ئەم بڕیارە و پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجوومەنی شاری ئەسیناوە، یەکەم شانۆگەری لە ساڵی ٥٣٤پ. ز دا نمایش کراوە. ئەم ڕێتواڵ و فیستیڤاڵە شانۆییە لە وەرزی بەهاردا سازکراوە و دە ڕۆژی خایاندووە، شانۆنامەکانیش لە سێ ڕۆژی کۆتاییدا پێشکەش کراون. لە سەرەتادا تەنیا تراژیدیاکان بەشدارییان کردووە، بەڵام لە ساڵی ٤٨٦پ. ز-ەوە ڕێگا بە شانۆنامەنووسە کۆمیدییەکانیش دراوە بەشداری بکەن. بەهۆی بەشداری شاعیرە کۆمیدیاکانەوە، هەندێک ڕێسا و بنەمای دیکە بۆ تێکڕای نووسەرەکان دادەنرێت تا پەیڕەوی بکەن. بۆ نموونە شانۆنامەنووسە کۆمیدییەکان بوارێکی زیاتریان بۆ گوزارشتکردن و جۆری دەربڕینەکانیان هەبووە، بەڵام شانۆنامەنووسە تراژیدییەکان ئەو بوارەیان نەبووە. کۆرسی ناو شانۆنامە کۆمیدییەکان توانیویانە و بۆیان هەبووە ڕاستەوخۆ ڕووبکەنە بینەران، ڕەوتی شانۆنامەکە ڕابگرن و ڕای تایبەتی خۆیان سەبارەت بە مەسەلەیەکی هەنووکەیی، لە ڕووی ڕامیاری، ئابووری، هونەری، ڕۆشنبیری.. تاد دەربڕن و دواتر بگەڕێنەوە ناو ڕووداوەکانی شانۆنامەکە.

٩- ئەرەستۆ لە کتێبەکەیدا هونەری شیعر (پۆیەتیکا) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە شانۆگەری بە هەردوو جۆرەکەیەوە؛ تراژیدیاو کۆمیدی، لە هونەری شیعرەوە سەری هەڵداوە.

١٠- بە پێی هەندێک سەرچاوە بەشی دووەمی کتێبی هونەری شیعر دەربارەی کۆمیدیا بووە، بەڵام ئەو کتێبە فەوتاوەو نەگەیشتۆتە دەستمان.

١١- کاتاریس، پاکژبوونەوە، یان قوتاربوون، وشەیەکی، یان چەمکێکی گرانە و چەندین شیکردنەوەی بۆ کراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەموو پسپۆڕ و لێکۆڵەرەوان لەسەر ئەوە کۆکن کە مەبەست لە پاکژبوونەوەی دەروونە لە ترس و بەزەیی، ئەمەش بە هۆی پێشاندانی بەرهەمە تراژیدیاکانەوە. بۆ گەیشتن بەم مەبەستەش پێویستە تراژیدیا خوریە، یان ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو، گۆڕانکاری و جۆرە کارەساتێک لە خۆبگرێت.

**سەرچاوە:**

**SvD, Understrecket. Den antika komedin var ingen fars av Hans- Roland Johnsson, 2012.**

# ئیرۆتیک له شیعری «نالی»دا

هاشم سەڕاج

**تا سونبولی زوڵفت له نیهالی قەدت ئاڵا**
**من دوودی هەناسەم گەییە عالەمی باڵا**

**«نالی»**

زانا خەلیل له کتێبی «ئیرۆتیک له شیعری نالی»دا له ئەتمۆسفیری شیعرەکانی دیوانی نالی-دا بە وردی بەدوای بەیتگەلێکدا دەگەڕێت کە هەڵگری وروژاندنی شاوەتی و خرۆشانی ئیرۆتیکین، بە تایبەتی ئەو ڕستە شیعرییانەی تێیاندا مەمک و ماچ بە شێوەیەکی ئاشکرا گوزارەیان لێ کراوە، لە هەمان کاتدا بۆ دەوڵەمەندکردنی لێکۆڵینەوەکەی سەبارەت بە ئیرۆتیک، زانیارییەکی زۆری زانستی لە بارەی پێکهاتەی بایۆلۆژی مەمک و جۆر و شێوەکانی دەخاتە ڕوو، بە نیسبەت جۆرەکانی ماچیش بە هەمان شێوە، ماچی گۆنا و ڕوومەت و دەم نانە نێودەم...تاد هۆکاری سەرەکیش لەم هەوڵەدا دیارە مەبەست لە فەراهەم کردنی کەش و ڕێگا خۆشکردنێکە بۆ ئەوەی بتوانێت لە شیعرەکانی نالی-دا بەشێوازێکی ئێستێتیکی لە دەرکەوتنی، شێوەکانی مەمک و جۆرەکانی ماچ و ڕامووسان بدوێت، دواتر ئەتمۆسفێرێکی بۆ بڕەخسێت تا دیمەن و خەسڵەتە ئیرۆتیکییەکان بەشێوازێکی مۆدێرن و سینەمایی بخاتەڕوو، لێرەدا ئەوەی لای من جێگەی سەرنجە ڕەنگە بابەتی جۆرەکانی ماچ جۆرێک لە زانیاری بە خوێنەر ببەخشێت و لە هەمان کاتیشدا بابەتی لێکۆڵینەوەکە دەوڵەمەندتر بکات، بەڵام لێدوان لە پێکهاتەی مەمکی ئافرەت و دیاریکردنی جۆرەکانی ماسوولکە و هۆرمۆن و کەناڵی شیر...تاد بەشێوەیەکی نوێکاری، لەگەڵ ئەوەی حەقیقەتی پێکهاتەی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤە، بەڵام لە بواری ئەدەب و ژیاندا تاڕادەیەک لە ڕێژەی چێژی ئێستێتیکی و ئیرۆتیکی کەم دەکاتەوە، ئەم بابەتی توێکارییە لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە ڕوانینی نهێلستییەوە بۆ بوون و مەرگ و چارەنووسی بوون و جوانی، بۆ نموونە لە ڕۆمانی «دۆزەخ»ی (هێنری باربۆس)دا، لەش لە ڕێگەی ڕیتمەوە لەنێو دەچێت، لە ڕوویەکی دیکەوە،



ئەگەر لە چەمکی جوانی جەستە بدوێین هەست دەکەین جوانی هەمیشە بەشێوەیەکی فینۆمینۆلۆژی بۆ ئاگامەندی دەردەکەوێت، واتە وەک خۆی نەک بەشێوە و پێکهاتەیەکی توێکاری، زانا خەلیل هەوڵی داوە لە چەمکی ئیرۆتیک و پۆرنۆ و تەسەوف و هۆمۆ بدوێت، دواتر پرشنگی ئەم حاڵەتانە لە بەیتە جۆراوجۆرەکانی شیعری نالی-دا بدۆزێتەوە، بۆیە هاتووە بەیتگەلێکی زۆری لە دیوانی نالی دەرهێناوە و لەگەڵ لێکدانەوەکانی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، خستوونیەتە ڕوو.

زانا بۆ لێکدانەوەی بەشێک لەم بەیتانە بۆچوونی جیاوازی خۆی دیاری دەکات، پێی وایە [ئیرۆتیک بەشێکی گرنگی لە دیوانی نالی بۆ خۆی گرتووە، ئێمە هەوڵ دەدەین کە ئەو بەیتانە دەربێنین و بیسەلمێنین ئیرۆتیک تێمەیەکی گرنگی ژیانی نالی و شیعرەکانی نالی بووە].. لە هەمان کاتدا سەبارەت بە چەمکی سێکس و خۆشەویستی جۆرێک لە جیاکاری دەبینێت، بە تایبەتی لە ژیان و ئەدەبیاتی سۆفیگەریدا [هەندێک جار خۆشەویستی لەنێوان کەسانێک تا ئاستی گەیشتن بە ڕوح قوول دەبێتەوە و لەوێوە سێکس گرینگییەکی ئەوتۆی نامێنێ].

زانا لە لێکدانەوەی بەیتی «ساقی وەرە ئەمشەب»دا دەڵێت: دەگەینە حەقیقەتێک کە نالی خەیاڵ و فەنتازیاییەکی یەکجار جوانی خستووەتە کار بۆ دروستکردنی ئەو تابلۆیە، ئافرەتی کردووەتە ساقی، یان ساقییەکی ئافرەتی دروست کردووە. پێی وایە ڕەنگە نالی ئەم دیمەنانەی لە ئەستەنبووڵ و شام بینیبێت..تاد. ئەوەی ڕاستی بێت «ساقی» لە ئەدەبیاتی سۆفیزمدا هێمای جوانییە، جوانیش بە پرشنگەکانی، خودی زمان مەست و بارگاوی دەکات، لەوانەیە ڕەگو ڕیشەی ئەم بابەتی جوانییە لەلایەک بۆ فەلسەفەی ئەفلاتوونی و ئەفلاتوونە نوێکان بگەڕێتەوە، لەلایەکی ترەوە بۆ جوانی ئەو «غیلمان»انە کە شێوە و ڕوخساریان لە مرواری دەکا و ئەتلەس و ئیستەبرەق دەپۆشن و بە دەست و بازووی پڕ لە زێڕ و زەمبەر لە باغەکانی فیردەوسدا شەراب و مول دەگێڕن، هەڵبەتە ئەم حاڵەتی جوانپەرستی و غەزەل گوتن، یان پێداهەڵدان بە «غیلمان» نەک تەنیا لای نالی، بەڵکو ئەدەبی سۆفیگەری بەگشتی پڕاوپڕە لەم حاڵەتە، بۆ نموونە لای مەولانای ڕۆمی و ئیبن عەرەبی...تاد هەتا «مەلای جزیری»ش لە تێکستێکدا کە پەیوەستە بە مەیخانەی سۆفیگەرییەوە بانگی ساقی دەکات و داوای شەرابی عیشق و وەجدی خودایی لێ دەکات، چونکە جوانی لای سۆفییەکان ماڵی عیشقە و عیشقیش بەهەمان شێوە ماڵی جوانییە. لەلایەکی دیکەوە شیعر وەک سیستمێکی زمانی بەشێکی زۆری بە خەیاڵ و نائاگاییەوە پابەندە، یان بە شێوەیەکی تر زمان بۆ خۆی لەنێو نائاگاییدا دەژی، پانتایی نائاگایش لای «لاکان» شوێنگەی زمانە، واتە ئەوە زمانە لە جیهانی مەجازدا یاری بە ڕەهەندەکانی جوانی دەکات و لە ئەتمۆسفێرێکی خەیاڵئامێز و دەلالیدا بەرجەستەی دەکات، بەڵام گرنگی ئەم کتێبەی زانا خەلیل لەوەدا دەبینم کە بە گیانێکی بوێرانە هەوڵ دەدات لە بواری ڕاڤە و لێکدانەوەدا تابۆکان تێک بشکێنێت، تا ڕاڤەکار بگات بە ئاستێک لە ئازادی و هۆشمەندی دوور لە هەر ترس و نیگەرانییەک بتوانێت دەست بۆ تابۆ و تۆخمە حەرامکراوەکان و نەگوتراوەکان بەرێت و بە میتودی جۆراوجۆری، ئەنتۆلۆژی، فینۆمینۆلۆژی، هێرمنیوتیکی، دەروونشیکاری، ئیرۆتیکی، ئێستێتیکی..تاد ڕووبەڕووی تێکست بێتەوە و خاڵە نەگوتراو و دەلالەتە دواخراوەکان بدوێنێت و لە چرکەیەکی تایبەتدا مەرگی نووسەر ڕابگەیەنێت و چرکە ئیستێتیکی و خەیاڵییەکانی بوونی خۆی بنووسێتەوە، بەشێکی دیکەی ئەم کتێبە پێوەندی بە وروژاندنی تۆخمی پۆرنۆ و هۆمۆ، یان هاوڕەگەزبازییەوە هەیە لە شیعرەکانی «نالی»دا، بەڵام من وای بۆ دەچم نالی شیعری هاوڕەگەزبازی نەنووسیوە، ئەو نموونانەش کە خراونەتە ڕوو، زۆرتر پەیوەستن بە ئەدەبیاتی غەزەلی غیلمان و جوانپەرستییەوە، هەتا دەقی «ئەی تازە جەوان، عیشقی مەجازی و حەقیقی، ئەو تاقمە مومتازە..تاد ئەم دەقانە کارکردنن لەسەر جوانی ڕوخسار، یان جەستە بەگشتی کە سەرچاوەی جوانییە، چونکە ئەدەبی پۆرنۆگرافی.. خلیع.. خلاعە] بڕوای تەواوی بە ئیباحیەتی سێکسی

هەیە، ئەم دیاردەیەش لە شیعرەکانی نالی-دا بەدی ناکرێت، بەڵام نالی وەک شاعیرێکی نیگەران هەڵگری باکگراوندێکی جۆراوجۆری مەعریفییە، هەر لە شەتەحاتی میتافیزیکییەوە بگرە، هەتا هەستی ئیستێتیکی و ئۆنتۆلۆژی و جۆرێک لە سۆفیزمی نهێلستی، جوانی بەگشتی لای نالی سەرچاوەی بزواندن و بارگاوی کردنی زمانی شیعرە، بەڵام کاری جوانی دووەمی زانا خەلیل لەم کتێبەدا دوای تێکشکاندنی تابۆکانی تەئویل، کارکردنیەتی لەسەر دەقی «مەستوورە» بە شێوازێکی مۆدێرن و ئەلیکترۆنی، واتە لە ڕێگەی ئینتەرنێت و چات و webcam «ئەو کامێرا بچووکەی کە لەگەڵ کۆمپیووتەر دادەنرێت».. لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەیدا چەندین جار ئاماژە بە نووسینێکی «ڕێبوار سیوەیلی» دەدات، ئەوەی لەبیرم بێ «سیوەیلی» لە توێژینەوەیەکدا لە ڕوانگەیەکی دەروونیشکارییەوە هەندێک لایەنی دەقی «مەستوورە»ی نالی شی کردووەتەوە، لێرەدا دەمەوێ بڵێم ئەگەر دەقی «مەستوورە» دەقێک بێت سەد لە سەد «نالی» نووسیبێتی، ئەوە دەکرێت ئەم دەقە بە ئەزموونی دەقی «یازدە خولەک»ی پاولۆکۆیلۆی بچووێنین، چونکە ڕۆمانی یازدە خولەک سەبارەت بە ڕۆمانەکانی دیکەی پاولۆ وەک کیمیاگەر و ئەوانی تر کە من دەربارەی زۆربەیانم نووسیوە و لەگۆڤاری «ڕامان»دا بڵاوبوونەتەوە. بەلادان و وەرچەرخانێکی تایبەتی دنیابینی و هەستی دادەنرێت، کە تێیدا «ماریا»ی سۆزانی بیرەوەرییەکانی سێکسی و چرکەکانی ئۆرگازم دەنووسێتەوە و لەگەڵ «نیاە» کچە سۆزانی لە چەشنەکانی کۆندۆم دەدوێن... بۆیە دەتوانم بڵێم تێکستی «مەستوورە»ی نالی جیا لە هەموو دەقەکانی دیکەی پڕاوپڕە لە هەڵچوونی سێکسی و دەربڕینی مانا بە شێوازێکی ڕاستەوخۆیی، لە هەمان کاتدا نالی لەم تێکستەدا بە زەین و عەقڵیەتێکی پاتریارکی «باوکسالاری» و بەشێوەیەکی تۆڵەسەندنەوە لە مەستوورە و جەستەی مەستوورە دەڕوانێت، پاشان دەنگی «منی نووسەر» ڕاوی.. کە سیوەیلی و زانا جەختی لەسەر دەکەن زاڵە بەسەر پانتایی نووسیندا، کەچی لە زۆربەی دەقەکانی نالی-دا دەنگی «منی نووسین»، یان خودێکی خاوەن ڕوانینی مەعریفی، دەربڕی سەرەکی شیعرەکانن، بۆیە تێیاندا هەست و هزر و ڕیتم و دنیابینی لە میان زمانەوە پڕشنگ دەدەن، پاشان دەتوانم بڵێم نالی شاعیرێکی ئیستێتیکییە و لە زۆر شوێنیشدا کە زانا خەلیل جەختی لەسەر دەکات ئیرۆتیکییە، بەڵام بەدیوی دووەم و ڕاستەقینەکەی نەک شەهوانییەکی باوکسالاری و ئینتیقامی و هەوەسپەرست، بەڵکو لە چەمکی مۆدێرنی ئیرۆتیکدا جەستە لە گەمەی سێکسیدا بەرانبەر بە بوون و جیهان و مەرگ لە هاوسەنگییەکی بەشداری سێکسیدا یارییەکانی جەستە ئەنجام دەدات، واتە چێژ و لەززەتی سێکسی قۆرخ ناکرێت، بەڵکو ئیرۆتیک دژی داگیرکردنی جەستەیە، ئەمەش پێوەندی بە ڕۆشنبیری سێکسی و کراوەیی زەینییەوە هەیە، چونکە عەقڵی باوکسالاری بەرهەمی چەندینساڵەی کۆمەڵگەی دواکەوتووە، کۆمەڵگەی بەرخۆر کە تێیدا ئافرەت بەشمەک کراوە و چەشنی ئامێر و ئامرازێکی بەتاڵکردنی سێکسی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، نالی لە سەرجەم تێکستە شیعرییەکاندا شیعری «مەستوورە»ی لێ بترازێت، ئەم زەین و ڕوانینە باوکسالارییەی پراکتیزە نەکردووە، بۆیە ئەو دەقەی کە بۆ مەستوورە خانم نووسراوە دەکرێت بە گومانەوە لێی بڕوانین، خۆ لە هەمان دیوانی نالیشدا دەقێکی بەنێوبانگی «مستەفا بەگی کوردی» بەدی دەکرێت کە خراوەتە پاڵ «نالی».

ئیتر دەتوانم بڵێم زانا خەلیل لە کتێبی ئیرۆتیک «لە شیعری نالیدا» کۆمەڵێک بابەتی قەدەغە کراوی وروژاندووە کە لە بنەڕەتدا بابەتی ژیانین و پابەندن بە بوون و حەز و خولیای مرۆڤەوە، بە تایبەتی چەمکی ئیرۆتیک، کاتێک جەستە لە کەشێکی سێکسیدا دەردەکەوێت، سەرتاسەری بەش و پفتەکانی بە زمانی ئیرۆتیکی گوزارە لە چێژگەلێکی شین دەکەن، بۆیە زانا لە دوابەشی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵی داوە لە میان کەشوهەوایەکی سێکسییەوە دەلالەتە ئیرۆتیکییەکانی دەقی «مەستوورە»ی نالی شی بکاتەوە، شیکردنەوەیەک لە ڕێگای «چات» و

فـەنتـازیای کـامـێـراوە «نالی» و «مەسـتـوورەی مـاه شـەرەف خـانم» خـەریکی پێـوەندی گـرتن و زوومی کـامێـرا دەخـرێتـە سـەر بوقـعـەکـانی جەستەی مەستوورە و زانا دەیەوێت لـە ڕێـگـەی ئـەم خـــــوێـنـدنـەوە ئیـرۆتیکیـیـەوە جـەسـتـە بگـاتە ئاسـتەکـانی پۆرنۆ، واتە جەسـتـە بە ڕووتو قووتی دەربکەوێت و جوانییە شـاراوەکـانی بخـاتە ڕوو، کـەواتە خـــەونـەکـــەی نالی لـە بنەڕەتدا خەونێکی زمانیـیە، بەڵام زمـانێک تێیـدا سێکس، یان ڕێساکانی نێو نائاگـایی یاریـیـە ئیـرۆتیکیـیـەکـان ئەنجـام دەدەن، ئیـتـر زانا خـەلیـل لە ڕێگەی شـــیکردنەوەی هێـــمـــا و دەلالەتە سـێکسـیـیـەکـانی دەق و خـولـقـاندنی جـۆرێک لە کـەشی فـــەنـتـــازی و دیالـۆگ لـەگــەڵ لێکۆڵینەوەکـەی ڕێبـوار سـیـوەیلی هێــدی هێــدی خـــەیاڵی شـــینی لێکۆڵینەوەکە دەگەیەنێتە لووتکەی چێـژی سـێکسی «ئۆرگـازم» بە من لێـــــرەدا هێـــــمـــــا و دەلالـەتە سێکسییەکانی نێو دەقی مەستوورە بۆ خـوێنەر جێ دێلّم و دەتوانێت بۆ دەقـەکـە بگەڕێتـەوە، ئەم هەوڵەی منیش خوێندنەوەیەکی بە پەلەیە بۆ کتێبی «ئیرۆتیک لە شیعری نالیدا» دەکــرێت لە دەرفـــەتێکی دیکەدا خوێندنەوەیەکی جیای بابەتیانەی بۆ ئـەنجـــــام بـدەم و بـەش و تـەوەرە جـــیـــاوازەکـــانی لێکـۆڵینەوەکـــە وەربگرم، لە یەکە یەکەیان بدوێم، بە تایبـەتی دەقی «ئیلتـیـقـای پۆلا و ئاسن»ی نالی، کـە زانا خـەلیـل لەم کـتێـبـەدا زۆر بە وردی لە هێـمـا و دەلالەتە سێکسییەکانی دواوە.

**سەرچاوە:**
**ناوی کـتـێب: ئیـرۆتیک لە شـیـعـری نالی-دا**
**نووسەر: زانا خەلیل**
**بابەت: لێکۆڵینەوە**
**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس**
**چاپی یەکەم ٢٠١٢**
**چاپخانەی ئاراس- هەولێر**

# ئەشكەوتەكانی هایدرا هۆدا هۆسی سەلیم بەرەكات سەرزەمینی وەستا ئەفسوناوییەكانی خەنجەر و ناڵ

**بەكر دەروێش**
**(خورماتوو)**

شاعیر و ڕۆمانن‌ووسی كوردی ڕۆژئاوای كوردستان عەرەبی نووس، سەلیم بەرەكات، كە ئێستا نیشتەجێی وڵاتی سوێدە، تاكو ئێستا خاوەنی زیاتر لە ٣٠ بەرهەمی چاپكراوە لە شیعر و ڕۆمان، لەم دواییەدا ڕۆمانی ئەشكەوتەكانی هایدرا هۆداهوسی كە چاپی دووەمی ساڵی ٢٠٠٦ لە دەزگای عەرەبی بۆ لێكۆڵینەوە و وەشاندن لە بەیرووت دەرچووە كەوتە بەردەستم و خوێندمەوە، ئەنجامی خوێندنەوەكەشم ئەم كورتە وتارەی لێ كەوتەوە.




### فەزای گشتی ڕۆمانەكە

ئەم ڕۆمانە ناوی ئەشكەوتەكانی هایدرا هۆدا هۆسە و لە (١١٠) لاپەڕە و لە سێزدە بەش پێكهاتووە، هەر بەشەی ناونیشانێكی تایبەتی هەیە، كە هەم وەك بەشێك لە ڕۆمانەكە و هەم وەك بەشێكی سەربەخۆش دەخوێنرێتەوە، بەشەكانیش ئەمانەن (گفتوگۆی گارتیماس و سۆسینۆ، سیونی- هایدرا هۆدا هۆس، تابلۆی ئینستۆمیس، ئۆرسین، لێكۆڵینەوەكانی كیدۆمی كاهین، خەیاڵی تیتۆنا، سمەكانی گانیاس، تاییس، چەغماغە لە ئەشكەوتی گەورە، ئەزینون، خەنجەری دیدیس، حیلكە، تەپوتۆزی شاعیران) وەك ئاماژەم پێدا كۆی ڕۆمانەكە لەم بەشانە پێكهاتووە، كە هەر خودی خۆشیان تەكنیكی چنینی ڕۆمانەكەن، گێڕەوەی ئەم ڕۆمانە كەسێكە لە دەرەوەی كارەكتەرەكانی ڕۆمانەكەوە دەیگێڕێتەوە، بەڵام لە زۆر جێگەدا شوێن بۆ ئەوان چۆڵ دەكات تاكو بە شێوەی گفتوگۆ و دیمانە قسە و باسەكانیان بۆ یەكتر بگێڕنەوە و چنینی ڕۆمانەكە و تەواوكردنی باسی ڕووداوەكان بكەوێتە ئەستۆی خۆیان، تەكنیكی ڕۆمانەكە ئاڵۆز نییە، بەڵام زمانی نووسینەكەی گرانە و بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات، چونكە شعرییەت بەسەریدا زاڵە، هەروەها وشەی كۆن و ڕستەی ڕەوانبێژی قورسی بەكار هێنانەوە، ئەمەش وای كردووە هەموو كەسێك لێی تێ نەگات و زۆركەسیش خۆیان لەقەرەی خوێندنەوەی نەدەن، ئەو كەسەی بەوردی ڕۆمانەكە

بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت کە بەشەکان یەکتر تەواو دەکەن، بەڵام مەرج نییە لەکوێ بەشی یەکەم تەواو بوو، بەشی دووەم دەست پێ بکات، گرنگ ئەوەیە خوێنەر بەتەواوی لەو بەشەی دەیخوێنێتەوە تێدەگات، هەروەها لە هەمان کاتیشدا پێوەندی بەتەواوی بەشەکانی تری ڕۆمانەکەوە هەیە، چونکە لە هەر بەشێکدا، ئەگەر نەڵێین هەموو کارەکتەرەکان کە زیاتر لەبیست کارەکتەرن ئامادەن، ئەوە بەشێکی بەرچاویان بەجەستە، یان بەناو ئامادەن، کە گرنگتریان ئەمانەن (گارتیماس ، سۆسینۆ، سیۆنی، ئنستۆمیس، ئنکسامیدا، گانیاس، سافینۆس، ڕۆسینا، کیدرۆمی، ئۆرسین، ئەکسیانۆس، تیتۆنا، دیدیس، تیتۆنا، ئەزینۆس) لەگەڵ چەندان کارەکتەری دیکە کە لە ڕۆمانەکەدا ڕۆڵیان لەمانە کەمترە، ئەم کارەکتەرانە هەموویان یەکتر دەناسن و ئاشنا و خزم و کەسوکاری یەکن، هەر هەموشیان خەڵکی مەملەکەتی هۆدا هۆسن، کارەکتەرەکان وەک ئینسان قسە دەکەن، بەڵام بەجەستە نیوەیان ئینسانە و نیوەکەی تریان ئەسپە، واتە سەریان سەری بنیادەمە و لاشەیان هی ئەسپە، هەمیشە پێش قسەکردن، بەگوێرەی ئەو قسەیەی کە دەیکەن حیلکەیەکی هێواش دەکەن، بۆ نموونە ئەگەر هاتو ئەو قسەیەی کە دەیکەن خەماوی بوو ئەوە حیلکەیەکی(*) خەماوی لەپێشییەوە دەکەن، بەڵام ئەگەر هاتو کەیفساز و خۆش بوو، ئەوە حیلکەیەکی خۆشی بۆ دەکەن، ئیتر بەم شێوەیە بەپێی قسەکردنیان دەحیلکێنن، خەڵکی مەملەکەتی هۆدا هۆس بە پاڵەوان و کارەکتەرە سادەکانیشیانەوە چەند تایبەتمەندییەکیان هەیە، لەوانە وەک ئاماژەم پێدان سەروملیان هی ئینسانە لای پاشەڵیان هی ئەسپە، هەروەها بێجگە لەکلک شاخیشیان هەیە، هیچ کەسێکی ئەم مەملەکەتە خەونێکی تەواو نابینێت، بەڵکو نیوخەون دەبینێ و یەکێکی تر نیوەکەی دی دەبینێت و تەواوی دەکات، هەرکەسەش نیوەی خەوەکەی تەنیا بۆ ئەو کەسە دەگێڕێتەوە کە نیوەکەی تری بینیوە، بەڵام هەندێک جار بەهێما و ئیشارەت ئاماژە بۆ ناوەڕۆکی خەونەکانیان دەکەن، وەلێ ڕاستەخۆ بۆ کەسی تری ناگێڕنەوە، بێجگە لەو کەسەی کە نیوەکەی تری بینیوە، بۆیە پێویستە هەر کەس بۆ ئەو کەسە بگەڕێ کە نیوەی خەوەکەی ئەوی بینیوە، بۆ نموونە ڕۆمانەکە لەبەشی یەکەمدا بەم ڕستەیە دەست پێ دەکات (ئایا نیوەی تری خەونەکەمت دۆزییەوە، ئەی هۆدا هۆس سنینۆ) هۆدا هۆس لێرەدا وەک پاشگر و پێشگر زۆرجار لە ڕۆمانەکەدا دووبارە دەبێتەوە، هەم بەمانای شوێن و وڵات، هەم بەمانای نازناویش دێت، وەک بڵێین (ئەی ئەحمەدی کوردستانی، یان ئەی کاک ئەحمەد، ئەی ئەحمەدی ئێرانی، یان ئەی فەرەنسی میتران، یان ئەی هۆدا هۆسی ئەمیر، وەک ئەوەی بڵێیت ئەی ئەمریکی جۆرج، هەروەک چۆن لەزمانی کوردیدا بە هەموو کەسێک دەڵێین کاک فلان، ئەویش ئاوایە) خەڵکی ئەم مەملەکەتە تەنیا بیست ساڵ دەژین، لەشەش ساڵیدا ژن دێنن، لە یازدە دوازدە ساڵییەوە ئیتر بەرەو پیری دەچن و لەبیست ساڵی دەمرن، هاوسەرگیری لەنێوان ئەو دووکەسەدا دەبێت کە بەپێی ڕێکەوتنی خۆیان یەکتر هەڵدەبژێرن، واتە هەرکەسێک دەبێت هاومل و هاوەڵی خۆی بدۆزێتەوە، وەک سێبەر و ئەو شتەی سێبەرەکەی لێکەوتووەتەوە، زیاتریش لەنێوان ئەو کەسانەدا دەبێت کە نیوە بەنیوەی خەونێکیان بینیوە، یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی خەڵکی هایدرا هۆدا هۆس ئەوەیە هەرکەسە و دوو خەنجەری پێیە، هەر خەنجەرەی لەبن هەنگڵێکیدا لەکیلانێکدا هەڵدەگرێت، هیچ کەسێک نابینیت لەم مەلەکەتەدا یەک خنجەری پێ بێت، هەروەها وەک ئاماژەم پێ دا لەپێشی هەموو قسەکردنێکیانەوە حیلکەیەکی هێواش و نەرمی بۆ دەکەن، ئینجا قسەدەکەن، گوزەرانی خەڵکی ئەم مەملەکەتە دەکەوێتە چەرخە کۆنەکانەوە، چونکە لە ئەشکەوتەکاندا دەژین، ئەو شتانەش کە وەک دەفر و قاپو قاچاغ بەکاری دەهێنن بریتییە لە دروستکراوی بەردین و قوڕ، بۆ بژێوی ڕۆژانەشیان گەنمەشامی دەچێنن، لە جیاتی پەزوپۆڵەش قاز بەخێو دەکەن، خواردنیشیان میوە و گژوگیا و سەوزەوات و گۆشتە، بەڵام بیرکردنەوە و تێگەیشتنیان لە دنیا و لە ژیان فەلسەفییانەیە و لێکدانەوەیان بۆ شتەکان لە ئاستێکی هۆشمەندی باڵادایە، بە گشتی ڕەنگ دەپەرستن و باوەڕیان بەهێز و توانایی ڕەنگەکان هەیە و

وەک خواوەند تەماشای هێزی بە جەستەبووی ڕەنگەکان دەکەن، سوێندی پێ دەخۆن، هەر لەم بوارەشدا زۆر بایەخ بە وێنەکێشان دەدەن و ئەشکەوتەکانیان پڕە لەوێنەی سەیر سەیر، لە خۆڕازاندنەوە و جوانکاریدا تاڕادەی بەرباد بوون بایەخ بە خۆیان دەدەن، تەتک و لەرزانە و ملوانەکەی هەمەچەشن لەخۆیان دەدەن، خۆشەویستی و حەز لە یەکترکردنیش لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی کەم، چونکە ئەوان مرۆڤگەلێکی زۆر جددین و تاڕادەیەکیش لە دروستکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا وشکن، ئەگەرچی حەزیشیان لە گاڵتەوگەپ و یاری هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر کلکیان بەکار دەهێنن، هەروەها شەڕ و لەشکرکێشیش دەکەن، مردووەکانیان وشک دەکەنەوە و لە ئەشکەوتێکی تایبەتدا هەڵیان دەگرن، ئەو بنەماڵەیەی ڕۆمانەکە قسەیان لەسەر دەکات بنەماڵەی هۆدا هۆسە کە لە بنەماڵەی خانەکانی هۆدا هۆسە، کە وەک ئەمیر و وەجاخزادە حوکمڕانی مەملەکەتی هایدرا هۆدا هۆس دەکەن، لەچوارچێوەی بەسەرکردنەوەی ژیانی تایبەتی ئەمماڵباتەوە ژیان و بیروبۆچوون و ژینگە و گوزەرانی ئەم مەملەکەتە ئاشکرا دەبێت.

### شوێن لەم ڕۆمانەدا

لەم ڕۆمانەدا شوێن بوونێکی فراوان و هەمیشەیی و سەرانسەری هەیە، بە شێوەیەک ڕووبەری تەواوی ڕۆمانەکەی داگیر کردووە، بۆیە بە هیچ شێوەیەک ناتوانین وێنای بوونی ئەم ڕۆمانە بەبێ شوێنەکەی بکەین، کە ئەشکەوتەکانی ئیمارەتی هایدرا هۆدا هۆسە، شوێنی ئەم مەملەکەتەش وەک جوگرافیا و جێگە دیاری نەکراوە، بۆیە خوێنەر نازانێت ئەم مەملەکەتە دەکەوێتە کوێی گۆی زەوییەوە، لە چ قارە و کیشوەرێکدایە، بەڵام ئامادەبوونێکی توندوتۆڵی هەیە، بە شێوەیەک کە خۆی بەسەر هەموو بەشەکان و کارەکتەرەکانیشدا سەپاندووە، لەگەڵ ئەوەشدا خوێنەر هەست دەکات شوێنی ئەم ڕۆمانە شوێنێکی ئاشنا و دیارە و پێی نامۆ نییە، نەک وەک ئەوەی کە ئەشکەوتەکانی هایدرا هۆدا هۆسە، بەڵکو وەک ئەوەی هەست دەکات لە شوێن و کاتێکدا ئەم مەملەکەتەی دیوە و دەیناسێت، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە شوێن لەم ڕۆمانەدا تاڕادەیەک توندوتیژ و بێ بەزەییە و بەسەر چەند ئەشکەوتێکدا دابەش بووە کە هەر ئەشکەوتێکی بۆ مەبەستێک بەکار دێت، هەروەک چۆن ئێستا هەر ئەپارتمانێک هی وەزارەتێکە لەوێش هەر ئەشکەوتێک هی هەڵسووڕاندنی کاروبارێکە، گرنگتریان ئەشکەوتی گەورەیە، کە لەوێدا ئیمارەتی هایدرا هۆدا هۆس بەڕێوە دەبرێت، کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە بەتەواوی ملکەچی حوکمەکانی شوێنن و ناتوانن لەیاساکانی شوێن دەرچن، ئەشکەوتەکانی هایدرا هۆدا هۆس کە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەیان لەخۆ گرتووە و هەموو ڕووداوەکان لەوێدا ڕوودەدەن، بەتەواوی هەموو گێڕانەوەکەیان کۆنترۆڵ کردووە، تەنانەت وای لە گێڕەرەوەش کردووە ئەویش بکەوێتە ژێر کاریگەری شوێنەوە و نەتوانێت لە دەرەوەی هێز و توانایی ئەوان هیچ شتێک بگێڕێتەوە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو سەرتاپاگیرییەوە دێت کە شوێنی ئەشکەوتەکان لە ڕۆمانەکەدا هەیانە، بەمەش هیچ بوارێکیان بۆ پەراوێزخستنی شوێن نەهێڵاوەتەوە، ئەگەر شتێکی لەم بابەتە بەخەیاڵی گێڕەوەریشدا بێت، ئەشکەوتەکان زۆربەیان دەکەونە ژێر چەند چینێکی زەوییەوە و لەوێدا جێگیرن، ئەو وێنانەی ڕۆماننووس بۆ ئەم ئەشکەوتانەی کێشاوە لەبیناو دیکۆر و دیزایندا هەر لە ئەشکەوتەکانی شاری ئەنباتیای ئێستای وڵاتی ئوردن دەچێت کە شوێنێکی بەردین و تاوێراوی و ڕەقوتەقە، لەدەیان ئەشکەوت پێکهاتووە، هەروەک لەچوارچێوەی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەوە بۆمان دەردەکەوێت شوێن شوێنگەلێکی ڕەقوتەق و بێ سەوزەڵانییە، باسی دارودرەخت زۆر بە کەمی هاتووە و بوونی دەگمەنە، تەنانەت تەنیا چەند جارێک باسی ئاو و ڕووبار هاتووە، ئەگینا سەرتاپای ڕۆمانەکە بریتییە لە زەوی وشک و ڕەقوتەق و تاریک، لە جیاتی دار و سەوزەڵانیش هەمووی بەردو کۆڵەکە و ئەستوونی ڕەقوتەقی لەبەرد دروستکراوە، ئەمەش شایەتی ئەوە دەدات کە شوێن شوینێکی دڕو بێ بەزەییە، ئەگەرچی ئاشنا و دیارە، بەڵام بەنیسبەت کاتەوە کە هەمیشە هاوپێچی شوێنە، لەم ڕۆمانەدا بۆ

چەرخە بەردینەکان دەگەڕێتەوە، ئەو کاتانەی کە مرۆڤ لەنێو ئەشکەوتەکاندا دەژیا و کردبوونییە شوێنی نیشتەجێی خۆی، بۆیە لێرەدا بەهیچ شێوەیەک ناتوانین کات لە شوێنەکەی جیابکەینەوە و وەک چەمکێکی سەربەخۆ هەڵیسەنگێنین، هەروەها کات لەم ڕۆمانەدا خەسڵەتێکی دیکەشی هەیە ئەوەیش ئەوەیە کە لەسەر هێڵکی ڕاست دەڕوات و لوول خواردن و پێچاوپێچی تێدا نییە، واتە لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە دەست پێ دەکات و لەگەڵ ئەویشدا کۆتایی دێت.

## زمانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە

ئەم ڕۆمانە لەلایەن گێڕەرەوەیەکەوە دەگێڕدرێتەوە کە ئاگای لە زۆربەی ڕووداوەکانە، بەڵام نەک بە شێوەیەک کە ئەو ڕووداوەکان دروست بکات، یان بیانجووڵێنێ، بەڵکو وەک یەکێک لە شوێنێکەوە چاودێری ڕووداوەکان بکات و بیانبینێت و قسەیان لەسەر بکات، ئەمەش جیایە لەو گێڕەرەوانەی جاران کە هەموو شتێکیان دەربارەی کارەکتەر و ڕووداوەکانی ڕۆمان دەزانی، ئەو زمانەی ڕۆمانەکەی پێ دەگێڕدرێتەوە وەک پێشتریش ئاماژەم پێ دا، زمانێکی ڕەوانبێژی بەرزە، کە زۆر لە شیعرەوە نزیک بووەتەوە، بەرادەیەک لە هەندێک شوێندا لەگەڵ شیعردا جیاناکرێنەوە، ئەمەش وای کردووە کە خوێندنەوە و تێگەیشتن لە ڕۆمانەکە نەختێک گران بێت، بەتایبەتی لەکاتی هەوڵدان بۆ گرێدان و بەستنەوەی ڕووداوەکان بەیەکەوە، چونکە تەنانەت قسە و دیالۆگی کارەکتەرەکانیش بە شێوەیەکی فەلسەفییانە و شیعرانەیە، مەگەر تەنیا خەڵکی ئەم دەڤەرە ئاوا قسە بکەن و لەیەک بگەن، بۆ نموونە سەرەتای بەشی دووەمی ڕۆمانەکە ئاوا دەست پێ دەکات (لە بەیانییەکی گەروو ناسکدا، کە کزە گۆرانییەکانی ستوونی پیرۆزی ئەشکەوتەکانی هایدرا هۆدا هۆس هەڵیاندەمژی، سەرزەوی وەستا ئەفسووناوییەکانی خەنجەر و ناڵ، شازادە سیۆنی لە ژوورە بەردینییەکەی هاتەدەر، بەڕووی هەیوانی ئەشکەوتەکەیدا بزە دەیگرت، سفرە کوچکینە شەست و شەش باڵەکەی بە هەموو ئامادەکارییەکەوە ئامادەبوو، میوەی بەر سێبەر و میوەی بەرخۆر بەتەنیشت یەکەوە لە لەگەن نرابوون، گەڵای دەلبوس، ساقی هیلیۆنی ناسکی کووزکراو، لەگەڵ هەندێک ناوکە کوولەکەی هەڵکێشراو لەترشەلۆکی شەرابێکی تفت، ئا ئەمانە بوو کە دەمی سیۆنی لیکی بۆ دەکرد)، یان لەبەشی سێیەمدا ئاوا باسی زانست دەکات لەلای هۆدرا هۆسییەکان (زانستی بۆماوە، بە تەواوی تایبەتمەندییە کۆپیکراوەکانییەوە دەبارەی یاساکانی شەو و ڕۆژ، لەلای ئەنستۆمیس نووسراوەیەکی پەیکەرە دیار و نادیارەکان هەبوو، کە لەسەر تەختەیەلێک بوون دەکرا بگوێزرێنەوە، کە لەسەر دیواری ئەشکەوتە ناو بەتاڵە پێچاوپێچەکەشدا هەیە، ئەوەی کە بنمیچەکەی لەسەر هەشت ستوونی سەوز ڕاگیراوە، هەر ستوونێکیشی لەنێوان بۆشاییەکی کەوانەییدایە کە گوێچکەیەکی بۆ دانیشتن لێ بووەتەوە) زمانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە زمانێکە پڕ لەوێنەی شیعری جوان جوان، وێنەگەلێک کە سرووتێکی تایبەتیان خوڵقاندووە بۆ خوێندنەوە و لەزەت لێ وەرگرتن، هەروەها زمانەکەی بەدید و بۆچوونی فەلسەفییانەی قووڵ بارگاوی کراوە، بە شێوەیەک بووەتە سەرچاوەی لێکدانەوەی جیاجیا، بڕوانە ئەم دیالۆگە (سیۆنی جاخەکەی کردەوە، ئاوێنە چکۆلە مشتووی دارەکەی لێ دەرهێنا، ئەوەی کە لە یەکێک لە نۆکەرەکانی خواستبوو، "ئەمە وێنەکەمە" وای گوت، سەیرێکی خۆی کرد، ئینجا بەسەر دانیشتواندا گێڕای"وێنەکەم دەبینن" حیلکەیەکی هێواشی بۆ کرد (ئەرێ بۆ بە ئاوێنە سوێن نەخۆین؟) دانیشتوان بەقەڵسییەوە حیلکاندیان. " ئێمە جگە لە ڕەنگ بە هیچی تر سوێن ناخۆین" ڕازگری گەنجینەی چەکوچۆڵ-خەنجەر وای گوت. "ڕەنگ چییە؟" شازادە لەو کاتەی ناوکە کوولەکەیەکی ترشی دەمژی ئەمەی لێ پرسین، " تۆ گیژەلووکەی. ڕوحیشت باگێژەیە ئەم بەیانییە، ئەی هۆدراهۆسی شازادە" ڕازگری گەنجینەی چەکوچۆڵ- خەنجەر وای گوت. میدراس خۆی تێ هەڵقورتاند" ڕەنگ ڕێکەوتە ئەی هۆداهۆسی شازادە". زمانی ڕۆمانەکە زمانێکی سادە و ساکار نییە، کە هەموو خوێنەرێک بە ئاسانی تێی

بگات، بەڵکو زمـانێکی تایبـەتە، کەس زمانی ئاوا بۆ ئاخافتنی ڕۆژانە بەکـار ناهێنێت، بەڵکو لە قـسـە و دیالۆگی شـازادە و شـاعـیـران و ئەربابانی سەنعەتی زمان و ئەدەبی کـۆنی عـەرەب دەچێت، کـە ئاوا قـسـەیان دەکـرد، فـەزای زمـان، ئەگەرچی لەئاستێکی ڕەوانبێژی باڵادایە، بەڵام تا ڕادەیەک داخراوە، بەو مانایەی کە تەنیا کەسانێکی هەڵبژاردە بەکاری دەهێنن، سەیری ئەم پەرەگرافە بکە (خەون ڕەنگە، ئەگەر ئاشکرای بکەین سووکایەتی پێ دەکەین، ئەی هۆداهۆسی شازادە "من سووکایەتی بە ڕەنگ دەکەم" شازادە وای گوت. ئەو کۆڵەکانەی کە هەقیقەتەکان لە خەیاڵی مەخلوقاتەکانی هۆداهۆسدا لەسەری وەستابوون لەرزین: ئەوان بە ڕەنگ نەبێت سوێند ناخۆن، لەخواوەندی- ڕەنگ نەبێت لەهیچ خوایەکی تر ناپاڕێنەوە) بەم زمانە ڕۆمانەکە دەگێردرێتەوە، کە زمانێکە لە شیعر و پەخشانەوە نزیکترە وەک لەوەی تەنیا زمانی گێڕانەوەیەکی ڕووتوقووت بێت، هەڵبەتە زمانەکە بە عەرەبی جوانترە، چونکە وەرگێڕان هەندێک لە ڕەونەقی جوانییەکەی دەکوژێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چێژێکی تایبەتی خۆی هەیە، بەم شێوەیە گێڕانەوەی ڕۆمانەکە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە بەشی کۆتایی کە بەشی تەپوتۆزی شاعیرانە کە ئاوا دەست پێ دەکات (ئەی فەریکە با، ئەی شانەکراو بەشانەی هەقیقەتێکی فەریک، ئەی چرپەی ڕەنگ بۆ ڕەنگ، ئەی بای نەخشدار لەسەر ئاوەزی هایدرا هۆداهۆس، ئەی چاوی بیابانەکان، چاودێرم بە تا چاودێرت بم، تۆ تەنیای، بە منەوە تەنیا نابیت، بیابانەکان فراوان کە، بیابانەکان، بیابانەکان کەم کە، سەرفراز دەبیت، ئەگەر بەناوی کلیلەکانەوە بانگم کردی، دەستبەسەر دەبی، ئەگەر بەناوی کۆتەکانەوە بانگم کردی، لەگەڵ مندا دەژی، لەگەڵ مندا گەورە دەبی، لەگەڵ مندا پیر دەبی، نیوەی خەونەکەت من دەیبینم، تۆش نیوەی خەونەکەی من دەبینی، ئەی با).

**کۆتایی**

کۆتایی ڕۆمانەکە وەک زۆربەی کارەکانی سەلیم بەرەکات کۆتاییەکی واڵایە، بەو پێیەی بەشی کۆتایی نابێتە دووماهی ڕووداوەکان، بەڵکو تەنیا دەبێتە کۆتایی خودی ئەو بەشە، واتە بەشی کۆتایی، نەخاسمە کۆتایی هاتنی هەر بەشێک مانای وا نییە کە ڕۆمانەکە بەرەو کۆتایی دەچێت، بەم شێوەیەش ڕۆماننووس بەشێکی دیاری نەکردووە تاببێتە بەشی کلیلدانی بەشەکانی تر و لەوێدا ڕۆمانەکە کۆتایی بێت، بەڵکو کۆتاییەکەی بەکراوەیی هێڵاوەتەوە، بە مەرجێک ئەگەر بە گوێرەی کۆی گشتی ڕۆمانەکە سەیری بکەین و مامەڵەی لەگەڵکدا بکەین، ئەمەش شێوەیەکی تازەیە لە تەکنیکی چنین و نووسینی ڕۆماندا، چونکە کۆتایی دوا بەش وەک ئەوە نییە چۆن لە دەرگایەکەوە بچیتە دەرەوە و لەدوای خۆتەوە ماڵ بێت، یان حەوش بەجێی بهێڵیت و دەرگاکەی قفڵ کەیت، دوای ئەوەی ماوەیەک لەوێدا سووڕاویتەوە و بەسەرت کردووەتەوە، بەڵکو وەک ئەوە وایە لەگەڵ دەرکەوتنت لە هەر ژوورێک لە ژوورەکان لەگەڵ خۆتدا دەرگای ئەو ژوورەشت داخستبێت، ئا بەم شێوازە لە ماوەی خوێندنەوەی سەد و دە لاپەڕەدا سەلیم بەرەکات ناچارمان دەکات بەناو دنیایەکی پڕ لە فانتازیاو سەیروسەمەرەدا بگەڕێین و کونوقوژبنی ئەو دنیا دەستهەڵبەستە بەسەر بکەینەوە، دنیایەک کە وێنەکانی بە ئاسانی لەبیرمان نەچێتەوە.

سەرنج: بۆ ئەسپ حیلە بەکاردێت لە جیاتی حیلکە، حیلکە بۆ مرۆڤ بەکاردێت.

(ڕامان)

**بە بۆنەی داگیرساندنی مۆمی حەڤدە ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ـەوە**

# گۆڤاری ڕامان جێی متمانەی ڕۆشنبیران و نووسەرانی هەموو پارچەکانی کوردستانە

**ئاری بابان ***
**(سلێمانی)**

گەرچی گۆڤاری ڕامان لە زەمەنی ململانێ و ڕکەبەرایەتی سیاسیی کوردستان دەستی بەکارکردن کرد، بەڵام گرنگترین سیمای ئەوەبوو کە تەنیا و تەنیا بایەخی بە مەسەلەی ڕۆشنبیری و ئەدەب و هونەر داوە و هەردەم مینبەری سەرجەم ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان بووە بەبێ ئەوەی خۆی لە ململانێیی سیاسی بگلێنێ، بێ گومان ئەم بۆچوونەش بڕواو متمانەیەکی گەورەی لەنێو نووسەران و ڕۆشنبیراندا پێ بەخشی و خاوەن قەڵەمە بەهێزو پێزەکانی لەخۆ کۆکردەوە و بوو بە مینبەرێک، نەک تەنیا بۆ نووسەران و ئەیبان و ڕۆشنبیرانی کوردستانی عیراق، بەڵکو بەرهەمی نووسەران و ڕۆشنبیرانی سەرجەم پارچەکانی کوردستانی لەخۆی کۆکردۆتەوە و بووە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ بینینی بەرهەمی نووسەرانی کوردستانی ئێران و تورکیا و نووسینی کوردەکانی سوریا و نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردی دانیشتووی ئەوروپا، کە ئەمەش مسداقیەتێکی گەورەی پێ بەخشیوە و بووەتە دەنگی ڕۆشنبیران لە هەر کوێیەک بن و سەر بە هەر نەوەیەک، یان بیروبۆچوونێکی جیاواز بن.


بێ گومان ئەوەی زیاتر لە گۆڤاری ڕامان سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە کە دەبینین بەردەوام و بەهیچ شێوەیەک لە ڕەوت و ڕێڕەوی ڕەسمکراوی خۆی دەرنەچووە و ژمارە دوای ژمارە ئەوەی سەلماندووە کە بە هەمان نەفەسی دووورودرێژی سەرەتای کارکردنی خۆی دەڕوات بەڕێوە و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر خۆی پێش دەخات و قەڵەمی ڕۆشنبیران زیاتر بایەخی پێدەدرێ، کە ئەمەش دیاردەیەکی زۆر سەرکەوتووی دەگمەنە لە بواری ڕۆژنامەنووسی کوردیدا. ئەوەی بەراوردێک لەنێوان یەکەمین ژمارە و دوا ژمارەیدا بکات بە ئاسانی ئەو پارێزگاری کردنە لە ئاستی گۆڤارەکە و نەفەس درێژییەکەی بۆ دەردەکەوێت.

ڕەنگە ئەوەی زیاتر لە گۆڤاری ڕامان سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشابێت ئەو گفتوگۆ و چاوپێکەوتنانەی بێت کە لە هەموو ژمارەکانیاندا وەک نەریتێکی گۆڤارەکە بڵاوی دەکەنەوە، کە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ناسینی هونەرمەندان و نووسەرانی کورد، لەبەر ئەوەی زۆر بە وردی و لە ئەنجامی شیکردنەوەی کەسایەتی نووسەر و هونەرمەندەکە ڕۆدەچێتە ناو کارەکانی و دیالۆگێکی چڕوپڕ، بە شارەزایی لەگەڵی دەکرێت، بێ گومان ئەمەش دەبێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ لێکۆڵینەوە و دیراسەکردنی بەرهەم و کەسایەتی ئەو نووسەر و هونەرمەندەی دیالۆگی لەگەڵدا ساز دەکرێت.

لەو کاتەدا وەک لای هەمووان ئاشکرایە، ئەمڕۆکە ڕەخنەی هونەری شێوەکاری زۆر لاوازە و تەنیا چەند کەسانێکی کەم هەن خۆیان لە قەرەی داوە، بۆیە ئەو دیالۆگانە کەلێن و بوارێکی باشی ڕەخنەی هونەری شێوەکاری پڕ کردۆتەوە و دەکرێت وەک سەرچاوەیەک بۆ ناساندنی هونەرمەندێکی شێوەکاری و تیشک خستنە سەر کارە هونەرییەکانی بخوێنرێنەوە. سەرەڕای ئەوەی هەندێک جار نووسین و ڕەخنەی هونەریمان لەو گۆڤارەدا سەبارەت بە هونەری شێوەکاری بەرچاو دەکەوێت، لە کاتێکدا نووسین لە بارەی ئەو بابەتە زۆر دەگمەنە و ئەم هەنگاوەش دەبێتە هۆی هاندانی نووسەران و ڕەخنەگران تا لە بواری شێوەکاریدا زیاتر بایەخ بەو بوارە بدەن..

لە کۆتاییدا تەنیا ئومێدم ئەوەیە گۆڤاری ڕامان هەروەکو نەریتی خۆی، بە هەمان ڕەوت و ڕێڕەوی خۆیدا بڕوات و بایەخێکی زیاتر بە بواری ڕەخنەی شێوەکاری و شیکردنەوەی تابلۆی هونەرمەندانی کورد بدات، وەک بەشێکی گرنگ لە مەسەلەی ڕۆشنبیری و کولتووری کوردیمان، هەرچەندە ئەو بابەتە زۆر کەم لە ئەدەبیات و ڕۆشنبیری کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە.

*** (هونەرمەندی شێوەکار)**




هەر لە سەرەتاکانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە، مرۆڤ هەمیشە و لە هەموو بوارە جۆر بەجۆرەکانی زماندا، متمانەی بە وشە و دەستەواژەکانی زمان کردووە و لە هەموو قۆناغەکانی گەشەکردنیشیدا هەر وشە و دەستەواژەیەک مانای تایبەتی خۆی هەبووە، هەر لەو سەردەمانەشدا کە زمان بە پەنجە و ئاماژەکردن بووە، تا گەیشتۆتە ئەو قۆناغەی ئێستای کە بە هێما و مەعنا کاریگەری قووڵی خۆی لەپێشکەوتنی ژیان و کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا دابنێ. لە ڕێی ئەو چەند دێڕەی سەرەوە دەمەوێ باس لە دیاردەیەکی، یان دەستەواژەیەکی نامۆ بە زمانەکەمان بکەم کە ئێستا بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنییەکانی کوردستان بە کاری دەهێنن، بێ ئەوەی لە مانا و ناوەرۆکەکەی بگەن، بە تایبەتی لە لایەن ئەوانەی لە توێژێکی ڕۆشنبیری کۆمەڵگای کوردیمانن.

(سەندیکا) مانا و ناوەرۆکەکەی، واتە توندڕەوی و ئاژاوە و فەوزاگەریتی کە لە سەردەمی سەدەکانی حەڤدەم و هەژدەم لە ناو بزووتنەوە و ڕێکخراوە سۆسیالیستەکان و مارکسییەکان و حزب و ڕێکخراوە کرێکارییەکانی ئەوروپا سەری هەڵدا.

ئەوانەی لەژێر ناوی (سەندیکا)دا کاریان دەکرد، دوو بیرمەندی تۆباوی و فەوزاگێریی بوون لە خەباتی سیاسی و ئایدیۆلۆژی جووتیاری و پرۆلیتاریدا کە (برۆدۆنی فەرەنسی) و (باکۆنینی ڕووسی) بوون، ئەوەی دواییان لە ڕووسیای قەیسەری ڕای کردو پەنای بردە بەر وڵاتی ئیتاڵیا، هەر لەوێشەوە دەستی بە بانگەشەی فیکری تۆباوی کرد و توانی لەگەڵ (برۆدۆن) لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی یەکەم و دووەمی سۆسیال دیموکراتەکان دەست بەسەر هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکاندا بگرن و کاریگەری زۆریان خستە سەر ڕێڕەوە سیاسییەکانی تر. سەندیکاییەکان باوەڕیان بە توندوتیژی و فەوزاگەریتی هەبوو، ناوە ناوەش چەند کاریگەرییەکی بەرهەمهێنانیان دەسووتاند و بە هەزاران کرێکاریان لە کارکردن و بژێوی ژیانیان دادەبڕی، بە تایبەتی لە شاری (لەندەن) کە بە (کارگەی جیهان) ناوزەد دەکرا، بۆیە هەر لەو سەردەمانەوە تا ئێستا و ئەمڕۆش لە ئەوروپا (سەندیکا) دەستەواژەیەکی ناحەز و نەویستراوە.



# سەندیکا ڕوخسارەکەی تری مەعنا

فەرید زامدار

بە داخەوە لای ئێمەی کورد، بە تایبەتی لای توێژە ڕۆشنبیرەکان، لەکاتێکدا کە لە مێژووی ئەو وشەیە نازانن، کەچی دێن بەبێ هیچ هەست کردن بە لێپرسینەوەیەک لە مانا و واتاکان لە ژێر ئەو ناوە کار دەکەن، وەکو (سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و سەندیکای پزیشکان و سەندیکای کرێکاران و سەندیکای هونەرمەندان و چیتر و چیتر و هەتا دوایی. لە لایەکی ترەوە دەستەواژەی (نەقابە و نەقیب) تەنیا لە وڵاتە تۆتالیتارەکان و دیکتاتۆرەکاندا بەکاردێت، بە تایبەتی لە وڵاتانی عەرەبی کە سیستمی تۆتالیتارییان تێدا جێبەجێ دەکرێت.

ئێمە زۆر دەستەواژەی شارستانیمان هەیە کە لەگەڵ جیهانی مۆدێرن و دیموکراتی ئەمڕۆمان دەگونجێن، وەکو سکرتێری ڕێکخراو، یان سەرۆکی ڕێکخراو، یان ئەمینداری گشتی ڕێکخراو، یان هەر ناوێکی تر کە لەگەڵ دنیای مۆدێرندا بگونجێ، بە تایبەتی کە ئێمە لە کوردستان بە هەرێمێکی ئازاد و کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دیموکراتی دەناسرێین.